# مێژووی
# پارتی دیموکراتی کوردستان
## کۆنگرە و کۆنفرانس
(پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)

**بەرگی دووەم**

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢١

- **ناوی کتێب:** مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان - کۆنگرە و کۆنفرانس

(پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)

- **نووسین و ئامادەکردنی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

- **بەرگ:** دووەم

- **نۆبەی چاپ:** چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١

- **چاپخانە:** ڕۆکسانا

- **تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٨٨٤) ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە.**

# پێڕست

## بەرگی یەکەم


- پێشەکی ........ ١
- پارتی دیموکراتی کوردستان چەترێك بۆ هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان ........ ٤
- وتەیەکی کورت بۆ خەباتێکی دوور و درێژ ........ ٦
- دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد کۆبوونەوە و گفتوگۆ ........ ٨
- **کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد** ........ ١٢
  - پەیمانی میللی پارتی دیموکراتی کورد ........ ١٤
  - پرۆگرام ........ ١٦
  - پەیڕەوی ناوەوە ........ ١٩
- ڕۆیشتن بەرەو یەکێتی سۆڤیەت و کۆنفرانسی گشتی باکۆ ١٩٤٨ ........ ٢٧
- دەقی وتاری سەرۆک مستەفا بارزانی لە کۆنفرانسی باکۆ ١٩٤٨ ........ ٣٠
- کۆنفرانسی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردی عێراق ١٩٥٠ ........ ٥٣
- **کۆنگری دووەمی پارتی دیموکراتی کورد ئاداری ١٩٥١** ........ ٥٦
  - پەیمانی میللی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق ........ ٥٩
  - پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق ........ ٦٤
  - پەیڕەوی ناوەوەی پارتی دیموکراتی کورد ........ ٦٧
- **کۆنگری سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٥٣** ........ ٧٤
  - پێڕەوی ناوەوەی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەمی پارتی ........ ٧٧
- **کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٥٩** ........ ١٠١
  - پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرە ........ ١٠٦
- **کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکرات و قۆناغی کاری ئاشکرا** ........ ١٣١
  - پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرە ........ ١٣٦

- بڕیارە سیاسییەکانی کۆنگرەی پێنجەم ........................................................ ١٦٢
- هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ ........................................................ ١٦٧
- کۆنگرەی گشتی کۆیە ١٩٦٣ ........................................................ ١٧٤
- کۆنفرانسی ماوەتی پارتی دیموکراتی کوردستان-١٩٦٤ ........................................ ١٧٧
- **کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان-١٩٦٤** ........................................ ١٨٢
  - پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی ........................................ ١٨٤
  - بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەم ........................................................ ٢١١
- دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان ........................................ ٢١٦
- **کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٦٦** ........................................ ٢٢١
  - ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی حەوتەم ........................................................ ٢٢٥
  - پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی ........................................ ٢٤٦
  - بەیانی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی حەوتەمینی پارتی ........................................ ٢٧٢
- کۆنفرانسی سەربازی کانی سماق ١٩٦٧ ........................................................ ٢٧٧
- **کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٧٠** ........................................ ٢٧٩
  - وتاری سەرۆک مستەفا بارزانی لە کۆنگرەی هەشتەم ........................................ ٢٨٣
  - دەقی ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەم ........................................................ ٢٨٥
  - پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی هەشتەم ........................................ ٣٠٥
  - دوا بەیانی کۆنگرەی هەشتەم ........................................................ ٣٣٦
  - لیستی ناوی میوانانی کۆنگرەی هەشتەم ........................................................ ٣٤٠
- کۆنفرانسی ڕامیاری- لەشکری/ چۆمان ١٩٧٣ ........................................................ ٣٤٤
- نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئاداری ١٩٧٥ "کۆبوونەوەکان" ........................................ ٣٤٦
- دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی ١٩٧٥ "کۆبوونەوەکان" ........................................ ٣٥٢
- کۆنفرانسی بەرلینی سەرکردایەتی کاتی پارتی ١٩٧٦ ........................................ ٣٥٦
  - بڕیارە سیاسییەکانی کۆنفرانسی بەرلین ........................................................ ٣٥٩
- کۆبوونەوەی فرەوانی شاوانەی سەرکردایەتی کاتی ١٩٧٩ ........................................ ٣٦٦


هەواڵنامەی کتێب

- **کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٧٩** ........ ٣٦٩
  - ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری ........ ٣٧٢
  - پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرە ........ ٣٨٣
  - بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی نۆیەم ........ ٤١١
- **کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٨٩** ........ ٤١٨
  - دەقی ڕاپۆرتی سیاسی پەسندکراوی کۆمیتەی ناوەندی ........ ٤٢١
  - پرۆگرامی  پارتی دیموکراتی کوردستان ........ ٤٦٦
  - پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی دەیەم ........ ٤٨٥


## بەرگی دووەم


- بڕیارە سیاسییەکانی کۆنگرەی دەیەمی ........ ١
- بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی دەیەم ........ ١٥
- لیستی وتار- نامە- بروسکەکانی پیرۆزبایی ........ ٢١
- کۆنفراسی سەربازی سەرکردە و فەرماندەکانی پارتی ........ ٢٨
- **کۆنگرەی یازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو** ........ ٣٠
  - ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی حزبی یەکگرتنی کوردستان ........ ٣٥
  - دەقی ڕاپۆرتی سیاسیی یازدەیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی ........ ٣٦
  - پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی پارتی ........ ٨٥
  - بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یازدەی پارتی دیموکراتی ........ ١١٨
  - بەلاغی کۆتایی کاروباری کۆنگرەی یازدەمی پارتی ........ ١٣١
  - پەیام و برووسکەکانی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەی یازدەی پارتی ........ ١٤٣
- **کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ١٩٩٩** ........ ١٤٨
  - وتاری سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ میوان و ئەندامانی ........ ١٥٢
  - ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرەی دوازدەم ........ ١٥٤
  - پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی ........ ٣١١

– بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دوازدەی پارتی ............................................ ٣٤٦
– بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی دوازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان ......................... ٣٥٤
– وتار، بروسکە، نامە و پەیامی پیرۆزبایی ....................................................... ٣٦٢
• **کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان** ............................................ ٣٦٧
– وتاری سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ کۆنگرەی سێزدەی پارتی ............................ ٣٧٢
– پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرە ........................................... ٣٨٣
– بەلاغی کۆتایی سێزدەیەمین کۆنگرەی پارتی ................................................ ٤٥١
– ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێزدەم ............................................................... ٤٥٧
– بەشێک لەو وتارانەی لەلایەن میوانەکان خوێندرانەوە ................................... ٤٥٩
– لیستی سەرچاوەکان .................................................................................. ٤٦٣

هەواڵنامەی کتێب

# بڕیارە سیاسییەكانی كۆنگرەی دەیەمی

# پارتی دیموكراتی كوردستانی

**یەكەم : لە بواری ناوەوەی كوردستاندا**

**بڕیار بۆ یادی سەرۆكی نیشتمانپەروەری مەزن و نەمر مستەفا بارزانی:**

كۆنگرەكەمان، بە ڕێز و شكۆوە بەرامبەر یادی سەرۆكی نیشتمانپەروەری مەزن مستەفا بارزانی، دامەزرێنەری پارتیمان، پارتی دیموكراتی كوردستان و سەركردەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد بۆ ماوەی نیو سەدە دەوەستێ و بەڵێن بە گەلەكەمان و سەرۆكە كۆچكردووەكەی دەدا، بۆ درێژەدان بە خەباتكردن لە پێناو وەدیهێنانی ئەو ئامانجە نەتەوەیی و دیموكراتی و پێشكەوتنخوازانەی لەپێناویاندا بارزانی،ساڵەهای ساڵی تەمەنی خۆی كردە قوربانی و، بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێبازەی كە سەودا و مامەڵە (موساوەمە)ی، لەسەر مافەكانی گەلی كورد نەكردووە، هەروەها ئیرادەی خۆی لەبەردەم گەلی كورد و شۆڕشە نیشتمانییە پێشكەوتنخوازەكەیدا نوێ دەكاتەوە بۆ دەوڵەمەندكردنی كەلەپووری مەزنی خەباتی نیشتمانپەروەرانەی بارزانی بە بیری تازە و تیۆری زانستی تا لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورددا بێ.

**بڕیار بۆ یادی كاك ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو:**

كۆنگرە بە ڕێز و شكۆوە یادی سەركردەی هەمیشەزیندوو كاك ئیدریس بارزانی دەكاتەوە و بەڵێن دەدات كە بەردەوام بێت لەسەر خەبات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاوات و ئامانجە پیرۆزانەی كە كاكی هەمیشەزیندوومان خۆی لەپێناویاندا بەخت كرد.

**بڕیار دەربارەی بەردەوامبوونی بەرەنگاربوونەوە و جۆراوجۆركردنی شێوەكانی خەبات:**

كۆنگرە داكۆكی دەكات لەسەر درێژەپێدان بە خەباتی ڕەوای جەماوەری گەلەكەمان دژی دیكتاتۆریەت و شۆڤێنییەت و مافی ڕەوای گەلەكەمان لە بەرگریكردن لە ناسنامە و بوونی نەتەوەیی هەڕەشەلێكراوی.

كۆنگرە سوورە لەسەر پەیڕەوكردنی هەموو شێوەكانی خەبات، بە تایبەتی مافی بەرگری لەخۆكردن بە خەباتی چەكداری و پێشخستنی لە چوارچێوەی بارودۆخی نوێدا، مادامێكی

دەسەڵاتدارێتی نکۆڵی لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان دەکات.

کۆنگرە داکۆکی لەسەر پێویستی جۆربەجۆرکردنی شێوەکانی خەبات دەکات بۆ توندوتۆڵکردنی خەبات لەپێناوی دیموکراتییەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان. "کۆنگرەی دەیەم"، لە کاتێکدا دەرك بەوە دەکات کە وا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگای زەبروزەنگ و تیرۆر و قەڵاچۆکردن بە چەکی کیمیایی و چارەسەرکردنی عەسکەرییەوە نایەتە دی، بەڵکو بە ڕێگای دیموکراتی و ئاشتییانەوە. بۆیە پارتیمان بەردەوام دەبێت لە خەباتی سیاسی و چەکدارانەی خۆی تاوەکو ئامانجە ناوەندییەکانی گەلەکەمان دێتە دی.

**بڕیار دەربارەی ڕاوەستانی شەڕی عێراق و ئێران:**

"کۆنگرەی دەیەم"، ڕێزی هەیە بۆ هەوڵ و کۆششی نێودەوڵەتی و شەرعییەتی دەولی لە پێناو ڕاوەستاندنی شەڕی عێراق و ئێران و کۆتاییهێنان بەو کارەساتە بەشەرییە، بەڵام ڕژێمی عێراق هەلی ڕاوەستاندنی شەڕی قۆستەوە بۆ بەرپاکردنی شەڕی قەڵاچۆکردن دژی جەماوەری کوردستان بە چەکی تەقلیدی و کیمیایی بۆ لەناوبردنی بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی دیموکراتی لە وڵاتدا کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردە.

بۆیە کۆنگرە داوا دەکات لەو ئەنجوومەنە نێودەوڵەتییانە کە پەیوەندییان هەیە بە بەرپاکردنی ئاشتی چاوەڕوانکراو لە بڕیارنامەی (٥٩٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان تاکو کوردستان بگرێتەوە و کێشەی کوردیش لە خشتەی کاروباری گفتوگۆی نێوان عێراق و ئێراندا جێی هەبێت لەپێناوی گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتییانەی سەرتاسەری چونکە دەبێ ئاشتی و عەدالەت هەموو گەلانی ناوچەکە بگرێتەوە، ئەو گەلانە بە گەلی کوردەوە کە بە ئاگری ئەم شەڕەوە سووتاون.

**بڕیار دەربارەی چەکی کیمیایی:**

"کۆنگرەی دەیەم"، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی [نێو]دەوڵەتی، لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە تاوانبار دەکات لە کوردستانی عێراق، لە (شێخ وەسان، دۆڵی جافەتی، سەرگەڵو، بەرگەڵو، قەرەداغ، سێوسێنان، گۆپ تەپە، گەرمیان و گوندەکانی سەر بە سیدەکان و ئامێدی و زاخۆ و شێخان و گەلێ بازێ و هەڵەبجەی شەهید) بە کاری هێناوە، قوربانییەکانی بە هەزاران کەس بوون لە ڕۆڵە بێگۆناهەکانی گەلی کوردمان.

تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بایۆلۆژی، ویژدانی جیهانی هەژاند و لە

بەرژەوەندی کێشەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بوو، ناوبانگی ڕژێم لە جیهاندا لەکەدار و ڕسوا بوو. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمەوە بەڵگەی بەهێزی نییە، بەرامبەر بە پەرەسەندنی بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕیی و جەماوەریی گەلەکەمان، بەڵکو بەڵگەی لاوازی و ترسنۆکییەتی، کە لە ئەنجامیدا لەعنەتی گشت مرۆڤایەتی بەرکەوت.

گەلەکەمان بوو بە قوربانی بێپەروایی و گوێپێنەدانی دەوڵەتان و کۆمەڵگای نێودەولەتی نەیتوانی ئەو بەڵێن و پەیمان و پابەندییە ئەخلاقی و مرۆڤایەتیە، بەجێ بهێنێت لەمەڕ تاوانەکانی قەڵاچۆکردنی بە کۆمەڵ کە لە کوردستاندا ئەنجام دراون.

"کۆنگرەی دەیەم" نائومێدی خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بەسزانەگەیاندنی ڕژێمی عێراقی لەسەر ئەو تاوانە[ی] دەرهەق بە تەواوی مرۆڤایەتی کردوویەتی.

کۆنگرە، لە جیاتی هەزاران قوربانییەکانی چەکی کیمیایی، بانگی جیهانی پێشکەوتوو دەکات بۆ قەدەغەکردنی بە بەرهەمگەیاندن و بەکارهێنان و عەمبارکردنی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی و لەناوبردنی عەمبارکراوەکانی و بڕیاردان لەسەر پەیمانێکی دەوڵەتی نوێ سەبارەت بە یاساغکردنی و پشکنینی و سەپاندنی سزا لەسەر بەکارهێنەرەکانی ئەم چەکە چ لە ناو وڵات یا لە دژی هەر دەوڵەتیکی بیانیدا.

کۆنگرە، داوا لە کۆمەڵگای نێودەولەتان دەکات، بۆ ڕاگەیاندنی ڕۆژی ١٦ی ئادار، بە ڕۆژێکی جیهانی ڕۆژی هەڵەبجە، لە پێناو قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی، وەك ڕۆژێکی هاوکاریکردن لەگەڵ قوربانییەکانی چەکی کیمیایی لە کوردستانی عێراقدا.

**بڕیار سەبارەت بە نەتەوەی کوردی دابەشکراو:**

لەگەڵ باوەڕمان بە مافی نەتەوەی کورد لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆی لەلایەن خۆیەوە وەکو گەلانی تری جیهان، بۆیە کۆنگرەمان :

پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد دەکات لە پارچەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران و سوریا و یەکێتی سۆڤیەت و لایەنگیری مافی ڕەوای دەکات بۆ وەرگرتنی مافە نەتەوایەتی ڕەواکانی بەو جۆرە کە لەگەڵ هەلومەرجی خۆیی و بابەتی (الظروف الذاتية والموضوعية) گەلەکەمان لە هەر پارچەیەکیدا، دەگونجێت و ئەوەندی لە داخوازییەکانی بەپێی توانا هەڵکەوتووەکانی دێنە دی.

کۆنگرە پشتیوانی خۆی دوویات دەکاتەوە بۆ هەر هەنگاو و کردارێك لە ڕێگای چارەسەرکردنی ئاشتی و دادپەروەرانەی کێشەی کورد لە هەر پارچەیەکیدا بێت، بەو جۆرەی

لەگەڵ چۆنیەتی ئەو پەیوەندییەی گەلی کورد لەگەل دەسەڵاتدارێتی ناوەندی ئەو وڵاتەدا دەیخوازیت و لەسەر بنچینەی پێکەوە ژیان و برایەتی و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ گەلانی هاوژینی خۆی.

کۆنگرە سڵاو دەنێرێت بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە لوبنان و داوای دابینکردنی مافە دیموکراتییەکانیان و چاککردنی بارودۆخی گوزەران و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییان بۆ دەکات.

کۆنگرە داکۆکی دەکاتە سەر گرنگی بنیاتنانی پتەوترین پەیوەندی برایانە لە نێوان نەتەوەی کورد لە لایەك و نەتەوە و گەلە دراوسێیەکانی لە ناوچەکەدا، لە لایەکی ترەوە و لەسەر بنچینەی ڕێز وەك یەکگرتن لە کەسایەتی نەتەوەیی و مێژوویی و یەکێتی تێکۆشانی ئەو نەتەوە و گەلانە لەپێناوی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هێمنایەتی و ئاشتی بۆ گشت لایەك.

**"دیموکراتییەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان".**

**بنچینەی ئاشتبوونەوەی گشتی نیشتمانییە:**

عێراق، دەیان ساڵە لە بارودۆخێکی نائاسایی، ستەمکار و دیکتاتوریانە دەژی، لە ئەنجامی ئەوەشدا وڵاتەکەمان بە چەندین سەردەمی توندوتیژ و خوێناوی ناکۆکی سیاسیدا تێپەڕی و هەموو هێز و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان و جەماوەری گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمینە نەتەوەکانەوە دووچاری هاتن، و بارودۆخی پڕ کارەساتی کوردستانی عێراقیش چ لە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە یان لە ناوەڕاستی چلەکانەوە بە تایبەتی لە سەری شەستەکانەوە تا ئەمڕۆ، دیمەنێکی دیاری شەڕێکی ڕەگەزپەرستانە بوو، کە سیاسەتە دیکتاتۆری و شۆڤێنیستی و عەسکەرییەکان، سەپاندویانە و سەبارەت بە گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەشی شەڕێکی بەرگریکردنی ڕەوا بووە، بەڵام ڕادەی وێرانکاری و قەڵاچوکردنی بە کۆمەڵ و بەو کوشت و کوشتارەی دەسەڵاتدارانی عێراق بە تایبەت لە ساڵانی دواییدا ئەنجامیان دا، بارودۆخی کوردستانی گەیاندە ئەوەی ببێت بە شەڕێکی قەڵاچۆکردنی سەرتاسەری.

لە بەر ئەوەی هەموو ئەو بارودۆخانە لە ڕەگوڕیشەی ستەمکاری و جیاوازی نەتەوەیی و تایفەگەری و ڕەوتی تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا چ لەلایەن تاکە کەس و یا حزب و تاقمێکەوە بێت، بۆیە چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشە ئەساسییەکانی وڵاتەکەمان لە جێبەجێکردنی ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی عێراقی سەرتاسەریدا خۆی دەنوێنێت بە بەشداربوونی هەموو

هێزە نیشتمانییە کوردستانی و عێراقی و ئیسلامییەکانەوە و لەسەر بنچینەی لەڕەگوڕیشە دەرهێنانی گشت ئەو کردەوە و ڕەفتارە دیکتاتۆرییانە و بڵاوکردنەوەی دیموکراتییەت و بەرەڵاکردنی هەموو ئازادییە گشتییەکانی گەلی عێراق و مسۆگەرکردنی مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تاکی مرۆڤ و کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە وڵاتدا، لەسەر بناغەی پێکەوەژیانی برایانە لە نێوان ڕۆڵەکانی گشت نەتەوە و تایفە کەمە نەتەوەیی و ئاینییەکاندا.

هەر ئەمەشە ڕێگای چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ڕەوا بۆ کێشەی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. ئەم چارەسەرکردنەی کە شێوە بنەڕەتییەکەی لە دابینکردنی دیموکراتییەت و ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی عێراقی سەرتاسەریدا، چوارچێوە دەگرێت لەپێناوی سارێژکردنی زامەکان و جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی و نەهێشتنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕووی سیمای نەتەوەیی و مێژووییەوە، پێی گەیشتووە.

پارتیمان داوا دەکات ئەم ئامانجانە جێبەجێکردنی ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانییانەی عێراقی سەرتاسەری کە شوێنەواری ناکۆکی و جیاوازی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەتی دەیان ساڵی دوور و درێژ لە ڕووی عیراق بسڕێتەوە و چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی ڕەوا بۆ کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەو ئاشتبوونەوەیەدا بێتە دی و بەو جۆرەی کە وا ئاشتی و برایەتی کورد و عەرەب و یەکێتی نیشتمانی عێراقی بەهێز دەکات.

**بڕیار دەربارەی بێسەر و شوێنەکان:**

کۆنگرە داوا لە هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتییەکان دەکات لە پێناو درێژەدان بە پاڵەپەستۆکردنە سەر دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی هەزاران بێسەر و شوێن لە بارزانییەکان و هەزاران بێسەر و شوێنی قوربانییەکانی کردارە خوێناوییەکانی "ئەنفال" کە ڕژێم لە پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و دهۆك و موسڵ لە ساڵی ١٩٨٨ ئەنجامی دا. کۆنگرە هاوکاریی قووڵی خۆی دەردەبڕێت لەگەڵ خێزان و کەس و کاری ئەو بێسەر و شوێنانەدا.

**بڕیار دەربارەی گیراوە سیاسییەکان:**

کۆنگرە سڵاو دەنێرێت بۆ گیراوە سیاسییەکانی عێراق، لە گشت ڕێبازە سیاسییەکان، کە سەر بە هەر نەتەوە و ئاینێکبن و داوای بەرەڵاکردنیان دەکات. هەروەها کۆنگرە داوای بەرەڵاکردنی هەزاران کوردی فەیلی گیراو و بێسەر و شوێن دەکات کە دەسەڵاتدارێتی شۆڤێنی لە خێزان و کەسوکاریان دوای دوورخستنەوەیان بۆ ئێران، ساڵانیکی دوور و درێژە

جیای کردوونەتەوە.

**بڕیار دەربارەی ڕاوەدونانی ڕەتکەرانی شەڕ:**

کۆنگرە داوا لە ڕای گشتی عەرەبی و جیهانی و دامودەزگا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتییەکان دەکات بۆ پاڵپەستۆکردنە سەر دەسەڵاتدارێتی عێراق بۆ ڕاگرتنی ڕاوەدونانی ڕەتکەرانی شەڕ و عەسکەری و هەڵاتووەکانی شەڕی "عێراق ــ ئێران" و داواکردنی ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی و سەرتاسەریی لە هەمووان بە کورد و عەرەب و کەمایتییەکانەوە.

**بڕیار دەربارەی پەنابەران:**

**أ. دەربارەی پەنابەران بە گشتی:**

کۆنگرە سڵاو دەنێرێت بۆ خۆڕاگریی و قوربانی پەنابەرەکان لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەر کوێیەکی جیهاندا هەن، نەخاسمە لە ئێران و تورکیا و سڵاو بۆ گیانی بەربەرەکانیکردن و قوربانیان دەنێرێت سەرەڕای بارودۆخی سەختی دەروونی و مادی ژیان.

کۆنگرە سوپاسی گشت ئەو حکومەتانە دەکات کە پەنابەرەکانیان گرتووەتە خۆ و پاڵپشتیان لێ دەکەن. هەروەها سوپاسی هەموو ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییانە دەکات کە یارمەتییان پێشکەش کردوون.

کۆنگرە داوا دەکات دان بە باری یاسایی پەنابەراندا بنرێت بەو شێوەیەی یاسای نێودەوڵەتان دەخوازێت، بۆ ئەوەی چاودێری و خزمەتگوزاری تەواویان لەلایەن کۆمەڵگای دەوڵەتانەوە بگرێتەوە، بۆیە کۆنگرە بانگەوازی خۆی ئاراستەی نوێنەرایەتی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکانی نێودەوڵەتان دەکات تاکو پەنابەرە کوردەکانیش چاودێری و خزمەتگوزارییەکانیان بەر کەوێت.

**ب.دەربارەی پەنابەرەکان لە ئێراندا:**

کۆنگرە، سوپاسی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات کە پەنابەرانی حەواندووەتەوە و یارمەتی داون و بانگەوازی لێ دەکەین بۆ زیاتر بایەخپێدان و چاکترکردنی بارودۆخیان.

سڵاو بۆ بیرەوەری شەهیدانی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٥ی ئۆردوگای پەنابەرانی زێوە.

سڵاو بۆ جەماوەری کوردستانی ئێران کە برایانە یارمەتی پەنابەرەکانیان داوە لە کاتی بۆردومانکردنی "زێوە" لە ساڵی ١٩٨٠ ـ ١٩٨٥ و هەروەها لە کاتی ناچاربوونی دەیان

هەولێرنامەی کتێب

هەزار لە دەربەدەرەکان و ئاوارە بووەکان بۆ شار و گوندەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٨.

سڵاو بۆ خۆڕاگری پەنابەرانی ساڵی ١٩٧٥ بۆ ئێران و سڵاو بۆ دەیان هەزار پەناهەندە لە ١٠ ساڵی ڕابردودا بە هۆی بارودۆخی تیرور و شەڕەوە.

کۆنگرە، داوا دەکات لێژنەکانی بەرەی کوردستانی عێراقی کە تایبەتن بە کاروباری پەنابەرانەوە، بە هێز بکرێن و گەشەی پێ بدرێن.

**ج. دەربارەی پەنابەران لە تورکیا:**

کۆنگرە، هەڵوێستی حکومەتی تورکیا دەنرخێنێت لەو ڕووەوە کە لە ئەیلولی ١٩٨٨دا، پەنابەرەکانی وەرگرتووە، داوای ئاراستە دەکات بۆ چاکترکردنی بارودۆخی گوزەران و کۆمەڵایەتییان.

کۆنگرە داوا لە ڕێکخراو و دامودەزگا مرۆڤایەتییەکان و ڕای گشتی دەکات بۆ بەردەوامبوون لەسەر پاڵەپەستۆکردنە سەر حکومەتی تورکیا بۆ چاکترکردنی بارودۆخی پەنابەرەکان ئەوێ و دانان بە باری یاساییان.

کۆنگرە سڵاو ئاراستەی جەماوەری کوردستانی تورکیا دەکات بۆ ئەو یارمەتییە برایانەیە و هاوکارییە لەگەڵ پەنابەرەکاندا کردوویانە.

کۆنگرە سڵاو ئاراستەی گشت ئەو ڕێکخراو و حزب و کەسایەتییە ڕۆشنبیری و پەرلەمانی و کۆمەڵایەتی و دیموکراتی پێشکەوتنخوازانەی تورکیا دەکات کە لەگەڵ کێشەی گەلەکەمان لە عێراق هاوکار و داواکاری چاکترکردنی بارودۆخی پەنابەرەکانی تورکیا بوون.

کۆنگرە سڵاو ئاراستەی خۆڕاگریی پەنابەرەکان دەکات لە ئۆردوگاکانی (دیاربەکر، ماردین و موش) و بۆ ڕێکوپێکی کاروباری کۆمەڵایەتییان و بۆ هاندانی فێربوون و چست و چالاکی هونەریی و وەرزشییان. هەروەها سڵاو ئاراستەی پزیشکان و یاریدەدەرە پەنابەرەکان دەکات لە وانە کە خزمەتگوزاری تەندروستییان، سەرەڕای کەمی تواناکان، پێشکەش بە پەنابەرەکان کردووە.

**د. دەربارەی پەنابەرەکانمان لە پاکستان:**

کۆنگرە بانگەواز لە حکومەتی پاکستان دەکات بۆ چاودێریکردنی پەنابەرە عێراقییەکان و پاراستنیان لە دەستدرێژیکردنی تاخم و دەستەکانی سەر بە ڕژێمی عێراقی.

**ك. دەربارەی جالییەکانی کورد لە وڵاتی تردا:**

کۆنگرە سڵاو ئاراستەی جالییەکانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکای سەروو و ئوستراليا و

شوێنانی تر دەنێریت، و هەوڵ و تەقەلای ڕۆلەکانی ئەم جالییانە دەنرخێنیت لە گەیاندنی دەنگی گەلەکەمان و کێشەکەی و وەدەستهێنانی سۆز و لایەنگری بۆی، و بانگەوازیان ئاراستە دەکات تاکو چالاکی هاوبەشی خۆیان بەهێز بکەن بۆ درێژەدان بە هەوڵی خۆیان لە پێناو پشتیوانیکردنی خەباتی گەلەکەمان لە ناوەوە بە ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی.

**بڕیار دەربارەی کاری بەرەیی:**

**أ. مەسەلەی بەرەی نیشتمانی:**

پارتیمان بە پیری وەرگرتنی چەندین شێوە و چوارچێوەی کاری نیشتمانی هاوبەش و کاری بەرەییەوە چووە، هەروەها ئێمە لە کاتێکدا دامەزراندنی "جود" لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەنرخێنین، داکۆکی دەکەینە سەر ئەوەی کە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی عێراق دەستکەوتێکی مێژوویی گرنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی و بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی بە گشتییە و داکۆکی دەکەینە سەر بەهێزکردنی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی کارسازی و هاوپەیمانی و هاوکاریی هاوبەش لە نێوان لایەنە جۆربەجۆرەکانی کوردستان بەو شێوەیەی کاری بەرەیی کوردستانی بەهێز دەکات.

لەسەر گۆڕەپانی عێراقیشدا، کۆنگرە داکۆکی دەکاتە سەر گرنگی بەرپابوونی بەرەیەکی نیشتمانی سەرتاسەر یان بەرەیەکی نیشتمانی بەرفراوانی گشت لایەنە سیاسییە نیشتمانییە سەرەکییەکانی عێراق و لە هەمان کاتدا داکۆکی دەکاتە سەر هاندان و پتەوکردنی هەر شێوەیەکی نەرمی کارساز و هاوپەیمانی و هاوکاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییە جۆربەجۆرەکان، چ لە ناو تەیار یان لە چوارچێوەی هێزە جۆربەجۆرەکانی ناو چەند تەیارێك، بە مەرجێك ئەوە تەوەر (محور)ێکی، جیاکەرەوە بۆ بزووتنەوەی نیشتمانی پێك نەهێنێت، بەڵکو بۆ کارکردن لە پێناو بەهێزکردنی کاری نیشتمانی هاوبەشی چاوەڕوانکراو بێ.

**أ. یەکخستن:**

پارتیمان لەگەڵ سووربوونی زۆری لەسەر بەرەی کوردستانی و بەرفراوانکردن و گەشەپێکردنی، هەروەها داکۆکی دەکاتە سەر گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی برایەتی لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکاندا، هەر یەك بە جیا و بەو شێوەیەی کاری بەرەیی بەهێز دەکات، هەروەها یەکخستن یان هاوپەیمانێتی، ئەو هێزە سیاسییانەش بە گرنگ دەزانێت کە لە بیروبۆچوون و کرداردا، لە یەکترەوە نزیکن.

پتەوکردنی یەکێتی ڕیزەکانی هەر حزبێك و بەهێزکردنی هاوکاری نێوان هەر دوو حزب یان زیاتر، خزمەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکات، ئەو یەکێتییەی کە ئەمڕۆ

گرنگ و بەرزترین ئامانجی پارتی و هێزەکانی تر و جەماوەری گەلەکەمانە.

**بڕیار دەربارەی بڵاوکردنەوەی دیموکراتییەت لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا:**

هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراتییەت و ڕێزگرتن لە بیروڕا و گۆڕینەوەیان لە چوارچێوەی ئامانجە گشتییەکانی جووڵانەوەی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چ لە ناو ڕیزەکانی هەر حزبێك، یان لە پەیوەندی نێوان لایەنە جۆربەجۆرەکان و هەروەها لە نێوان ئەوان و جەماوەری گەل .. بزووتنەوەی کورد، قوربانیی ستەمکاریی و زەبروزەنگە و، لەبەرئەوەی داوای ئازادی بۆ گەل و بۆ خۆی دەکات بۆیە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئازادییە بۆ تێکۆشەرانی بزووتنەوە و جەماوەرەکەی پێویستە، هەر وەك چۆن بەرگریکردنیش لە مافەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تاکە کەسی مرۆڤ لە سایەی ڕژێمەکاندا پێویستە، هەروەها دابینکردنی ئەو ماف و ئازادییە گشتییانەش، لە ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەکە و لایەن و دامودەزگاکانیشیاندا پێویستە، لەگەڵ مسۆگەرکردنی مەرجە ماددییەکان بۆ ئەنجامدانی ئازادییەکان و بایەخدان بە سەکۆ (منبر) دیموکراتییەکان. گرنگیشە بەرەی کوردستانی عێراقی قووڵتر و چەسپاوتر بکرێت، هەروەها کارێکی بەرەیی یان کارسازییەکی داهاتووی کوردستانی لەسەر بنچینەی دیموکراتییەت و ئازادیدا و هەوڵدان بۆ دیموکراتیکردنی بزووتنەوەکە (بە ناوەرۆك و پەیوەندی و ڕێکخستنەوە) ئەو ئازادییە، ئازادی ڕاو متمانەکردن، توانا و دەستپێشخەرییەکی داهێنەرانە بەرپا دەکات و یەکێتی بزووتنەوەکە بەهێز دەکات .. چوارچێوەی هاوبەش چوارچێوەی ئامانجە گشتییەکان دەکەین ...ناکۆکییەکان وەلاوە بنێن و شەڕی براکوژی قەدەغە بکەن و پەنا بۆ وتووێژی دیموکراتییانە بەرن بۆ گەیشتن بە شێوەیەکی هاوبەش بۆ هاوکاری و کارسازیی و لە پێناو خزمەتکردنی تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

**بڕیار دەربارەی ڕێکخراوە کوردستانییەکان**

**بڕیار دەربارەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان:**

کۆنگرە بڕیاری دا پاڵپشتی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بکات بە مادی و مەعنەوی بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی ئاینی و نیشتمانی خۆیان لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەیان ببینن.

**بڕیار دەربارەی ئەدیبان و هونەرمەندانی کورد:**

کۆنگرە پشتگیری نووسەر و هونەرمەندانی کورد و ڕێکخراوەکانیان بە مادی و مەعنەوی دەکات و پاڵپشتی هاوکاریکردن دەکات لەگەڵ ناوەند و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە دەرەوە.

**بڕیار دەربارەی ڕێکخراو جەماوەرییەکانی کوردستان:**

کۆنگرە پاڵپشتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان (ئافرەتان و قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و مافپەروەران و ئەوانی تر، دەکا لەو خەباتەی کە لەپێناوی مافە دیموکراتی و پیشەییەکانی خۆیان دەیکەن.

**دووەم: لە بواری نێودەوڵەتی**

**بڕیار دەربارەی کۆچی دوایی ئیمام خومەینی:**

کۆنگرە بەڕێزەوە سڵاو ئاراستەی یادی خوالێخۆشبوو، سەرکردەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، ئیمام خومەینی دەکات، ئەو شۆڕشەی کە ڕژێمی شای دژ بە نەتەوەی کورد و ئازادی و ئاشتی سەرنگون کرد.

**بڕیار سەبارەت بە ناردنی نامەی پیرۆزبایی بۆ ئەو دەوڵەتانەی پشتیوانیان لە خەباتمان کردووە:**

١. کۆنگرە سڵاو ئاراستەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات سەبارەت بەوەی پشتیوانی و یارمەتی پارتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئۆپۆزسیونی عێراق لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا کردووە و هەزاران پەنابەری کورد بە تایبەتی و عێراقی بە گشتی پەنا داوە.
٢. کۆنگرە سڵاو ئاراستەی کۆماری عەرەبی سوریا دەکات سەبارەت بە هەڵوێستی هاوکارانەی لەگەڵ کێشەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و ئۆپۆزسیونی عێراقی و پاڵپشتیکردنی لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا.
٣. کۆنگرە سڵاو ئاراستەی جەماهیری عەرەبی لیبیا دەکات سەبارەت بە هەڵوێستی هاوکارانە و پشتیوانیکردنی لە کێشەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و ئۆپۆزسیونی عێراقی لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردودا.

**لەسەر ئاستی عەرەبی:**

١. کۆنگرە سڵاو ئاراستەی ڕاپەڕینی میللی فەڵەستین دەکات، لە خاکی داگیرکراو کە زیاتر لە ٢ ساڵە بەردەوامە و بە گەرمی پشتگیری لێ دەکات.
٢. کۆنگرە لایەنگری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی فەڵەستین دەکات و داواکاری بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بە ئامادەبوون و بەشداریکردنی گشت لایەنەکان بە ڕێکخراوی فەڵەستینەوە کە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی عەرەبی فەڵەستینی برایە، لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستین لەسەر خاکی نوێدا.

٣. کۆنگرە ڕێز دەگرێ لەو گۆڕانکاری و هەنگاوانەی بەرەو دیموکراتییەت نراون لە (جەزائیر، تونس، ئوردن، کوەیت) و وڵاتە عەرەبییەکانی تر، هەروەها پشتیوانی لە خەباتی گەلانی عەرەب دەکا لە پێناو ئازادییە ئەساسییەکانی و دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤ.

٤. کۆنگرە هەڵوێستی هاوکارانەی هەموو ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان و هێز و بزووتنەوە و ڕێکخراوە میللییە عەرەبەکان دەنرخێنێت کە لەگەڵ گەلی کوردستانی عێراق هاوکار بوون لە دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و شەڕی قڕکردن کە ڕژێمی عێراق لە دژی ئەنجامی دا.

٥. کۆنگرە هاوکاریکردنی خۆی دەردەبڕێ لەگەل گەلی لوبنانی برا و بزووتنەوەی نیشتمانییەکەی لەپێناوی یەکێتی لوبنان بە گەل و حکومەتەوە و دەستەبەرکردنی سەروەری نیشتمانی و ئەنجامدانی فراوانترین ئیسلاحاتی دەستووری لە لوبنان و کۆتاییهێنان بە تایفەگەری و جێگیرکردنی ئاسایش و ئاشتی لە لوبنان.

٦. کۆنگرە پشتیوانی لەو هەوڵ و تەقەللا خێرخوازانە دەکات کە دەدرێن لەسەر ڕێگای چارەسەرکردنی عادیلانەی کێشەی گەلی ئەریتریای تێکۆشەر و کێشەی خواروی سودان و کێشەی گەلی سەحراوی ڕۆژئاوا و "الساقیة الحمراء".

**بڕیار دەربارەی ناردنی ئەم سڵاونامانە:**

١. سڵاونامە بۆ هەڤاڵانی بارزانی نەمر، کە لە مەسیرە مێژووییەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەشدارییان کردووە و ئەوانەی لە ژیاندا ماون و بەردەوامن لە ڕێبازی ڕزگاریخوازی گەلەکەیان و سڵاو بۆ بیرەوەری ئەوانەی لێیان شەهید بوون.

٢. سڵاو بۆ کەسوکاری شەهیدانی کوردستان و عێراق.

٣. سڵاو بۆ پێشمەرگە ئازاکان و بەرگری میللی و نرخاندنی قوربانی و پاڵەوانێتی و خۆڕاگرییان.

٤. سڵاو بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆڕاگری پارتی و ئەوانەی درێژە دەدەن بە خەباتی سەختی ژێرزەمینی خۆیان لە ناوەوەی شار و ئۆردوگاکاندا و سڵاو بۆ گیراوەکانیان.

٥. سڵاو بۆ ڕاگوێزراو و جەماوەری ئۆردوگا زۆرەملێیەکان و بۆ خێزان و بنەماڵە پچڕپچڕبووەکانی ئۆردوگاکانی (بەحرکە) و شوێنەکانی تر، لە ناوەوەی وڵات لە لایەك و لە ناو ئۆردوگاکانی ئاوارە لە دەرەوەدا لە لایەکی تر.

٦. سڵاو بۆ جالییەکانی کورد لە دەرەوە، بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵە ڕۆشنبیری و

کۆمەڵایەتییەکانیان و داوای خۆڕێکخستن و یەکخستنی تواناکانیان لێ بکرێت و تێکۆشانیان لەپێناوی کیشەی ڕەوای گەلەکەیان بنرخێنرێت و بە ڕای گشتی جیهانی ئەو وڵاتانەی تیادا دەژین بناسێندرێن.

٧. سڵاو بۆ گشت حزبە کوردستانییە براکان و بۆ بەرەی کوردستانی عێراقی.

٨. سڵاو بۆ حزبە نیشتمانییە ئیسلامییە عێراقییەکان.

٩. سڵاو بۆ بەربەرەکانیکردنی جەماوەری گەلی عێراق چ لە کوردستان و یان لە بەغدا و ناوەڕاست و خوارووی وڵات و بۆ تێکۆشانیان لەپێناوی دیموکراتییەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

١٠. نامەی سوپاس و ڕێزگرتن بۆ گشت حزب و ڕێکخراو و شەخسیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری کە سڵاونامەیان بۆ کۆنگرە ناردوە.

١١. نامەیەکی سڵاوی تایبەتی بۆ بەڕێز **گۆرباچۆف** سەبارەت بە سیاسەتی نوێ کە خزمەتی کێشەی ئاشتی و ئازادی لە جیهاندا دەکات.

**بڕیار دەربارەی بارۆدوخی نێودەوڵەتان:**

کۆنگرە پشتگیری لە سیاسەتی وازبوونی نێودەوڵەتان و بیرکردنەوەی نوێ دەکات لەپێناوی ئاشتی و دیموکراتییەت و مافەکانی مرۆڤ، بۆ خاوکردنەوەی باری گرژی نێودەوڵەتان و چارەسەرکردنی کێشە دەوڵەتی و هەرێمییەکان، بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە ڕێگای گفتوگۆ و هاریکارییەوە.

کۆنگرە ڕێز لە سیاسەتی بیناکردنەوە "پێریسترۆیکا" و گۆڕانکارییە دیموکراتییەکانی لە وڵاتە سۆشیالیستییەکان، دەگرێ و ڕێز دەنێت لەو هەوڵ و تەقەلا دەوڵەتیانەی، دەدرێن بە مەبەستی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆژی و کەمکردنەوەی چەکە تەقلیدییەکان.

"کۆنگرەی دەیەم" لە دەزگای نێودەوڵەتی داواکارە کە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهێز بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەوڵەتی و هەرێمییەکان و بۆ بەردەوامبوونی کۆششی خێرخوازانە لەپێناوی کۆژاندنەوەی شوێنەکانی گرژی و ململانێ لە (فەڵەستین، لوبنان، نیکاراگوا، ئەسیوپیا، ئەفغانستان و کامبۆدیا) دوای ئەوەی ئەو کۆششانە کە لە نامیبیا بەسەرکەوتوویی سەریان گرت هەروەها لە ڕاگرتنی شەڕی عێراق و ئێراندا.

کۆنگرە داکۆکی دەکاتە سەر ئەوەی گرنگی بدرێت بە کەڵکوەرگرتن لەو گۆڕانکارییە دیموکراتییانەدا لە بواری پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتان و هەزمکردنی تەئسیرە ئیجابیە داهێنەرەکانی لەسەر تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان.

کۆنگرە بانگەواز ئاراستەی دۆستانی گەلی کوردمان و دامودەزگا عیلاقەتمەندە نێودەوڵەتییەکان دەکات بۆ پێشکەشکردنی کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە تایبەتییە دەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە لە چوارچێوەی شەرعیەتی دەوڵەتان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شێوەیەك بۆ نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەی کورد لە دامودەزگا تایبەتییەکاندا.

کۆنگرە ڕێز دادەنێت بۆ هاوکاری و پشتگیریکردنی پەرلەمانی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و حکومەت و حزب و ڕێکخراو مرۆییەکان و لێژنەی هاوکاریکردن لەگەڵ گەلەکەمان و بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندن و ئەوانەی تر، لە خێرخوازانی جیهان لە وانەی لەتەك گەلی کوردستانی عێراقدا لە مەینەتییەکەیدا، ڕاوەستان بە تایبەتی لەو کاتەی دوچاری تاوانەکانی قەڵاچۆکردن بووە بە چەکی کیمیایی و وێرانکردنی گوندەکان و ڕاگوێزانی دانیشتووانی.

**بڕیار دەربارەی ڕێزگرتن لە ئەوانەی هاوکارییان لەگەڵ گەلەکەمان کردووە:**

١. سڵاو بۆ وەزارەتی دەرەوەی سوید و وەزارەتەکانی تری دەرەوەی ئەو وڵاتانەی لە مەینەتی ئابی ١٩٨٨دا، هاوکاری گەلی کوردیان کردووە.

٢. سڵاو لەگەڵ ڕێز بۆ پەرلەمانی ئەوروپی سەبارەت بە هەڵوێستی هاوکارانەی لەگەڵ داوالێکردنی بۆ بەهێزکردنی هاوکاری و هەروەها بۆ پەرلەمانی سۆڤێتی و داواکردنی پشتگیری کێشەکەمان و هاوکاریلێکردنی و بۆ کۆنگرێسی ئەمریکی و ڕێزگرتن لەو دەنگانەی بۆ لایەنگیریکردنمان لە کۆنگرێسدا بەرز بوونەوە و داوای بەهێزکردنی هاوکارییان لێ بکرێت، هەروەها بانگەوازێکی گشتی بۆ پەرلەمانەکانی جیهان و گروپە پەرلەمانییەکان و ڕێزنان لە هەڵوێستی هاوکارانەیان لەگەڵماندا و داواکردن لە هەمووان بۆ هاوکاری لەگەڵ گەلەکەمان و کێشە ڕەواکەیدا.

٣. سڵاو بۆ خاتوو میتێران سەبارەت بەو بایەخەی داویەتی بە پەنابەرەکان لە تورکیا و فەڕەنسا و هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی لە بەستنی کۆنگرەی ئەم دواییەی، پاریس لە مەڕ ناسنامە و کێشەی کورد و بەرگریلێکردنی لە بەردەم کۆنگریسی ئەمریکیدا.

٤. نامەیەکی ڕێزگرتن لەسەر بانگهێشتی پارتیمان و بەرەی کوردستانی عێراقی بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی (سوشیال دیموکرات) کە لە ستۆکهۆڵم لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ بەستراوە.

٥. سڵاوی ڕێزنان لە بەڕێز وەلید جونبولات و حزبەکەی سەبارەت بەو هاوکارییەی لەگەڵ گەلەکەمان و مەینەتییەکەی کردوویەتی لە میانی دوو سێ ساڵی رابردودا و



ئەمەزانی کتێب

داکۆکیکردنی لە کێشەکەمان لە کۆنگرەی ناوبراوی ستۆکهۆڵم.

**هاوکاریکردن لەگەڵ کێشەکانی ڕزگاریخوازی جیهانی:**

١. هاوکاری دەکەین لەگەڵ (ساندینیست) و گەلی نیکاراگوا لە بەربەرەکانی و داکۆکیکردندا، لە شۆڕشەکەی بەرامبەر بە دەستتێوەردانی ئەمریکا و لایەنگیری ئەو هەوڵ و کۆششانەین کە دەدرێن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ناوخۆییەکان بە ڕاوێژی دیموکراتی و ئاشتییانە.

٢. هاوکاری دەکەین لەگەڵ گەلی شیلی و گەلی سێلڤادۆر و گەلانی تری ئەمریکای لاتینی لە خەباتیان لە دژی ڕژێمە عەسکەرییە دیکتاتورییە ئیمپریالیستەکان و لەپێناوی دیموکراتییەت و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

٣. سڵاو بۆ گەلی نامیبیا بە بۆنەی سەرکەوتنی لە دوای تێکۆشانی دژواری دوورودرێژ، سڵاو بۆ (سواپۆر) و لایەنگیری تەواومان بۆ خەباتی گەلی خوارووی ئەفریقیا لە دژی ڕژێمی جیاکردنەوەی ڕەگەزیی "ئاپارتاید".

[سڵاو بۆ] پشتگیری خەباتی جیهانی لە دژی جیاکردنەوە ڕەگەزایەتی و دیکتاتورییەت و فاشییەت.

هەواڵنامەی کتێب

## بەلاغی کۆتایی"کۆنگرەی دەیەم"ی

## پارتی دیموکراتی کوردستان

لە ماوەی نێوان (١٢/٢ـ١٢/١٢/١٩٨٩)، لە ژێر دروشمی (توندوتۆڵکردنی خەبات لەپێناوی دیموکراتییەت بۆ عێراق و ئوتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان)دا، دەیەمین کۆنگرەی پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا، بە ئامادەبوونی (٣٣٢) نۆێنەر و ژمارەیەکی زۆری میوان لە نۆێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرەی کوردستانی عێراق، مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی، حیزبی شیوعی عێراق، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی دعوە، ڕێکخراوی (العمل الاسلامی) حزبی سۆشیالیستی کوردستان، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، پارتی سۆشیالیستی کورد، یەکێتی دیموکراتی ئاشووری، بزووتنەوەی ئیسلامی کورد، ئاڵای شۆڕش، حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراو، دۆست و جەماوەرییەکاندا.

کۆنگرە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ماتەمینی لەسەر گیانی دامەزرێنەری پارتی، مستەفا بارزانی نەمر و خوالێخۆشبووی بەنرخ ئیدریس بارزانی و گیانی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و تیکڕای نیشتمانی عێراق، لە دوای ئەوە، وتەی بەخێرهاتن لەلایەن سەرۆکی پارتیمان، تێکۆشەر مەسعود بارزانی ـ یەوە، پێشکەش کرا، پاشان سکرتێری پارتی هەڤاڵ عەلی عەبدوڵا ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ کۆنگرە خوێندەوە، کە تیایدا بارودۆخی کوردستان و عێراق و جیهانی خستە ڕوو، سەرنجی دایە ئاکامەکانی شەڕی قەڵاچۆکردنی سەرتاسەری لە کوردستانی عێراق و تێیدا ڕێرەوەی خەباتمان لە میانی ١٠ ساڵی ڕابردوو، هەر لە بەستنی کۆنگرەی نۆیەمەوە لە ساڵی ١٩٧٩ هەڵسەنگاند، بە ئیجابی و سەلبییەوە، ڕاپۆرتەکە ڕەخنەی لەو هەڵە و کەموکوڕییانە گرت کە بوون بە مایەی ڕوودانی شکستی عەسکەری پارتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن حوکمی دیکتاتۆرییەوە هۆکارێکی بابەتی ڕاستەخۆی ڕووداوەکە بوو.

ڕاپۆرتەکە وانە و پەندەکانی ئەم چەند ساڵەی دەست نیشان کرد و چەند پێشنیازێکی خستە ڕوو سەبارەت بە چۆنێتی درێژەپێدانی خەباتی قۆناغی داهاتوو. ڕاپۆرتەکە لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتییەوە کە کۆنگرە پێکی هێنا، خرایە ژێر باس و لێکۆڵینەوە و دوای چەند دەستکارییەك بڕیاری لەسەر درا.

هەروەها کۆمیتەی ناوەندی پڕۆژەیەکی نوێی بۆ پڕۆگرامی پارتی خستە بەردەم کۆنگرە کەپاش لێدوانێکی دوورودرێژ، بە چەند دەستکارییەکەوە، بڕیاری لەسەر درا. ئەمەو، میوانەکان چەندین وتە و سڵاونامەیان بۆ کۆنگرە خوێندەوە، هەروەها چەند سڵاونامەیەکی هاوکاری بۆ کۆنگرە خوێندرایەوە کە لەلایەن زیاتر لە ١٣٠ حزب و ڕێکخراو و شەخسییەتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری نێردرابوون.

لە میانی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەکەدا، چەندین گفتوگۆ لەسەر کاروباری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و [چەندین بابەتی] گرنگی تر کرا. لە وانە بە شێوەیەکی تایبەتی کاروباری سەدان هەزار پەنابەر لە ئێران و تورکیا و پاکستان و جالییەکانی کورد لە ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هی تر.

کۆنگرە بڕیارێکی تایبەتی وەرگرت لەمەڕ بانگهێشتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتان بۆ ئەوەی یاسا دەوڵەتییەکان پەنابەرەکانمان بگرنە خۆیان و لەلایەن لێژنەی کاروباری پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چاودێری بکرێن. چەند نوێنەرێکی ئافرەت لە کۆنگرەدا ئامادە بوون و گیروگرفت و خەم و پەژارەی ئافرەتی کوردیان خستە ڕوو، داوای بایەخپێدانی زیاتریان بە مافە کۆمەڵایەتی و دیموکراتییەکان کرد.

کۆنگرە چەند بڕیارێکی گرنگی ڕێکخراوەیی وەرگرت بۆ گەشەپێدان بە خەباتی داهاتوو بەو شێوەیەی لەگەڵ بارودۆخی نوێ کوردستانی عێراق دەگونجێت. هەروەها زنجیرە بڕیارێکی ڕێکخراوەیی تایبەت بە پەرەپێدانی چالاکی دەزگاکانی سەرووی پارتی و دەستوبردکردن لە وەرگرتنی بڕیار و بەهێزکردنی یەکێتی پارتی وەرگرت.

کۆنگرە چەند بڕیارێکی سیاسی گرنگی لەسەر گشت ئاستەکان وەرگرت و بڕیاری بە درێژەپێدانی بەرخۆدان و توندوتۆڵکردن و جۆراوجۆرکردنی خەبات دا، بە شێوەی گونجاو لەوەشدا مافی بەرگری لە خۆکردن بە خەباتی چەکداری و پەرەپێدانی بەپێی هەلومەرجی نوێ لە دژی دیکتاتۆرییەت و شوڤێنیزم و تەئکیدی کردە سەر دروستکردنی چەند مینبەر (سەکۆ)ێکی، ئازاد کە گشت حزب و شەخسیاتی کورد لە نوێنەرانی هەموو ڕێباز و کەرتەکان تێیدا کۆببنەوە بۆ دەربڕین لە ڕای گشتی گەل. هەروەها بڕیاری دا لەسەر بەهێزکردنی بەرەی کوردستانی عێراقی و بەرفراوانترکردنی کاری نیشتمانی هاوبەشی کوردستان، لە پێناو چەسپاندنی یەکێتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەوڵدان بۆ یەکخستنی ئۆپۆزسیونی عێراقی بە گشت لایەنە بنەڕەتییەکانییەوە و کۆششکردن لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی بەرفراوان.

کۆنگرە، لە بڕیارێکی تایبەتدا، داوایەکی لە پێناو جێبەجێکردنی دیموکراتییەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان لەسەر بناغەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی گشتی و هەوڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی وڵات، دا، ئەویش بە ڕیشەکێشکردنی دیکتاتۆرییەت و ستەمکاری و هەڵوەشاندنەوەی گشت کردارەکانی گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی و نەتەوەییەکان. هەروەها کۆنگرە سوپاسی ئەپۆزسیۆنی کوردستان و عێراقی کرد بۆ تێکۆشان لەپێناوی بەدیهێنانی ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی سەرتاسەری لە عێراقدا. بۆ یەکەمین جاریشە لە مێژووی کۆنگرەکانی پارتیدا، ئاسۆیەکی ئازاد و بەرفراوانی ئەوتۆ بە خۆیەوە دەبینێت، سەبارەت بە کاروباری جۆربەجۆرەکان و لەوانەش هەڵسەنگاندنی ڕەوتی ساڵانی ڕابردوو، لێکۆڵینەوە لە مەسەلە گرنگەکانی کوردستان و عێراق و جیهان.

کۆنگرە، بڕیارێکی تایبەتی وەرگرت لە مەڕ بڵاوکردنەوەی دیموکراتییەت لە ناو ڕیزەکانی پارتی و کۆششکردن بۆ بڵاوکردنەوەی لە ڕیزی بزووتنەوەی کوردایەتی بە گشتی و گرنگی یەکبوونی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی بەرفراوان دژ بە دیکتاتوورییەت و ستەمکاری و لەپێناوی دیموکراتییەت و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

کۆنگرە، تەئکیدی کردە سەر بەهێزکردنی یەکێتی بزووتنەوەی کورد، نەخاسمە بەرەی کوردستانی و مافی نەتەوەی کوردی بەشبەشکراو لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی، لە هەمان کاتدا، پەنجەی ڕاکێشا بۆ ئەوەی کە وا پارتی پاڵپشتی هەر هەنگاوێك دەکات لە ڕێگەی چارەسەرکردنێکی ئاشتییانە و دیموکراتییانەی کێشەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان و هەر داخوازییەك کە گەلی کورد لەوێدا، بەپێی هەلومەرجی خودی و بابەتی و بەپێی توانا ڕەخساوەکانی خۆی وەدەستی بهێنێت.

کۆنگرە لە ئاکامەکانی شەڕی عێراق و ئێران و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگەی کورد بە تایبەتی و کۆمەڵگای عێراق بە گشتی کۆڵییەوە و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەوا : دۆخی نە شەڕ و نە ئاشتی دۆخێکی ئارام هەڵگرە و ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دووچاری مەترسی دەکات و تەنها حوکمێکی دیموکراتی لە عێراق و لەسەر بناغەی ئاشتبونەوەیەکی گشتی، دەتوانێت چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکات و لە توانای ڕژێمێکی دیکتاتۆریشدا نییە، چارەسەرکردنێکی دادپەروەرانە و یەکجارەکی بکات.

کۆنگرە، داوای کۆتاییهێنانی بەم دۆخە نائاساییەی تەقەوەستاندنی کرد لە پێناو گەیشتن بە ئاشتییەکی عادیلانە لەگەڵ ئێراندا، لەسەر بناغەی ڕێزلێگرتنی بەرامبەر لەمەڕ سەروەریی (سەربەخۆیی) نیشتمانی هەردوولا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی خواستنی گەلی عێراق و

سەربەستییە، ئەساسییەکانی بە شێوەیەکی گشتی و داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد بە شێوەیەکی تایبەتی.

کۆنگرە، بانگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتانی کرد بۆ بەشداریکردن لە ئاشتییەکی، دیمواکراتییانەی عادیلانە لە نێوان عێراق و ئێران و لە پێناو بەربەستکردنی داگیرسانی شەڕی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکیشا کە هەر شەڕێکی تر لە ئایندەدا ڕوو بدات، دەبێتە شەڕی کیمیایی و بایۆلۆژی، بۆیە کۆنگرە بڕیارێکی تایبەتی وەرگرت لە مەڕ تەقەلادان بۆ دوورخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کارەساتی کێشە و شەڕ و هەروەها بۆ سەقامگیرکردنی ئارامی و دادپەروەریی و ئاشتی بەو جۆرەی کە تەواوی گەلانی ناوچەکە و لەوانە گەلی کورد بگرێتەوە.

کۆنگرە، سڵاوی خۆی ئاراستەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد سەبارەت بە وەی کۆمەك و پشتیوانی پێشکەش بە پارتیمان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کردووە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا و داڵدەی هەزاران کوردی پەنابەر بە تایبەتی و عێراقی بە گشتی داوە. هەروەها کۆنگرە سڵاوی ئاراستەی کۆماری عەرەبی سوریا و جەماهیری لیبی کرد سەبارەت بە هەڵوێستی هاوکارانەی هەردوولایان لەگەڵ کێشەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و سەرجەمی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی.

لەسەر ئاستی عەرەبیدا، کۆنگرە سڵاوی خۆی ئاراستەی ڕاپەڕینی گەلی فەلەستینی لە خاکی داگیرکراودا کرد و پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستینی و بەستنی کۆنگرەی نێودەوڵەتان کرد کە هەموو لایەنەکان بگرێتەوە لەپێناو گەیشتن بە تەواوی مافە نیشتمانییە ڕەواکانی گەلی فەڵەستین، لەوەشدا مافی پێکهێنانی دەوڵەتە نیشتمانییەکەی لەسەر خاکی خۆیدا.

هەروەها، پیرۆزبایی لەو هەنگاوانەی کرد کە نراون بۆ هێنانە دی دیموکراتییەت لە جەزائیر و تونس و ئەردەن و کوێت و وڵاتانی تری عەرەبی، هەروەك چۆن هاوکاری خۆی دەربڕی لەگەڵ گەلی لوبنانی دۆست و بزووتنەوەی نیشتمانییەکەیدا، لە پێناو سەقامگیربوونی حکومەتی ڕەوای خۆی و چەسپاندنی ئاشتی و یەکێتی خاك و گەلی لوبنان و پشتگیری خۆی سەبارەت بە هەوڵ و تەقەلای چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانە و دادپەروەرانەی کێشەکانی گەلی ئەریتریا و خوارووی سودان و گەلی سەحرای ڕۆژئاوا و (الساقیە الحمراء) دەربڕی.

کۆنگرە، بە بایەخێکی زۆرەوە باسی ئەو گۆڕانکارییە دیموکراتخوازانەی کرد کە لە وڵاتانی سۆشیالیستیدا، ڕوویان داوە، هەروەها لەسەر بڵاوبوونەوەی شەپۆلی گۆڕانکاری دیموکراتییانە لە جیهان بە شێوەی گشتی و نەمان و پاشەکشەی زۆر لە ڕژێمە دیکتاتۆری و ڕەگەزپەرستەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم، قووڵکردنەوەی ڕێبازی گشتی نێودەوڵەتان ڕووە و بەرەڵڵاکردنی ئازادییە گشتییەکان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پەرەسەندنی پاڵەپەستۆ لەسەر ئەو ڕژێمانەی کە وا یاسا و بڕوانامەکانی ماف و ئازادییەکان پێشێل دەکەن. کۆنگرە گەیشتە ئەو بڕوایە کەوا ئاسۆی ئاواڵەبوون لە جیهاندا، لە بەرژەوەندی کێشەکانی مرۆڤ و گەلانە، نەخاسمە ئەو گەلانەی بە درێژایی مێژوو ستەمیان لێ کراوە هەر وەکو گەلی کوردستان. کۆنگرە بڕوای خۆی بە ڕاگەیاندراوی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ دەربڕی. هەروەها کۆنگرە پیرۆزبایی لە کۆششی نێودەوڵەتان کرد لە پێناو پتەوکردنی ئاواڵەبوون و نەهێشتنی چەکی ئەتۆمی و دوورخستنەوەی مەترسی شەڕی ئەتۆمی جیهان و بەهێزکردنی هاوکاری لە نێوان دەوڵەتان و گەلان لە پێناو پتەوکردنی ئاشتی لەسەر زەوی و ڕزگارکردنی لە مەترسی لێڵبوونی ژینگە و برسییەتی و دواکەوتن.

کۆنگرە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتانی بانگ کرد بۆ فراوانکردنی هاوکاری لەگەڵ گەلی کوردستان و کێشە ڕەواکەی و مافی خۆی لە وەرگرتنی بە شێوەی چاودێر لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دامودەزگاکانی تری نێودەوڵەتان و دانانی بە باری قانوونی پەنابەرەکانی تورکیا و ئێران و ئەوانی تر و باشترکردنی وەزع و ڕەچاوکردنی مرۆڤانە بەو جۆرەی کە لەگەڵ بڕوانامە و نەریتە نێودەوڵەتییەکاندا دەگونجێت. کۆنگرە، سوپاسی خۆی نارد بۆ ئەو حکومەت و ڕێکخراو و لایەنە دەوڵەتی و مرۆڤایەتی و حزب و کەسایەتییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیانەی جیهان کە هاوکارییان لە گەلەکەمان کردووە لەو مەینەتییەدا، بەتایبەتی لە کاتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستانی عێراق.

بۆ جارێکی تریش داوای کرد کە وا ڕۆژی ١٦ی ئازاری هەموو ساڵێك بە ڕۆژی جیهانی بە ناوی "هەڵەبجە"وە ڕابگەیەندرێت، وەکو ڕێزگرتنێك لە شەهیدەکانی و دەربڕینێك لە تێکۆشانی جیهانی لەپێناو قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی و لەناوبردنی ئەنبارکراوەکانی. کۆنگرە نارەزایی خۆی دەردەبڕێ سەبارەت بە هەڵوێستی ڕۆژنامەکان و گوێنەدانی بەشێك لە ڕای گشتی جیهانی بەرامبەر بە تاوانەکانی قەڵاچۆکردنی بە کۆمەڵ کە ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق دژی گەلەکەمان ئەنجامی داوە. هەروەها کۆنگرە بڕیارێکی تایبەتی وەرگرت لە مەڕ بیرەوەری سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی و پاشان گشت نۆینەرەکان سەردانی گڵکۆ



هەولێرنامەی کتێب

پیرۆزەکەیان کرد بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری بەرامبەر بە کێشەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و بەردەوام بوون لەسەر ڕێبازی خەبات تا سەرکەوتن. ئەمە و کۆنگرە بە گشتی دەنگ، هەڤاڵی تێکۆشەر مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژاردەوە. لە دوای بڕیاردان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی پایەی سکرتێر و لەسەر پێشنیازی سەرۆکی پارتی و بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی هەڤاڵ عەلی عەبدوڵا کۆنگرە پایەی جێگری سەرۆکی پێ بەخشی، پاشان کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی نوێ لە (٢١) ئەندام هەڵبژارد، هەروەك چۆن ڕێزی نا لە ژمارەیەك لە هەڤاڵان، ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی لەوانەی لەبەر هۆی تەندروستی خۆیان لەسەرکردایەتی کێشایەوە و لەوان کە بۆ دەیان ساڵ کاکڵەی سەرکردایەتیان پێك هێنا و لە شوێنی ئەوان دەستەیەکی گەنج جێیان گرتن. بەستنی "کۆنگرەی دەیەم" بەم قەبارە و لە ئاسۆیەکی وەها دیموکراتیدا مانای بڕوای بەرزی پارتی بە خۆی و جەماوەری گەل دەبەخشێت و هەروەها پەرچدانەوەیەکە بۆ بارودۆخی سەخت و دژواری ئەمڕۆ، کە گەلەکەمان و بزووتنەوەی ئازادیخوازەکەی و بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی پێیدا تێپەڕ دەکات. لە لایەکی ترەوە گەیشتنی کۆنگرە بەو ئەنجامە، لە ڕاستیدا هێڵی پێشکەوتنخواز و ناوەڕۆکی دیموکراتییانەی پارتیمان، هەر لە دامەزراندنییەوە تا وەکو ئەمڕۆ دەردەبڕێت. کۆنگرە، بە ڕێزێکی یەکگرتووانەوە هاتە دەر و بەمەش بزووتنەوەی کورد پتەوتر و بەهێزتر دەبێت. ئەمە و کۆنگرەکە بە سرودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان" کۆتایی پێ هات.

هەواڵنامەی کتێب

**کۆمیتەی ناوەندی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق**

**١٢/ ١٢/ ١٩٨٩**

## لیستی وتار ـ نامە ـ برووسکەکانی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەی دەیەم

- وتاری نوێنەری سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێز محەمەدی.
- وتاری سەید محەمەد باقر ئەلحەکیم.
- وتاری بەرەی کوردستانی عێراق.
- وتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- وتاری سوپای پاسدارانی ئینقیلابی ئیسلامی.
- وتاری حزبی شیوعی عێراقی.
- پەیامی م. ئەمین بوزئەرسلان.
- وتاری حزبی دەعوەی ئیسلامی.
- وتاری حزبی سوشیالیستی کوردستان.
- وتاری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی قیادەی قوتری عێراق.
- پەیامی ئایەتوڵا سەید محەمەد تەقی ئەلمودەڕیس.
- وتاری ڕێکخراوی کاری ئیسلامی لە عێراق.
- پەیامی کۆمیتا گشتیا تەڤگەرا رزگاریا کوردستانێ (تەڤگەر)
- وتاری پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆك)
- وتاری پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان.
- وتاری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق.
- وتاری لێژنەی سەرکردایەتی ئاڵای شۆڕش.
- وتاری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.
- پەیامی شڤان پەروەر.
- وتاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەورووپا.
- وتاری لێژنەی یەکێتی دیموکراتی ئاشوری.
- وتاری یەکێتیی زانایانی ئاینیی ئیسلامی لە کوردستان.
- وتاری پارتی پێشکەوتووی سۆسیالیستی.
- لێژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردی لە سوریا( ئەلپارتی)
- وتاری حزبی شیوعی فەڕەنسی.
- کەمال بورکای ـ پارتیيا سۆسیالستا کوردستانا تورکیێ.

- دەزگای پەیوەندییە سیاسییەکانی بەرەی میللی رزگاریخوازی فەلەستین.
- پەیامی هانز دینگیز سکرتێری نێودەوڵەتی پارتی سۆشیال دیموکراتی لە ئەڵمانیای رۆژئاوا.
- پەیامی مامۆستا هەژار موکریانی.
- نامەی پرۆفیسۆر شاکرویی خدو.
- پەیامی پارتی سۆشیالیست. عێراق.
- وتاری سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی و لاوانی دیموکراتی کوردستان.
- وتاری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.
- پەیامی بەرەی دیموکراتی رزگاری فەلەستین.
- پەیامی یەکێتی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ.
- پەیامی کارل سمولە ئەندام پەرلەمانی نەمسا.
- پەیامی فدراسیونا کومەلێن کارکەرێن کوردستان ل ئەلمانیا فیدرال.
- پەیامی حزبی شیوعی لوبنانی.
- سکرتاریەتی فراکسیۆنی پەرلەمانی پارتی کاری هۆڵەندی.
- پارتی سۆسیالیستی چەپی نەرویج.
- نامەی بەرێز محەمەد سلێمان باباییڤ.
- پەیامی بەرەی رزگاریخوازی ئریتیریا- نووسینگەی دیمەشق.
- بروسکەی پسپۆر شەرەف ئەشیریان.
- پەیامی لێژنەی هاریکاری جیهانی لەگەڵ گەلی کورد.
- بروسکەی ئەکادیمی نادر کریم نادرۆف.
- پەیامی بەرێز ساڵح دگلە، سکرتێری لێژنەی ناوەندی گردبوونەوەی دیموکراتی عێراقی.
- پەیامی پرۆفیسۆر رۆلاند موش، سەرۆکی ئەنجوومەنی راگرانی کولێژەکان لە زانکۆی بریمن لە ئەڵمانیای رۆژئاوا.
- پەیامی یۆرگین ماییر لەبری سەرۆکایەتی یەکێتی پارتی سەوز لە ئەڵمانیای فیدراڵی.
- تۆسەنی رەشید دکتۆری کیمیایی و نڤیسکارێ کورد ل یەکێتی سۆڤیەت.
- پەیامی پرۆفیسۆر مەنڤێل ئەرسینۆڤیچ هەسرەتیان سەرۆکی هۆبەی کێشە هاوچەرخەکانی کورد لە ئینستیتوتی رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستیی یەکێتی سۆڤیەت.

- پەیامی پارتی یەکێتی گەلی کورد لە سوریا.
- پەیامی عیسمەت شەریف وانلی.
- نامەی هاوکاری ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان لە یەکێتی سوڤیەتیدا.
- پەیامی حزبی شیوعی سوری.
- پەیامی یەکێتی دیموکراتی عێراقی لە ئەمەریکا و کەنەدا.
- پەیامی پیتەر بیلتیس ئەندام پەرلەمانی نەمسا.
- پەیام پارتی چەپی شیوعی لە سوێد.
- پەیامی حزبی شیوعی فەلەستین.
- پەیامی رێکخراوی بەرەی میللی لە ئەردەن.
- پەیامی حزبی شیوعی یەکگرتووی تورکی- رێکخراوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- پەیامی بەڕێز سەلیم فەخری.
- پەیامی پرۆفیسۆر سمیر نۆڤا ـ کوردناس لە ئەنستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسیی لە لینینگراد و دکتور کەریم ئەیوبی.
- پەیامی حزبی شیوعی سوری- رێکخراوەکانی بنکەکان.
- پەیامی لیوا روکن حەسەن مستەفا نەقیب.
- پەیامی رۆژنامەنووس گویین رۆبرتس.
- پەیامی خالید بەغداش سکرتێری گشتی حزبی شیوعی سوری.
- پەیامی بەرەی میللی لە بەحرێن.
- پەیامی تیلمان زولش سەرۆکی گشتی کۆمەڵەی بەرگریکردن لە گەلانی هەڕەشەلێکراو لە ئەڵمانیای رۆژئاوا.
- پەیامی محمەد بەحر ئەلعلوم.
- پەیامی پارتی گەلی سۆسیالیستی میسری.
- پەیامی حزبی شیوعی لە سعوودیا.
- پەیامی یەکێتی قوتابیانی رێکخراوەکانی وڵاتانی عەرەبی لە یەکێتی سۆڤیەت.
- پەیامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەربانگ.
- پەیامی پارتی دیموکراتی پێشکەوتووی کورد لە سوریا.
- پەیامی رابیتەی نووسەر، رۆژنامەنووس و هونەرمەندانی دیموکراتی عێراقی.
- پەیامی جەمال بەختیار، سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە ئەمەیکا.

- پەیامی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی.
- پەیامی رۆژنامەنووس کریس کۆچێرا.
- پەیامی یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق.
- پەیامی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عێراق.
- پەیامی مونزیر ئەلموسڵی.
- پەیامی سەعد ساڵح جەبر لەبری حزبی ئومەی نوێ.
- پەیامی یەکێتی دیموکراتیانی عێراق- لقی ٣.
- پەیامی رابیتەی ئافرەتانی عیراق.
- پەیامی گردبوونەوەی ئیسلامی کوردی فەیلی- رێکخستنی دەرەوە.
- پەیامی گردبوونەوەی نیشتمانپەروەرانی میسری لە هەندەران.
- پەیامی یەکێتی دیموکراتی عێراقی.
- پەیامی بەرەی رزگاریخوازی نشتمانی بەحرێن.
- پەیامی یەکێتی دیموکراتخوازانی فیلیپین لە ئەمریکا.
- پەیامی کۆنگرەی گشتی گەل لە ئەمریکا.
- پەیامی بزووتنەوەی زانیارییەکانی نیکاراگوا.
- پەیامی بزووتنەوەی گەلان دژی شەڕ لە ئەمریکا.
- پەیامی مەڵبەندی پشتگیری گەلی فیلیپین لە ئەمریکا.
- ڕێکخراوی سۆسیالیستی دیموکراتی ئەفریقی لە ڤێرجینیا.
- سەرنووسەری گۆڤاری (الأبحاث والمعلومات المجلة شرق الأوسط) (جوی ستورك).
- پەیامی یانەی رۆشنبیری عێراقی.
- پەیامی ئای لیبس، چەپی سەوز کۆمەڵەی ئارنهام هۆڵەندا.
- پەیامی نەبیل بەرەکاتی هەڤاڵانی حزبی کاری شیوعی تونسی لە دیمەشق.
- پەیامی پارتی سۆشیال دیموکرات لە سوێد.
- پەیامی ماریا لیسنر لەبری پارتی میللی سوێدی.
- پەیامی پارتیا ڕزگارییا کوردستانێ (ڕزگاری).
- نامەی هەڤاڵ حەسەن ئەلمەلا ـ (چول).
- نامەی دکتۆر ڕەحمان گەرمیانی.

- پەیامی ڕێکخراوا نڤیسەڤانێت کورد ـ ل دەرڤە.
- پەیامی فیدراسیونی کۆمەڵە کوردییەکان لە سوید.

# سەرچاوە و پەراوێز

١-  محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی و بارزانی نەمر، چاپی سێیەم، (هەولێر- چاپخانەی ئاراس- ٢٠١٢)، ل٨١.

٢-  انعقاد المؤتمر العاشر للحزب الديمقراطي الكردستاني، صحيفة زاگروس، العدد الأول، شباط ١٩٩٠م، ص ص ١، ٤؛ البلاغ الختامي للمؤتمر العاشر للحزب الديمقراطي الكوردستاني ١٩٨٩، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٧٩٤، أربيل، الأثنين، ١٢ أب ١٩٩٦م، ص ٥؛ كريم حبيب حاجي، مذكراتي في ثورتي أيلول وگولان المجيدتين، الطبعة الثانية، (دهوك ـ مطبعة خاني ـ ٢٠١٦م)، ص ٧٩.

٣-  حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ص ١٧٢، ٤٠٥.

٤-  المصدر نفسه، ص ص ١٧٢ ـ ١٧٣.

٥-  پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیرەوی ناوخۆی کۆنگرەی دەیەم، (بێ شوێن ـ  چاپخانەی خەبات ـ بێ ساڵ)، ل ل ١٨، ٢٢ ـ ٢٣، ٢٨ ـ ٢٩،٤٠، ٤٢، ٤٤.

*- دەرویش ئاغا لەم کۆنگرەیە بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، بەڵام لە زۆربەی سەرچاوەکان ناوی نەهێنراوە؛ دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

٦-  حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ١٧٤؛ محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٢-٨٣.

٧-  دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

٨-  ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر ناسح غەفور، (پیرمام، ٢٠١٨\١٢\١٦).

٩-  لیستەی ناوی پاڵێوراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی لە کوردستان، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، ژمارە ٢٦، ئایاری ١٩٩٢ز، ل ٤.

١٠-  محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٣-٨٤.

١١-  هەمان سەرچاوە، ل ٨٤.

١٢-  هەڤاڵی خەباتکەر سەید صالح کۆچی دوایی دەکات، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی

دیموکراتی کوردستان، ژماره ٦١٨، ئاداری ١٩٩٢ز، ل ل ١ ـ ٢.

## کۆنفرانسی سەربازیی سەرکردە و فەرماندەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان شوباتی ۱۹۹۰

لە ٥ی شوباتی ۱۹۹۰ بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر بانگهێشتی بەشی سەربازی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی ۱۰۰ نوێنەر لە سەرکردە و فەرماندەکان، ئەم کۆنفرانسە ساز درا. کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوون و چاودێری سەرۆك مەسعود بارزانی دەستی پێکرد و تێیدا وتارێکی پیشکەش بە ئامادەبووان کرد. لە وتارەکەیدا سەرۆك مەسعود بارزانی سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی خەبات لە باشووری کوردستان دوا. لە ئەنجامدا چەندین بڕیاری گرنگ بۆ ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، بایەخدان بە خێزانی شەهیدان و پەککەوتووان و پاراستنی چەك، تەقەمەنی و کەلوپەلەکانی شۆڕش لەلایەن نوێنەرانەوە درا۱. هەر بۆیەش هێزی پێشمەگەری پارتی لە قۆناغی هەستیاری ڕاپەڕینی باشووری کوردستان لەو پەڕی ئامادەیی بوو. لەدوای ئەنجومەنی دری و کۆنفرانسی کانی سماق و کۆنفرانسی چۆمان بە چوارەمین هەوڵ لەمبارەوە دادەنرێ.

## سەرچاوە و پەراوێز

١- بەڕێز سەرۆكی پارتیمان لە كۆنفرانسێكی عەسكەریدا، ڕۆژنامەی خەبات (النضال)، ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستان، ژمارە ٦٠٣، شوباتی ١٩٩٠ز، ل ل ١، ١٦.

## كۆنگرەی یازدەیەمی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ یەككگرتوو

## ئابی ١٩٩٣

لە ڕێكەوتی ٢ی ئابی ١٩٩٠ كوێت لەلایەن سوپای عێراقەوە داگیركرا، ئەم داگیركارییە، سوپای هاوپەیمانانی هێنایە سەرخەت و لە ڕێكەوتی ١٧ی كانوونی دووەمی ١٩٩١، سوپای عێراق لەلایەن سوپای هاوپەیمانانەوە لە كوێت دەركرا و بە خراپی تێكشكێنرا، ئەم شكستەی سوپای عێراق زەمینەیەكی لەباری بۆ هێزە "معارض" بەرهەڵستكارەكانی عێراق هێنایە ئاراوە، بۆ ئەوەی چالاكییەكانیان بەرفراوان بكەن. لەو ماوەیەدا سەركردایەتی بەرەی كوردستانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەكانی تر كەوتنە جموجوڵی سیاسی و سەربازی لە ناوخۆی عێراق.

لەم سەروبەندە سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان، چەند كۆبوونەوەیەكی فراوانی ئەنجامدا، لەوانە كۆبوونەوەكەی سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٩١ كە بە ئامادەبوونی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی كۆن و نوێ، كە نزیكەی پەنجا ئەندام دەبوون ئەنجام درا، لەو كۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا ئامادەیی گەڕانەوە بۆ نێو خاكی كوردستان و دواتر ڕاپەرینی سەرتاسەری ئەنجام بدرێ. لەو كۆبوونەوەیەدا ئەركەكان بە فەرماندەیی سەرۆك مەسعود بارزانی دابەشكران و هێزەكانیش بە سەر سێ قۆڵدا دابەشكران كە بریتیبوون لە: قۆڵی هەولێر، قۆڵی دهۆك و موسڵ و قوڵی سلێمانی و كەركووك. دوای تەواوی ئامادەكارییەكان لە ڕێكەوتی ٥ی ئاداری ١٩٩١ ڕاپەڕینی باشووری كوردستان دەستی پێكرد و تا ٢١ی ئادار تەواوی ناوچەكانی كوردستان لە دەست ڕژێم ئازادكران[١].

لە دوای ڕاپەڕینی باشووری كوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دژ بە ڕژێمی عێراق و كۆڕەوی خەڵكی باشووری كوردستان و دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان و حكوومەتی هەرێمی كوردستان، لە كۆبوونەوەی مانگی ئاداری كۆمیتەی ناوەندی بڕیار لەسەر بەستنی كۆنگرەی یازدەیەمی پارتی درا، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەكی ئامادەكاریی پێكهێنرا كە بریتیبوون لە: محەمەد مەلا قادر، فەرەنسۆ حەریری، ڕەمزی شەعبان، خورشید شێرە، نەجمەدین یوسفی، شێخەڵا ئیبراهیم، بارزان مەلا خالید، كەمال حەسەن، نەجات حەسەن، حەبیب كەلەش و ئیجرا سەعید، تا مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٣ زۆربەی ئامادەكارییەكانی كۆنگرە بەكۆتا هاتن و ئەندامەكان بە هەڵبژاردن بۆ كۆنگرە سەركەوتن و سێ حزبیش بڕیاریاندا لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستان یەكبگرن كە بریتیبوون لە: حزبی یەكگرتنی

کوردستان (حسك - پاسۆك - پارتی گەل)، یەکێتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردی فەیلی موسڵمان[٢]. بە ڕێککەوتنی سێ حزبی کوردی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، ناونیشانی "یەکگرتوو" بۆ جاری دووەم بە کەمێك گۆڕانکارییەوە خرایە سەر ناوی پارتی و بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو گۆڕدرا.

لەسەر ئەم بنەمایە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی خەباتی پاش ڕاپەڕین، لە ڕۆژانی ١٦ - ٢٦ی ئابی ١٩٩٣، بە ئامادەبوونی ٢١٦٧ نوێنەر، کۆنگرەی یازدە لە هۆڵی زەرد، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا. بۆ یەکەمین جاریش ژمارەیەکی بەرچاوی ئافرەت لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوون، کە ١٢٤ نوێنەر بوون. هەواڵەکانی ئەم کۆنگرەیە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاو دەکرایەوە[٣].

کۆنگرە، بە دروشمی "ئاشتی، ئازادی و دیموکراسی" بەسترا[٤]. لەلایەن سەرۆك مەسعود بارزانی ڕاپۆرتی سیاسی خوێندرایەوە[٥]. هەروەها گۆڕانکارییەکی فراوان لە پرۆگرام و پەیڕەودا کرا بۆئەوەی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێت. کۆنگرە ژمارەیەک بڕیاریشیدا کە گرنگترینیان بڕیاردان بوو لە هێنانەوەی ڕوفاتی پیرۆزی بارزانی نەمر و ئیدریس بارزانی بۆئەوەی لە بارزان بەخاک بسپێردرێنەوە، هەروەها بڕیار درا زەمینە بۆ گەڕانەوەی زۆرترین ژمارەی ئاوارەکان لە ئێران بدرێ.

کۆنگرەی یازدەیەم، دانی بە فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستاندا نا و پشتگیری کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی یەکگرتووی کرد، کە نیازی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێنی هەبوو[٦]. لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەش ڕۆژنامەنووس خاتو ئامینە سولا و ڕۆژنامەنووس خاتو فاتیمە عەزوز لە کۆماری تونسەوە وەك میوان بانگهێشتی کۆنگرەکە کرابوون[٧]. بەشێك لە میوانەکانی کۆنگرە بریتیبوون لە: جورج بیکارد ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا، دەیڤید فلیپ سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی ئەمریکا، لیوا حەسەن نەقیب و دکتۆر ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی - یەکگرتوو، تەحسین مەعلە، عەدنان محەمەد نوری، عەزیز علیان، محەمەد عەبدولجەبار، هانی فۆکەیکی، محەمەد محەمەد عەلی، عادل عەبدولمەهدی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، مونزیز لویس سکرتێری حزبی سۆسیالیستی عێراقی[٨].

پەیکەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پشتبەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی یازدەیەم، بریتی بوو لە:

شانە، شانەی سەرەکی، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی، جێگری سەرۆك و سەرۆك. هەروەها دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردران[٩]. ئەمەش دواجارە کە دەستەی ناوەندیی پشکنین و چاودێری ڕاستەوخۆ لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بێنە هەڵبژاردن و سیفەتی ئەندامی سەرکردایەتیان پێ دەبەخشرێ، چونکە متمانەیان لە کۆنگرە وەرگرتبوو.

دامودەزگاکانی پارتی لە ساڵی ١٩٩٣، لە مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن، مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، مەکتەبی ناوەندی عەسکەری، مەکتەبی ناوەندی بەڕێوەبردن، مەکتەبی ناوەندی دارایی، مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، مەکتەبی ناوەندی پەیوەندی نیشتمانی، مەکتەبی ناوەندی پەیوەندییەکانی دەرەوە و مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە[١٠].

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یازدەیەم:

١- نێچیرڤان بارزانی
٢- سامی عەبدولڕەحمان
٣- جەوهەر نامیق سالم
٤- هوشیار زێباری
٥- فازڵ میرانی
٦- یونس ڕۆژبەیانی
٧- فرەنسۆ هەریری
٨- ڕۆژ نوری شاوەیس
٩- قادر قادر
١٠- مامۆستا سەعد عەبدوڵا
١١- عیزەدین بەرواری
١٢- محەمەد حاجی مەحمود
١٣- کەریم شنگالی
١٤- جەرجیس حەسەن
١٥- کەمال کەرکووکی
١٦- عەلی شنگالی
١٧- قادر جەباری

١٨- مولازم شوان
١٩- سەید کاکە
٢٠- عومەر بۆتانی
٢١- ئازاد بەرواری
٢٢- جەلیل فەیلی
٢٣- شەوکەت شێخ یەزدین محەمەد
٢٤- عومەر عوسمان عومەر
٢٥- سەڵاحەدین ئیبراهیم قادر، سەڵاح دەلۆ
٢٦- بروسك نوری شاوەیس
٢٧- ڕەمزی شەعبان
٢٨- مولازم کەریم
٢٩- دەروێش ئاغا
٣٠- زەعیم عەلی
٣١- عەبدولعەزیز تەیب
٣٢- نیزامەدین گلی
٣٣- عارف تەیفور
٣٤- مەسعود ساڵەیی
٣٥- محەمەد مەلا قادر
٣٦- عەبدوڵا ئاگرین
٣٧- شیرین ئامێدی[١١].

ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی:

١- مەحمود محەمەد مەحمود
٢- زێرەڤان نێروەیی
٣- مامۆستا ئەمین قادر
٤- دکتۆر ناسح غەفور
٥- ئەکبەر حەیدەر
٦- ئازاد قەرەداغی
٧- بارزان مەلا خالید

٨- کەمال حەسەن چاومار
٩- نوری حەمەعەلی[١٢].

لە ناو کۆنگرەدا ئەندامانی دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری بە دەنگی ڕاستەوخۆی نوێنەران هەڵبژێردران، کە بریتیبوون لە: فەلەکەدین کاکەیی، حەبیب محەمەد کەریم، ڕەشید سندی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، عەلی جاف، دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە، محەمەد مەعروف، محەمەد قازی و عەلی قاسم شنگالی[١٣].

لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە، بە تێکڕای دەنگ بۆ جاری سێیەم، سەرۆك مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتن و عەلی عەبدوڵا بە جێگری سەرۆك هەڵبژێردران. دواتر لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، لە ڕێکەوتی ٢٩ تا ٣١ی ئابی ١٩٩٣، دەستەی نوێی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران، کە بریتیبوون لە: نێچیرڤان بارزانی، جەوهەر نامیق سالم، سامی عەبدولڕەحمان، هۆشیار زێباری، فازڵ میرانی، د. ڕۆژ نوری شاوەیس، دکتۆر جەرجیس حەسەن، ئازاد بەرواری، زەعیم عەلی، حەمەی حاجی مەحمود و مولازم سەید کەریم[١٤].

لەم کۆنگرەیەدا بۆ جاری دووەم لە مێژووی پارتیدا، میدالیای بازانیی نەمر لەلایەن سەرۆك مەسعود بارزانی بەخشرایە نۆ لە سەرکردە، فەرماندە و هەڤاڵانی بارزانی[١٥].

## ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی

## حزبی یەکگرتنی کوردستان

کۆنگرەی حیزبی یەکگرتنی کوردستان، ڕۆژانی١٤ و ١٩٩٣/٨/١٥ی خایاند لە شاری هەولێر. ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەیەکی جیاواز و تایبەت بوو بۆ ئەوەی جارێکی تر ڕۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوەی کورد، مژدەی سەرکەوتنێکی تر بدەن بە گەلە ستەمدیدەکەمان و ئاواتێکی تری شەهیدە شکۆمەندەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردمان و خواستێکی گەورەی نەتەوەکەمان بهێنێتە دی بە یەکگرتنی دوو باڵی فراوانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، یەکگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی یەکگرتنی کوردستان.

شایانی باسە ڕووی ڕۆشن و دیاردەی گەشبینی ئەم کۆنگرەیە، یەکبوون و یەکدەنگیی تێکڕای ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە بوو کە ئەمەش بەڵگەی گەیشتن بە ئاستێکی بەرزتری هەستکردن بە پێویستی یەکخستنی ڕیزەکانی خەباتی لە پسان نەهاتووی نەتەوەی کوردمانە لە کوردستانێکی ڕزگارکراوی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەمان و لەژێر سێبەری یەکەم پەرلەمانی کورد و یەکەم حکومەتی دەستور و فیدراڵی هەرێمی کوردستان.

ڕۆڵە دڵسۆزەکانی حیزبمان حیزبی یەکگرتنی کوردستان لە کاتێکدا ئەوە ڕائەگەیەنن کە کۆنگرەی دووەمی حیزب بە سەرکەوتوویی و بە یەکدەنگی لە ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٥دا کۆتایی هات. بەڵێنی بەردەوامبوونی خەباتی پیرۆزیان ئەدەن لە ڕێکخستنی بەرفراوانتردا بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتووە و بە هیوای هەنگاونانی زیاتر بۆ یەکگرتنی گشتی و سەرتاسەریی هەموو ڕێکخستنە هاوئامانجەکانی نەتەوەکەمان.

بەم بۆنەیەوە ئەوەش ڕائەگەیەنین کە کۆنگرەی دووەمان بڕیاری بەشداربوونی کۆنگرەی یانزدە (کۆنگرەی یەکگرتن)ی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتووی دا بەگشتی دەنگ کە لە ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦دا لە شار هەولێر دەست پێ دەکات.

**حزبی یەکگرتنی کوردستان**

**١٥ ی ئابی ١٩٩٣**

# دەقی ڕاپۆرتی سیاسیی یازدەیەمین كۆنگرەی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ یەكگرتوو

**خوشك و برایانی هێژا،**

**هەڤاڵانی خۆشەویست، ئەندامانی كۆنگرە،**

یازدەیەمین كۆنگرەی پارتیمان، پارتی دیموكراتی كوردستان ـ یەكگرتوو، لە ژێر دروشمی (ئاشتی، ئازادی، دیموكراتی) دەكەینەوە، ئەو دروشمەی كە پارتیمان لە ژێر سایەیدا، بەشداری یەكەمین هەڵبژاردنی ئازادی یەكەمین پەرلەمانی هەرێمی كوردستانی عێراقی، لە ئایاری پارساڵ، ساڵی ١٩٩٢ كرد، لە ئەنجامدا یەكەمین ئەنجومەنی نیشتمانی لە كوردستانی عێراق و حكومەتی هەرێم و دامودەزگای قەزایی و بەڕێوبەرایەتی لە چوارچێوەی سیستەمێكی فیدراڵیدا دامەزران. دەسەڵاتەكانی بێوچان لە تێكۆشاندان بۆ چەسپاندنی دیموكراسی و بڵاوكردنەوەی گیانی دیموكراتییانە و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەكان و خەبات بۆ چاككردنەوەی ژیانی هاووڵاتییان و پەیداكردنی نان و كار و ئاسایش بۆیان.

ئەم كۆنگرەیە كۆنگرەیەكی مێژوویی گرنگە، كۆنگرەی سەركەوتنە، كۆنگرەی یەكگرتنە. لە ژێر سایەی سەركەوتنی گەل و پارتی و لایەنەكانی تری بەرەی كوردستانی دەبەسترێت. مەخابن كە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا جێگەی كەسانێك خاڵییە، لەو خەباتگێڕ و پێشمەرگە دلێرانە كە لە پێناوی ئەم سەركەوتنەدا گیانی پاكی خۆیان قوربانی داوە و شەهید بوون، بە تایبەتی سەرۆكی بزووتنەوەی هاوچاخی ڕزگاریخوازی كورد و ڕێبەری مەزنی نەتەوەی كورد **بارزانی مستەفا**، كە هەمیشە بە ئاواتەوە بووە ئاوەها گەل و پارتەكەی لە ژێر سایەی ئازادی، لە كوردستانی خۆشەویستدا ببینێ.

هەروەها ئەو سەركردە بەرزانەی وەك **ئیدریس بارزانی** جوانەمەرگ كە ئاواتی ئەوە بوو جەماوەری پارتی و پەنابەرانی دەرەوەی وڵات و ئاوارەكانی ناو وڵات بە سەربەرزی و سەرفرازی بۆ شوێنی ئەسڵی خۆیان لە نیشتماندا بگەڕێنینەوە.

هەروەها بەڕێزیكی بەرزەوە، یادی مامۆستایانی خەبات و كۆڵنەدان و هەڤاڵانی **بارزانی** دەكەینەوە: شەهیدان **سەیدا ساڵح یوسفی** و **نوری شاوێس** و **ئازاد مستەفا**. زۆر بە داخەوە كە ئیمڕۆ دوو هەڤاڵی خۆشەویست و تێكۆشەرمان لەگەڵمان نین و گیانی پاكیان بەخشی

بە کورد و کوردستان: هەڤاڵان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی **د. عەلی بابا** و **سەیدا ساڵح**.

هەڤاڵانی بەڕێز ئەم ئازادییە گرنگترین دەستکەوتی خەباتی دوور و درێژی بێوچانی پارتیمان و لایەنە تێکۆشەرەکانی دیکەیە، بەرهەمی بەرزترین لوتکەی ئەو خەباتەیە ئەویش ڕاپەڕینی جەماوەری ئازاری ساڵی ١٩٩١ە، لە هەلومەرجێکی جیهان لە بەرژەوەندی ئازادی گەلان و دیموکراتی لە گۆڕاندابوو. ئەم کۆنگرەیە هەروەها ژیانی پارتی دەبووژێنێتەوە، ئەو پارتەی کە هەمیشە لە پێشکەوتن و گۆڕاندابووە بەرەو باشتر.

ئەم کۆنگرەیە، هەروەها لاپەڕەیەکی گەشی تازەیە دەچێتە سەر کۆنگرەکانی پێشووی پارتی کە هەر لە دامەزراندنییەوە لە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦ەوە، زۆربەی کۆنگرەکانی نیمچە ئاشکرا بووە و ئاکام و بڕیارەکانیان لەلایەن قەواعیدی پارتی و جەماوەری گەلەوە بە ڕوونی زانراون. بە واتایەکی دیکە ژیان و شێوەی کاری ناوخۆیی پارتیمان دیموکراتییانە بووە، چونکە هەمیشە بە ئاشکرا کاری کردووە و تەنانەت لە سەردەمی خەباتی نهێنیشدا دیسان کۆنگرەکانی داخراوە نەبوو، چونکە سەرکردایەتی پارتی هەوڵی داوە لەگەڵ میللەت ڕاستگۆ و ڕوون بێت لە ڕەفتار و کرداردا، هەر بۆیەش شتی نەشاردۆتەوە. کە ئەمەش مەرجێکی گرنگی ژیانی پەرلەمانی و دیموکراتییە لە هەر وڵاتێکدا، واتە پارتیمان دەزگایەکی سیاسی و دیموکراتییانەیە، بە گیانی دیموکراتی پەروەردە بووە. لە زروفێکی دیموکراتی ئاسایی و ئارامیدا باشترین ڕۆڵ دەبینێ و چاکترین خزمەتی پێ دەکرێت.

ئێمە بەم بڕوایە ئەم کۆنگرەیە دەبەستین و بە هیوای سەرکەوتنی بەرزترەوە هەنگاوی داهاتوومان دەنێین. بەلای ئێمەوە ئاشکراگۆیی (عەلەنیەتی) کاری پارتیمان هەمیشە بۆتە هۆی پتەوکردنی بڕوا و متمانەی میللەت و قەواعید بە پارتی.

گرنگییەکی تری کۆنگرەکەمان لەوەدایە کە پاش دەیان کۆنفڕانسی دیموکراتییانەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە هاتووە، کە لە ماوەی چەندین مانگی ڕابردوودا قەواعیدی پارتیمان لە کۆنفڕانسی ئازاد و دیموکراتی و ئاشکرادا، دەنگی خۆیان بە نوێنەرەکانیان داوە، ئەو هەڵبژاردنە بە خۆی هێزێکی مەعنەوی تازە بوو، بڕوای بە پارتی پتەوتر کرد و دڵنیای کردین کە ئەندامان و جەماوەری پارتیمان سوورن لەسەر پتەوکردنی حزبەکەیان و بەشداربوون لە پێشکەوتنی. دەلالەتێکی مێژوویی گرنگی تری ئەم کۆنگرەیە ئەوەیە کە لە ڕۆژی ١٦ی ئاب، واتە ڕۆژی لەدایکبوونی دادەمەزرێ.

مێژوو خۆی دووپات دەکاتەوە لەسەر هەمان بناغەی کە پارتیمان لەسەری دامەزرا.

بناغەی یەکگرتن، یەکگرتنی چەندین حزب و ڕێکخراو و شەخسیاتی سیاسی نیشتمانپەروەر کە لە ساڵی ١٩٤٦ لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا، بە ئامۆژگاری **بارزانی نەمر** پێك هات.

ئەمڕۆش، ئەم کۆنگرەیە هاوکاتە لەگەڵ هەنگاوێکی مێژوویی دیکەی یەکگرتن لەگەڵ حزبی یەکگرتنی کوردستان، پێمان وایە ئەم هەنگاوە خزمەتێکی گەورەی کرد بە کورد و کوردستان. لێرەشدا بە پێویستی دەزانم تەقیمێکی ڕابردووی حزبی یەکگرتن بکەین.

**خوشك و برایانی بەڕێز،**

لە ئەنجامی پیلانی ڕێکەوتننامە شوومەکەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥وە، بە پێچەوانە و بەر لە خواستی هەمووان، شۆڕشی ئەیلول تووشی کارەسات و نوشوستی هات. ئەو هەلومەرجە ناهەموارە چونکە لە دەرەوە سەپێنرابوو، ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەی بەتینتر کرد.

زۆری نەبرد سەرکردە و کادر و پێشمەرگە دڵسۆزەکانی شۆڕشی ئەیلول و پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر یەکە و بە گوێرەی زروفی گونجاو و لە شوێنی خۆیدا کەوتنە خۆ بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ مقاوەمەتی شۆڕشگێڕانە و چالاکی سیاسی و تەنزیمی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا، لە ناو پەنابەرانی ئێران، تورکیا، سوریا، ئەوروپا و بگرە تا دەگاتە دەربەدەر و دوورخراوەکانی باشوری عێراق و لە ڕیزی جەماوەری کوردستانی بریندار جموجۆڵێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەستی پێ کرد.

کۆمەڵێك لە کادرانی دڵسۆزی شۆڕشی ئەیلول لە ناو کوردستاندا و لە بەغدا و خوارووی عێراق لە ساڵانی ١٩٧٥ ـ ١٩٧٦ بناغەی ڕێکخستنیان بە ناوی (بزووتنەوەی سوشیالیستی کوردستان) بە ڕابەرایەتی سەیدای شەهید **ساڵح یوسفی** دامەزراند کە دەورێکی گرنگ و ئەساسی هەبوو لە دروستکردنەوەی مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٧٦دا. هەر لەو کاتەدا لە ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥، کۆمەڵێك ڕۆڵەی دڵسۆزی دیکە (پارتی سوشیالیستی کورد ـ پاسۆك)یان بە ڕابەرایەتی شەهید **ئازاد مستەفا**، دامەزراند. کە وەکو فیکرکردنەوەی کاژیك بوو. کە دەوری خۆیان گێڕا لە ڕێکخستنی نهێنی و پێشمەرگایەتیدا. هەروەها لەو سەروبەرەدا ڕێکخستنێکی دیکە بە ناوی لێژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست بووەوە و بەشداری لە شۆڕشدا کرد.

هەروەها لە ساڵی ١٩٨١دا، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان هاتە سەر گۆڕەپانی خەبات کە زۆربەی زۆری سەرکردە و کادرەکانیان لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵاندا بێ

ڕاوەستان بەشدار بوون.

ئەو حزب و ڕێکخراوە سیاسییانە لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و مقاوەمەی پێشمەرگانە لە ساڵی ١٩٧٦دا، شانبەشانی لایەنەکانی تر دەورێکی کاریگەریان لە مەیدانی کوردستاندا گێڕا. دەیان داستانی شەڕی قارەمانانە لە دژی هێزەکانی ڕژێمی بەغدا بە خوێن و خۆڕاگری هەزاران شەهید، تۆمار کراوە کە خەڵکی شار و دێهاتەکانی کوردستان شایەدی دەوری نەبەزانەی ئەو پێشمەرگە دلێرانەن.

هەروەها لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و فیکرییەوە، دەوری خۆیان بینی و لە پێناوی بەرەوپێشەوەبردنی بزاڤی گەلەکەمان و داڕشتنی فکرەی یەکگرتن و یەکپارچەیی شۆڕش و بەگژداچوونەوەی شەڕ و دووبەرەکی ناوخۆ، خەباتێکی زۆریان کردووە و قوربانی زۆریان داوە. بەم خەبات و هەوڵەش زەمینەیان بۆ هاوکاری و برایەتی لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان دروست کرد.

پەیوەندی دۆستانەی نێوان لایەنەکانی حزبی یەکگرتنی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ بە دواوە چووە قۆناغێکی تازەی هاوکاری و تەباییەوە. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٠دا، کە بەرەی (جود) پێك هات تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسی تازە و گرنگ لەسەر ساحەی کوردستان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە جێبەجێ کرا و دەوری خۆی بینی و خەباتی کرد بۆ نەهێشتنی ململانێی ناوخۆ. هەروەها خەبات لەگەڵ چەند حزبێکی دیکەی عێراقی بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانی عێراقی. کە توانرا لەم ڕێگایەوە هەڵوێستەکانمان لە ناوخۆ و لە دەرەوە لە ڕووی سیاسییەوە لێك نزیك بنەوە و یەك بخرێن. لێرەدا دەبێ ئەوەش باس بکرێ، کە لەم شۆڕشەدا پێشمەرگە دلێرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سوسیالیستی کوردستان، پاسۆك و پارتی گەل لە سەنگەری هاوبەشدا پێکەوە خەباتێکی زۆریان کردووە و شەهیدی هاوبەش و هەڵوێستی هاوبەشی ئەوان گیانی یەکبوون و برایەتی ئەمڕۆمانی سەقامگیر کرد.

هەروەها لایەنەکانی حزبی یەکگرتنی کوردستان شانبەشانی هێزەکانی سەر گۆڕەپان، دەوری خۆیان گێڕا لە ئاشتبوونەوەی گشتی و ئاشکراکردنی بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٧دا، کە سەرەنجام لە ئابی ساڵی ١٩٨٨دا، بە دامەزراندنی بەرە تەواو بوو. ئەو بەرەیەی کە بە ڕاستی ڕابەرایەتی جووڵانەوەکەمانی کرد و لەمەڕ سەرکردایەتی ڕاپەڕین و سەرکەوتنی، دەوری ئەساسی هەبوو. ئەو حزبانە لەگەڵ هێزەکانی تر دەوری خۆیان بینی لە مقاوەمەکردنی شەڕی کیمیاوی کە سەرەتای شەڕی جینۆساید بوو دژی گەلی کورد و لە

چالاکی دیپلۆماسی دەرەوە بۆ ڕیسواکردنی ڕژێم و تاوانەکانی لە هەڵەبجە و ئەنفال و وێرانکردنی کوردستاندا، دەوری بەرچاویان هەبووە. لە خۆڕاگری گەلەکەمان و بەردەوامبوونی مقاوەمەتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨دا. تاکو ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان، لە ئازاری ساڵی ١٩٩١دا، بە تایبەتی لە ئاستی نێودەوڵەتاندا چالاکی دیپلۆماسیی بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی جیهانی لە چەوساندنەوە و ژێردەستەیی گەلی کورد کە گرنگترینیان کۆنفرانسی پاریس و مۆسکۆ و ستۆکهۆڵم بوون.

لە ڕاپەڕینی مەزنی ئازاری ١٩٩١یشدا، پێشمەرگە دلێرەکانی ئەو سێ حزبە لە پێشەوە و لە ناوجەرگەی جەماوەر بوون و لە ڕانیەوە بگرە تاکو کەرکوك بەشدارییان لە ڕزگارکردنی کوردستان کرد و دلێرانە بە هاوکاری لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی، دژی ئەو هێرشە دڕندانەی ڕژێم، کە دژی جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان بوو، وەستان لە نیسانی ١٩٩١دا. لەو ڕێگایەشەوە دەیان شەهیدیان دا. لە ماوەی گفتوگۆی خەباتی دیپلۆماسی و کارکردن بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، دڵسۆزانە و لەخۆبوردووانە شانبەشانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە خەباتیان کرد.

**بەڕێزان،**

یەکەمین هەنگاوی گرنگی یەکگرتن، پار لەم مانگەدا لەسەر دەست و ئیرادەی حزبی سوشیالیستی کوردستان، پاسۆك و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان هاتە دی و (حزبی یەکگرتنی کوردستان)یان دامەزراند، کە یەکەم هەنگاوی گەورە بوو لە ڕێگای نەهێشتنی پارچەیی لە جووڵانەوەی گەلی کورددا.

ئەم حزبەش وێڕای دۆستایەتی بەتینی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بە توندی پشتیوانی لە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی و فیدراڵی کوردستان کرد. بەشداری کاریگەرانەی کرد لە پێکهێنانی لەشکری یەکگرتووی کوردستاندا و دەورێکی گرنگی بووە لە دروستکردنی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی (I.N.C) و بەڕێوەبردنی ئەم کۆنگرەیە.

بەم جۆرە پەیوەندی بەهێز و ئیجابی ١٧ ساڵەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی حزبی یەکگرتنی کوردستان، زەمینەی فیکری و سیاسی و ئەخلاقی یەکگرتنمانی دامەزراند. ئەوە بوو حزبی یەکگرتنی کوردستان پرۆژەی یەکگرتنی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کرد کە پاش ٦ مانگ لە وتوویژ و ڕاگۆڕینەوە، بە ئیرادەی دڵسۆزانەی سەرکردایەتی و کادر و پێشمەرگەی هەردوولا و پشتیوانی بێسنووری جەماوەر، لە ٢٧ی

تەمموزی ساڵی ١٩٩٣دا، بە جاڕدانی یەکگرتنی هەر دوو حزب لە ژێر ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو)، لە سایەی تێکەڵبوونی ڕەنگی زەرد و شین و خۆشی جەماوەری گەلی کوردستاندا، کە یەکێکە لە شانازییە گەورەکانمان، چونکە یەکگرتنمان، یەکگرتنی نێوان تێکۆشەرانی کوردستان و پێشمەرگەکانی سەنگەری هاوبەشی کوردایەتییە. یەکگرتنی نێوان پێشمەرگە و ئەندامە کۆن و تازەکانی ڕێگای کوردستانە؛ یەکگرتنی نێوان بنەماڵە و خێزانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردە، کە بە شانازییەوە دەبێ بگوترێ ئەم سێ حزبە لە ماوەی ١٧ ساڵی خەباتیاندا زیاتر لە چوار هەزار شەهیدی قارەمانیان کردۆتە قوربانی کورد و کوردستان، کە بێگومان بەم یەکگرتنە گیانیان شاد دەبێ و دڵنیا دەبین خوێنیان بە فیڕۆ نەچووە.

باوەڕمان وایە ئەم پڕۆسە ئیجابییە لە بزاڤی کورددا، بەردەوام دەبێ و دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕانی (نەوعی) گەورەتر لە بزووتنەوەکەماندا، بێتەکایەوە و دەستەبەر و زامنێکی بەهێزیش دەبێ بۆ پاراستنی دیموکراسی و ئازادی لە کوردستاندا.

هەروەها لێرەدا بە خوشحاڵییەوە ڕادەگەێنین کە یەکێتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی فەیلی گەڕانەوە بۆ ناو حزبی دایک. زۆر بەخێر بێنەوە و بەتایبەتی بەخێر هاتنی کاك **عەلی شنگاری** و کاك **جەلیل فەیلی** دەکەین.

**هەڤالان،**

پارتیمان لەسەرەتاوە پارتی یەکبوون و یەکخستنی خەباتگێڕانی دڵسۆزی کورد و کوردستان بووە. بەمەش دەردەکەوێ پارتیمان هێشتا بە گوڕی لاوێتی ژیانی سیاسی و توانایی فیکری و تەنزیمی خۆیەوە ماوەتەوە.

پارتیمان وەکو دەزگایەکی سیاسی تاقیکراوە و قاڵبوو لە خەباتدا، بووە بە دەستکەوتێکی نەتەوەیی و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی کەلتووری سیاسی نیشتمانی، کە هەمیشە شیاوی ئەو ڕۆڵە سەرەکییەیە کە دەیبینێ و جێگەی بڕوای میللەتە لە پێناوی پاراستنی دەستکەوتی نەتەوەیی ئەمڕۆمان لە فیدراڵیزم و ئازادی و دیموکراتیدا و درێژەدان بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد و جووڵانەوەی دیموکراتییانەی عێراق هەتا بتوانێ وڵات لە ستەم و دیکتاتۆری ڕزگاری بێ و عێراقێکی نوێ دامەزرێ؛ عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی بێ، عێراقێکی پەرلەمانی دەستوری، عێراقێکی فرە حزبی ئازاد و ئارام لە ژێر سایەی ئاشتی و برایەتیدا. لەگەڵ دراوسێکانیشی بە ئاشتی و هێمنی بژیت، بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشەوە

پەیوەندی ئاسایی بەرقەرار بکرێ.

لەم کاتەدا کە ئەم کۆنگرە مێژووییە دەکەوێتە کار، بە ڕێز و حورمەتی فراوانەوە یادی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان دەکەینەوە. فیداکاری گشت کادیر و ئەندامان و پێشمەرگە دلێرەکانی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی گوڵان و بەرەی کوردستانی بە گەرمی یاد دەکەینەوە و ئەوانەی کە درێژەیان بە خۆڕاگری و خەبات داوە و بە درێژایی زەمانی بەرخودان لە چیا و ئاوارەیی یا لە ڕێکخستنی نهێنی ناو شار توسقاڵێك درێغییان نەکردووە.

بۆ هەموو ئەوانە، ئەو تێکۆشەرانە، بۆ هەموو دۆستان و جەماوەری پارتیمان بۆیان هەیە شانازی بە حزبەکەیانەوە بکەن کە نزیکەی نیو سەدەیە (کە ساڵی ١٩٩٦ دەبێتە پەنجا ساڵە و هەقە لە ئێستاوە خۆمان بۆ ئاهەنگی ئەو ڕۆژە ئامادە بکەین). ئەو حزبە کە لەو ماوە دوور و درێژەدا سەرەڕای دژواری و پیلانی دوژمنان و ستەم و زۆرداری، سەرکەوتنی گەورەی هەبووە و دەستکەوتی مێژوویی گرنگی وەدەست هێناوە. لە مەسوولیەتی هیچ کوسپ و تەگەرەیەك ڕای نەکردووە، بە تایبەتی:

- پارتی کانگای بڵاوبونەوەی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری کوردستاندا بووە.
- پارتی هەستی نەتەوایەتی لە مێشك و دڵاندا بووژاندووەتەوە و هەستێکی نەتەوەپەروەرانەی خاوێن بە ئاسۆیەکی دیموکراتییانە و مرۆڤپەروەرانە دوور لە دەمارگیری و کەنارگیری.
- پارتی لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا کێشەی کوردی بە دونیا ناساندووە.
- پارتی هەر لەسەرەتاوە بە تایبەتی لە شۆڕشی ئەیلولەوە قوتابخانەیەکی سیاسی مەزنی کورد بووە و چەندین نەوەی ئازیزی گەلەکەمان لەو قوتابخانەدا فێری خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی جەماوەری و ڕاگەیاندن بووە.
- پارتی یەکەمین حیزبی کوردییە کە ئیجازەی قانونی وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٦٠.
- پارتی بۆ یەکەمین جار لە حکومەتی مەرکەزی عێراق ئیعترافی ڕەسمی وەرگرت بە بۆنەی نەتەوەی کورد و مافی ئۆتۆنۆمی وەکو لە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا هاتووە، پارتیمان ڕۆڵێکی هەرە گرینگی هەیە لە ڕاگەیاندنی مافی فیدراڵیزم لە ساڵی ١٩٩٢دا.

**ئامادەبووانی بەڕێز،**

کۆنگرەکەمان بەوە دەست پێ دەکەین کە بە ڕوونی ئەرکی هەرە سەرەکی پارتی و گەل و هێزە تێکۆشەرەکانی بەوە دەزانین کە ئەرکی پاراستنی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتییە. ئەگەر ئەمەش بە وشەیەکی تر، تەرجومە بکەین دەڵێین کە ئەمڕۆ ئەرکی سەرەکیمان دەبێتە پاراستنی تاقیکردنەوەی دیموکراتی ئەمڕۆمان و پەرلەمانە خۆشەویستەکەمان و حکومەتە ساوا و تێکۆشەرەکەمان و خەبات بۆ ئەوەی لە ئایندەی سەرکەوتووی عێراقدا، ئیعترافی دەستوری و سیاسی، بە دەزگا دامەزراوەکانی ئەمڕۆی کوردستان بەدەست بهێنرێ، لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیدا، واتە پەیوەندی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، لەسەر بناغەی فیدراڵییەت بێت.

هەروا تێ دەکۆشین بۆ ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان هاوکاریمان بکەن و باش لە تەجروبەکەمان تێ بگەن و تەعامولی دۆستانەمان لەگەڵ بکەن تا ئەو ڕۆژەی کە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق دادەمەزرێتەوە.

هەر بۆیەش، کاری کۆنگرەکەمان ڕووبەڕووی ئەو بڕیار و هەنگاوانە دەبێت کە وەربیگرێت بۆ چەسپاندنی ئەو دەستکەوتە نەتەوەیی دیموکراتییە، هەروەها هەنگاوی گونجاو بێت بۆ بەهێزکردنی باری ڕێکخستنی پارتی و یەکێتی ڕیزەکانی، پتەوبوونی قەواعیدی، پەیوەندی بە جەماوەری گەل و لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی، هێزەکانی موعارەزەی عێراقی و کۆڕ و کۆمەڵی جیهانی، نەخاسمە دۆستان و پشتیوانانی مللەتەکەمان و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی.

پارتیمان، هەڵوێستی ناوخۆ لە چوارچێوەی بارودۆخی تازەی جیهانییەوە [دەنرخێنێ]، لەو ڕوانگەوە کە جووڵانەوەی گەل و بزووتنەوەکەمان بگونجێ لەگەڵ ڕێڕەوی گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا، چونکە ئاشکرایە کە سەرکەوتنی ئەمڕۆمان بەرهەمی خەباتی دوور و درێژی سەختی گەلەکەمانە بە تایبەتی ڕاپەڕینی میللی پاش شەڕی دووەمی خەلیج لە ساڵی ١٩٩١دا. ئەو ڕاپەڕینەش لەو هەلومەرجە جیهانییەدا هەڵگیرسا کە لە ئەنجامی سیستەمی نویێ جیهانیدا هاتە کایەوە. بە پێداگرتن لەسەر ڕێزنان لە مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان و گۆڕانکاری مافی چارەنووس.

ئەو سیستەمە نوێیە کە مەبدەئێکی تازەی هێنایە کایەوە، بەوەی کە مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی و مافی گەلە چەوساوەکان و دیموکراتی، ئیتر بە کێشەی تایبەتی ناوخۆیی

هیچ دەوڵەتێك ناژمێردرێن، بەڵکو کێشەی گشتیین و بە هەموو بەشەرییەتەوە پەیوەستن. بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهانی و کۆڕ و کۆمەڵی جیهان هەیە بۆ پاراستنی ئەو ئامانجانە دەستبەکار بن و بەبێ ئەوەی تەدەخولی ئەوان، بەدەستکاری لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانە بژمێردرێن کە تووشی بەڵای ستەم و دیکتاتۆریەت و کوشتاری بە کۆمەڵ و جینوساید بوونە.

ئەوەیە وێنەی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ناوخۆ و دەرەوەیدا. کێشەکەمان تێکەڵاوی ویژدانی ئازادیخوازانی جیهان بووە. بۆتە بەشێکی سەرەکی لە کاروباری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاڵێکی گرنگیشە لە (جدول اعمالی) کۆڕ و کۆمەڵەی جیاجیای ناوچەکە و جیهان. تەوژمی هاودڵی و پشتگیری و هاوکاری مەسەلەی کورد لە جیهاندا بەرەوپێشەوەیە.

**ڕاپۆرتەکەمان ئەم خاڵانە دەگرێتەوە،**

**یەکەم:** باری ناوخۆ لە کۆنگرەی ١٠، لە ١٩٨٩ەوە هەتا ئەمساڵ، تێیدا لە ئاستی کوردستانی و عێراقیدا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

أ. قۆناغی ساڵی ١٩٨٩ تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١.
ب. ڕاپەڕینی مێژوویی بەهاری ساڵی ١٩٩١.
ج. گفتوگۆ.
د. هەڵبژاردن و پەرلەمان و فیدراڵیزم لە ساڵی ١٩٩٢دا.

**دووەم:** هەڵوێستی دەرەوە لە مەسەلەی کورد:

أ. هەڵوێستی ناوچەیی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) پێش شەڕی خەلیج و پاش شەڕەکە.
ب. باری نێودەوڵەتی پێش شەڕی خەلیج.
ج. باری نێودەوڵەتی پاش شەڕی خەلیج.

**سێیەم:** ئەرکەکانی ئەمڕۆمان:

أ. لە ئاستی پارتیدا:

پتەوکردنی ڕێکخستنی پارتی و بەجۆرکردنی (تنويع) چەسپاندنی پرۆسێسی یەکگرتن و فراوانکردنەوەی قاعیدەی پارتی.

ب. لە ئاستی کوردستان:

پاراستنی تەبایی پەرلەمانیی و حکومیی و میللی یەکێتی ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بەرەی کوردستانی و تاقیکردنەوەی دیموکراتی.

ج. لە ئاستی عێراق:

جۆشدانی تێکۆشانی دیموکراتییانەی گەلی عێراق و چەسپاندنی کۆنگرەی یەکگرتووی نیشتمانی عێراق و خەبات بۆ بەدیهێنانی دیموکراتی لە عێراقێکی فیدراڵی دەستوریدا.

د. لەسەر ئاستی دەڤەر (اقليمي):

چارەسەرکردنی باری گرژ و ئاڵۆزی هەندێ وڵاتی ناوچەکە بەرانبەر بە تاقیکردنەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق و هەوڵدان بۆ ئەوەی پەیوەندیمان بە دراوسێکانمانەوە تەبیعی بێت، بەڵام نەك لەسەر حسابی گەلی کورد و مبادئی.

ە. لەسەر ئاستی جیهان:

داواکاری بۆ بەردەوامبوونی (حمايەی دەولی) لە هەرێمی کوردستانی عێراق و هەڵگرتنی ئابلوقە لەسەری و درێژەدان بە فریاکەوتن و گەیاندنی یارمەتی مرۆڤایەتی جیهان و پشتیوانیکردنمان لە ئاوەدانی و بووژانەوەی نیشتمانەکەمان.

**ژیانی پارتی لە ساڵانی ١٩٨٩ ـ ١٩٩٣**

**ئەلف ـ** دەیەمین کۆنگرەی پارتیمان لە ساڵی ١٩٨٩ لە بارودۆخێکی هەرە سەخت و دژوار بەسترا، گەلەکەمان لە مەینەتێکی ناخۆشی گەورەدابوو، بە تایبەتی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٨دا، ڕوویدابوو.

ڕژێمی ستەمکاری عێراق ئاخرین و خەتەرترین کردەوەی خۆی بەجێ هێنابوو بۆ گۆڕینی مۆرکی (تابع) نەتەوەیی و مێژوویی کوردستان. بە شێوەیەکی دڕندانە و تاوانبارانە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەی شەهید، شێخ وەسانان، بادینان، قەرەداغ، شوان و دەها گوند و جێگەی دیکەی بەکار هێنابوو. زیاتر لە چوار هەزار گوند و شارۆچکەی وێران و تالان کردبوو؛ لە عەمەلیاتی بەدناوی ئەنفال بە دەها هەزار هاووڵاتی بێگوناهی مناڵ و ئافرەت و پیاوی بێسەروشوێن کردبوو وەك لە گەرمیان و بارزان و فەیلییەکان و بادینان و شوێنی تر.

ڕژێم، هەروەها سەدەها هەزار دانیشتووانی گوند و شارۆچکە ڕوخێنراوەکانی بە زۆر خستبووە ناو ئۆردوگای زۆرەملێ کە ژمارەیان بە ئۆردوگاکانی پێشووەوە تا ساڵی ١٩٨٨ بە (١٠٦) ئۆردوگا گەیشت. دانیشتووانیان ژیانێکی سەختیان دەبردە سەر، زۆربەی ئۆردوگاکان

بێ ئاوی خواردنەوە و بێ خزمەتگوزاری پێویستی تەندروستی و خوێندن و شارەوانی بوون، جگە لە دەستدرێژی و تۆقاندن و زۆرداری كاربەدەستان، نەخۆشی كوشندەی كۆمەڵایەتی و بێكاری و جەنگی سایكۆلۆجی ڕژێم و دەزگاكانی دژ بەو دانیشتووە بێتاوانانە، كە بە ناحەق لە مەزرا و جێگەی كار و بەرهەمهێنان دوور خرابوونەوە و لەوێ هیچ بەرهەمیان دانەهێنا.

ڕژێم، بنیاتی ئەساسی دوو كەرتی هەرە گرنگی ئابووری كوردستان هەڵوەشاندبووەوە كە كەرتی كشتوكاڵ و ئاژەڵدارییە بە هۆی وێرانكردنی (٩٠٪) دێهاتی كوردستانەوە. ڕژێم، لەو سەردەمەدا هەلومەرجی ڕاوەستانی شەڕی عێراق و ئێرانی بە هەل زانی و دڕندانەتر كەوتە وێزەی كوردستان و دانیشتووانی بۆ شێواندنی باری كۆمەڵایەتی، تەنانەت پەیوەندی خێزانەتی و داب و نەریتی (عادات و تەقالید)ی پاكی كوردەواری و تێكدانی كەلەپور، مێژوو، ڕۆشنبیری كوردی و سڕینەوەی ڕەگەزی كوردەواری.

لەسەر ئاستی گشتی عێراق، ڕژێم لە جاران هارتر بوو و دامودەزگاكانی كەوتبوونە ڕاونانی هاووڵاتییان و لەناوبردنی هەر هاووڵاتییەكی عێراقی بە هەر شێوەیەك بۆنی موعارەزەی لێ كرابێت. تەنانەت لەناو دامودەزگاكانی خودی ڕژێمدا زۆر لە كادیری ناسراوی فەرماندەی جەیشی عێراقی بە دەستی ڕژێم كوژران، هەروەها دەزگاكانی لە دەرەوەی وڵاتیش كەوتبوونە ڕاونان و تیرۆركردنی سەرانی موعارەزەی عێراقی.

لە ساڵانی شەڕی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠ ـ ١٩٨٨) زۆر لە وڵاتانی دەوڵەمەندی گەورەی جیهان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە یارمەتییەكی زۆر و زەبەندی ئابووری و عەسكەرییان بۆ ڕژێمی عێراق ناردبوو تا درێژە بە شەڕەكەی بدات. ڕژێم بەو شێوە لەڕووی ئابوورییەوە بەهێز بوو، هەر چەندە زۆریش قەرزار بوو، بەڵام تواناى وەڵامدانەوەی پێویستی ژیانی خەڵك بۆ بازار پڕ بوو.

توانایەكی دارایی یەكجار زۆری لەبەر دەستا بوو، بە بەرتیل و دیاری و ئیمتیازاتی زۆرەوە توانیبووی چینێكی ئەوتۆ لە دەوری خۆی كۆ بكاتەوە كە تێروتەسەل بن و ئامادە بن بەرگری لەو ڕژێمە بكەن كە سوودیان لێ وەرگرتووە و جگە لەو كەسانە كە لەگەڵ سەرانی ڕژێم تووشی تاوان و زەلكاوی زۆرداری بووبوون و مانیان بە مانەوەی ڕژێمەوە بەسترا بوو.

لەڕووی عەسكەریشەوە لە هیچی كەم نەبوو، بە هۆی یارمەتیدانی وڵاتانی شەرق و غەربەوە. عێراقی ڕژێم ببوو بە جبەخانەیەكی مەزنی چەكی تەقلیدی و كیمیاوی و بایۆلۆجی و ئەتۆمی، كە پاش شەڕی خەلیج دەركەوت چ هێزێكی عەسكەری ترسناكی

پێکەوە ناوە.

ڕژێم، بە حسابی خۆی لە شەڕی (عێراق ـ ئێران) سەرکەوت، تەنانەت ڕاوەستانی شەڕەکە و مانەوەی ڕژێمی لەسەر حوکم بە سەرکەوتن دەزانی، بەو هێزە مادی و مەعنەوییەوە بەر بووە گیانی گەلی عێراق و چەسپاندنی پلانە شۆڤێنیستییەکانی لە کوردستان.

دەیەمین کۆنگرەی پارتیمان لە ساڵی ١٩٨٩، لەو جۆرە هەلومەرجەدا بەسترا کە تێدا خەباتی پێشمەرگایەتی بە شێوەیەکی کاتی کز و لاواز بووبوو. ناوچە ڕزگارکراوەکان لە هاووڵاتییان چۆڵ کرابوو. سەرانسەری ئەو ناوچانە وێرانی و سووتان و شوێنەواری غازی ژەهراوی و تەقاندنەوەی کانی ئاو و مینکاری ڕێگەوبان و دەشت و چیاکان بە پێی بڕیار و یاسایی خۆی زیاتر لە نیوەی کوردستان بە ناوچەی موحەڕەمە دانابوو؛ دەستوری دابوو بە جەیش و دامودەزگاکانی هەر مرۆڤ یان گیانلەبەرێکی دیکە لەو ناوچانەدا بەر چاو بکەوێ بێ یەك و دوو لە ناوی ببەن، لە ناو شار و ئۆردوگاکان کەوتبوونە کوشتنی بە کۆمەڵی ئەوانەی بە هەر شێوەیەك ڕژێم گومانی لێ دەکردن. مێژووی کورد و بزووتنەوەکەی و **بارزانی** و پارتی و حزبەکانی تر بە کتێب و بڵاوکراوەی ناوخۆ و پڕوپاگەندەی ناوخۆ ئاوەژو پیشان دەدا. بۆ دووبەرەکی هانی نوسەرانی دەدا بۆ ئەوەی بە ناوی لە جاتی کوردی بڵاوکردنەوەی لە یەك جودا ببنەوە و ئەو ڕووناکبیرە کوردانەی لە خۆیەوە نیزیك بوون خەڵاتی دەکردن و هەندێکیشی ڕاو دەنان.

دەیەمین کۆنگرەی پارتیمان ساڵی ١٩٨٩، دەیزانی ڕووبەڕووی ئەو واقعە تاڵە بۆتەوە، بەڵام بە ئەرکی خۆی دەزانی کە ڕووبەڕووی ئەو تاریکستانە ببێتەوە، ئیرادەی خەباتی گەل بەهێزتر بکات، ورە بداتە تێکۆشەران و درێژە بە شێوەی جۆربەجۆری خەباتی جەماوەری و چەکداری و ئاشتییانە بدات.

ئەو کۆنگرەیە، بڕیاری دا درێژە بە موقاومەت بدات و ڕێکخستنی پارتی بەپێی هەلومەرجی ئەو کاتە دابمەزرێنێتەوە، بەرەی کوردستانی پتەوتر بکات و تێ بکۆشێ بۆ یەکخستنی موعارەزەی عێراقی کە تا ئەو کاتەش پەرت و بڵاوبوو، کە ئەوەش هۆیەکی تری لاوازی خەباتی گەلی عێراق و بەهێزبوونی ڕژێم بوو.

کۆنگرەکە هەروەها ڕەخنەی لە کۆڕ و کۆمەڵەی جیهانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی گرت تا ئەو کاتە بێ دەنگ بوون بەرانبەر بە مەینەتی گەلی کورد، بە تایبەتی و گەلی عێراق

بە گشتی و داوای کرد لە کۆڕ و کۆمەڵەی جیهانی پشتی میللەتی کورد و عێراق بگرن و حاڵەتی نەشەڕ و نە ئاشتی نێوان عێراق و ئێران بە شێوەیەك کۆتایی پێ بهێنن کە لەگەڵ بەرژەوەندی و ئاواتی گەلی عێراق بگونجێ.

کۆنگرەکە هەروەها بە جیهانی ڕاگەیاند کە مەترسی دەکرێت لە زیادبوونی توانای عەسکەری ڕژێمی عێراق و چەکە کۆکوژەکانی و داوای کرد کار بکرێ شەڕ و شوڕی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو نەدا، هەر وەکو لە دەقی بەلاغی خیتامی کۆنگرەکەوە هاتووە، ئەو وردبینییەش نیشانەی دووربینی پارتیمانە. بە داخەوە ئەو ڕاستییەش لە جەنگی دووەمی خەلیج لە ساڵی ١٩٩١دا دەرکەوت.

هەر چەندە پارتیمان لەو قۆناغەدا توانایەکی ئەوتۆی نەبوو لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانیدا، حەساری سیاسی لەسەر بوو، بەڵام پارتیمان بڕیاری بەرخودان و ڕێکخستنەوەی کاری خۆی دا و پێشمەرگەی لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان ڕێك خستەوە بۆ موقاومەت و پەیوەندی بە جەماوەر و تەنزیمی ناوخۆی نهێنی شارەکان[ەوە کرد] و کەوتە بەهێزکردنی ڕۆڵی خۆی لە دامودەزگاکانی بەرەی کوردستانی بۆ داگرتنی هێزی گەل و ڕیسواکردنی شێوە تازەکانی ڕژێم و پیشاندانی ئەوەی کە هەرچەندە لە ڕواڵەتدا بەهێزە، بەڵام لە ناوەوە سیستەمەکەی لەقە.

پارتیمان، لە ناوەوە ڕێکخستنی نهێنی دروست کردەوە، لە دەرەوەش لەڕووی سیاسی، ڕاگەیاندن و پەیوەندییەوە کەوتە چالاکی شانبەشانی لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی، بۆ ئەوەی دونیا بە ئاگا بێنێ لەم مەینەتییەی گەلەکەمان و لە تاوانەکانی ڕژێم بە تایبەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

لە ئاستی عێراقیدا، پارتیمان درێژەی دا بە تێکۆشانی بێوچانی ساڵانی ڕابردوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی عێراقی دژ بە ڕژێم بە تایبەتی بۆ سەرخستنی تەقەلایەکی بەرزی مێژوویی سەرەتایی ساڵی ١٩٨٩، واتە پێش کۆنگرە بە چەند مانگێك. (من خۆم لەگەڵ وەفدێکی بەرەی کوردستانی) چووم بۆ دیمەشق و تا ناوەڕاستی مانگی ئازاری ١٩٨٩ چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجام دا کە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی (سی، چل) ساڵەی ڕابردوو نوێنەرانی هەموو حزبە سیاسییەکانی عێراقی بەشدار بن لە کۆبوونەوەیەکی وادا. هەموو باڵەکانی موعارەزی عێراقی بەشدار بوون، عەرەب، کورد، ئیسلامی، دیموکراتی، قەومی چەپ و ڕاست.

هەر چەندە کۆبوونەوەکان نەگەیشتن بە ئیمزای ئەو بەرنامە گرنگەی یەکبوونی موعارەزەی عێراقی دایاننابوو، بەڵام دانیشتنەکان ڕۆحییەتێکی تەبایی دا بە موعارەزە و سەهۆڵی دوورەپەرێزی لایەنەکان توایەوە و ئامادەیی سایکۆلۆجییان تێدا پەیدا بوو بۆ ئەوەی پێکەوە دابنیشن و ئیرادەی چوونیان بەرەو یەکگرتن پەیدا بوو. هەر ئەو دانیشتنانە بوون کە زەمینەی لەباریان ساز کرد بۆ دانیشتن و کۆبوونەوەکانی داهاتووی موعارەزەی عێراقی تا لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی موعارەزەی عێراقدا، ١٩ لایەن لە دیمەشق ئیمزای پەیماننامەی بەرەیەکی عێراقییان کرد بە ناوی (لجنة العمل المشترك لقوى المعارضة العراقية).

پارتیمان لە کاری بەرەیی کوردستان و عێراقیدا هەمیشە بە گیانی لەخۆبوردوویی و مرونەت و دڵفراوانییەوە جووڵاوەتەوە و دەربەستی چەسپاندنی پەیوەندی دیموکراتییانەی برایانەی نێوان هێزەکان بووە، بەو گیانەوە لەگەڵ هەموو ئەو حزب و لایەنانە کە دڵسۆزی ئایندەی وڵات و سەرکەوتن و ئازادی گەلن چووە، بە بێ ئەوەی تۆسقاڵێك مساوەمە لەسەر حسابی مافی نەتەوەیی میللەتەکەمان بکات.

پارتی، هەر لەو قۆناغەدا واتە ساڵی ١٩٨٩ بەدواوە، زیاتر خەمی باری ژیانی پەنابەرانی خواردووە کە لە ئێران، تورکیا، پاکستان و جێگاکانی تر، ژمارەیان زیاد بووبوو و ئەرکی زیاتریان هاتە پێش، هەوڵی دا شانبەشانی هێزەکانی تر، ئەو پەنابەرە ئازیزانە لە هەلومەرجێکی چاکتردا بن و پێداویستی ژیان و سەلامەتی و ئارامییان بۆ دابین ببێت.

بەڵام پارتی لەحزەیەك ئەرکی ئەساسی خۆی لەبیر نەکرد، کە تێکۆشانە بۆ ڕزگاری گەل و چاودێری گۆڕانکارییەکانی ناو وڵات و ئەو هەنگاوانەی پێویستە بنرێن بۆ پێشەوەبردنی خەبات، هەر بۆیەش درێژەی بە دیتن و دانیشتنی دووقۆڵی و چەندقۆڵی لەگەڵ هێزە جیاجیاکانی موعارزە دا، بە تایبەتی لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠دا، لە شێوە پەیوەندییەکی دووقۆڵی تایبەتی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستانیداین و ئەم دانیشتنە دووقۆڵییە بوو بە هۆی زیاتر بەهێزکردنی بەرەی کوردستانی.

هەردوولایان هەستمان بە مەسئولیەتێکی تایبەتی دەکرد، بۆیە کۆمیتەیەکی هاوبەشمان دانا بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ناو خۆمان و دەقەر و دەرەوە، تا بگەڕێین بە دوای ئەگەرەکانی گۆڕانکاری وەزع و بەرامبەر هەر ئەگەرێك چ پێویستە ئەنجام بدرێت؟ لە وانەش ئەگەری ڕێککەوتنی حکومەتەکانی ناوچەکە کە ڕەنگە ڕێککەوتننامەی ئەمنی دژی کوردیش بگرێتەوە. هەروەها ئەگەری گۆڕانکاری ناوخۆی عێراق لەوانەش ئەگەری

تەقینەوەیەکی ناوخۆی عێراق، ئەم ئەگەرەش لەوەوە هات کە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی نێودەوڵەتی زۆر بەپەلە دەچوونە پێشەوە بەرەو سیستەمێکی نوێ و لەناوچوونی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان و بەرزبوونەوەی دروشمی ئازادی سیاسی و حورمەتنان لە مافی مرۆڤ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی میللەتە چەوساوەکان.

لە دانیشتنێکی گرنگی دووقۆڵی نێوان (ی.ن.ك و پ.د.ك)، لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩٠دا، پێکەوە (وەرقە عەمەلێکی هاوبەشمان دانا) بەو هەموو ئەگەرانە کە پێکەوە دەوڵەمەندمان کردن بە زانیاری، لەوانەش دوائەگەر کە ئەگەری وەرچەرخان و تەقینەوەی ناوخۆی عێراقە، پاشان ئەو زانیارییانەمان خستنە بەردەستی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی و پێکەوە کارمان لەسەر کرد و یاریدەدەرمان بوو بۆ ئەوەی لەو تاریکستانە چرای زانستی ڕووناکیمان بەدەستەوە بێت.

بەلای ئێمەوە پاش دانانی پرۆگرامی بەرەی کوردستانی، ئەو شێوەدانانی ئەگەرەکان و یەکەمین و گرنگترین هەوڵدانی سیاسی ستراتیژی بزووتنەوەکەمان بوو کە خۆیی بوو، واتە بەرهەمی عەقڵی سیاسی کورد بوو. هەر ئەوەش بوو کە زۆر بەکارمان هات و ئەو شێوە بیرکردنەوە بە کۆمەڵ و هاوبەشییە بوو بە بناغەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و پاش ڕاپەڕین و تا بە ئەمڕۆ، چونکە بەرنامەی بیرکردنەوەکە نە بەس لێکۆڵینەوەی تیۆری سیاسی دەگرتەوە بەڵکو هەنگاو بە هەنگاوی کاری تەنزیمی و جەماوەری و عەسکەری و پەیوەندی هەموو لایەنەکانی بەرەی دەگرتەوە. خوشبەختانە شەرەفی ئەوەمان هەبوو کە شەخسی بەشداری ئەو کۆبوونەوانە بکەم.

لەو هەموو ئەگەرانە بیرمان دەکردەوە، بە تایبەتی ئەگەری تەقینەوە و ئازادبوونی شارە گەورەکانی کوردستان و کەوتنیان بەدەست بەرەی کوردستانی، ئەویش پێش چەندین مانگ لە داگیرکردنی کوێت لەلایەن جەیشی عێراقییەوە لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٩٠ کە بارێکی تازەی خەتەرناك لە خەلیج و جیهان هاتە کایەوە.

هەڵوێستی پارتی و بەرەی کوردستانی دەستبەجێ لە بەیاننامەیەکدا ئەوە بوو: *ئێمە دژی داگیرکردنی کوێتین، جەیشی عێراقی دەبێ لە کوێت بکشێتەوە. ئەم داگیرکردنە بادیرەیەکی خەتەرناکە و ڕەنگە گەلی عێراق تووشی شەڕێکی تازە و کارەساتێکی گەورەتر بکاتەوە.*

ڕووداوەکان بە پەلە بەرەوپێش دەچوون و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوروپا،

زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دژی داگیرکردنی کوێت ڕاوەستان. لەو بارودۆخەدا بوو کە سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی بڕیاری دا دەست بکات بە پەیوەندی بە جەماوەر و خۆسازدان بۆ کاتی پێویست. چەندین نامەمان نارد بۆ شەخسیاتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ناو شارەکان، تەنانەت بۆ هەندێ لە ئەندامانی دامودەزگاکانی ڕژێم، بە تایبەتی هێزەکانی جەیشی عێراقی و ئەفواج خەفیفە. داوامان لێ کردن پشتی جەماوەر بگرن و هاوکاریمان بکەن بۆ ڕزگارکردنی هەموو گەلی عێراق لەم مەینەتە. دڵنیایی جەیشمان کرد کە پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی هێرش نابەتە سەریان ئەگەر ئەوان دەست بە هێرش و تەعەدا نەکەن و زۆر هەوڵ درا جەیش تێ بگات کە پێشمەرگە دژی جەیش نییە، بەڵکو دژی ڕژێمە.

بە ناوی سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانییەوە لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەوازێکمان نارد بۆ دانیشتووانی شارەکانی کوردستان، بۆ میوانداری و ڕێزلێنان لە دەیان هەزار خێزانی عەرەب کە هاتبوونە کوردستان لە مەترسی شەڕی کوێت.

ئەو هەموو هەوڵ و کۆششانە لە واقیعدا زەمینەیان خۆش کرد بۆ ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، کە هۆکاری زاتی سەرکەوتنیشی بوونی بەرەی کوردستانی بوو بەو شێوەی کە باسمان کرد.

**ڕۆڵی بەرەیی پارتیمان**

لێرەدا بە پەسەندی دەزانین دەربارەی فەلسەفە و کاری پارتیمان لە بواری بەرە و تەبایی و هاوکاریدا ڕوون بکەینەوە. پارتیمان لە مێژە بەوە گەیشتووە کە دەبێ دان بنێ بە واقیعی فرەحزبی و ئایدۆلۆجی و نەتەوەیی لە کوردستان و عێراقدا.

دروشمی فرەحزبی و سیاسی کە لەم ساڵانەدا باوە، پێش ١٧ ساڵ کەوتە بەرنامەی پارتیمانەوە، چ لەڕووی تیۆری یا لەڕووی تەتبیقەوە. واتە ١٧ ساڵ پێش ئێستا گوتوومانە لە کوردستاندا چەند حزب و ڕێکخراوی جیاجیا هەیە، دەبێ دان بەو واقیعەدا بنرێ و بۆ سەرکەوتنی خەباتمان دەخوازێ ئەو حزب و ڕێکخراوانە پێکەوە تێ بکۆشن لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانیدا. هەروەها لەسەر ئاستی عێراقیشدا پێویستی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی هەیە. واتە پارتی لەو کاتەوە بڕوای بە پەیوەندی دیموکراتییانە و برایانەی تێکۆشەرانە لە نێوان حزب و هێزە جیاجیاکان هەیە، ئەمە وا بەو شێوەیە ڕەتی پاوانکاری سیاسی کردەوە، خۆی دانەنا کە تەنها حزبە و نابێ حزبی تر هەبێ،

خۆی دانـەنا بـەوەی کـە مـافی بێبەشـکردنی خـەڵکی تـری هەیـە لـە خەباتـدا. هـەر بـەو ڕۆحییەتـەوە پـارتیمان بـە درێژایـی ١٧ سـاڵ، چەنـدین پێشـنیاری بـۆ هاوکـاری و تـەبایی کوردستانی عێراقی پێشکەش کردووە و بە سینگی فراوانەوە پێشنیاری لایەنەکانی دیکەی بـۆ هەمان مەبەست وەرگرتووە. تەنانەت لە ساڵانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ هەوڵی دا لەگەڵ هەندێ لـە هێزی تازەی کوردستان هاوپەیمانی ببەستێ.

لە ساڵی ١٩٨٠ بە پیری بانگەوازی چەندین لایەنی ناو گۆڕەپانی خەبات چوو، یەکـەمین جار لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەیاننامەیەکی هاوبەشی بڵاو کردەوە، تێـدا مانـای ئاشـتبوونەوە و تـەبایی و هاوشـانی هـەبوو. لـە تشرـینی دووەمـی سـاڵی ١٩٨٠دا بـەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی (جود) لە ناو خاکی کوردستان پێك هـات کـە لـەو سـەردەمەدا بەرەیەکی گرنگ بوو لە ڕووی سیاسی و ڕاگەیانـدن و پەیوەندییـەوە. پارتی لـە سـاڵی ١٩٨١ لەگەڵ چەند هێز و حزب و شەخسیاتی کوردستانی و عێراقی بەرەیەکی دیکەی پێك هێنا بـە ناوی شۆڕشی عێراقی، کە لە واقیعدا کاری بەرەیی دەوڵەمەندتر کرد لە ئاستی عێراقدا.

ساڵی ١٩٨٤ بەرەی (جود) کە لە ٤ هێز پێك هـاتبوو بـوو بـە ٧ لایـەن. لـە سـاڵی ١٩٨٦، گرنگترین لاپەڕەی ئاشتبوونەوەی گشتی تۆمار کرا. سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکـی گـەورەی بینـی لـەو ئاشـتبوونەوەیەدا لـە نێـوان پـارتی و یـەکێتی و بـە ئیمـزای ئیدریسـی جوانەمەرگ و مام جەلال لاپەڕەیەکی گەش کرایەوە لە نێوان پارتی و یەکێتی و ئـەو پەیمانـە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە و دەبێ هەتاهەتایە ئەو تەبایی و برایەتی و هاوکارییە بمێنێ.

لە گەلاوێژی ساڵی ١٩٨٧ لە بارەگـای (م.س) پـارتیمان، کۆبوونەوەیـەکی مێژوویـی پێـنج لایـەنی (پـارتی، یـەکێتی، سوشیالیسـت، پـارتی گـەل و پاسـۆك) ئـەنجام درا و گـرنگترین بەیاننامەی دەرهێنا بە ناوی (لەپێناوی بەرەیەکی کوردستانیدا)، کە لە واقیعـدا ئـەوە بناغـەی بەرنامـەی بـەرە بـوو لـەو سـەردەمەدا و هـەنگاوێکی هـەرە گرنـگ بـوو بـەرەو یەکخسـتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان.

بە درێژایی مانگی نیسان و ئایاری ساڵی ١٩٨٨ بارەگای سەرکردایەتی پـارتیمان شـەرەفی ئەوەی هەبوو کە چەندین جار دانیشتنگای ئەو لایەنانە بـوو کـە هـەر لـەو دەمـەدا بـەرەی کوردستانیان پێك هێنا.

پارتیمان بەو گیانە و بەو سینگفراوانی و پشودرێژییەوە لە ئاستی عێراقیشدا درێـژەی بـە خەبات دا تـا پێکهێنـانی (العمـل المشـترك) لـە سـاڵی ١٩٩٠. هـەروەها پێکهێنـانی کـۆنگرەی

نیشتمانی عێراق (I.N.C) لە ڤییەنا لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٢، کە هەڵوێستی پارتیمان و ڕاستگویی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کوردستانی و عێراقی بڕوا و و متمانەی هەموو لایەنەکانی پێ دا، ئەو بڕوایەش هۆکارێکی گرنگ بوو لەسەرخستنی کۆنگرەکانی (I.N.C) لە سەڵاحەدین، پارساڵ و ئەمساڵ.

ئەو بڕوا و متمانەیە سەرماییەکی مێژوویی و گرنگی پارتیمانە چ لە ناو گەلی کورد یا لە ناو گەلی عێراق بەدەستمان هێناوە، دەبێ لە ئایندەشدا بیپارێزین و بیچەسپێنین.

**ب ـ ڕاپەڕینی میللی بەهاری ١٩٩١**

ئەو ڕاپەڕینە، ڕاپەڕینێکی بێ وێنە بوو لە تەواوی مێژووی گەلی کوردستاندا، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە یەك دەنگ بەشدار بوون لەو ڕاپەڕینە و سەلماندیان کە مرۆڤی کورد سەرەڕای هەر ستەم و زورداری و کوشتن و بڕین یا فڕیودان، لە ئەنجامدا هەر نەتەوەکەی دەمێنێتەوە و شانازی بە گەل و کوردستانی دەکات و خۆی دەکاتە فیداکار لە پێناویدا.

لە بڕگەی پێشوودا باسی ئەو هەلومەرجەی عێراق و کوردستانمان کرد بە تایبەتی پاش تەنگ و چەڵەمەی کوێت. وەکو گوتمان پارتیمان و بەرەی کوردستانی قەواعدی خۆیان و جەماوەری خۆیان بۆ ئامادە دەکرد. شکانەوەی شکستی عەسکەری ڕژێم لە کوێت شیرازەی ناوخۆی عێراق، بە تایبەتی دامودەزگاکانی تێك داو و ڕێی بە دامودەزگاکانی ڕژێم و لایەنگیرانی بەردا و لە هەموو ڕوویەکەوە وەزعی ڕژێم بەرەو تیاچوون دەچوو. خەڵکی عێراق ئەو باوەڕەیان لا پەیدا بوو کە ڕژێم ئیتر دەڕووخێ. لەلایەکی تریشەوە لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی دەنگی وا بەرز دەبووەوە کە میللەتی عێراق هان درا بۆ ڕاپەڕین. بەڵام خودی میللەتی عێراق و بە تایبەتی گەلی کورد پێش هەموو کەس ئارەزووی شۆڕش و ڕاپەڕینی هەبوو. ڕق و کینەی چەندین ساڵی زوڵم و زۆرداری ڕابووبوو، وەکو بۆمبایەکی مەزن ئامادەبوو بۆ تەقینەوە.

بێگومان هێزەکانی موعارەزەش ساڵەهای ساڵ بوو تێدەکۆشان و قوربانیان دەدا بۆ ڕێکخستنی میللەت و شۆڕش. لەو ڕۆژانەشدا بوو کە هێزەکانی موعارەزەش بە هەموو باڵەکانیەوە بانگەوازی هاوبەشیان بە میللەت ڕادەگەیاند.

ئەوەش هێزێکی مەعنەوی دیکە بوو بۆ ڕاپەڕین. ئەمە و تێکڕای میللەتی عێراق لە ئاسەواری دوو شەڕی دەرەوەی ماڵوێرانی و شەڕی ئاوارەی ناوخۆ دژی کورد، پەست و بێزار

بوون، دەیانویست لەو ڕژێمە ڕزگاریان بێ، بەڵام هۆی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی شکستی هێزی ڕژێم لە کوێت.

ئەوە سەرەتا لە جنوبی عێراق و ئەمجا لە کوردستان ڕاپەڕینەکە تەقییەوە، بەو شێوەی ماوەیەکی کەم تەقییەوە. بێگومان جگە لەو هۆیانەی باسمان کرد بۆ ڕاپەڕینەکە لە سەرانسەری عێراقدا، بە نیسبەتی گەلی کوردستانەوە چەند هۆیەکی دیکەش هەبوون کە پاڵی پێوەنان ڕاپەڕینەکە توندوتیژ و بەرەو پێشەوە بڕوات.

گەلی کورد جگە لە ستەمی سیاسی، ساڵەهای ساڵ بوو کەوتبووە بەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و کوشتاری بە کۆمەڵ و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و وێرانکردنی کوردستان و جیاوازی نەتەوەیی لە هەموو ڕوویەکەوە. ڕاپەڕین لە کوردستاندا ڕێکوپێکتر و باشتر چووە پێش لەوەی لە جنوب، چونکە یەکەم: ساڵەهای ساڵ بوو بە تایبەتی لە شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە گەلی کورد لەسەر هەموو شێوەیەکی خەبات ڕاهاتبوو، ڕۆژبەڕۆژ لە تێکۆشاندا بوو تەنانەت تا پێش دوو ساڵ لە ڕاپەڕینەکە نزیکەی نیوەی کوردستانی عێراق لە ژێر دەستەڵاتی تەواوی پێشمەرگە یا لە ژێر نفوزیدابوو. دووەمیش: لەگەڵ ڕاپەڕین سەرکردایەتی پارتیمان و بەرەی کوردستانی لەسەر ساحە بوون و لەگەڵ جەماوەردا بوون و ڕێکیان دەخستن. واتە ڕاپەڕینی گەلی کورد سەرکردایەتی هەبوو و بە شایەتی موعارزەی عێراقی و چاودێرانی دەرەوەش ڕاپەڕینی کورد ڕێکوپێکتر چووە پێش. دامودەزگاکانی ڕژێم لە کوردستان نەیانتوانی بەرەنگاری ڕاپەڕینەکە ببنەوە؛ یا هەڵهاتن یان تەسلیم بوون.

حدودی (١٠٠,٠٠٠) هەزار کەس لە جەیشی عێراقی تەسلیم بوون و بەرەی کوردستانی و گەلی کورد برایانە و مرۆڤانە موعامەلەی ئەو ئەفسەر و سەربازانەیان کرد کە تەسلیم بووبوون، کەچی هەر هەمان ئەو ئەفسەر و سەربازانە بوون کە کوردستانیان وێران کردبوو و خەڵکیان چەوساندبووەوە.

بۆ ئەندام و جەماوەری پارتی هەیە سەربەرز بن بە ڕۆڵی پارتی، کە هەنگاو بە هەنگاو لە ناو دڵی ڕاپەڕینەکەدا بوون و شانبەشانی لایەنەکانی دیکە شار و شارۆچکەکانیان ڕزگار کرد، بە تایبەتی لە ڕزگارکردنی شاری خۆشەویستی کەرکوکی دڵی کوردستان.

پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتیمان سەری ئێمەیان بەرز کرد و پیشانیان دا کە چ جۆرە قارەمانێکن. مەعەسکەری خالیدی کەرکوك و گرتن و سوتاندنی چەندین فڕۆکەی سوخۆی لەناو قاعیدەی کەرکوکدا شاهیدی پاڵەوانێتی پێشمەرگەی پارتیمانن.

ئەو ڕاپەڕینەی جنوب و کوردستان دەیتوانی ڕژێم لە ناو بەرێ، بەڵام ڕاپەڕینەکە هەر لە دوو جێگایـە ڕاوەسـتا و ناوەڕاسـتی عێراقـی نەگرتـەوە. پـارتیمان هـەر لـە ڕۆژانـی گـەرمی ڕاپەڕینەکەوە هەستی بە مەترسی دەکرد، ئەوە بوو لە ئازاری ساڵی ١٩٩١ وەفـدێکی بـەرزی پارتیمان بەشداری کـۆنگرەی موعـارەزەی عێراقـی بـوو لـە بـەیروت کـە هـەموو لایەنـەکانی موعارەزەی عێراقی تیایدا بەشدار بوون.

پارتیمان، لە وتارێکدا بـۆ کـۆنگرە وتـی ئەگـەر ئـەو ڕاپەڕینـە بـەردەوام نـەبێت، دەبێتـە کارەساتێکی گەورە بە سەر گەلەکەماندا، بە داخـەوە هـەر واش بـوو، لـە جنـوب بـەو شـێوە دڕندانە ڕاپەڕینەکەیان لە خوێن و فرمێسکی دەیان هەزار هاووڵاتی بێتاوانی جنوب پڕ کرد و ڕژێم سەرکوتی کردن بێڕەحمانە.

ڕاپەڕینی کوردستانیش کە تەنها مایەوە، ڕژێم هەموو پاشماوەی هێـزە عەسـکەرییەکانی ناردە کوردستان، بە تایبەتی ٣ فیرقەی حەرەس جمهوری کـە لـە ئەسـڵدا حـەرەس جمهـوری تووشی زیانێکی ئەوتۆ نەبووبوو لە شـەڕی کوێتـدا. بـە شـێوەیەکی دڕندانـە کەوتنـە لێـدانی شارەکانی کوردستان و شارە گەورەکانی گرتەوە، پاش ئـەوەی کـە سـەرکردەکانی عەسـکەریی تەحالوف ڕایان گەیاند کە تـەدەخول ناکـەن لـە کاروبـاری نـاوخۆی عێـراق، عێـراق دەتـوانێ فڕۆکەی خۆی بەکار بێنێ ئەگەر تەهدیـدی ئـەوان نـەکات. ئـەوە بـوو ڕژێـم هـەموو جـۆرە چەکێکی بەکار هێنا و یەکەم هێرش بۆ سەر کەرکوك بوو، پاشان بۆ سەر شارەکانی تر.

بۆ مێژوو دەڵێین کە پارتیمان هەوڵێکی زۆری دا تا کوردستان ببێتـە مەڵبەنـدی ڕاپـەڕینی هەموو گەلی عێراق، چەندین بروسکەی نارد بۆ موعـارەزەی عێراقـی، لـە ناوەڕاسـتی ئـازاری ساڵی ١٩٩١دا داوام لێ کردن کە بێنە کوردستان و سـەرکردایەتییەکی عێراقـی هاوبـەش پێـك بهێنین و هەوڵ بدەین هەموو عێراق ڕزگار بکەین، بەڵام بە داخـەوە کەسـێکی وا نـەهات و بەو ئەهمیەتەی کە پێویست بوو وەریان نەگرت.

**خـوشك و بـرایـانی خـۆشـەویست،**

بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاپەڕینەکە لە خوارووی عێراق، دەڵێین کە ڕاپەڕینێکی میللـی و ڕەوا و بە ئاوات و ئامانجی نیشتمانییەوە بوو، بەڵام ڕاوەستان و نەگەیشتن بە بەغـدا و ناوەڕاسـتی عێراق بووە هۆی تێکشکانی، جگە لەوەی کـە موعـارەزەی عێـراقیش نـەیتوانی بـە عەمـەلیی کارێکی هاوبەش بکەن و هێشتا ناتەبا بوون. هەندێ دروشم و بۆچـوونی تونـد و ناڕاسـت و تەئسیری سلبی هەبوو لەسەر ڕای گشتی و جیهانی و بوو بەهۆی پشتنەگرتنی ڕاپەڕینەکە بە

هۆی دەستێوەردانی (ئیقلیمی).

حەقیقەتێکی تریش هەیە لێرەدا پێویستە ڕوونی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە پاش داگیرکردنی کوێت چەندین کۆبوونەوەی سێ قۆڵی ئەنجام دران لە نێوان پارتی، یەکێتی و مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی بۆ دانانی پلانی پێویست و هاوکاری یەکتری، بەڵام بەداخەوە ڕاپەڕینی جنوب دەستی پێ کرد بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بین. لەبەر ئەوە هیچ تەنسیقێك نەکرا لە نێوانماندا و ڕاپەڕینی کوردستان بە تەنهایی کرا و عەلاقەی نەبوو بە ڕاپەڕینی جنوبەوە، کەواتە ئاگامان لە یەکتری نەبوو و هەر لایەك بۆ خۆی دەستی پێ کرد.

وڵاتانی تەحالوف هەڵوێستیان سلبی بوو بەرامبەر بە ڕاپەڕینەکە، لەو سەردەمەی ڕژێم بە بێڕەحمی خەڵکی عێراقی دەکوشت، ئەو وڵاتانە کەسیان بە دەنگ گەلی عێراقەوە نەهاتن، وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە بێدەنگ بوون.

شکستی ڕاپەڕین لە کوردستان بە شێوەیەکی تر گەڕایەوە، زیاتر لەو دوو ملیۆن دانیشتووانی شارە گەورەکان و شارۆچکەکان بە شێوەیەکی تر هەڵوێستی دژ بە ڕژێمیان نواند؛ لە شارەکان دەرچوون  و کۆڕەوێکی گەورەی مێژووییان دروست کرد. هەر چەندە ئەو کۆڕەوە نیشانەی دڕندایەتی ڕژێم بوو و مەترسی لە چەکی کیمیاوی، بەڵام لەلایەکی تریشەوە سەلماندی کە خەڵکی کوردستان نایانەوێ جارێکی تر بکەونەوە ژێر دەستی ئەو ڕژێمە. خۆیان دا بە دەست سەرما و برسیەتی و ئاوارەییەوە بە شێوەیەك کە خەڵکی سەرانسەری دونیا لە کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆنەوە دەیان بینی و لە کەناڵەکانی دەنگوباسەوە دەیان بیست.

هێزەکانی ڕژێم پاش ئەوەی کە هاتنەوە ناو شارەکان، دەستیان کرد بە گرتن و کوشتنی بەکۆمەڵ و لە چەندین جێگا بە هەلیکۆپتەر لە کاروانی کۆڕەوەکەی دەدا، سەرما و برسیەتی لە پێش بوو، بەڵام ئیرادەی گەلی کورد وای خواست کە هیچ یەك لەو مەترسییانە ئەو گەلە لە شێوە تازەکەی ڕاپەڕینی پەشیمان نەکاتەوە، کە شێوەیەکی نافەرمانی واتە (عصیان مدنی) بوو. لە لایەکی ترەوە خەڵکەکە بەو شێوە لایەنگیری خۆیان لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستان دەردەخست کە داوای کردبوو موقاوەمە بکرێ.

ئەو کۆڕەوە لە دەرەوە مەزنترین تەقینەوەی دەنگی خەڵکی کوردستان بوو کە جیهانی شڵەژاند و بوو بە گۆڕانێکی مەزن لە هەڵوێستی جیهان بەرانبەر مەسەلەکەمان. لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا ڕایەکی گشتی بەهێز و فراوان لە نێو سەدەها ملیۆن خەڵکی ئەو وڵاتانە

پەیدا بوو کە فشاری دەبردە سەر حکومەتەکانیان تا فریای گەلی کوردستان بکەون و لەو مەینەتە ڕزگاری بکەن.

جالیاتی کوردی و پەنابەرانی کوردی گشت پارچەکانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی پارتیمان و حزب و هێزە کوردستانییەکانیش جیاجیا لە ئەوروپا و لە سەرانسەری جیهاندا ڕۆڵێکی ئیجابی بەرزیان هەبوو لە ڕاکێشانی سەرنجی جیهان سەبارەت بە کارەساتی کۆڕەوەکە و ئێش و ئازاری خەڵکەکە.

لە یەکی نیسانی ساڵی ١٩٩١ بە ناوی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی نامەیەکی بەپەلەمان نارد بۆ مەجلیسی ئەمن و بە تایبەتی ئەندامانی هەمیشەیی، داوای تەدەخولی مەجلیسی ئەمنمان کرد بۆ ڕزگارکردنی گەلی کوردستان لە فەوتان. ئەوە بوو دەوڵەتی فەڕەنسا بەبێ دواکەوتن کەوتە تەقەلا و داوای کۆبوونەوەیەکی فەوری مەجلیسی ئەمنی کرد بۆ باسکردنی کێشەی گەلی کوردستان و پڕۆژەی بڕیارێکی پێشکەش بە مەجلیسی ئەمن کرد کە زۆر بەقوەتتر بوو [لە وەی] لە بڕیاری (٦٨٨)دا هاتووە، بەڵام دیاربوو هەموو ئەندامانی مەجلیس لەسەر پڕۆژەی فەڕەنسی بۆ بڕیار ڕازی نەبوون، وەك حەلی وەسیت سیغەی بڕیاری (٦٨٨) بە ڕەزامەندی هەموو ئەندامان دەرچوو لە ٥ی نیسانی ساڵی ١٩٩١، تێدا لە حکومەتی عێراق داوا دەکات دەستبەجێ کوشت و کوشتار و قەڵاچۆکردنی دانیشتووانی کورد و هەموو خەڵکی عێراق ڕابگرێ و دەبێ ڕێگە خوش بکات بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر جێگەی خۆیان و گەیاندنی کۆمەکی ئینسانی و زامنکردنی مافە ئەساسییەکانی هاووڵاتییانی عێراق.

بەو شێوەیە بە سەرپەرشتی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی مرۆڤایەتی کەوتە ڕێ بۆ کوردستان، پاشان لەسەر پێشنیازی بریتانیا ناوچەیەکی ئەمن دروست کرا و نزیکەی (١٥،٠٠٠) هەزار سەربازی وڵاتانی هاوپەیمان گەیشتنە کوردستان و یارمەتی خەڵکەکەیان دا بۆ گەڕانەوەی بۆ جێگەی خۆیان و پاراستنیان و گەیاندنی یارمەتی پێیان. پاشان ژووروی خەتی (٣٦) بە ناوچەی (حضر- جوي) ڕاگەیەنرا و لە ساڵی ١٩٩٢ جنوبی خەتی (٣٢) لە جنوبی عێراق بە ناوچەیەکی تری (حضر جوي) ئیعلان کرا.

ئەو شێوە چارەسەری جیهانییە شتێکی تازەیە لە مێژووی سیاسی جیهاندا و هێشتاش بەردەوامە کە پێویستی بە دیراسەیەکی فراوان هەیە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە. بەو شێوە گەلی کورد بوو بە هۆیەك تا مەبدەئێکی تازە بچەسپێ، ئەویش مەبدەئی مافی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە کە دەتوانێ لەڕووی ئینسانییەوە لە هەر وڵاتێکدا تەدەخول بکا بۆ

پاراستنی گەلە چەوساوەکان کە لەلایەن حکومەتەکانیانەوە هەڕەشەی نەمانیان لێ دەکرێ. بڕیاری (٦٨٨)ی مەجلیسی ئەمن بوو بە سابیقەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ ئەو مەبدەئە.

**ج ـ گفتوگۆ:**

بەرەی کوردستانی بە تێکڕای دەنگ لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٩١ بڕیاری قەبوڵکردنی گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی عێراق دا. ئەمە لە کاتێکدا کە بەدیلیکی تر نەبوو نە لە ناوەوە و نە لە دەرەوە. پارتیمان هەوڵی دا تا گفتوگۆ بە ئەنجامێکی باش بگات، سەرەڕای ڕەخنە و توانج. سیاسەتی پارتیمان لەم بارەوە درێژەدان بوو بە ڕێبازی **بارزانی نەمر** کە هیچ فرسەتێکی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی گەلی کوردستان لە دەست نەدەدا. هەمیشە هەوڵی دەدا لەو جۆرە فرسەتانە کەڵك وەربگرێ و ڕێگە نەدا خوێنی خەڵکی کوردستان و گەلی عێراق بڕژێ.

**هەڤاڵینە،**

گفتوگۆ شێوەیەکە لە شێوەکانی خەبات و هیچ کاتێك ئێمە دژی مەبدەئی گفتوگۆ نەبووینە. لە ئەنجامی گفتوگۆ ناوچەی ڕزگارکراوی کوردستان بەرفراوانتر بوو و خەڵکێکی زۆر لە ئاوارەیی ڕزگاری بوو و گەڕانەوە جێگای خۆیان لە شارە گەورەکانی وەکو هەولێر و سلێمانی. چونکە ناوچەی ئامنە تەنها بۆ پارێزگای دهۆك بوو. هەروەها گفتوگۆ مەسەلەی گەلەکەمانی لە مەسەلەیەکی ئینسانی وەرگێڕا بوو بە مەسەلەیەکی سیاسی.

پارتیمان و بەرەی کوردستانی تا مومکین بوو مرونەتیان بەکارهێنا بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی گەلی کوردستان، بەڵام حکومەتی عێراق وەکو پێویست نەهاتە پێش.

**هۆی سەرەکی ڕاوەستانی گفتوگۆکە دەگەڕێتەوە بۆ سێ خاڵ:**

١. لەسەر بەرنامەی دیموکراتی لە عێراقدا ڕێك نەکەوتین. ئێمە سوربووین لەسەر بڵاوبوونەوەی دیموکراتی لە عێراقدا.
٢. سنووری ئیداری هەرێمی کوردستان: ڕژێم دەیویست کەرکوك، خانەقین، مەندەلی، شنگال، زومار، شێخان و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی تر لە دەرەوەی سنووری هەرێم بن.
٣. ڕژێم بە خۆی دەرگای لەسەر گفتوگۆ داخست، ئەویش بە ڕاگەیاندنی گەمارۆی ئابووری و کێشانەوەی ئیدارات لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان.

بڕیاری گەمارۆدان گیروگرفتی سەختی بۆ ژیانی خەڵکی کوردستان دروست کرد، هەروەها فەراغێکی ئیداری دروست بوو. ئێمە هەر لە سەرەتاوە وتمان بڕیاری ئابلوقەدان

پێچەوانەیە لەگەڵ ڕۆحیەتی بڕیاری (٦٨٨)ی مەجلیسی ئەمندا و ڕێگە لە چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەکە دەگرێت.

دەربارەی مەبدەئی گفتوگۆ، وەك وتمان ئەمەمان بە ڕاست زانیوە و ئەوە ڕێبازێکی نەگۆڕی پارتیمانە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەکەمان، هەر کاتێك لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گەلی کورد و گەلی عێراق و ئازادی و دیموکراتیدا بێت.

بەداخەوە ڕژێم عیبرەتی لە ڕابردوو وەرنەگرت و ئەمڕۆش بارودۆخی عێراق لەوپەڕی ناخۆشیدایە، هەمان شێوەی تاکحزبی، زوڵم و زۆر و ئیعدامی بە کۆمەڵ، بەندیخانەکان پڕن لە گیراوی سیاسی، جیاوازی گەورەی نەتەوەیی و مەزهەبی بەردەوامە لە خوارووی عێراق پاش وشککردنەوەی ئەهوارەکان، بەڵکو پێش ئەوەی ڕژێم هێرشی دەبردە سەر خەڵکی جنوبی عێراق و لەم ڕۆژانەدا هەزارەها کەسیان ئاوارەی ئێران بوون و دەها هەزار کەسیش لە ناوەوەی عێراق کەوتوونەتە بەر مەترسی کوشتن و برسیەتی و نەخۆشی؛ ئەمە و ملیۆنەها خەڵکی ناوەڕاست و جنوب بە دەستی ڕژێمەوە دەناڵێنن.

سەرەڕای گەمارۆدانەکە دەستەی حوکمڕان هیچیان لێ کەم نییە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی عێراق دەناڵێنن لە ژێر باری برسیەتی. چینی ناوەڕاستی کۆمەڵ لە ژێر باری قورسی ئەو وەزعەدا ڕووتایەوە و بوو بە چینێکی هەژار. ئەمڕۆ لە عێراقدا یا دەوڵەمەندی دەوڵەمەند کە دەستەیەکی کەمن یا هەژاری هەژار هەیە.

ڕژێم سەرەڕای هەموو ئەو کارەساتانەی تووشی خەڵکی هێناون، بە هیچ جۆرێك ئامادە نییە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهان بجوڵێتەوە بە شێوەیەك کە گەمارۆ لەسەر گەلی عێراق لا بچێت، هەر خەریکی کات کوشتنە تا بەڵکو بە شێوەیەك لە ژێر باری ئەو بڕیارانەی مەجلیسی ئەمن دەربچێت. مەجلسی ئەمنیش بە ڕاشکاوی ڕادەگەیێنێ کە پێویستە عێراق هەموو بڕیارەکانی جێبەجێ بکات بە بڕیاری (٦٨٨) و هەروەها بڕیاری (٧٠٦ و ٧١٢)وە. کە ڕێگە دەدا بە ڕژێم بایی (١،٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠) ملیارێك و شەش سەد ملیۆن دۆلار نەوت بفرۆشێت بەپێی مەرجەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و لە ژێر چاودێری ئەواندا بەکار بێت بۆ گەلی عێراق.

تا ئێستا ڕژێم ڕەفزی ئەوەی کردووە و لەم دواییەدا مەجلیسی ئەمن و بە تایبەتی ئەمریکا شەرتیان داناوە لەسەر ڕژێم کە دەبێ حەسار لەسەر کوردستان هەڵگرێ ئەوجا دەتوانێ نەوت بفرۆشێت. هەتا ئەگەر بگاتە ئیتیفاقیش لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا. تا

دوایی ڕژێم ناتوانێ ململانێ لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکات، بەڵام بە چ نرخێك، ئایا دەتوانێ هەموو بڕیارەکانی مەجلیسی ئەمن جێبەجێ بکات؟ ئەگەر هەمووی جێبەجێ کردن ئایا دەتوانێ لەسەر حوکم بمێنێ؟ ئێمە داوا دەکەین ڕژێمی عێراق هەموو بڕیارەکانی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکات و میللەتی عێراق لە ئاکامی سەختی گەمارۆدان ڕزگاری ببێ

**د ـ هەڵبژاردن و پەرلەمان و فیدراڵیزم:**

دوای کشانەوەی ئیدارات و ئابلوقەی ئابووری لەسەر کوردستان لەلایەن ڕژێمەوە، وەکو گوتمان بۆشاییەکی ئیداری و قانونی لە کوردستاندا پەیدا بوو و بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و قانونی و خزمەتگوزاری کەوتە سەرشانی بەرەی کوردستانی.

بێگومان لەو جۆرە هەلومەرجەدا کەموکوڕی پەیدا دەبن و بەڕێوەبردنی وەزع بەو شێوە ناچێتە سەر، هەربۆیەش بیرکرایەوە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بۆ چارەسەری کێشەکە و باشترین فرسەتیش بوو بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێت گەل خواست و ئیرادەی خۆی بنوێنێ.

ئێمە بەوە سەربەرزین کە یەکەم جار فکرەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتیمان ڕاگەیاند لە پاییزی ساڵی ١٩٩١دا و خۆشبەختانە بەرەی کوردستانی ئەو فکرەیەی پەسەند کرد و بڕیاری هەڵبژاردن درا.

بۆ مێژوو دەڵێین کە پارتیمان لە شۆڕشی ئەیلولەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی دامەزراند کە لە نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی گەلی تێدا بوو، هەروەها کۆنگرەی نۆی ١٩٧٩ بڕیاری دامەزراندنی (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی) دا، کە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ئەو کۆنگرەیەیە. لە ساڵی ١٩٨٨ کە بەرەی کوردستانی دامەزرا، لە پڕۆگرامەکەیدا پێویستی دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ڕاگەیەنرا.

لە ساڵی ١٩٨٩ پارتیمان لە "کۆنگرەی دەیەم"یدا جارێکی تر بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی دایەوە. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەکەمین جار فرسەتی مێژوویی بە دیهێنانی ئەو بڕیارە هاتە کایەوە و لە ئایاری ئەو ساڵەدا گەلی کورد گەورەترین ڤێستیڤالی ژیانی خۆی کە هەڵبژاردنی دیموکراتییانەی یەکەمین پەرلەمانە، بەرپا کرد.

هەمووتان بەشداری ئەو ڕۆژە مێژووییە بوون هەر بۆیە لەسەری ناچین تەنها ئەوە نەبێ کە ئەم سێ خاڵە دەخەینەڕوو:

١. بە شانازییەوە هەڵبژاردنەکە بە ئازادی و هێمنی و ئارامی ئەنجام درا، ئەوەندەی بە

ئێمەوە بەندە پارتیمان هەموو هەوڵ و کۆششی ئەوە بوو کە شتی ناخۆش ڕوو نەدات، خۆشبەختانە سەرکەوتوو بووین.

٢. میللەتی کورد لە هەڵبژاردنەکەدا بە جیهانی سەلماند لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیشتووە، توانای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی هەیە و پێی دەکرێ تاقیکردنەوەیەکی سیاسی مەزن بەڕێوە ببات سەرەڕای ئابلۆقە و گیروگرفتی سەختی ژیان. هەروەها میللەتەکەمان سەلماندی کە خاوەن هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرزە کە بەو شێوە فراوانە بەشداری هەڵبژاردنی کرد. هەروەها سەرخستنی تا ئەمڕۆ بێن فرە و پشوودرێژە و توانای هەڵگرتنی باری قورسی ئابووری هەیە.

٣. زۆر لە حکومەتەکان و چاودێرانی دەرەوە ڕەنگە لەو باوڕەوە بووبن کە گەلی کورد ناتوانێ هەڵبژاردن ئەنجام بدات یان ئەگەر ئەنجامی دا ببێتە ناکۆکی و دووبەرەکی ناوخۆ و ڕووداوی دڵتەزێن.

ناحەزان و دوژمنانیش ئەسڵەن هەوڵیان دا کە هەڵبژاردنەکە سەرنەکەوێت و گیروگرفت دروست ببێ، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە، سوپاس بۆ دڵسۆزایەتی گەلی کورد هەڵبژاردنەکە سەرکەوت و بووە مایەی خوشحاڵی دۆستانمان و نائومێدی نەیارانمان و بە شاهیدی چاودێرانی دەرەوە هەڵبژاردنی کوردستان دیموکراتی و ئازاد بوو.

لە ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤، دەورەی یەکەمین ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە ئامادەبوونی (١٠٥) ئەندام و سەرۆکایەتی سیاسی بەری کوردستانی و میوانان هاتە کایەوە. کە بە ڕاستی ڕۆژێکی گەشە لە مێژووی کوردستاندا. جێگەی شانازییە شەرەفی سەرۆکایەتی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان بەر پارتیمان کەوت بە فراکسیۆنێکی پەنجا ئەندامییەوە بوو بە هێزێکی هەرەگرنگی بڕیاردەری پەرلەمانەکە. لێرەدا دەبێ بڵێین بەوپەڕی هەستکردن بە مەسئولیەتەوە جوڵایەوە و بەرژەوەندی گەلی کوردستانی خستە سەرووی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتییەوە.

پارتیمان وازی لە ئەکسەریەتی پەرلەمانی خۆی هێنا و ڕازی بوو بە مەبدەئی هاوبەش و لەسەر ئەساسی (٥٠ بە ٥٠) لە پەرلەمان و حکومەتی ئیقلیمی بۆ ئەوەی ئایندەی گەلەکەمان بپارێزین و ڕووی حەزاری ئینسانی پیشانی دەرەوە بدەین، بەمەش ئیحترامی پارتیمان لە ناوەوە و لە دەرەوە چەندین بەرابەر بوو. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی (ف.ی.ب.ك) بکەم کە زۆر مەسئوولانە ڕەفتاریان کرد و ئەنجامی هەڵبژاردنیان پەسەند کرد و بەرژەوەندی گەلیان خستە سەر بەرژەوەندی حزبی.

پەرلەمان کە یەکەمین تاقیکردنەوەی میللەتەکەمان بوو سەرکەوتووانە چووە پێش و بە شانازییەوە دەڵێین کە وردە وردە کاری ناوخۆی ڕێك خست و بەرەو پێش هەنگاوی نا و جێگەی ڕێزی ئەو میوان و چاودێرانەیە کە لە دەرەوە دێن و سەری لێ دەدەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەسکەوتێکی دیکەی مەزنە کە بە هاوبەشی و تەبایی وەکو پەرلەمان دامەزراوە و لەم ماوەیەدا دامودەزگاکانی ڕێك خستووەتەوە و بە کاری خستووە، هەرچەندە کەموکوڕی سەلبی یان شوێنەواری ڕژێم و گیروگرفتی خەڵك و نەبوونی دەرامەت، هەموو کوسپن بەڵام حکومەتەکە بە پێی توانا چەسپاوە و وردە وردە باری یاسایی و وەزعی ئاسایی دەگەڕێنێتەوە هەرێم.

تیرۆر و خراپکاری ڕژێم و دەستتێوەردانی ئیقلیمی و هەندی کەموکوڕی ناوخۆ هێشتا ئاستەنگن لەسەر ڕێگای بەرقەرابوونی ئاسایش و ئارامی و دەسەڵاتی یاسا. دامودەزگای قەزایی بە تایبەتی دادگای تەمییز و دادگای گەورەکان بە ڕێکوپێکی دامەزراونەتەوە لەسەر بناغەی سەربەخۆیی قەزا.

جگە لە یاسای وەزارەتەکان، یاسای چاپەمەنی بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕاگەیاندن لە هەرێمدا دەرچووە، یاسای حزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان لەبەر لێکۆڵینەوە و ڕای گشتی هەرێمە بۆ ئامادەکردنی لە داهاتوویەکی نزیکدا لە پەرلەمان، پاش لێکۆڵینەوە بڕیاری دوایی لەسەر بدرێ. کە بەوەش هەلومەرجێکی ئازادی بیروڕا و پاراستنی دیموکراسی چاکتر چەسپاوە.

پارتیمان بە شانازییەوە لەو هەموو سەرکەوتنانە بەشدارە و لە هەموو هەنگاوەکانی سەلماندویەتی کە هێزی زامنکەری ئازادی و دیموکراسییە و خەمخۆری ژیان و ئایندەی هاووڵاتییانە و تێدەکۆشێ بۆ لابردنی باری گرانی و برسیەتی و سەقامگیربوونی ئاسایش و ئارامی و تەبایی و بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لە کۆمەڵدا.

**هەندێ لایەنی دیکەی ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**یەکەم:**

**١. یەکبوونی پێشمەرگە:**

پێشمەرگە، گەورەترین و پیرۆزترین و خۆشترین ناوە، ئەو ناوە پیرۆزەیە کە لە شۆڕشی ئەیلولەوە هەمیشە نیشانەیەکی گەش و بەرزی کوردایەتی و خۆڕاگری و سەربەرزی گەلەکەمان بووە. لە جیهاندا بوو بە زاراوەیەکی تایبەتی و بە هەمان شێوە ناو دەبرێت.

ساڵەهای ساڵ پێشمەرگەی چەلەنگی پارتیمان و گشت بزاڤی کوردستان شەرەف و کەرامەتی میللەتی پاراستووە. خەبات و فیداکاری پێشمەرگە بە تایبەتی شەهیدانیان و بنەماڵەکانیان بە هیچ نرخێك ناتوانرێ خەڵات بکرێن چونکە لەوە بەرزترن، بەوە نەبێ کە بڵێین ئەوانن دامەزرێنەری ئەم دەستکەوتەی ئەمڕۆ و ئەمە بەرهەمی خوێن و ڕەنجی ئەوانە.

لە ساڵانی پاش نەکسەی ١٩٧٥، بە هۆی واقیعی فرەحزبی پێشمەرگەش لە چەند لایەن بوون، هەر بۆیەش لەگەڵ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی هەوڵ درا پێشمەرگەی کوردستان بکرێن بە یەك. هەلومەرجی ئەوە تەنها پاش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم هاتە کایەوە، ئەوە بوو وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دامەزرا بۆ ئەوەی پێشمەرگەی کوردستان یەك بخات لە لەشکرێکی مودێرنانەدا و پارتیمان بە گەرمی پشتگیری لێ دەکات. چەندین یاسای تر لە ژێر دیراسەتدایە بۆ ڕێزلێنان و تەئمینی ژیانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کە دەوریان بووە و ماندوو بوون. هەروەها وەزارەتی پێشمەرگایەتی خەریکی ڕێکخستنی لیستەکانی شەهیدە نەمرەکانە بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵیان بەسەر بکرێتەوە و ژیانێکی بەختەوەریان بۆ دابین بکرێت.

### ٢. فیدراڵیزم و گۆڕینی دروشمی پارتی:

بڕیارێکی هەرە گرنگی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢دا ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم بوو، واتە پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق لەسەر بناغەی فیدراڵیزم دەبێت. کەواتە دەبێت ڕژێمی ئایندەی عێراق یا ئەو ڕژێمەی لەگەڵی ڕێك دەکەوین، ڕژێمێکی خاوەن سیستەمێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵی بێت.

ڕەنگە هەڤاڵان، ئەندامانی کۆنگرە، بپرسن ئایا دروشمی پارتی گۆڕاوە لە دیموکراتی بۆ عێراق و ئوتۆنۆمی بۆ کوردستان بۆ دیموکراتی بۆ عێراق و فیدراڵی بۆ کوردستان؟ لە وەڵامدا دەڵێین فیدراڵیزم لە سیاسەتی پارتیمان دوور نەبووە و لە ساڵی ١٩٧٤دا کە ڕژێمی عێراق هێرشی دڕندانەی خۆی دەست پێ کردووە بۆ سەر کوردستان، **بارزانی نەمر** ئەمری دا پڕۆژەیەك ئامادە بکرێت بۆ شێوەی فیدراڵی، ئەوە بوو چەند پسپۆری یاسا پڕۆژەیەکیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی لە کاتی موناسیبدا ئیعلان بکرێت. هەروەها ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە کە داوامان دەکرد لە جەوهەردا مانای ناوەڕۆکی فیدراڵیزمی دەگرتەوە.

پارتیمان هیچ کاتێك یاری بە مەشاعیری جەماوەر نەکردووە و هەمیشە ئەو شوعارەی هەڵگرتووە کە قابلی تەحقیق بێت نەك موزایەدەی پێ بکرێت، هەرگیز بۆ بەرژەوەندی

تەسکی حزبی با زەرەریشمان کردبێ ڕەئیمان نەگۆڕیوە تا دڵنیا نەبووبین لەوەی هەلومەرجی ناوخۆ و دەرەوە لەبارە و سەرکەوتن بەدەست دێت.

ئێمە لە کاتی هەڵبژاردن دەستکاری شوعارمان نەکرد، شوعارمان نەگۆڕی، چونکە گۆڕینی شوعار دەبێ کۆنگرە بڕیاری لەسەر بدات، لە لایەکی تریشەوە لە دەرەوە کەس ئامادە نەبوو تەئیدمان بکات بۆ فیدراڵی، بەڵکو وا پێ دەچوو دژی بوەستن تاوەکو پارساڵ کە سەفەری دەرەوەمان کرد، هەوڵمان دا و بۆمان دەرکەوت کە هەر سیغەیەك لە چوارچێوەی عێراقدا بۆ دیاریکردنی مافی گەلی کورد قابیلی قەبوڵە. لە لایەکی ترەوە پاش هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان، بڕیار لە مەسەلەیەکی وا چارەنووسیدا تەنها لە دەسەڵاتی پەرلەماندایە نەوەك لە دەسەڵاتی حزبەکاندا. ئەوە بوو پێشنیارمان کرد بۆ پەرلەمان کە هەلومەرج لەبارە بۆ فیدراڵی، ئەویش ڕایگەیاند و بڕیارێکی مێژوویی بوو و پیرۆز بێت لە گەلی کوردستان.

ئیمڕۆ ئەو هەلومەرجە هاتۆتە کایەوە کە ساڵەهای ساڵ چاوەڕوانیمان دەکرد، فیدراڵیزم سیغەیەکی مەقبولە لە دەرەوە و لە ناوەوەش، کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی (I.N.C) بڕیاری دا ڕێز لە ئیرادەی گەلی کورد بگرێت، فیدراڵیزم بە سیستەمێکی ڕاست و باش دەزانێ بۆ هەموو عێراق و یەکێتی عێراقی پێ دەپارێزرێ، نەك تەهدیدی عێراق دەکا. ئێستاش دەبێ پەیڕەوی لە بڕیاری پەرلەمان بکەین کە خواستی خۆمان و هەموو جەماوەری کوردستانە و داوا دەکەم لە کۆنگرە کە ئەم شوعارە ئیقرار بکات و ببێ بە شوعاری حزب.

٣. **ڕاگەیاندن:**

لە چیادا سەردەمی پێشمەرگایەتی سەرەڕای کەمی دەرامەت و نەگونجانی جێگا و باری شەڕوشۆڕ و هێرشی ڕژێم، بە تەنها دەزگای ئێزگەوە (*دەنگی کوردستانی عێراق*) و تایپ و ڕۆنیۆ و کەرەستەی هەرە سادەی چاپەمەنی، درێژەمان بە خەباتی ڕۆشنبیری دەدا.

ئێزگەکەمان کە ئەمساڵ بیرەوەری پڕ شانازی سییەمین ساڵی دامەزراندیەتی، ئەمە (٣٠) ساڵی ڕەبەقە بە دەنگە زوڵاڵەکەی، بە ڕەغمی تەشویش، جەماوەری کوردستان هۆشیار دەکاتەوە. دەزگای ڕاگەیاندن و کارمەندانی لە سەختترین هەلومەرجدا نەیانهێشت ئەو دەنگە ڕابوەستێ. هەروەها ڕۆژنامەی خەبات، کە تەمەنی وابوو بە (٤٠) ساڵ، بە بڵاوکراوە وناميلکە و کتێب و پۆستەری جۆربەجۆر دەردەچوون لە سوریا، لوبنان، ئەڵمانیا، بریتانیا، ئەمریکا و وڵاتانی دیکە هەڤاڵان و ڕێکخراوەکانی پارتیمان بە پێی توانا، گۆڤار و ڕۆژنامە و

بڵاوکراوەیان دەرهێناوە. پاش ڕاپەڕین هەلومەرجێکی تازە بۆ چالاکی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری هاتە پێش، سەدان نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیری بەرز دەرفەتیان بۆ پەیدا بوو کە توانای خۆیان تەرخان بکەن بۆ حزبی خۆیان و لەو ڕێگاوە خزمەتی میللەتەکەیان بکەن و، زۆری تازەش هاتنە پێش و ناو ڕیزی حزبەوە.

ئێستا لە جیاتی تاقە ئێزگەیەك و ڕۆژنامەیەکی مانگانە کە لە چیا دەردەچوو، چەندین دەزگای گرنگمان بەدەستەوەیە. ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە *برایەتی* کە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٦ دەرچوو و ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بە عەرەبی و ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی و گۆڤاری *کادیر* و بڵاوکراوەی تر لە دەرەوە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریش جگە لە ئێزگەی دەنگی کوردستان، چەند ئێزگەی (FM) لە شارەکان و چوار دەزگای تەلەڤیزیۆن کە هێزێکی گرنگی بە ڕاگەیاندن داوە. پێویستە ئەم کۆنگرەیە بیرێکی جدی بکاتەوە لە ڕێکخستنی ئەم دامودەزگای فراوانەی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە کەڵکیان لێ وەربگیرێ بۆ خزمەتی میللەت و کێشەکەی و ڕۆشنبیری کوردی بە گشتی.

دەبێ بزانین ئیمڕۆ لە جیهاندا ڕاگەیاندن بڕیار دروست دەکات، بێگومان ڕاگەیاندنی یەکگرتنیش کە دەکەوێتە سەر ڕاگەیاندنی پارتی هێز و توانایەکی تر دەدات بە ڕاگەیاندنی پارتیمان.

**دووەم: هەڵوێستی دەرەوە لە مەسەلەی کورد لە عێراق:**

**ئەلف ـ هەڵوێستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێش شەڕی خەلیج و پاش شەڕەکە:**

مەسەلەی کورد هیچ وەختێ لەلایەن وڵاتەکانی دەوروبەر و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئیعترافی ڕەسمیی پێ نەکراوە، هەرچەندە وڵاتانی ناوچە وەکو سوریا و ئێران لەبەر کێشەیان لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق و حساباتی تر، یارمەتی حزبە کوردستانییەکانیان ناوبەناو دەدا لە ژێر چەتری یارمەتیدانی گەلی عێراق و موعارەزە کە لە سەردەمی شەڕی سارد حساباتی نێودەوڵەتی تێکەڵاوی هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە دەبوو، بەڵام هیچ وەختێك وەکو مەسەلەی کورد کە مەسەلەیەکی سیاسی و نەتەوەییە پشتیوانیان لێ نەکردووین، بەڵکو وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی کە بەشێکە لە موعارەزەی عێراقی. ئێمە بۆ کات و سەردەمی خۆی ئەو جۆرە کۆمەکەمان بە چاك زانیوە و ئێستاش وەکو پشتیوانییەك لە گەلەکەمانی دەزانین، لەوە دەرچێ لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی پێش شەڕی خەلیج تەنانەت بە ڕاگەیاندنیش پشتیوانیان لە مەسەلەکەمان نەکردووە ئەگەر دژی

نەبووبن.

هەروەها کێشەی گەلی عێراق بایەخی پێ نەدراوە؛ نە لەسەر ئاستی عەرەبی یا ئیسلامی، بەڵام لە داگیرکردنی کوێت لەلایەن جەیشی عێراقەوە لە مانگی ئابی ١٩٩٠دا، هەڵوێستی کتوپڕ گۆڕا، کێشەی گەلی عێراق و کورد کەوتە بەر تیشکی باش و لێکۆڵینەوە. تاوانەکانی ڕژێم بە تایبەتی لە هەڵەبجە و سەرانسەری کوردستان هەروەها لە عێراقدا بوون بە مادەی ڕاگەیاندنی هەموو ئەو وڵاتانەی دژی داگیرکردنی کوێت هاتنە قسە. سەیر ئەوەیە کە پارتیمان و بەرەی کوردستانی بەڵگەی زیاتریان لە تاوانی ڕژێم خستبووە بەرچاوی جیهان بۆ ڕیسوابوونی ڕژێم، بەڵام دیسان لایەنی سیاسی مەسەلەی کورد دەخرایە پشتگوێ. تا ئێستاش بەو شێوەیە وەك پێویستە ناچن، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو وەزعەی پاش شەڕی خەلیج دەرگایەکی تازەی کردەوە تا بزووتنەوەی کورد ئازادانە و بە بەرفراوانی مەسەلەکە بخاتە بەرچاو، هیچ نەبێ خەڵکێك پەیدا بوون لەو وڵاتانە کە گوێ بگرن بۆ کورد، بێگومان پاش شەڕی خەلیج سیاسەتی جیهان بەرامبەر بە کورد گۆڕانێکی ئیجابی بەسەردا هات: جاران وەك مەسەلەیەکی ئینسانی و بەس تەماشا دەکرا یا ئەوەش نەبوو. بەڵام ئێستا وەك کێشەیەکی سیاسی تەماشا دەکرێت و ئەوەی ئێمە لێی تێگەیشتووین تا ئیمڕۆ سیاسەتی ئەمریکا و ئەوروپا ئەوەیە کە دەبێ گەلی کورد بە مافی ڕەوای خۆی بگات و پشتگیری لە هەر سیغەیەك دەکەن کە کورد لەگەڵ موعارەزەی عەرەبی و عێراقی لەسەری ڕێك بکەون لە چوارچێوەی عێراقدا و بۆ ئایندەی عێراقیش بە ڕاشکاوی ڕایان گەیاندووە کە پشتگیری لە بەدیلێکی دیموکراتی پەرلەمانی دەکەن بۆ ئایندەی عێراق، کە بە ڕای ئێمە ئەمە گۆڕانێکی ئیجابی گەورەیە.

هەروەها هەڵوێستی تورکیا ئەمڕۆ ئەهەمیەتێکی زۆری هەیە چ وەك دراوسێیەك، چ وەك ئەندامێك لە هێزە هاوپەیمانەکانی کە دەمانپارێزن بە سوپاسەوە. ئیمڕۆ تورکیا تەنها دەرگایەکە کە کۆمەکی مرۆڤایەتی لە دەرەوە بۆ کوردستان پێدا دێت. بە داخەوە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران بە تایبەتی لەم دواییەدا، ئەوە نەبوو کە تەوەقوعمان دەکرد، پێمان وابوو یارمەتیمان دەدەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان نەك بە تۆپباران دەکەونە کۆتایی دێهاتەکانمان.

هەروەها بە داخەوە هەڵوێستی سوریاش ئەوە نەبوو کە ڕەچاو دەکرا، هیچ کامیان نە ئێران نە سوریا کە ساڵەهای ساڵ دۆست بووین و ئێستاش هەر حەز بە دۆستایەتییان دەکەین ڕێگەیان نەداوە هیچ کۆمەکی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی ئەوانەوە بێت بۆ کوردستان،

خۆشیان کۆمەکیان نە ناردووە و نەڕازی بوون تەعامول لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بکەن. سەرەڕای هەموو ئەو وەزعانە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بوونەتە حەقیقەتێك و لە بەرژەوەندی هەموو لایەکە پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوانماندا هەبێت.

پاش ڕاگەیاندنی فیدرالیزم سێ دەوڵەتی دراوسێ (ئێران، تورکیا و سوریا) کەوتنە دانیشتنی سێ قۆڵی بە بۆچوونی نادروست گوایە تەجروبەی دیموکراتی کوردستانی عێراق تەهدیدی ئەوان دەکات! لە کاتێکدا ئێمە هەمیشە ڕامان گەیاندووە و ئیسپاتمان کردووە تەدەخول لە کاروباری هیچ وڵاتێك ناکەین و حەز ناکەین کەسیش تەدەخول لە کاروباری ئێمەدا بکات و دەمانەوێ پەیوەندی دۆستانە و ئاساییمان هەبێت لە گەڵیاندا.

بەلای ئێمەوە مەترسی ئەو دراوسێیانە ئەساسی نییە و حەق نییە بەو شێوە ناڕەوایە فشارمان بهێننە سەر، بەڵکو حەقە یارمەتیمان بدەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان بۆ میللەتەکەمان. تەدەخول نەکەن لە کاروباری ناوخۆی عێراق و ئیحتیرامی ئیرادەی گەلی عێراق بگرن، تەنها گەلی عێراق مافی هەیە بڕیار بدات چ جۆرە سیستەمێك دەبێت حوکمی عێراق بکات. نە ڕژێمێکی دیکتاتۆری دەتوانێ هەتاهەتایە خۆی بسەپێنێ بەسەر گەلی عێراقدا، نە دراوسێکانی عێراقیش مافی ئەوەیان هەیە ئایندەی عێراق ڕەسم بکەن بەبێ ڕای و ئیرادەی گەلی عێراق.

**ب ـ هەڵوێستی نێودەوڵەتی پێش شەڕی خەلیج:**

پێش شەڕی کەنداو، واتە لە شەڕی سارددا کورد و کێشەکەی قوربانی ململانێ نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان بوون. لە شەڕی عێراق و ئێراندا وەزعی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕژێمی عێراق بوو، کۆمەڵگای جیهانی بەرامبەر تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دژ بە کورد و خەڵکی عێراق بێدەنگ بوون. تەنانەت کارەساتێکی گەورەی وەکو هەڵەبجە و ئەنفالیش لەو سەردەمەدا نەیتوانی سەرنجی جیهان وەکو پێویست بۆ لای مەسەلەکەمان ڕاکێشێ، هەرچەندە کارەساتی هەڵەبجە ویژدانی ملیۆنەها خەڵکی سەر زەمینی جوڵاندووە و دەنگێکی زۆری دایەوە لە دامودەزگاکانی جیهانیدا.

ئێمە و بەرەی کوردستانی هەمیشە یادداشتمان دەنارد و پەیوەندیمان دەکرد بە کۆڕ و کۆمەڵی جیهانی و ئەوەندەی لە توانای ئێمە دابوو درێغمان نەکرد لە گەیاندنی دەنگی کورد و کێشەکەی و گشت گەلی عێراق. بێگومان لایەن و کەسانی خێرخوازیش هەبوون کە لەو زروفە سەختەدا بە دەنگمانەوە هاتن و پشتیوانییان لێ کردین؛ لەوانە خاتوو **دانیاڵ میتێران**

کە لە ساڵی ١٩٨٨دا بایەخێکی گرنگی بە وەزعی ئاوارە و پەنابەرەکانمان لە تورکیا دا، هەروەها دەورێکی چاکی هەبوو لە بەستنی کۆنگرەی پاریس لە ساڵی ١٩٨٩ دەربارەی ناسنامەی کورد و کێشەی کورد. بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە لەو سەردەمەدا پشتیوانییەکی مەزنی جیهانی بوو. هەروەها چەندین کۆڕ و کۆمەڵەی تر بەستران بۆ هاوکاری لەگەڵ گەلی کورد وەك هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی سوید و چەندین حکومەتی ئێسکاندیناڤی و ئەوروپی، هەروەها پەرلەمانی ئەوروپی و کۆمەڵێك لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی بە تایبەتی **سێناتۆر پیل** و زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانەکانی وڵاتانی تر.

بەڵام گشت ئەو هەڵوێستانە لە چوارچێوەی دەربڕینی هەستی مرۆڤ دۆستانە و هاوکاری مەعنەوی دەرنەچوو و نەبوو بە پشتیوانییەکی سیاسی نێودەوڵەتی.

**ج ـ هەڵوێستی نێودەوڵەتی پاش شەڕی خەلیج:**

شەڕی خەلیج هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕانکاری هەرە گرنگ و قووڵی نێودەوڵەتی، یەکێتی سۆڤێت و کامپی سوسیالیستی لە هەڵوەشانەوەدا بوون، سیستەمێکی نوێ دامەزرایەوە.

لە باسکردنی ڕاپەڕین و کۆڕەوەکەدا گوتمان لە ئەنجامدا هەڵوێستی نێونەتەوەیی لە دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨) بە دواوە بەرەو پشتگیری مەسەلەی گەلەکەمان گۆڕا، هەر چەند ئەو بڕیارە زیاتر لایەنی مرۆڤایەتی لە مەسەلەی گەلی کوردا دەگرێتەوە بەڵام وردە وردە دەبینین بەوە گەیشتووە کە بایەخی گرنگتر بە مەسەلەکەمان دەدرێ.

بێگومان هەڵوێستی نێونەتەوەیی جیا ناکرێتەوە لە خودی خەبات و قوربانیدانی گەلەکەمان کە هەر چەندە پێشتر لە ئاستی جیهانی بایەخی پێ نەدرا، بەڵام بەردەوامبوونی بەرخودان و تاوانەکانی ڕژێم کاری دەکردە سەر ڕای گشتی و لایەن و چاودێران و دامودەزگای لێکۆڵینەوەی سیاسی دەوڵەتە مەزنەکان و ئەو واقیعە ئاشکرا بوو کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی هەرە گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە بەشێکی زۆری بەوەوە بەندە کە دەبێ مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێت بە شێوەیەکی دیموکراتییانە. کەواتە کورد لە خەبات و قوربانیدانی خۆی بە جیهان ناساند و وای لێ کردن دان بنێن بە بوونی ئێمەدا.

ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە هەڵوێستی تازەی نێونەتەوەیی لەو گۆڕانکارییە جیهانییەوە هاتووە کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەستی پێ کردبوو. تەیارێکی جیهانی بۆ ڕێزلێنان لە مافی مرۆڤ و دیموکراتی و چارەسەری کێشەی گەلە چەوساوەکان بەهێز دەبوو،

لـە ئەنجامـدا یـەكێتی سـۆڤێت و كـامپی سۆسیالیسـتی لەبـەر سیسـتەمی ئیسـتیبدادی و دەسەڵاتی مەركەزی شمولی و نەبوونی ئازادی سیاسی هەڵوەشایەوە. دیـارە و بـە تەجروبـە ئیسپات بوو، ئازادی و دیموكراسی و نان پێویستن بۆ هـەر وڵاتێـك و مـافی هـەر دەوڵـەتێك؛ دیواری بەرلین ڕووخا و چەندین دەوڵەتی سەربەخۆی تازە پێك هاتن.

نەتەوە یەكگرتووەكان كەوتە جێبەجێكردنی پەیماننامەی خۆی كە ڕۆڵی سـەرەكی ببینـێ لە چارەسەری كێشەی گەلان و وڵاتاندا و بۆ یەكەم جـارە، سیاسـەتی نێودەوڵـەتی دەگـونجێ لەگەڵ هەست و خواستی گەلی كورد كە بریتییە لە (ئازادی، دیموكراتی و ڕێزگرتن لـە مـافی مرۆڤ).

پـارتیمان لـە "كـۆنگرەی دە"ی ١٩٨٩دا بـارودۆخی ئـەو سـەردەمەی شـی كـردەوە و لـە ڕاپۆرتی سیاسیدا دەری بڕی كە هەلومەرجی گۆڕانكـاری جیهـان بـەرەو دیموكراسـی و مـافی مـرۆڤ لـە بەرژەوەنـدی گەلـە بەشـخوراوەكانی جیهاندایـە، وەكـو گـەلی كـورد. ئـەوە بـوو دەركەوت گۆڕانكارییەكە لە بەرژەوەندی ئێمە هاتەوە. حیكمەتی سیاسەتی پـارتی لەوەدایـە كـە بـە وردی و وشـیاری چـاودێری گۆڕانكـاری جیهـانی دەكـرد و هـەوڵی دەدا سیاسـەت و ڕەفتاری لەگەڵ ئەو تەیارە ئازادیخوازەدا بگونجێنێ.

لە ڕاستیدا هەموو ئەم هەلومەرجە شتێكی نوێیە لە سیاسەتی نێونەتەوەییـدا و سـابقەی نییە، چ گەمارۆدانەكە بەم شێوە یا حیمایە و بەردەوامبوونی وەزعی كوردستان بـەم شـێوەیە. لەگەڵ پەرەسەندنی هاوكاری نێودەوڵەتی لە گەڵمان، واتـە دەبـێ چـاوەڕوانی چارەسـەرێكی تایبەتی بە وەزعێكی وا بكەین. تاقیكردنەوەی ئێمە لە هەموو ڕوویەكەوە تازەیە، نە بەس بـۆ خۆمان بەڵكو بۆ جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتیش. ڕەنگـە شـێوەی چارەسـەری كێشـەكەمان ببێتـە نمونەیـەكی جیهـانی بـۆ چارەسـەری چەنـدین گـەل و كەمایـەتی لـە جیهانـدا كـە بـە شێوەیەك لە شێوەكان وەكو ئێمە بەدەست ستەمەوە دەناڵێنن.

**هـەڤاڵانی تێكۆشەر،**

پێم خۆشە هەندێك لەسەر پەیوەندی پارتیمان لەسەر ئاستی جیهانی باس بكەم:

پەیوەندی پارتیمان زۆر بەرەو پێشەوە چووە، چونكـە پـارتیمان لـە مێـژە و لەسـەردەمی شۆڕشی ئەیلول و **بارزانی نەمر**ەوە لە جیهانـدا بـە دەزگایـەكی سیاسـی نـاسراوە و هەمیشـە ناوی هاوەڵناوی مەسەلەی كوردە. هەمیشە بۆ هەڵوێستی پارتیمان حسێبی تایبـەتی كـراوە و ئـەمڕۆ دەرفـەتێكی فراوانترمـان لـە پێشـە تـاوەكو حزبێـك ئازادانـە بـە حكومـەت، وڵاتـان و

ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە پەیوەندی بکەین. پێش شەڕی کەنداو ئاستی پەیوەندیمان کەمتر شێوەی ڕەسمی وەرگرت، یا لەسەر ئاستێکی زۆر بەرز نەدەبوو، بەڵام ئێستا پارتیمان جێگایەکی تایبەتی هەیە و لەسەر بەرزترین ئاست پێشوازی لە ئێمە دەکرێت بە شێوەیەکی ڕەسمی.

پەیوەندییەکی دیبلۆماسی فراوان دروست بووە، هەر وەکو سەردانەکەی پارساڵ و ئەمساڵ چ بە تەنیا یا لەگەڵ وەفدی (I.N.C)، کە زۆر بە باشی و لەسەر ئاستی بەرز پێشوازی کراین لەلایەن جێگری سەرۆککۆماری ئەمریکا، سەرۆك کۆماری سوریا، مەلیکی سعودیە، پەرلەمانی ئەوروپی، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و زۆری تر.

ئێمە لەم وەزعەدا سەرکەوتنێکی سیاسی بەرز بەدی دەکەین کە دەبێتە ئەساسی سەرکەوتنی بەرزتری داهاتوومان. تاقیکردنەوەی دیموکراتییانەی ئەمڕۆمان ناوبانگی کورد و مەسەلەکەمان چەندین بەرابەر بەرز کردۆتەوە، کە دەبێ هەوڵ بدەین ئەو سومعەتە خاوێنە بپارێزین، ئێمە دیموکراسی دەپارێزین و بە شێوەیەکی حەزاری ڕەفتار دەکەین و نیشتمانەکەمان ئاوەدان دەکەینەوە.

بێگومان پێش هەموو شتێك خزمەتی خۆمان دەکەین، تێکۆشەرانی پارتیمان و جەماوەری گەل دەبێ بزانن هەر چەندە ئێمە زیاتر حورمەتی تاقیکردنەوەکەی خۆمان بگرین و پێشی بخەین ئەوەندەش کۆڕ و کۆمەڵەی جیهانی پشتمان دەگرن و زێدەتر هاوکارمان دەبن و حورمەتمان دەگرن.

**سێیەم: ئەرکەکانی ئەمڕۆمان:**

**ئەلف ـ لەڕووی حزبییەوە:**

- چەسپاندن و پێشخستنی باری ڕێکخستن و دانانی چەندین جۆری ڕێکخستن لە پاڵ مەرکەزی دیموکراتیدا بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو جەماوەرە زۆر و زەبەندەی لەگەڵ پارتیمانن ڕێك بخرێن.
- بایەخدان بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و یەکخستنەوەمان لەگەڵ لایەنەکانی تر، چەسپاندنی ڕیزی یەکبوونیان بە شێوەیەك کە ئەو ڕێکخراوانە پاڵپشتی پەرلەمان و حکومەت و ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوە بن، بە گیانی نیشتمانی و فیداکاری و گەلپەروەری ئەندامەکانیان پەروەردە بکەن.
- بایەخدانێکی گرنگ بە پەروەردەی ئەندام و لایەنگرانی پارتی، بە کردنەوەی مەعهەدی

جۆربەجۆری پێگەیاندنی کادیر لە هەموو ڕوویەکی ڕێکخستن و جەماوەریی و ڕاگەیاندنەوە.

- بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دیموکراسی و پەروەردەکردنی ئەندامان و جەماوەر بە کەڵکوەرگرتن لە کەلەپوری دەوڵەمەندی **بارزانی نەمر**، تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و قیمەی ئیسلامی و کەلەپوری ئینسانی و دیموکراسی لە هەموو جیهان و بڵاوکردنەوەی گیانی لەخۆبردویی و سنگفراوانی و ڕێزلێنان لە مافی مرۆڤ و چەسپاندنی پایەی دیموکراسی. بایەخدانی تەواو بە لایەنی گشتی پەروەردە و ڕێزلێنان لە عادات و تەقالیدی پاکی کوردەواری و ئەخلاقی گشتی وەکو ڕاستگۆیی، ئەمەکداری، عەدالەتخوازی، خزمەتی جەماوەر، قیمەی ئازادی، یەکسانی و فیداکاری لە ڕێگای نیشتماندا. بایەخدان بە پەروەردەکردنی ئەندام و پێشمەرگە و جەماوەری پارتی و هیچ کاتێك بیر لەوە نەکەنەوە زۆر و زۆرداری بەکار بێنن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر و زۆرداری لە کەس قەبوڵ نەکەن.

**کەواتە ئەوەی لە پێش کۆنگرەکەدا هەیە بۆ چارەسەرکردنی، ئەمانەن:**

١. چاوگێڕانەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پارتیدا و ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەك کە پێویستە بگونجێ لەگەڵ ڕووی تازەی پارتی.
٢. نوێکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی پرۆگرامی پارتی لەبەر تیشکی پێشکەوتنەکانی مەسەلەی کورد و بارۆدخی جیهاندا.
٣. دروستکردنەوەی ڕێکخراوەکانی پارتی بە شێوەیەکی (المرونة) و چەند جۆر تا شیاوی داگرتن و ڕێکخستنی و بەڕێوەبەردنی جەماوەری فراوانی پارتی بێ. واتە حاڵەتی تازەی دیموکراتی ڕەچاو بکەین بێ ئەوەی پێویستیی خەباتی نهێنی و ئەرکەکانی لە یاد بکەین.
٤. پتەوکردنی ڕێکخستنی پارتی بە پەروەردەکردنی کادیری نوێی هۆشیار و خوێنگەرم.
٥. ڕێکخستن و پەرەپێدانی دامودەزگایی فراوانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری بە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی تایبەتی بە ناوی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری سەر بە سەرۆکایەتی.
٦. ڕێکخستن و چەسپاندن و گەشەپێدانی پەیوەندی پارتی لەسەر ئاستی کوردستانی و عێراقی و دەرەوە بە شێوەیەك کە ئامانجە پیرۆزەکانی گەل و ئامانجی ئەم کۆنگرەیە بپارێزین.
٧. بایەخدان و پتەوکردنی ڕێکخستنی پارتیمان لە نێو پەنابەرانی کورد لە سەرانسەری

جیهاندا.

**ب ـ لەسەر ئاستی کوردستانی:**

**کوردستانی عێراق:**

پارتیمان تێدەکۆشێ بۆ چەسپاندن و پێشخستنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و تاقیکردنەوەی دیموکراسی بە گشتی. پارتی کە بەشداری ئەساسی ئەو حاڵەتەیە هەوڵ دەدا بۆ سەقامگیری ژیانی دیموکراسی و زامنکردنی مافەکانی مرۆڤ.

گرنگییەتی تەواویش دەدا بە باری سەختی ژیانی خەڵکی و هەموو توانای بەکار دێنێ بۆ چارەسەری کێشەی ئابووری. دەبێ لە یادی نەکەین کە چەندین مەترسی هەڕەشە لە تاقیکردنەوەکەمان دەکەن کە دەبێ بەرانبەریان هۆشیار و وریا بن:

١. هەڕەشەی عەسکەریی ڕژێم کە هەمیشە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ، تا ڕژێمێکی دیموکراتی حوکمی عێراق نەکات ئەو مەترسییە هەر دەمێنێ. بۆیە دەبێ هەمیشە کۆڕ و کۆمەڵی جیهانی بخەینە بەردەم ئەو ڕاستییە.

٢. وەزعی ئابووری ژیانی خەڵك ئەگەر بە پەلە چارەسەر نەکرێ ڕەنگە ببێتە کۆسپ لە ڕێگەی پێشکەوتنی ئەم تاقیکردنەوەیەدا.

٣. گیروگرفتی ناوخۆ: خوا نەخواستە ئەگەر وەزعێکی نالەباری دووبەرەکی ناوخۆ بێتە پێش، ئەوا هەموو تاقیکردنەوەکەمان بە با دەڕوات. هەر بۆیەش پارتیمان هەمیشە سوور بووە و سووریش دەبێ لەسەر پاراستنی یەکبوونی ڕیزی گەل و بەرەی کوردستانی و گیانی برایەتی و هاوکاریی و تەبایی پەرلەمانی و حکومی و میللی.

٤. هەرچەندە ئەم مەترسییە ئەگەرێکی دوورە بەڵام دەبێ بزانین مەرجێکی ئەساسی مانەوەی تاقیکردنەوەکەمان ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییەیە کە هەیە. دەبێ هەوڵ بدەین مەسەلەکەمان لە مێشك و ویژدانی جیهاندا هەمیشە زیندوو بمێنێ بۆ ئەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتی بەردەوام بێ.

بەڵام ئێمە بڕوایەکی بەهێزمان هەیە کە ئەم تاقیکردنەوە دەپارێزرێت و دەیپارێزین و دەبێ بزانین بەشێکی گرنگی دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان، بە تایبەتی پاراستنی ڕووی گەشی تاقیکردنەوەکەمان، یەکبوونی ڕیزی گەل، ئاسایش و چەسپاندنی یاسا. بە پێی توانای خۆمان هەوڵی ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی وڵاتەکەمان بدەین.

ئێمە داکۆکییەکی زۆر دەکەینە سەر بەکارخستنی وزە و توانا و سامانی بەشەری و مادی

خۆمان کە لەو بڕوایەداین ئەگەر هەمووی ڕێکوپێك بخەین، لەم تاقیکردنەوەیەدا سەرفرازانە دەردەچین. پێویستە ئەندام و جەماوەری پارتیمان وا پەروەردە بکەین کە نمونەی کار و ڕەنجکێشان و فیداکاری بن.

بووژاندنەوەی نیشتیمانەکەمان؛ ڕژێم کۆمەڵی کوردەواریی شێواندووە بە دوورخستنەوەی زۆربەی خەڵك لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەرهەمهێنان، نائومێدیی و بێبڕوایی و چاولەدەستی ئەم و ئەو بڵاوکردنەوە، قیمەتی چاکی کوردەواریی و کۆمەڵایەتی لەناو بردووە، هەر بۆیەش پێویستی بە چاککردنەوە هەیە بە سیاسەتی دروست و پەروەردەی بەرز.

چ لە ڕووی کادری فەنی و کارامە یان لە ڕووی مەعنەوییەوە تا مرۆڤی کورد بڕوای بە خۆی بێتەوە و بەرەو ئایندەیەکی گەش و ئارام بڕوات. بەو شێوەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدەین تاقیکردنەوەکەمان سەرکەوێ و دەسەڵاتی یاسا زاڵ ببێ و کاریی تیرۆریستی بنبڕ بکرێ و هیچ حزبێکی سیاسی چەکدار لە دەرەوەی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەت نەمێنێ.

پێشمەرگە بۆ بەرگری لە هەرێم بێت، بە هیچ جۆرێك بەکار نەیەت بۆ چارەسەری گیروگرفتی ناوخۆ و هەوڵ بدەین هەرێمی کوردستان ببێ بە دوورگەیەکی دیموکراسی و ئاشتی، بەختەوەری، یەکسانی دەرفەت و سنگ فراوانی بۆ هەمووان.

هەرچەندە کێشەی تری هاوولاتییان هەمیشە لەبەرچاومانە بۆ چارەسەرکردنی، هێشتا زۆربەی ئۆردوگا زۆرەملێکان هەر ماون و خەڵکەکە نەگەڕاونەتەوە بۆ دێهاتەکانیان کە دەبێ هەموو هەوڵێك بدەین خەڵك بگەڕێتەوە بۆ دێهاتەکانیان و یارمەتی پێویست بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێهاتیان بدرێ.

هێشتا زیاتر لە نیو ملیۆن ئاوارەی ناوچەکانی کوردستان کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدان بە تایبەتی (٢٠٠،٠٠٠) دووسەد هەزار ئاوارەی کەرکوکی پێویستیان بە کۆمەکی تایبەتی هەیە. حکومەتی هەرێم بەرپرسیارە بەرامبەر ئیدارەی وەزعی نزیکەی (٤) ملیۆن کەس، بە خۆی نزیکەی (٢٠٠،٠٠٠) دوسەد هەزار مووچەخۆری هەیە، پێویستیان بە بژێوی و بەڕێوەبردن هەیە. سەرەڕای کێشەی دڵتەزێنی خێزانی کەسوکاری دەیان هەزار ونکراو کە برینێکی قووڵی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە کە هەمیشە دەکولێتەوە لە ویژدانی گەلەکەماندا و تا دێت قووڵتر دەبێت.

دەبێ وەزعی خێزانی شەهیدە نەمرەکان باشتر بکرێت و هەموو مافێکی پێشمەرگە قارەمانەکان دابین بکرێت. هەروەها دەبێ هەموو هەنگاوی پێویست بنێین بۆ تەئمینی هێنانەوەی پەنابەرە قارەمانەکان لە ئێران کە ساڵەهایی ساڵە سەریان بۆ ڕژێم شۆڕ نەکرد و سەرەڕای دوورەوڵاتی و ئاوارەیی، نمونەی خۆڕاگریی و بەرخودانن.

**پارتی و نەتەوەی کورد**

**خوشك و برایانی خۆشەویست، ئەندامانی کۆنگرە،**

دەمانەوێ لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە ڕای خۆمان زۆر بە ڕوونی دەربڕین. نەتەوەی کورد یەك نەتەوەیە و لە مێژوودا کورد زۆر زوڵمی لێ کراوە. پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانیی کە ئیمپراتۆری عوسمانی تێك چوو، سەرلەنوێ نەخشەی ناوچەکە دانرایەوە، غەدرێکی گەورە لە کورد کرا چونکە وەك نەتەوەیەك حسابی بۆ نەکرا و ڕای وەرنەگیرا، بەڵکو پارچەپارچەکردنی بەسەردا فەرز کرا.

پارتیمان هەر لە ساڵی دامەزراندنییەوە، لە ساڵی ١٩٤٦، ڕای خۆی نیشان داوە کە ئیمانی بە مافی چارەنووس هەیە بۆ کوردستان. ئیمڕۆش پارتیمان دووپاتی دەکاتەوە کە بڕوای بە مافی چارەنووسی کورد هەیە. بەڵام هەمیشە پارتیمان واقیعبین بووە، دەزانێ جیاوازی زۆرە لە نێوان ئارەزوو و دەسەڵات، لە نێوان ڤیان و شیان. ئیمڕۆ ئەم واقیعە هەیە و نە ئێمە توانای گۆڕینیمان هەیە، نە کەس هەیە لە دەرەوە یارمەتیمان بدات بۆ گۆڕینی و هەر پارچەیەك خسوسیاتی خۆی هەیە.

هەروەها ئەمڕۆ و هەموو مەرجی ناوخۆ و دەڤەری و نێونەتەوەیی گۆڕاوە، دیموکراسی و مافی مرۆڤ بوونەتە میحوەری سیاسەتی زۆر لە وڵاتانی جیهان. تەجروبەی ئێمەی کوردیش دەری خست کە بە شەڕ و زۆر و خوێنڕشتن مەسەلەکەمان چارەسەر ناکرێت. نە ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵیان پێکەوە دەژین دەتوانن بە زۆر و چەکی کوشندە و ئیرهاب تەواومان بکەن، نە ئێمە دەتوانین بە شەڕ مافەکانمان وەرگرین. لە پێشان ناچاربووین چەکی بەرگری هەڵگرین بۆ ئەوەی پێناسی نەتەوەیی خۆمان بپارێزین، چونکە موهەددەد بووین، بۆ ئەوەی نەتاوێینەوە، بۆ ئەوەی ئیسپاتی وجود بکەین کە گەلێکین و هەین و بە سەربەرزییەوە دەڵێین پارتیمان ئاڵاهەڵگری ئەو بەرخودانە بووە.

ئەمڕۆ ئەو قۆناغەمان بە سەرکەوتووانە بڕی و لە دونیای ئەمڕۆدا کە دونیای دیموکراسی و مافی مرۆڤە دەتوانین بە ئەساليبی زۆر لە مافەکانمان وەرگرین. ڕێگەی ئاشتی و دانوستان

باشترین ڕێگەیە لەهەر پارچەیەك پەنای بۆ ببەن، لەگەڵ پاراستنی مافی بەرگری.

هەروەها حەقە حکومەتەکان و کوردیش هەردوو بە عەقڵی تازەوە بیر لە مەسەلەکە بکەنەوە، دەستی ئاشتی و برایەتی [بۆ یەك درێژ بکەن] و دان بە بوونی یەکتری[دا بنێن بۆ] دابینکردنی مافی ڕەوای کورد، هەر کەس لە پارچەی خۆی، ئەمە ڕێگەی ڕاستە و ڕێگای چارەسەری کێشەکەمانە.

پێمان وایە خاڵێکی تری زۆر گرنگ هەیە، ئەویش برایەتی (کورد و عەرەب و فارس و تورك)ە، وەك میللەت دەبێ ئەو برایەتییە بپارێزین و پتەوتری بکەین. حکومەت و ئەحزاب دێن و دەڕۆن بەڵام میللەتەکان دەمێنن.

بۆ ئەوەی ئەم واقیعەی کە هەیە (پارچەپارچەکردنی کوردستان)، بە شێوەیەکی عادیلانە بگۆڕین بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیش وەك نەتەوەکانی تری ناوچە مافی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی دیاری بکات، پێویستیمان بە برایەتی ئەوانە هەیە و لە یەکتری تێ بگەن. قیمەتی گەلی کورد زۆر بەرزە و کورد بە گەلێکی ڕەوشتپاك و بەرز ناسراوە، بۆیە ئێمە دەبێ ئەو قیمەتە بپارێزین، خەباتی گەلەکەمان دەبێ بە ئەسالیبی ڕەوا بکرێت.

سەربەرزین کە نە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلول و نە لە شۆڕشی گوڵاندا لە کوردستانی عێراق و تا ئەمڕۆ پەنامان نەبردە بەر هیچ شێوەیەکی تیرۆریستی دژی ڕژێمی بەغدا، هەرچەندە ڕژێم هەموو شێوەی تیرۆر و کوشتنی بەکۆمەڵی ئێمەی بەکارهێنا، مەردانە و پیاوانە بەرگریمان لە شەرەف و کەرامەتی خۆمان کرد.

ئێمە نامانەوێ و حەق بە خۆمان نادەین تەدەخول لە کاروباری براکانمان لە پارچەکانی تردا بکەین، بەلام لەسەر خاڵێك کە پەیوەندی بە سومعەی هەموو کوردەوە هەیە داکۆکی دەکەین کە دەبێ هیچ حزبێکی کوردستانی نزیکی نەکەوێ، ئەویش شێوەی تیرۆریستییە لە خەبات، ئێمە بە توندی ئیدانەی تیرۆر و بارمتەگیری دەکەین.

بە خوشحاڵییەوە دەڵێین پەیوەندی پارتیمان لەگەڵ هەموو حزبەکانی پارچەکانی تری کوردستان زۆر باشە و برایانەیە. لەسەر ئەساسی ڕێز لەیەکترگرتن و لە یەکترتێگەیشتن دامەزراوە. بینیشتان کە هەموویان هاتبوون بۆ پیرۆزبایی کۆنگرەکەتان.

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پەرلەمان و حکومەت هەیە و ئەمە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ڕەنجی پێشمەرگە قارەمانەکان و خۆڕاگری گەلەکەمانە. پەرلەمان و حکومەت مەسئوولن لە چەسپاندنی یاسا و هەموو ئەو حزبانە بەوپەڕی توانایانەوە

پشتگیری ئەم تاقیکردنەوەی ئێمەیان کردووە و ئیحترامی بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەتیان گرتووە کە ئەمە مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندی باش و برایانەمان، چونکە پێمان وایە هەر کوردێکی دڵسۆز چ وەك حزب یا شەخس، دەبێ پشتگیری لە تەجروبەی هەرێمی کوردستان بکەین، چونکە دەستکەوتێکی پیرۆزە.

بە داخەوە تەنها لەگەڵ حزبی کارگەرانی کوردستان (پ.ك.ك) مەشاکل هەیە، ئەویش نەك ئێمە حەزمان کردبێ، بەڵکو خۆیان مشکیلەیان دروست کرد لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بێ نان و نمەکییەکی زۆریان کرد بەرامبەر بە پارتیمان و بە شێوەیەك ڕەفتاریان کرد کە هەر خۆیان تاقە سواری مەیدانن و هیچ حزبێکی کوردستانی مافی خەباتی نییە.

ئەمەش کورتەیەك لە مێژووی پەیوەندی پارتیمان و هەروەها بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەگەڵ (پ.ك.ك) و ڕەفتاریان لەگەڵ ئێمە و ئەحزابی تر:

لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ کە لە تورکیا ئینقلابی عەسکەری ڕووی دا، بوو بە ڕاونان و لێدانی حزبە سیاسییەکان لە تورکیا، بە تایبەتی لە کوردستانی تورکیا، ئێمە ئەو کاتە لە ناوچەیەکی تایبەتی بووین بە درێژایی تورکیا و عێراق و سێ سنووری عێراق و تورکیا و ئێران. بڕیارمان دا پەنا بدەین بە هەموو تێکۆشەرانی کوردستانی تورکیا بە هەموو حزبەکانیانەوە و پشتگیریان لە ڕووی سیاسی و مەعنەوی و یارمەتیدانیان لە ڕووی مرۆڤییەوە. خۆشحاڵین کە توانیمان یارمەتی ئەندامان و کادیرانی ئەو حزبانە بدەین کە ڕوویان لە ئێمە کردبوو. هەندێکیان چەندین ساڵ لە بارەگاکانی ئێمەدابوون؛ یەکێك لەو حزبانە (پ.ك.ك) بوو، کە هەرچی لە توانای ئێمەدا بوو کردمان بۆ ئەوەی (پ.ك.ك) و حزبەکانی تر، ڕێکخستنەکانی خۆیان دروست بکەنەوە و خۆیان ڕێك بخەنەوە و هەموو یارمەتییەکمان دان، لە ساڵی ١٩٨٢ پرۆتۆکۆلێکمان ئیمزا کرد کە پێکەوە هاوکاری بکەین و لە هەموو هەنگاوەکان یەکتری ئاگاداری بکەین، کە ئەمە زۆر گران لەسەرمان تەواو بوو. لە ئاياری ساڵی ١٩٨٣، سێ فیرقەی جەیشی تورکی هاتنە سەر سنوورمان و لە چەندین نوقتەی حدودی هاتنە ناو خاکمان و بوو بە لێکدان لەگەڵ پێشمەرگەی پارتیمان.

ئەم شەڕە بوو بە هۆی ئاوارەبوونی چەندین هەزار عائیلەی پێشمەرگە و هاووڵاتییانی کە لەسەر سنوور دامەزرابوون لە ناوچە ڕزگارکراوەکان و تەحەدای ڕژێمی عێراقیان کردبوو، سەرەڕای هەموو سەختییەکی ژیان. ئەمانە کەوتنە بەر ئاگری تۆپبارانی جەیشی تورکیا و ناچار سنووریان بەجێ هێشت و هاتنە ناو قووڵایی وڵات، کە زیاتر کەوتنە ژێر خەتەری ڕژێمی عێراقەوە. ئەمانە ئاوارە بوون، جارێکی تریش ئاوارە بوونەوە. لە ساڵی١٩٨٤،

(پ.ك.ك) خەباتی چەکداری ڕاگەیاند، بە بێ ئەوەی کەسێك ئاگادار بکەن.

ئەوسا من لە سوریا بووم، هەموو حزبە کوردستانییەکان، هی هەموو پارچەکان، بەیانیان دەرکرد دژی (پ.ك.ك) لەسەر ڕاگەیاندنی شەڕ لە تورکیا. سکرتێری (پ.ك.ك) هاتە لام زۆر ناڕەحەت بوو لەسەر ئەو بەیانەی حزبە کوردستانییەکان دژی ئەوان و داوای کرد من بەیانێك لەگەڵ ئەوە دەربکەم وەك وەڵامێك بۆ ئەو بەیانە، منیش موافەقەتم کرد و بەیانێکی دووقۆڵیمان دەرکرد. دیسان جارێکی تر جەیشی تورکی هاتەوە سەر سنوور و تەهدیدی ئێمەی کرد. بۆ ئاگاداریتان بۆ یەکەم جار تووشی نەقدی کۆمیتەی مەرکەزی بووم لەسەر ئەم بەیانە و چەند جار ناوچەکانمان کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکەکانی تورکیا. بەڕاستی کەوتبووینە نێوان دوو ئاگر: ئاگری جەیشی تورکی و ئاگری جەیشی عێراقی، کە بەداخەوە پاشان بۆمان دەرکەوت کە ئەمە خواست و بەرنامەی (پ.ك.ك)ش بووە.

(پ.ك.ك) پاش ساڵی ١٩٨٤، کەوتە ململانێ لەگەڵ پارتیمان و لەگەڵ حزبەکانی تری کوردستانی، لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی تووشی شەڕ بوون و چەند کادرێکی حزبی شیوعی و حزبی حقوقی کوردستانی تورکیایان کوشت و لە ئەشکەوتێك سووتاندنیان.

زۆربەی ئەو کادر و دڵسۆزانەی لە کوردستانی تورکیا کە ئێمە بە (پ.ك.ك)مان ناساندن و هاوکاری (پ.ك.ك)یان کرد بۆ هێنان و بردنی پۆستەیان هەموویان کوشتن. کەوتنە شەڕی حزبەکانی کوردستانی تورکیا، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە کەوتنە دروستکردنی ڕێکخستنی تایبەتی سەر بە خۆیان لە ناو جەماوەر و دەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆی پارتیمان و ئەحزابی تر.

لە ساڵی ١٩٨٦، بڵاوکراوەیەکی ناوخۆی (پ.ك.ك)مان کەوتە دەست کە بەداخەوە دوور بوو لە قییەم و ئەخلاقی کوردەواری دەڵێت:

"ئێمە تا ئەمڕۆ پێویستیمان بە یارمەتی پارتی هەبوو، بەڵام لەمەودوا پێویستیمان نییە و لەبەر ئەوەی ئەمانە (یەعنی پارتی) حزبێکی عەشایری بۆرجوازییە و بەقوەتە و کۆسپە لەسەر ڕێگامان، ئەگەر ئەوان نەمێنن، (پ.ك.ك) دەبێتە تاقە سواری مەیدان و لەبەر ئەوەی پێمان ناکرێت لە مەیدان هەڵیان گرین پێویستە بەردەوام بین لەسەر نانەوەی گیروگرفت بۆیان و تووشیان کەین لەگەڵ جەیشی تورکی بۆ ئەوەی بکەونە نێوان دوو ئاگری جەیشی تورکی و عێراقی".

لە ساڵی ١٩٨٩، لەسەر سنووری تورکیا (٦) کادیری ئێمەیان گرت، کە ئەویش نرخی

پەیوەندیكردنی (پ.ك.ك) بوو بە ڕژێمی عێراقەوە، ئێستاش بۆمان ڕوون نییە (پ.ك.ك) ئەوانەی شەهید كرد یان تەسلیم بە ڕژێمی عێراقی كردن؟ كە چاكترین كادیری پارتیمان بوون و هەڤاڵان:

١. محەمەد حەمدی.
٢. ئەحمەد كادر.
٣. سەعدوڵا ئاڤدەل.
٤. خالد ئادەم.
٥. نەزمی خالد.
٦. نزار محەمەد.

جەماوەر و كادیرەكان و پێشمەرگەی لقی یەك دەزانن كە هەر یەكێك لەمانە چەند خۆشەویست و چەند تێكۆشەر و چەند زەحمەتكێش بوون بۆ پارتی و كورد و كوردستان.

(پ.ك.ك) تەنانەت بەرامبەر ڕاپەڕینەكەش هەڵوێستی سلبی هەبوو، وەختی كۆڕەوەكە لە سوریا و ئەوروپا پارەیەكی زۆریان كۆكردەوە بە ناوی ئاوارەكانی كوردستانی عێراق و بە خۆیان خواردیان. پاش هەڵبژاردنی مێژوویی و دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەت لە هەرێمی كوردستاندا، (پ.ك.ك) زۆر بە ئاشكرایی دژی ئەم دەستكەوتە مەزنە وەستا. هەوڵیان دا پەرلەمانێكی كارتۆنی لە ئەوروپا دروست بكەن دژ بە پەرلەمانی خۆمان و كەوتە پڕوپاگەندە دژی پەرلەمان و حكومەت لە سوریا و چەكدارەكانی ڕژاندە ناو هەرێمی كوردستان، لە ناو هەرێم وەك حزبێكی سەربەخۆ دەجوڵایەوە و هەموو یاساكانی پەرلەمان و حكومەتی پێشێل دەكرد تا كەوتە ئەوەی هەڕەشە لە جوتیارەكان بكات و ڕێگەیان نەدات بگەڕێنەوە سەر گوندەكانیان لەسەرتاسەری سنووری عێراق و توركیا، كە حدودی (٣٠٠) گوند بوون كە لەبەر (پ.ك.ك) جوتیارەكان نەیاندەتوانی ئاوەدانیان بكەنەوە.

لە ناو خاكی كوردستانی عێراق مەقەڕاتیان دانابوو و گومرگیان وەردەگرت، خەڵكیان دەگرت و ڕەنگە ئیعدامیشیان كردبن. تەدەخولیان لە هەموو شت دەكرد و خۆیان بە سوڵتە دەزانی. ئەوەی پێیان كرا كردیان دژی تەجروبەی كوردستانی عێراق و لە هەمووی ناڕەواتر هەوڵدانیان [بوو] بۆ چەواشەكردنی مێژووی خەباتی گەلەكەمان.

چەندین جار پارتی و یەكێتی پێكەوە لەسەر ئاستی حزبی لەگەڵ (پ.ك.ك) دانیشتن، بۆ ئەوەی موراعاتی وەزعی هەرێم بكەن، پێشتریش بەرەی كوردستانی چەند جار بڕیاری

دەرکرد و هەمان داوای لە (پ.ك.ك) کرد. بەڵام بەداخەوە (پ.ك.ك) بایەخی بەو هەوڵانە نەدا، هەتا جارێك تەهدیدیان نارد ئەگەر بەمە ڕازی نین دێین لە هەولێریش دەرتان دەکەین! لەسەر داوای پەرلەمان هەموو حزبە کوردستانییەکان لە پەرلەمان ئامادەبوون تا باسی وەزعی هەرێم دەربڕن و داوایان لێ کرا کە (پ.ك.ك) قانع بکەن واز لەم ڕەفتارە بێنن، بەڵام بێسوود بوو.

ئەوە بوو حکومەتی هەرێم ناچار بوو یاسا بچەسپێنێ و جووتیارەکان بگەڕێنێتەوە بۆ گوندە داگیرکراوەکانیان، بەڵام بەداخەوە (پ.ك.ك) کەوتە شەڕی هێزەکانی حکومەتی هەرێم و پێکدادان پەیدا بوو و دەیان شەهید و بریندار و قوربانی بێتاوان لە هەردوولا کەوتن.

ئۆباڵی ئەوان لە پێش خوا و میللەت و مێژوو دەکەوێتەوە سەر سەرکردایەتی توندڕەوی (پ.ك.ك)، کە تا ئێستاش بە خۆیدا نەچۆتەوە و بیری نەکردۆتەوە لەوەی کە ئەو سیاسەتە چ زیانێکی گەورە بە ئێستا و ئایندەی کورد و بزاڤەکانی دەگەیەنێ.

لێرەدا مەسەلەیەکی تر هەیە زۆر مێشکی منی مەشغوڵ کردووە و زۆر هەوڵم داوە یەکێك بتوانێ تێم بگەینێ سڕەکە چییە، ئەویش ئەویە: بۆ حکومەتەکانی دەڤەر دژی فیدراڵی کوردستانی عێراق وەستاون، بەڵام یارمەتی (پ.ك.ك) دەدەن بۆ سەربەخۆیی هەموو کوردستان بە پارچەکانی خۆشیانەوە؟

ئێمە ئاواتەخوازین کە (پ.ك.ك) لەو ئیتیفاقە لا نەدات کە لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزای کردووە، کە دەست نەخاتە ناو کاروباری ناوخۆی هەرێم و لە سنوور مەقەڕاتیان نەبێت و ئیحترامی یاسای هەرێم دەگرێت. هەرچەندە تا ئێستا چەندین جار خەرقیان کردووە و پێش ماوەیەك دیسان چوونەتە سەر مەقەڕێکی ئێمە لە ناوچەی زاخۆ و تەهدیدیان ناوە ناوە هەر هەیە. لەم دواییەشدا پاسداری ئێرانیان هێناوە بۆ دەوروبەری مەقەڕاتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕەسەدیان کردووە بۆ تۆپخانەی ئێران، ئێمەش بەڵگەمان پێیە کە نامەی (م.س) حزبی دیموکراتە کە شکایەتیان کردووە لەم ڕەفتارەی (پ.ك.ك).

ئومێدەوارین جارێکی تریش تووشی ئەو غەڵەتە نەبنەوە کە پارساڵ خۆیان تووش کرد و ئیحترامی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بگرن، موراعاتی وەزعی هەرێم بکەن بە کردەوە. ئاواتەخوازین چاوێك بە سیاسەتی خۆیاندا بخشێننەوە و هەوڵ بدەن

لەگەڵ حزبەكانی تری كوردستانی توركیا سیاسەتێكی ئاشتیخوازانەی وا بگرنە بەر كە حكومەتی توركیاش ناچار بكات ئەویش ڕێگەی ئاشتی بگرێتە بەر و پشتیوانی جیهانیش بەدەست بێنن.

هەروەها ئەگەر (پ.ك.ك) بیەوێ هەمان وەزعی حزبەكانی تری هەبێ و هەمان پەیوەندی هەبێ، دەبێ وەك ئەوان ئیحترامی بڕیارەكانی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بگرن و دەست نەخەنە ناو كاروباری ناو هەرێم و بڕوایان بە دیموكراسی و مافی مرۆڤ هەبێت بە كردووە و گیروگرفت بۆ حكومەتی هەرێم دروست نەكەن. دەبێ هەمووكەسیش بزانێ كە پەرلەمان و حكومەتی هەرێم لای ئێمە لە هەموو شت بەنرختر و خۆشەویستترە و نایگۆڕینەوە بە هیچی تر.

**ج ـ لەسەر ئاستی عێراق:**

وەك لە بڕگەكانی پێشووی ئەم ڕاپۆرتەدا باسی وەزعی عێراق هاتووە، پێمان وایە چارەسەری كێشەی عێراق بەوە دەبێت كە عێراق ببێ بە عێراقێكی فیدراڵی دیموكراسی پەرلەمانی و، گەلی عێراق لە شوێنەواری شەڕ و ئابلۆقە و دیكتاتۆرییەت ڕزگاری ببێ و بكەوێتە ئاوەدانی و بووژانەوەی وڵات لە هەموو ڕوویەكەوە. كە گوتمان عێراقێكی فیدراڵی، واتە پاراستنی دامودەزگای ئەمڕۆی هەرێم و دانپێدانانی لەلایەن گەلی عێراقەوە كە دەوڵەتەكەی ببێتە دەوڵەتێكی فیدراڵی بەو شێوە ئاشتی و دیموكراسی لە عێراقدا بچەسپێ و لەگەڵ دراوسێیەكانی بە هێمنی و ئاسایی بژی و بگەڕێتەوە ناو كۆمەڵگای جیهانی.

بۆ گەیشتنی بەو ئامانجە ئێمە وەكو هەوڵمان داوە بۆ پتەوكردنی خەباتی هاوبەشی گەلی عێراق، لەمەودواش درێژە بەو خەباتە دەدەین بە تایبەتی لە چوارچێوەی كۆنگرەی یەكگرتویی نیشتمانی عێراق و (I.N.C) و بەدیهێنانی بەرنامە و ئامانجەكانی، كە زۆر گونجاون لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی عێراق و بە ڕاشكاوی ڕێزی گرتووە لە ئیرادەی گەلی كورد بۆ فیدراڵیەت و حوكمێكی دیموكراسی پەرلەمانی فرەحزبی لە عێراقدا.

بەم بۆنەیەوە هاودەردی و پشتیوانی خۆمان دەردەبڕین لە جەماوەری زۆرلێكراوی تەواوی شار و ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم. سڵاو دەنێرین بۆیان و دەبێ هەوڵ دەین بە كەناڵی تایبەتی پەیوەندی بەو خەڵكەوە بكەین. دەبێ بەردەوام بین لەسەر هەوڵ و كۆششمان بۆ پتەوكردنی برایەتی عەرەب و كورد. هاودەردی دەردەبڕین لەگەڵ گیراوە سیاسییەكان و كەسوكاریان، لەگەڵ ونبووەكان، ڕاونراوەكان، سەربازە فیرارەكان، جەماوەری

ناوچەی ئەهوار و ئاوارەکانی ئێران، سوریا و سەرانسەری جیهان و ئەسیرەکانی سعودیە و ئێران و گشت لێقەوماوانی عێراق. ئەمڕۆش بە شانازییەوە بەشی هەرە زۆر و ئەساسی لایەنەکانی موعارەزەی عێراقی بنکەیان هەیە لە کوردستانی ئازاددا، چالاکی سیاسیی خۆیان بەڕێوەدەبەن و کوردستان هەمیشە قەڵای هەموو ئازادیخوازانی عێراق بووە لە هەموو سەردەمێکدا.

پارتیمان لەسەر کەمایەتییە نەتەوەییەکان هەڵوێستی هەمیشە دیموکراتی بووە و هەوڵمان داوە براکانمان (تورکمان و ئاشوری)، بە هەموو مافەکانیان شاد بن و لە ژێر پەرلەمان و حکومەتی هەرێم سوود لەو دیموکراسییەی کوردستان وەرگرن و هیچ جیاوازی نەبێ لە نێوان دانیشتووانی کوردستان. دووپاتی دەکەینەوە کە پارتیمان، پشتگیری لە مافە ڕەواکانیان دەکات و دەستی برایەتی و هاوکارییان بۆ درێژ دەکات وەك هەمیشە.

**د ـ لەسەر ئاستی عەرەبی و ئیسلامی:**

هەرچەندە وەکو پێشوتر لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی و جیهانی سێیەم بە گشتی تا ئێستا مەسەلەی کوردیان لەسەر ئەساسی سیاسی وەرنەگرتووە، بەڵام دەبێ ڕانەوەستین، ماندوش نەبین لە هەوڵدان بۆ ئەوەی هەمیشە بە پێی توانا لە هەر کەناڵێکی مومیکن دەنگی خۆمان بەو میللەت و حکومەتانە بگەیەنین، بە تایبەتیش لەسەر ئاستی عەرەبی و ئیسلامی، چونکە یەکەم دراوسێمانن و دووەمیش هاوئایین و هاومێژووین.

**هـ ـ لەسەر ئاستی جیهانی:**

لەگەڵ سوپاس و ڕێز بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەندامانی مەجلیسی ئەمنی دەولی و هەموو ئەو حکومەت و ڕێکخراوانەی جیهانی کە یارمەتییان داوین و هێشتاش بەردەوامن، بە تایبەتی (وڵاتانی هاوپەیمان) و گشت ئازادیخوازانی جیهان. جارێکی تر ئەو دۆستانە دەخەینەوە بەر واقعی میللەتەکەمان و ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە تاقیکردنەوەکانی دەکەن و داوا دەکەین:

١. ناوچەی پارێزراوی هەرێم فراوانتر بکرێتەوە تا هەموو کوردستان بگرێتەوە و مۆڵەتی شەش مانگی پاراستنی نێودەوڵەتی لە جیاتی شەش مانگ جارێك، درێژەی پێ بدرێت بەبێ دانانی کۆتاییەك بەڵکو تا چارەسەری دیموکراسی لە عێراق.

٢. پاراستنی نێودەوڵەتی هەموو لایەنی ژیانی هاووڵاتییانی کوردستان بەرامبەر هەر مەترسییەك لە ناوەوە یا لە دەرەوەی عێراق بێت. بگرێتەوە، چ لە ڕووی سیاسی و

ئابووری یا عەسکەری و ئەمنییەوە.

٣. دانەوەی زەرەر و زیان کە بەر میللەتی کوردستان کەوتووە لە ئەنجامی شەڕی (٣٢)ساڵەی ڕابردوی حکومەتەکانی عێراق لە دژی گەلی کوردستان.

٤. ئێمە بەشێکین لە عێراق، بەڵام بەشێك نین لە ڕژێم و گەلەکەمان یەکەم قوربانی ئیرهابی ڕژێمە، بۆیە داوا دەکەین ئابلۆقەی نێودەوڵەتی لەسەر هەرێمی کوردستان هەڵگیرێ بە شێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ قەراری (٦٨٨)دا.

٥. فشار بخرێتە سەر حکومەتی عێراق تا گەمارۆ لەسەر هەرێمی کوردستان هەڵبگیرێت.

٦. بەردەوامبوونی جیهان لەسەر فریاکەوتنی مرۆڤایەتی و بایەخدان بە ناردنی ئەو یارمەتییانەی کە بە کەڵك دێن بۆ ئاوەدانی و بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و بووژانەوە.

٧. گەلی کوردستان (٣٠٪) گشتی گەلی عێراقە، کەواتە بەپێی ئەو پشکە بۆ بەڕێوبەرایەتی و ئابووری و بووژانەوەی هەرێم لە داهاتووی گشتی عێراق دیار بکرێت. هەر بۆیەش داوا دەکەین بەشەکەی ئێمە لە دارایی موجەمەدەکەی عێراق بدرێت کە بە دەستی ڕژێم دەکەوێ لە هەر پەیمان و ڕێککەوتنێك دەیبەستێ چ بۆ فرۆشتنی نەوت یان بەرهەمێکی تر کە لە ڕێگەی دامودەزگای نێودەوڵەتییەوە ئەنجام دەدرێت.

٨. دانەوەی زەرەر و زیانی گەلی کوردستان کە لە ئەنجامی کێشانەوەی (٢٥) دیناری بەری کەوتووە.

٩. داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دۆست و ڕێکخراوە جیهانییەکان دەکەین بۆ ئەوەی سیغەیەکی قانونی نێودەوڵەتی بدۆزنەوە بۆ تەعامول لەگەڵ دامودەزگای دیموکراتی و شەرعی هەرێمی کوردستانی عێراق.

١٠. بە شێوەیەك یارمەتی گەلەکەمان بدرێ تا بتوانێ بە خودی خۆی بژیێنێ و ئیعتماد لەسەر خۆی بکات و چاوی لە یارمەتی دەرەوە نەبێ. هەروەها باری ئابووری بە شێوەیەك دابڕژێتەوە کە ژێرخانی ئابووری سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە.

١١. داوا دەکەین یارمەتیان بدەن بۆ گەڕانەوەی ئاوارە ئازیزەکانمان لە ئێران، بۆ ئەوەی چیتر لە ئاوارەیی نەمێنن و بە داخەوە ئەم دوو ساڵە (UNHCR)ی سەربە نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕاستی نەکرد لەگەڵمان، وەعدیان دا کە یارمەتیمان بدەن بەڵام وەعدەکانیان جێبەجێ نەکرد.

هەروەها پێویستە تەنسیقێك بخرێتە نێو ڕێکخراوەکانی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی، بە

شێوەیەك کە ستراتیجیەتی ئەو یارمەتییانە لە فریاکەوتنەوە بۆ یارمەتیدانی بووژانەوە و گەشەسەندنی ئابووری بگۆڕێ.

بێگومان هەندێك لەم خاڵانە دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان کە لە هەرێم هەوڵ بدەین باری بەڕێوبەرایەتی وەزارەتەکان لە کەموکوڕی ڕزگار بکەین و باری ئیداری چاك بکەینەوە، فەساد و شوێنەواری ڕژێم پاك بکرێتەوە، تێ بکۆشین بۆ پەیداکردنی کار و بەرنامەی تایبەتی بە مەبەستی هاندانی گیانی پشتبەخۆبەستن و خۆبەڕێوەبردن.

لەم ڕووە سەرەڕای کەرتی پیشەسازی و وزە، ڕێگاوبان، بازرگانی و کەرتەکانی تر، دەبێ بایەخی هەرە گرنگ بە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بدەین. لەم بوارەدا جگە لە هەر کەرەسەیەکی تەکنۆلۆجی کە بەدەستمانەوەیە یا بەدەستمان دەگات، دەبێ خۆشمان بە توانای خۆمان و بە هێزی بەشەری خۆمان هەوڵ بدەین بۆ پێشخستنی ئەو دوو کەرتە و کەرتەکانی تر.

بەلای ئێمەوە بووژاندنی کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بناغەی بووژاندنەوەی ئابووری هەرێمی کوردستانە. کوردستان دەوڵەمەندە و جوانە و پڕ لە سامانی بە نرخی سەر زەوی و ژێر زەوییە. مرۆڤی کورد بە ڕەنجکێش، کارامە، پشوودرێژ و خوڕاگر ناسراوە. ڕژێم چەندین ساڵە وڵاتی ئێمە وێران دەکات بۆیە دەبێ سەرلەنوێ هەموو شتێك دابمەزرێنینەوە، بە پەروەردە و عەقڵییەتێکی نوێ، بەڵام بە پشوودرێژی و لەسەرخۆ و ژیری و هێمنی، بە عەقڵییەتی زانستییانە و گیانی دیموکراتییانەوە.

**خوشك و برایانی خۆشەویست، ئەندامانی کۆنگرە،**

لە کۆتاییدا دەڵێین سوپاسی بێپایان بۆ خۆڕاگری گەورە و بۆ گەلی کورد کە نەمردین و ئەم ڕۆژەمان دیت؛ ڕۆژی ئازادی و سەرکەوتن. لێرەدا ڕەسەنی توانای پارتی دەردەکەوێ، گەورەیی لەوەدایە پاش شکست هەڵسێتەوە نەك لە ژیاندا تووشی هیچ ناخۆشی و کوسپێك نەبێ.

هەموومان دەزانین کە پارتی تووشی چ پیلانێك بوو لە ساڵی ١٩٧٥ و پاش ئەوەش چەند موحارەبە کرا، بەڵام ئەوا دەبینن پارتی، لە سایەی خوای گەورە و بە هێمنی جەماوەری خۆڕاگر و دەستوبازوی پێشمەرگە قارەمانەکانی و لەسەر هەموو خوێنی شەهیدانەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەڕوات و پیرۆزی لە دوای پیرۆزی بەدەست دێنێ. دڵنیام لە دوای ئەم یەکگرتنە پیرۆزە سەرکەوتنی گەورەتریش بەدەست دێنین.

ئیتر سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان لە سەرووی هەمووان گیانی **بارزانی نەمر**، سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی گەلی عێراق و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی. سڵاو لە خۆڕاگری گەلی کوردی قارەمان کە بە خوێن، ئازادی بەدەستهێنا و ئەمڕۆش بە برسییەتی و نەداری ئەو ئازادییە دەپارێزێ. سڵاو بۆ هەموو منداڵێك، بۆ هەموو ئافرەتێك، بۆ هەموو تێکۆشەرانی ئەم میللەتە قارەمانە.

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی
# پارتی دیموکراتی کوردستان

## لە کۆنگرەی یازدەهمینی پارتی
## کە لە ١٦-٢٦/ئاب/١٩٩٣ دا بەسترا
## بڕیاری لەسەردراوە*

## پرۆگرام

**یەکەم :- پارتی (پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو)**

حزبێکی دیموکراتی جەماوەری پێشکەوتنخوازە، بڕوای بە مافی مرۆڤ و هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافی چارەنووسی گەلان هەیە و لەبەر ڕۆشنایی مێژووی نەتەوەی کورد و تاقیکردنەوەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازەکەی و کەلەپووری نیشتمانی و خەباتی دەوڵەمەندی بارزانی نەمر و سوودوەرگرتن لە تاقیکردنەوەی گەلانی تر خەبات دەکات، بە شێوەیەك کە لەگەڵ واقیعی کوردستاندا بگونجێ.

**دووەم: ئامانجە نەتەوەیی و هەرێمایەتییەکان:-**

أ. پارتی بڕوای بە مافی نەتەوەی کوردی پارچەپارچەکراو هەیە لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆی وەك گشت نەتەوەکانی جیهان.

ب. پارتی خەبات دەکا لە پێناو هێنانەدی حوکمێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدڕاڵی لە عێراق، لەسەر بنچینەی دەستورێکی فیدڕاڵی و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و فرەحزبایەتی و یەکسانی لە بەردەم یاسا و مافی گەلی کوردستانی عێراق لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆی زامن بکا، لەوەی کە پەرلەمانی کوردستان لەم قۆناغەدا بە شێوەی فیدڕاڵیەت لە

چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دیاری کردووە بە پێی ڕاستییە نەتەوەیی و مێژوویی و جوگرافییەکان و دابینکردنی بەشداری گەلی کوردستان لە گشت دامودەزگاکانی حوکمی فیدڕاڵی مەرکەزی و لە دەرکردنی بڕیاری سیاسی عێراقیدا.

**سێیەم:- دیموکراتییەت و بەرقەرابوونی یاسا و مافی مرۆڤ:-**

١. پارتی ئیلتزام بە دیموکراتییەت دەکا وەك ئامانج و ڕێباز و هۆیەك، هەوڵ دەدا بۆ هێنانەدی و گەشەپێدانی. هەروەها ئیلتزام بە فرەحزبی و ئەمدەست و ئەودەستکردنی دەسەڵات دەکا بە شێوەیەکی دیموکراتییانە.
٢. پارتیمان ئیلتزام بە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و گشت بەڵگە و پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی دەکا و سەبارەت بەمەوە، پەیمان دەدا کە کار بکا لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە تیایدا هاتووە و دابینکردنی مافی تاکەکەس و سەربەستییە بنەڕەتییەکان و پاراستنی کەرامەتی.
٣. پارتیمان دژی تیرۆر دەوەستێ و گشت شێوەکانی ئیدانە دەکا جا لەژێر هەر چ پەردە و بیانوویەك بێ و لەهەر لایەنێکەوە بێ.
٤. زامنکردنی ئازادی بیروڕا و دەستێوەرنەدان لە مافی تاکەکەس لە ڕادەربڕین یان ڕاونانی بەهۆی ئەو کارەوە.
٥. ڕێزگرتن لە مەبدەئی بەرقەراربوونی یاسا و یەکسانی لە بەردەمیدا بەبێ جیاوازی.
٦. سزادان کارێکی شەخسییە و هیچ تاوان و سزایەك نابێ بەبێ دەقێکی یاسایی، تۆمەتپێکراو گوناهبار نییە تا بە دادگایەکی یاسایی تاوانبارییەکەی لەسەر ئیسپات دەکرێ کە دەبێ لەم دادگایەشدا مافی بەرگریلەخۆکردنی بۆ زامن بکرێ.
٧. پارتیمان بڕوای بە مەبدەئی جوداکردنەوەی هەر سێ دەسەڵات هەیە و مەبدەئی سەربەخۆی (قضاء) بەپیرۆز دەزانێ و لە یاسا بەولاوە هیچ دەسەڵاتێك لەسەرییەوە نییە.

**چوارەم:- نەتەوەی کورد:**

١. پتەوکردنی پەیوەندی هاوکاری و هاریکاری هاوبەش لە نێوان پارتیمان و گشت پارت و ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردستانییەکان و جالییە کوردییەکان لە دەرەوە و بڵاوکردنەوەی گیانی دیموکراتییەت لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستانیدا،

ئەویش بە پەنابردنە بەر شێوەی حیواری برایانە و دیموکراتییانە، پەسەندنەکردن و ئیدانەکردنی بەکارهێنانی هێز یان پەنابردنە بەر توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و گیروگرفتەکانی ناوخۆی کوردستان.

٢. خەبات دەکەین لە پێناوی هێنانەکایەوەی باشترین پەیوەندی برایەتی و هاوکاری لەگەڵ ئەو گەل و نەتەوانەی کە لەگەڵ نەتەوەی کورددا دەژین.

٣. پارتیمان هەوڵ دەدا بۆ خستنەڕووی کێشەی کورد و باسکردنی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە UN وەك کێشەیەکی بنەڕەتی و ڕەوا لەم ناوچە گرنگەی جیهاندا و دۆزینەوەی شێوەچارەیەکی سیاسی کە نەتەوەی کورد بەهۆیەوە یەك بگرێتەوە و ئەو زوڵمە مێژووییەی لێی کراوە لا ببردرێ.

٤. پارتیمان هەوڵ دەدا ڕۆڵی کورد لە بنیاتنانی شارستانێتی ئیسلامی و عەرەبی و بەرگریکردن لێی لە ناخۆشترین بارودۆخدا بەدیار بخات و چاوپۆشینی حکومەتە ئیسلامی و عەرەبییەکان لە پشتگیریکردنی نەتەوەی کورد لە شالاوی لەناوبردنی زاڵمانەدا کە تووشی هات. بۆیە پارتیمان داوا لە گەلانی ئیسلامی و عەرەبی و حکومەتەکانیان دەکا هەڵوێستی ئیجابییانەی وا بنوێنن کە لەگەڵ ڕۆڵی کورددا بگونجێ.

**پێنجەم:- پەیوەندی نێودەوڵەتی:-**

لە ژێر سایەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا کە پشت بە دیموکراتییەت و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ دەبەستێ، پارتی لە بواری نێودەوڵەتیدا بۆ ئەمانەی خوارەوە کار دەکا :-

أ. ئیلتزام بە مەبدەئ و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا و ڕێزی گشت پەیمان و ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی دەگرێ.

ب. ئەنجامدانی یاسایەکی گونجاو بۆ بواری ئێستای کوردستانی عێراق لە گۆشەنیگای یاسای نێودەوڵەتییەوە سەیری دامودەزگاکانی هەرێم بکرێ وەك دامودەزگایەکی شەرعییانە کە نوێنەری گەلە و بنیاتنانی ڕێگەی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێم تا ئەو کاتەی ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراتی لە عێراقدا دێتە ئارا.

ج. پشتگیریکردنی هەوڵ و تەقەلاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە پسپۆرییەکان و چالاکییە مرۆڤایەتییەکان لە کوردستاندا.

د. ئەوپەڕی هەوڵدان لەپێناو هێنانەکایەی پەیوەندی پتەو لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە پشتگیری کێشەی گەلەکەمانیان کرد، بەتایبەتی لەکاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١ و

كۆڕەوەكەدا.

٥. پتەوكردنی پەیوندی لەگەڵ گشت ئەو پارت و ڕێكخراو كەسایەتییانەدا كە پشتگیریان لە كێشەكەمان كردووە.

**شەشەم:- پەرلەمانی كوردستان و حكومەتی هەرێم:-**

پارتیمان پەرلەمان و حكومەتی هەرێم بە دەستكەوتێكی مێژوویی گرنگ دادەنێ كە پێویستی بە گەشەپێدان و پشتگیری هەیە و هیچ مساوەمەی لەسەر ناكرێ یان دەستی لێ بەرنادرێ، چونكە بەرهەمی شەهیدان و قوربانیدانی گەلەكەمانە و وەدیهێنانی خواستی سەربەستییانەیەتی. تێ دەكۆشێ بۆ پتەوكردن و چەسپاندنی ئەم تاقیكردنەوە دیموكراتییە ساوایە و دەوڵەمەندكردنی بۆ زامنبوونی سەركەوتنی تا دەوری خۆی لە سەر بناغەی مەبدەئی بەرقەراربوونی یاسا و چەسپاندنی ئاسایش و نیزام و گەشەپێدانی ئیدارەكان و بووژاندنەوەی ئابووری هەرێم بە تەواوی ببینێ، بە شێوەیەك كە بەرهەم زیاد بكا و خۆراك دابین بێ و چارەسەری بێكاری و ئاوسان بكا و هەوڵ بدرێ داهات و دەستكەوتنی دارایی حكومەتی هەرێم زیاد ببێ.

**حەوتەم** : پارتیمان هاتنە كایەوەی بەرەی كوردستانی لە ساڵی ١٩٨٨دا بە دەستكەوتێكی نەتەوەیی گرنگ دەژمێرێ كە پیلان و گرەوی دوژمنانی پووچەڵ كردەوە و بەسەركەوتووانە ڕابەرایەتی ڕاپەڕینە مەزنەكەی گەلەكەمانی كرد لە بەهاری ١٩٩١دا و پاشانیش تاقیكردنەوە دیموكراتییانەكەی گەلەكەمان، بۆیە پارتیمان هەوڵ دەدا بۆ چەسپاندن و پتەوكردنی بەرەی كوردستانی وەك بەرجەستەبوونێكی یەكێتی نیشتمانی كوردستانی پیرۆز و گەشەپێدانی كاری بەرەیی لەسەر بناغەی مەبدەئی دیموكراتی.

**هەشتەم:- قوربانییەكانی ئەنفال و شاڵاوەكانی دەربەدەركردن و چەكی كیمیاوی:-**

١. پارتیمان داوای هەڵمەتێكی نیشتمانی و جیهانی فراوان دەكا بۆ ئاشكراكردنی چارەنووسی دەیان هەزار لە ڕۆڵەی بارزانییەكان و فەیلییەكان و قوربانی هێرشی ئەنفالە بەدناوەكان و ئەو زیندانی و شوێنبزربووانەی كە تا ئێستا چارەنووسیان نەزانراوە و بەردانی ئەوانەی كە لەژیاندا ماون و قەرەبووی قوربانییەكان یان خێزانەكانیان بكرێن لەو زیان و زوڵم و ستەمەی دووچاری هاتوون.

٢. تێ دەكۆشین لە پێناو قەدەغەكردنی بەرهەمهێنان و بەكارهێنان و عەمباركردنی چەكی

کیمیاوی و بایۆلۆجی و هەوڵ دەدەین کە ڕۆژی ١٦ی ئادار "ڕۆژی هەڵەبجە"، بکرێ بە ڕۆژێکی جیهانی بۆ قەدەغەکردنی ئەو چەکانە و هاوکاریکردن لەگەڵ قوربانییەکانی ئەو چەکانە لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان.

٣. پارتیمان هەوڵ دەدا بۆ گەڕانەوەی گشت دەربەدەر و ئاوارەکان بۆ شوێنی ئەسڵی خۆیان و قەرەبوی ئەو زیانانەی کە لێیان کەوتووە بخرێنە سەر حکومەتی عێراق، لەوانە مەسەلەی گەڕانەوەی گوندەکانیان و جێ و ڕێوشوێنی دانیشتنیان.

٤. پارتیمان هەوڵ دەدا بۆ گەڕاندنەوەی کوردە فەیلییەکان و ئەوانی تر و ڕەگەزنامەی عێراقییان پێ بدرێتەوە و موڵك وماڵیان بۆ بگەڕێندرێتەوە، ئەو زیانەی لێیان کەوتووە بۆیان بژمێردرێتەوە.

٥. پارتیمان بە توندی نارەزایی دەردەبڕێ دژی هەوڵ و تەقەلاکانی ڕژێمی عێراق بۆ شێواندن و شاردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لە ئێزیدییەکان، پارتیمان تێ دەکۆشێ بۆ نەهێشتنی گشت ئەو کارە ڕەگەزپەرستییانەی لەم بوارەدا دەرحەقیان کراوە.

٦. پارتیمان وا دەبینێ کە چەوساندنەوەی کوردی شەبەك و ئاوارەکردنیان و دەستداگرتن بەسەر موڵك و ماڵیاندا کارێکی ڕەگەزپەرستانەیە بە مەبەستی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتییان بووە، بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵمەی لێیان کراوە.

٧. چەسپاندنی مافی پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ ئەو کوردانەی لە عێراق نیشتەجێ بوونە وەك ئۆمەرییان و گۆیان و هی تر.

**نۆیەم: پێشمەرگە:-**

لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە، پێشمەرگە قەڵغانی گەلی کوردستان بووە و پارێزەری سنووری بووە، هەر ئەوان لە ڕۆژی تەنگانەدا نیشانەی بەرگری بوونە و لە سایەی قوربانیدانی زۆری ئەوان گەلەکەمان توانیویەتی لە بارودۆخی جیاوازدا خۆی ڕاگرێ، بۆیە پارتیمان بەڕێزێکی زۆرەوە دەڕوانێتە ڕۆڵی قارەمانانە و مەزنیان لە ڕەوتی گەلەکەماندا و زۆر بە جیدی هەوڵ دەدا بۆ:

أ. پشتگیری و پیرۆزباییکردنی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی دەدرێ بۆ یەکخستنی ڕیزەکانیان لە وەزارەتی پێشمەرگەدا بۆ بەرگریکردن لە سنووری کوردستان و پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانی گەلەکەمان.

ب. بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانیان بە دەرکردنی یاسا و تەشریعاتی تایبەتی کە باری ئابوورییان بچەسپێنێ.
ج. بایەخدان بە مەشقی پێویست بۆ زیادکردنی لێهاتوویی لەش و توانای شەڕکردنیان و چەسپاندنی مەبدەئی دیسپلین و گوێڕایەڵیی ئەو فەرمانانەی لە تەشکیلات و سەرکردەکانەوە دەردەچن.
د. ڕێزلێنان لە شەهیدان و دابینکردنی یارمەتی بۆ خێزانەکانیان و منداڵەکانیان مافی (افضلیە)تیان بدرێتێ لە بواری زامنی کۆمەڵایەتی و تەندروستی.
ە. بەخێوکردن و ئاگالێبوون لە پێشمەرگە پەککەوتووەکان (سەقەتەکان) و زامنکردنی مافەکانیان.

**دەیەم: خاکە ئازادنەکراوەکانی کوردستان:-**

پارتی زۆر بەڕێزەوە دەڕوانێتە خۆڕاگرتن و موعاناتی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە کەرکوك و خانەقین و مەندەلی و شنگال و شێخان و تەلەعفەر و زومار و ئەو شوێنانەی تر لە خاکی کوردستان کە هێشتا لە ژێر حوکمی دیکتاتۆریدان. پارتیمان ناڕەزایی دەردەبڕێ سەبارەت بە شاڵاوی تەعریب و شێواندنی ئاکاری نەتەوایەتی و گۆڕینی سنوور و پەیوەندییە ئیدارییەکان و تێ دەکۆشێ لە پێناو بەستنەوەی ئەو ناوچانە بە هەرێم و فراوانکردنی ناوچەی پارێزراو تاکو هەموو بگرێتەوە.

**یازدەهەم: کورد لە ناوچەکانی تری عێراق:-**

بەرگریکردن لە مافی ئەو کوردانە کە لە ناوچەکانی تری عێراقدا نیشتەجێن و زامنکردنی بەردەوامبوونی پەیوەندیی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری لەگەڵیاندا.

**دوازدەهەم: کەمە نەتەوەییەکان:-**

پارتیمان بەچاوی ڕێزەوە سەیری هەست و دابونەریتی ئەو نەتەوە و ئاینانە دەکا کە لەگەڵ کورد، لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەژین وەك تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئەرمەن و هی تر، ڕێز لە تایبەتمەندێتی نەتەوەیی و ئاینی دەگرێ و هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی بە چاکی مومارەسەی مافی ڕۆشنبیری و ئیداری خۆیان بکەن و بەشداری لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمدا بکەن و دەربەدەرەکانیان بگەڕێنەوە شوێنی ئەسڵی خۆیان.

**سێزدەهەم: لایەنی ئابووری و دارایی:-**

هەر چەندە عێراق بە سامانی سروشتی و بەشەری وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام سیاسەتی ڕژێمی بەغدا باری ئابووری گەیاندە بارێکی زۆر شپرزە، کە گەلی عێراق زۆر بە گرانی نرخەکەی دەدا، دووچاری کەموکوڕی بووە لە خۆراك و داودەرمان و دەرفەتی ئیشوکار، ئابوورییەکەی تووشی سستی و ئاوسان و بێکاری و پاشاگەردانی بووە و بە دەیان ملیار دۆلار قەرزاری دەرەوەیە، ئەوە جگە لەو ئابڵۆقە ئابوورییەی نێودەوڵەتی کە بەسەر عێراقدا سەپێندراوە، لە پاش ئەو موغامەرەیەی ڕژێم بۆ داگیرکردنی کوێت، هەروەها ئەو ئابلۆقە ئابوورییە کە ڕژێمی عێراق بەسەر کوردستانی سەپاندووە کە هەر لە ئەسڵدا ژێرخانی ئابووری عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی پیشان دەدا، بۆیە پارتیمان ئەمانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو :

١. چارەسەری گیروگرفتی ئاڵۆزی ئابووری لەعێراقدا ناکرێ لەگەڵ مانەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری و ڕێبازی سەربازییانەی کە سامانی گەل بەفیڕۆ دەدا بەبێ گۆڕانکاری، لەگەڵ پێویستی هێنانەکایەی حوکمێکی دیموکراتی کە سیاسەتێك ئابووری هۆشمەندانە بگرێتە بەر و سامانی وڵات تیایدا بۆ بەرژەوەندی گەل تەرخان بکرێ و عێراق بگەڕێنێتەوە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر نەهێڵێ.

٢. لەبەر تایبەتمەندی باری هەرێمی کوردستان لە عێراق، پارتیمان تێ دەکۆشێ لە پێناو:

أ. وەدەرخستنی هەرێمی کوردستان لە ئابڵۆقەی نێودەوڵەتی سەپێندراو بە سەر عێراقدا.

ب. هەوڵ و تەقەلای نێودەوڵەتی زێتر بکرێ بۆ ئەوەی ڕژێمی بەغدا ناچار بکرێ ئەو ئابڵۆقە ئابوورییە هەڵبگرێ کە بەسەر هەرێمی سەپاندووە.

ج. پشتگیری ئابووری نێودەوڵەتی بۆ هەرێم زێتر بکرێ و هەوڵ بدرێ ئەو یارمەتییانە لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمەوە بگات.

د. پێویستە شێوەیەکی هاوبەش بدۆزرێتەوە بۆ کاری ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و بەپێی پێویستی گەل هەوڵ و تەقەلاکانیان سوودبەخش بێت.

ە. حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی ئابووری وا ئاشکرا و دیراسەکراو بگرێتە بەر کە ڕێز لە چالاکی ئابووری تایبەت بگرێ و ماوەی پێ بدرێ کە ڕۆڵی خۆی بە باشی ببینێ لە

خولّقاندنی حالّەتێك لە پەرەپێدان و گەشەسەندنی ئابووری کە هاوشان بێ لەگەڵ چالاکی حکومەتی هەرێم لە بواری ئابووریدا بۆ دانانی سەرەتایەکی ڕێکوپێك بۆ گەشەسەندنێکی فراوانی ئابووری کە ببێتە زامنێ بۆ وەبەرهەمهێنانی گشت سامان و تواناکانی کە لەبەردەستدایە و ببێتە هۆی زیادبوونی داهاتی نەتەوەیی و بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵك و موستەهلیك بپارێزێ لە حالّەتی چەوسانەوە و یاریکردن بە بژێوی گەل.

و. پشتگیریکردن و بەچالاکیخستنی لقی بانقی مەرکەزی لە هەرێم بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی خۆی لە گەڕانەوەی چالاکی بۆ بانقە بازرگانی و پسپۆڕییەکانی هەرێم ببینێ تاکو ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن لە داڕشتنی سیاسەتێکی دراوی و (ائتمانی) ڕێکدا و ببێتە هۆی زامنکردنی خولّقاندنی بارێکی چەسپاو بۆ پارەی بیانی، هەروەها بەشداری لە (تعبئه) و ئاراستە کردنی پاشەکەوتی خەڵك بکا بەرەو ئەو چالاکییە ئابوورییانەی کە خزمەتی هەرێم دەکەن.

ح- بایەخدان بە گیروگرفتی بێکاری بە تایبەت لە نێو لاواندا و هەوڵ بدرێ دەرفەتی ئیشوکاریان بۆ بدۆزرێتەوە.

ز- هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و گەشەپێدانی داهاتەکانی هەرێم و دەستبەسەرداگرتنیان بە تایبەت داهاتەکانی گومرگ، بە داڕشتنی یاساکانی چۆنیەتی ڕێوڕەسمی گومرگ، وەدەستهێنان و ڕێکوپێکبوونی بەڕێوەبردن و لەناوبردنی دیاردەی خۆشاردنەوە لە دانی باج و بایەخدان بە پرۆسەی (ترانزێت) بۆ دەرەوەی هەرێم و بووژاندنەوەی.

**أ. کشتوکاڵ:-**

پارتیمان دەڕوانێتە کشتوکاڵ وەك یەکێك لە کەرتە ئابوورییە بەرهەمهێنەرە گرنگەکانی هەرێم، بۆیە بایەخێکی زۆر گرنگی پێ درابوو بۆ پەرەپێدان و نوێکردنەوە و تەواوکردنی بەمەکینەکردنی و دابینکردنی گشت پێداویستییەکان و چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشە و کۆسپ و تەگەرانەی دێنە ڕێگەی:

١. دانانی دیراسەیەکی فراوان و ورد و ڕێك بۆ کێشەی زەوی لە کوردستان لە پێناو یاسایەك کە مافی جوتیار و خاوەنموڵك بپارێزێ بە شێوەیەك کە چەسپاندنی موڵکایەتی کشتوکاڵی زامن بکا و ببێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی و پەرەپێدانی، بە مەبەستی هێنانەدی ئەمنی خۆراکی و زیادبوونی داهاتی هەرێم.

٢. سوودوەرگرتن لە ئاو بەشێوەیەك ببێتە هۆی زامنکردنی زیادبوونی ئەو ڕووبەرانـەی کە ئاو دەدرێن و زیادبوونی بەرهەمهێنان و پاراستنی ڕووبارەکان و نەهێڵدرێ خـاك دارِمێ.
٣. خزمـەتگوزاری کۆمەڵایـەتی و تەندروسـتی و پـەروەردەیی و کشـتوکاڵی و بناغـەی ستوونییەکان (البنى الارتكازيه) لە لادێ دابین بکرێ و جوتیارەکـان هـان بـدرێن بـۆ ئـەوەی بـۆ گونـدەکانیان بگەڕێنـەوە بـۆ پشـتگیریکردن لـە پڕۆسـەی بنیاتنانـەوەی کوردستان.
٤. بایەخدان بە سامانی ڕووەکـی وەك دانەوێڵـە و بـەروبوومی پیشەسـازی و زەیتـی و بێستان و دارستان و لەوەڕ و گیایە پزیشکییەکان.
٥. بایەخدان بە سامانی ئاژەڵی وەك مانگـا و مـەڕ و پەلـەوەر و ماسـی و پەرەپێـدان و زیادکردنیان و دابینکردنی خزمەتگوزاری بەیتەریی پێویست بۆیان.

**ب. پیشەسازی:-**

١. بەکارخستنەوەی ئەو کارگانەی هەیـە و مـەوادی یـەدەك و کەرەسـتەی خاویـان بـۆ دابین بکرێ و پەرەیان پـێ بـدرێ و بایەخـدانێکی تایبـەتی بـە کارگـەی چیمـەنتۆ و گەچ و (مقـالع)ەکـان بـدرێ، لەبـەر ئـەو ڕۆڵـەی کـە لـە بنیاتنانـەوەی کوردسـتاندا دەیبینن.
٢. دامەزراندنی پڕۆژەی پیشەسازی (سـوك و قـورس) ئەوانـەی کـە نییـە و کەرەسـتەی خاویان لە هەرێمدا دەست دەکەوێ، وەك زەیت و سابوون و بەرهەمەکانی شـیر و خەڵووزی بەردی و داودەرمان.
٣. هاندانی ئیستیسماراتی پێشەسازی.
٤. کارکردن لە پێناو ئیستیسماری سامانی نەوتی و بەپیشەسازیکردنی.
٥. هانــدانی پیشەســازییە دەســتی و پیشــەییەکان ئەوانــەی مــۆرکی نەتــەوەیی و مەحەلییان هەیە.
٦. بایەخـدان بـە سـەرچاوەی بەرهـەمهێنانی وزەی کـارەبـا و چـاککردن و پاراسـتنی تۆڕەکـانی بـە شـێوەیەك کـە بـۆ گشـت دانیشـتووانی هـەرێم لـە تـۆڕێکی تـەواو ڕێکوپێکدا دابین بکرێ.

**ج. سامانە سروشتییەکان:-**

أ. نەوت و کانـەکان: گـەلی کوردسـتان بـۆی هەیـە سـامانەکانی نـاو خـاکی هـەرێمی

کوردستان لەوانە نەوت و کانەکانیشی ئیستیسمار بکا.

ب. سەرچاوە ئاوییەکان: زۆربەی ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانە عێراقیش لە خاکی کوردستانەوە هەڵ دەقوڵێ، کە ئەویش سامانێکی نەتەوەیییە و ناکرێ زیانی پێ بگەیەندرێ و بایەخێکی زۆری هەیە کە لەم سەردەمەی ئێستاماندا دەگاتە بایەخی نەوت، گەلی کوردستانیش مافی سەرەکیی هەیە لە بەکارهێنانیدا.

**چواردەهەم: ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:-**

١. ئەوپەڕی بایەخدان بە بنیاتنانەوەی گوندە تێکدراوەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بۆیان.

٢. دیراسەکردنی کێشەی خانووبەرە و دۆزینەوەی چارەسەری لەبار بۆ ئەم کێشەیە و پەسەندکردنی فراوانبوونی ستوونی لە شارەکان لەم بوارەدا.

**پازدەهەم: شارەوانییەکان و گەشتوگوزار:-**

١. پێویستە هەوڵ بدرێ خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی پەرەی پێ بدرێ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بۆ پاراستنی پاکوخاوێنی ناوچە نیشتەجێیەکان و پاراستنی جوانییەکەی و بیئەی کوردستان لەپیسبوون و چاوپێداخشاندنەوەیەك بە نەخشە بنەڕەتییەکانی شار و شارۆچکەکان بە پێی ئەندازەی زانستە نوێیەکان و دوور لە ئامانجە عەسکەری و ئەمنییەکانی پێشووی ڕژێم.

٢. زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی بزووتنەوەی گەشتوگوزار لە کوردستان و پەرەپێدانی لە ڕێگەی بایەخدان بە دامودەزگاکانی گەشتوگوزار و شوێنە ئەسەرییەکان و پاراستنیان و پێناساندنیان لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە.

**شازدەهەم: پەیوەندی و گەیاندن و گواستنەوە و ڕێگاکان :-**

١. لەبەر گرنگی پەیوەندیکردن بە تەل و بێتەل لە بە یەکتریگرێدانی ناوچەکانی هەرێم بە یەکەوە و لەگەڵ جیهانی دەرەوەش، بۆیە پێویستە بایەخ بدرێ بە دروستکردنی تۆڕی پەیوەندیکردنی ناوخۆ و بایەخدان بەو تۆڕانەی لە ناو شارەکاندا هەن و فراوانکردنیان، ئەویش لە ڕێگەی دامەزراندنی بەدالەی نوێ لەشارە گەورەکان و قەزایەکانەوە دەبێ، هەروەها بایەخدان بە پۆستەی ناوەوە و دەرەوە و کردنەوەی مەڵبەندی پۆستەیی نوێ لەو ناوچانەی کە تیایاندا نییە و بایەخدان بە مەڵبەندەکانی چاودێریی کەش و هەوا

(الانواء الجويه) و پەرەپێدانی.

٢. بایەخدان بە هۆیە جۆراوجۆرەكانی گواستنەوەی خەڵك و شتومەك لـە نێـوان شـارەكانی هەرێمدا.

٣. بایەخدان بە ڕێگاوبان و پردەكان بە تایبەتی سەرەكییەكان ئەوانەی كە هەرێم بـە وڵاتـە دراوسێكانەوە دەبەستێتەوە و پاراستن و پەرەپێدانیان.

**حەڤدەهەم: پەروەردە و فێركردنی باڵا:-**

بۆ چارەسەركردنی سیاسـەتە پەروەردەییـە ڕەگەزپەرسـت و شـۆڤینییەكانی ڕژێـم، پـارتی بـە پێویستی دەزانێ كە سیاسەتێكی پـەروەردەیی بنیاتنـەر دابڕێـژرێ بـە مەبەسـتی نەهێشـتنی شوێنەواری ئەو سیاسەتانەی پێشـو لـە لایـەك و لـە لایـەكی تـریش بـۆ بنیاتنانـەوەی كـەرتی پەروەردە و فێركردن لە باخچەی ساوایانەوە بگرە تـا دەگاتـە زانكـۆ و خوێنـدنی بـاڵا لەسـەر بناغەی زانستی و پەروەردەیی ڕاست و دروست لە ڕێگەی:

١. چاوپێخشاندنەوەیەكی تەواو بە گشت پرۆگـرام و كتێـب و مادەكـانی خوێنـدن و گیـانی كوردایەتی و بەهای ڕەسەنایەتی گەلەكەمانیان پێ بدرێ كە لەگەڵ پێشكەوتنی زانسـتی و تەكنیكی و شارستانیدا هاوشان بێ.

٢. بایەخ بە كەلەپوور و ڕۆشنبیری و مێژوو و جوگرافیای كوردی بدرێ.

٣. بایەخدان بە دەستەكانی فێركردن و خوێندن لە ڕێگەی دابینكردنی گـوزەرانی لێوەشـاوە بۆیـان و پتـەوكردنی مەركـەزی كۆمەڵایـەتییان كـە شـیاوی ئـەو دەورە زانسـتی و پەروەردەییە بێ كە دەیبینن.

٤. بایـەخێكی تایبـەتی بـە زانكـۆ و ئامۆژگـا و مامۆسـتا و كـادرە زانسـتییەكان بـدرێ و پێداویستییەكانی لێكۆڵینەوەی زانستییان بۆ دابین بكرێ و كـەش و هەوایـەكی لـەباریان بۆ بڕەخسێندرێ بۆ داهێنـان و پێشـكەوتن و حەسـانەیان هـەبێ و ڕێـز لـە حورمـەت و سەربەخۆیی زانكۆكان بگیرێ و دەست نەخرێتە ناو كاروباریان، بـۆ ئەنجامـدانی دەوری زانستی و شارستانێتی و ڕۆشنبیرییان لە كۆمەڵدا.

٥. هەوڵ بدرێ خاوە كەفائەتـە زانسـتییەكان بـۆ هـەرێم بگەڕێنـەوە بـۆ بەشـداریكردن لـە ڕەوتی زانستیدا.

٦. پشتگیریكردن لە توێژینەوە و دیراساتی زانستی، ئەویش لە ڕێگـەی ئەنجامـدانی كـۆڕ و كۆنگرەی زانستی و ڕێگەئاسانكردن بۆ بەشداریكردنی مامۆستاكان لـە كـۆنگرە زانسـتییە

جیهانییەکان.

7. هەوڵ بدرێ کۆڕی زانیاری کوردستانی دابمەزرێندرێ.
8. هەوڵ بدرێ زەمالات و ناردنە دەرەوە بۆ مامۆستایان و قوتابییە زیرەکەکان دابین بکرێ، ئەویش بە مەبدەئی یەکسانی دابەش بکرێ.
9. هەوڵ بدرێ کورسیی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێم تەرخان بکرێ بۆ قوتابیانی کورد لە دەرەوەی هەرێم.

**هەژدەهەم: قوتابیان و لاوان:-**

پارتی بڕوای بە لاوان هەیە کە کۆڵەگەی کۆمەڵن و لە سەر دەستی ئەوان دواڕۆژی کوردستان بنیان دەنرێ، بۆیە پێویستە :

1. بایەخدان بە ئامادەکردن و پەروەردەکردنی ئارەزووەکانیان، بواری ڕۆشنبیری و زانستییەکانیان بۆ بڕەخسێندرێ بۆ ئەوەی توانایان پەرەبسێنێ و بەهرەیان قاڵ بێتەوە و یارمەتی داهێنەرەکانیان بدرێ، کردنەوەی یانە و یاریگە و مەلەوانگە وەرزشییەکان و مەڵبەندە زانستییەکانیان بۆ زیاد بکرێ.
2. هەوڵ بدرێ باری گوزەران و خوێندنی قوتابیان باش بکرێ و بەشی ناوخۆییان بۆ دابین بکرێ و ئەوانەی خوێندنیان تەواو کردووە کاریان بۆ بدۆزرێتەوە.

**نوزدەهەم: تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:-**

پارتیمان بە پێویستی دەزانێ کە زێتر بایەخ بە چاودێری تەندروستی بدرێ بە گشت جۆرەکانیەوە بە خۆپاراستن و چارەسەرکردنیەوە لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستی و کادیری پزیشکی و تەندروستییەکان و زیادکردنی نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستییەکان و عیادە میللییەکان و بەشێوەیەکی عادیلانە لەسەر شوێنەکاندا دابەش بکرێ، بە شێوەیەك خزمەتگوزاری گشت هاووڵاتییانی هەرێم بن. هەروەها داوا دەکا هۆشیاری تەندروستی بەرز بکرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی دانانی پرۆگرامی هەمەجۆر لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا. بایەخ بە دایك و منداڵ بدرێ و ئاگالێبوون لە سەقەت و بەساڵاچووان لە ڕێگەی مەڵبەندەکانی تەئهیل، چاودێری کۆمەڵایەتی و تەئمینی تەندروستی و بایەخدان بە دابینکردنی داوودەرمان و هەوڵ و کۆششکردن بۆ خوڵقاندنی سەرەتایەك بۆ پیشەسازی داوودەرمانی ناوخۆیی.

**بیست: ئافرەت:-**

لە کۆنەوە کۆمەڵگای کوردی بەوە ناسراوە کە ڕێز لە ئافرەت و ڕۆڵی ئیجابییانەی لە کۆمەڵگادا دەگرێ. بۆیە پارتیمان بەو چاوە سەیری ئافرەت دەکا کە نیوەی کۆمەڵە و پێویستە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەوری خۆی ئەنجام بدات. پارتیمان لە ڕوانگەی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە ئافرەت لە بنیاتنانی خێزان و کۆمەڵدا دەیبینێ، کۆشش دەکا لە پێناوی:

١. مافی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تەواوی خۆی هەبێ، بە یاساش ئەم مافانە زامن بکرێن.
٢. ڕۆڵی لە ناو پارتی و ڕێکخراو و چالاکییەکانیدا زێتر بکرێ.

**بیست و یەك: ئیسلام و کاروباری ئاینی:-**

أ. بایەخدان بە ئاینی ئیسلامی پیرۆز و ئەو کەلەپوورەی کە بە درێژایی سەدەکان ڕۆشنبیریی کوردی دەوڵەمەند کردووە و ڕێزگرتن لە زانایان و پیاوانی ئاین و شوێنی کۆمەڵایەتییان و باشترکردنی باری گوزەرانیان و دابینکردنی پێداویستییەکانی چالاکی ئاینی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بۆ خزمەتکردنی گەلەکەیان و پێشکەوتنی کێشە مرۆڤایەتییە عادیلانەکەیان و کۆششکردن بۆ چاودێریکردن و پەرەپێدانی ئامۆژگا و قوتابخانە و کۆلێجە ئاینییەکان و بنیاتنانەوەی ئەوانەی ڕژێمی فاشی تێکی داون لە مزگەوت و شوێنە ئاینییە ئیسلامییەکان.

ب. ڕێزگرتن لە هەست و دابونەریت و شەعائری گشت تایەفە ئاینی و مەزهەبییەکان و بایەخدان بە شوێنە پیرۆزە تایبەتییەکانیان و حورمەتگرتنی ئەو شوێنانە و بنیاتنانەوەی ئەوەی کە ڕژێم وێرانی کردوون، وەك کڵێسە مێژووییەکان و شوێنی تری خواپەرستی بە تایبەتی ئەو جێگایانەی کە ئاسەواری مێژوویی ناسراویان هەیە و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی گیانی تەبایی (سنگفراوانی ـ التسامح)ی ئاینی بۆ پتەوکردنی برایەتی و خۆشەویستی هاوکاری.

**بیست و دووەم: ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە:-**

پارتی بڕوای بە ئازادی بڵاوکردنەوە و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن هەیە لە ڕێگەی بیستراو و بینراو و خوێندراوە و تەئکید لەسەر ڕۆڵی کاریگەریان دەکا لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و دەستنیشانکردنی شوێنی کەموکورتییەکان و گەیاندنی دەنگی

گەلەکەمان بە جیهان، بۆیە هەوڵ دەدا بۆ:

أ. چالاککردنی ڕۆڵی هۆیە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن.
ب. پەیڕەو کردنی مەوزوعیەت و ڕەخنەی بنیاتنەر لە بابەتەکانیدا و دوورکەوتنەوە لە شێوەی موزایەدات و بریندارکردن و شتی پڕوپووچ.
ج. ڕێکخستنی کەرتی ئاگاداری بیناو و بیستراو بە شێوەیەك کە لەگەڵ مەبدەئی دیموکراتییەتدا بگونجێ و دوورکەوتنەوە لە زێدەخەرجی و لە پەرشوبڵاوکردنی سامان و توانا.
د. بەهێزکردنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان و لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ناوخۆیی پشت بەو ببەسترێ.
و. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی چاپکردنی کوردی و یارمەتیدانی ئەو چاپخانانەی کە لە کوردستاندا هەن.
ز. بەزووترین کات کتێبخانەی نیشتمانی کوردستان دامەزرێندرێ.
ك. بایەخدان بە دەستنووسە کۆن و بەنرخەکانی کوردی.
ل. ئەوپەڕی بایەخدان بە زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردی لە ڕێگەی مۆزەخانەیەکی نیشتمانی کوردستانی و چالاکینواندنی زیاتر لە پرۆسەی بەدواگەڕانی شوێنەواره کۆنەکان و زێتر هەوڵ بدرێ بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئاسارانەی کە گواستراونەتەوە یان دزراون و ناسنامەی نەتەوایەتییان پێ بدرێتەوە بۆ ئەو ئاسارە کوردییانەی کە ناسنامەکەیان شێواندراوە و یاسایەك دەربکرێ بۆ پاراستنی ئەو ئاسارانە.
ت. هەوڵدان بۆ پشتگیریکردنی بەرهەمە داهێنەرەکانی هونەرمەندانی شانۆ و سینەمای کوردستانی و زێتر یارمەتی بدرێت بۆ دیارخستنی ناسنامەی شانۆ و سینەمای کوردستان.

**بیست و سێیەم: یەکێتی و نەقابە و کۆمەڵە پیشەییەکانی کوردستان:-**

پارتی بڕوای بە ڕۆڵی کاریگەری ئەو ڕێکخراوە جەماوەرییانە هەیە و کۆشش دەکا بۆ زێترکردنی ئەو ڕۆڵە، ئەویش لە ڕێگەی پشتگیریکردن و یەکخستنی هەوڵ و تەقەلایان لە سەر بناغەی یەك ڕێکخراو بۆ کەرتی یەکپیشەیی و پەیڕەوکردنی مەبدەئی دیموکراتییەت لە هەڵبژاردنی سەرکردەکانیدا.

**بیست و چوارەم: هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:-**

پارتی بڕوای وایە کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (ئاسایش، پۆلیس، جنسییە و کاروباری شارستانییەت، پۆلیسی هاتوچۆ، سنوور، گومرگ، بەرگری مەدەنی) ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پاراستنی هاووڵاتییان و موڵك و ماڵ و ئازادییان و بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و زامنکردنی بەرقەرابوونی یاسا و عەدالەت و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، بۆیە هەوڵ دەدا بۆ :

١. پشتگیریکردنی ئەو هێزانە و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و مەشق و توانایان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەوری خۆیان ببینن.
٢. کردنەوەی قوتابخانە و ئامۆژگار و کۆلێجی تایبەت بەوان و کردنەوەی خولی مەشقکردن بۆ ئەوەی توانا و ئاستیان بەرز بێتەوە.
٣. باشکردنی باری ژیان و گوزەرانیان.

**بیست و پێنجەم: دەوروبەر (البیئة):-**

١. سیاسەتە شۆڤینییەکانی ڕژێم لە بواری دەوروبەریشدا کوردستانی گرتووەتەوە، بۆیە گەڕاندنەوەی سەوزایی بۆ کوردستانی جوان ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتییە. پارتی هەوڵ دەدا بۆ ئەم مەبەستە بڕیارەکانی "کۆنگرەی هێلسنکی" جێبەجێ بکرێن کە تایبەتە بە پاراستنی دەوروبەر لە پیسبوون و شوێنی پاراستن بکرێتەوە بۆ ئەو زیندەوەرانەی مەترسی لەناوچوونیان لێ دەکرێ و یاسای تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دەر بکرێ.
٢. زیندووکردنەوەی دارستانە سروشتییەکان و لەوەڕگا و بێستانەکان و پاراستنیان لە سووتان و بڕینەوە و هەوڵ بدرێ ڕووەك زۆر بکرێتەوە. نەهێشتنی زەوی بوون بە بیابان (التصحر) و داخورانی خاك (التعریة).
٣. هەڵگرتنی دروشمی (لەپێناو کوردستانێکی بێ مین) و پشتگیریکردن و فراوانکردنی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی لەم بوارەدا دەدرێن.

# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی یەکەم

## پارتی

### مادەی ١

### سروشتی پارتی

پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو، پارتێکی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی جەماوەرییە، لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانی ئەو خەڵکە دیموکراتخوازە هاوئامانجانە پێك هاتووە کە بەرنامە و پەیڕەوەی ناوخۆی پارتییان پەسەند کردووە و لەڕیزەکانی پێشەوەی جەماوەردا و بەپێی پلانی واقیعیی وەرگیراو لە مێژووی نەتەوەی کورد و تاقیکردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و کەلەپووری نیشتمانی و خەباتگێڕانەی بارزانی نەمر، بۆ بەجێهێنانی ستراتیژیی پارتی خەبات دەکەن و کەڵك لە تاقیکردنەوەی گەلانی دیکە بە چەشنێك وەردەگرن کە لە گەڵ بارودۆخی کوردستانی عێراق و ئاواتەکانی گەلەکەیدا بگونجێ.

### مادەی ٢

### پرەنسیپەکانی پارتی لە ڕێکخستندا

پارتی لە ڕێکخستندا لە سەر ئەم پرەنسیپانە دامەزراوە:

١. پشتبەست بە پرەنسیپی هەڵبژاردن لە پێکهێنانی لێژنەکانی پارتیدا لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنییەوە.
٢. دەستەکانی خوارەوە بە فەرمانی بڕیار و ڕێنوێنییەکانی دەستەکانی سەرووتر دەبن و جێبەجێیان دەکەن و مافی ئەوەشیان هەیە بە بەڵگەی پێسەلمێنەرەوە، بۆچوون و سەرنجی خۆیان دەربڕن.
٣. بڕیار، بە تاکەکەس نادرێ، کاتێ کە ئەو بڕیارە لە دەسەڵاتی دەستەیەك یان لێژنەیەك یان ڕێکخراوێکدایە بەبێ ئەوەی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی تاکەکەس بەلاوە بنرێ.
٤. بڕیاردان بەگوێرەی پرەنسیپی ڕاوێژکاری و ڕاگۆڕینەوە و تاوتوێکردن و گفتوگۆکردن دەبێ و کەمایەتی بە فەرمانی زۆربە دەبێ.
٥. ئامادەبوون بۆ قەبوڵکردنی ڕاستوێژی و دانانی بە هەڵەدا.

٦. دەستنیشان کردنی ئەو چەوتییانەی لە بیر و پراکتیك و هەڵوێستدا دەنوێنرێن و پێویستە لە ناو دەستەکاندا پارتییان تێدا ئاگادار بکرێتەوە نەك لە دەرەوەیان و نەك بۆ ناوزڕاندن و لەکەدارکردن.
٧. بەخۆداچوونەوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و بۆچوونی کەسایەتی (شخصی) و کۆششکردن لە پێناو ڕاستکردنەوەی هەر چەوتییەکی لەو بۆچوونانەدا هەبێ.
٨. پابەندبوون بە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان (تكافؤ الفرص).

## بەشی دووەم
## هاتنە ریزی پارتی
## ماددەی ٣

**یەکەم: پاڵاوتن:**

أ. **ڕێوشوێن و مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ ئەندامەتی دەبێ پاڵێورا و ئەم مەرجانەی تێدا بێ :**
١. نابێ تەمەنی لە ١٧ ساڵ کەمتر بێ.
٢. ڕابردووی پاك و ناوبانگی باش بێ.
٣. دوو ئەندامی پارتی کە بەلایەنی کەمەوە ساڵێك پتر بەسەر ئەندامەتییان لە پارتیدا تێپەڕ بووبێ، پشتگیری لە پاڵاوتنی بکەن.
٤. بە نووسین داوای هاتنەڕێزی پارتی بکا.
٥. داوانامە لەلایەن شانەی ئەندامانەوە بۆ لێژنەی ڕێکخراو دەنێردرێ و هەروەها ڕاسپاردەی خۆی و ڕاسپاردەی شانەی سەرەکی لە سەر ئیستمارەیەکی تایبەت بەم مەبەستە دەنووسێ، بۆ ئەوەی لێژنەی ڕێکخراو بڕیاری لەبارەوە بدا.
٦. لەکاتی ڕەتکردنەوەی داواکاریی پاڵاوتن مافی ناڕەزایی دەربڕینی هەیە لەلای لێژنەی سەرووتر و بڕیاری ئەم لێژنەیەش یەکلاکەرەوەیە.
٧. نابێ ماوەی پاڵاوتن لە شەش مانگ کەمتر بێ.
٨. لە یەکێ لە شانەکاندا ڕێك بخرێ.

**ب. ئەرك و مافی پاڵێوراو:**

**یەکەم: ئەرکەکانی:**

١. دەبێ بە ڕێکوپێکی ئامادەی کۆبوونەوەکانی پارتی بێ.
٢. دەبێ هەوڵی حاڵیبوون لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و مێژووی خەباتگێڕانەی پارتی

بدا.

٣. نهێنییەکانی پارتی بپارێزێ.
٤. ئابوونەوەی مانگانە بە ڕێکوپێکی بدا.
٥. ئەو ئەرکانەی پێی دەسپێردرێ جێبەجێیان بکات.
٦. بڵاوکراوەکانی پارتی بخوێنێتەوە و ئاگاداریان بێ.

**دووەم: مافەکانی:**

١. پاڵێوراو دەتوانێ بە گوێرەی ئەم پەیڕەوە سەرنج و پێشنیار و پرسیاری خۆی دەربڕێ.
٢. پاڵێوراو بۆی هەیە لە خولی خوێندن و مەشق پێکردنی تایبەت بە پاڵێوراوان بەشداری بکا.
٣. پاڵێوراو بەر لەوە ببێ بە ئەندام مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنی بۆ بەرپرسیاریەتی نییە.

**دووەم: ئەندامەتی:**

**١. دەبێ ئەندام ئەم مەرجانەی تێدا بێ:**

أ. ماوەی پاڵاوتنی بەسەر بردبێ و پێداویستییەکانی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کردبێ.
ب. تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
ج. دەبێ لە یەکێ لە شانەکانی یان لێژنەکانی پارتیدا ڕێك خرا بێ.
د. ئابوونەی بڕیارلەسەردراو بە ڕێکوپێکی بدا.

**٢. ئەرك و مافی ئەندام:**

أ. **ئەرکەکانی:** پێویستە ئەندام:

١. بۆ بەدیهێنانی بەرنامەی پارتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ خەبات بکا و بۆ ڕاپەڕاندنی بڕیارەکانی پارتی کار بکات.
٢. خۆ بە دیسپلینی پارتییەوە بگرێ و یەکێتی بیروباوەڕ و ڕێکخراوەیی و نهێنییەکانی پارتی بپارێزێ.
٣. پەرە بە ڕادە و ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری خۆی بدات.
٤. بەم پەیڕەوە کار بکا و خۆ (التزام) بە پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی پارتییەوە بگرێ.
٥. پەیوەندی بە سەرجەم دەستە و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی گەلەوە پتەو بکات و ڕێز لە

نەریت و ڕێوڕەسمیان بگرێ و سیاسەتی پارتییان لە هەموو بوارەکاندا پێ ڕابگەیەنێ و داکۆکی لێ بکا.

٦. نابێ بەبێ پرسی پارتی شار و کار و ڕێکخراوەکەی بەجێ بهێڵێ و بێ ڕەزامەندی پارتی لە هەرێم بچێتە دەرەوە.

**ب. مافەکان: ئەندام ئەم مافانەی هەیە:**

١. مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنی بۆ هەموو لێژنەیەکی پارتی هەیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٢. لە کاتی پێویستیدا داوای یارمەتی لە پارتی بکا.

٣. ئەگەر لە ئەنجامی خەباتی لە پارتیدا، تووشی گیران و دوورخستنەوە بێ، ئەوا مافی یارمەتیوەرگرتنی لە پارتی بەپێی توانا هەیە.

**سێیەم: کادیر:**

أ. **پێناسەی کادیر** : ئەو ئەندامە خۆتەرخانکردووەی پارتی کە هەموو سەنگ و توانا و چالاکیی خۆی بۆ خزمەتکردنی پارتی دەخاتە کار و بەپێی پەیڕەوێکی تایبەت بە کادیرانەوە، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە، بەرپرسیاریەتی بۆ دیار دەکرێ.

ب. **مەرجەکانی بوون بەکادیر:**

دەبێ کادیر ئەم مەرجانەی تێدا بێ:

١. ماوەی ئەندامەتی لە پارتیدا چوار ساڵ کەمتر نەبێ.

٢. دەرچووی دەورەی پەیمانگای کادیرانی پارتی بێ.

٣. لە ئەندامە هەڵکەوتووەکانی پارتی بێ لە ڕووی بیر و ئاکار و کردەوەوە.

**ج. ماف و ئەرکەکانی کادیر:**

کادیر ئەم مافە و بەرپرسیارێتییانەی هەیە و دەکەوێتە ئەستۆی :

١. پارتی بەپێی پەیڕەوێکی کۆمیتەی ناوەندییەوە، مووچە بۆ کادیرانی خۆی دەبڕێتەوە بە جۆرێ لەگەڵ پلە و پایە و بەرپرسیارێتییان لەناو پارتیدا بگونجێ.

٢. پارتی لە کاتی پەککەوتن و بەساڵداچوونی کادیراندا، کۆمەکەیان دەکا و مووچەیەکی هەمیشەییان بۆ دەبڕێتەوە و چاوی لە میراتگرە شەرعییەکانیان دەبێ.

٣. کادیر دەبێ بەردەوام پەرە بە ڕۆشنبیری و لێهاتوویی خۆی بدا.

٤. هەر ماف و بەرپرسیارییەکی تر کە لە پەیڕەوی تایبەت بە کادیراندا هاتبێ.

## بەشی سێیەم
## پەیکەری پارتی
## ماددەی ٤

لە خوارەوە بۆ سەرەوە پارتی بەم شێوەیە دادەمەزرێ :

شانە، شانەی سەرەکی، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفرانس و کۆنگرە.

ئەم بنیاتە لەسەر ئەو پرەنسیپە ڕێکخراوەییانە دادەمەزرێ کە لە مادەی (٣)ی ئەم پەیڕەوەدا هاتوون.

## بەشی چوارەم
## ڕێکخراوەکانی پارتی: ئەرك و دەسەڵاتەکانیان
## ماددەی ٥

**یەکەم: شانە**

أ. **شانە:** یەکەی بنەڕەتیی ڕێکخستنی پارتییە و بنکەی جەماوەری و سەرچاوەی ڕەوایی و دەسەڵاتەکانە. شانە لە (٣ ـ ٩) ئەندام پێك دێت بە ڕێکخەر و یاریدەدەریشەوە کە لەلایەن شانەوە هەڵدەبژێردرێن و دەبێ لێژنەی ڕێکخراو پەسەندیان بکات. بەرپرسیارێتی شانە لە ئەستۆی هەموواندایە.

ب. **ئەرکەکان:**

١. شانە بە گوێرەی ڕێنوێنییەکانی پارتی، خەبات بۆ بەجێهێنانی ئامانج و سەرەتایەکانی پارتی دەکا و ئەرکەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێ.

٢. شانە، ئەندامەکانی خۆی بەپێی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و بڵاوکراوەکانی پارتی ڕێك دەخا و ڕۆشنبیریان دەکا و بە ئازادی گفتوگۆ لەسەر بڵاوکراوەکان دەکا و بیروڕای خۆی لەبارەیانەوە بۆ دەزگاکانی سەرووتر دەنێرێ.

٣. شانە، بەلایەنی کەمەوە مانگی دووجار بە سەرۆکایەتی ڕێکخەر یان جێگرەکەی کۆ دەبێتەوە.

٤. شانە، ئەرك و فەرمان بە سەر ئەندامەکانی دابەش دەکا و لێیان دەپێچێتەوە.

٥. شانه، جەماوەر بەلای پارتیدا دەهێنێ و سەرکردایەتی دەکا و بە سەرەتاکانی پارتی گۆشیان دەکا و داکۆکییان لێ دەکا و بڵاوکراوەکانی پارتی بڵاو دەکاتەوە.
٦. شانە لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و بڵاوکراوەکانی پارتی دەکۆڵێتەوە و وتوویژیان لەسەر دەکا.

ج. **دەسەڵاتەکانی:**

١. سەرپەرشتیی شانەی پاڵێوراوان دەکات کە لە (٣ ـ ٩) پاڵێوراو پێك دێت بە ڕێکخەرەکەشیەوە کە شانەی ئەندامان دیاری دەکات و بە ڕۆشنبیری پارتایەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، بیریان ڕووناك دەکاتەوە و چاودێرییان دەکات.
٢. لە ئیستمارەی پاڵاوتن ورد دەبێتەوە و بەر لەوەی بۆ دەستەکانی سەرووتریان بنێرێ، ڕای خۆی لەبارەیانەوە دەردەبڕێ. هەروەها داوای بەخشینی شەرەفی ئەو ئەندام و پاڵێوراوانە لە دەزگاکانی سەرووتر دەکا کە مەرجەکانی ئەندامەتییان تێدایە.
٣. نامەی ئەندامان و پاڵێوراوان و دەنگوباس و زانیاری پێویست بۆ لێژنەی سەرووتر لە خۆی دەنێرێ.
٤. ڕاپۆرت سەبارەت بە چالاکی و کارەکانی خۆی بە شانەی سەرووتر دەدا.

**دووەم: شانەی سەرەکی:**

شانەی سەرەکی لە (٣ ـ ٨) شانەی بنچینەیی پێك دێت و سەرکردایەتی سەرپەرشتییان دەکا و لە کارەکانیان دەپێچێتەوە و ڕای خۆی سەبارەت بەو ڕاپۆرتانەی پێی دەگەن دەردەبڕێ و مانگی دووجار کۆ دەبێتەوە و هەمان ئەرك و دەسەڵاتی شانەی هەیە.

**سێیەم: ڕێکخراو:**

أ. **پێکهێنانی ڕێکخراو :** لێژنەی ناوچە پاش ئاگادارکردنەوەی لق، لەو ناوچانەی کە لە (٢ـ٨) شانەی سەرەکییان تێدایە، لێژنەی ڕێکخراو دروست دەکا. لێژنەی ڕێکخراو لە (٣ـ٩) ئەندام پێك دێت.

**ب. ئەرکەکانی لێژنەی ڕێکخراو :**

١. ئاراستەکردنی چالاکی ئەو شانانەی سەر بە ئەوون.
٢. لێژنەی ڕێکخراو بەلایەنی کەمەوە مانگی دووجار کۆ دەبێتەوە.
٣. کار بۆ ڕێکخستن و گورجوگۆڵکردنی بزووتنەوەی کەرت و توێژە جیاجیاکانی

کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی چالاکی خۆیدا دەکا.

**ج. دەسەڵاتەکانی لێژنەی ڕێکخراو :**

١. ڕای خۆی سەبارەت بەوانەی داوای هاتنەڕێزی پارتیان کردووە دەدا و بە لێژنەی ناوچەی ڕادەگەیەنێ.

٢. ڕاپۆرتی مانگانە سەبارەت بە چالاکی و کار و حسابەتەکانی ڕێك دەخا.

٣. سزای ئەو ئەندام و پاڵێوراوانە بە سەرنجڕاکێشان و ئاگادارکردنەوە دەدا کە بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیار و سیاسەتی پارتی ڕەفتار دەکەن.

٤. دەرکردنی پاڵێوراوان بە زۆربەی دەنگ.

**چوارەم: لێژنەی ناوچە:**

**أ. لێژنەی ناوچە:**

١. لێژنەی ناوچە نوێنەرایەتی و سەرکردایەتی چالاکییەکانی پارتی دەکا لەو ناوچەیەی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆی دیار دەکرێ و لە (٧ ـ ١١) ئەندام و (٣) ئەندامی ئیحتیات پێك دێت کە لەلایەن ئەندامانی پارتییەوە لە ناوچەدا هەڵدەبژێردرێن. لێژنە لەناو ئەندامەکانیدا بەرپرس و یاریدەدەر و (٣) ئەندام بۆ کارگێڕی ناوچە هەڵدەبژێرێ بە مەرجێك (٣) کەسیان پیشەیان پارتایەتی بێ.

٢. لێژنەی لق ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ناوچەکان دەردەبڕێ و مافی کۆمیتەی ناوەندی و ناڕازیبوون و ڕەتکردنەوەی هەیە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانیدا.

**ب. ئەرکەکان:**

١. سەرکردایەتی و بەڕێوەبەرێتی و ڕێنوێنیکردنی چالاکی ئەو ڕێکخراوانەی پارتی کە گرێدراوی ئەون.

٢. بەلایەنی کەمەوە مانگی دووجار کۆ دەبێتەوە و ڕاپۆرت بە لێژنەی لق دەدا.

٣. وەڵامی ڕاپۆرت و سەرنج و پرسیاری ڕێکخراوەکانی پارتی بداتەوە.

**ج. دەسەڵاتەکان:**

١. بڕیاردان سەبارەت بەوانەی داوای هاتنەڕێزی پارتییان کردووە.

٢. دەرکردنی بەیاننامە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچە.

٣. سزادانی ڕێکخراوەکان بە سەرنجڕاکێشان و ئاگادارکردنەوە.

٤. سزادانی ئەندامان بە هەڵپەساردنیان بۆ ماوەی کەمتر لە شەش مانگ و ڕاسپاردن بە دەرکردنی یەکجارەکییان بە زۆربەی ٣/٢ (دوو لەسەر سێی )ی ئەندامانی لێژنە.
٥. بەرپرسیاری لێژنەی ناوچە دەبێتە ئەندامی لێژنەی لق.
٦. هەڵسەنگاندنی لێوەشاوەیی پاڵێوراوان و بەخشینی شەرەفی ئەندامەتی پێیان.

**پێنجەم: لێژنەی لق:**

أ. لێژنەی لق نوێنەرایەتی و سەرکردایەتی چالاکیی پارتی دەکا لە پانتاییەکی جوگرافیدا کە کۆمیتەی ناوەندی بۆی دیار دەکا.
لێژنەی لق بەم شێوەیە پێك دێت:

**١.** بەرپرسیار دەبێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێ.

**٢.** هەر بەرپرسیارێکی لێژنەی ناوچە، دەبێتە ئەندامی لق.

**٣.** لێژنەی لق لە ناو ئەندامەکانیدا، یاریدەدەری بەرپرسیار و (٥) ئەندام بۆ کارگێڕی لق لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا هەڵدەبژێرێ.

**ب. ئەرکەکان:**

١. لێژنەی لق سەرکردایەتی چالاکی لێژنەی ناوچە و ڕێکخراو و مەکتەبەکانی پارتی لە سنووری چالاکی خۆیدا دەکا.
٢. مانگانە کۆ دەبێتەوە.
٣. وەڵامی ڕاپۆرتی مانگانەی لێژنەی ناوچە و ڕێکخراو و مەکتەبەکان دەداتەوە.
٤. هەموو مانگێ ڕاپۆرتێکی پوخت بۆ مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە تێکڕای جموجوڵ و چالاکییەکانی دەنێرێ.
٥. سەبارەت بە چالاکییەکانی خۆی و دەستنیشانکردنی دیاردە و پێشنیار و ڕێگاچارەکان دیراسە بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە دەکا.

**ج. دەسەڵاتەکان:**

١. دەرکردنی بەیاننامە تەنیا سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچە.
٢. ئاراستەکردنی سەرنجڕاکێشان و ئاگادارکردنەوەی لێژنەکانی خوارەوە.
٣. بڕیاردان سەبارەت بە دەرکردنی یەکجارەکی ئەندامان بەپێی ڕاسپاردەی لێژنەکانی ناوچە و پاش لێکۆڵینەوەی ئوسوڵی.
٤. سازکردنی خولی پێگەیاندن و ڕۆشنبیری بۆ ئەندامان.

٥. پێكهێنانی مەكتەبی جۆراوجۆر بەپێی پێویست.

## ماددەی ٦
## كۆمیتەی ناوەندی

١. كۆمیتەی ناوەندی بەپێی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ، پاش كۆنگرە، دەزگای هەرەبەرزی ڕاپەڕاندنە لە ماوەی نێوان دوو كۆنگرەدا، چالاكی سیاسی و ڕێكخراوەیی تێكڕای ڕێكخراوەكانی پارتی هەڵدەسوڕێنێ و سەرپەشتییان دەكا و سەركردایەتی خەباتیان بۆ بەجێهێنانی ئامانجەكانی پارتی دەكات.
٢. كۆمیتەی ناوەندی لە (٣٧) ئەندام و (٩) ئەندامی ئیحتیات پێك دێت كە بە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی و كۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.
٣. ئەگەر ئەندامێكی كۆمیتەی ناوەندی ئەركەكانی پارتی پێ هەڵنەسوڕا، ئەوا ئیحتیاتی یەكەم جێگەی دەگرێتەوە.
٤. مەرجی پاڵاوتن بۆ ئەندامەتی كۆمیتەی ناوەندی:
   أ. دەبێ بەلایەنی كەمەوە (٥) ساڵ بەسەر هاتنیدا بۆ ناو پارتی تێپەڕ بووبێ.
   ب. نابێ ئیعترافی كردبێ و لە پارتی دەركرابێ.
   ج. ئەندامێكی چالاك و كارامەی خاوەن ڕابردووی شەرەفمەندانە بێ لە خەبات.
   د. نمونەی ڕەوشت و ئاكاربەرزی و هەڵگری ڕواڵەت و سەروسیمای سەركردایەتی بێ لە دەوروبەری خۆیدا.
   ه. بە تەنگ بەرژەوەندی پارتییەوە بێ و خۆ بە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆوە بگرێ.
٥. مافەكانی ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی :
   أ. هەموو مافێكی بڕیارلەسەردراوی كادیری پارتی هەیە، سەرباری ئەمەش هەر مافێكی تر كۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر بدا.
   ب. ئەگەر بەهۆی خەباتی پارتییەوە زیندانی كرا یان بێسەروشوێن بوو، ئەوا ئەندامەتی لە كۆمیتەی ناوەندیدا، هەر دەمێنێ.

## ماددەی ٧

**أ. ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی:**

١. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێ.
٢. خەبات بۆ بەجێهێنانی ئامانجە نزیك و دوورەکانی پارتی بکا و سیاسەت و پلانی پێویست بۆ ئەمە دابڕێژێ.
٣. هەڵوێستی پارتی سەبارەت بە ڕوودا و پێشهاتە نوێباوەکانی دیار بکا.
٤. پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی پارتی و بڕیارنامەکانی کۆنفرانس و کۆنگرە لە هەموو ئاستێکدا جێبەجێ بکا.
٥. یەکێتی پارتی بچەسپێنێ و نهێنییەکانی بپارێزێ.
٦. کەلوپەل و دارایی پارتی بپارێزێ و زێدەی بکا و داهات و خەرجی ڕێك بخا.
٧. کادیر بۆ پارتی پێ بگەیەنێ و پەروەردەی بکا و هۆشیاری سیاسی و تیۆرییان پەرە پێ بدا.
٨. دەستەی نووسەران بۆ ئۆرگانی ناوەندی پارتی و چاپەمەنییە دەورییەکان دابنێ و سەرپەرشتییان بکا و هەموو پێداویستییەکی کارکردنیان بۆ بڕەخسێنی.
٩. وەڵامی ڕەخنە و پێشنیار و پرسیار و سکاڵای ئەندامان بداتەوە و گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکا.
١٠. ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە ئامادە بکات.
١١. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی چ تاك و چ پێکەوە، سەبارەت بەو کارانەی ڕایانپەڕاندووە و ئەو پلان و سیاسەتانەی جێبەجێیان کردون، ڕاستەوخۆ لەبەردەم کۆنگرەدا بەرپرسن.
١٢. کۆمیتەی ناوەندی دەشێ بڕیاری لێژنەکانی خوارەوە هەڵوەشێنێتەوە.
١٣. دەبێ پانتایی جوگرافی بۆ ئێشوکاری لێژنەی لق و لێژنەی ناوچەکانی دیار بکا و بە پێی پێویست لێژنە و ڕێکخراوی تر پێك بهێنێ.
١٤. شوێن و کاتی کۆنفرانس و کۆنگرە دیار بکا و ڕێژەی نوێنەران دابنێ.
١٥. دەبێ داوای کۆنفرانس و کۆنگرەی نائاسایی بکا لەسەر:
أ. داخوازیی زۆربەی ئەندامانی پارتی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیانەوە.
ب. داخوازە ٣/٢ (دوو لە سەر سێی) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.
١٦. دەبێ کۆمیتەی ناوەندی هەر دوو مانگان جارێك بە شێوەیەکی دەوری و لەخۆوە

کۆ بێتەوە.

١٧. دەبێ کۆمیتەی ناوەندی بە لایەنی کەمەوە ساڵی دووجار کۆبوونەوەی فـراوان بکـا و وێڕای ئەندامانی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی، کارگێڕی لقەکانی پارتیشی تێـدا ئامـادە بن.

**ب. دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی:**

١. دەبێ سەرجەم دەزگاکانی پارتی بەرفەرمانی بڕیارەکانی ئەو بن.

٢. لە مەکتەبی سیاسی دەپێچێتەوە و ئەرك و فەرمانی بۆ دیار دەکا.

٣. کۆمیتەی ناوەندی هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار بۆ پـاکڕاگرتنی ڕیزەکانـە پـارتی پـەیڕەو دەکـا بـە مـەرجێ پێشـوەخت لەلایـەن دەسـتەی ناوەنـدی پشـکنین و چـاودێری لێکۆڵینەوەی لەمەڕ کرابێ. هـەموو ئەوانـەی ئـەو ڕێوشـوێنانە دەیانگرێتـەوە، مـافی ئەوەیان هەیە لە لای کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی، یان دەزگایەکی بـاڵاتر، سکاڵای خۆیان بکەن.

٤. کۆمیتەی ناوەندی بە مەبەستی بـەهێزکردنی ڕێکخسـتن و بڵاوکردنـەوی هۆشـیاری و لەپێناو ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی تری پارتیدا، بۆی هەیە نوێنەری خـۆی بـۆ لـق و لێژنـە جیاجیاکانی ناوچە بنێرێ و کادیری بۆ ڕاگوێزی.

٥. کۆمیتەی ناوەندی بـەپێی پـەیڕەوی نـاوخۆ و بـە زۆربـەی ٣/٢ (دوو لـە سـەر سـێی) دەنگ سزای پێویستی ئەندامانی خۆی دەدا.

٦. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی کارێکی وای کرد، شایانی دەرکردن بێ لە پـارتی، ئەوا کۆمیتەی ناوەندی دەشێ بە زۆربەی ٣/٢ (دوو لـە سـەر سـێی) دەنـگ، هـەموو لێپرسراوێتییەکی لێ بستێنێتەوە و بیخاتە بەردەم کۆنفرانس یـان کـۆنگرە تـا بـە پێـی پێویست سزای بدا.

٧. کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری وەرگرتنی کادیری پارتە سیاسییەکانی تر دەدا.

٨. کۆمیتەی ناوەندی لە داوای گەڕانەوەی ئەو کادیرانـە بـۆ نـاو پـارتی دەکۆڵێتـەوە کـە سەروەختێك خەباتی پارتییان بەجێ هێشتووە و بڕیار لەمەڕ وەرگرتنەوەیان دەدا.

٩. کۆمیتەی ناوەندی دەبێ بە پێی پێداویستییەکانی سەردەم، ڕێوشوێنی خوڵقێنەرانـەی ڕێکخراوەیی دابهێنێ.

١٠. کۆمیتـەی ناوەنـدی ئـەو مەکتەبـە ناوەندییانـەی خـوارەوە پێـك دەهێنـێ و ئـەرك و فەرمانیان بۆ دیاری دەکا بە پێی یاسای تایبەت:

أ. مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن.
ب. مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.
ج. مەکتەبی ناوەندی عەسکەری.
د. مەکتەبی ناوەندی بەڕێوەبردن.
ه. مەکتەبی ناوەندی دارایی.
و. مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە پیشەییەکان.
ز. مەکتەبی ناوەندی پەیوەندی نیشتمانی.
ح. مەکتەبی ناوەندی پەیوەندییەکانی هەندەران (دەرەوە).
ط. مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕێنوێنی و سەرپەرشتی ئەم مەکتەبانە دەکەن.

١١.کۆمیتەی ناوەندی بە پێشنیاری سەرۆك و بە پێی پەیڕەوێکی تایبەت، ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری بۆ سەرکردایەتی پارتی پێك دەهێنێ.

١٢.کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە بڕیار لەسەر وەرگرتنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان، یان یەکبوونیان لەگەڵ پارتیدا بدات.

## ماددەی ٨

## مەکتەبی سیاسی

أ. مەکتەبی سیاسی لە (٩ ـ ١١) ئەندام پێك دێت و هەریەکەیان بە گوێرەی لێزانی و پسپۆری لە کاری خۆیدا، یاریدەی سەرۆك دەدا و تێکڕا هاریکاری لە گەڵدا دەکەن.
ب.زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ کاری پارتی تەرخانن.
ج. مەکتەبی سیاسی بڕیارەکانی نێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێ دەکا.
د. مەکتەبی سیاسی لە کاتی پێویستدا، بەپەلە داوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەکا.
ه. مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی مەکتەبە ناوەندییەکانی پارتی دەکا.

## ماددەی ٩

## جێگری سەرۆك

١. سەرۆك دەستنیشانی دەکات و کۆنگرە ڕاستەوخۆ هەڵی دەبژێرێ.
٢. ئەو ئەرکانەی کە سەرۆك پێی دەسپێرێ، جێبەجێی دەکات.

٣. بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دەکات.

## ماددەی ١٠

## سەرۆکی پارتی

١. سەرۆکی پارتی: سەرۆکی پارتی و کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسییەکەیەتی.
٢. سەرۆك ڕاستەوخۆ لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێ.
٣. سەرۆك کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و کۆبوونەوەی فراوان و کۆنفرانسەکان بەڕێوە دەبا.
٤. لەو دەمەی لە تێکڕای ئەو دەزگایانەی سەرەوەدا، دەنگەکان وەك یەك دەبن، ئەو لایەنە دەبێتە زۆربە کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵدا بێ.
٥. سەرۆك لە کاتی پێویست مافی ئەوەی هەیە داوای کۆنگرەبەستن یان کۆنفرانس بکا.
٦. ڕاسپاردە و ڕێنوێنییەکانی پارتی بە ڕەزامەندی سەرۆك دەبن و گشت نووسراوە گرنگەکانی پارتی دەبێ ئیمزای سەرۆکی (یان یەکێ لە یاریدەرە دەسەڵات پێدراوەکانی) پێوە بێ.
٧. ئەم مەکتەبانەی خوارەوە بەپێی پەیڕەوێکی تایبەت ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سەرۆکی پارتییەوە دەبێت:
أ. مەکتەبی سەرۆك.
ب. مەکتەبی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی.
ج. ڕێکخستنی تایبەت.
د. سەرۆك کارناس و پسپۆڕی ڕاوێژکاری لە بواری جیاجیا بۆ خۆی دادەنێ.

## بەشی پێنجەم

## دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری

## ماددەی ١١

١. لە (٩ـ١١) ئەندام پێك دێت لەوانەی ماوەی ئەندامەتییان لە (١٥) ساڵ کەمتر نییە.
٢. لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن.

٣. ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەپێی نیزامێکی تایبەتی کە سەرۆك پێشنیاری دەکات و کۆمیتەی ناوەندی پەسەندی دەکات، دەستنیشان دەکرێن.

## بەشی شەشەم
## ڕۆشنبیریی پارتی
### ماددەی ١٢

پارتی ڕۆژنامەی ناوەندی و چاپەمەنی دەوری و ناوبەناوی و دەزگای تری ڕاگەیاندنی هەیە کە سیاسەتی ناوەندی پارتی بەدەر دەدەنەوە.

### ماددەی ١٣

پارتی پەیمانگای پێگەیاندنی کادیرانی بە ئاستی جوداجودا هەیە لەلایەن دەزگایەکی تایبەتەوە بە سەرپەرشتی مەکتەبی سیاسی و بەپێی پەیڕەوێکی تایبەتی کە کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر دەدا، هەڵدەسوڕێ و بەڕێوە دەچێ.

## بەشی حەوتەم
## کۆنفرانسی ناوچە
### ماددەی ١٤

١. کۆنفڕانسی ناوچە هەر دوو ساڵ جارێ یان لە سەر داخوازی پتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لە ناوچەکەدا، یان لەسەر خواستی ٣/٢ (دوو لەسەر سێی) ئەندامانی لێژنە ناوچە و بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی و بە سەرپەرشتی و چاودێری لق، دەبەسترێ.
٢. کۆنفڕانسی ناوچە لە ئەندامانی لێژنەی ناوچە و ئیحتیات و بەرپرسیاری ڕێکخراوی و شانە سەرەکییەکانی پارتی پێك دێت.
٣. کۆنفڕانس بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، کار بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناوچە دەکا.

## ماددەی ١٥
## کۆنفرانسی گشتی

١. کۆنفڕانسی گشتی لە کاتێکدا دەکرێ کە گۆڕانکاری گرنگی سیاسی ڕووی دابێ یان بارێکی پێویستی ئەوتۆ لەسەر خواستی پتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی یان ٣/٢ (دوو لەسەر سێی) ئەندامانی لێژنەی ناوچەکان، کۆنفڕانس بخوازێ.

٢. کۆنفڕانسی گشتی لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبە ناوەندییەکان و کارگێڕی لقەکانی پارتی و لێپرسراوی لێژنەکانی ناوچە و ئەو کادیرە پێشکەوتووانە کە کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریان لەسەر دەدا، پێك دێت.

٣. ئەرکەکانی کۆنفڕانسی گشتی:

أ. گوێ لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەگرێ و گفتوگۆی لەسەر دەکا.

ب. هەڵوێستی پارتی سەبارەت بە ڕووداو و پێشهاتە نوێباوەکانی، دیار دەکا.

ج. لە سکاڵای ئەندامان دەڕوانێ و بڕیاریان لە بارەوە وەردەگرێ.

٤. دەسەڵاتەکانی کۆنفڕانسی گشتی:

أ. لێپێچانەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و سزادانی کەمتەرخەمان کە لەلایەن کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندییەوە خراونەتە بەردەم کۆنفڕانس، بە مەرجێك ژمارەی دەرکراوان بە یەکجار یان چەند جارێك نەگاتە نیوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.

ب. دەستکاریکردنی پەیکەری پارتی ئەگەر هەلومەرج بخوازێ.

ج. کۆنفڕانس لە نزیکترین دەرفەتدا، داوای کۆنگرەبەستن بکا و هەلومەرجی پێویست بۆ کۆنگرە بڕەخسێنێ.

## بەشی هەشتەم
## کۆنگرە (کۆنگرەی نیشتمانی)
## ماددەی ١٦

١. کۆنگرەی نیشتمانی دەسەڵاتی هەرەبەرزی ناو پارتییە.

٢. کۆنگرە لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی ئەسڵی و ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی و دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری و ئەو نوێنەرانە پێك دێت کە لەلایەن سەرجەم ڕێکخراوەکانی پارتییەوە و بەپێی ئەو ڕێژەیەی کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکا،

هەڵبژێردراون.

٣. کۆنگرە بە شێوەیەکی ئاسایی بە لایەنی کەمەوە هەر (٤) چوار ساڵ جارێك دەبەسترێ. هەروەها کۆمیتەی ناوەندی بە پێی بڕگەی (١٥) لە مادەی (٧) و لەسەر خواستی ٣/٢ ( دوو لەسەر سێی) ئەندامەکانی، دەشێ داوای کۆنگرەبەستن بکا، هەروابێتەوە سەرۆکیش بەپێی مادەی (١٠) بڕگەی (٥)ی ئەم پەیڕەوە، دەسەڵاتی کۆنگرەبەستنی پێ دراوە.

٤. ئەرکەکانی کۆنگرە:

أ. گوێ لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەگرێ و گفتوگۆی لەسەر دەکا و کارەکانی کۆمیتە لە نێوانی دوو کۆنگرەدا هەڵدەسەنگێنێ.

ب. باری ناوخۆ و هەرێمایەتی و جیهانی شی دەکاتەوە و دەنرخێنێ و سیاسەتی گشتی پارتی دادەڕێژێ و لە ستراتیژی پارتی ورد دەبێتەوە و لە هەموو ئاستێکدا تاکتیکی بۆ دادەنێ.

ج. لە سکاڵای ئەندامان دەڕوانێ و بڕیاریان لە بارەوە دەدا.

د. لێپرسینەوە لە کۆمیتەی ناوەندی و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی.

٥. دەسەڵاتەکانی کۆنگرە:

أ. سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی ئەسڵی و ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.

ب. تەنها کۆنگرە مافی هەڵوەشاندنەوە و ناوگۆڕینی پارتی و وەستاندنی چالاکیی پارتی یا تێکەڵکردنی بە پارتێکی تر هەیە و دەتوانێ وەرگرتنی پارتێکی تر پەسند بکا و ئایدیۆلۆژیای پارتی بگۆڕێ.

ج. کۆنگرە دەتوانێ بەپێی هەلومەرجی پێویست بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ دەستکاری بکا یان بیگۆڕێ.

## بەشی نۆیەم
## ماددەی ١٧
## لێژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە

١. کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیار و یاریدەر و ژمارەی ئەندامانی لێژنە دیار دەکا.

٢. ئەمانە لە ناو کادیرە بەئەزموونەکانی پارتیدا دەستنیشان دەکرێن کە بە ڕاستگۆیی و

بابەتخوازی ناسراون.

٣. نابێ ئەندامانی لێژنە خۆیان بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن.

٤. لێژنە لە کاتی پێویستدا و بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی، دەتوانێ لێژنەی تر پێك بهێنێ.

٥. ئەرکەکانی لێژنە:

أ. ئامادەکردنی و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بە گوێرەی ئەو لیستانەی لەلایەن مەکتەبی ناوەندیی ڕێکخستنەوە ئامادە کراون و لە پلنیۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا پەسەند کراون.

ب. دەستکردن بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و ئامۆژگارییانەی کۆمیتەی ناوەندی کە تایبەتن بە کۆنگرە.

ج. ئامادەکردنی دیراسەتێکی هەمەلایەن سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و سەرنج و تێبینیدان لە بارەیانەوە.

د. ئامادەکردنی پێناسە و لیستی تایبەت بە نوێنەران و ئاماژەکردنیان لە سەرەتای کردنەوەی کۆنگرەدا.

## ماددەی ١٨

## لێژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە

١. کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیار و یاریدەر و ژمارەی ئەندامانی ئەم لێژنەیە دیار دەکا.

٢. ئەمانە، لە ناو ئەو کادیرانەی لەم بوارەدا هەڵکەوتوون، دەستنیشان دەکرێن.

٣. نابێ ئەندامانی لێژنە خۆیان بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن.

٤. ئەرکەکانی لێژنە :

أ. دیارکردنی شوێنی کۆنگرە.

ب. ڕەخساندن و ئامادەکردنی پێداویستەکانی کۆنگرە.

ج. پێکهێنانی لێژنەی تایبەت بە بوارە پسپۆرییەکانی کاروباری کۆنگرە.

د. دەبێ لە گەڵ لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەدا هاوکاری بکرێ.

## ماددەی ١٩
## دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە

١. لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆنگرەدا، دەستەیەکی چەند ئەندامی بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێ.
٢. ئەم دەستەیە، بە درێژایی ڕۆژانی کۆنگرە، سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کۆنگرە دەکا.
٣. ئەم دەستەیە دەبێ پەیڕەوێکی تایبەت بە ڕەوتی کۆبوونەوەکان بکا و ڕێوشوێنی بە جێ و چۆنییەتی هەڵسوڕاندنی گفتوگۆکردنی تێدا تۆمار بکا.
٤. نابێ ئەندامانی لێژنە خۆیان بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن.

## بەشی دەیەم
## دارایی پارتی
## ماددەی ٢٠

١. دارایی پارتی لەمانە پێك دێت:
أ. ئابوونەی هاتنەڕیزی پارتی و ئابوونەی مانگانە.
ب. کۆمەك و پیتاك.
ج. نرخی چاپەمەنییەکانی پارتی.
د. قازانجی ئەو چالاکییە هونەری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییانەی کە پارتی سازی دەدا.
ە. قازانجی ئەو پڕۆژانەی پارتی هەڵیان دەسوڕێنێ.
٢. پێویستە لێژنەی ناوچە و لق و کۆمیتەی ناوەندی، (سجلات)ی تایبەتیان هەبێ کە بودجەی تێدا نیشان بدرێ و ئەندازەی داهات و خەرجکردنی تێدا تۆمار بکرێ.

مەکتەبی ناوەندی دارایی ئەندازە و چۆنیەتی خەرجکردن دیار دەکا و لەم بارەوە ڕێنوێنی تایبەت دەردەکا.

## بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یازدەی
## پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو

کۆنگرەی (١١)، کۆنگرەی یەکگرتن، کە لە ١٦ تا ٢٣ ئابی ١٩٩٣، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا، پاش هەشت ڕۆژ لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوەی کاروباری ناوخۆی پارتی و بارودۆخی کێشەی نەتەوایەتی ناوخۆ و دەرەوەی دۆزی گەلەکەمان و هەڵسەنگاندنی کاروبار و خەباتی ماوەی نێوان "کۆنگرەی دەیەم" و "کۆنگرەی یازدەیەم" و ڕەنگڕشتنی خەباتی داهاتووی پارتی لە پەرەپێدانی خەباتی نەتەوایەتی و پشتیوانیکردنی ئەزموونی دیموکراتییانەی گەلەکەمان، لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە دەڤەری و جیهانییەکاندا، دوێنێ، ١٩٩٣/٨/٢٣، "کۆنگرەی یازدە" بە دەرکردنی کۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردە کۆتایی بە کاروبارەکانی خۆی هێنا، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**بڕیار بۆ یادی سەرۆکی نیشتمانپەروەری مەزن و نەمر، مستەفا بارزانی**

کۆنگرەکەمان بە ڕێز و شکۆوە بەرامبەر یادی سەرۆکی نیشتمانپەروەری مەزن، مستەفا بارزانی، دامەزرێنەری پارتیمان و سەرکردەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بۆ ماوەی نیو سەدە دەوەستێ و بەڵێن بە گەلەکەمان و سەرۆکە کۆچکردووەکەی دەدا، بۆ درێژەدان بە خەبات لە پێناو وەدیهێنانی ئەو ئامانجە نەتەوەیی و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانەی لە پێناویاندا بارزانی ساڵەهای ساڵی تەمەنی خۆی کردە قوربانی و بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێبازەی، موساوەمەی لەسەر مافی گەلی کورد نەکردووە، هەروەها ئیرادەی خۆی لەبەردەم گەلی کورد و شۆڕشە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکەیدا نوێ دەکاتەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی کەلەپوری مەزنی خەباتی نیشتمانپەروەرانی بارزانی بە بیری تازە و زانست تا لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورددا بێ.

**بڕیار بۆ یادی هەمیشە زیندوو، ئیدریس بارزانی**

کۆنگرە، بە ڕێز و شکۆوە یادی سەرکردەی هەمیشە زیندووی گەل و برازاکەی، کاك ئیدریس بارزانی دەکاتەوە و بەڵێن دەدات کە بەردەوام بێت لەسەر خەبات، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاوات و ئامانجە پیرۆزانەی کە کاکی هەمیشە زیندوومان ژیانی خۆی لە پێناویدا بەخت کرد.

**بڕیار بۆ یادی پڕشكۆی سێ سەركردەی نەمری پارتیمان**

یازدەیەمین كۆنگرەی پارتیمان، هەروەها بە ڕێز و شانازییەوە یادی سێ سەركردەی دیكەی سەرفرازی گەل و بزووتنەوەكەمان دەكاتەوە:

شەهیدانی نەمر: **ساڵح یوسفی، نوری شاوێس** و نەمر **ئازاد مستەفا**، كە ڕۆڵی گرنگیان لە ڕێڕەوی خەباتی گەلەكەیان و زەمینە ئامادەكردن بۆ سەركەوتنی ئەمڕۆماندا هەیە. بە یادی ئەو نەمرانە و گشت شەهیدانی ئازادی و قارەمانەتی میللەتەكەمان، درێژە بە تێكۆشان دەدەین تا وەدیهێنانی دوائاواتیان.

**بـــڕیـــار:**

كۆنگرە، بە پەسەندی زانی بە پەرلەمان و حكومەتی هەرێم پێشنیار بكا لە گشت دامودەزگا ڕەسمییەكانی هەرێم، هەر دوو وێنەی بارزانی نەمر و شێخ مەحمودی نەمر هەڵبواسرێن، بۆ ڕێزنان لەو پێشەوا مەزنانەی گەل و بزاڤەكەی.

**بڕیاری فیدراڵی:**

دەوڵەتی عێراق، دەیان ساڵە گیرۆدەی كێشە و گیروگرفتی ناوخۆیە، بە تایبەتی لەبەر چارەسەرنەبوونی مەسەلەی ڕەوای گەلی كورد و تەنگوچەڵەمەی هەمیشەیی (مەسەلەی حوكم)، چونكە لە عێراقدا حاڵەتی فرەنەتەوەیی، فرە ئایینی و مەزهەبی و، فرە حزبی و فیكری و كۆمەڵایەتی هەیە.

هەر بۆیەش، پەیوەندی نێوان كورد و عەرەب دەبێ لەسەر ئەساسێكی فیدراڵی دیموكراتی دابمەزرێت. ئەم شێوەیە لە چارەسەر لەگەڵ یەكبوونی نیشتمانی عێراق هاودژ نییە و هەڕەشە لە یەكبوونی عێراق ناكات، بەڵكو زەمینە ساز دەكات تا پاش نەمانی ستەم و دیكتاتۆری، ئاشتبوونەوەی گشتی سەرانسەری عێراق بگرێتەوە و ئازادی، دیموكراسی، ئاشتی و برایەتی بچەسپێ.

**تەبایی و یەكبوونی ڕیزی گەل و بزاڤەكەی**

پارتی دیموكراتی كوردستان ـ یەكگرتوو، وەكو هەمیشە تێ دەكۆشێ بۆ پتەوبوونی یەكێتی ڕیزی گەل و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەكەی، هەر بۆیەش:

١. تەبایی و هاوكاری و تەنسیقی نێوان پارتی و یەكێتی نیشتیمانی دەپارێزێ، بە تایبەتی هاوبەشی لە بەڕێوەبردنی و هەروەها تێ دەكۆشین بۆ چەسپاندنی گیانی تەبایی پەرلەمانی و حكومی و میللی و ئاستەكانی دیكە و قووڵتركردنەوەی ئەو پەیوەندییە دۆستانە لەسەر ئەساسێكی ستراتیجی پتەوتر، لە پێناوی پاراستنی دەسكەوتی مێژوویی و نەتەوەییمان: پەرلەمان و حكومەتی هەرێم و فیدراڵیزم و دیموكراسی.
٢. گەشەسەندن و پتەوكردنی پەیوەندیی خەباتگێڕانەی پارتیمان لەگەڵ لایەنەكانی دیكەی بەرەی كوردستانی و حزب و دەستەی سیاسی كەمایەتییەكان.
٣. دامەزراندنی هەر جۆرە پەیوەندی و هاوكاری و تەبایی پێویست لە چوارچێوەی ئەو ئامانج و بۆچوونانەی برگەكانی سەرەوە، لەگەڵ هەر حزب و دەستەیەكی سیاسی تێكۆشەری هەرێم.

**ئابڵوقەی دوولایەنە لەسەر هەرێمی كوردستان**

١. لە نەتەوە یەكگرتووەكان و حكومەت و كورد كۆمەڵەی جیهان داوا دەكەین، فشار بخەنە سەر حكومەتی عێراق تا ئابڵوقە لەسەر هەرێمی كوردستانی عێراق هەڵبگرێت، ئەو ئابڵوقەیەی كە دژی بەرژەوەندی گەلی عێراق و یەكبوونی نیشتمانییە و پێچەوانەی ڕۆحییەتی بڕیاری (٦٨٨)ی مەجلیسی ئەمنی دەولیە.
٢. هەرێمی ڕزگاركراوی كوردستانی عێراق ئازاد بكرێت لە ئابڵوقەی نێونەتەوەیی، چونكە ڕەوا نییە ئەو ئابڵوقەیە لەسەر خەڵكی هەرێم بمێنێ، لە كاتێكدا كە دژی ڕژێمی دیكتاتۆرین و تاقیكردنەوەیەكی گرنگی دیموكراتییانە بەڕێوە دەبەن.

**ئاسایش و ژیانی هاووڵاتییان**

لە ئەنجامی وێرانكاری و تاڵان و سووتانی دێهاتی كوردستانی عێراق و تێكدانی بنیاتی ئابووری لەلایەن ڕژێمەوە، جگە لە ئابڵوقە و ئاكامە تاڵەكانی، سەدان هەزار خێزانی ناوچەی ڕزگاركراوی هەرێم و گشت خەڵكی عێراق ژیانێكی سەخت و دژوار دەبەنە سەر.

هەروەها خراپكاری ڕژێم و تیرۆر و هەڕەشە، ئاسایشی هاووڵاتییان دەخاتە مەترسییەوە، هەر بۆیەش:

١. كۆششێكی هەرە جیدی لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە بدرێ بۆ بەرەكانی كردەوەی خراپكارانەی ڕژێم و تیرۆر و ئاكامی دەستێوەردانی هەندێ دراوسێ، حزب و ڕێكخراوە

سیاسییەکانی هەرێم پشتیوانی حکومەت بن لەم ئەرکەدا کە پەیوەندی بە ئاسایشی هەموو لایەکەوە هەیە.

٢. کوششێکی هەرە جیدی بدرێ بۆ چاککردنەوەی باری ژیانی هاوولاتییان بە تایبەتی مووچەخۆرەکان و گرنگی بدرێ بە ژیانی مامۆستایان.

٣. سنووریك دابنرێ بۆ ڕاوڕووت و دزی و دەستبلاوی و بە فیڕودانی مومتەلەکاتی حکومی و، موراقەبەی تەواوی کاروباری گومرگ لە هەموو ڕوویەکەوە و لە سەرانسەری سنوورەکان.

٤. درێژەدان بە هەوڵ و کۆشش لەگەڵ کورد و کۆمەڵەی جیهانی بۆ گەیاندنی یارمەتی و فریاکەوتنی مرۆڤایەتی بۆ هاوولاتییان، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لە یاد بێ و ستراتیجی کارمان بخەینە سەر هاندانی گیانی پشت بەخۆبەستن و کار و ڕەنجدان و بەرهەمداهێنانی خۆماڵی، خۆمان بەخۆ.

٥. زەرە و زیانی خەڵکی کوردستان لە کێشانەوەی (٢٥) دیناری بدرێتەوە.

**پشتیوانی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دامودەزگاکانی**

١. ئەمڕۆ گەل و بزاڤەکەی و کۆنگرەکەمان، سەربەرز و شانازە بە سەرکەوتنی تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی گشتیی ئازاد و دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم. ئەو سەرکەوتنە نیشانەی تێگەیشتن و نەستی دیموکراتییانە و پێگەیشتنی سیاسی میللەتەکەمانە. ئەوەش دەستکەوتی مێژوومانە، بەرهەمی خەبات و فیداکاری گەل و خوێنی پاکی شەهیدە سەروەرکانمانە. کۆنگرەکەمان بڕیاری داوە ئەو دەستکەوتە بپارێزرێ و بەهێزتر و دەوڵەمەندتر ببێ.

٢. بۆ ئەوەی پایەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم پتەوتر بێ، دەبێ تێ بکۆشین و زاڵ بین بەسەر کۆسپ و کێماسییەکاندا، کە ڕێگە لە ڕێڕەوی ئیدارە دەگرن چ لە ئەنجامدان یا لێهاتوویی پسپۆریدا.

٣. دەبێ پشوودرێژ بین لە خەباتدا بۆ حورمەتگرتنی مافی مرۆڤ، پاراستنی ئاسایش، سەلامەتی هەرێم و ژیانی هاوولاتییان و زیادەنەڕویی لە مەسرەف و پشتبەستن بە توانای زاتیی خۆ، بۆ ژیانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان.

٤. قایمکردنی ئاسایشی هەرێم دژ بە هەڕەشەی کوشندەی ڕژێم و مەترسییەکانی ناوچە (دەڤەر) و زامنکردنی ئەمنی سنوور.

٥. کۆنگرە، دەیەوێ دامودەزگای کۆمەڵی مەدەنی بچەسپێن و ژیانی فرەحزبی و ئازادییە گشتییەکان گەشە بسێنن.

**بڕیار دەربارەی ئایندەی عێراق**

١. تەواوی گەلی عێراق گیرۆدەی مەینەتێکی سەختە، لەلایەکەوە بەردەوامبوونی دیکتاتۆریەت و ستەمی سیاسی، لەلایەکی دیکەوە باری ژیانی دژوار و سەختی کۆمەڵایەتی و گرانی و برسێتی و ئاکامەکانی دیکەی ئەو بارودۆخەی کە پاش شەڕی خەلیج، بە هۆی سیاسەتی ڕژێمەوە بەسەر گەلی عێراقدا سەپاوە.
٢. چارەسەری ئەو کێشەیە، بەوە دەبێت کە پاش نەمانی دیکتاتۆریەت عێراقێکی فیدراڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی و فرەحزبی دابمەزرێت و خەڵکی ستەمدیدە لە شوێنەواری شەڕ و ئابلۆقە و دیکتاتۆریەت ڕزگار بن و بکەونە ئاوەدانی و بووژانەوەی وڵات لە هەموو ڕوویەکەوە.
٣. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ئێمە وەکو هەوڵمان داوە بۆ پتەوکردنی خەباتی هاوبەشی گەلی عێراق لەمەودواش درێژە بەو خەباتە دەدەین، بە تایبەتی لە چوارچێوەی کۆنگرەی یەکگرتووی نیشتمانی عێراق (I.N.C) و بەدیهێنانی بەرنامە و ئامانجەکانی، کە زۆر گونجاون لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی عێراق و بە ڕاشکاوی ڕێزی گرتووە لە ئیرادەی گەلی کورد بۆ فیدراڵیەت و حوکمێکی فیدراڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی و فرەحزبی لە عێراقدا.
٤. بەم بۆنەوە سڵاو دەنێرین بۆ گشت گەلی عێراق، بۆ ئەو جەماوەرەی لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدایە.
٥. سڵاو و هاوکاریمان لەگەڵ گیراوە سیاسییەکان و کەسوکاریان و داوا دەکەین ئازاد بکرێن.
٦. سڵاو و هاوکاریمان بۆ گشت هێز و حزب و شەخسیاتی تێکۆشەری عێراق، بە تایبەتی بۆ خەڵکی ستەمدیدەی ئەهوار و ئاوارەکانیان، لە کۆڕ و کۆمەڵی جیهانی دەخوازین فریای ئەو هاووڵاتییانە بکەون و ناوچەکەیان بخەنە ژێر حمایەی خۆیانەوە.
٧. هاوکاری و هاودەردیمان لەگەڵ خێزان و کەسوکاری گشت شەهیدانی ڕێگەی ئازادی لە عێراقدا.
٨. تێ دەکۆشین بۆ پتەوبوونی گیانی برایەتی و هاوبەشی خەباتی دیموکراتییانە لە پێناو

دوارۆژێکی ڕووناکی عێراقدا.

**بڕیار دەربارەی کۆنگرەی یەکگرتووی نیشتمانی عێراق**

١. یازدەیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، پشتیوانی خۆی بۆ کۆنگرەی یەکگرتووی نیشتمانی عێراق (I.N.C)، ڕادەگەینێ.
(I.N.C) دەربڕی خواستی گەلی عێراقە بۆ لابردنی ڕژێمی دیکتاتۆریی عێراق، تا لە جێی ئەودا ڕژێمێکی دیموکراتی فیدراڵی، پەرلەمانی، دەستوری و فرەحزبی دابمەزرێ. ڕژێمێك جیاوازیگەری نەهێڵێ؛ ڕژێمێك دەوڵەتی یاسا و دامودەزگای دیموکراسی دابمەزرێنێ و ڕێزی مافی مرۆڤ بگرێ؛ فیدراڵییەت بۆ گەلی کورد لە عێراقدا بسەلمێنێ و زامن بکات، مافی ڕۆشنبیری و ئیداری تورکمان و ئاشووری و کەمایەتییەکانی دیکە بپارێزێ. ئا بەو شێوەیە ڕژێمێکی دیموکراسی لە عێراقێکی یەکگرتوودا بنیات دەنرێ لەگەڵ گەلی عێراق و دراوسێکانی بە ئاشتی دەژی.

٢. کۆنگرەکەمان دەیەوێ دامودەزگاکانی (I.N.C) بخرێتە چالاکی و کۆششی زیاتر، بە تایبەتی لەناو خاکی ڕزگارکراوی وڵاتدا و بە شێوەیەکی کاریگەرانە دەنگی خۆیان بە نێو گەل بگەێنن. بەو شێوەیەش (مصداقیە) و جیدی بوون لە تێکۆشان دەنوێنن تا بگاتە بەو ڕۆژەی بەدیلی دیموکراتی جێی خۆی بگرێ.

**بڕیار دەربارەی نەتەوەی دابەشکراوی کورد**

بڕوامان بە مافی ڕەوای نەتەوەی کوردمان هەیە لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، هەر وەکو گەلانی دیکەی جیهان ئەو مافەیان هەیە.

کۆنگرەکەمان بەم بۆنەوە:

١. پشتیوانی خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانە، لە تورکیا، ئێران، سوریا و یەکێتی سۆڤێتی پێشوو. لایەنگیرانی مافی ڕەوایانە لەوەی کە لە هەر پارچەیەك و وڵاتێك، بەو شێوەی لەگەڵ هەلومەرجی زاتی و بابەتییان دەگونجێ، ئەو مافە نەتەوەییە ڕەوایە وەربگرن کە لەو بارودۆخەدا، لە تواناداهەیە.

٢. کۆنگرەکەمان، پشتگیری لە هەر هەنگاو و دەسکەوتێك دەکات، لە ڕێگەی چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کوردەوە، لە هەر پارچەیەك بە پێی ئەو پەیوەندییەی کە گەلی کورد لەو پارچەدا لەگەڵ حکومەتی ئەو وڵاتە بە خۆی هەڵیدەبژێرێ، هاوژیانی و

برایەتی و بەرژەوەندی هاوبەشی کورد و گەلانی ئەو وڵاتانە دەپارێزێ.

٣. کۆنگرە سڵاو دەنێرێ بۆ ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە لوبنان و لە حکومەتی لوبنان دەخوازێ مافی مرۆڤایەتی و دیموکراتیی ئەو برایانەمان زامن بکات و هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان چاکتر بکات.

٤. کۆنگرە، داکۆکی دەکاتە سەر گرنگی بنیاتنانی پتەوترین پەیوەندی برایانە لە نێوان نەتەوەی کورد لەلایەك و نەتەوە و گەلانی دراوسێی ناوچەکە لەلایەکی ترەوە، ئەویش لەسەر بنچینەی ڕێزلەیەکنان و ڕێزگرتن لە شەخسیەتی نەتەوەیی و مێژوویی یەکتر و یەکبوونی خەباتی ئەو گەل و نەتەوانە لە پێناوی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئاسایش و ئاشتی بۆ هەمووان لە ناوچەکەدا.

٥. کۆنگرە، بە پەسەندی دەزانێ چ وەکو لە ژێر چەتری کۆنفرانسی پاریس ساڵی ١٩٨٩ یا کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم ساڵی ١٩٩١، هەوڵ بدرێت (کۆنگرەی نەتەوەیی) گشت حزب و لایەنەکانی کوردستان ببەسترێت، یا لە هەر کوێ بە هەر شێوەیەکی گونجاو ئەو جۆرە کۆنگرە و چاوپێکەوتنە نەتەوەییەی کورد بۆ ڕاوێژکاری و لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی کورد ڕێك بخرێن.

**دەوڵەتانی دراوسێ**

١. کۆنگرە، ئاگادارە کە تاقیکردنەوەی دیموکراتییانەی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەلایەنی دەوڵەتانی دراوسێوە، کە لە تاقیکردنەوەکە بە گومانن، کەوتووەتە بەر مەترسی.

- یازدەیەمین کۆنگرەی پارتیمان تەئکید دەکاتەوە کە ئیدارەی کوردی هەڕەشە نییە و مەترسی ناخاتە سەر ئەمنی نەتەوەیی وڵاتانی دراوسێ، بەڵکو ئەو تاقیکردنەوە، بۆتە هۆی ئارامی و ئاسایش لەم ناوچانە (دەڤەرە) ئاڵۆزەدا.
- ئیدارەی کوردی لەوەدا نییە دەست بخاتە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دراوسێ، بەڵکو ئەو ئیدارەیە هەوڵ دەدات پەیوەندی لەگەڵ ئەوان لە سەر ئەساسی چاك و ڕێزلەیەکنان بێ.

٢. کۆنگرەکەمان، لەوە دەگا کە پەیوەندی بە حکومەت و گەلی تورکیاوە لەسەر بناغەی دراوسێتی چاك و دۆستی دابمەزرێ و ئەو پەیوەندییە ژیندارە بپارێزێ، بە تایبەتی کە بنکەی حیمایەی نێونەتەوەیی بۆ میللەتەکەمان لە خاکی ئەوانەوە دەستبەکارە، هەروەها لە حاڵی حازردا، تورکیا دەروازەی گەیشتنی یارمەتی و فریاکەوتنی

مرۆڤایەتییە بۆ هەرێم.

٣. کۆنگرە، نیگەرانی و بێزاری خۆی دەردەبڕی بەرامبەر بە دەستدرێژکاریی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر دێهات و خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق. لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران داوامانە واز لەو دەستدرێژکارییانە بهێنێ، کە تەنها کەسێکیش سوودیان لێ وەربگرێت ڕژێمی عێراقە. ئێمە خواستاری حیواری جیدی و بە ئەنجامین، تا گیروگرفتەکان بە ڕۆحیەتی لێکگەیشتن و دراوسێتی چاك و دۆستایەتی چارەسەر بکرێن.

٤. کۆنگرە، لە حکومەتی کۆماری عەرەبی سووری گەرەکە زیاتر لە مەینەتی گەلی کورد و گەلی عێراق بگات. کۆنگرە، دووپاتی دەکاتەوە ئەوە کوردی ستەمدیدە و گەمارۆدراو نییە، بەڵکو ئەوە مانەوە و بەردەوامبوونی دیکتاتۆریەتی عێراقە، هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات. کۆنگرەکەمان، تەقدیری ڕۆڵی سەرۆك **حافظ الاسد** دەکات کە لە ناخۆشترین ڕۆژانی پشتیوانی موعارەزەی عێراقی و گشت هێزەکان، بە تایبەتی پارتیمان بووە هەر بۆیەش چاوەڕوانی پشتگیری سوریاین بۆ خەباتی گەلی عێراق و گەلی کورد لە پێناوی ڕزگاری لە دیکتاتۆریەت.

**حیمایەی نێونەتەوەیی**

١. کۆنگرە، سڵاو دەنێرێ بۆ کادر و هێزەکانی (عملیة توفیر الراحة ـ O.P.C) کە بە فریای گەلی کوردەوە هاتوونە، تا لەو کارەساتە دڵتەزێنە ڕزگاری بکەن کە ویژدانی تەواوی جیهانی هەژاندبوو. ئەو هێزانە کە لە بەشێکی کوردستانی عێراقن، ئارامییان سەقامگیر کردەوە و کاری فریاکەوتنی مرۆڤایەتی و گەیاندنی کۆمەکیان بە میللەتەکەمان ئەنجام داوە.

٢. ئێمە لە کاتێکدا تەقدیری ئەو کۆششە جیهانییە بەرزە دەکەین، داوا دەکەین حیمایەی نێونەتەوەیی درێژە پێ بدرێ تا ئەو ڕۆژەی کە لە عێراقدا گۆڕانی سیاسی دیموکراتی ڕوو دەدات. ئەم حاڵەتەی هەر شەش مانگ جارێك حیمایەکە درێژ دەکرێتەوە، نەمێنێ، چونکە ئاکامی زۆر خراپی لەسەر ئارامی و ئاسایشی هاووڵاتییان هەیە.

٣. کۆنگرە، هۆشیاری دەدا، گەلی کورد هێشتا لە ژێر باری هەڕەشەی کوشندەی هێزە عەسکەرییەکانی ڕژێمدایە، کە هەڕەشە لە مانی دەکا و دەیخاتە بەر مەترسی کۆڕەوێکی دیکەوە. هەر بۆیەش پێویستە هێزەکانی هاوپەیمان (قوات التحالف) ڕژد و

توند بن و ئاماده بن فەوری و دەستبەجێ بەرپەرچ و وەڵامی هەر دەستدرێژییەکی هێزی عەسکەریی ڕژێمی عێراق بدەنەوە.

٤. کۆنگرە، داوا دەکات، ناوچەی خەتی (٣٦) بەرفراوان بکرێتەوە تا لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی عێراق بگرێتەوە. هەروەها هەوڵ بدرێت ئاوارەکان لە ژێر حیمایەی نێودەوڵەتی، بگەڕێنەوە زێد و مەئوای ئەسڵیی خۆیان و نیشتەجێ بکرێنەوە.

٥. داواش دەکەین ئەمنی ئابووریی هاووڵاتییانی هەرێم بپارێزرێ و بە توندی بەرپەچی دەستدرێژکاری هێزەکانی ڕژێم بدرێتەوە کە پەیتا پەیتا ئاسایشی هاووڵاتییان پێشێل دەکەن.

٦. گەلی کورد لە مێژوودا ناسراوە بە گەلێکی خۆڕاگر و فیداکار، گەلی کورد ئەگەر ئیمکانیاتی لەبەردەستا بێ دەتوانی دیفاع لە خۆی بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی بێئیمکانیاتە، هێشتا پێویستی بە حیمایەی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی لە بەردەمی سیاسەتی سەپاوی قەڵاچۆ و جینۆسایددا خۆی ڕابگرێت.

**ستراتیجیەتی یارمەتی نێودەوڵەتی بۆ بووژانەوە و پشتبەخۆبەستن**

لەگەڵ سوپاس بۆ گشت ئەو حکومەت و ڕێکخراوە جیهانییانە، بە تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە یارمەتی گەلی کوردستان دەدەن، داوا دەکەین بە شێوەیەك یارمەتی گەلەکەمان بدرێ تا بتوانێ بە خۆی، خۆی بژێنێ و پشت بە توانای خۆی ببەستێ و چاوی لە یارمەتی دەرەوە نەبێت و باری ئابووری بە شێوەیەك دابڕژێتەوە کە ژێرخانی ئابووری سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە.

هەروەها پێویستە تەنسیقێك بخرێتە نێو ڕێکخراوەکانی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی بە شێوەیەك کە ستراتیجیەتی ئەو یارمەتییانە لە فریاکەوتنەوە بۆ یارمەتیدانی بووژانەوە و گەشەسەندنی ئابووری بگۆڕێ.

**بڕیارەکانی مەجلیسی ئەمنی دەولی**

١. کۆنگرە، لە کۆڕ و کۆمەڵەی جیهانی دەوێ، گشت بڕیارەکانی مەجلیسی ئەمنی دەولی، دەرهەقی ڕژێمی عێراق بە تەواوی جێبەجێ بکرێن، بە تایبەتی بڕیاری ژمارە (٦٨٨) کە دژی سەرکوتی گەلی کورد و گەلی عێراقە. داوامان لە کۆمەڵگای جیهانی ئەوەیە: (قوەتێکی تەنفیزی) بەو بڕیارە بدرێ، ئەویش: یا بەوەی (بەندی حەوتەمی)

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو بڕیارە بگرێتەوە یا بڕیارێکی تازەی مەجلیسی ئەمن دەربچێ بۆ بەرپەچدانەوەی ڕژێم تا دەست هەڵگرێ لە زەبر و زەنگ و پێشێلی مافی مرۆڤ.

٢. پشتگیری بۆچوونی (موقەڕەڕی) تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانین بۆ ناردنی چاودێری نێودەوڵەتی بۆ سەرانسەری عێراق تا کردەوەی پێشێلی مافی مرۆڤ بگرنە ژێر چاودێری خۆیان.

٣. سەبارەت بە دوو بڕیاری مەجلیسی ئەمنی دەولی ژمارە (٧٠٦) و ژمارە (٧١٢) دەربارەی فرۆشتنی مقدارێکی نەوتی عێراق بە مەرج و لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنگرە بە گەرمی لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەخوازێ کە ناردنی نەوت ببەسترێتەوە بە مەرجێك لەسەر حکومەتی عێراق تا بە ئێجگاری ئابلۆقە ناڕەواکەی لەسەر کوردستانی عێراق هەڵبگرێت، ئەو ئابلۆقەیەی کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩١ەوە، داینـاوە و زەرەر و زیانێکی ئێجگار زیادی بە خەڵکی هەرێم گەیاندووە.

### سیستەمی نوێی جیهانی

١. کۆنگرە، لەوە گەییوە کە پاش نەمانی شەڕی سارد سیستەمێکی نوێی جیهانی هاتووەتە کایەوە، لەسەر بناغەی نوێ دامەزراوە، بناغەی ئاسایشی بە کۆمەڵ (الامن الجماعي)، عەدالەت، دیموکراسی، حورمەتگرتنی مافی مرۆڤ، بەربەرەکانی دیکتاتۆریەت، دانـان بە مافی چارەنووس و چارەسەری کێشەی گەلان بە شێوەی ئاشتییانە، هەروەها لەسەر بناغەی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەبێ کاریگەرانە دەوری هەبێ و بە ئاشتی گفتوگۆ بۆ کێشە و تەنگوچەڵەمە ئیقلیمی و جیهانییەکان چارەسەر بدۆزیتەوە و شوێنەواری خراپەکاری لە دەوروبەر (بيئة) و خراپ بەکارهێنانی نەهێڵێ.

٢. ئێمە لەم جیهانە جیا نین، ناتوانین خۆمان لە ماجەرای ئەم جیهانە جیا بکەینەوە، ئێمە پارچەیەکی ئەم جیهانەین کە لە گۆڕاندایە، هەر بۆیەش پێویستە خۆمان لەگەڵ گۆڕانکاری دیموکراتییانەی جیهاندا بگونجێنین.

٣. لە کۆڕ و کۆمەڵەی نێودەوڵەتیمان دەوێ، مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە یەکێك لە مەسەلە مەزن و گرگرتووەکانی دەڤەری (ناوچەیی) بزانن و، دەرهەقی گەلی کورد بە عەدالەت و ئینسافەوە بڕوانن و کێشەکەی بە گفتوگۆی ئاشتی و دیموکراتییانە چارەسەر ببێ.

٤. کۆنگره، پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ خەباتی گەلانی جیهان دەردەبڕێ لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و، دژ بە ڕەگەزپەرەستی و ئاپارتهاید و دیکتاتۆریەت و ستەم.

**بڕیاری تایبەتی ساڵڕۆژ و موناسەبەی مێژوویی**

١. ساڵڕۆژی هەڵەبجەی شەهید لە ١٦ی ئادار، ڕۆژی هەڵەبجەیە، لەو ڕۆژەدا باسی کارەسات و قوربانیانی هەموو بۆردومانە کیمیاییەکانی (دۆڵی جافایەتی، شێخ وەسانان، مەلەکان، گەرمیان و بادینان)، بکرێتەوە. بەردەوام بین لە داوا بۆ دانانی ١٦ی ئادار بە ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی گشت زەخیرەی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی و گازی ژاراوی لە سەرانسەری جیهاندا.
٢. پێشنیار: ڕۆژێك ناو بنرێ بە ڕۆژی شەهیدانی (ئەنفال) و ئەو پێشنیارە بە پەرلەمان بدرێ.
٣. چارەنووسی گیراو و بێسەروشوێنەکان، کە دەیان هەزار مرۆڤن، بکرێ بە مەسەلەیەکی تایبەتی. بە ناوی کۆنگرەوە جارێکی دیکە لە سەرانسەری جیهان داوا بکرێ تا فشار ببەنە سەر ڕژێمی ستەمرەوشت، بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسیان، هەروەها لیژنەیەك بۆ ئەو مەبەستە پێك بێت.
٤. بایەخی جیدی بە ژیانی کەسوکاری شەهیدان و ونبووەکان بدرێ.
٥. نووسینگەیەك، یا مۆزەخانەیەك لەگەڵ ئەرشیڤخانەیەکی تایبەتی پێك بێ بۆ کۆکردنەوەی گشت بەڵگەنامە و مەعلوماتێك دەربارەی ونبووەکانی بارزانی، قوربانیانی (ئەنفال)، گیراوانی فەیلییەکان و ونبووانی دیکە، بگرێتەوە، هەر وەك بەڵگەنامەی مێژوویی و هەم بۆ موتابەعەی وەزعیان.
٦. لە هەر شارێك (نصب)ێکی شەهید دابنرێ، لە نێو هونەرمەندان پێشبڕکێ بکرێ بۆ دانانی (نصب)ی گونجاو.
٧. ئەمەش چەند پێشنیار بۆ چەند بۆنەی مێژوویی:

**ا. ڕۆژی شەهید:** ١٩ی حوزەیران (ڕۆژی شەهید) بێ لە کوردستان، کە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی چوار ئەفسەری قارەمانە.

**ب. ڕۆژی پێشمەرگە:** ١١ی ئەیلول بە (ڕۆژی پێشمەرگە) ناو ببرێ، کە ساڵڕۆژی

هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولە.

**ج. ڕۆژی مامۆستا:** پێشنیار دەکەین ڕۆژی شەهیدبوونی یەکەمین مامۆستا شەهید (محەمەد ئەمین) لە شۆڕشی ئەیلول، بە ناوی (ڕۆژی ماموستا) دابنرێ.

٨. ساڵی ١٩٩٦، پەنجاساڵەی لەدایکبوونی پارتیمانە، لە ئێستاوە ئامادەیی بکرێ بۆ ئەو ڕۆژە بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و مێژوونووسی و ڤێستیڤاڵ و ئاهەنگی گونجاو لەگەڵ ئەو وەختەدا.

٩. ساڵی ١٩٩٦، هەروەها پەنجاساڵەی دامەزراندنی کۆماری (مەهاباد)ە، ئەو موناسەبە مێژووییە گرنگەش بە شیاوی خۆی بکرێتەوە.

١٠. ئەمساڵ ١٩٩٣، دوو موناسبەی مێژوویی هاتوونەتەوە، [یادیان] بکرێتەوە:

**ا.** (٥٠) ساڵەی شۆڕشی بارزانی لە ١٩٤٣.

**ب.** (٣٠) ساڵەی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان.

### پەنابەرانمان لە ئێران

ڕێز و تەقدیری کۆنگرە بۆ پەنابەران و ئاوارەکانی میللەتەکەمان کە چ ساڵی ١٩٧٥ یا لە ساڵانی دوایی لەبەر ستەم و زۆرداری ڕژێمی عێراق ئاوارە بوون.

- کۆنگرە، تەقدیری خۆڕاگری و فیداکاری خۆیان و خێزانەکانیان دەکات کە ساڵەهای ساڵە (احتیاطي) گرنگی پارتی و شۆڕشن و، ساڵانی سەختی ژیانیان تەحەمول کردووە.
- کۆنگرە، سوپاسی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات، کە لەڕووی مرۆڤایەتییەوە، تا بە ئەمڕۆ دەیان هەزار پەنابەری ئێمەی حەواندووەتەوە.
- کۆنگرە، هەروەها لە (UN) و ڕێکخراوەکانی دەیەوێ بە زووترین کات یارمەتیمان بدات بۆ گەڕانەوەی ئەو پەنابەرانە بۆ کوردستانی عێراق و نیشتەجێبوونیان و یارمەتیدانیان بۆ دەسپێکی ژیانێکی نوێ، بە هاوکاری حکومەتی هەرێم و ڕێکخراو و دامودەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێم.

### چەند بڕیاری جیاجیا

١. لەگەڵ سڵاو بۆ کۆنگرەی نەوەدساڵەی **بارزانی نەمر**، کە ئەمساڵ ١٩٩٣، دەبەسترێ،

هەوڵ بدرێت مۆزەخانەیەك و ئەرشیڤێك یا ناوەندێكی مێژوویی بۆ كەلەپووری **بارزانی** و شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و گشت بزاڤی كورد بكرێتەوە.

٢. ڕێز و تەقدیری تایبەتی بۆ **بارزانی نەمر**، لە ڕێڕەوی مێژوویی بۆ یەكێتی سۆڤێتی پێشوو لە ساڵی ١٩٤٧ و، ئەو تەقدیرە بە نیشانە و خەڵات و بایەخدان بە ژیانی خێزان و منداڵەكانیان لە گشت ڕوویەكەوە بەرجەستە ببێ.

٣. كۆنگرە، سڵاو دەنێرێ بۆ خەڵكی كەركوك، خانەقین، مەندەلی، سنجار، شێخان، زوممار و ناوچە تەعریبكراوەكانی كوردستان و تەواوی خەڵكی ژێردەستی ڕژێم و، تەقدیری خۆڕاگری و فیداكارییان دەكەین.

٤. بۆ پێشخستن، پەیمانگایەكی هەمیشەیی دامەزرێ بۆ دەوراتی كادیر و هەروەها هەوڵ بدرێت ئەكادیمیایەك بۆ كادیرانی پێشكەوتوو بكرێتەوە.

٥. كۆنگرە، سڵاو دەنێرێ بۆ خێزان و كەسوكاری شەهیدان، خێزان و كەسوكاری پێشمەرگە و ئاوارە و لێقەوماوانی كوردستان.

٦. كۆنگرە، سوپاسی گشت حكومەت و ڕێكخراوە، شەخسیات، كۆڕ و كۆمەڵەی جیهانی دەكات كە پشتیوانی گەلی كورد و كێشەكەی بوونە و یارمەتیان داوە و، ئێستاش یارمەتی دەدەن، بە تایبەتیش سوپاسی نەتەوە یەكگرتووەكان و هێزەكانی (عملیة توفیر الراحة ـ O.P.C) و دەوڵەتە هاوپەیمانەكان، بڕیار درا بە ناوی كۆنگرە و بۆیە كایەكی ئەو لایەنە بەڕێزانە سوپاسنامە بنێردرێت.

٧. كۆنگرە، سوپاسی گشت میوانانی كوردستان و عێراق و جیهان دەكات، لەو حزب و ڕێكخراو و شەخسیاتی ڕۆشنبیری و مرۆڤدۆست و ئەو حكومەتانەی نوێنەریان بۆ كۆنگرە نارد یا بە نامە و پیرۆزبایی بەشداربوون، كۆنگرە بڕیاری داوە، سوپاسنامەی جیاجیا بۆ یەكبەیەكی ئەو بەڕێزانە بنێرێت.

٨. كۆنگرە، بە گەرمی پشتگیری لە یەكێتی و ڕێكخراوە جەماوەری و كۆمەڵایەتییەكان دەكات و تێ دەكۆشێ بۆ پێشكەوتن و گەشەسەندنیان.

## بەلاغی کۆتایی کاروباری کۆنگرەی یازدەی
## پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو

یازدەیەمین کۆنگرەی پارتیمان، کۆنگرەی یەکگرتن، لە ژێر دروشمی (ئاشتی، ئازادی، دیموکراتی) بە درێژایی ڕۆژانی ١٦ ـ ٢٦ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٣ لە هۆڵی زەردی شاری دێرینی هەولێر، بە هێمنی و ئارامی، لە هەلومەرجی ئازادی دیموکراتی، لەژێر سایەی تاقیکردنەوەی دیموکراتییانەی کوردستانی عێراق، پەرلەمان و حکومەتی دیموکراتی هەرێم و، بە پێشوازی گەرمی جەماوەری میللەتەکەمان و ئامادەبوونی بەرچاوی ناوەوە و دەرەوە، بە تایبەتی ئامادەبوونی بەرفرەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی سەرانسەری کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کورد کۆمەڵەی ڕەسمی و پەرلەمانیی تورکیا و کۆنگرێسی ئەمەریکی و کورد کۆمەڵەی ئەوروپی و ڕۆژنامەنووس و پەیامنێرانی دەرەوە، کۆنگرەکەمان لەو باروزروفەدا، سەرکەوتووانە کارەکانی خۆی بە ئەنجام گەیاند و، لە بواری سیاسی و ئابووری و تەنزیمی و ڕۆشنبیری و عەسکەری و باری ژیانی هاووڵاتییان و پەیوەندی گشتیی ناوەوە و دەرەوە، چەندین بڕیاری گرنگی وەرگرت. پێش هەموویان پەسەندکردنی دروشمی (فیدراڵی)، وەکو دروشمی سەرەکی پارتی، بۆ دامەزراندنی پەیوەندی گەلی کورد و عەرەب لە عێراقدا، لەسەر بناغەی فیدراڵیزم بە دامەزراندنی عێراقێکی فیدراڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی و فرەحزبی.

کۆنگرە بە دەقیقەیەك ڕاوەستان لەسەر گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان کرایەوە، پێش هەموویان گیانی پاکی **بارزانی نەمر**، هەمیشە زیندوو **ئیدریس بارزانی**، شەهیدانی نەمر، **سەیدا ساڵح یوسفی** و **نوری شاوەیس** و **ئازاد مستەفا**. ئەمجا سەرۆکی پارتیمان بە وتەیەکی کورتی بە نرخ بەخێرهاتنی میوانانی ئازیز و نوێنەرانی کۆنگرەی کرد و ئەرکە گرنگەکانی ئەم کۆنگرەیە و بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق و باری گشتیی عێراق و شێوە چارەسەری کێشەکانی، ڕوون کردەوە.

دوابەدوای ئەو، میوانە بەڕێزەکانی کۆنگرە، وتار و سڵاو و پیرۆزبایی خۆیان بە کۆنگرە پێشکەش کرد، کە لە ماوەی نزیکەی دوو ڕۆژی خایاند تا گشت وتار و بروسکە و پیرۆزباییەکان خوێندرایەوە، کە بە گشتی ئامادەبوونی فراوانی چەندین لایەنی ناوەوە و دەرەوەی پێوە دیار بوو:

* ئامادەبوونی بەرفراوانی تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی سەرانسەری

کوردستان، کە بە دەگمەن نەبێ، گشت حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا، لوبنان و یەکێتی سۆڤێتی پێشوو و کۆمەڵە کوردەکانی ئەوروپا و ئەمریکا، چ ڕاستەوخۆ ئامادەبوون یا نامە و بروسکەیان ناردبوو.

* ئامادەبوونی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بە کۆنگرەی یەکگرتووی نیشتمانی عێراقی (I.N.C) و دامودەزگاکانییەوە و، حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان کە وتار و پیرۆزباییان بە کۆنگرە پێشکەش کرد.

* ئامادەبوونی فراوانی کورد، کۆمەڵەی ڕەسمی حکومی و پەرلەمانی، حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تورکیا.

* ئامادەبوونی بەرچاوی کۆنگرێسی ئەمریکی و میوانانی ئەوروپایی و نامە و بروسکەی حزب و پەرلەمان، شەخسیاتی سیاسی، ڕۆشنبیری وڵاتانی ئەوروپا، ئەسکەندنافیا و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەکان.

ئەمە جگە لە نوێنەرانی گشت حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و یەکێتی و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی کورد، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری زانکۆیی و کەرتەکانی کۆمەڵ و شەخسیاتی کۆمەڵایەتی شارەکان.

ئەم کۆنگرەیە، گەورەترین کۆنگرەی پارتیمانە لە سەرانسەری مێژوویدا کە (٢١٦٧) نوێنەری تێدا بەشدار بوون، بە ئازادی و دیموکراتی و گیانی پڕ لە هەستی لێپرساوەتی و نیشتمانپارێزی و بەرژەوەندی گەل و پارتی و تاقیکردنەوەی دیموکراتییانەی هەرێمەوە، هەموو لایەنێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، عەسکەری و پەیوەندیی ناوەوە و دەرەوەی پارتی و بارودۆخی هەرێمی (ك.ع) یان خستە بەر پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان و بڕیاردان لەسەریان.

کۆنگرە، (١٢٤) ئافرەت و نوێنەرانی گشت کەرت و توێژێکی کۆمەڵی کوردەواریی گرتەوە، کە وێنەیەکی دیکەی شێوەی خەباتی پارتییە، کە شێوەی یەکخستنی جەماوەری گەلە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی.

کۆنگرەی یەکگرتن، کە ڕێکەوتی ١٦ی ئاب بوو، ساڵڕۆژی پیرۆزی لەدایکبوونی پارتی لە ساڵی ١٩٤٦دا، جارێکی دیکە ئومێدی گەشی بە گەل و بزووتنەوەکەی بەخشی، بەوەی کە ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی هۆشیار و پێگەیشتوون و دەتوانن بە سەر گیروگرفت و ئاستەنگدا زاڵ

بن و، خواست و ئیرادەی سیاسی و تەنزیمی خۆیان بکەنە یەك. ئەوە بوو لەم کۆنگرەدا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی (پ.د.ك) و حزبی یەکگرتن و یەکێتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی موسڵمانانی کوردی فەیلی، پێکەوە بەشداربوونیان سەرکردایەتی نوێی (پ.د.ك) یەکگرتوو هەڵبژێرن.

کۆنگرەکەمان، بەو شێوە، نەبەس لە گەورەترین کۆنگرەکانی مێژووی پارتیمانە، بەڵکو گەورەترین کۆنگرەی حزبێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە، کە بە ئاشکرا و ئازادی لە ژێر سایەی پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵی کوردستاندا دەبەسترێت.

کۆنگرەکەمان بە ئاشکرا مەراسیمەکانی ڕۆژانی یەکەم و دووەمی بڵاو کردەوە و لە ڕۆژانی دیکەشدا، هەنگاوبەهەنگاو دەنگوباسی نێو کۆنگرە لە دامودەزگای ڕاگەیاندنەوە بۆ جەماوەری گەل بڵاو دەکرایەوە.

لەو مەراسیمانە، دەقیقەیەك ڕاوەستان لەسەر گیانی پاکی ئەو دۆستە بیانییانەی ئەوروپا کە لە کوردستان شەهید بوون، هەروەها چالاکی هونەریی جۆربەجۆر، بەو جۆرە کۆنگرەکەمان بوو بە ڤستیڤاڵێکی سیاسی و فراوان و پڕۆپاگەندە بۆ کێشەی گەلەکەمان، بە تایبەتی کە ژمارەیەکی زیادی پەیامنێران و فلیمگرانی بیانی ئامادەی بوون.

ڕۆژی سێهەمی کۆنگرە، ٨/١٨، لەلایەن هەڤاڵی بەڕێز مەسعود بارزانییەوە بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سیاسی گرنگی کۆنگرە، کرایەوە کە پاشان بە گشتیی دەنگ لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە پەسەند کرا، کە ڕاپۆرتێکی گرنگە، لە جەوهەردا دیموکراتییە، هەر بۆیەش ئومێد دەکەین ببێتە ڕێبازێك بۆ هەموو نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ڕاپۆرتەکە لە (٣) بەش پێك هاتووە، بەشی یەکەم دەربارەی گشت لایەنەکانی خەباتی پارتی لە نێوان دەیەمین کۆنگرە، ساڵی ١٩٨٩ تا یازدەهەمین کۆنگرە لە ساڵی ١٩٩٣ باری تەنزیمی، جەماوەری، عەسکەری و ڕۆشنبیری پارتی، بارودۆخی کوردستان، عێراق و جیهان و گۆڕانکارییە دیموکراتییە فراوانەکان و هەڵوێستی پارتی لەو ڕووداوە گرنگانە، بە تایبەتی شەڕی دووەمی خەلیج، ڕاپەڕین، هەڵبژاردن، دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و هەڵوێستی ناوچە و جیهان بەرامبەر بە کێشەی کورد.

ڕاپۆرتەکە، هەروا مێژووی خەبات و فیداکاری حزبی یەکگرتن و ئەو لایەنانەی کە ئەو حزبەیان پێك هێنابوو، هەر لە پاش ساڵی ١٩٧٥ەوە، تا کۆنگرەی گرتووەتەوە لەگەڵ تەئکیدکردن لەسەر سەرخستنی پڕۆسێسی یەکگرتن لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەوەش ڕوویەکی

گەشی دیکەی کۆنگرەیە، کە بە ناوی (کۆنگرەی یەکگرتن)ەوە، چووە مێژووەوە.

پاش لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و دەڤەر (اقلیم) و جیهان (ڕاپۆرتی سیاسی) ئەرکەکانی ئەمڕۆ و بەرنامەی ئایندەی تێکۆشانی داڕشتووە.

بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستنی ناوخۆ و پەرەسەندنی پەیوەندیی و خەباتی ئایندە و ڕاگرتنی هێزی گەل و یەکبوونی، پتەوکردنی تەبایی و هاوکاری پەرلەمانی و حکومی و بەرەیی لە نێوان پارتیمان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و تەواوی حزب و هێزەکانی بەرەی کوردستانی و بەهێزکردنی یەکێتی ڕیزی گەلی کورد، تورکمان، ئاشووری و کەمایەتییەکانی دیکەی هەرێم و گەشەپێدانی تاقیکردنەوەی دیموکراتییانە و بەهێزکردنی پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگا شەرعییەکانی و پاراستنی ئازادییە سیاسییەکان. ڕاپۆرتی پەسەندکراوی کۆنگرە، لەم ڕووەوە، تەئکیدی تەواوی کردووەتە سەر ڕێزنان لە مافی مرۆڤ و پاراستنی و زاڵکردنی دەسەڵاتی یاسا لە هەرێمدا.

کۆنگرە بە ڕاشکاوی هەڵوێستی پارتی دەربڕیوە دژ بە تیرۆریزم و تیرۆرکاری و بەکارهێنانی ئەو دیاردە دزێوەی تاوانبار کردووە.

پارتی، چ بۆ خۆی یا بۆ تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، شێوەی دزێوی تیرۆریزم ڕەت دەکاتەوە و بە دیاردەیەکی خەتەرناکی دەزانێ و دەبێت ڕیشەکێش بکرێت. هەر بۆیەش ڕاپۆرتەکە تەئکید دەکات لەسەر خەباتی ئاشتیخوازانە و دیموکراتییانە و گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەی کورد، کە تا بتوانین دەست بۆ چەك نەبەین، مەگەر لە حاڵەتی خۆپاراستندا. کۆنگرە، لەسەر ئاستی عێراق پشتیوانی پارتیی دووپات کردەوە لە کۆنگرەی یەکگرتووی نیشتمانی عێراق (I.N.C) و دامودەزگاکانی، یەکخستنی خەباتی گشت گەلی عێراق، بۆ لابردنی ستەم و دیکتاتۆری و جیاوازیگەری نەتەوەیی، ئاینی و تایفەیی، لە پێناوی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی و پێشکەوتنی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی و پەرلەمانی و مافە ڕۆشنبیری و ئیدارییەکانی تورکمان، ئاشووری، کەمەنەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکەی عێراقدا.

کۆنگرە هاودەردی و هاوکاری خۆی دەربڕیوە لەگەڵ خەڵکی ستەمدیدەی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم، گیراوە سیاسییەکان، ونبووەکان و کەس و کاریان و هێز و حزب و شەخسیاتی تێکۆشەری گشت عێراق و پەنابەر و ئاوارەی عێراقی لەسەرانسەری جیهان. کورد لە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی داوای کردووە پشتیوان و هاوکاری گەلی تێکۆشەری عێراق بن، بۆ

ڕزگاری لە دژواری و مەینەتی سەختی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم و ئاکامی شەڕە ناڕەواکانی دژی ئێران و کوێت و دژی خودی گەلی عێراق و بە تایبەتی وێرانکاری و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و جینۆساید لە کوردستاندا.

کۆنگرە لەسەر ئاستی دەڤەر (اقلیم) بڕیاری داوە تێ بکۆشین بۆ خاوکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزیی پەیوەندی لەگەڵ هەندێ دراوسێ و دامەزراندنەوەی ئەو پەیوەندییە بە شێوەیەکی تەبیعی و برایانە، لەسەر بناغەی دراوسێتی چاك و ڕێزلێکنان.

لەگەڵ هەوڵدان بۆ پەیوەندییەکی تەبیعی و برایانە لەگەڵ ئێران و سوریا، کۆنگرە بایەخی پێویست و گرنگی بە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی تورکیا داوە، بە پاراستن و پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە، کە زۆر گرنگ و پێویستە چ بۆ ئەوەی دەروازەی هەرەگرنگی هەرێمە، یا بنکەی حیمایەی دەولی و ڕێگای گەیاندنی فریاکەوتن و یارمەتی و بازرگانییە. کۆنگرە ئەوەشی ڕوون کردووە کە تاقیکردنەوەی دیموکراتییانەی هەرێمی کوردستانی عێراق نابێتە مەترسی لەسەر ئەمنی نەتەوەیی وڵاتانی دراوسێ، ئەم تاقیکردنەوەیە بەڵکو بۆتە هۆی ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکەدا، گەلی کوردستان دەیەوێ بە ئاشتی و برایەتی بژی لەگەڵ گەل و نەتەوەکانی دراوسێدا.

کۆنگرە هەروەها بڕیاری داوە هەوڵی جیدی بدرێ، پەیوەندی عەرەبی و ئیسلامی پارتی و بزووتنەوە و گەلی کوردستان، لەسەر ئاستی دەڤەر و جیهانی سێهەمدا بچەسپێ و گەشە بسێنێ لەسەر بناغەی دۆستایەتی و هاوکاری و پشتگیری ئەو گەل و حکومەتانە لە کێشەی ڕەوای کورد و مافی مێژوویی نەتەوەی کورد، کە نەتەوەیەکی مەزنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و جیهانی ئیسلامی و جیهانی سێهەمە.

پارتیمان، بڕوای بە مافی ڕەوای نەتەوەی کورد لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە. هەروەها پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکە دەکا، بە شێوەی کە بە خۆیان بۆ تێکۆشان هەڵی دەبژێرن و بەو شێوە چارەسەری کە دەتوانن لەگەڵ حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە، بە گفتوگۆی دیموکراتییانە و ئاشتی بەپێی هەلومەرجی خۆیان، مافی دیموکراتی نەتەوەی خۆیان وەردەگرن.

کۆنگرە، لە کۆڕوکۆمەڵەی نێودەوڵەتی داوایە، تا مەسەلەی کورد، وەکو مەسەلەیەکی مەزن و هەرە گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بناسن و بە عەدالەت و ئینسافەوە لە چارەسەری مەسەلەکە بڕوانن و بیخەنە خشتەی کاریانەوە.

کۆنگرە هەر وەکو پشتیوانی جیهانی بۆ کورد و مەسەلەکەی ویستووە، هەروەها بە دەوری خۆی پشتیوانی پارتی و گەلی کورد و بزووتنەوەکەی لە خەباتی گەلانی جیهان دەربڕیوە لە پێناوی ئازادی، دیموکراسی، پێشکەوتن و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لە تێکۆشان دژی ڕەگەزپەرستی، ئاپارتهاید، فاشیزم، ستەم، دیکتاتۆری و تیرۆریزم.

کۆنگرە لە ئەنجامی شیکردنەوەی بارودۆخی جیهان بەوە گەیشتووە کە ئێمە لەم جیهانە جیا نین. ناتوانین خۆمانی لێ جیا بکەینەوە، ئێمە پارچەیەکی ئەم جیهانەین کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، هەر بۆیەش پێویستە خۆمان لەگەڵ جەرەیانی گۆڕانکاری دیموکراتییانەی جیهان بگونجێنین، دیموکراسی بە تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا بڵاو ببێتەوە و لە سەر هەموو ئاستێکدا گەشە بدەین بە پەیوەندی دیموکراتییانە و تەبایی و ڕێز لەیەکدینانی حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان.

کۆنگرە بایەخی گرنگی بە وەزعی نێودەوڵەتی و ئەرکی سەر شانی (U.N) و کورد کۆمەڵەی جیهانی بەرامبەر بە کورد داوە، کە جارێکی تر بانگیان دەکەین، پشتگیری لە تاقیکردنەوە دیموکراتییەکەمان بکەن. درێژە بدەن بە حیمایەی دەولی و ناردنی کۆمەك و فریاکەوتنی مرۆڤایەتی و گۆڕینی ستراتیجییەتی یارمەتیدانی نێودەوڵەتی بە شێوەیەك، گەلەکەمان بتوانێت خۆی بە خۆی بژێنێ و پشت بە کار و توانای خۆی ببەستێت، چاوی لە یارمەتیی دەرەوە نەبێت، هەروەها باری ئابووری بە شێوەیەك موعالەجە بکرێت لە خزمەتی ئاوەدانی و بووژاندنەوە و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستاندا بێت. لەسەر ئاستی دیپلۆماسیدا، کۆنگرە داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتانی دۆست و ڕێکخراوی نێودەوڵەتییەکان کردووە بۆ ئەوەی (صیغە)یەکی قانونیی نێودەوڵەتی بدۆزنەوە، بۆ تەعامول لەگەڵ دامودەزگای شەرعیی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها بۆ ئەوەی فشار بخرێتە سەر حکومەتی عێراق تا گەمارۆی ئابووری لەسەر هەرێم هەڵبگرێت. لە (U.N)یش، داوای کردووە تا هەرێم لە بڕیاری گەمارۆی نێودەوڵەتی بە شێوەیەك ئازاد بکرێت کە لەگەڵ بڕیاری (٦٨٨)ی مەجلیسی ئەمنی دەولی بگونجێت و قووەتێکی تەنفیزی بەو بڕیارە بدرێت. کۆنگرە هەروەها، پشتگیری خۆی لە جێبەجێکردنی گشت بڕیارەکانی مەجلیسی ئەمنی دەولی دەرهەقی ڕژێمی عێراق دەرخستووە.

داوای کۆنگرە هەروەها ئەوەیە زەرەر و زیانی گەلی کوردستانی عێراق بە کێشانەوەی (٢٥) دیناری و زەرەر و زیانی شەڕی (٣٢) ساڵەی حکومەتەکانی عێراق دژی گەلی کورد و وێرانی و تاڵانی لە کوردستاندا، بدرێتەوە.

کـۆنگره و لێژنـه‌کانی نـاوخۆیی کۆمـه‌ڵێك بڕیـار و ڕاسـپارده‌ی گرنگیـان وه‌رگرتـووه بـۆ پێشخســتنی تێکۆشـانی گـه‌ل و بزووتنه‌وه‌کـه‌ی و ئاینـده‌ی دره‌وشـاوه‌تری تاقیکردنـه‌وه‌ی مێژوویی ئه‌مڕۆمان، له وانه‌ش:

* گرنگی زیادی به کێشه‌ی ئابووری و چاره‌سه‌ری و سه‌رباری سـه‌ختی ژیـانی هاووڵاتییـان و کێشـه‌ی زه‌وی و کشـتوکاڵ، ڕێگه‌چاره‌سـه‌ر بـۆ ئـه‌وه‌ی په‌رلـه‌مان و حکومـه‌ت و ده‌زگاکـانی بتوانن به‌سه‌ر گیروگرفته‌کاندا زاڵ بن و ئاسایشی هاووڵاتییان بپارێزن و هه‌وڵی هه‌ره جیـدی بده‌ن بۆ چاره‌سه‌ری گیروگرفتی ژیانی هاووڵاتییان و پێداویستییه‌کانیان.

* بڕیاری داوه فراکسیۆنی پارتیمان له په‌رله‌مان و حکومه‌ت و نوێنه‌رانی لـه دامـوده‌زگاکـانی و ڕێکخراوه‌کـانی پـارتی، هه‌میشــه لــه خزمــه‌تی هاووڵاتییانــدا بــن، پابه‌نــدی ڕه‌فتــاری دیموکراتییانه و گه‌لپه‌روه‌رانه و عه‌داله‌تخوازی بن و پشتیوانی هه‌ر هه‌نگاوێکی چاك بـن بـۆ پێشخستنی تاقیکردنه‌وه‌که‌مان.

* پاراستنی مافی مرۆڤ، چه‌سپاندنی ده‌سه‌ڵاتی یاسا و به‌گژاچوونی دیارده سـه‌لبییه‌کان، بـه تایبه‌تی تیرۆریزم و ده‌ستدرێژکاری و هـه‌ر جـۆره ئـازاردانێکی هاووڵاتییـان و حورمـه‌تگرتنی مافی شه‌خسی و گشتییان.

* ئه‌م کۆنگره مێژووییه به‌رهه‌می خوێنی شه‌هیدانی نـه‌مر و ڕه‌نـج و خـه‌باتی پێشـمه‌رگه‌ی نه‌به‌زی کوردستانه، هه‌ر بۆیه‌ش بایه‌خی ته‌واو به ژیان و ئاینده‌ی مناڵ و که‌سـوکاری گشـت شه‌هیدان بدرێ و ڕێز و ته‌قدیر بنرێ له پێشمه‌رگه و خیزانه‌کانیان و یاساکانی په‌رلـه‌مان بـۆ ڕێزلێنانیان جێبه‌جێ بکرێن.

* پێشمه‌رگه‌ی کوردستان، له له‌شکرێکی ڕێکخراو و مودێرندا، یه‌کیان گرتووه، ئه‌و یه‌کبوونـه پته‌وتر بکه‌ین، تا پێشمه‌رگه له سه‌رده‌می تازه‌شدا جێگه‌ی پڕ شانازی خۆی بگرێته‌وه.

کــۆنگره، هــه‌روه‌ها بــۆ ڕێزلێنــان لــه یــادی شــه‌هیدان و موناســه‌به مێژوویــی و نه‌ته‌وه‌ییه‌کانماندا چه‌ندین بڕیاری گرنگی وه‌رگرتووه، له وانه‌ش ساڵڕۆژی هه‌ڵه‌بجه‌ی شـه‌هید له (١٦)ی ئاداری هه‌موو ساڵێك یـاد بکرێتـه‌وه، ئـه‌و ڕۆژه ببێتـه ڕۆژی شـه‌هیدانی هـه‌موو بۆردومانه کیمیاییه‌کانی کوردستان.

هه‌روه‌ها ساڵڕۆژه مێژووییـه‌کانی دیکه بکرێنـه‌وه، کـه سـاڵه‌های سـاڵه بـاوه و بایـه‌خی هه‌ره جیدی به کێشه‌ی که‌سوکاری گیراوه بارزانییه‌کان و ونبووه‌کـانی ئه‌نفالـه شـوومه‌کان و

جارێکی دیکە هەوڵ بدرێت لەسەر ئاستی جیهانی، فشارێکی توند بخرێتە سەر ڕژێم بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ونبووەکان. بۆ ئەو مەبەستەش کۆمیتەیەك پێك بێت.

بۆ گەڕانەوەی ئاوارە و پەنابەرانمان لە ئێران و جێگیربوونیان و یارمەتیدانیان بۆ ژیانێکی تازە، هەروەها گەڕاندنەوەی فەیلییەکان و دانەوەی (جنسیە) پێیان و زەرەر و زیانیان بدرێتەوە.

بۆ ڕێزلێنان لە پێشەوا نەمرەکانی بزووتنەوەکەمان کۆنگرە، بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم پێشنیاری کردووە لە گشت دامودەزگا ڕەسمییەکان، وێنەی **بارزانی نەمر** و، وێنەی **شێخ مەحمودی نەمر** بە تەنیشت یەکەوە هەڵواسرێن، هەروەها هەر شارێك نەسبێکی شەهیدان دابنرێ.

کۆنگرە، بڕیاری لەسەر چەندین گۆڕانکاری گرنگ لە پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو داوە، بە شێوەیەك بگونجێت لەگەڵ باری ئەمڕۆماندا، لە ڕووی تەنزیمی و جەماوەری و سیاسییەوە، لەوانەش:

* کۆمیتەی ناوەندی (٣٧) ئەندام و (٩) ئەندامی ئیحتیات بێ.

* مەکتەبی سیاسی (١١) ئەندام بێ.

* دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری لە (١١) ئەندام و لەلایەن کۆنگرەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێن.

* کۆمیتەی ناوەندی (٩) مەکتەبی دیکە پێك بهێنێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سەرکردایەتی لە ئاستی ڕێکخستن، ڕاگەیاندن، عەسکەری، پەیوەندی گشتی، لێکۆڵینەوە و بوارەکانی دیکە.

* لەگەڵ پەیڕەوکردنی مەرکەزیەتی دیموکراتی، جۆری دیکەی ڕێکخستن هەبن، بۆ گرتنەوە و ڕێکخستنی جەماوەری بەربڵاوی پارتی.

پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو بەو مرونەتە لە کاری ڕێکخستن و پەیوەندی و تەبایی لە ڕیزی بزووتنەوەکە، دەتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێ کە شایانی هێز و توانا و مێژووی پارتیمانە.

کۆنگرە، لە خەتی فیکری و چالاکی ڕۆشنبیری ناوخۆدا، ڕەچاوی گشت ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و فیکرییانەی جیهانی کردووە کە لەسەرەوە هاتنە باس کردن، هەر بۆیەش پرۆگرامی پەسەندکراوی کۆنگرە گۆڕانکاری قووڵی بەسەردا هاتووە، ئەویش لەسەر بناغەی زانست و

تاقیکردنەوەی دوور و نزیکمان و بارودۆخی تازەی جیهان، بە شێوەیەك ئـەو پڕۆگرامـە ببێتـە چرای ڕێگەی کار و خەباتی ئێستامان، بۆ بەهێزبوونی تاقیکردنـەوەی دیموکراتییانـە و ڕۆڵـی سەرەکی پارتیمان و پەرەسەندنی پەیوەنـدی نـاوخۆ و دەرەوە. کۆنگرە بایـەخی تـەواوی بـە لایەنی ڕۆشنبیری خەبات و گەشەسەندنی ڕاگەیاندن و ڕێکخستنەوەی بە جۆرێکی کارامـەتر داوە، هەروەها بڕیاری داوە ئەنستیتۆ (معهد)ی هەمیشـەیی کـادیران دابمـەزرێنێ و هـەوڵ بدات بۆ دانانی ئەکادیمیا بۆ کادیرانی پێشکەوتووی پارتی، تا هەمیشە بەرەو پـێش بچـن لـە ئاستی زانست و هۆشیاری و فێربوون و چاککردنی شێوەی خەبات.

پڕۆگرامـی پەسـەندکراوی کـۆنگرە، لـە یەکـەمین بەندیـدا ناسـنامەی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، یـەکگرتووی، بـەم شـێوە داڕشـتووە کـە پـارتێکی دیمـوکراتی جـەماوەریی پێشکەوتنخوازە بڕاوی بە مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایـەتی و مـافی چارەنووسـی گشـت نەتەوەیـەك هەیـە. لەبـەر تیشـکی مێـژووی نەتـەوەی کـورد و بەنـد و تاقیکردنـەوەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و خەباتی پڕ لە شانازی کەلەپووری نیشـتمانی بـارزانی نـەمر تێدەکۆشێت و، لە تاقیکردنەوەی گەلانی دیکە و خەباتیان بـەو مەرجـە کـەڵك وەردەگرێـت، کە لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا بگونجێت.

جگە لە ڕاپۆرتی سیاسـی و پـەیڕەوی تـازەی نـاوخۆ و پڕۆگرامـی تـازە کـۆنگرە، چەنـدین ڕاپۆرتی دیکەی بە (ڕاسـپاردە) وەرگـرت، تـا بدرێنـە کۆمیتـەی ناوەنـدی تـازە. ئـەو ڕاپۆرتانـە لەلایەن لێژنەکانی کۆنگرەوە ئامادە کرابوون، بـواری جیاجیـا دەگرنـەوە، وەکـو عەسـکەری و ڕاگەیاندن، پەیوەندی گشتی و شکایات و بابەتی دیکە.

کۆنگرە، هەروەها چەنـدین بڕیـاری سیاسـی و ڕاسـپاردە و پێشـنیاری پەسـەند کـرد، کـە لەلایەن لێژنەی بڕیار و ڕاسپاردە ئامادەکرابوو. لەو بڕیارانـەدا، هەڵوێسـتی ڕاشـکاو و ڕوونـی پارتیمان بەرامبەر بارودۆخی وەزعی ناوخۆ و دەڤەر و جیهان، داڕێژراوە.

بۆ ڕێزلێنان لە یارانی بارزانی نەمر، لـە ڕێپیوانـە مێژووییەکـەی سـاڵی ١٩٤٧ بـۆ یـەکێتی سۆڤێت، بڕیار دراوە یاسای کاری بۆ شێوەی ڕێزلێنان و ڕەچاوکردنی وەزعی ژیانی خێزانەکـان ئەنجام بدرێ، لەوانەش خەڵات و یارمەتی مەعنەوی و ماددی.

هەڤاڵی تێکۆشەر، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، مەسعود بارزانی بـە بۆنەی بەستنی کۆنگرەوە، ٩ هەڤاڵی خۆڕاگر و قارەمانی بـە میـدالی پـڕ لـە شـانازی بـارزانی نەمر، خەڵات کرد ئەمەش ناوی ئەو قارەمانانەیە:

١. حەمید بەرواری.

٢. ڕەسول فەقێ.

٣. نادر هەورامی.

٤. موحسن دزەیی.

٥. حەسۆ میرخان.

٦. حالی محەمەد.

٧. محەمەد عیسا.

٨. غەزالی میرخان.

٩. عومەر ئاغا محمد.

هەروەها بڕیارە بە پێشنیار و هەڵبژاردنی لقەکانی پارتی، لە ئایندە چەندین خەباتگێڕی دیکە بە میدالی ئەیلول خەڵات بکرێن. کۆنگرە لە کۆتایی کاریدا، بە گشتی دەنگ هەڤاڵی تێکۆشەر مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو هەڵبژارد و هەڤاڵی تێکۆشەر عەلی عەبدوڵایش بە جێگری سەرۆك هەڵبژێردرا. هەروەها بە گشتی دەنگ (١١) ئەندامی بۆ دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری هەڵبژارد.

ئەوەش هەموو لە ژێر چاودێری قانونی بە ئامادەبوونی بەڕێز (حاکم ـ دادوەر)ی ڕەسمی کە یەکەمین جارە لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا، بە ئامادەبوونی دادوەری شەرعی ڕەسمی هەڵبژاردنی ئازادی حزبێکی کوردستانی ئەنجام دەدرێت. هەر لەژێر چاودێری بەڕێز دادوەری ڕەسمی، دەرگای هەڵبژاردن بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی کرایەوە. لە ئەنجامدا بە گیانی دیموکراتی و برایەتی و هەستی نیشتمانییەوە، (٣٧) ئەندام و (٩) ئەندامی ئیحتیاتی کۆمیتەی تازەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو هەڵبژێردران، کە ئەندامێکی ئەسڵی کۆمیتە ئافرەتە.

کۆنگرە، بەو شێوە کۆتایی بە کاروباری هێنا، لەگەڵ چەندین بڕیاری جیاجیا، بە ناردنی سوپاسنامە و ڕێز و تەقدیری پارتی و گەل و بزووتنەوەکەی بۆ گشت ئەو بەڕێزانەی بەشدار بوون، یا نامە و بروسکەیان ناردووە. هەروەها سوپاس و تەقدیر و ڕێز بۆ گشت ئەو حکومەت، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی، حزب، پەرلەمان، شەخسیاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی جیهان، پێش هەموویان نەتەوە یەکگرتووەکان (U.N)، وڵاتە هاوپەیمانەکان و هێزەکانی پاراستن و جێگرکردنی ئاسودەیی بۆ هاووڵاتییان، (MCC) و گشت ئازادیخواز و خێرخوازانی

جیهان.

جێگەی شانازی و خوشحاڵییە کە کۆنگرەکەمان بە ئارامی و سەلامەتی کۆتایی بە ئەرکەکانی هێنا و هیچ نارەحەتییەك بۆ خەڵکی بە شەرەفی هەولێر نەهاتە پێش، بەڵکو بوو بە میهرەجانی سیاسی و ڕۆشنبیری و مینبەری دۆستان و هاوپەیمانان بۆ ڕوونکردنەوەی سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد و مەسەلەکەی. کۆنگرە، کۆنگرەیەکی نمونە بوو لە دیموکراتییەتدا، هیچ کۆنگرەیەکی وەها دیموکراتی نەبەس لە کوردستاندا، بەڵکو لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبەستراوە.

هەر چاودێرێکی سیاسی ئاگا دەبێژێ کە ئەو کۆنگرەیە، لەوە ناچێت کە کۆنگرەی لە وڵاتێکی وەها پاشکەوتوودا، وەکو هەرێمی کوردستانی عێراق بووبێت، بەڵکو لەبەر ئازادبوون و دیموکراتییەتی کۆنگرەکە، لەوە دەچێت لە جێگایەکی وەك (پاریس و لەندەن و لۆزان) بەسترابێت.

ئەنجامی یازدەهەمین کۆنگرەی یەکگرتن، کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، جارێکی دیکە پتەوبوونی خەتی نەگۆڕی دیموکراتییانە و پێشکەوتنخوازانەی پارتی سەلماند کە لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە قۆناغ بە قۆناغ، گەشە بە ڕێبازی ئازادیخوازانەی نەتەوەپەروەری دیموکراتی خۆی دەدات، خۆی لە خۆیدا هێزی بزوێنەری خۆی دەخاتە کار و پەرە بە کاری تەنزیمی و سیاسی خۆی، بەپێی گۆڕانکارییەکانی ناوخۆ و دەوروبەر و دەرەوە دەدات.

بۆ گشت ئەندام و لایەنگیر و جەماوەری پارتی و گەل و دۆستانی کورد هەیە، شانازی بەم سەرکەوتنە تازەیەوە بکەن و بە سەرکەوتنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئایندەی ئومێدبەخشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، بزانن. کۆنگرە کە هەر چوار ساڵ [جارێك] دەبەسترێ، بە دووربینییەوە بڕیاری دا بۆ ئاهەنگێڕان بە یۆبێلی زێڕینی پارتی، ساڵڕۆژی لەدایکبوونی لە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٩٦دا، کە ساڵێك دەکەوێتە پێش دوازدەهەمین کۆنگرە و سەرکردایەتی و ئەندامان و جەماوەری پارتی و بزووتنەوە، بۆ بیرەوەری (٥٠) ساڵەی خەباتی پارتی، لە هەموو ئاستێکدا خۆ ئامادە دەکەن.

نیشانەیەکی دیکەی پێگەیشتنی سیاسی و فیکری پارتی و قووڵبوونی ڕیشەی لە مێژوودا، ئەو بڕیارە گرنگە بوو بە دانان و پەسەندکردنی "ئاڵای پارتی و دروشمی پارتی" کە نیشانەی دووربینی و تێگەیشتن و بەهێزبوونە بۆ سەقامگیربوونی پایەی پارتی و ناساندنی

مەسەلەی کورد و چەسپاندنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە لەسەر ئاستی دەڤەر (اقلیم) و جیهان دۆست و لایەنگیری زێدەتر بۆ مەسەلەکەمان وە دەست دێنێ و هەتا هەتایە ئەو حەقیقەتە دەچەسپێ، کە گەلی کورد مەسەلەیەکی ڕەوا و هیوای بەرزی سەرکەوتنی هەیە و دەیەوێ لەگەڵ نەتەوە و گەلانی دراوسێ و جیهان بە ئاشتی و ئاسوودەیی و خۆشی و برایەتی بژی.

پارتیمان بە تایبەتی لە کۆنگرەکانیدا، هەمیشە سیاسەت و مەسەلەی کوردی بە چاکترین شێوە و باشترین ڕەنگ پیشان داوە، هەر بۆیەش لە بەرامبەر هەر کوسپ و ئاستەنگێکدا خۆی ڕاگرتووە و جەماوەری پتر بە دەوریا ئاڵاوە.

ئەم پارتییە، پارتی بارزانی، ڕوو و ڕوومەتی گەشی نەتەوەی کوردە و بەرجەستەی تەواوی مێژووی خەباتی میللی و نەتەوەیی کوردە.

- پیرۆز بێ لە گیانی شەهیدانی سەرفراز، لە کەسوکاریان.
- پیرۆز بێ لە پێشمەرگە، لە هەڤاڵان و دۆستانی پارتی.
- پیرۆز بێ لە گشت تێکۆشەرانی کوردستان و عێراق، لە گشت ئازادیخوازانی جیهان.
- پیرۆز بێ سەرکەوتنی یازدەهەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکگرتوو، بە سەرۆکایەتی کاك (**مەسعود بارزانی**).

**١٩٩٣/٨/٣٠**

**کۆمیتەی ناوەندی**

**هەولێر ـ هەرێمی کوردستانی عێراق**

**پارتی دیموکراتی کوردستانی ـ یەکگرتوو**

## پەیام و برووسکەکانی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەی یازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان

- پەیامی جۆن کلۆد ماری و ماریس لاشیت لەجیاتی لێژنەی نیشتمانی هاوکاری لەگەڵ گەلی کورد.
- پەیامی یەشار ئیمام ئۆغلو بریکاری سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراقی.
- پەیامی دەنیز بایکاڵ ئەمینداری گشتی پارتی کۆماری میللی.
- پەیامی نوێنەری ئایەتوڵا محەمەد تەقی ئەلمودەڕیس.
- پەیامی دکتۆر سەرجۆن دادیشۆ سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئاشوری.
- بروسکەی رەمەزان فەتاح سەرۆکی کۆمەڵەی ئەرزی رۆشنبیری وەرزشی.
- سێناتۆر ولی کیپرس، سکرتێری دووەمی پارتی گەلی بەلجیکی و نوێنەری پەیوەندییەکانی دەرەوە.
- سەرۆکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (CSU) ئەلمانیا.
- د. هانس شتیرکن،سەرۆکی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی ئەڵمانیا.
- کارستن دفویکت، سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییە جیهانییەکانی سەرۆکایەتی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا.
- هاربرت شمال شتیك، پارێزگاری شاری هانۆڤەر- ئەڵمانیا.
- اوتا تسایف، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستان لە فراکسیۆنی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا.
- هایدي ئالم مارك، وەزیری داد لە ویلایەتی نیدر زاکسی ئەڵمانیا.
- د. ئەلێکسندەر مولەر، ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا.
- پ. د. کارل هاینس هورن، ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا
- بەڕێز فریدریك فوگل، ئەندامی پەرلەمانیئەوڕووپا و سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ و یارمەتی مرۆیی لە دەزگای پەیوەندییەکانی سەر بە پەرلەمانی ئەلمانیا.
- پ. د. رونالد مونش، سەرۆکی زانکۆی بریمن.
- ئەنجیلیکا بیر، سەرۆکی پارتی سەوز( یەکەی ٩٠)ی ئەڵمانیا.
- ئەلکتور هربرت شنور،وەزیری ناوخۆی نورت راین ڤیستفالن، ئەلمانیا.
- لودویگ فیلرمایر، سەرۆکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (SPD) و ئەندامی فەخری لە پەرلەمانی ئەوڕووپا.

- ئەدوارد کندي، ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا.
- نیل کینوك، ئەندامی پەرلەمان، ئەنجوومەنی گشتی و سەرۆکی پێشووی پارتی کرێکارانی بەریتانیا.
- جیرارد فوکس، بەرپرسی کاروباری نێودەوڵەتی پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسی.
- ژون فرانسوا روینو، وەزیری پێشووی دەرەوەی فەڕەنسا.
- پارتی کرێکارانی کوردستان (P.K.K).
- کمال بورقاي، سکرتێری گشتی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا.
- د. کمال فؤاد، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان.
- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕووپا.
- لێژنەی ناوەندی پارتی کاوا.
- بەڕێز محەمەد ساڵح سکرتێری گشتی پارتی ئەخای تورکمانی.
- دەستەی سەرکردایەتی کاتی شیوعییەکانی کوردستان.
- هایکە تروکن میولر، کۆمەڵەی کوردستان، کیوتینکن.
- مارکو شنایدر، لێژنەی لاوانی کاسۆلیکی ئەڵمانیا.
- ئەلیزابیث کولر، ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا لە پارتی سەوز، ئەڵمانیا میونخ.
- لێژنەی دۆستایەتی ئافرەتانی ئەڵمانی- کوردی، ئەڵمانیا ئەنیکریر رایمان.
- جمال بختیار، سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردستان لە ئەمەریکای باکور.
- ل. ئاي. ستیڤان هاگبري، رۆژنامەنووسی  سویدي.
- کوستاڤ فون ایستن، ئەندام پەرلەمانی سوێد. .
- کوللان لیند بلاد، سەرۆکی ئافرەتانی پارتی ناوەڕاست.
- پارتی دیموکراتی نوێی حکومڕان لە یۆنان.
- ئەلێکسندروس الاڤانوس، ئەندامی پەرلەمانی ئەوڕووپا، یۆنان.
- بانوس تریکانیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە هاوپەیمانی چەپێ پێشکەوتوو، یۆنان.
- عەزیز میران، نەمسا.
- کاتی سیمۆن، کۆمەڵەی کوردستان، گیوتینگن.
- ئیلکة لورینس، مافی پەرتەوازەکان.
- بزووتنەوەی دیموکراتی فەیلی.

- شکری موسللی و ئەندامانی نیشتمانپەروەر، سوریا.
- جەماوەری کورد لە سوریا.
- یەکێتی کۆمەڵە رۆشنبیرییە کوردستانییەکان لە سوێد.
- فیلدن تانر کولا، سەرۆکی لێژنەی گشتی یەکێتی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد.
- مونا سالین، اسکرتێری گشتی پارتی سۆسیال دیموکرات سوێد.
- کوني فريد رکسیون، پارتی سۆسیاڵ دیموکراتی سوید.

## سەرچاوە و پەراوێز


١- محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی و بارزانی نەمر، چاپی سێیەم، (هەولێر- چاپخانەی ئاراس- ٢٠١٢)، ل ٨٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ل ٩١-٩٢.

٣- علي سنجاري، ها قد عدنا الى الحزب الأم، جريدة الشعلة، لسان حال للاتحاد الديمقراطي الكردستاني ـ العراق، العدد ٢٩، أوائل تموز ١٩٩٣م، ص ١؛ الأتحاد الديمقراطي الكردستاني يعقد كونفرانسا توحيديا هاما ويقرر حل نفسه والعودة الى الحزب الديمقراطي الكردستاني، جريدة الشعلة، لسان حال للاتحاد الديمقراطي الكردستاني ـ العراق، العدد ٢٩، أوائل تموز ١٩٩٣م، ص ص ١ ـ ٢.

٤- بيان الوحدة بين الحزب الديمقراطي الكردستاني وحزب الوحدة الكردستاني، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني، العدد ٦٨٥، الأربعاء، ٢٨ تموز ١٩٩٣م، ص ص ١ ـ ٢.

٥- حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ص ١٧٩ ـ ١٨٠.

٦- شەعبان عەلی شەعبان، هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، چاپی سێیەم، (هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ ٢٠١٣ز)، ل ١٢٢.

٧- حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ١٨٠.

٨- المصدر نفسه، ص ١٨٠.

٩- صلاح بدرالدين، الحركة الوطنية الكردية السورية، الجزء الثاني، (اربيل ـ رابطة كاوا للثقافة الكردية ـ مطبعة روژهەلات ـ ٢٠١٨م)، ص ١٩٢.

١٠- الحزب الديمقراطي الكردستاني يعقد مؤتمره الحادي عشر، جريدة المؤتمر، المكتب الاعلامي للمؤتمر الوطني العراقي الموحد، العدد ١٥، ١٩ آب ١٩٩٣م، ص ١.

١١- پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی یازدەیەم، (بێ شوێن ـ بێ ساڵ)، ل ل ٥٠، ٥٣، ٥٥، ٥٧، ٥٩، ٦٩ ـ ٧٠، ٧٢.

١٢- هەمان سەرچاوە، ل ل ٦٧ ـ ٦٨.

١٣- کۆنگرە، دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیمان ڕادەگەیێنێت، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، ژمارە ١٧٢٩، هەولێر، هەینی، ٢٧ی ئابی ١٩٩٣ز، ل ١.

١٤- هەمان سەرچاوە، ل ١.

١٥- المؤتمر ينتخب الهيئة العليا للرقابة والتفتيش، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني، العدد ٦٨٩، الأربعاء، ٢٥ آب ١٩٩٣م، ص ٣.

* پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموكراتی كوردستان لە كۆنگرەی یازدەهەمینی پارتی كە لە ١٦-٢٦/ئاب/١٩٩٣ دا بەسترا بڕیاری لەسەردراوە، (چاپخانەی خەبات - دهۆك).

# کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

## حوزەیرانی ١٩٩٩

لە گرنگترین ڕووداوەکانی نێوان هەردوو کۆنگرەی یازدە و دوازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا لە ڕێکەوتی ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ گەڕاندنەوەی ڕووفاتی نەمران سەرۆك مستەفا بارزانی و ئیدریسی جوانەمەرگ بوو لە وڵاتی ئێرانەوە بۆ باشووری کوردستان. هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ لە مانگی ئایاری ١٩٩٤ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، شەڕەکە ماوەی چوار ساڵی خایەند و بووە هۆی دوولەتکردنی هەرێمی کوردستان لە نێوان هەردوو لادا و لە ڕێکەوتی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٩٨ دوای ڕێککەوتنی واشنتۆن کۆتایی پێهێنرا. لەو ماوەیەدا پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن پارتی و چەند لایەنێکی تری سیاسی باشووری کوردستان لە هەولێر پێکهێنرا، هەر لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لە ئێرانەوە بۆ باشووری کوردستان گەڕانەوە[1].

دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر کۆنگرەی یازدەیەم، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٣ی ئاداری ١٩٩٩ بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرەی دوازدەی حزب درا، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێکەوتی ١٤ی نیسانی ١٩٩٩ لە کۆبوونەوەیەکی تری کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی پارتی ڕاسپێردرا بە دروستکردنی لێژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە و مەکتەبی سیاسی لە کۆبوونەوەی مانگی ئایاری ١٩٩٩ لێژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی پێکهێنا، کە بریتیبوون لە: فەلەکەدین کاکەیی-سەرۆکی لێژنە، د. محەمەد ساڵح جومعە-جێگری سەرۆکی لێژنە، شێخەڵا ئیبراهیم، تەمەر ڕەمەزان، نەجمەددین یوسفی و مامۆستا حەسەن[2].

دوا پێکهێنانی لەلایەن لێژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەوە، پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە ئەنجام درا، کە چل و یەك ڕۆژی خایاند و لە ڕێکەوتی ٤ی حوزەیرانی ١٩٩٩ تا ڕێکەوتی ١٥ی تەموزی ١٩٩٩ و لە ٩٦ بازنەی هەڵبژاردن و ٢٢٦ بنکەدا، ١٨٠ هەزار دەنگدەری پارتی بەشدار بوون و نوێنەرانی کۆنگرەیان هەڵبژارد[3].

دوای ئەم پرۆسەیە، لە ڕۆژی چوارشەممەی ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩دا، کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هۆڵی زەرد لە شاری هەولێر بە دروشمی

"ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی"[٤] بە ئامادەبوونی ١٤٧٣ نوێنەر، کە ٨ ٪یان ئافرەت بوون، بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا، بۆ جاری چوارەم، لەلایەن تێکڕای نوێنەرانی کۆنگرەوە مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە و لەسەر پێشنیاری سەرۆك، عەلی عەبدوڵا ئەمین بە جێگری سەرۆك هەڵبژێردرایەوە[٥]. هەروەها بۆ جارێکی تر، ناوی پارتی لە "پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو" وەك کۆنگرەی دەیەم بووەوە بە "پارتی دیموکراتی کوردستان". ژمارەیەک بڕیاریش دران کە گرنگترینیان ئەنجامدانی گۆڕانکاری بوو لە دامودەزگاکانی حزبی و لەشکری، هەروەها کۆمیتەی ناوەندی لە ٣٧ ئەندام کرا بە ٣١ ئەندامی کارا و ٩ ئەندامی یەدەگ و مەکتەبی سیاسی بە دەنگدانی نهێنی لە ٩ ئەندام هەڵبژێردران.

پەیکەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پشتبەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دوازدەیەم، بریتی بوو لە: شانە، شانەی سەرەکی، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی، جێگری سەرۆك و سەرۆك. هەروەها دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی دەستنیشان کران و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، سەرپەرشتی دەکردن[٦].

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی:**

١- نێچیرڤان بارزانی
٢- مەسرور بارزانی
٣- فازڵ میرانی
٤- دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس
٥- هۆشیار زێباری
٦- سامی عەبدولڕەحمان
٧- ئازاد بەرواری
٨- جەوهەر نامیق سالم
٩- زەعیم عەلی
١٠- شەوکەت شێخ یەزدین
١١- محەمەد مەلا قادر
١٢- دکتۆر کەمال کەرکووکی

١٣- دکتۆر جەرجیس حەسەن
١٤- کەریم شنگالی
١٥- نوری عەلی محەمەد ڕەحمان، ناسراو بە نوری حەمە عەلی
١٦- عارف تەیفور
١٧- سەعد عەبدوڵا
١٨- فرەنسۆ هەریری
١٩- فەرەیدون محەمەد عەبدولڕەحمان، ناسراو بە فەرەیدون جوانڕۆیی
٢٠- سەڵاح دەلۆ
٢١- ڕەمزی شەعبان
٢٢- عومەر بۆتانی
٢٣- شیرین ئامێدی
٢٤- جەمال عوسمان کاڕەسوڵ، ناسراو بە جەمال مورتکە
٢٥- سەرباز نادر عەلی، ناسراو بە سەرباز هەورامی
٢٦- عومەر عوسمان مێرگەسۆری
٢٧- بروسك نوری شاوەیس.
٢٨- سەفین موحسین حەمەدئەمین، ناسراو بە سەفین دزەیی
٢٩- قادر قادر عەلی
٣٠- عیزەدین بەرواری
٣١- یونس ڕۆژبەیانی[٧].

**ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی:**

١- عەبدولعەزیز تەیب
٢- مەحمود محەمەد
٣- مەسعود سالەیی
٤- عەبدولموهەیمن بارزانی
٥- جەعفەر ئیبراهیم حاجی، ناسراو بە جەعفەر ئێمینکی
٦- عەبدوڵا ئاگرین
٧- دیاری حسێن

٨- قادر جەباری
٩- دكتۆر حەسەن محەمەد سوور[٨].

لە دوارۆژی  كۆنگرە و بۆ جاری سێیەمین لە مێژووی پارتی دیموكراتی كوردستاندا، میدالیای بازانیی نەمر لەلایەن سەرۆك مەسعود بارزانی بەخشرایە سی و حەوت كەسایەتی لە سەركردە، فەرماندە و هەڤاڵانی بارزانی[٩].

لە كۆبوونەوەی یەكەمی كۆمیتەی ناوەندیشدا، دەستەی مەكتەبی سیاسی بە شێوەی خوارەوە هاتنە هەڵبژاردن:

١- نێچیرڤان بارزانی
٢- مەسرور بارزانی
٣- هۆشیار زێباری
٤- جەوهەر نامیق سالم
٥- فازڵ میرانی
٦- سامی عەبدولڕەحمان
٧- ئازاد بەرواری
٨- دكتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس
٩- زەعیم عەلی[١٠].

# وتاری سەرۆك مەسعود بارزانی

# بۆ میوان و ئەندامانی کۆنگرەی دوازدەم

**بە ناوی خوای گەورە و میهربان**

هەڤاڵانی بەڕێز و خۆشەویست، ئەندامانی کۆنگرە، ڕێگەم بدەن بە ناوی ئێوەی بەڕێز و بە ناوی خۆم، بەخێرهاتنێکی گەرمی هەموو میوانە بەڕێزەکان بکەم.

بەخێر هاتنی کارمەندانی (UN) و ڕێکخراوە خێرخوازەکان بکەم، سوپاسیان بکەم بۆ ئەو خزمەتەی پێشکەشی دەکەن بە گەلی کوردستان. بەخێر هاتنی نوێنەرانی حزبەکانی برا و دۆست و هاوپەیمان دەکەم.

پێمان خۆشە، کە دەبینین ئەمڕۆ وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئامادەن لە گەڵمان و بەشداریمان دەکەن، بەخێرهاتنێکی گەرمیان دەکەین، هاتنیان بە هەنگاوێکی ئیجابی دەنرخێنین و پاڵدەرێك دەبێت بۆ پێشخستنی پرۆسەی ئاشتی، پێم وایە پارتی کارێکی چاکی کرد، کە داوەتنامەی ئاراستەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە، یەکێتیش چاکتری کرد، کە داواکەی قەبوڵ کرد و جارێکی تریش بەخێر بێن، بە خێرهاتنێکی گەرمی هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەم، میوانانی کۆنگرە لە وجەهای ناوچەکانی سەرتاسەری کوردستان، هاتنتان مایەی سەربەرزی و خۆشحاڵییە بۆ ئێمە.

بەڕێزان، دەمەوێ بە کورتی خاڵە میحوەرییەکان باس بکەم، کە ئەم کۆنگرە بە بەرنامەی خۆی دادەنێت و کاریان بۆ دەکات، بێگومان دوای ئەوەی، کە کۆنگرە باسی هەلومەرجی ناوخۆی پارتی و بەخۆداچوونەوەمان دەکات و دەست لەسەر سلبیات دادەنێ و چارەسەری هەموو سلبیات دەکات، خاڵە هەرە سەرەکییەکانی میحوەری کۆنگرە، یەکەمیان پرۆسەی ئاشتی دەبێت لەسەر ئەساسی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن، کە پێمان وایە دەستکەوتێکی مێژووییە بۆ گەلی کورد و سەروەریشە بۆ پارتی و یەکێتی، پێم وایە ئەمڕۆ یان سبەینێ زوو یا درەنگ، دەبێت ئەو ڕێککەوتنە هەر جێبەجێ بکرێت و تا زووە باشتر.

تەئکید لەسەر ئازادیی سیاسی و فرەحزبی و پەیوەندی ڕێکوپێکتر لەگەڵ حزبەکان، داکۆکی لە سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ.

خاڵی هەرە میحوەریش لە خەباتی ئەمڕۆماندا پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و

پاراستنی ئەزموونەکەیەتی، بێگۆمان کۆنگرەکەمان لە هەلومەرجێکی زۆر ناسکدا دەبەسترێت، زۆری نەماوە، کە بچینە سەدەی بیست و یەکەمەوە، دنیا لە گۆڕاندایە، هەلی زۆر لەبار لە پێشە بۆ گەلی کورد، دەتوانم بڵێم ئەمڕۆ ڕۆژی گەلانە، ڕۆژی گەلانی ژێردەست و چەوساوەیە و ئێمەی کورد سومبوڵی گەلانی چەوساوە و ژێردەستین، ئێمە دەبێت ماڵی خۆمان ڕێك بخەین و وەکو کورد خۆمان ئامادە بکەین بۆ پێشوازی لە سەدەی بیست و یەکەم، کە پێمانوایە پێ دەنێیتە دنیایەکی تر، مەیدانێکی ترمان لەپێشە، بەڵام ئەگەر ئێمە ئامادە نەبین و ماڵی کوردمان ڕێکوپێك نەبێت وەکو هەموو هەلەکانی تر، کە لەدەست چووە ئەم هەلەشمان لەدەست دەچێت، بەڵام ئۆمێدەوارم بە هیمەتی هەموو دڵسۆزانی ئەم گەلە و بە پشتیوانی خوای گەورە و دۆستانی گەلی کورد نەهێڵین ئەمجارە ئەم هەلە لە دەست کورد بچێت، هەرچەندە خیلافاتمان هەبێت ناخۆشیمان هەبێت نارێك بین لەناوخۆمان، بەڵام دەبێت ڕۆژێك بێت عەقڵ حاکم بێت بەسەر هەموومانەوە، بەرژەوەندی گەلی کورد پێش هەموو بەرژەوەندییەکی تر بێت، دەبێت بەرەو ئاشتییەکی سەرتاسەری بچین، دەبێت خەونی میللەتی کورد بێنینە دی وە ئینشائەڵا هەر دێتە دی، جارێکی تر بە خێر بێن و زۆر سوپاس بۆ هاتنی هەموو لایەکتان.

# ڕاپۆرتی گشتی كۆنگرەی دوازدەم

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**هەڤاڵانی بەڕێز، خوشك و برایانی خۆشەویست،**

**ئەندامانی دوازدەیەمین كۆنگرەی پارتی،**

**سڵاوی خواتان لێ بێت...**

سوپاسی بێپایان بۆ خوای گەورە، كە پاش زیاتر لە (٥٣) ساڵی تەمەنی پارتی دیموكراتی كوردستان، بە سەربەرزی و شانازییەوە، بە پشتیوانی پەروەردگار و پاڵپشتی گەلی كوردستان و خەبات و فیداكاری پێشمەرگە و لایەنگر و ئەندامانی پارتی، دوازدەیەمین كۆنگرەی دەبەستین. ئومێدەوارین و لە ئێوەی بەڕێز چاوەڕوانین، نەك هەر كۆنگرەیەكی سەركەوتوو بێت، بەڵكو وەرچەرخانێكی گەورە بێت لە ژیانی گەل و پارتیدا و گۆڕانكارییەكی نەوعی لە شێوەی خەباتمان بە ئەنجام بگەیەنێت، كە بە هێز و تین و بڕوایەكی پتەوتر بەرەو سەدەی (٢١) بڕۆین.

ئەم كۆنگرەیە لە ژێر دروشمی (ئاشتی، ئازدای، دیموكراسی)دا، دەبەسترێت و بەرنامەیەكی دەوڵەمەندی لە پێشە بۆ دیراسەتی گشت لایەنەكانی خەباتی پارتی لە كۆنگرەی یازدەهەمەوە تا ئەمڕۆ، هەروەها بۆ لێكۆڵینەوە و دیاریكردنی خەتی سیاسی و بۆچوون و چارەسەری گرفتەكان و دانانی بەرنامەی خەباتی ئایندەمان.

نابێ لە بیرمان بچێت كە پارتی لە تەمەنی خەباتیدا توشی چەندین پیلان و پەلاماری دوژمنان و ناحەزان بووە تەنها لە بەر ڕێبازە پیرۆزەكەی بەڵام شوكر بۆ خوای گەورە پارتی هەمیشە سەربەرزانە لێی دەرباز بووە. پارتی كە دروست بوو بۆ خزمەتی كورد و كوردستان دروست بوو، بەڵام هەندێ لایەنی تر بۆ شەڕی پارتی دروستبوون و ئا ئەمەیە جیاوازی پارتی لەگەڵ خەڵكی تر.

**هەڤاڵانی خۆشەویست،**

میحوەری ئەساسی خەباتی ئەمڕۆمان پاراستنی ئەم دەستكەوتە نەتەوەییە، پاراستنی تاقیكردنەوەی فیدراڵیزم و پەرلەمان و حكومەتی هەرێم، هەروەها چەسپاندن و گەشەپێدانی دەستكەوتەكان، كە ئەویش لە سەر ئەم بناغەیە دەبێت:

١. بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری کێشەی ناوخۆ بە شێوەیەکی دیموکراتی و پتەوبوونی ڕیزی ناوخۆ لە بوارەکانی سیاسی و ئیداری جیاجیادا. بێگومان ڕێکەوتننامەی واشنتۆن بناغەی چوارچێوەیەکی دروست و گرنگی ئەو چارەسەرکردنەیە.

٢. پاراستن و چەسپاندنی سیستەمی دیموکراتی لەناو پارتی و لە نێوانی کۆمەڵ و دامودەزگاکانی بە تایبەتی لە بەڕێوەبردنی کاروباری حوکمڕانیدا. واتە: مسۆگەرکردنی مەبدەئی جیابوونی دەسەڵاتەکانی: (یاسادانان، تەنفیزی، قەزایی و پاراستنی سەروەری یاسا)، لێرەشدا بە تایبەتی تەئکید لە سەر پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزایی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ دەکەمەوە.

٣. تەنسیق و هاوکاری تەواو لە نێوان دەزگاکانی حزبی و لەشکەری و پەرلەمانیی و حکومیی.

٤. ڕەچاوکردنی تەواوی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و خەباتی بێوچان بۆ نەهێشتنی ناعەدالەتی و جیاوازیگەری و بایەخدانی جیددی بە کێشەی ژیانی کەرت و توێژە هەژار و کەمدرامەتەکان، لەوانش بە تایبەتی خێزان و کەسوکاری شەهیدان و پەککەوتەکان و خێزانی پێشمەرگە و پەناهەندەکانی ساڵانی دوور و درێژی ئاوارەیی لە ئێران و دەربەدەرانی شەڕی شوومی ناوخۆ، هەروەها دەبێت عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی خزمەتگوزاری و دەرفەتی پێشکەوتن و گەشەپێدان، هەموو شار و شارۆچکە و دێهاتەکان بگرێتەوە.

٥. هەروەها چاودێری و ڕێنماییکردنی دەسەڵات، کە لە حکومەتدا خۆی دەنوێنێ، لە هەموو ئەو ئیشوکارانەی پەیوەندی بە پاراستنی بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمانەکەمان و چەسپاندنی شەرعییەت و یاساوە هەیە.

بێگومان لە سیستەمە دیموکراتییەکاندا وایە، کە حزب دەسەڵات دەگرێتە دەست، خۆی ئاراستە و ڕێنمایی حکومەت دەکا لە هەموو ئەو نەخشە و پلانانەی کە پێشخستنی بار و گوزەرانی گەل و مسۆگەرکردنی دواڕۆژێکی ڕووناک بۆ نیشتمان. ئەمەش دیارە لە بۆچوون و فەلسەفەی ئەو حزبە سەرچاوە دەگرێت.

بە نیسبەت پارتی، پێویستە ئەم خاڵە لەبەر چاو بێت، کە پارتی ڕێنمایی دەسەڵات و حکومەت دەکا، چونکە دەسەڵاتی بە هەڵبژاردن گرتۆتە دەست و خۆی حکومەتی داناوە. لەم بارەیەوە هەڤاڵان پێویستە خۆیان بە مەسئول بزانن لە چەسپاندنی ئەو نەریتە و لە چاودێریکردنی ڕاددەی جێبەجێکردنی ئەو نەخشە و پلانانەی کە پارتی لە بەرژەوەندی ئێستا و ئایندەی گەل و نیشتمانەکەمان بۆ حکومەتی لەبەر چاو دەگرێ و

دادەنێ.

٦. بایەخدان بە پەیوەندی نەتەوەییمان و پاراستن و پتەوکردنی برایەتی لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان لە سەر ئەساسی بڕوا بە دیموکراتیەت و ڕێزگرتن لە ئەزموونی کوردستانی عێراق.

٧. پاراستن و پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب و هەڵبژاردنی ڕێگای گفتوگو بۆ چارەسەری کێشەی گەلەکەمان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لە سەر ئەساسی فیدراڵی.

٨. پاراستنی تەوازن و هاوسەنگی لە پەیوەندییە ئیقلیمییەکان، و چەسپاندنی دۆستایەتی و هاوکاری لە سەر بناغەی ڕێز لەیەکگرتن، دوور لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر.

٩. هەروەها پاراستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پێشخستنی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی گونجاوی نێودەوڵەتی بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان و مەسەلە ڕەوایەکەی.

**هەڤاڵان،**

بێگومان ئەو پێداویستییانە مەرجێکی زاتیی گرنگی دەوێت، کە ئەویش پتەوکردن و ڕێکخستنەوەی ڕیزی پارتی و پاراستنی گیانی فرە حزبی و ئازادیی سیاسییە لە هەرێمدا، هەروەها چەسپاندنی تەبایی و هاوکاری لەگەڵ حزب و هێزە نیشتمانپەروەرەکان، کە بە تەجروبەش ئیسپات بوو پارتی زامنی مانەوە و بەردەوامبوونی تاقیکردنەوەکەیە، بەوەی خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە، بۆیە بەهێزبوونی پارتی مەرجێکی هەرە گرنگی چەسپاندنی ئەو سیستەمە دیموکراتییەیە.

دیارە ئەم کۆنگرەیەش ئەو ئەرکە گرنگەی لە ئەستۆیە، کە پارتی بپارێزیت و کەموکوڕی و ئاستەنگەکان دەستنیشان بکات و چارەسەری دروست بۆ گەیشتن بە ئاسۆیەکی فراوانتر و گەشتر بدۆزێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمڕۆ گرنگترین دەزگای سیاسی کوردستانە و دەستکەوتێکی نەتەوەییە، هەر بۆیەش جارێکی دیکە سەدان هەزار کەس لە دەوری ئاڵای کۆبوونەتەوە، بەم جۆرە کە ئەمڕۆ پارتی بووە بە ئومێدی گشت گەلی کوردستان.

هەر دوای دامەزراندنی پارتی لە ساڵی ١٩٤٦، گەلی کورد تووشی نائومێدییەکی زۆر گەورە بووبوو، لە دوای شکستی زنجیرەیەك شۆڕشی یەك لە دوای یەك لە هەموو پارچەکانی

کوردستان، بە ڕادەیەك وای لێهاتبوو میللەتی کورد، ڕووبەڕووی ئەمری واقعێك ببێتـەوە، کـە تەسلیمی نائومێدی ببێت، تەسلیمی ئـەمری واقیـع ببێـت، بـە تایبـەتی لـە دوای تێکچـوونی کۆمـاری مـەهاباد لـە سـاڵی ١٩٤٦دا، کـە شکسـتێکی گـەورە بـوو بـۆ بزاڤـی ڕزگـاریخوازی گەلەکـەمان و بـوو بـە مایـەی نائومێدییـەکی زۆر گـەورە. پـارتی لـە دوای ئـەو بارودۆخـە ناهەموارەدا ئاڵای خەباتی بەرز کردەوە.

**ئەگەر پارتی هیچ شتێکی تری نەکرد بێت، ئەوا دوو شـتی زۆر گـەورەی بـۆ میللـەتی کـورد کردووە:**

١. نەیهێشت ئەو نائومێدییە لە دڵی میللەتی کورددا جێی خۆی بگرێت.
٢. ناسنامەی نەتەوەیی میللەتی کوردی پاراست، کە دیارە ئەمەش شتێکی کەم نییە.

لەسەر ئاستی مرۆڤی کوردیش، پارتی کارێکی وای کرد مرۆڤـی کـورد بـاوەڕی بـە خـۆی پەیدا بکات و بزانێت خاوەنی دۆزێکی ڕەوا و پیرۆزە.

هەروەها لە ڕووی دەستکەوتیشەوە ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین، میللەتی کورد هـەر دەستکەوتێکی بەدەست هێنا بێت، هەمووی لەسەر دەستی پارتی بەدەست هاتووە.

پارتی کە لەسەر دەستی بارزانی و ڕێنومایی و حیکمەتی ئەو پەروەردە بووە بە ئـەمڕۆ گەیشتووە، خاوەنی مێژوویەکی پڕ سەروەریە، کە پـێش هـەموو شـتێك بـاوەڕی بـۆ میللـەتی کورد دروسـت کـرد، چ بـە خـەباتی سیاسـی دوور و درێـژی، یـا بـە شـۆڕش و ڕاپەڕینـەکانی، بەتایبەتی شۆڕشی ئەیلول، کە یەکێکە لە شۆڕشە گەورەکانی جیهان.

ئـەم شۆڕشـە گۆڕانکـاری لـەناو دەروونـی مرۆڤـی کـورددا دروسـت کـرد، هـەروەها شەخسیەتی مناڵ و گەورەی کوردی سەر لە نوێ داڕشتەوە، فێری خەبات و بـەرخۆدانی کـرد و گیانی جوامێری و سەربەستی و سەربەرزی و نیشتمانپەروەریی تێدا خوڵقاند.

شۆڕشی ئەیلول یەکەم هەنگاو بوو لـە دروسـتبوونی ئیرادەیـەکی سیاسـی سـەربەخۆی گەلەکەمان.

پـارتی خـاوەنی ئـەو سـەروەری و ئـەو ئاڵایەیـە، ئـاڵای سـەربەرزی و دادخـوازی و ڕزگـارخوازی. ئـەمڕۆش ئـەو ئاڵایـە پیـرۆزە، کـە کەوتۆتـە دەسـتی ئێـوە، گونـاهێکی زۆر زۆر گەورەیە، بۆ هەر یەکێك لە ئێوە ئەگەر بهێڵن ئەو ئاڵایە بۆ تۆزێکیش بێتە خوارەوە.

**هەڤاڵانی بەڕێز،**

**خوشك و برایان،**

بۆ پاراستنی پارتی و پێشكەوتنی بزووتنەوەكەمان و چەسپاندنی تەجروبەكەمان، پێویستە بە وردی و هێمنی، بەڵام بەبێ موجامەلە و چاوپۆشی لە كەموكوڕی و سلبیات، ئاستەنگەكان ئاشكرا بكەین و ڕێگەی ئایندە خۆش بكەین.

پارتی ئەمڕۆ نەك هەر خاوەنی تەنزیمی حزبییە، بەڵكو خاوەنی چەندین ڕێكخراوی فراوانی جەماوەری و پیشەییشە، خاوەنی لەشكرێكی ڕێكوپێك و وەرەبەرزە، خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارییە، خاوەنی دەیان مەكتەب و نوێنەرایەتی دەرەوە و پەیوەندییەكی فراوانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە، چ لە سەرئاستی حكومی یا لە سەر ئاستی حزبی و شەعبی.

ئێمە تا پێش دە ساڵ تەنزیمی حزبی و پێشمەرگە و بڕێك ڕێكخراو و نوێنەرایەتی دەرەوەمان هەبوو. بارودۆخێكی سیاسی زۆر ناخۆش و تەنگ و دژوارمان هەبوو، تەنانەت هەندێ هەڤاڵ و هەندێ لایەنیش توشی جۆرە نائومێدییەك ببوون و ئایندەیان لە لا ڕوون نەبوو، بە تایبەتی دوای ڕاوەستانی شەڕی عێراق و ئێران، لەو دەمەدا، لە داستانی خواكوڕك ساڵی ١٩٨٨ پێشبینیمان كرد، كە كۆتایی بەم دژوارییە دێت و وەزعی ناوچەكە دەگۆڕێت و تەوەقع دەكرێت، كە بە سوود و قازانجی گەلی كوردستان تەواو ببێ.

هەروەها لە دەیەمین كۆنگرەی پارتی، ساڵی ١٩٨٩، دیسان هەمان بۆچوونمان دووپات كردەوە، كە بارودۆخی پاش شەڕ و هەلومەرجی نێودەوڵەتی، پەلە دەكەن لە گۆڕانكاری لە عێراقدا و بای ئازادی خەریكە ناوچەی ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە. ئەوە بوو پاش كەمتر لە ساڵێك شەڕی دووەمی كەنداو هەڵگیرسا و دەرفەتی ڕاپەڕینی مەزنی ئاداری ١٩٩١ هاتە پێش.

پاش ڕاپەڕین، پارتی لە حزبێكی شۆڕشگێر، لە هەڵوێستی موقاوەمەت و خەباتی چەكدارییەوە، كەوتە قۆناغێكی ئێكجار تازە و گرنگ، ئەوە بوو پارتی لە چوارچێوەی بەرەی كوردستاندا ئەركی بەڕێوەبردنی كاروباری ئەم ناوچەیەی هەرێمی كوردستانی كەوتە ئەستۆ، بە تایبەتی پاش بڕیاری حكومەتی مەركەزی لە ئابلۆقەدانی ئیداری و دارایی كوردستان.

واتە: لە بارودۆخی موقاوەمەت و خەباتی پێشمەرگایەتییەوە، بۆ بەڕێوەبردن و حوكمڕانی و دابینكردنی بژێوی (٣ تا ٤) ملیۆن هاوڵاتی و، پاراستنی دەستكەوتی پەرلەمان و

حکومەتی هەرێم و هەموو تەجروبەکە.

هەرچەندە پارتی لە ساڵانی شۆڕشی ئەیلولدا خاوەن ئەزموون بوو، لە بەڕێوەبردنی ناوچە ڕزگارکراوەکاندا و هەندێ جاریش لە حکومەتی مەرکەزیدا بەشدار ببوو، ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤یش، بە عەمەلی دەسەڵاتی ئیداریی کوردستانی عێراق بەدەستی پارتی بوو و، لەو دەمەشدا ئیسپاتی کرد کە پارێزەری ئاسایش و عەدالەت و کەرامەت و مافی هاوڵاتییانە، دەڵێم: هەرچەندە پارتی خاوەنی ئەو ئەزموونە ئیدارییانە بووە، هەر وەکو ساڵی١٩٧٤-١٩٧٥ کە ئەمانەتە گشتییەکانی لە ژێر سێبەری شۆڕشدا دامەزراند، بەڵام تاقیکردنەوەی پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ سەردەمێکی نوێ بوو، بە تایبەتی پارتی لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٥ بەدواوە بەشێکی زۆری لە کادیرە خاوەن ئەزموونەکانی لە دەست دابوو، چ ئەوانەی شەهید ببوون یا ڕێگەی تریان گرتبوو کە هەندێکیان بەداخەوە تا ڕادەیەك نائومێدیش ببوون.

واتە: تەجروبەمان، لە ئاستی پێداویستی سەرکەوتنی گەورەی ڕاپەڕیندا وەکو پێویست نەبوو، هەر بۆیەش پارتی، هەروەها حزب و گروپەکانی تر، هەریەك بە شێوەیەك تووشی هەڵە بوون، کە هەندێ لەو هەڵانە هەڵەی گەورە بوون.

ئێمە وەکو پارتی هەست بە زۆر لەو هەڵە و کەموکوڕییانە دەکەین، کە لە بەڕێوەبردن و لە کاری ڕۆژانەدا وردە وردە تەشەنەیان کردووە و بە سەریەکدا کۆبوونەتەوە.

هەر بۆیەش هەستمان کردووە، دەبێت گۆڕانکاری بکرێت، ئەوە بوو لە ١٦ی شوباتی ئەمساڵدا لە دهۆك وتارێکمان پێشکەش کرد بە وردی باسی سلبیات و کەموکوڕییەکانم کرد، بەڵێنم دا دوای (٣) هەفتە دەست بە گۆڕانکاری بکەین.

پاش ئەوە دیسان لە پەرلەمان ئەو خاڵانەمان دووپات کردەوە و دەستبەجێ دەستبەکار بووین و، بڕیاری ئەم کۆنگرەیەمان دا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی تەواو و بەجێهێنانی ئەو بەڵێنەش.

ئێمە لە وتاری دهۆکەوە خەریکی گۆڕانکارین، هەندێ هەنگاوی ئیداری و حزبی هاوێشتراوە، بەڵام گۆڕانکاری جیدی لە بڕیاری هەڵبژاردن و کۆنفرانسە ناوچەییەکان دەستی پێ کرد، لە مانگەکانی حوزەیران و تەموزدا گشت ناوچەکان و سوپا و لەشکرەکان، بەشداریی گەورەترین هەڵبژاردنی ئازاد بوون بۆ لێژنە ناوچەکان و بۆ نوێنەرایەتی کۆنگرە.

دەیان ئەندام و لێپرسراوی ناوچە بە هەڵبژاردن هاتنە گۆڕین. لەم کۆنگرەیەشدا ئێوە ئازادن لە هەر گۆڕانکارییەك، کە بێگومان پاش کۆنگرە گۆڕانکاریی ئیداری دیکەشی بە دوادا

دێت، جگە لە هەڵبژاردنی ناوخۆیی حزبی و ڕێکخراوەکان و لقەکان.

واتـە: ڕەوتـی گۆڕانکـاری لـە شـوباتەوە بەردەوامـە و بـەردەوامیش دەبێـت، کـە ئـەم کۆنگرەیەش درێژەدانی هەمان بەرنامەی گۆڕانکارییە، بەڵکو لوتکەی بەرنامەکەیـە، بـەڵام لـە بەر ئەوەی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی دەوێت و، بەرژەوەندی یەکبوونی پـارتی و، پاراسـتنی تاقیکردنەوەکە هێمنی و ئارامی دەخوازێت، هەر بۆیەش لە سەرخۆ بناغەیەکی پتـەومان بـۆ گۆڕانکارییەکان داڕشتووە و پەلەی وامان نەکردووە، کە خوا نەخواستە هەڵەی لێ بکەوێتەوە چونکە هەرگیز هەڵە بە هەڵە چاك ناکرێتەوە.

ئێمە نابێ لە باسکردنی سلبیات بترسین، چونکە بوونی سلبیات شـتێکی ئاسـاییە، بـەڵام کارەسات ئەو کاتەیە کە سلبیاتی خۆمان نەبینین یـا نەمانـەوێت بیـان بینـین و چارەسـەریان بکەین.

هەروەها ئێمە بە پێویستمان زانی قاعیـدەی حزبـی بەشـدار بێـت لـە بڕیـاردانی هـەر گۆڕانکارییەك، لە هەر بوارێکدا کە پێویست بێت.

بەلای ئێمەوە گۆڕانکاری تەنیا لە گۆڕینی دەموچاو نییە، ئەگەر چی ئەمەش پێویسـتە، واتە لادان و دانانی ئەم برادەرە یا ئـەوی تـر کـە بێگومـان بەشـێکە لـە گۆڕانکـاری، هەنـدێ جاریش یەکجار پێویستە.

بەڵام بەلای ئێمەوە گۆڕانکاری زانستییانە و پتەو ئەوەیە کە گـۆڕین لـە سیسـتەمی بیـر کردنەوە، سیستەمی کار و بەڕێوەبردن و سیسـتەمی ڕێکخسـتن و بـەڕێوەبردنی ڕاگەیانـدن و پەیوەندی و بوارەکانی دیکەدا ئەنجام بدرێت.

بۆ ئـەو مەبەسـتەش کـاتی ئـەوە هـاتووە کـە کـاری دامودەزگاکـانی حـزب و ئیـدارە و بوارەکـانی تـر لەسـەر بناغـەی (موئەسەسـاتی) دامەزرێتـەوە، لەسـەر بناغـەی دامودەزگـای چەسپاو، کە بەرنامەی کار بەپێی گـۆڕینی شـەخس نـەگۆڕێت. سیاسـەتی بـەڕێوەبردن بەنـد نـەبێت بـەم شـەخس یـان ئـەوی تـر، هـەر بۆیـەش دەبێـت دامودەزگـا دامـەزرێنین، نـەك دەسەڵاتی ئەم و ئەو، کە میزاجی شەخسی بە سەر کارەکانیاندا زاڵە.

**هەڤاڵانی بەڕێز،**

پێش هەموو شتێك با بەخۆماندا بچینەوە، کەموکوڕی و سلبیاتی خۆمان ببینـین. ئەگـەر بەرژەوەندی پێشکەوتنی پارتی لەوەدا بوو هەر کەسێك لە هـەر مـەوقعێك نـەمێنێت، یـا بـە

پێچەوانـەوە دابنرێـت، ئـەوە دەبێـت بـەبێ دوودڵـی، بـەبێ موجامەلـە ئـەنجام بـدرێت. بەرژەوەنـدی و ئاینـدەی گـەل و مەسـەلەکەی، ئاینـدەی پـارتی، لـە هـەر کەسـێك لـە ئێمـە گەورەترە، بە ئەوەندەی خۆمان خۆش دەوێت و هەوڵ دەدەیـن ئـارەزووی تایبـەتی خۆمـان جێبەجێ بکەین، ئەوەندەش بەڵکو زیاتریش، گەل و نیشـتمانەکەمان خـۆش بوێـت و هـەوڵ بدەین ئامانجە پیرۆزەکانی سەر بخەین.

ئێوە لەم کۆنگرەیەدا بـۆ ئـەوە ئامـادە بـوون تـا لـەو گۆڕانکارییانـەدا بەشـدار بـبن، لـە پێداچوونەوە و لـە دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ گرفتـەکان، لـە پێشخسـتنی کاروبـاری حـزب و ئیدارە و چاککردنی باروگوزەرانی و ژیانی خەڵك.

ئێرە جێگەی ئەوەیە دەست لە سەر کەموکوڕییەکان دابنێن، نەك لەسـەر جـادە پـرت و بۆڵە بکەین.

تەنزیمی حزبەکەتان بە زانستی پتەو بکەن و لە ئاستی مەسئولیەتی مێژوویيتـان دابـن، کە دەرفەتێکی مێژوویی گرنگمان بۆ ڕەخساوە.

خەباتی دوورودرێژ و بێوچانمان، چ بـە ئاشـتی یـا بـە خـەباتی چەکـداری، بـۆ ئیسـپاتی وجودی کورد و کوردستان بووە.

ئەمڕۆ شێوەی خەباتمان گۆڕاوە، خەباتمان سیاسییە، دیپلۆماسییە، پەرلەمانی و ئیدارییـە، ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرییە. ئـەم شـێوەیەش لـە خەباتـدا عـەقل و مـەنتیق و حیـواری دەوێـت، ڕۆشنبیری پێویستە.

هەمیشە، کە ناچاری خەباتی چەکداری بووینە، هەر بۆ گەیشتن بە ئەم ڕۆژە بـووە، بـۆ ڕزگاری و خۆبەڕێوەبردن و چاککردنەوەی ژیانی میللەتەکەمان بووە.

ئێمـە ئاشـتیخوازانە بووینـە، بـارزانی نـەمر گـەورەترین ئاشـتیخواز بـووە، ئێسـتاش ئاشتیخوازین، هیچ ڕۆژێکیش ئەگەر ناچار نەکرابایین دەستمان بۆ چەك نەدەبرد.

سـەقامگیربوونی ئاشـتیش بڵاوبوونـەوەی ئـازادی و دیمـوکراتی دەوێـت، عەدالـەتی کۆمەڵایەتی دەوێت، ئاشتی ناچەسپێت لە وڵاتێکدا کە ئازادی تێدا نـەبێت، دیمـوکراتی تێـدا نەبێت و ناعەدالەتی و جیاوازی کۆمەڵایەتی و هەژاری و برسێتی تێدا تەشەنەی کردبێت.

ئێمە لە سەرتاوە بڕوامان بە (عنـف) و (تونـدوتیژی) لـە بەڕێوەبردنـدا نـەبووە و نییـە، بڕوامان بە زۆرداری و ستەم نییە، بەڵکو دەیان ساڵە کە دژی ستەم و زۆرداری و چەوسانەوە تێدەکۆشین.

هەر لەسەر ئەو مەبدەئانەیە کە بڕوامان بە هاوژیانی ئاشتییانەیە لەگەڵ میللەتی عەرەبی برا، لەگەڵ برایانمان لە تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئەوانەی هاوژیانی کوردن لە کوردستان.

ئێمە لێرەشدا تەئکید دەکەینەوە کە ئەو برایانە، هەموویان بەبێ منەتی هیچ کەسێك و هیچ لایەنێك، حەق و مافی خۆیان هەیە و ئێمەش وەکو پارتی و هەروەها وەکو شەخسی خۆشم، خۆمان بە مودافعی ئەو حەق و مافانە دەزانین.

ئێمە وەکو کورد کە ساڵەهای ساڵ، تاڵاوی چەوسانەوە و غەدری ڕۆژگارمان چەشتووە، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان مومکین نییە بیر لە چەوساندنەوەی خەڵکی تر بکەینەوە، یا خود ڕێگای ئەوە بدەین، تەنیا حەقیقەتێك هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە هەوڵ دەدەین لە کوردستاندا یاسا سەروەر بێت و، لە سەرووی هەموانەوە بێت و لەلایەن هەموانەوە ئیلتزامی پێوە بکرێت، هەر بەمەش ئێمە دەتوانین مافی هەموو گەلی کوردستان بەبێ جیاوازی بپارێزین، ئەئکید دەکەمەوە کەس لە کوردستان لە یاسا بەرزتر نابێت.

بڕوامان بە پێویستی دۆستایەتی و ڕێز لە یەك گرتنە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و گەلەکانیان، هەروەها ڕێزی تەواو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەگرین.

بەشێکی هەرە گرنگی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان، ئەستۆی پارتی و حزبەکانی تر، ئەستۆی میللەتەکەمان، هەرچەندە ڕێکوپێکتر و چاکتر بارۆدوخی ناوخۆ ڕێك بخەین، ئەوەندە دەستکەوتەکانمان قایمتر دەبێت و دۆستانی مەسەلەکەمان پشتگیریمان دەکەن.

**هەڤاڵانی خۆشەویست،**

نەك هەر تەنزیمی پارتی، بەڵکو دەبێت لەشکری کوردستانیش بپارێزین و بەهێزی بکەین، وەکو ئەمانەتێکی پیرۆز بە گیانی بێگەردی نیشتمان پەروەردەی بکەین. ئەم لەشکرە ڕۆڵە و نەوەی پێشمەرگەیە، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان، پێشمەرگەی بارزانی نەمر، پێشمەرگەی (کوردستان یان نەمان).

ئەم لەشکرە دەبێت بمێنێت، و پتەوتر بێت چونکە زامنی ئاشتییە، زامنی مانەوە و بەردەوامبوونی پارتی و تاقیکردنەوەی دیموکراتییە.

لەژێر باری هیچ هەلومەرجێکدا، لەشکری کوردستان دەستی لێنادرێت و سست و لاواز

ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێت هەر بمێنێت و بەهێزتری بکەین، و ببێ بە لەشکرێکی نیزامی تەواو.

ئەم لەشکرە بۆ ئەوە نییە تەعدا لە کەس بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە نەهێڵێ کەس تەعدا لە پارتی و لە گەلی کوردستان بکات.

**خوشك و برایان،**

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵێك ڕاپۆرت و بەڵگەنامەی ئامادە کردووە، کە دەیخاتە بەردەستتان، بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان، هەر تێبینی و گۆڕانکاری، یا خستنەسەر و لابردن بە چاکی دەزانن ئەوە بۆ بڕیاری ئێوە دەمێنێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم ڕاپۆرتانە دەخوێنرێنەوە و دەخرێنە بەر دەستتان، لێرەدا بە کورتی باسی ناوەرۆکیان دەکەم و هەروەها ئەو هەنگاوە گرنگانەی کە ئێستا پێویستن:

١. لە ڕووی تەنزیمی ناوخۆی پارتییەوە، وەکو باسمان کرد دەبێت پتەوتر و ڕێکوپێکتر بکرێت، لە سستی و لاوازی ڕزگار بکرێت. پاش کۆنگرە بە شێوەی ڕێکخستندا بچینەوە، پەیڕەوی ناوخۆ ڕەچاو بکرێت و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بکەونەوە چالاکی فراونتر، هەروەها موتابعەی هەڵسوکەوتی کادیران و لێپرسراونی تەنزیمی بکرێت، بۆ پەروەردەکردنیان و پاراستنیان لە هەڵە و لادان.
لە کاتی هەڵەکردندا زوو بە زوو ڕەخنەیان لێ بگرێت و هەوڵ بدرێت ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری سیاسی ئەندامانی پارتی بەرز بکرێتەوە، بایەخی جیدیتر بە پەیمانگەی کادیران و خولە ڕۆشنبیرییەکان بدرێت.
ئێستا زیاتر لە (٢١٠،٠٠٠)، ئەندام و زیاتر لە (٦٣،٠٠٠)، پاڵێوراومان هەیە، کە دەکاتە نزیکەی (٢٧٣،٠٠٠)، هەڤاڵ، ئەمەش هەوڵدانێکی جیدی دەوێ بۆ ڕێکخستنی ئەم ژمارە زۆرە.

٢. دامودەزگاکانی حزب: لەم بوارەدا مەکتەبە ناوەندییەکان، باشتر لەلایەنی مەکتەبی سیاسییەوە ڕێك بخرێن و ڕێنمایی و سەرپەرشتی بکرێن، هەروەها بایەخێکی ئێجگار گرنگ بە پەیوەندییەکان و نوێنەرایەتییەکانی پارتی لە دەرەوە بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندێکی دیاریکراو دەست نیشان بکرێت.
دەزگای شەهید و دەزگای ئەیلول جێگەی بایەخی تەواوی سەرکردایەتی بێت و، هەموو لایەك هاوکار بن بۆ پێشخستنی ئەم دوو دەزگا گرنگە.

یاسای تەقاعدی کادیران جێبەجێ بکرێت کە دەستکەوتێکی تازەیە، گرفتی ژیان و کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی کادیرانی حزب چارەسەر بکرێت.

٣. ڕاگەیاندن پێش بخرێت، بایەخی گرنگ بە سەتەلایتی کوردستان بدرێت، دەستکەوتێکی گرنگە و بەرنامەکانی ڕێکوپێکتر ببێت، هەروەها لە ڕووی ناوەرۆك و شێوەوە، دامودەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن پێش بخرێن.

٤. دەزگای پاراستنی گشتی دامەزرێت بۆ سەرپەرشتی هەموو دەزگاکانی پەیوەندیدار بە کاروباری ئەمنییەوە.

٥. پەیوەندی نیشتمانی نەتەوەیی و عەرەبی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، هەریەك لە ئاستی خۆیدا، ڕێك بخرێت و لەسەر بناغەی (موئەسەسە) بەڕێوە بچن.

٦. بۆ ڕێکخستنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا، پێویستە بە جیدی یاسای حزبەکان و یاسای هەڵگرتنی چەك و یاسای چاپەمەنی و یاساکانی دیکە، پەیڕەو و جێبەجێ بکرێن، کە زامنی فرە حزبی و ئازادییە سیاسییەکان و ڕێکخستنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگای کوردستانن.

٧. سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزایی بپارێزرێت و، بە هیچ شێوەیەك بۆ کەس نییە دەست بخاتە ناو کاروباری قەزا و دادگاکانەوە.

٨. پشتگیری لە پەرلەمان و یاسا و بڕیارەکانی، کە سەرەڕای ناهەمواری و دژوارییەکانی شەڕی ناوخۆ، پەرلەمان وەکو دەسەڵاتێکی شەرعی هەرە گرنگ ماوەتەوە. لەم چەند ساڵەدا پاش ڕزگاربوونی هەولێر، پەرلەمان نسابی قانونی خۆی پاراستووە و یاسا و بڕیاری گرنگی دەرکردووە، لەو بڕیارانەدا پشتگیریی پەرلەمان بکرێت لەوەی کە ئەندامانی فراکسیۆنی سەوز بگەڕێنەوە هۆڵی پەرلەمان لە پایتەخت، بۆ لێکۆڵینەوە لە یاسای ژمارە (١) و باسی هەڵبژاردنی ئاییندە و گرفتەکان، کە دەبێتە هەنگاوێکی هەرە گرنگ بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی.

ئەوەشمان لە یاد بێت کە ئێمە سوورین لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢، کە تێدا پارتی بە زۆرینەی (٥١٪) دەرچوو و ئەم ئەنجامە دەبێت لە گۆڕانکاری ئاییندە بۆ ئاشتبوونەوە ڕەچاو بکرێت.

٩. حکومەتی هەرێم، چالاکی وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی باس کردووە، بێگومان کاری زۆر چاك ئەنجام دراوە، پڕۆژەی سوودبەخش کراوەتەوە، هێمنی و ئاسایش پارێزراوە، لە بواری تەندروستی و پەروەردە و پیشەسازی و کشتوکاڵ و ڕێگاوبان و، ئاوەدانی و ئەوقاف و ڕۆشنبیری و گەیاندن و گواستنەوە و، خوێندنی باڵا و کۆڕی زانیاری

کوردستان و بوارەکانی تردا، دەستکەوتی چاك ئەنجام داوە.
بەڵام لە هەمان کاتدا کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم بە ڕاشکاوی دەستنیشانی گرفت و ئاستەنگەکانی ڕێگەی حکومەتی کردووە، هەروا باسی کەموکوڕی و گەندەڵی و نەخۆشییەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی کردووە، وەکو نەخۆشییەکانی ئیداراتی کۆن لە فەساد و بەرتیل و دزی، جگە لە دیاردە سلبیەکانی ئێستا، کە دەبێت ئیجرائاتی پێویستی لەو بارەوە ئەنجام بدرێت.
بەشێکی گرنگی کاری حکومەتی هەرێم بەشداربوونە، بە هاوکاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦) کە (١٣٪) بەڵکو پتر لە داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بۆ کوردستان سەرف دەکرێت.
لەم ڕووەوە حکومەتی هەرێم لە چالاکیدایە بۆ زامنکردنی بەشی کوردستان لە داهاتی نەوتی وڵاتەکەماندا، هەروەها بۆ گەیاندنی کەلوپەل ڕاستەوخۆ بۆ کوردستان و زیادکردنی ڕۆڵی حکومەتی هەرێم لە بڕیاردان و جێبەجێکردنی پێویستییەکان و چەسپاندنی بۆچوونەکانمان بۆ چارەسەری کێشەکان بەتایبەتی ئاو و کارەبا، پاش خۆراك و دەرمان. بۆ پێشخستنی ئەرك و کاری حکومەتی هەرێم پێویستە پشتگیرییەکی تەواوی لێژنەی چاودێری ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری بکرێت.
پێویستە ئەنجومەنی پلاندانان (مجلس تخطیط) هەبێت و گەر وا پێشنیار کراوە کە وەزارەتی داد و ئەوقاف بکرێن بە یەك وەزارەت، وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوەش بکرێن بە یەك، وەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتیش بکرێن بە دوو وەزارەت: تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵا نەکرێتەوە، دەتوانرێ خوێندنی باڵا سەر بە وەزارەتی پەروەردە بێت.

**هەڤاڵانی بەڕێز،**

لەم ڕاپۆرتانەدا گرنگی تەواو دراوە بە لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ناوخۆ، بە تایبەتی پڕۆسەی ئاشتی و هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی پارتی و پابەندبوونی بە ڕێکەوتننامەکان، کە دوایینی ڕێکەوتننامەی واشنتۆنە. ئەولەویەت دراوە بە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ناوخۆ و هەوڵ و تەقەلّلای پارتی، بۆ دواهێنان بە شەڕەکە و سەرخستنی ئاشتی و ئاسایش و پاراستنی دەستکەوتی گەل، کە فیدراڵیزم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمە، هەروەها باسی شەڕی ناڕەوای پەکەکە دژی شەرعییەت و تەجروبەکەمان و پارتی، لەم ساڵانەدا کە ئەوە کۆنگرەکەمان لە کاتێکدا دەبەسترێت، پەکەکە خەریکە هەڵبوەشێتەوە و تەواوی سیاسەتە چەوتەکانی دژی پارتی و گەلی کوردستانی عێراق فەشەلی هێناوە.

مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی هەلومەرجی ئێستای نێودەوڵەتی، باسێکی دیکەی گرنگی بەڵگەنامەکانە، کە چۆن دەرفەتێکی مێژوویی و نێودەوڵەتی بۆ کورد و، کوردستان ڕەخساوە و چۆن دەبێت لەو هەلومەرجە گونجاوە کەڵك وەربگرین.

**خوشك و برایانی خۆشەویست،**

**ئەندامانی دوازدەیەمین کۆنگرەی پارتی،**

هیوادارم بە گیانێکی پڕ لە هەستی لێپرسراوەتی و نیشتمانپەروەری و پارتایەتی و زانستییەوە، لەم بەڵگەنامانە بکۆڵنەوە و بیروڕای خۆتان ئازادانە دەرببڕن، تا پێکەوە بە ئامانجی هاوبەشی هەموومان بگەین، کە بەهێزبوونی پارتی و فراوانبوونی ڕۆڵی نیشتمانیی و نەتەوەیی ئەم حزبە دێرینەیە، لە پێناوی کورد و کوردستاندا.

**هەڤاڵان،**

ئازادانە و مەسئولانە لە بابەتەکان بکۆڵنەوە، بەڵام دوور لە تەشهیر و تانە و بوختان، ئەمانە بە هیچ شێوەیەك قەبوڵ ناکرێن، دەبێت بزانن کە کەسمان مەعسوم نین، کەسمان دوور نین لە ڕەخنە، هەموومان مومکینە هەڵە بکەین، دەبێت زانستانە بۆ مەسەلەکان بچین بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژ بۆ بەموئەسەساتکردنی دەزگاکانمان بڕۆین، هەر بژین.

**تێبینی: ئەم بەڵگەنامانە ئەمانەن، کە لە ڕاپۆرتی گشتی کۆمیتەی ناوەندین:**

چالاکییەکانی حزبی کە بریتیە لە:

١. ژیانی تەنزیمی و سیاسی ناوخۆی پارتی و دامودەزگاکانی و، پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و پێشنیار بۆ چارەسەری گرفتەکان.
٢. ڕاپۆرتی شەڕی داسەپاوی ناوخۆ و پرۆسەی ئاشتی.
٣. ڕاپۆرتی شەڕی پەکەکە دژی کوردستانی عێراق.
٤. ڕاپۆرتی بارودۆخی نێودەوڵەتی و مەسەلەی کورد.
٥. ڕاپۆرتی دارایی.
٦. ڕاپۆرتی عەسکەری: ڕاپۆرتی فەرماندەیی لەشکری کوردستان (ف. ل. ك).
٧. ڕاپۆرتی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق.

٨. ڕاپۆرتی فراکسیۆنی پارتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**هەروەها:**

- پڕۆژەی گۆڕانکاری پەیڕەوی ناوخۆ.
- پڕۆژەی گۆڕانکاری پڕۆگرامی پارتی.

ئەوەش دەخرێنە بەردەستتان..

ئیتر هەر سەرکەوتوو بن، خوای مەزن پشتیوانمان بێت. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان. بژی کورد، بژی کوردستان.

## چالاکییەکانی گشتیی حزب

دوازدەیەمین کۆنگرەی پارتیمان لە کاتێك دەبەسترێت کە جیهان پێشوازی لە هەزارەی سێیەم دەکات، بەو شێوەیە ئەمە دەبێتە ئاخرین کۆنگرەی پارتی لە سەدەی بیستەمدا، ئەم سەدەیە کە دوو شەڕی جیهانی و ڕووداوی هەرە گەورە و شەڕ و شۆڕەی ئیقلیمی بەخۆیەوە دیوە، هەروەها لەم سەدەیەدا گەلانی جیهان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە. مێژووی نەتەوەی کورد لەم سەدەیەدا پڕ بوو لە ڕاپەڕین و شۆڕشی درێژخایەن لە پێناوی ئیسپاتکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و وەرگرتنی مافدا.

گەورەترین دەستکەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەم سەدیەدا، ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠یە، کە مافی نەتەوەیی میللەتەکەمان لە کوردستانی عێراقدا سەلمێندرا. ئەم دەستکەوتە مەزنەش لە سایەی سەرۆکایەتی حیکمەتی بارزانی نەمر و، خۆڕاگری و مقاومەتی دلێرانەی میللەتەکەمان لە هەموو بوارێکدا هاتە دەست، هەروەها ڕێکەوتننامەی ١١ی ئادار تاکە سەرکەوتنی سیاسی و قانونی کوردە لەم سەدەیەدا.

پارتیمان کە ئەمڕۆ لە دوازدەیەمین کۆنگرەیدا ئاڵای بڵندی دەشەکێتەوە، ئەو پارتەیە کە بەدەستپێشخەری **مستەفا بارزانی** لە جەرگەی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لەدایك بووە، هەر ئەویش بوو کە قوربانی زۆر و زەبەندی پێشکەش کردووە لە پێناوی بڵندڕاگرتنی ئاڵای خەبات لە چلەکاندا کە نائومێدی زۆر بواری نیشتمانی گرتبووە، کە شۆڕشی ١٤ی

گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ سەرکەوت، پارتی هەلومەرجی ئەو سەردەمەی قۆزتەوە و لە ئازادییە دیموکراتییەکان کەڵکی وەرگرت، بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و دیموکراتی و ڕێکخستنی ڕیزی جەماوەری کوردستان و داگرتنی توانایان لە پێناوی مافی نەتەوەیی و دیموکراتی کۆمەڵایەتییدا.

پارتی گەورەترین شۆڕشی هاوچەرخی هەڵگیرساند، کە شۆڕشی ئەیلولە بە سەرۆکایەتی **مستەفا بارزانی**، ئەو شۆڕشەی کە ڕێکەوتننامەی مێژوویی ١١ی ئازاری بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەمان و بزاڤی دیموکراتی لە عێراقدا بە ئەنجام گەیاند. پارتی هەروەها ڕێبەر و هەڵگیرسێنەری شۆڕشی ٢٦ی گوڵانە کە بەردەوامبوون و تەواوکەری شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو و، بە سەر واقعی نەکسە شومەکەی ڕێکەوتننامەی جەزائیر زاڵ بوو.

پارتی هەروەها هەڵگری ئاڵای یەکخستنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییە و، لەلایەنە ئەساسییەکانی یەکخستنەوەی خەباتی هێزەکانی کوردستانە، کە لە دامەزراندنی (جود) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، هەروەها لە بەرەی کوردستانیدا ڕۆڵی هەرە سەرەکی بینیوە.

پارتی شانبەشانی لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی، بەرنامەی بۆ ڕاپەڕاندن دانا و دلێرانە سەرکردایەتی جەماوەری کوردستانی کرد، کە دەرفەتی تەواوی بۆ گشت هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەخساند، تا هەر لایەنێك بە شێوەی خۆی لە دەستکەوتی ڕاپەڕین کەڵك وەربگرێت.

پارتی یەکەمین لایەنی سیاسی بوو کە بانگهێشتی بۆ هەڵبژاردنی کرد، بۆ پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، هەروەها ڕۆڵێکی سەرەکی نواند لە پێناوی پاراستنی یەکێتی ڕیزی کورد و لەو پێناوەدا بەرژەوەندی حزبایەتی خۆی بەلاوە نا. بەو شێوەیە خەونی نەتەوەی کورد لە دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردستانی هەڵبژارد و، لەسەر خاکی کوردستانی ئازادکراودا هاتە دی.

پارتی لە یازدەیەمین کۆنگرەیدا، کە کۆنگرەی یەکگرتن بوو بە بڕوا و ئۆمێدەوە چاوەڕوانی ئاسۆی بەرفراوانتر بوو، بۆ گەشەپێدانی تاقیکردنەوەی دیموکراتی و ژیانی فرەحزبی و، سەروەری یاسا و پەیڕەوکردنی مافی مرۆڤ. هەروەها پارتی دەستی بۆ گشت حزب و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان درێژ کرد بۆ چەسپاندنی خەباتی هاوبەش و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان.

بەڵام زۆر بەداخەوە، ئەو نیشانە ئیجابیانە بۆچوونی ئەوانی دیکەی تێکدا کە بە

هەڵەدا ڕۆیشتن، ئەوان بە هەڵە گەیشتن لە سنگفراوانی و بەتەنگەوەهاتنی پارتی بەرامبەر بەرژەوەندی گەل، هەروەها بەرامبەری ڕێز و بڕوای پتەوی جەماوەری کوردستان، بەرامبەری پارتی و کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر لە دەوری ئەودا بوو، کە هێشتا حەوت مانگ بە سەر کۆنگرەی یازدەدا تێنەپەڕی بوو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شەڕی شوومی ناوخۆی بە سەر پارتیدا داسەپاند، دیارە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوتە ئەو واهیمەیەوە کە گوایە دەتوانێت کێشەی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی عەسکەرییەوە چارەسەر بکات. نەبەس یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڵکو پەکەکەش بەرایی چاوی نەهات و کەوتە دەستدرێژی دژ بە پارتی و گەلی کوردستان و دامودەزگا شەرعییەکان.

هەر دووکیان واتە (یەکێتی و پەکەکە) شانبەشانی یەکتر کەوتنە ئەو دەستدرێژکارییانە و شەڕیان داسەپاند، هەر بۆیەش پارتیمان بە تەنیا شەرەفی پاراستنی تاقیکردنەوەکە و شەرعییەتی کەوتە ئەستۆ.

سایەی شوومی شەڕی داسەپاو، تەواوی لایەنەکانی ژیان و گشت چالاکییەکانی پارتیمان گرتووە، ئاسەواری قووڵی سلبی خستە سەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، برینی قووڵی لە جەستەی کۆمەڵگای کوردەواری کردەوە و بووە هۆی شەهیدبوونی سەدان هاوڵاتی بە تایبەتی پێشمەرگەی قارەمان کە قەڵغانی گەلەکەمانن.

جەولەکانی ئەو شەڕە داسەپاوە مۆرکی جەنگی هەمەلایەنەی گرتەبەر، کە بەشێکی هەرە زۆر و گرنگی لە هێز و توانای ماددی و عەسکەری و سیاسی، پارتی بە خۆیەوە مەشغول کرد، کە پارتی بۆ پاراستنی خۆی و پاراستنی شەرعییەت و دەستکەوتی ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ناچار بوو ئەو قوربانییانە بدات.

پارتی بە پشتیوانی مێژووی پڕ لە شانازی خۆی، بەو ئۆمێدەی کە کۆنگرەی یازدە پێی بەخشیبووی سەرەڕای شەڕی وێرانکاری ناوخۆ، بە درێژایی ئەو ماوەیە لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆی بەردەوام بوو.

پارتی بە دەستێك لە خۆی و لە گەلەکەی بەرگری دەکرد و بەدەستێکی تر خەریکی ئاوەدانی و چەسپاندنی دامودەزگا نیشتمانی و شەرعییەکان و دامودەزگاکانی خودی پارتی بوو. پارتی هەمیشە ئەوەی لە یاد بوو کە پارێزەری کەلەپوری دەوڵەمەندی نیشتمانییە و، هەڵگری ئاڵای مستەفا بارزانییە و هەر ئەوە زامنی مانەوەی تاقیکردنەوەکەیە و، ئەوەیە کە دەتوانێت میللەت بە ئامانجی پیرۆزەکانی بگەیەنێت.

**یەكەم: گرنگترین ئەو گرفتانەی كە دووچاری كاری حزبایەتی بوونە:**

١. پاش شەڕی ناوخۆی داسەپاوی ساڵی ١٩٩٤، بارودۆخێكی دژواری سیاسی و ئەمنی لە كوردستاندا زاڵ بوو، سەركردایەتی لقی (٣، ٤ و ١١) ناچار بوون لە گۆڕەپانی تەنزیمی خۆیان دوور بكەنەوە، ئەویش كاریگەری سلبی خستە سەر چالاكی حزبایەتی و جەماوەری لە سنووری ئەو لقانەدا.

هەروەها بە زەبری بارودۆخە تازەیە، ئەركی حزبایەتی لە جیاتی كاری سیاسی و جەماوەری، ناچار بوو زیاتر شێوازی مقاوەمەتی عەسكەری بە خۆیەوە بگرێت. ئەو بارودۆخە بەو ناوچانەوە نەوەستا، بەڵكو تەواوی بواری چالاكی حزبی پارێزگای دهۆك و پارێزگای هەولێریشی گرتەوە، چونكە ئەگەر لقی یەك توانیبێتی تا ڕادەیەك بە ئارامی و هێمنی بمێنیتەوە، ئەوە دوژمنكاری بەردەوامی پەكەكە ئارامی ئەو لقەشی تێكدابوو.

بەوجۆرە لقی یەكیش كەوتە مقاوەمەت بەرامبەری شەڕی داسەپاوی پەكەكە، هەروەها گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش كە ئەویش بەشێكی زۆری چالاكییەكانی بەخۆیەوە مەشغوڵ كرد.

شاری هەولێر و دەوروبەری واتە سنووری لقی (٢) لەو ماوەیەدا بوو بە ناوەندی ململانێی ڕاستەوخۆ، هەروەها سنووری لقی (٩) و لقی (١٠) بوون بە گۆڕەپانی ململانێ. ئەو هەموو ڕووداوانە تەئسیری سلبی خستە سەر ڕێكخستنی حزبایەتی لە سەرانسەری كوردستاندا، هەر جێگەیەك بەپێی وەزع و شێوەی خۆی.

ئەو بارودۆخە ناهەموارە بووە هۆی گۆڕانكارییەكی كوتوپڕ و دیاردەی نامەنتقی كە ئەمڕۆ دەیبینین.

٢. لە بەر ئەو هۆیانە، پارتی لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانە و، ئاكامەكانی شەڕی داسەپاودا تووشی گرفتێكی گەورە بوو، دامودەزگای حزبی تا ڕادەیەكی زۆر، بە گیروگرفتەكانی ئەنجامی ئەو بارودۆخە نائاساییەوە مەشغوڵ بوون.

هەموو ئەوانە بوون بە هۆی پەیدابوونی خروقات و لادان لە پەیڕەوی ناوخۆ و پەیڕەونەكردنی ئسوڵی ڕێكخستنی ناوخۆ، هەندێك لەو هەڵە و لادانانە گەورە بوون، هەر بۆیەش كاروباری حزبایەتی زۆر جار تووشی شڵەژان دەبوو، شێوازی نائاسایی پەیدا دەبوو، هەندێ كەس مەسئولیاتی وای وەردەگرت كە لە هەلومەرجی تەبیعیدا شتی وا ڕووی نەدەدا.

ئەوەش هەیبەتی حزبی لەكەدار كرد و پەیڕەوكردنی مەبدەئی ڕێكخستنی لاواز كرد، لە ئەنجامدا جۆرە نامەركەزییەت و شێوەیەكی گوێنەدان لە ئاستی جیاجیادا پەیدا بوو.

٣. ماوەیەك لە مەكتەبی سیاسیدا میكانیزمێكی ڕوون بۆ ئاراستەی چالاكی حزبی و، بەدواداچوونی گیروگرفتی لق و ناوچەكان و دامودەزگاكانی دیكەی حزبی لە ئارادا نەبووە.

هەر بۆیەش لە نێوانی مەكتەبە ناوەندییەكان و مەكتەبی سیاسی، هەروەها لە نێوانی لقەكان و مەكتەبی سیاسی، پەیوەندی ڕێكوپێك لە ئارادا نەمابوو. جۆرێك هاتەپێش كە ڕێنمایی و ئاراستەكردن نەمابوو، سەربەخۆیی و دەسەڵاتی زیادكاری كردە سەر بواری مەعنەوی و، ڕۆڵی سەركردایەتی لە ئاراستەكردنی حزبدا لاواز بوو. هەر ئەوەش بوو لە چوارچێوەكانی تری سەركردایەتی ڕەنگی دایەوە، لە لقەكانەوە بگرە تا لێژنە ناوچەكان.

٤. هەروەها لە نێوان دەزگاكانی پارتی، بە تایبەتی نێوانی پەرلەمان و ئیدارە لە لایەك، و پارتی و ئیدارە لە لایەكی ترەوە، میكانیزمی ڕوونی تەنسیق لە ئارادا نەمابوو. هەر بۆیەش دامەزراندن زۆر جار بەپێی مزاجی شەخسی و ڕۆڵی تایبەتی ئەنجام دەدرا، ئەوەش بە شێوەیەكی سلبی كاری خستە سەر لقەكان كە گوێ بە بیروڕایان نەدەدرا، تەنانەت لە سنووری چالاكی و كاروبارياندا، كە دەبا لە دابینكردنی خزمەتگوزاری و دەستكەوتی ڕەوای ناوچەكانیان ڕۆڵی خۆیان هەبا.

٥. زۆر بە كەمی بارودۆخی سیاسی و گرفتەكان و هۆكارەكانیان، بە شێوەیەكی ڕێكوپێك بۆ لق و ناوچە و ڕێكخستن بە گشتی، شی كرانەوە، ئەمەش دەرگای خستە پشت بۆ ئەوەی هەر كەس بەپێی بیروبۆچوونی خۆی، یان لە بەر نزیكبوونی لە ئەم یا ئەو لێپرسراوە یان لە مەركەزی سەركردایەتییەوە ڕووداوەكان شی بكاتەوە.

ئەگەر لە كاتی خۆیدا ڕێنمایی پێویست نەگات، ئەوە بە سلبی كار دەكاتە سەر پرۆسەی پەیوەندی نێوانی سەركردایەتی و قاعیدە و پرەنسیپی پەیوەندی و هاریكاری لە پرۆسەی حزبیدا لاواز دەكات.

٦. گرفت و سلبیات بە گشت جۆرەكانییەوە بەسەر یەكدا كەوتن و، ئیجرائاتی حزبی و ئیداری پێویست بۆ چارەسەركردنیان وەرنەدەگیرا، خراپەكان محاسبە نەدەكران ئەویش وای كرد كە سلبیات بەردەوام بێت و، حاڵەتێك لە گوێپێنەدان پەیدا ببێت و ئارەزووی كاركردن نەمێنێت.

هەروەها لێپرسراوانی پارتیمان لە حزب و پەرلەمان و حكومەت، لە ڕووی پەیوەندییەكانی كۆمەڵایەتی و لە ئاستی ژیاندا تا ڕادەیەك، لە جەماوەر دوور كەوتوونەتەوە و دیاردەی بیروكراتی سەری هەڵداوە، ئەمەش پێویستە چارەسەر بكرێت. ئەو حاڵەتانە بوون بە نەخۆشییەكی گشتی لە ئاستی جۆراوجۆری پارتیدا، ئەمەش بە

ڕاستی حاڵەتێکی نەخۆشییە کە دەبێت لە ڕیشەوە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

٧. زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، دوور لە کاروباری پرۆسەی حزبی مەسئولیاتیان کەوتە سەرشان، بێگومان یەکەمین ئەرکی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەوەیە کە، سەرکردایەتی پرۆسەی حزبی بکەن و سەرپەرشتی چالاکی بکەن و زۆر بە وردی ئاگادار بن، لە چالاکی گیروگرفتی لق و ناوچە و دەزگاکانی تری حزبی و پەیوەندییەکان.

دابەشبوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەو شێوەیە بۆشاییەکی گەورەی دروست کرد، بە تایبەتی لە سەرکردایەتی کردنی مەکتەبە ناوەندییە ئەساسییەکانی حزبی، وەکو مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن، مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن، مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان، ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وەکو هەیئەتێکی سەرکردایەتی، نەتوانن ئاگاداری گشت چالاکی یا کێشە و گیروگرفتێك بن. هەر بۆیەش جۆرە نەگونجانێك هاتە کایەوە کە بە سلبی تەئسیری لە پرۆسەی قیادەی جەماعی کرد.

٨. دەزگای ناوەندی پشکنین و چاودێری، لە بەر بارودۆخی شەڕی داسەپاوی ناوخۆ و لە بەر چەند هۆیەکی تر، ئەم دەزگایە نەیتوانی وەك پێویست بە ئەرکی خۆی هەڵسێت، هەروەها ڕاپۆرتەکانی ئەو هەیئەتە پشت گوێ خران، بە پێویستی دەزانین ئەم دەزگایە بەهێز بکرێت.

**هەڤاڵانی بەڕێز،**

لە سایەی ئەو بارودۆخە و گرفت و تەعقیدانەدا و سەرەڕای دژواری و ئاستەنگی زیاد، دیسانەوە دامودەزگای حزبی لەسەر چالاکی تەنزیمی و جەماوەری و ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی و ئاستەکانی تر بەردەوام بوو، هەروەها دەزگای حزبی لە جێگەی خۆی نەچەقی، بەڵکو هەمیشە بەرەو پێش چوو، هەر چەندە بەپێی خواست نەبووە، لە پرۆسەی حزبایەتیدا هەمیشە داکۆکی دەکرایە سەر گرنگی کۆبوونەوەی شانە کە بڕبڕەی پشتی چالاکی حزبە. هەروەها هەوڵی دەدا ئابوونە کۆبکرێتەوە وەکو پرەنسیپێك کە حزبی لەسەر دامەزراوە. هەروەها داوای دەکرد ئەندامان لە نێو جەماوەر و چینە هەژارەکان تێ بکۆشن و لە دەرد و ئازاریان تێبگەن، ئەو کارانە بە بێ کەموکوڕی نەبوون، بەڵام هەمیشە سوور بوون کە فەرمانی حزبی جێبەجێ بکرێت. بەڕاستی دەڵێین کە هەولومەرجی لقەکان و چالاکییان بە شێوەیەکی گشتی بەرەو پێش چوونە، هەرچەندە لە ڕادەبەدەر گیرۆدەی گیروگرفت و ئاستەنگ بوونە.

لەو ماوەیەدا بە تایبەتی پاش ڕزگارکردنی هەولێر، دەستکەوتی وەها وەدی هات کە نەبەس تەئسیری لەسەر بواری تەنزیمی بەڵکو لەسەر تەواوی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبووە.

**دووەم: دەستکەوتە گرنگەکانی ئەو ماوەیە:**

**١. دەزگای شەهید:**

دامەزراندنی دەزگای شەهید دەستکەوتێکی گەورەی پارتییە، بە ڕاستی کارێکی مەزنە و تا ڕادەیەك ویژدانی ئارام کردین، لە هەمان کاتدا بە دامەزراندنی دەزگای شەهید، هەندێك چاکەی خێزان و کەسوکاری شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەدەینەوە، هەرچەندە هەرچی بۆیان بکرێت هەر کەمە.

هەرچەندە دەزگاکە تا ئێستا لەسەرەتای کارە، بەڵام دروستبوونی هەنگاوێکی دروست و چەسپاوە. پێویستە زیاتر و بە جدی و بە گیانی لێپرسراوەتی، بەرامبەری دەزگای شەهید بوەستین و هەوڵ بدەین بۆ دابینکردنی گشت پێداویستییەکانی، بۆ ئەوەی گەشەی پێ بدەین و بیکەین بە دەزگایەکی وەها، کە بتوانێ بە گشت لایەنەکانی خێزانی شەهید بایەخ بدات.

**٢. دەزگای ئەیلول:**

دەزگایەکە بە شانازییەوە دامەزراوە، بە مەبەستی ڕێکخستن و سەرپەرشتی و بەسەرکردنەوە و چارەسەرکردنی گیروگرفتی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و سوودوەرگرتن لە ئەزموون و شارەزاییان، ئەم دەزگایە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فەرماندەیی لەشکری کوردستانەوە دەبێت.

ئەم بڕیارە بۆ ڕێزنان لە پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلول و کەلەپوور و، مێژووی ئەو شۆڕشە مەزنە وەرگیراوە و دەزگای ئەیلول هەوڵ دەدات وەکو چوارچێوەیەکی حزبی و کۆمەڵایەتی و عەسکەری ئەو پێشمەرگانە کۆ بکاتەوە و ڕێك بخات، هەروەها بایەخ بە ژیانی خێزانیان بدات و زامنی چارەسەری باری کۆمەڵایەتی و تەندروستیان بێت.

**٣. ناوەندی مستەفا بارزانی بۆ دیراساتی ستراتیجی کوردی لە واشنتۆن:**

ئەمە ناوەندێکی ئەکادیمی هەرە گرنگە، بە تەقەڵای ڕاستەوخۆی سەرکردایەتی پارتی و زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دامەزراوە، ناولێنانی بارزانی بۆ ڕێزگرتنە لە بیروڕا و ڕێبازی مستەفا بارزانی نەمر، کە ئاشتی و خۆ لێبوردن و تەسامح و ئازادی و دیموکراتییە، ئەم ناوەندە جۆرەها لێکۆڵینەوەی سیاسی، ئابووری، کولتوری، کۆمەڵایەتی، ژینگە و هەر بابەتێکی دیکەی کۆمەڵگای کوردەواری دەگرێتەوە، هەروەها ناوەندی **مستەفا بارزانی** تەنیا بۆ یەك حزب یا یەك پارچە نییە، بەڵکو بۆ هەر کوردێکە لە هەر پارچەیەك یا لە هەر کوێ بێت، هەروەها بۆ هەر کەسێکە کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کوردەوە هەیە.

شایانی باسە سەنتەری ئاشتی جیهانی بەشێکە لەم زانکۆیە، واتە زانکۆی ئەمریکی ئەو ناوەندەی بە ناوی **بارزانی** کراوەتەوە، یەکەمین مەرکەزی ئەکادیمی موعتەبەرە لە ئەمریکا کە دەربارەی دۆزی کورد دەکۆڵێتەوە.

دامەزراندنی ناوەندی بارزانی لە زانکۆی ئەمریکی، بە هاوکاری دۆستی کورد پڕۆفیسۆر **عەبدولعەزیز سەعید**، هەروەها بە ڕەزامەندی و هاریکاری تەواوی سەرۆکی زانکۆکە و چەندین کۆنگرێسمانی بەڕێز و هەروەها بەڕێز **ڕۆبرت پلیترۆ** لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هاتە دی.

ئەوی پێویستە کە کۆڕوکۆمەڵەی ئەکادیمی و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد ئەنجامی بدەن، پشتگیری ماددی و مەعنەوی و ئەکادیمییە لەم ناوەندە گرنگە.

### ٤. نیزامی خانەنشینی کادیر:

دەرکردنی ئەم نیزامە دەستکەوتێکی گرنگە، بەوەش پارتی دان دەنێت بە ڕۆڵی کادیران و خەباتیاندا.

کادیران بۆ بەرگری لە سەرەتاو بەهاکانی کوردایەتی و قوربانیدان لە پێناوی پێشکەوتنی پارتیدا، ژیانی خۆیان بە سەر بردووە.

نیزامی خانەنشینی کادیر دەستپێشخەریەکی بەرزی مرۆڤایەتییە بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی شیاوی ژیانی ئەو خەباتگێڕانە و خێزانیان.

ئەم نیزامە، بێگومان هانی هەمووان دەدات تا زیاتر بە گیانی خۆلێبوردنەوە، تێبکۆشن تا پایەی پارتی بەرزتر و ئاڵاکەی هەمیشە لە ئاسمانی کوردستاندا شەکاوە بمێنێتەوە.

**٥. ژیان و تەندروستی کادیران:**

پارتی بایەخی بە چاککردنەوەی باری ژیـانی کۆمەڵایـەتی و تەندروسـتی کـادیران داوە، تا ڕادەیەکی باش گیروگرفتی چارەسەر کردوون، بایەخی گرنگتری بـە معالجـەی پێشـمەرگە و ئەندامانی بریندار داوە، چ لەناو وڵات یان بە ناردن بۆ دەرەوە، هەروەها بـۆ معالجـەی ئـەو نەخۆشییانەی کە لـە وڵاتـدا چارەسـەرییان زەحمەتـە، ئـەویش ڕاسـپاردەی لێژنـەی پسـپۆری پزیشکی.

هەر چەندە هێشتا لەم بارەیەوە کەموکوڕی هەیە، بەڵام ئەوەندەی لە توانـادا هـەبووە بۆ کادیرانی تێکۆشەری پارتی ئەنجام دراوە.

پێویستیشە زیاتر بایەخ بە باری ژیـانی کۆمەڵایـەتی و تەندروسـتی کـادیران بـدەین و، بەرنامەیەکی ڕێکوپێك بۆ ئەو بوارە دابڕێژین.

ئاوڕدانەوە لە باری ژیانی کادیر ئەرکێکی پارتییـە بەرامبـەر بـەو هەڤاڵانـە کـە تەمـەنی خۆیان بۆ خەبات و فیداکاری لە پێناوی کورد و کوردستان تەرخان کردووە.

**٦. پتەوبوونی ڕۆڵی ئافرەت لە ڕیزی پارتیدا:**

ئـافرەت نـەك لـە کۆمـەڵگای ڕۆژئاواییـدا، بـەڵکو لـە کۆمـەڵگای تـازە پێگەیشتوویشـدا هەردەم لە پێشکەوتندایە، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕێژەی ئافرەتان لە زانکۆ و پـەیمانگاکان بە (٣٠٪ بۆ ٤٠٪) دەگات، هەروەها لە دامودەزگای حکومیدا لەو ڕێژەیە کەمتر نییە.

بەڵام ئەو ڕێژەیە وەکو پێویست لە ڕێکخستنی حزبی و ڕێکخسـتنی یـەکێتی ئافرەتانـدا ڕەنگی نەداوەتەوە. حزبەکانی کوردستان بە گشتی هەوڵ دەدەن ئافرەتـان بـۆ ڕیـزی خۆیـان ڕابکێشن.

پارتی بایەخی بە وەرگرتنی ئافرەتان داوە، چ لـە ڕیـزی ڕێکخسـتنی حزبـی چ لـە ڕیـزی یەکێتی ئافرەتاندا.

بۆ ئەوەش دەرفەتێکی فراوانی ڕەخساندووە تا ئافرەتان بەشداری خولی ڕۆشـنبیری بـن و، لە پەیمانگای کادیران وەربگیرێن و لە پلەو پایەی بەرزی حکومەتی هـەرێم بەشـدار بـن، بۆ ئەوەی ئافرەتان لە گشت بوارەکاندا پێش بکەون و زیاتر یەکسانی بەدی بێت، لە ڕاسـتیدا تا ڕادەیەك لەم بوارەدا پێشکەوتن هەبووە.

ئێستا ڕێژەی ئافرەتان لە نێوان پالێوراوانی پارتیدا نزیکەی (١٤٪)، بەڵام دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی ئەو ڕێژەیە لە داهاتوودا چەندین بەرامبەر ببێتەوە، لە کۆتاییدا یەکێك لە بنەما ئەساسیەکانی نوێسازی و پێشکەوتنی پارتی ئەوەیە کە بە جیدی هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات تا ئافرەت جێگەی شایانی خۆی لە پرۆسەی حزبایەتی و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بکاتەوە.

## ٧. ڕۆشنبیری حزبایەتی:

### ئەلف ـ پەیمانگای کادیران:

ئەم پەیمانگایە سەرلەنوێ ژیاوە تا کادیری بەتوانا ئامادە بکرێت، کە بتوانێت ڕووبەڕووی ململانێ بێتەوە و بە ڕۆشنبیری حزبی گۆش بکرێت، شارەزای مێژووی حزب و میللەتەکەی بێت، لە دەردی کۆمەڵایەتی تێبگات و وێنەی پڕشنگداری حزبکەی بە جەماوەر بگەیەنێت و، هەمیشە ئامادەکار بێت لە ئیختیساسی جیاجیای تەنزیمی و ڕاگەیاندن و جەماوەریدا کار بکات.

بۆ ئەوەی پەیمانگا ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێت، هەوڵ دراوە پێداویستی ئیداری فێربوونی دابین بکرێت. کۆمەڵێك لە سەرکردەکانی پارتی و مامۆستایانی زانکۆ لە پسپۆرایەتی جیاجیادا، ئەرکی وانەوتنەوەیان خستە ئەستۆ لەسەر بناغەی فێرکردنی بەرنامەی چڕی زانستی و عەمەلی.

خولێك شەش مانگی خایاندووە، ئەنجامەکەشی باش بووە، بێگومان ئەم مەسەلەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستی بەدواداچوون و بایەخدان و کۆشش و هەوڵی زیاتری هەیە.

### ب ـ خولی ڕۆشنبیری:

بەدەستپێشخەری لقەکان و پشتگیری مەکتەبی سیاسی، خولی چڕی ڕۆشنبیری لە گشت لقەکانی حزب و ئاستە جیاوازەکاندا ڕێك خراوە، کە تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتووانە بووە و کادیری دلێر و چاونەترسی پێگەیاندووە، کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی گیروگرفتەکانی ژیانی حزبایەتییان هەیە، ئەم خولانە ئەنجامی باش و ڕوونی لێ کەوتەوە، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا (١٩١٤)، کادیر لەو خولانە دەرچوونە.

دەبێت زیاتر بایەخ بدەین و زیاتریش هەوڵ بدەین و، پێداویستی ئەم خولانە دابین بکەین تا بە باشترین ئەنجام بگەین، ئەم پرۆسەیە هەنگاوێکی مۆدێرنی گرنگە و پێویستە لەسەری برۆین و گەشەی پێ بدەین.

بۆ ئەوەی یەکێتی فیکری و سیاسی لە ڕیزی هەڤاڵان پتەوتر بێت، پێویستە بەرنامەی خوێندنی خولە ڕۆشنبیرییەکانی لق و ناوچەکان، لەلایەن مەکتەبی ناوەندی لێکۆڵینەوە و ئیعدادی حزبی ئامادە بکرێت.

**ج ـ کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت:**

کۆمپیوتەر ئەمڕۆ ئامرازێکی هاوچەرخی هەرە پێویستە بۆ ئاسانکردنەوەی کاروباری مەکتەب و دامودەزگا و گشت بوارەکانی تر. مەکتەبی سیاسی هەوڵی داوە کە سەرەتا لە مەکتەبە ناوەندییەکان و لقەکان و هەندێ لێژنەی ناوچە، کۆمپیوتەر بەکار بێت و شێوەی بەکارهێنانی بڵاو بکرێتەوە. لە مەکتەبی سیاسیدا ناوەندی کۆمپیوتەر دامەزراوە، کە چەندین خولی چڕی بۆ کادیران کردۆتەوە، بە شێوەیەك ئەمڕۆ کۆمپیوتەر لە کاروباری ڕۆژنەدا بۆ چاپکردن و هەڵگرتن و بیرهاتنەوە و حسابات و وێنەگەری و کارەکانی تر بەکار دەهێنرێت.

ئەوەش بوو بە هۆی گۆڕانکاری لە سیستەمی کار و ڕێکخستنی دامودەزگاکانی پارتی، لە قۆناغی ئایندەشدا پێویستە کۆمپیوتەر بۆ لێژنە ناوچەکان و، پاشان بۆ گشت دامودەزگاکانی پارتی دابین بکرێت.

بۆ ئەنتەرنێتیش، پارتیمان لاپەڕەیەکی دەوڵەمەندی ئەنتەرنێتی کردۆتەوە، ڕۆژانە بە زانیاری دەوڵەمەنتر دەکرێت. ئەگەر لەگەڵ هاوچەشنەکانی خۆی بەراوردی بکەین، مەوقعی پارتی لە ئەنتەرنێت لاپەڕەیەکی هەرە سەرکەوتووە و نزیکەی چوارسەد هەزار میوانی هەیە.

زانیارییە تازەکانی ئەنتەرنێت بە هۆی (Email) بۆ کوردستان دەگوێزرێتەوە و بە چاپکراوی بە سەر دامودەزگا سەرەکییەکانی پارتیدا دابەش دەکرێت.

ئاخرین سەرکەوتن لەم بوارەدا: مەرکەزی کۆمپیوتەر لە م.س ڕۆژنامەگەری پارتی (برایەتی و خەبات و گوڵان و ...) لەگەڵ دەرچوونیان دەخرێتە تۆڕی ئەنتەرنێتەوە. بەو شێوەیە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پارتی لە ڕۆژی دەرچوونیاندا، دەکەونە بەردەستی خوێنەران لە هەر کوێیەکی جیهاندا بن.

ئا بەو شێوەیە پەیوەندی و کارلێکردنی نێوان پارتی و جیهان لەسەر ئاستی ئاڵوگۆڕی

زانیـاری باشـترین شـێوەی گرتۆتـەوە. پێشـکەوتنی خێـرای پـارتی لـە بـواری کۆمپیوتـەر و ئەنتەرنێتدا، هەنگاوێکی دیکەی گەورە بووە بۆ نوێکردنەوە و پێشخستنی کاری حزبایەتی.

**د ـ چاپخانەی خەبات:**

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستاندا چەندین چاپخانە هەیە، بەڵام بوونی چاپخانەیـەکی تایبەت بە پارتی کارێکی شارستانییە، زۆر لە ئیمکانیاتمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، بە تایبەتی ئەگـەر دەزگاکـانی حـزب شـتەکانیان لـەوێ چـاپ بکـەن و هـەوڵ بـدەین چاپخانەکـە بکـەین بـە ناوەندێکی بڵاوکراوەی حزبی.

**هـ ـ سەتەلایەتی (KTV):**

دامەزرانـدنی تەلـەڤیزیۆنی (KTV) لـەم ماوەیـەدا ئـەو خەونـەی بـەدی هێنـا کـە لـە دەروونی زۆر کەسدا دەخولایەوە.

سەتەلایەت یەکێکە لە نیشانە پرشنگدارەکانی نێوانی دوو کۆنگرەدا، بەمـەش دەنـگ و ڕەنگی کوردستان و ژیانی هاووڵاتییان و بـەهرە و توانـا و چـالاکی دامودەزگـای هـەرێم، بـە باشترین شێوە بە خەڵکی دنیا دەگات.

سەتەلایت شێوەیەکی بێهاوتایە، کە دەتوانێت ڕۆڵەکانی نەتەوەیەك بەیـەك بگەیـەنێت و، پەیوەندی ناوخۆی کوردستان و جالیاتی کـوردی پێکـەوە ببەسـتێت. لـەو بڕوایـەداین، کـە ئەگەر بایەخی زیاتر بەم ئامرازە ژیارییە بدەین، بە تایبەتی لە ڕووی هونـەری و ئیدارییـەوە، ئەوە مەودایەکی فراوانمان بـۆ دەرەخسـێت تـا میکـانیزمێکی ڕاسـتەوخۆ و پێشـکەوتـوو، بـۆ پەیوەندی نێوان ڕۆڵەکانی میللەتی کورد دروست بکەین.

ئەم کەناڵە، ئەگەر بە چاکی کەڵکی لێ وەربگرێت، ئەوە دەتوانێـت خزمـەتێکی گـەورە بگەیەنێت بۆ نزیکبوونەوە و تەبایی و پیشاندانی داخوازییە مرۆڤایەتییـەکانی کـورد و، دەرد و ئازاریان و پیشاندانی ڕووی شارستانی میللەتەکەمان.

دامەزراندنی کەناڵی سەتەلایتی کوردستان، هەنگاوێکی دیکەی گەورەی نوێسـازییە بـۆ پارتی و بۆ کورد بەگشتی. ئەمڕۆ لە هـەر جێگایـەك بـن ڕاسـتەوخۆ دیمـەنی ژیـان و دەرد و ئازار و ئاوەدانی کوردستانی عێراق دەبیـنن. بـۆ ئـەوەی سـەتەلایەتی کوردسـتان زیـاتر بـرەو بستێنێت، ئەم خاڵانە لەبەر چاو بگیرێن:

- ببێت بە تەلەڤیزیۆنی نەتەوەی کوردستان و کەمتر مۆرکی حزبایەتی پێوە دیار بێت.
- هەوڵ بدرێت مێزگردی سیاسی ئازادی تیا بڵاوبکرێتەوە.

**و ـ بایەخدان بە دامودەزگاکانی حزبی:**

بەپێی توانا و ئیمکانیاتی ماددی، لەم ماوەیەدا هەندێ بارەگای حزبی دروست کراوە و هەندێکی دیکەش چاك کرایەوە و سەیارە بۆ لێژنەی ناوچەکان دابین کراوە.

بینایاتی شایستە بۆ دامودەزگاکانی حزبی، کاردانەوەی ئیجابی لێ دەکەوێتەوە و هەیبەتی حزبی پێی بەرز دەبێتەوە و، تەئسیری باش دەخاتە سەر کاروباری دەزگاکان. ئەوەش نیشانەی بایەخدانی سەرکردایەتییە بە خەبات و فیداکاری پارتی.

## چالاکیی حزبایەتی

**یەکەم: ڕێکخستن**

١. هەیکەلی تەنزیمی پارتی لە (١٠) لقی حزبی پێك هاتووە کە پارێزگاکانی کوردستان دەگرنەوە. دوو لق لە جالیەی کوردی لە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا تێدەکۆشن.
پاش کۆنگرەی یازدە ئەم لقانە دروست کران: لقی (٩) لە ئاکرێ، لقی (١٠) لە سۆران، لقی (١١) لە ناوچەی ڕانیە و قەڵادزی و لقی (١٢) لە هەڵەبجە.
هۆی دروستبوونی ئەم لقانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوچەکانیان لەناوەندی لقەکانی ترەوە دوورن، هەروەها بە هۆی زیادبوونی ئەندام و پاڵێوراوانی پارتی و بۆ ئەوەی سەرکردایەتی ڕاستەوخۆ لە بارودۆخی ئەو ناوچانە ئاگادار بێت، ئەمە جگە لە چەند هۆی تر کە لەوانەش ئیعتباری مەعنەوی جەماوەری پارتی لەو ناوچانە. هەروەها پاش کۆنگرەی (١١) لقی (٥) کرایەوە، بەڵام مەرجی لقی حزبی تێدا نییە، پێویستی بە چاوپێداگێڕانەوەیە. دابەشبوونی لقەکان بەو جۆرە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و سوودمەندانە، کاری خستە سەرکاری پێشکەوتنی ڕێکخستن.

٢. بە هۆی بارودۆخی ئەمنییەوە هەروا بۆ ئەوەی هەلومەرجی گەڕاندنەوەی پەناهەندەکانمان برەخسێت، بڕیاردرا لقی (٨) و لێژنەی ناوچەی ئازادی هەڵبوەشێنەوە، کە هەردووکیان لە ڕیزی پەناهەندەکانمان لە ئێران تێدەکۆشان.

٣. سەرەڕای تەعقیدات و گیروگرفتی زۆری باری ئەمنی و سیاسی کە ڕووبەڕووی تەنزیم ببوو، دەبینین کە لە نێوانی کۆنگرەی (١١ و ١٢) سەرکردایەتی پارتی و لق و ناوچە و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، ئەنجامی چاکی بەدەست هێناوە و جەماوەرێکی زۆریان بۆ حزب ڕاکێشاوە.
ئەوەش ئەوە پیشان دەدات کە جەماوەر لە دەوری ئاڵای پارتی و بارزانیدا کۆبوونەتەوە، چونکە بڕوایان بە پارتی و ڕێبازەکەیان هەیە، ئەگەر بارودۆخی ئەمنی ئارام ببا، ئەوە ئێستا پێشکەوتن لەم بوارەدا گەورەتر و فراوانتر بوو.
لێرەدا پێویستە بەراوردێك بکەین لە نێو ئاماری ئەندام و پاڵێوراوان لە نێوانی کۆنگرەی (١١ و ١٢)دا، تا ببینین پارتی تا چ ڕادەیەك گەشەی بە خەباتی داوە و، چالاکی نواندووە و لە ڕیزی گەلدا ڕیشەی داکوتاوە، ئەمەو لە کاتی بەستنی کۆنگرەی (١١) پێشمەرگە لە لق و ناوچەکان ڕێکخرابوون. ئێستا لە بەشی ڕێکخستنی پێشمەرگە تەنزیم کراون.

**ئێستاش بەراوردێك دەکەین لە نێوانی ژمارەی ئەندام و پاڵێوراوانی هەندێ لق تا ڕادەیەك ئارام بوون:**

| ژمارەی ئەندامان لە کاتی بەستنی "کۆنگرەی یازدە" | ژمارەی ئەندامان لە کاتی بەستنی "کۆنگرەی دوازدە" |
| --- | --- |
| لقی ١ و لقی ٩ (٢٩٠٠٠) ئەندام | لقی ١ (٤٣٠٠٠) و لقی ٩ (١١٠٠٠) هەمووی (٥٤٠٠٠) ئەندام |
| لقی ٢ و لقی ١٠ (٢٨٠٠٠) ئەندام | لقی ٢ (٣٥٠٠٠) و لقی ١٠ (١٠٠٠٠) هەمووی (٤٥٠٠٠) ئەندام |
| کۆی گشتی ئەندامان لە کاتی بەستنی کۆنگرەی یازدە (٩٣٠٠٠) ئەندام | کۆی گشتی ئەندامان لە کاتی بەستنی کۆنگرەی دوازدە (٢١٠٠٠٠) ئەندام |
| ژمارەی پاڵێوراوان لە کاتی کۆنگرەی ١١ لە لقی ١ و ٢ (١٨٠٠٠) پاڵێوراو | ژمارەی پاڵێوراوان لە کاتی کۆنگرەی ١٢ لە لقی ١ و ٢ (٦٣٠٠٠) پاڵێوراو |

| | |
|---|---|
| بەگشتی ئەوانەی لە کاتی کۆنگرەی ١١دا لە ڕیزی پارتیدا بوون (١١١٠٠٠) هەڤاڵ | بەگشتی ئەوانەی لە کاتی کۆنگرەی ١٢دا لە ڕیزی پارتیدا بوون (٢٧٣٠٠٠) ئەندام |

**لەم ژمارانە دەتوانین بە چەند دەلالەتی ئیجابی بگەین:**

أ. لە نێوانی دوو کۆنگرە وەرگرتنی حزبی لە (١٢٩٪) زیاتر بووە.

ب. پاڵاوتن بۆ ئەندامێتی حزب لە (٢٥٠٪) زیاتر بووە.

ج. ژمارەی ئەندام و پاڵێوراوان لە (١٤٦٪) زیاتر بووە.

د. ژمارەی هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ و پەیمانگا، نزیکەی (٩٠٠٠) هەزار ئەندامن واتا بە ڕێژەی (٥،٤٪) و پاڵێوراوان نزیکەی (٥٠٠٠) هەزار دەبن.

ه. زیادبوونی هاتنەڕیزی پارتی بە ڕێژەی (١٤٦٪) لە شەش ساڵدا، هەروەها بەراوردکردنی ژمارەی هەموو ئەندامان و پاڵێوراوان کە (٢٧٣،٠٠٠) هەڤاڵ دەبن، لەگەڵ سەرژمێری دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کە نزیکەی (٣،٨٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن و هەشت سەد هەزار هاوڵاتین، دەبینین کە (٨٪) خەڵکی کوردستان هاتوونەتە ڕیزی پارتی، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە پارتی لەو شەش ساڵەدا دووچاری شەڕی داسەپاو بووە و، هەندێ لق و جەماوەریان لەناوچەکانی خۆیانەوە پەنایان بردۆتە بەر ڕێکخستنی نهێنی، دەڵێین سەرەڕای ئەمانە زیادبوونی ژمارەی ئەندام و پاڵێوراوانی حزب، بەڵگەیەکی چەسپاو و ڕوونە لەسەر دینامیکیەتی پارتی و پتەوبوونی ڕیشەی لەناو کۆمەڵگادا، چونکە بەرنامە و سیاسەتی لەگەڵ ئامانج و ئاواتی گەلدا دەگونجێت. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە پارتی دەرد و ئازاری گەل و ئاواتەکانی دەردەبڕێت.

و. ژمارەی ئافرەتانی ئەندامی پارتی نزیکەی (١١،٠٠٠) یازدە هەزار ئافرەت دەبن، بە ڕێژەی نزیکەی (٥٪) ئافرەتانی پاڵێوراو (٩٠٠٠) نۆ هەزار دەبن، بە ڕێژەی (١٤٪) کە ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە سەرکردایەتی پارتی بایەخی بە ڕۆڵی ئافرەت داوە و مەجالی بۆ ڕەخساندووە و هانی داوە، بچنە ڕیزی پارتی بۆ ئەوەی ڕۆڵی مێژوویی خۆی لە کۆمەڵگادا ببینێت.

دەبێ ئەوەش بزانین کە پێشکەوتن لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی تەبیعی بەردەوامە، بەڵام دەبێت ئێمەش مەجالی پێویست بۆ بەشداربوونی ئافرەت برەخسێنین، جگە لەوەش هەندێکی بۆ ئامادەبوونی زاتی خودی ئافرەت دەگەڕێتەوە کە دەبێ تێبکۆشن.

لەلایەکی دیکەوە زیادبوونی ژمارەی پێشمەرگەش وادەگەیەنێت کە پارتی و، میللەت خاوەنی هێزێکی عەسکەری گرنگ و شکۆدارە، کە بە درێژایی شەش ساڵی ڕابردو ئەو لەشکرە بە شانازییەوە توانیویەتی سەربەرزانە شەرعیەت و، دەستکەوتی گەل بپارێزێت و لە حزب دیفاع بکات.

لەکاتێکدا لەو ساڵانەدا شەڕی داسەپاو دژی پارتی بەردەوام بووە، دامەزراندنی ئەم دەزگا عەسکەرییە نیشانەی کۆبوونەوەی ڕادەبەدەری جەماوەرە لە دەوروبەری پارتی و سەرکردایەتییەکەی.

چونکە بوون بە پێشمەرگە و ئامادەبوون بۆ خۆبەخت کردن لە پێناوی دەستکەوتی گەل و پارتیدا، بە بەرزترین پلەی ئامادەیی دادەنرێت، هەموو ئەوە دەربڕینی ڕاستەقینەی ئەو واقیعەیە کە پارتی و ڕێبازی **بارزانی نەمر** ڕیشەی قووڵیان لە نیشتماندا داکوتاوە.

**دووەم: ڕاگەیاندن**

مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن هەر لە "کۆنگرەی یازدە"وە، هەنگاوی پتەوی ناوە بۆ پێشخستنی ڕاگەیاندنی خوێنراو، بیستراو و بینراو.

لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەی خەبات بە ڕێکوپێکی دەرچوو کە ئۆرگانی دێرینەی پارتییە و زیاتر لە چل ساڵە ڕۆڵی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری مەزنی خۆی دەبینێت، چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا. ناوی خەبات یەکێکە لە سومبلەکانی گەشی پارتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد.

ڕۆژنامەی برایەتی کە تاکە ڕۆژنامەی پارتییە و ئۆرگانی کوردی پارتییە، ڕۆژانە بە ڕێکوپێکی دەرچووە و بیروڕای دەنگی پارتی و خەڵکی کوردستانی گەیاندووە، برایەتی درێژەپێدەری ڕۆژنامەی "التآخی"یە، کە ساڵانی (١٩٦٧ تا ١٩٧٤) ڕۆڵێکی هەرە گرنگی لە ڕۆژنامەگەری کوردستانی و عێراقی هەبووە. لەم ماوەیەدا سەنتەری برایەتی بە ڕێکوپێکی دەرچووە، هەروەها ئەو دەزگایە بایەخی بە ڕۆژنامەگەریی وەرزشی داوە.

دەزگای گوڵان کە لە دوای کۆنگرەی یازدەوە دامەزرا، ئێستا لە هەفتەنامەی گوڵان،

گوڵانی ئێواران، گوڵانی عەرەبی، گوڵانی کرمانجی، گۆڤاری ڕامان، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن پێك هاتووە. ئەم دەزگایە جێگای خۆی کردۆتەوە و لە نێو نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیراندا بە گشتی تەئسیری ئیجابی و کاریگەرە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکانی لقی یەك بە کرمانجی سەروو بەرەوپێش دەچن و، جێگەی ڕەزامەندی خوێنەرانن، چونکە وەڵامی پێویستییەکی بابەتی دەدەنەوە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك تا کشانەوەی پارتی لە تەواوی ناوچەکە، دەوری ئیجابی خۆی گێڕا و دوای ئەو ڕووداوەش کارمەندانی ئەو دەزگایانە، زۆربەیان بوون بە کارمەندی دەزگا ناوەندییەکانی ڕاگەیاندن و بۆشاییەکانیان پڕ کردەوە و ڕۆڵیان دیار و بەرچاوە.

دەزگای ئەنسات لە ساڵی ١٩٨١وە دامەزراوە و لە خەباتی شاخ و پاشان لە قۆناغی ئازادیدا، تا ئێستا بەردەوامە و بێ دابڕان کاری خۆی کردووە و ڕۆژانە بە سێ زمان نوێترین هەواڵ پێشکەش بە دەزگاکانی دیکەی حزب دەکات.

دەزگای ئەرشیڤی مەرکەزی دەوڵەمەندترین ئەرشیفی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانی پاراستووە، کە ئەویش ئەرشیفی پارتییە و لە ئاسانکردنی کار و ئەرکەکانی ڕۆژانەی ڕاگەیاندن، دیراسات و لێکۆڵینەوە و نووسیندا سوودی باشی گەیاندووە، هەروەها دەزگای ئەرشیف کتێبخانەی گەورەی پارتی پاراستووە و بەڕێوەی دەبات.

ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق کە جێگەی تایبەتی خۆی هەیە و، بەستراوە بە ڕێڕەوی خەبات لە ماوەی زیاتر لە (٣٦) ساڵ، لەم ماوەیەدا بە ڕێکوپێکی بەردەوام بووە لەسەر پەخشی بەرنامەکانی. ماوەی پەخشی زیادکراوە و پێویستی بە بایەخدانی زیاتر هەیە لەلایەن سەرکردایەتییەوە. لەم ماوەیەدا ژمارەیەك ڕادیۆ لە ناوچەکانی کوردستان دامەزراون کە لە بەرنامەیاندا دەرد و ئازار و داخوازیی توێژەکانی کۆمەڵ و دامودەزگاکان دەردەبڕن، بە گشتی ڕۆڵێکی ئیجابییان هەیە بە ناساندنی چالاکی قوتابیان و لاوان و کەرتەکانی تری کۆمەڵ.

تەلەڤیزیۆنی کوردستان (KTV) بەردەوام ڕۆڵی نیشتمانی خۆی بینیوە، لەم ماوەیەدا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر و باشتر ڕەنگ و دەنگی گەیاندووە. تەلەفزیونی کوردستان لقی دهۆك هەمان ئەرکی بە ئەستۆ گرتووە، هەردوو تەلەڤیزیۆن لە بواری هونەری و بەرنامەیاندا بەرەوپێش چوونە.

دامەزراندنی سەتەلایت خەونی کوردی لەم بوارە گرنگەدا بەدی هێناوە، کە وێنەی گەشی باری هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا بە جیهان دەگەیەنێت. دامەزراندنی سەتەلایت جێگەی خۆشحاڵی گەلەکەمانە، کە ئەویش لە هەموو ڕوویەکەوە وردەوردە پێش دەکەوێت، بەڵام هێشتاش پێویستی بە ڕیعایەت و بایەخدانی زیاترە.

بەستنەوەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن بە ئەنتەرنێتەوە سوود لێوەرگرتنی بۆ ناردن و وەرگرتنی پۆستی ئەلەکترۆنی (Email) و گرێدانی ڕاگەیاندنی پارتیمان لەگەڵ چاپەمەنی و ئاژانسەکانی جیهانی بەو ڕێگایەوە، پێشکەوتنێکی نوێسازی گرنگە و کاریگەری ئیجابی کردۆتە سەر گشت بڵاوکراوەکانی پارتیمان. ئەو پێشکەوتنانە لەم بوارە هەرە گرنگەدا پێش نۆ ساڵ بە توانای کەم و کادیری تەکنیکی و پسپۆری کەمەوە دەستی پێکرد.

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین بە هۆی ئەو سەربازە ونانەوە بەدی هاتووە کە هەر کەسەو لە جێگەی خۆیەوە، هەوڵی داوە و ڕەنجی کێشاوە، ئەم کادیرانە جێگەی ڕێز و تەقدیرن. گرنگترین پێویستی لەم بوارەدا ئەوەیە کە سیاسەتێکی ڕوونی ڕاگەیاندن دابنرێت، بۆ ئەوەی بە چاکی لە توانای کادیران و ئیمکانیاتی تەکنەلۆجی سوود وەربگرێت تا ئەنجامی باشتر بەدەست بێت.

ڕاگەیاندن پێویستی بە یەك ناوەندی بڕیار هەیە، چونکە دەستێوەردانی جۆربەجۆر لە کاروباری ڕاگەیاندندا شڵەژان و، پەشێوی دەخوڵقێنێ و ڕێکخستنی کاری ڕاگەیاندن تێك دەدات. زۆریش پێویستە کادیرانی ڕاگەیاندن دەرفەتیان هەبێت بۆ مەشق و فێربوون، تا لە نزیکەوە ئاگاداری پێشکەوتن و گۆڕانکاری تەکنەلۆجی جیهانی بن.

بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت هەندێك بۆ دەرەوە بنێردرێن، یان هەندێ شارەزا بۆ کوردستان بانگهێشت بکرێن. کاتی ئەوەش هاتووە پەیمانگایەك یان کۆلێژێکی ڕۆژنامەگەری دابمەزرێنن و، ئەو پەڕی سوود لە زانیاری و توانای تەکنەلۆجی نوێ لەم بوارەدا وەربگرین، چونکە ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگی هەیە تەنانەت بۆ دروستکردنی بڕیار، شێوازەکانی کۆن لە ڕاگەیاندندا بەکەڵك نایەن.

**سێیەم: پەیوەندییەکان**

پەیوەندییەکان سێ چوارچێوەیان هەیە، کە گشتیان پێکەوە گرنگییەکی تایبەتمەندیان هەیە، هەروەها لەبەر باری موعەقەد و تەئسیری گەورەیان لەسەر بارودۆخی هەرێمی

کوردستان و، جیاوازی و تێکەڵاوبوونی مەبەستی هەر لایەنێکیان بەرامبەری ئەوەی دیکە، پێویستیان بە ئیختیساس هەیە.

ئەم جیاوازی و تێکئاڵانە پێویستیان بە تەسنیفی ڕاستەوخۆ لەگەڵ چوارچێوەکان هەیە، هەر بۆیەشە کە لەبەر کارلێکردن و تەئسیری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێویست بینرا کە (٣) مەکتەب دابمەزرێن، مەکتەبی پەیوەندی نیشتمانی و کوردستانی، مەکتەبی پەیوەندی ئیقلیمی و مەکتەبی پەیوەندی نێودەوڵەتی.

ئەگەر بڕوانینە ئەو دامودەزگایانەی کە لە کیانە سیاسییەکاندا ئەو کارە بەڕێوە دەبەن، دەبینین کە لەسەر بناغەی چەندین بەڕێوەبەرایەتی پسپۆر لە وەزارەتی دەرەوە دامەزراون.

تەداخول لە نێوانی مەکتەبەکانی حزب و ئیدارە، لە بواری دیپلۆماسیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێ حکومەت و لایەن، نایانەوێت لەگەڵ دامودەزگای و هەرێمدا تەعامول بکەن، بەڵام ئامادەن لەگەڵ دەزگاکانی حزب پەیوەندی بکەن، هەر بۆیەش دەبێت لەم بوارەدا مرونەتی تەواو بنوێنین تا ئەنجامی چاك بەدەست بهێنین.

**لە بواری پەیوەندیدا (٣) مەکتەبمان دامەزراندووە:**

**١. مەکتەبی ناوەندی پەیوەندی نیشتمانی:**

ئەم مەکتەبە ڕێکخستنی دانیشتنی سەرکردایەتی پارتی و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بەڕێوە دەبات، تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری دانیشتنی دووقۆڵی و فرەلایەنی لەگەڵ حزبەکاندا ڕێك خستووە، ئەو دانیشتنانەش بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی ئاشتی و دەربارەی شەڕی داسەپاوی پەکەکە دژی گەلی کوردستانی عێراق و بابەتی تر، گرێدراون کە ئەرکی گشتی و مەسئولیەتی هاوبەش بوونە.

ئەم مەکتەبە، بە ئەندازەی ئاستی گرنگی ئەرکەکەی بایەخی پێویستی پێ نەدراوە، هەر بۆیەش جموجۆڵ و کاروباری لە چوارچێوەیەکی مەحدودا مایەوە، ئەم کەمتەرخەمییە بە سلبی گەڕاوەتەوە سەر کاری ئەم مەکتەبە و بووە بە هۆی پشتگوێخستنی لایەنی گرنگی ئەم بوارە. هەروەها زۆر کەم بووە کە دانیشتنی فراوانی نێوانی ئەم مەکتەبە و لێپرساوانی پەیوەندی لە لقەکانی حزبدا ببەسترێت.

مەکتەبی پەیوەندی نیشتمانی کە دەبێت بایەخ بە پەیوەندی کوردستانیش بدات و ئەم پەیوەندییە بەشێکی زۆری بەرنامەی کاری مەکتەبەکە بگرێتەوە، ئەرکی تەنیا دانیشتن لەگەڵ

حزبەکان نییە، بەڵکو ئەرکی ئەو، هەروەها چاودێری گۆڕان و تەحەولاتی ئەو حزب و هێزە سیاسییانەشە.

هەروەها پێویستە مەکتەبەکە بە بەڵگە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات، بۆ هەڵسەنگاندنی تەیارە سیاسی و نەتەوەیی و ئاینیەکان و تەئسیریان لەسەر تاقیکردنەوەی دیموکراتی. هەروەها مەکتەبەکە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات دەربارەی دۆزی نەتەوەیی و پێشکەوتنی مەزنی مەسەلەکەمان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

ئەم ئەرکانە بە ڕاستی هەڵوێستیان دەوێت، کە پێویستە مەکتەبێکی پەیوەندی بە گشت پێداویستییەکەوە دابمەزرێت کە شایانی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی ببێت.

**حکومەتی مەرکەزی:**

پەرلەمانی کوردستان پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی مەرکەزییەوە، لەسەر بناغەی فیدراڵیزم دەستنیشان کردووە، کە فیدراڵی بە چوارچێوەیەکی گونجاو دەزانین بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی میللەتەکەمان، ئەو چارەسەرییەش لەگەڵ فیدارکاریی گەل و ڕادەی ئەو ستەم و داپڵۆسینەی کە دووچاری ببوو، دەگونجێت.

ئەمەش لە کاتێکدا کە ئیرادەیەکی نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی کوردی لە ئارادا نییە. هەروەها بارودۆخی سیاسی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و پەیڕەوکردنی حیوار و خەباتی سیاسی، وەها دەخوازێت کە بۆ پاراستنی دەستکەوتی گەلەکەمان و بۆ مانەوەی خودی گەل، دەبێت بە پەرۆشی و مرونەتەوە میللەتەکەمان بە وێستگەی ئاشتی بگەیەنین.

هەر بۆیەشە کە جێبەجێکردنی فیدراڵیزم وەکو ئامانجێکی مەرکەزی بووە بە جەوهەری هەڵوێستی سیاسی پارتیمان. هەر کاتێکیش هەموو لایەك بڕوایان هێنا و مەسەلەکە گەیشت بەوەی دان بە فیدراڵیزمدا بنێن، ئەوە بە بێ یەك و دوو، پەردە بەسەر قۆناغی دوور و درێژی بەگژیەکدا چووندا دادەدەین.

تا گەیشتن بە ئەو ڕۆژە پارتی بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە گەلی کورد بخاتەوە تەنگوچەڵەمە، لە ژێر هەر دروشم و هەر پاساودانێك بێت، بەڵام نەگەیشتن بە ڕێکەوتنی سیاسی، مانای ئەوە نییە کە پەنا بۆ توندوتیژی و شەڕ ببەین، بەڵکو بەلامانەوە گرنگە کە حیوار لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق بەردەوام بێت و بایەخی تەواو بدرێت بە

دابینکردنی خواستە مرۆڤایەتییە پێویستەکانی گەلی عێراق.

**موعارەزەی عێراقی:**

پارتی لە چوارچێوەی موعارەزەی عێراقدا، بە چالاکی تێکۆشاوە و زۆر جاران هەموو توانای بە شەڕی سیاسی و ڕاگەیاندنی خۆی بەکار خستووە بۆ یەکخستنی موعارەزە و بەرەوپێشچوونی.

لەو چوارچێوەیەدا ساڵی ١٩٩٢ پارتیمان ڕۆڵی مەزنی سیاسی و مەعنەوی خۆی بەکارهێنا، تا بە شایانەوە کاروباری (INC) بەڕێوە بچێت. پێش ڕاپەڕینی پیرۆزیش لە دانیشتنەکانی لیبیا و دیمەشق و کۆنگرەی پشتگیری گەلی عێراقدا، پارتیمان هەمیشە سەنگی بناغەی یەکخستنی ئۆپۆزسیۆن بووە.

تا ڕادەیەکیش هەوڵ و کۆششی پارتیمان، بۆ دامەزراندنی (شۆڕشی عێراق) لە سەرەتاکانی هەشتا، هەروەها لە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی (جودا) سەری گرت، بەڵام بەداخەوە هەندێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، لایەنگری خۆیان بەسەر ئەو حکومەتانەدا دابەش دەکەن، کە پەنایان بۆ دەبەن و بەرژەوەند و ستراتیژی ئەو وڵاتانە لە سەرووی ئیلتزاماتی نیشتمانی و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی دادەنێن.

هەر بۆیەش کۆشش و تەقەلایی موعارەزە فەشەلی هێناوە و بە ئەنجامێك نەگەیشتووە کە گەلی عێراق تێدا تروسکەی ئایندەی باشتر ببینێت، جێگەی مەترسییە کە دەبینین گشت ئەوانەی بایەخ بە کێشەی عێراق دەدەن وێنەی پەشێوی موعارەزەی عێراقی پێشکەش دەکەن و، زۆر جاران تانە لە ڕەسەنایەتی و نیشتمانپەروەری ئەو دەدەن. پارتیمان هێزێکی موعارەزەی لێپرسراوی نیشتمانییە، ئەرکی کاروباری تەواوی میللەتێکی گرتۆتە ئەستۆ.

لە ڕوانگەی ئەو مەسئولیەتەوە پارتی ناخلسکێتە ناو هەوڵدانی بێ سەروبەرەوە، کە ڕەنگە ئامانجی ئەو هەوڵدانە تەنیا دەربازبوونی هەندێ لایەن بێت لە تەنگوچەڵەمەی ناوخۆ، یا بۆ ئارەزووی وەها بێت کە ئامانجی دیکەی دوور لە دەرد و ئازاری گەلی عێراق بشارێتەوە.

**پارتی لەم بوارەدا دوو ئیلتزامی هەیە:**

**ئیلتزامی یەکەم:**

پاراستنی گەلی کورد و دەستکەوتی ڕاپەڕین و دامودەزگا دیموکراتییەکان، ئەم ئیلتزامە فراوانترین و زیاترین بایەخی لە ستراتیژی پارتیدا بەخۆیەوە گرتووە.

**ئیلتزامی دووەم:**

خەباتی پارتییە بۆ پێکهێنانی عێراقێکی دیموکراتی فرەحزبی پەرلەمانی فیدراڵی، لەم ئانوساتەدا بەدیهێنانی ئەم ئیلتزامە، لە ڕێگەی موعارەزەی عێراقییەوە خەباتێکی سەختی دەوێت.

ئەوەش بەو مانایە نییە کە بایەخ بە موعارەزە نادەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە پارتی لەمێژە کە مەسەلەی جێبەجێکردنی مافی نەتەوەیی گەلی کورد، بە مەسەلەی دیموکراتی و ئازادی و کۆمەڵگای مەدەنییەوە لە عێراقدا گرێ داوە، لەبەر ئەو ئیلتزامەیە کە دەبێت شانبەشانی هێزە سیاسییەکانی عێراق تێبکۆشین بۆ پەیداکردنی چوارچێوەیەکی گونجاو و بۆ کاری ئۆپۆزسیۆنی عێراق.

**٢. پەیوەندی ئیقلیمی:**

پارتی لە پەیوەندی ئیقلیمیدا، لە ڕوانگەی سەرەتای ئەساسییەوە، سیاسەتی خۆی داڕشتووە کە: مەبدەئی دراوسێتی چاك و ڕێز لەیەکگرتن و دەستێوەرنەدان لە کاروباری یەکتر و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی یەکترە.

پارتی بە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە، جێگەی ڕێزلێنانی هەمووانە، بەوەش بناغەی ڕوونی بۆ پەیوەندییەکانی داڕشتووە، پارتی لە حساباتی ئیقلیمیدا خاوەنی پلەوپایەی چەسپاوە و بەرزە، چونکە سیاسەتێکی هێمن و عەقلانی و بە مڕونەت و دوور لە دروشمی بریقەدار و موزایەدەی سیاسی بەڕێوە دەبات.

مەبدەئێکی تری سیاسی ئیقلیمی پارتی، کە جێگەیەکی بەرزی هەیە، ئەوەیە کە پارتی دەیەوێت ئاسایش و مانەوە و سەلامەتی میللەتەکەمان بپارێزێت و دووری بخاتەوە لە سیاسەتی ئانوساتی بارودۆخێکی نەگونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای میللەت.

هەروەها بەرنامەی پارتی کە بۆ عێراقێکی دیموکراتی فرەحزبی پەرلەمانی فیدراڵی لە چوارچێوەی یەکبوونی خاکی عێراقە، ئەوەندەی تر حەسانەتی بۆ حزب دروست کردووە. ئەوانەی بایەخ بە بارودۆخی عێراق دەدەن زیاتر و باشتر سیاسەتی پارتی تەفەهوم دەکەن.

بێگومان پەیوەندی ئیقلیمی بە گشتی، زۆر جار دووچاری هەوراز و نشێو دەبێت، چونکە سیاسەتەکانی دەربارەی عێراق تەقاتوع دەکەن و ئەرکەکان موعەقەد و تێك ئاڵاون، هەروەها زیاتر لەلایەنێکی ئیقلیمی و نێونەتەوەیی خەریکی کاروباری عێراق و ئایندەی ئەون. لە لایەکی دیکەوە ڕادەی تێگەیەشتن لە مافی نەتەوەیی ڕەوای میللەتی کورد و ڕادەی قەبوڵکردنی ئەو مافە، هەندێ جار دەبێتە هۆی گرژی و ئاڵۆزی سیاسەتەکانی ناوچەکە بە گشتی.

پارتی لە نێوانی دوو کۆنگرە، توانیەتی تۆڕێکی پێشکەوتووی پەیوەندی عەرەبی و ئیقلیمی بهۆنێتەوە، هەر بۆیەش پارتی لەناوچەکەدا ڕێزی فراوانی بەدەست هێناوە و هەمیشە حزووری گەورەی هەیە.

**پەیوەندی عەرەبی:**

پەیوەندی عەرەبی هەروەها جێگەی بایەخی فراوانی پارتی بووە، هەر بۆیەش لەبەر گرنگی ئەم پەیوەندییە، پارتی لە ئاستی ڕەسمی و شەعبیدا، هەوڵ و کۆششی زیادی بە خەرج داوە و، لەم بوارەدا هەنگاوی پتەوی ناوە و پێشکەوتووە بۆ چەسپاندنی دۆستایەتی نێوانی میللەتەکەمان لە لایەك و گەلان و حکومەتەکانی عەرەبی لە لایەکی ترەوە.

هەروەها پارتی بەردەوامبوونی ئەم پەیوەندیانەی پاراستووە و هەوڵی داوە فراوانتریان بکات، زیاتر لە بیست ساڵ دەبێت کە پارتی پەیوەندی برایانە و چەسپاوی لەگەڵ حکومەتی کۆماری عەرەبی سوریادا هەیە، دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ حکومەت و گەلی سوریادا، عیلاقەیەکی لە مێژینەیە لەسەر ئاستێکی بەرز دامەزراوە، سوریا هەمیشە دەروازەیەك بووە، لە ڕێگای ئەوەوە گەلی کورد بە تایبەتی دوای ساڵی ١٩٧٥ بە دنیای عەرەبەوە گرێ دراوە.

هەروەها پەیوەندیمان بە گەلی فەڵەستین و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین بە گشت پەلەکانییەوە هەمیشە هەبووە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین لە ناخۆشترین دەمدا، پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی و ئیعلامی بۆ مەسەلەی گەلەکەمان نواندووە، لە نێوانی پارتی و پەلەکانی بزووتنەوەی فەڵەستیندا دۆستایەتی و برادەری لەسەر ئەساسی

ڕێزلێکنان و هاریکاری هەبووە.

پارتیمان هەروەها پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ جەماهیری لیبی هەبووە و سەرۆکی لیبیا زیاتر لە بیست ساڵ پشتیوانی خۆی لە مەسەلەی ڕەوای کورد دەربڕیوە و پشتگیری حزب و هێزە کوردستانییەکان بووە، ئەمەو لەگەڵ دەیان حزب و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، بە خەلیج و باکوری ئەفریقیاوە پەیوەندی دۆستانەمان دامەزراندووە.

لەم دواییەشدا، پارتی دووبارە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی (میسر۔ مەملەکەتی ئوردونی هاشمی و مەملەکەتی عەرەبی سعودی)، گرێ داوەتەوە و هەمیشە تێدەکۆشی بۆ چەسپاندنی ئەو پەیوەندییانە، هەروەها چەندین وەفد و یاداشتی بۆ گشت سەرانی عەرەب، دەربارەی دۆزی کوردستان ناردووە، هەر لەو ڕوانگەیەوە و لە پێناوی دامەزراندنی پەیوەندی چاك لەگەڵ میللەتانی عەرەب، پارتی بەشدار بوو لە پێکهێنانی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و فەڵەستینی.

پارتی هەروا پشکدار بوو لە سەرکەوتنی یەکەمین دانیشتنی حیواری (کوردی ـ عەرەبی) لە قاهیرەدا، بە گەرمی پشتیوانی لە پڕۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەکەین، ئۆمێدەوارین پڕۆسەیەکی سەرتاسەری و هەمە لایەنە بێت بە سوودی گشت گەلانی ناوچەکە بگەڕێتەوە.

پشتیوانی لە کۆشش و تەقەلای نێودەوڵەتی و حکومەتەکانی ناوچەکە دەکەین، بۆ سەرکەوتنی گفتوگۆ لە پێناوی سەرکەوتنی حەق و عەدالەت و مافی گەلاندا، بە تایبەتی پشتگیری مافی عەرەب دەکەین، هەروەها مافی ڕەوای گەلی فەڵەستین کە دەوڵەتی نیشتمانی سەربەخۆ لەسەر خاکی خۆیاندا دامەزرێنن و لە مەینەت و ئاسەواری ساڵەهای ساڵی ئاوارەیی و دەربەدەری و بێ بەشی ڕزگار بن.

**کۆماری ئیسلامی ئێران:**

پەیوەندی پارتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ مێژوویەکی دوور و درێژ دەگەڕێتەوە، ئەم پەیوەندییە لە هەندێ قۆناغدا دووچاری گرژی و ئاڵۆزی بووە، بەڵام ئەم پەیوەندییە هەمیشە بە پێویست زانراوە.

ئێران زۆر پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردی لە عێراق کردووە، هەروەها زیاتر لە بیست

ساڵ دەبێت کە میللەت و حکومەتی ئێران، هەزاران هەزار پەنابەری کوردی عێراقی بەخۆوە گرتووە و یارمەتی داون بۆ کار و ژیان.

کۆماری ئیسلامی ئێران، تەسهیلاتی زۆری نواند بۆ هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی مستەفا بارزانی لە ئەمریکاوە بۆ شاری (شنۆ) و بەڕێزەوە پێشوازی لێ کرد، کە کاردانەوەی ئیجابیانەی ئێجگار گەورەی لە نێو جەماوەری پارتی و گشت گەلی کوردا هەبوو.

هەروەها ئەو چاکەمان قەت لە یاد ناچێت، کە چۆن جمهوری ئیسلامی ئێران بە ڕێز و ئیحترامەوە گلگۆی پیرۆزی بارزانی نەمر و ئیدریسی هەمیشە زیندووی، لە ئێرانەوە بۆ بارزان بەڕێ خست. جمهوری ئیسلامی ئێران پەنای بە سەدان هەزار ئاوارەی کۆڕەوە ملیۆنییەکە دا و خزمەتی گەورەی کردن، گەلی کورد هەمیشە ئەو چاکانەی لە یاد دەمێنێتەوە.

پارتی بایەخی گرنگ بە پەیوەندی لەگەڵ ئێران دەدات و هەمیشە تێدەکۆشێت بۆ گەشەپێدانی ئەم پەیوەندییە، نابێت ڕێگە بدەین هەندێ سلبیات کار بکەنە سەر جەوهەری ئەم پەیوەندییە دۆستانەیە کە لە خزمەتی هەردوو میللەتدایە.

**کۆماری تورکیا:**

ئەگەرچی پەیوەندیمان لەگەڵ میللەت و حکومەتی کۆماری تورکیا بە گشتی باش بووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە، پارتیمان بایەخێکی گەورە بەو پەیوەندییە دەدات، چونکە تورکیا لە لایەکەوە لە پرۆسەی پاراستنی گەلی کوردا بەشدارە و لە لایەکی دیکەوە هەر لە ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ تورکیا ئەو دەروازەیەیە کە هاتوچۆ و گواستنەوەی یارمەتییە مرۆیی و پێداویستی دیکەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێ.

هەروەها تورکیا دراوسێیەکی گەورەیە، بۆیە پاراستن و پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا کارێکی پێویستە بە تایبەتی کە بەرژەوەندی هاوبەشمان لە نێواندایە، بە تایبەت لە بواری ئابووریدا.

پارتیمان تێدەکۆشێت بۆ چەسپاندنی دۆستایەتی و هاوژیانی ئاشتییانەی گەلی کوردستان لەگەڵ گەلانی دراوسێدا. بێگومان پەیوەندی باشی نێوانی گەلان هەمیشە دەبێتە هۆی پاراستنی ئاشتی و ئارامی بە ناوچەکەدا، بۆیە پارتیمان بە بایەخەوە دەڕوانێتە ئەو پەیوەندییە و هەوڵ دەدات پەرەی پێ بدات بە جۆرێك سوود و بەرژەوەندی هەردوولای

تێدا بێت.

**پێشنیارەکان بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی:**

١. بێگومان پەیوەندی بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە ڕێکخستنی زیاتر، ئەرشیف و ژمارەیەك لە کادیرانی شارەزا و دامەزراندنی دامودەزگای پسپۆر هەیە بۆ ئیدارەکردنی ئەو پەیوەندییە، لە ماوەی ڕابردودا ئەو خاڵە گرنگە بایەخی پێ نەدراوە.
٢. لە بەر ئەوەی بەرژەوەندییەکان هەمیشە موتەداخل و موعەقەدن و کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر زۆربەی کاروباریان، بۆیە پێویستە بەرپرسانی مەکتەبەکانی پەیوەندی تەنسیقیان لە نێواندا هەبێت، بە شێوەیەکی بەرنامەدار کۆبوونەوە ببەستێ.
٣. سەرکردایەتی دەبێت پلان و بەرنامەی کار دابڕێژێت بۆ ڕێنوێنی دەزگاکانی پەیوەندی و، هەوڵدان بۆ چارەسەری خێرای ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.
٤. بایەخێکی زیاتر بە پەیوەندییە کوردستانییەکان بدرێ و ڕۆڵێکی گەورەتر لە بواری خەباتی نەتەوەییدا بگێڕدرێ.

**٣. مەکتەبی ناوەندی پەیوەندی دەرەوە:**

مەکتەبی ناوەندی پەیوەندی دەرەوە لێپرسراو دەبێت لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکانی دەرەوە، هی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

مەکتەبی ناوەندی دەرەوە لە کوردستان دەبێت و ئیختساساتی دیار کراوە و دەستنیشان دەکرێت و پەیڕەوێکی تایبەتی بۆ شێوەی ئیشکردنی دیاری دەکرێت.

بایەخ و گرنگی مەکتەبی پەیوەندی دەرەوە، لەوەوە دێت کە ئەزموونی ئەمڕۆی گەلەکەمان، پشت دەبەستێت بە وجود و بەردەوامبوونی ئەو ئیلتزاماتە ئەمنی و سیاسی و مرۆییە نێودەوڵەتییەی، کە ئەمڕۆ هەیە.

واتە پاراستنی ئەزموونەکەمان و پەرلەمان و حکومەت و ئازادی و ئاوەدانکردنەوە، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندە بە بەردەوامبوونی ئەو ئیلتزاماتە ئەمنی و ئینسانییەی کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ئەستۆیان گرتووە.

ئاشکرایە کە دوای شەڕی دووەمی کەنداو، ڕژێمی عێراق ڕاپەڕینی پیرۆزی ئازاری ساڵی ١٩٩١ی سەرکوت کرد و کۆڕەوی ملیۆنی گەلەکەمان وێژدانی مرۆڤایەتی هەژاند و،

تەدەخولی ئینسانی نێودەوڵەتی بووە پێشهاتێکی یاسای نوێ کە پێشتر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕووی نەدابوو، ئەو سیاسەتە ئەمڕۆ بووە بە ئیتجاهێکی جیهانی.

**ئامانج و ئەرکی پەیوەندی دەرەوە:**

ئامانجی سەرەکی تۆڕی پەیوەندی دەرەوەی پارتی زیاتر ناساندنی عەدالەتی مەسەلەی میللەتەکەمانە، هەروەها بەردەوامبوون و پەرەسەندنی ئەو ئیلتزاماتە نێودەوڵەتییە، تا ئەو کاتەی چارەنووسی عێراق ڕوون دەبێتەوە.

تا ئەو دەمەش گەلەکەمان دەبێت سوود لە کات ببێنی، تا دامودەزگای دیموکراتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیداری پێویست بۆ کیانەکەمان دامەزرێنێت و ئامادەباش بێت، بۆ ڕووبەڕووبەنەوەی پێشهاتەکانی داهاتوو.

هەروەها تۆڕی پەیوەندیمان لە دەرەوە کار دەکات بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی و، هاوکاری نێوانی پارتیمان و حکومەت و حزب و ڕێکخراوی سیاسی و کۆڕ و کۆمەڵەی جیهانی و پەیداکردنی دۆست و هاوڕێ بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و پتەوکردنی دۆستایەتی نێوان گەلی کورد و گەلان و، حکومەتانی دنیا بە تایبەتی ئەوانەی لەسەر ڕەوشی عێراق و کوردستان و ناوچەکە کاریگەرن.

**ئەولەویاتی پەیوەندی دەرەوە:**

لەبەر ئەوەی مەیدانی پەیوەندی دەرەوە فراوانە، بۆیە لە کاری دیبلۆماسیدا تەرکیز لەسەر ئەو دەوڵەتانەیە کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی عێراق و کورد و ناوچەکە هەیە، بە تایبەتی دەوڵەتانی بڕیاربەدەستی وەك ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا و، فەڕەنسا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و تا ڕادەیەکیش ڕوسیا.

پارتیمان پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ هەموو بەشەکانی حکومەتی ئەمریکا، لەگەڵ کۆنگریس و موئەسەساتی ئەکادیمی و ناوەندی کاریگەر، لەسەر ڕای گشتی و ڕاگەیاندنی ئەمریکایی. هەروەها لە بەریتانیاش لەگەڵ حکومەت و دامەزراوەکان و هەروەها لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپاش، هاوکات پەیوەندی لەگەڵ نێوەندە سیاسییەکان وەك سۆسیالیزمی نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەوروپا، پەیوەندییەکی باشی هەیە.

**پارتیمان لەم وڵاتانەی خوارەوە مەکتەب و نوێنەرایەتی هەیە:**

(ئەمریکا، کەنەدا، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ئیتالیا، سویسرا، نەمسا، هۆڵەندا، بەلجیکا، دانیمارك، سوید، نەرویج، یۆنان، ڕۆمانیا، بولگاریا و ڕوسیا).

**ئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش کاری پەیوەندی دەرەوە:**

١. شەڕی ناوخۆ زیانێکی گەورەی بە سومعەی گەلەکەمان گەیاندووە و عەدالەتی دۆزی کوردی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا شێواند، شەڕی داسەپاوی ناوخۆ بووە هۆی ئەوەی دەنگی کورد لە دەرەوە یەکگرتوو نەبێت.
٢. دابینکردنی ئاسانکاری هاتوچۆ لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە بۆ وەفدە بیانییەکان و تیمەکانی ڕاگەیاندنی دەرێ کە بە ئاسانی بگەنە کوردستان.
٣. کەمی کادیری شارەزا و بەتوانا لە بواری پەیوەندی و کاری دیبلۆماسیدا.
٤. کەمی توانای ماددی بۆ دروستکردنی حاڵەتێکی پسپۆری مەیدانی، بۆ نوێنەرانی پەیوەندییەکان و جیاکردنەوەی لایەنی پەیوەندی لەلایەنی حزبی.
٥. نەبوونی بایەخدانی پێویست بە ئیدارە و ڕێکخستنی پەیوەندی لەسەر بناغەیەکی دامەزراو و موئەسەساتی.
٦. دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان نوێنەرانی حزب و نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە.
٧. سنوورداری ئازادی حەرەکەتی دیبلۆماسی و ئیعلامی نوێنەرانی پەیوەندی بە هۆی بارودۆخی مەوزوعی حزب و حکومەت لەناوچەکەدا.
٨. پێویستە لە سەرکردایەتیدا تێگەیشتنی باش بۆ کاری پەیوەندی هەبێت و، هەموو دەزگاکانی پارتیمان تەنسیق بکەن بۆ دانانی ناوەندێك بۆ پەیوەندی دەرەوە و ئەو ناوەندە کەناڵی سەرەکی ڕێنوێنی پەیوەندی بێت.

بۆ چارەسەری ئەم ئاستەنگانە، پێشنیار دەکەین کۆنگرە و لێژنەکانی، چارەسازی عەمەلی بۆ چارەسەری ئاستەنگە زاتییەکان بدۆزنەوە.

**چوارەم: مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان**

کاری ئەم مەکتەبە سەرپەرشتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و، بەدواداچوون و ڕاوێژ

(پێدانی) ڕێکخراوە پیشەییەکان و ئاسانکردنی کارەکانیانە لە هەموو بوارەکاندا، بە تایبەت لە بواری پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمەوە.

**ئەم مەکتەبە چەند کێشەیەکی هەبوو وەك:**

زۆری کەناڵەکانی پەیوەندی و دەخالەتکردن لە کاروباری و هەندێ جار تەجاوزکردنی مەکتەب لە زۆر چالاکی جۆراوجۆردا.

نەبوونی بایەخپێدان و نەبوونی بەرنامەی کار لەلایەن سەرکردایەتی و پەیمانگای کادیرانەوە بۆ پێ گەیاندنی کادیری پێویست بۆ ئەم بوارە گرنگە.

نەبوونی سیاسەتێکی دارایی، چوونیەك لە لقەکاندا بۆ دەستگیرۆیی ڕێکخراوەکانی لە سنووری چالاکییاندا.

ئەمانە لە بوونی کێشە و گیروگرفت لە نێوان ئەم مەکتەبە و چۆنیەتی تەنسیق و، هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان و هەروەها نەبوونی بارەگا و جێگەی پێویست بۆ زۆر لە چالاکییەکانی و تەنانەت بۆ خودی مەکتەبەکەش.

## ڕێکخراوە جەماوەرییەکان

**ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە قوتابیان و لاوان و ئافرەتان ناونراون:**

**ئەلف ـ یەکێتی قوتابیانی کوردستان:**

لە "کۆنگرەی هەشتەم"ی یەکێتی قوتابیاندا، واتە کۆنگرەی ئازادی، ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان لێك جیاکرانەوە کە پێشتر لەناو یەك ڕێکخراودا بوون، بە ناوی (یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان). دوای کۆنگرەی هەشتەمی (ی. ق. ك) سەرکردایەتییەکەی ڕۆڵێکی چاکی بینی و بەرنامەیەکی کاری چڕوپڕ و هەمەلایەنەی دانا و بناغەیەکی پتەو و درێژخایەنی بە چالاکی بەڕێوەبرد کە جێگەی تەقدیرە.

لە "کۆنگرەی نۆ"ی یەکێتی قوتابیاندا کە ساڵی ١٩٩٨ گرێ درا، بەرنامەکانی گۆڕانکاری زۆری تێدا کرا، بە جۆرێك یەکێتی قوتابیان بتوانێت تەرکیز لەسەر کاری نێو قوتابیان بکات و داکۆکی لە مافی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگا و ئامادەیی بکات.

شایانی باسە کە پێشکەوتن لە کاری یەکێتی قوتابیاندا هەیە، دوای "کۆنگرەی هەشت" کە ساڵی ١٩٩٣ بەسترا، ژمارەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە (٢٣،٠٠٠) قوتابی بوو، بەڵام ئێستا گەیشتۆتە (٩٣،٠٠٠) واتە بە ڕێژەی (٧٠٪) زیادی کردووە لەگەڵ ئەو بارە سیاسییە نائاساییەشدا، کە بەسەر لقەکانی کەرکوك و سلێمانی و ڕاپەڕیندا هات.

لەپاش "کۆنگرەی نۆ"، یەکێتی قوتابیان کۆمەڵێك چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی نواندووە. لە بواری داکۆکی لە مافی قوتابیدا کاری بەرچاوی کردووە.

بایەخی بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان داوە، بۆیە بینیمان ئەم چالاکییە کارێکی وای کرد تا لە هەڵبژاردنی گشتی قوتابیانی پارساڵدا، کە بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی قوتابیان لە زانکۆ و ئامۆژگا و قوتابخانەکان سازدرا، یەکێتی قوتابیان سەرکەوتن بەدەست بێنێ. بۆیە ئێستا یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەقی هەیە کە خۆی بە نوێنەری قوتابیان و خواست و ئاواتەکانی قوتابیان بزانێ.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان حاڵی حازر سەرپەرشتی چەندین خولی فێربوونی زمان و کۆمپیوتەر و مۆسیقا دەکات.

خەڵاتکردنی نزیکەی (٢٠،٠٠٠) قوتابی بەخشراو، هاوکاریکردنی قوتابیان هەژار، دەرکردنی (٣٢) ژمارە لە خەباتی قوتابیان (٢٥) ژمارە لە هەفتەنامەی زەنگ و دەرکردنی گۆڤارەکانی پێشڕەو، بوژاندنەوە، مژدە، سەرەڕم و گازی لە لقەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی، دەرکردنی (١٣) پەرتووك، ئامادەکردنی بڵاوکراوەی دیواری لەلایەن لێژنەی قوتابخانەکانەوە لە سەرجەم قوتابخانەکان، کردنەوەی (١٠٦) خولی فێرکردن، کردنەوەی خێوەتگای هاوینی، دامەزراندنی پەیمانگای ئاڵا بۆ فێربوونی بوارە جیاجیاکان.

بە شێوەیەکی گشتی یەکێتی قوتابیان لە پێشکەوتندایە و دەشتوانێت ئەو ڕەوتی پێشکەوتنە خێراتر بکات ئەویش بە کاری بەردەوام و خزمەتگوزاری نێو ڕیزی قوتابیانی هەژار و کەمدەرامەت.

### ب ـ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

یەکێتی لاوان، ژمارەی ئەندامانی دەگاتە (٢٩،٠٠٠) هەزار لاو، ئەم یەکێتییە لە ماوەی ساڵی ١٩٩٣ ـ ١٩٩٩ لە هەمان ماوەدا دوو کۆنگرەی بەستووە. لە دوا کۆنگرەدا، ساڵی ١٩٩٨ بە شێوەیەکی چڕ ئەرکی ڕێکخراوەکە دیاری کرا، بە تایبەت لە بواری بایەخدان بەو

چالاكییانەی جێی بایەخی لاوانن، وەك ڕۆشنبیری و هونەر و بە شێوەیەكی فراوانتر بواری وەرزشی.

لاوانی كوردستان بە فراوانی ڕوویان لە وەرزش كردووە، یەكێتی لاوان بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی بەرنامەی ئێزگەیی و تەلەڤیزیۆنی هەیە دەربارەی چالاكییەكانی. تا ئێستا (٤٠) ژمارە لە گۆڤاری پێشكەوتنی، چاپ كردووە، ژمارەیەك تیپی مۆسیقا و شانۆیی دامەزراندووە و چەند پێشانگای كردۆتەوە.

لە مەیدانی وەرزشیدا یەكێتی لاوان سەرپەرشتی (٧٠٠) تیپی وەرزشی و لاوان دەكات و كەلوپەل و بەرگی وەرزشییان بۆ دابین دەكات. بەم دوایەش توانی پێنج یانەی دیكەی وەرزشی دامەزرێنێ و پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری هەیە، بۆیەش دەتوانێ سوود لە ئاسانكاری و تواناكانی حكومەتی هەرێم ببینێ.

**لە چالاكییەكانی تری (ی. ل. د. ك) لەو ماوەیەدا:**

دامەزراندنی ڕادیۆی پێشكەوتن لەسەر شەپۆلی (AM) و كردنەوەی خولی ڕۆشنبیری، دابینكردنی كەلوپەل بۆ هەندێ لە تیپە مۆسیقییەكان، هاوكاریكردنی كوڕان و كچانی لاو بۆ پێكهێنانی خێزان، بەشداریكردنیان لە ئاوەدانكردنەوەی كوردستان بە هێزی كار و چەندین چالاكی تر.

ئەمە جگە لە ڕۆڵی دیار و كاریگەری یەكێتی لاوان لە بەرگریكردن لە ڕووی كارە دوژمنكارییەكانی (ی. ن. ك و پ. ك. ك) ڕۆڵی خۆی هەبووە و چەندین شەهیدی بە گەل و وڵات پێشكەش كردووە.

**ج ـ یەكێتی ئافرەتانی كوردستان:**

ئەم ڕێكخراوە "كۆنگرەی چوارەم"ی خۆی لە ١٩٩٧/٨/٢٧ بەستووە، پێشكەوتن و چالاكبوون بە لقەكانی دهۆك و هەولێرەوە دیارە، بەم دواییەش لقی ئاكرێ و لقی سۆران چالاك دیارن. چوار لقەكانی ئاوارەش، سەرەڕای باری سەخت و دژوار، خۆڕاگر و بەردەوام بوونە لەسەر خەبات و چالاكی.

شەڕی داسەپاوی نێوخۆ خراپ كاری كردە سەر چالاكی یەكێتی ئافرەتان، ئەندامانی یەكێتی ئافرەتان نزیكەی (٢٦،٠٠٠) ئافرەتن. یەكێتی ئافرەتان جۆرەها چالاكی وەك خولی

ڕۆشنبیری و چاپ کردنی گۆڤاری دەنگی ئافرەتان و خولی دیکەی هونەر و وەرزش و پەروەردەیی سازداوە.

هەروەها بە کردنەوەی خولی فێرکردنی خوێندەواری، بەشداری لە قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریدا کردووە. چەند بنکەی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە بۆ چارەسەری کێشەی ئافرەتان و ڕێنوێنیکردنیان، هەروەها یەکێتی ئافرەتان لە چەند کۆڕ و کۆبوونەوەدا لە ئەوروپا بەشدار بووە و، لە یەکێتی ئافرەتانی جیهاندا ئەندامە و لە کۆنگرەکانیدا بەشدار بووە.

لە چالاکییەکانی تری یەکێتی ئافرەتان: کردنەوەی خولی تەندروستی، فێرکردنی پیشە بۆ ئافرەتان، فێرکردنی کۆمپیوتەر، هەروەها لە بواری ڕاگەیاندن هەستاون بە ئامادەکردنی بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی و لە سنووری لقی هەولێر بڵاوکراوەی لاوێژ و لە سنووری لقی دهۆك گۆڤاری ژین دەردەکرێن.

بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی ڕابردودا، کار و چالاکی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان پێشکەوتنی بە خۆوە بینیوە و هێشتاش توانایەکی زۆر هەیە بخرێتە کار و کارێکی زۆریش ماوە و دەکرێت جێبەجێ بکرێت.

لەم بارەیەوە دەبێت پارتیمان هەوڵ بدات هەلومەرجی فەراهەم بکات، بۆ بەشداری ئافرەتان لە هەموو ئاستەکانی حزبی و کۆمەڵدا و، کادیرانی پارتی هانی کەس و کاریان بدەن بچنە ڕیزی یەکێتی ئافرەتان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی تر و ڕیزی پارتی.

## ڕێکخراوە پیشەییەکان:

مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان سەروکاری چالاکییەکانی زیاتر لە (١٣٠) ڕێکخراوی پیشەیی دەکات کە نوێنەرانی توێژە جیاجیاکان دەکەن و لە یەکێتی و نەقابە و کۆڕ و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری پێك هاتوون.

زۆربەی ئەم ڕێکخراوانە بە تایبەت گەورەکانیان پێشتر لەسەر بناغەی بەرەیی پێك هێنرابوون و، بۆیە لەگەڵ شەڕی داسەپاوی ناوخۆدا تووشی کێشە بوون و زۆربەی دەستەی سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکان دووچاری ئیفلیجی هاتن، بەڵام لقەکانیان لەسەر چالاکی ئاسایی خۆیان بەردەوام بوون.

بواری چالاکی ئەم ڕێکخراوانە چەندین کەرتی گەورە و فراوان و کاریگەری کۆمەڵگای کوردستان دەگرێتەوە، وەك کرێکاران، مامۆستایان، نووسەران، پزیشکان، ئەندازیاران، مافپەروەران و... تا دوایی، کە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای کوردستان پێك دێنن و بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنین، بۆیە پێویستە بایەخی پێ بدرێ و ئازادی کاریان فەراهەم بکرێ و پێویستە بۆ هەر پیشەیەك یەك ڕێکخراوی یەکگرتوو هەبێت و نەهێڵرێ بە هۆی ناکۆکی سیاسییەوە پەرت و دابەش بن.

**پێشنیار:**

بێگومان ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی گرنگییەکی گەورەیان هەیە و پێویستە لەلایەن سەرکردایەتی پارتیمانەوە بایەخی تەواویان پێ بدرێ، بە تایبەت قوتابیان و ئافرەتان و مامۆستایان کە دەورێکی کاریگەر لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەبینن.

بۆیە پێویستە بایەخ بە مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بدرێ و، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بەرپرسیاری کار و چالاکی بێت و چەند کەسێکی شارەزا لەو بوارەدا هاریکاری بکەن، هەر ئەو نێوەندە لایەنی بەرپرسیاری ڕاستەوخۆ بێت لە تێکڕای چالاکییەکان.

پێویستە دائیرەی چالاکی ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆجی پارتی، بەرنامەیەك بۆ پێگەیاندنی کادیری بەتوانا بۆ ئەو بوارانە دابڕێژێت، پێویستە تەرکیز لەسەر قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان بکات چونکە ڕێکخراوە پیشەییەکان، بەپێی یاسای (کۆمەڵەکان) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەر بە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمن.

**پێنجەم: مەکتەبی کۆمەڵایەتی**

مەبەست لە دامەزراندنی مەکتەبی کۆمەڵایەتی بایەخدان بوو بە مەسەلەی کۆمەڵایەتی و بەشداربوون لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان وەك خوێندەواری، ژن و ژنخوازی و کێشەی زەوی و ناکۆکی دیکە.

ئەم مەکتەبە تا ئێستا زیاتر لە (٨،٠٤٨) حاڵەتی جۆراوجۆری لەناوچە جیاجیاکاندا چارەسەر کردووە، بەڵام ئەوەی سەرنج دراوە بوونی کێشەیە لە نێوانی کاری ئەم مەکتەبە لەلایەك و، دادگاکان لەلایەکی دیکەوە، بە تایبەت لە بواری کێشەکانی کوشتن کە پێویستی بە چارەسەر هەیە.

چونکە ئەم کێشانە کە بە ڕازیکردنی لایەنەکانی کێشەکە و ئاشتبوونەوە چارەسەر دەکرێت، بەڵام لە دادگا مەلەفیان بە کراوەیی دەمێنێ و مەسەلەی (حەقی عام) هەر دەمێنێت. ئەم مەکتەبە هەروەها لە جۆرەها بواری تردا چالاکی نواندووە و وەك ئامادەبوون لە پرسە، سەردان و بەسەرکردنەوەی ڕیشسپی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و نوێنەرایەتیکردنی سەرۆکایەتی پارتی لە بۆنەی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەشداریکردنی لە بۆنە و مەراسیمی دینی و نیشتمانی و چالاکی نواندن لەو بۆنانەدا.

بێگومان کاری ئەم مەکتەبە گرنگی خۆی هەیە و دەورێکی ئیجابی لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێ، بەڵام تەداخول هەیە لە نێوان کاری ئەم مەکتەبە و کاری دادگا و لایەنی یاسایی.

لەوانەیە ئەو کێشەیەی لە ڕێگەی کۆمەڵایەتییەوە چارەسەر دەکرێ، جارێکی تر سەر هەڵبداتەوە، بۆیە پێویستە ئەم مەسەلەیە دیراسەت بکرێ و پسپۆڕان سنوورێك لە نێوان کاری کۆمەڵایەتی و کاری یاسایی دابنێن.

**چەند پێشنیارێك دەربارەی مافی مرۆڤ:**

١. هەمیشە پابەند بین بە بەندەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ.
٢. دامەزراندنی ناوەندێکی باڵا بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ کە ڕاستەوخۆ سەر بە جەنابی سەرۆك بێت.
٣. پێکهێنانی دادگایەکی ئیداری و هەروەها دادگایەکی مەدەنی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ.

**شەشەم: مەکتەبی ناوەندی دیراسات و تۆژینەوە:**

بایەخی ئەم مەکتەبە لەوەدایە دیراسەتی باوەڕپێکراو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئامادە بکات، تا ببێتە هاریکارێك بۆ سەرکردایەتی حزب و کادیران، تا وێنەیەکی حەقیقی و زانستی و پشتبەستوو بە تەجروبە دەربارەی هەموو ئەو بوارانەی ژیان لەبەردەستدا بن، کە جێگای بایەخی هاوڵاتی کوردن بە تایبەت کە حزبمان ڕابەڕایەتی تەجروبەیەکی حوکم دەکات.

ئەگەر بەرنامەڕێژی و پێشبینی نەبێت، کارەکەی لە سنووری ئیجتهاددا دەبێت کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ئێستا زۆر پشتی پێ نابەسترێت. مەکتەبی دیراسات و لێکۆڵینەوە لەوەتەی دامەزراوە تا ئێستا (٣٤) لێکۆڵینەوەی پێشکەش کردووە کە (١٧)یان تایبەتن بە

کاروباری حزبی و هەندێکی تر دەربارەی ئامار و یاسا و سەنەداتی قەرز و یاسای بانکی ئاوەدانکردنەوە و کاری پەرلەمان بوون.

هەروەها (١٧) لێکۆڵینەوەی دیکە دەربارەی بواری دیکەی گشتی وەك ئاوی کوردستان، دەوری خراپەکاری پەکەکە لە کوردستان، کێشەی زەوی کشتوکاڵ، هەروەها دەربارەی شانۆی کوردی، واقیعی کشتوکاڵی کوردستان، مافی مرۆڤ، پەرلەمان و تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢. دیراسەتێکیش دەربارەی شەڕی ناوخۆ و یەکێکی دیکەش دەربارەی نەتەوەی کورد، بە چاپ گەیاندووە.

ئەم مەکتەبە هەندێ کێشەی هاتۆتە ڕێ وەك کەمی کەرەستەی چاپ و کادیری پسپۆر، بایەخنەدانی دەزگاکانی حزب بە لێکۆڵینەوەکانی و تەغتیەنەکردنی لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە. مەکتەبی دیراسات و لێکۆڵینەوە پێویستی بە گرنگیپێدانی زیاتر هەیە تا بتوانێت دەوری ئەکادیمی ببینێ.

سوودبەخشە ئەگەر بیر لە پێشخستنی ئەم مەکتەبە بکرێتەوە و پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێ، تا ببێت بە مەکتەبێکی ئەوتۆ کە نەك تەنها دیراسات دەر بکات، بەڵکو کاری فیکری و ڕۆشنبیری حزبی گشتی بەڕێوە ببات، بۆیە یەکخستنی هەوڵەکانی ئەم مەکتەبە و پەیمانگای کادیران، دەتوانرێت بۆشاییەکی گەورە پڕ بکاتەوە.

**حەوتەم: مەکتەبی ڕێکخستنی تایبەت**

کاری ئەم مەکتەبە پرۆسەی چاودێری و بەدواداچوونی کاروکردەوەی دوژمنانی پارتی و تۆڕە جاسوسییەکانە کە لە کوردستاندا کار دەکەن، بە هۆی شەڕی داسەپاوی دوو قۆڵی دژ بە پارتی، مەکتەبی ڕێکخستنی تایبەت سەرقاڵی کاری دیکە بووە. زۆربەی کات و توانای خۆی بۆ پاراستنی ئەمنیەتی هاووڵاتییان و ئاشکراکردنی تۆڕە تیرۆریستەکان تەرخان کردووە، کە بە درێژایی ماوەی ڕابردو پیلانگێڕییان لە دژی کادیرانی حزب و دامەزراوە گشتییەکان و هاووڵاتییان بەردەوام بوو.

ئەم چالاکی و ئەرکانەی ڕێکخستنی تایبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاسایش و هەواڵگەری سوپا ئەنجام دراون. بە باوەڕەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم مەکتەبە لە ئاشکراکردنی زۆر کاری تەخریبی و تۆڕی تیرۆریستیدا سەرکەوتوو بووە.

**هەشتەم: مەکتەبی سەرۆك**

ئەم مەکتەبە کار و ئەرکی سەرۆکی پارتی ئامادە و ئاسان دەکات، بۆ ئەو مەبەستە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا حزبی و لەشکەری و ئیدارییەکان دەکات. لەم مەکتەبەدا چەند یاریدەدەرێکی سەرۆك لە بواری عەسکەری و یاسایی و ئیعلامی، هەروەها چەند ڕاوێژکارێکی پسپۆڕ لە بوارەکانی دیکەدا کار دەکەن.

**هەندێ بیروڕای گشتی:**

١. تاقیکردنەوەی ماوەی ڕابردوی گشت دامودەزگاکانی پارتی و ئیدارە، ئەوەمان لێ دەخوازێت کە بە جیدی بیر بکەینەوە لە گۆڕانکاری بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی.
بێگومان بۆ بەدیهێنانی ئەم وەرچەرخانە، دەبێت هەوڵ و کۆششی بەردەوام و فراوان ئەنجام بدەین، تا گشت ئەو دیاردە سلبیانە لەناو ببەین کە لە ژێر دروشمی پەیوەندار بە هەلومەرجی ئەمنی و سیاسییەوە شاردراوەتەوە.
یەکەمین هەنگاو لەم بوارەدا، فەسادی ئیداری نەهێڵین لە پلان و نەخشەی ئیداری و داراییدا، شێوازی شارستانی بگرینە بەر، بە جیدی جێبەجێی یاسای هەڵگرتنی چەك بکەین، بۆ ئیشکالی نێوانی حزب و ئیدارە چارەسەر بدۆزینەوە، سەربەخۆیی قەزا و سەروەری یاسا بپارێزین، بەردەوام بین لە پتەوکردنی وره لە نێو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا، یەکسانی لە دامەزراندندا پەیڕەو بکەین.

٢. ئابووری بڕبڕەی پشتی هەر تاقیکردنەوەیەکی حوکمڕانییە، چ بۆ سەرکەوتن یا بۆ فەشەلهێنانی. هەرچەندە مەجالی داهێنان لەم بوارەدا کەمە، بەڵام وەختی ئەوە هاتووە و زۆریش پێویستە کە داهاتی دارایی هەرێم گەشەی پێ بدرێت و دەستی پێوە بگیرێت، چونکە هەر خەلەلێکی ئابووری لە موازەناتدا تەئسیری کوشندەی لەسەر ژیانی هاووڵاتییان دەبێت.
بێکاری بووە بە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیەش بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری دەبێت ئەو پڕۆژانە بکرێتەوە کە بە گەشە پێدانەوە بەندە تا دەرفەتی زیاتری کار بخوڵقێنن. ئەمەش تەئسیری ئیجابی دەخاتە سەر باری ئاسایش و ئارامی. هاووڵاتییان ماوەی ئەوەیان بۆ دەرەخسێت تا دوور لە فشاری بارودۆخی ئابووری بە هێمن و ئارامی بژین.

٣. لە پێناوی پاراستنی دەستکەوتی ڕاپەڕین و تاقیکردنەوەی دیموکراتی و دامودەزگاکانیدا، پێویستە بە جیدی (یاسای حزبەکان) و (یاسای هەڵگرتنی چەك) و یاسا و بڕیارەکانی

تری ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکرێت.

٤. هەرێم پێویستی بە سیاسەتی ڕوونی ڕاگەیاندن هەیە، هەر بۆیەش دەبێت یاسا و بڕیاری پێویست لە پەرلەمانەوە دەرچێت بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵی باری ڕاگەیاندن لە گشت بوارەکاندا، بۆ نەهێشتنی باری گرژ و پەشێوی و پێشێلکردنی یاسا و ماف و ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ، لە پێناوی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێم و بەرژەوەندی گشتی میللەتدا.

دەبێت ئامانجە نەتەوەییە بەرزەکانی کورد و کوردستان، هەمیشە چوارچێوەی کاری فیکری و ڕاگەیاندن بێت. پارتی بە دەوری خۆی دەبێت چاپەمەنییەکانی چاکتر کۆنترۆڵ بکات و ڕێك بخات، بە شێوەیەك کە لە قازانجی ئامانجە پیرۆزە بەرزەکانی گەل و نیشتماندا بێت.

٥. قوتابیانی دواساڵی سەرەتایی و قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی، بە هۆی چالاکی حزب و هێزە سیاسییەکانەوە، دووچاری فشاری فیکری دەبن، کە تا ڕادەیەك ڕێگەی فێربوون و پەروەردەیان لێ دەگرێت. ئەم دیاردەیەش بەندە بە جاڕنامەی مافی مرۆڤەوە. هەر بۆیەش پێویستە هەموو لایەکی سیاسی، هەروەها دامودەزگاکانی پەروەردە ڕەچاوی باری فێربوون و، پەروەردە بکەن و زیاتر ڕێگە خۆش بکەن بۆ ئەوەی قوتابیان بە ئارامی و هێمنی دەوامی خۆیان بەرنەسەر.

هەروەها پێویستە قوتابخانە ئاینیەکان ڕێك بخرێن و هەوڵ بدرێت، مزگەوت لە چالاکی سیاسی و حزبایەتی دوور ڕابگیرێت، بۆ ئەوەی هێمنی و ئارامی دابین بکرێت بۆ عیبادەت.

٦. بڕیاری (٩٨٦) کە تەئسیری تەواوی بەسەر ژیانی هاووڵاتییانەوە هەیە و لایەنی ئیجابی هەرەزۆری هەیە لە بواری تەندروستی، پەروەردە، کشتوکاڵ، کارەبا و ئاو و بوارەکانی تردا، ئەو بڕیارە پێویستی هەیە بە چاودێر و سەرپەرشتی تایبەتی و بایەخدانی زیاد و کادیری بە توانای شارەزا لە بەندەکانی بڕیارەکەدا. زۆر پێویستە بیر بکەینەوە بۆ دۆزینەوەی سەرکەوتووترین شێوەی سوودوەرگرتن لەم بڕیارە.

٧. ئەمڕۆ زۆر پێویستە دەزگایەك دابمەزرێنن کە موتابەعەی کادیرانی حزب لە گشت بوارەکاندا بکات. ئەو دەزگایە دەبێت زانیاری تەواوی هەبێت، دەربارەی ئاستی فیکری کادیران و ئیلتزام و ئامادەییان و هەر سەرکەوتن یا فەشەلهێنانیان لە کاریاندا. هەروەها دەتوانرێت ئەم بابەتە قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگا و بوارەکانی تر بگرێتەوە.

٨. گەڕانەوە بۆ ڕێکخستنی حزبی، بەپێی دابەشبوونی جوگرافیایی، پارتی لە زۆر هەوڵ و

تەقەلای زیاد ڕزگار دەکات، هەروەها ڕێگە خۆش دەکات تا ڕۆشنبیران لە ڕێکخراوە حزبیەکاندا مەسئولیاتی حزبی وەربگرن و لە ڕیزی بنکەدا کەم دەکاتەوە و حاڵەتێك دەخوڵقێنێت بۆ تەفاعولی توێژە جیاجیاکان و زامنی دیسیپلین و کۆنترۆڵ دەکات و پڕۆسەی گەشەپێدانی حزبایەتی ئاسانتر دەکات.

٩. ئەرك و دەسەڵاتی مەکتەبی کۆمەڵایەتی دەستنیشان بکرێت، بە تایبەتی لە نێوان لایەنی یاسایی و لایەنی کۆمەڵایەتی کێشەکان.

١٠. لە کاتێکی گونجاودا هەڵبژاردنی ئازادی ئەنجومەنی شارەوانی، بەپێی یاسای پەرلەمان ئەنجام بدرێت تا هاووڵاتییان بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەن لە بەڕێوەبردنی کاروباری شارەوانی و خزمەتگوزاری شارەکانیان.

١١. پێکهێنانی دەزگایەکی گشتی ئاسایش بە ناوی (پاراستنی گشتی) بۆ تەنسیق لە نێوانی دەزگاکانی پەیوەندار و سەرپەرشتیکردنیان، تا باری ئاسایشی هەرێم زیاتر سەقامگیر بێت. هەر بۆیەش دامەزراندنی یەك ناوەند پێویستە بۆ گەشەپێدان و موتابعەی چالاکی ئەو دامودەزگایانە.

١٢. ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بکرێن بە یەك دەزگا (مؤسسە) و تەنسیق لە نێوانی ئێزگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی پارتی و بەرنامەڕێژی بکرێت. هەروەها پێویستە یاسایێك دابنرێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی گشت هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ دامودەزگاکانی تری ڕاگەیاندن.

**تێبینی:**

لە پێناوی زیاتر ڕوونکردنەوەی تەفاسیلی تری سلبیات و کەموکوڕی بە پەسند زانرا وتاری مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ لە شاری دهۆك، کە سەرۆك بارزانی پێشکەشی کرد، دەربارەی ئەو سلبیات و چارەسەرییانە، وەکو بەڵگەنامەیەك لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتەدا بخرێتە بەردەستی نوێنەرانی خۆشەویستی کۆنگرە بۆ لێکۆڵینەوە و کەڵك لێوەرگرتن.

**هەڤاڵانی بەڕێز،**

ئومێدەوارین تێبینی و پێشنیارەکانی ئەم ڕاپۆرتە جێگەی بایەخ و لێکۆڵینەوەی ئێوەی بەڕێز بێت و، هەموومان پێکەوە بە گیانی نیشتمانپەروەری و مەسئولیەتەوە بە شوێن چارەسەری گرفت و کەموکوڕییەکاندا بگەڕێین، بۆ گەیشتن بە بەرنامەی گونجاو لەسەر

بناغەی زانستی و تاقیکردنەوە، بۆ پێشخستنی پارتیمان و خزمەتی زیاتر بە میللەتەکەمان و سەرخستنی ئامانجی بەرزی لە ڕزگاری نەتەوەیی و پێشکەوتن و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا.

## شەڕی داسەپاوی ناوخۆ و پڕۆسەی ئاشتی

وەك دەبینن کۆنگرەکەمان لە ژێر دروشمی (ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی)دا، دەبەسترێ کە هەمان دروشمی کۆنگرەی یازدەی پارتیمانە. تەئکیدکردنە سەر وشەی ئاشتی کە دەستپێکی دروشمەکەیە ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە ئاشتیمان دەوێ بە هەموو مەودا و ماناکانییەوە، ئاشتی ناوخۆ و ئاشتی دەرەوەمان دەوێ کە تا ڕادەیەکی زۆر بەیەکەوە گرێ دراون.

تاقیکردنەوەی (پەنجا بە پەنجای) نێوان ئێمە و یەکێتی لە حوکمڕانیدا، سەرباری هەموو لاوازی و کەموکوڕییەکانی بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا، هەرچەندە ئەو بەرەوپێشەوەچوونە لەسەر خۆ بوو. هەروەها تاقیکردنەوەکە ئیرادەیەکی یەکگرتوو و کاری هاوبەشی نێوان هەردوو لای دەردەبڕی، بۆیەش پشتگیرییەکی جەماوەری فراوانی بەدەستهێنابوو. بەڵام لە کابینەی دووەمدا (ی. ن. ك) سەرۆکوەزیر و تێکڕای وەزیرانی خۆی ئاڵوگۆڕ کرد و لە شوێنی ئەواندا دەستەیەکی ڕووبەڕووبوونەوەی دامەزراند بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە پارسەنگی هێزدا بکات، بەمەش ناکۆکی و ناتەبایی لەناو حکومەت و سەرجەم دامودەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکاندا توندتر بوون و گرژی و ئاڵۆزی پەرەیان سەند. بەڵام بە سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە ئیجابییەی کە بە هۆی هێنانەوەی تەرمی نەمران بۆ خاکی نیشتمان لە ١٩٩٣/١٠/٦دا، هاتبووە کایەوە، پێشنیاری پێکهێنانی (لێژنەی باڵای حیوار)مان، کرد کە لە مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب پێك بێت، ئەوە بوو لێژنەکە زنجیرەیەك کۆبوونەوەی هەفتانە و بەردەوامی گرێ دا و سەرجەم کێشە و گیروگرفتەکانی نێوان هەردوولای خستە ڕوو و ڕێگا چارەی بۆ دەستنیشان کردن. هەر لە ئاکامی ئەو دیالۆگەدا ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٠ ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوان هەردوولا مۆر کرا.

بەڵام بەداخەوە، سەرەڕای ئەوەش، بە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی (ی. ن. ك) دژی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، ڕاستەوخۆ دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنی ستراتیژی، ئاشتی ناوخۆ شڵەژا، هەرچەندە ڕێکەوتنەکە بە ڕاشکاوی داکۆکی لەسەر ئاشتی ناوخۆ و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لە ڕێگای گفتوگۆ و دیالۆگەوە دەکرد. ئەوە بوو لەناو هەولێری پایتەخت و لە چەندین شوێن و ناوچەی دیکەی هەرێمدا تۆپ و کاتیوشا بەکار هێنرا.

پارتیمان لە ڕوانگەی ئەو بەرپرسیارێتییەی کەوتۆتە سەرشانی و ئەو زەرەروزیانە ماددی و مەعنەوییەی کە شەڕ و پێکدادان لە کوردستان و گەلەکەمانی دەدات، هەر لە سەرەتاوە ئەم شەڕەی ڕەت کردەوە و دژی وەستا و هەوڵی دا بیوەستێنێ. هەیئەتی تازە پێکهێنراوی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان یەکەمین قوربانی ئەم شەڕە بوو. بەرپرسانی سەربازی (ی.ن. ك) ملکەچی فەرمانەدەی شەڕ وەستانی ئەم هەیئەتە نەبوون، بەڵکو وەزیری پێشمەرگە کە ئەندامی سەرکردایەتی (ی. ن. ك)بە چەك و تەقەمەنی حکومەتی هاوبەش درێژەی بە شەڕی بزووتنەوەی ئیسلامی دا.

ئا لەو کاتەدا کاروباری حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و ژیانی گشتی تەگەرەی تێ کەوت و خەریك بوو بە یەکجاری بوەستێ و شێوازی حوکمی (فیفتی ـ فیفتی)، هەموو فەرمانگە و ئیش و کارێك و تەنانەت وردە فەرمانبەرانیشی گرتبووەوە. لە هەمان کاتدا نێوانی پارتی و یەکێتی گرژتر و ئاڵۆزتر دەبوو و یەکێتی بارەگاکانی خۆی بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەناو هەولێری پایتەختدا دابەش دەکرد، کە ڕێگا لە بەردەم داگیرکردنیدا خۆش بکات.

لە ڕاستیدا هەڵسوکەوتی (ی. ن. ك) لەو ماوەیەدا سەرسەختی و لەخۆباییبوونێکی زۆری پێوە دیار بوو، بۆیە بایەخێکی ئەوتۆیان بە ڕێکەوتنەکان نەدەدا. لە کاتێکدا بە کردەوە دەسەڵاتی (ی. ن. ك) لە بەڕێوەبەرایەتی و دەزگاکانی دیکەدا زۆر لە نیوە زیاتر بوو، کەچی هەوڵیان دەدا لەسەر حسابی پارتی و حزبەکانی دیکە بە شێوازی جۆراجۆر ئەم دەسەڵاتەیان فراوانتر بکەن، بێ ئەوەی گوێ بە کاردانەوە و ئاکامی ئەو کارەیان بدەن.

بۆیە بە ئاشکرا دەرکەوت کە شێوازی (فیفتی ـ فیفتی) کاتی بەسەر چووە، بە تایبەتی لە سایەی هەڵوێستی خۆسەپێنەرانەی (ی. ن. ك)ەوە، ڕۆژی ١٦/٢/١٩٩٤ لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، داوامان کرد ئەم کێشەیە بە گەڕانەوە بۆ ڕای گەل و لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی تازەوە یەکلا بکرێتەوە، ئەمەش لە ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان لە ١٢/١/١٩٩٤دا، ئاماژەی بۆ کرابوو. دیارە کە پەنابردنە بەر هەڵبژاردن شێوازێکی شارستانی پەیڕەوکراو، لە دەوڵەتان و سیستەمە دیموکراتییەکاندا و هەرکاتێ پەرلەمانی ئەو وڵاتانە نەتوانێ حکومەتێکی جێگیر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات پێشکەش بکات، هەڵبژاردنێکی تازە ئەنجام دەدرێت.

لە ڕاستیدا سەرکردایەتی (ی. ن. ك) نە بە وشەی نا و نە بە وشەی بەڵێ، وەڵامی بانگەوازی هەڵبژاردنی نەدایەوە، بەڵام لەوە دەچوو ئەو بێدەنگییە نیشانەی ناڕەزایی بێت، ئەوە بوو لە ١ی ئایاری ساڵی ١٩٩٤دا، (ی. ن. ك) کێشەیەکی بچووکی لەسەر چەند دوکانێك

لە قەڵادزێ قۆستەوە و شەڕی لە دژی پارتی بەرپا کرد.

بۆ ڕۆژی دواتر بارەگای لقی (١١)ی پارتیمان لە ڕانیە کەوتە بەر شاڵاوی هێرشبەران و بۆ ئێوارەی ڕۆژی دووی ئایار، هێزەکانی (ی. ن. ك) بارەگای لقی (١١) و لێژنەی ناوچەی قەڵادزێ و ڕانیەیان داگیرکرد و، لە ئەنجامدا بەدەیان کەس لە هەردوولا کوژران و بریندار بوون. (ی. ن. ك) بەدەنگ بروسکەکانمانەوە نەهات کە لە پێناوی خۆلادان لە شەڕ و کۆنترۆڵکردنی هاوبەشی هەڵوێستەکە بۆ بەرپرسانی هەردوولا ڕەوانەمان کردن.

لە ٣ی ئایاردا (ی. ن. ك) بە بێ هیچ پاسا و ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت، درێژەی بە هێرشکردنە سەر بارەگاکانی پارتیمان دا و بارەگای لقی چواری لە شاری سلێمانی گەمارۆدا و بەمەش هەموو لایەکی سەرسام کرد. هەروەها ئێوارەی هەمان ڕۆژ چەکدارانی (ی. ن. ك) باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستانیان داگیر کرد و بەمەش نیاز و مەرامی کۆدەتاچییانەی (ی. ن. ك) زیاتر ڕوون بووەوە. ئەم داگیرکردنە بووە هۆی ئەوەی تا ڕۆژی ١٩٩٤/٦/٢٦ کە باڵەخانەکە لە چەکدارانی (ی. ن. ك) چۆڵ کرا، شەرعییەت پەکی بکەوێ.

لە ٤ی ئایاردا (ی. ن. ك) هێرشی کردە سەر بارەگاکانی پارتیمان لە پارێزگای کەرکوك و کەوتە گەمارۆدانی بارەگای لقی (٣) لە دەربەندیخان و بارەگای لێژنەی ناوچەی چەمچەماڵ، ئەو کاتە بەرەی کوردستانی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتیمان لە سەلاحەددین کۆبووەوە و ئامادەبووان داوای وەستانی دەستبەجێی شەڕیان کرد، وێڕای سووربوونی تێکڕای لایەنەکان لەسەر شەڕوەستان و ئاگربەست، کەچی نوێنەری (ی. ن. ك) لە کۆبوونەوەکەدا ئەم داوایەی ڕەت کردەوە و بەمەش بۆ هەموولایەك ئاشکرابوو کە (ی. ن. ك) دوای ئەو هەموو کارە ناڕەوایەی کە لە سلێمانی ئەنجامی داون، تا بارەگاکانی پارتی لە پارێزگای کەرکوکیش داگیر نەکات شەڕ ناوەستێنێ.

ئەمەش پێشهاتێکی کتوپڕ و مایەی سەرسوڕمانی پارتیمان بوو، کە ڕووداوی لەم جۆرەی پێشبینی نەکردبوو و هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە کە بە چەك کێشە و ناکۆکییەکانی لەگەڵ (ی. ن. ك) و غەیری (ی. ن. ك)دا چارەسەر بکات. هەروەها چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە (ی. ن. ك) هەوڵ بدا بە چەك کێشەکان یەکلا بکاتەوە، بە تایبەتیش بە هۆی شوێنەواری تێکدەرانەی شەڕی ناوخۆ بەسەر تاقیکردنەوەی گەلەکەمان و دەستکەوتەکانی، لە سەروشیانەوە پەرلەمانی هەڵبژێژدراو و حکومەتی هاوبەش، هەروەها بەسەر ناوبانگی زۆرباشی نێودەوڵەتی و هاوسۆزی لە ڕادەبەدەری ڕای گشتی جیهان لەگەڵ گەلەکەماندا، کە بە قوربانی زۆر و زەبەندە و کۆچڕەوی ملیۆنی و بە پەنابردنە بەر هەڵبژاردن و

دەستەبەرکردنی ئازادی گشتی و پەیڕەوکردنی شێوازی دیموکراتییانە، لە دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆیدا لەسەر ئەو خاکەی کە بە خوێنی شەهیدان ئاودێر کراوە، بەدەست هاتوون.

هەرچەندە دەسەڵات لەسەر بنچینەی نیوە بە نیوە دامەزرابوو، بەڵام بە کردەووە بەشی (ی. ن. ك) زۆر لە بەشی پارتی زیاتر بوو. هەروەها ئاشکرا بوو کە بە هۆی پارسەنگی هێز لە کوردستاندا زۆر سەختە، یا هەرگیز ناکرێ مەسەلەی دەسەڵات بە شەڕ و کۆدەتای عەسکەری یەکلا بکرێتەوە. ئەوەی (ی. ن. ك) بەبێ هەستکردن بە گیانی بەرپرسیارێتی دەرهەق بە گەلی کوردستان و دەستکەوت و مافەکانی ئەنجامیدا موغامەرە یا قومارێك بوو و ماوەیەك بەر لە جێبەجێکردنی، لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی (ی. ن. ك)دا بڕیاری لێ درابوو.

ئەمەش لەگەڵ دۆسیەی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) لە یەکلاکردنەوەی حساباتی سیاسی لە ڕێگای پەنابردنە بەر هێز و زەبر و زەنگەوە، تەبا و گونجاو و هیچ لایەنێکی سیاسی لە کوردستان لە ئاسەواری پاوانخوازی و خۆسەپاندن و شەڕی (ی. ن. ك) ڕزگاری نەبووە.

بە هیچ شێوەیەك و لە ژێر هیچ بیانوویێك ناکرێ لەسەر حسابی پاشەڕۆژی تاقیکردنەوەی کوردستانی عێراق پاساو بۆ ئەم موغامەرەیە بهێنرێتەوە، هەروەها بەبێ گەڕانەوە بۆ مەیلی پاوانکردنی دەسەڵات و ئەو دیکتاتۆریەتەی کە سەرکردایەتی (ی. ن. ك) هەر لە کاتی دامەزراندنییەوە خۆی پێوە گرتووە تەفسیر ناکرێ، بەڵام ڕەنگە پەرەسەندن و پێشکەوتنی گەورە و خێرای پارتیمان لە بارودۆخی ئاشتی و دیموکراتیدا هۆکاری پەلەکردنی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) بووبێ، لە دەرکردنی بڕیاری پەنا بردنە بەر هێز و شەڕ و کوشتار بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەسەڵات لە بەرژەوەندی خۆیدا.

پێش هەموو شتێك "کۆنگرەی یازدە"ی پارتی، کۆنگرەی یەکگرتن، خۆپیشاندانێکی گەورەی سیاسی بوو و لە ئاکامدا هێزێکی بەرچاو لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە هاتە پاڵ پارتی و بە ئاشکرا پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندی پارتیماندا شکایەوە. بانگەوازەکەی تاڵەبانی بۆ تێکەڵبوون و یەکخستنی هێزە چەپەکان لەگەڵ (ی. ن. ك)دا، کە کاردانەوەی پرۆژەی یەکگرتنی بەرجەستە بوو لە "کۆنگرەی یازدە"ی پارتیمان بوو، ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە، بەڵام ڕەنگدانەوەی حاڵەتی جەمسەرگەری (استقطاب) ڕوو لە زیادبوون بوو لە کوردستاندا.

ئینجا هێنانەوەی تەرمی بارزانی نەمر و ئیدریسی هەردەم زیندوو، بۆ سەر خاکی نیشتمان لە ٦ی تشرینی یەکەم و پێشوازی گەورە و بێوێنەی جەماوەری گەلەکەمان، هەر لە سنووری پێنجوێنەوە تا دەگاتە بارزان، ڕەگو ڕیشەی قووڵی خۆشەویستی و ڕێزلێنان و پێزانینی گەلەکەمانی بەرامبەر بە بارزانیی سەلماند.

بەر لەوەش لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٩٢)دا، کۆنگرەی نیشتمانی یەکگرتووی عێراق (INC) لە کۆبوونەوە مێژووییەکەی خۆیدا لە (سەلاحەدین) سوور بوو لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی پارتی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆنگرە، بەمەش زۆر بە ڕوونی دەرکەوت کە ئۆپۆزسیۆنی بەرفراوانی عێراق کە لە کۆنگرەدا بەرجەستە بوو، تەواوی باوەڕ و متمانەی خۆی بە پارتی و بارزانی دەبەخشێ.

لە مانگی کانوونی یەکەمدا، هەروەك وتمان (ی. ن. ك) بە بێ پاساو و بیانوو هێرشی کردە سەر بزووتنەوەی ئیسلامی، بەڵام پارتیمان و سەرکردایەتییەکەی کە بەرپرسیارن لە ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمدا دژی شەڕ وەستان، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی ئعتیباری پارتیمان و بێهێزکردنی (ی. ن. ك) و، دەرخستنی وەك هێزێکی شەڕفرۆش و پەلاماردەر لە بەردەم زۆر لایەن و ناوەندەکاندا.

هەر لەو ماوەیەدا (ی. ن. ك) سەرەڕای تەحەفوزی پارتی، سوور بوو لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و ڕاگری کۆلێژەکان. (ی. ن. ك) دەیویست لەم ڕێگایەوە لە مەیدانی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیراندا سەرکەوتنێك بەسەر پارتیدا تۆمار بکات، چونکە خۆی بە شۆڕەسواری ئەم مەیدانە دەزانی و پارتی بە حزبێکی عەشایەری دادەنا. بەڵام لە ئەنجامی هەڵبژاردندا لیستی پارتی سەرکەوت و سەرۆکایەتی زانکۆ و ڕاگری گشت کۆلێژەکانی بەدەست هێنا.

شایانی باسە هەڵگیرساندنی شەڕ لەلایەن (ی. ن. ك)ەوە، لە کوردستاندا، ڕای گشتی لە دەرەوە و بە تایبەتیش دۆستانی زۆر و زەبەندی گەلەکەمانی ناساند، کە لە زۆر وڵاتی گەورە و بچووکی دنیادا بەرزترین پلەوپایەی حکومییان هەبوو. ئەوە بوو لەلایەن وەزارەتەکانی دەرەوە و سەرکردایەتی حزب و پەرلەمانەکانی دنیا و کۆمەڵەکانی دۆستایەتی و ئاشتی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سەبارەت بە شەڕ وەستاندن و پێشنیاری ناوبژیوانی و پەنابردنە بەر دیالۆگ و گفتوگۆ، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان نامەیەکی زۆر بۆ هەردوولا ڕەوانە کرا، کە یەکێك لە گرنگترین ناوبژیوانیەکانیش، ناوبژیوانی فەڕەنسا بوو کە مەدام میتێران ڕۆڵێکی بەرچاوی تیادا گێڕا.

حکومەتی فەڕەنسا وەفدی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبی، بۆ کۆشکی سەرکردایەتی ڕامبۆیی لە دەوروبەری پاریس دەعوەت کرد و دوای یەك هەفتە لە کاری بەردەوام و بە ئامادەبوونی ژمارەیەك پسپۆر و شارەزای فەڕەنسا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، سەرەنجام ڕێکەوتننامەی پاریس داڕێژرا و لە ١٩٩٤/٧/٢٢دا، مۆر کرا.

بڕیار بوو بەرپرسی یەکەمی هەردوولا دەعوەتی پاریس بکرێن، بۆ ئەوەی بە ئامادەبوون و پشتگیری خودی سەرۆکی کۆچکردووی فەڕەنسا فرانسوا میتێران ڕێکەوتنەکە ڕابگەیێنرێ، بەڵام تەسهیلاتی پێویست بۆ ئەم سەفەرە لە کاتی خۆیدا نەڕەخسا، کە چی ئەگەر سەرکردایەتی (ی. ن. ك) پەرۆشی ڕێکەوتنەکە بوایە، دەکرا بە بێ ئەو سەردانەش جێبەجێ بکرێت.

ئیدیعای ئەو سەرکردایەتییەش کە گوایە پارتی بەوەی کە حکومەتی تورکیای لە دەقی ڕێکەوتنەکە ئاگادار کردۆتەوە فەشەلی بە ڕێکەوتنەکە هێناوە، بوختان و پڕۆپاگەندەیەکی هەڵبەستراو و نە عەقڵ و هیچ دەرککردنێکی پەیوەندی نێودەوڵەتی پەسەندی دەکات، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەفتەنامەی الاتحاد بە بۆنەی سەفەری شاندی (ی. ن. ك) بۆ پاریس، تێکڕای پێشنیارەکانی حزبەکەی بۆ گفتوگۆکان چاپ و بڵاوکردبووەوە، دوای گەڕانەوەی وەفدیان لە پاریس لە خاڵی هەڵبژاردنی تازە پەشیمان بوونەوە و داوایان کرد پارتی و یەکێتی بە یەك لیست دابەزن.

بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش و سەرەڕای ڕێکەوتنی پەرلەمان لە نێوان هەردوولا لە ئابی ساڵی ١٩٩٤دا و سەرباری مۆرکردنی بەڵگەنامەی هاوپەیمانی نێوان هەردوو حزب لە ١٩٩٤/١١/٢١ و سەرەڕای بەردەوامبوونی هەوڵی ئاشیخوازانەی سەرکردایەتی پارتی و ناردنی وەفدێکی مەکتەبی سیاسی بۆ قەڵاچوالان، سەرکردایەتی (ی. ن. ك) حەزی نەدەکرد گیروگرفتەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێن و مەیلی یەکلاکردنەوەی ناکۆکی سیاسی لەگەڵ پارتی و، یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەسەڵات لە کوردستاندا بە شێوەی عەسکەری و، سەپاندنی دیکتاتۆریەتی تاکە حزبی بەسەر گەلی کوردستاندا لەناو مێشکیدا دەخولایەوە، هەرچەندە هەموو بەڵگە و ڕاستییەکان نیشانەی ئەوە بوون کە ئەم یەکلاکردنەوەیە مەحاڵە بێتە دی.

سەرکردایەتی یەکێتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و تا ئێستا سوورن لەسەر ئەوەی کە ململانێ چەکداری لە کوردستان بە هۆی داهاتەوە و بە تەحدید بە هۆی داهاتی ئیبراهیم خەلیلەوە دەستی پێ کردووە، ئەمەش بە تەواوی لە ڕاستییەوە دوورە.

ڕۆژی ١٩٩٤/٥/١ واتە ئەو ڕۆژەی یەکێتی شەڕی بەرپا کرد، هەموو داهاتەکان بە شایەتی هەموو لایەك، دەگەیشتنە ناو خەزێنەی حکومەتی هەرێم کە سەرۆك و وەزیری دارایی و سەرۆکی بانکەکەی سەربە یەکێتی بوون و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دارایی و خەرجکردن لە دەستی ئەواندا بوو. سەرەڕای ئەوانەش (٤٠) کارمەند لە کۆی (٤٤) کارمەندی بانکی هەرێم سەربە یەکێتی بوون.

شایانی باسە کە داهات بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەڕژایە ناو خەزێنەی حکومەتی هەرێم هەر لە کاتی دامەزراندییەوە، تەنانەت لە (٤)ی گوڵاندا، واتە (٣) ڕۆژ دوای دەستپێکردنی شەڕ، (١٠٠) ملیۆن دینار لە ئیبراهیم خەلیلەوە گەیشتە بانکی هەرێم، هەروەك چۆن بەرلەوەش دەخرایە ژێر دەستی بەرەی کوردستانییەوە. ئامادەیی خۆیی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی داهات دەربڕیوە، لەم بارەیشەوە دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی ئیلتیزامەکانی، هەرچەندە لایەنەکەی تر لە جێبەجێکردنی ئیلتیزاماتی خۆیدا کەمتەرخەمی کردووە.

دەبێ ئەو ڕاستیە دووپات بکەینەوە کە ناکۆکی و ململانێ لە کوردستان لەمەوبەر و ئێستاش لەسەر دەسەڵات بووە و ناکۆکییەکانی دیکە لەم خاڵەوە سەریان هەڵداوە و دەستیان پێ کردووە. دەکرا گیروگرفتی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی ڕێگای یەکلاکردنەوەی سەربازی بە زەبری لولەی تفەنگ هەڵبژارد و هەر لە کاتی دامەزراندنییەوە بەم شێوەیە ڕەفتاری کردووە و هەوڵی داوە گۆڕەپانی کوردستان پاوان بکات و، حزبەکانی دیکە لە مافی خەبات لە پێناوی ئازادی گەلەکەیاندا بێبەش بکات و لە نامیلکەی دامەزراندنیدا، ساڵی ١٩٧٥ بە ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ چی؟) بیانوو و پاساو بۆ ئەم هەڵسوکەوتە دادەتاشێ و پارتی بە دوژمنی سەرەکی خۆی دادەنێ و تا ئەمڕۆش دەستبەرداری ئەم ڕێبازە نەبووە.

ناکرێ لێرەدا هەڵوێستی ئاشیخوازانە و لەخۆبووردنی سەرکردایەتی پارتی لەبەر چاو نەگیرێت، بە تایبەتیش لە ژووری عەمەلیاتی ئاشتی سەربە (INC) و بانگەوازییەك لە دوای یەکی بۆ هێز و ڕێکخستنەکانی پارتی کە دان بە خۆیاندا بگرن و تەنانەت بۆ خۆلادان لە مەترسی شەڕی ناوخۆ، شوێنە ستراتیژییەکانیش چۆڵ بکەن.

ڕۆژی ١٣ی حوزیران، جەماوەری سلێمانی لە ڕێوڕەسمێکی جەماوەری فراواندا، تەرمی شەهیدی سەرکردەی خۆشەویستی پێشمەرگە، عوسمان قادر منەوەریان بەڕێ کرد، کە بە بریندارى کەوتبووە دەستی چەکدارانی یەکێتی و شەهید کرابوو. بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی

نەیتوانی بەرگەی دیمەنی ئەو جەماوەرە زۆرە بگرێت کە بۆ ئاشتی و پارتی و دژ بە شەڕی ناوخۆ هوتافیان دەکێشا. ئەوە بوو بە هەموو چەکێکی بەردەست گوللەبارانی ئەو جەماوەرە بێ دیفاعەیان کرد و لە ئاکامدا (١٧) هاوڵاتی شەهید و ژمارەیەکی زۆری تریش بریندار بوون، ئەم ڕووداوەش تیشکێکی زیاتری خستە سەر دیکتاتۆریەت و خولیای خوێنڕێژی یەکێتی و لە هەمان کاتدا ڕادەی جەماوەری و خۆشەویستی پارتی لەناو ڕیزەکانی خەڵکی سلێمانی خۆڕاگردا خستەڕوو.

لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، سەرکردایەتی یەکێتی بە داگیرکردنی هەولێر جەولەی دووەمی شەڕی ناوخۆی دەست پێ کرد. سەرەتا ڕێگای کەسنەزانیان داگیر کرد کە تاکە ڕێگای هاتوچۆی سەرکردایەتی پارتیمان بوو بۆ ناو ئەم شارە، چونکە ڕێگای شاوێس هەر لە سەرەتاوە زامن و مسۆگەر نەبووە و لەلایەکەوە بارەگای تاڵەبانی کەوتبووە سەر ئەم ڕێگایە و لەلایەکی دیکەشەوە سەرکردایەتی پارتی لەسەر داوای سەرکردایەتی یەکێتی و لەبەر نزیکی گوندەکە لە بارەگای ناوبراو و بۆ خۆلادان لەو گیروگرفتانەی کە ڕەنگە بێنە پێشەوە، هێزەکانی خۆی لە شاوێس کێشابووەوە.

یەکێتی بەپێی بڕیارێکی پێشوەخت و نەخشە بۆ کێشراو هەوڵی دا بارەگای لقی دوو و سەرجەم بارەگاکانی دیکەی پارتیمان لە هەولێر داگیر بکات، هەروەها هێزەکانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمیان داگیر کرد. شەڕ و پێکدادان لە نێوان هەردوولادا، بەردەوام بوو و سەرکردەیەکی یەکێتی وای نیشان دابوو بە داگیرکردنی هەولێر پارتی ناچار دەبێ سەرجەم مەرجەکانی ئەوان قەبوڵ بکا. شەڕێکی نابەرابەر بوو لە لایەکەوە ڕێگای هاتوچۆی ئۆتۆمبێل و ئیمدادات لەبەردەم هێزەکانی یەکێتیدا کراوە و واڵا بوو و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی داگیرکردنی هەردوو ڕێگای شاوێس و کەسنەزان لەلایەن یەکێتییەوە، هێزەکانی پارتی لەناو شاردا لەمە بێبەش بوون.

ڕۆژی ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٥، تاڵەبانی "نەفیرعام"ە ناوبانگ زڕاوەکەی دەرکرد و داوای لە هەموو هێزەکانی یەکێتی کرد کە بەشداری شەڕ بکەن، هەروەها لەسەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حزبکەی خواست، تا ئەوانەی چەکیان نییە بۆ وەرگرتنی چەك و تەقەمەنی سەر لە بارەگاکانی یەکێتی بدەن.

لەناوەڕاستی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٥دا، سەرەڕای شەڕێکی دژوار و بەرگری سەختی هەڤاڵانمان لەناو شاری هەولێر، سەرەنجام یەکێتی شارەکەی داگیر کرد و کوتلەی وەزارەتی پارتی ناچار بوو خۆی بگەیەنێتە سەلاحەدین، هەر بەهەمان شێوە کادیرانی

سەرکردایەتی و زۆربەی کادیرانی ناسراوی پارتی گەیشتنە سەڵاحەدین. بەڵام پەرلەمانتاران بە تایبەتیش فراکسیۆنی پارتی، بۆ ماوەی (١٠١) ڕۆژ لەناو باڵەخانەی پەرلەماندا مانیان گرت.

کاتێکیش چەکدارانی یەکێتی ڕۆژی ١٩٩٥/٣/٢٨ حورمەتی ئەو شوێنەیان پێشێل کرد و ڕژانە ناو پەرلەمان، مانگرتووان بۆ نارەزایی دەربڕین دژی ئەم پێشێلکارییە زەق و ئاشکرایە، بڕیاریان دا کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بێنن، بەمەش سەرکردایەتی یەکێتی بۆ جاری دووەم شەرعییەتی یاسایی پەرلەمانی هەڵبژێردراو و حکومەتی هەرێمی کوردستانی پەك خست و گورزێکی کاریگەری ئاراستەی شەرعییەت و دەستکەوت و هیوا و ئاواتەکانی گەلی کوردستانی کرد و لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەی گەلەکەمان، لە جیاتی پێشکەوتنی بەردەوام دەستی کرد بە گەڕانەوە بۆ دواوە و وزە و تواناکانیش لە جیاتی ئەوەی لە بیناکردن و پێشکەوتن و پەرەسەندندا سەرف بکرێن، لە شەڕ و کوشتار و خۆکوژیدا سەرف دەکران.

لە ڕووی سەربازییەوە، ئەو سەرکەوتنە سەربازییەی یەکێتی زۆر لە سەرکەوتنێکی تەواوەوە بە دوور بوو. هێزەکانی پارتی لە ڕۆژئاوا و باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە گەمارۆی ئەو هێزانەی یەکێتییان دابوو، کە پایتەختی هەرێمیان ئابلۆقەدابوو و ئەو ڕێگایانەی بەرەو هەولێر دەچوون، لە ژێر کۆنترۆڵی پارتیدا بوون و تاکە ڕێگای ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی ڕێگای (قوشتەپە، بێستانە و کۆیە) بوو.

لەم ماوەیەدا شەڕ و پێکدادانی پچڕپچڕ لە نێوان هێزەکانی هەردوولا، بە تایبەتیش لە دەوروبەری هەولێردا درێژەی هەبوو. هەموو پەیوەندییەکی نێوان هەردوولا پچڕا و پارتی لەبەردەم ناوبژیوانانی ناوەوە و دەرەوەدا سوور بوو لەسەر ئەوەی مەرجی هەر دانیشتن و گفتوگۆیەك لەگەڵ یەکێتیدا، ئەوەیە کە چەکدارانی یەکێتی هەولێر بەجێ بهێڵن و شەرعییەت بگەڕێتەوە.

شانۆگەری ٤ی ئازاری ساڵی ١٩٩٥ کە چەند لایەنێك بە هاوکاری لەگەڵ یەکێتی و بە مەبەستی ورووژاندنی هێزە چەکدارەکانی عێراق و ڕاکێشانیان بۆ شەڕ لە دەشتی هەولێر تیایدا بەشدار بوون، بووە هۆی تێکچوونی زیاتری شێرازەی بارودۆخی کوردستان و لە خۆباییبوون و سەرسەختی زیاتری یەکێتی. ئەمانە ئیدیعایان دەکرد کە گوایە شەڕ لەم ناوچانەدا ڕێگا لەبەردەم کۆدەتایەکی سەربازی لە بەغدا خۆش و هەموار دەکا، کەچی حکومەتی ئەمریکا بە هەموو لایەکی ڕاگەیاند، کە هیچ پەیوەندییەکی بەم جموجۆڵانەوە نییە. بە هەر حاڵ ئەو شانۆگەرییە فەشەلێکی گەورەی هێنا.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە وەفدی هەردوو حزب و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانی یەکگرتووی عێراق کرد، کە لە ژێر چاودێری ئەمریکا لە درۆگیدای ئیرلەندا کۆببنەوە. دوای سێ ڕۆژ کۆبوونەوە لە ١٩٩٥/٨/١١دا، ڕێکەوتنی درۆگیدا مۆرکرا و بەپێی ڕێکەوتنەکە دەبوایە هێزەکانی یەکێتی هەولێر بەجێ بهێڵن و بارودۆخی ناوچە جۆربەجۆرەکانی هەرێم ئاسایی بکرێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش دەستپێکردنی شەڕ لە ١٩٩٤/٥/١دا.

یەکێتی ڕێکەوتنەکەی جێبەجێ نەکرد و جەولەی دووەمی گفتوگۆ لە ڕۆژانی ١٢ و ١٣ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٥ لە دبلین دەستی پێ کرد و یەکێتی لە ڕێکەوتنی درۆگیدا پاشگەز بووە و ڕێگەی نەدا تاکە وشەیەکی هاوبەش، تەنانەت بە ناوی سەرپەرشتیاری گفتوگۆکان بۆب دویچ، نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە، دەربچێ. بەڵام لایەنی ئەمریکی هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر بەم هەڵوێستەی یەکێتی نیشان نەدا.

لە ڕاستیدا بە داخێکی زۆرەوە، بەرپرسانی ئەمریکا بایەخێکی جددییان بە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە نەدەدا، چ لە بواری جێبەجێنەکردنی ئیلتیزاماتیان لە ڕووی دابینکردنی دارایی پێویست، بۆ ئەو هێزە ئەمنییەی کە بڕیار بوو لە نێوان هەردوولادا جێگیر بێ، چ لە ڕووی فشار خستنە سەر یەکێتی بۆ دەرچوونی هێزەکانی لە هەولێر، تەنانەت بە دواداچوونی مەسەلەکانیش لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکاوە لە ئاستی پێویستدا نەبوو.

لە ماوەی نێوان ٥ـ١٩٩٥/١٠/٩دا، کۆماری ئیسلامی ئێران میوانداری وەفدی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبی کرد و بە ناوبژیوانی ئێران وتووێژ کرا و ڕێگە چارەی چەند خاڵێکی ناکۆکی سەرەکی ڕێکەوتنی لەسەر کرا، بەڵام یەکێتی لە واقیعدا هیچ شتێکی جێبەجێ نەکرد، بە تایبەتیش لە بواری کێشانەوەی چەك و چەکدار لە شاری هەولێر.

بارودۆخی هەولێر و خەڵکی هەولێر لە سایەی دەسەڵاتی یەکێتیدا، بەجارێ تێك چوو. بزووتنەوەی بازرگانی کز و لاواز بوو و ئاستی بژێوی هاووڵاتییان دابەزی و دامەزراندنی کارمەندان لەسەر بنچینەی حزبایەتی و تاڵانکردنی خانو و موڵکی هاووڵاتییان و گرتن و زیندانیکردن و کوشتن و تەرمفڕێدان لە سەربازگەی کۆنی دەرەوەی هەولێر بە تایبەتیش دژی هەڤاڵان و لایەنگرانی پارتیمان، تەشەنەی کرد. شیرازەی ئاسایش لە دەست دەرچوو، بە جۆرێ هاووڵاتییان دوای ڕۆژئاوابوون دەرگایماڵەکانیان دادەخست، نەدەهاتنە دەرەوە و دوکانداران هەموو ئێوارەیەك کەلوپەلی بە نرخی دوکانەکانیان دەگواستەوە ماڵەوە، بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ خۆیاندا بیهێننەوە. هەولێر لە کانوونی یەکەمی ساڵی

١٩٩٥ەوە تا ئابی ساڵی ١٩٩٦ لەم بارودۆخە سەخت و دژوارەدا ژیانی بەسەر دەبرد.

شایانی باسە یەکێتی بە درێژایی جەولەکانی شەڕ پەنای بردۆتە بەر تیرۆرکردنی کادیر و لایەنگرانی پارتیمان و تەنانەت کەسایەتی بێلایەنیش. گەورەترین تاوانیش تەقینەوەی زاخۆ لە ٢٧ی شوباتی ساڵی ١٩٩٥، کە تیایدا (٩٥) هاوڵاتی مەدەنی و بێگوناه شەهید و ١٨٥ کەسیش بریندار بوون.

هەروەها شەهید محەمەد قەرەداغی، عەمیدی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین و هەڤاڵی تێکۆشەر و بوێر محێدین ڕەحیم بەرپرسی لقی (١٢) و سیروان نەورۆڵی ئەندامی پەرلەمان و هەروەها بەر لەوان، مەلا تەیفور مەلا عەبدولڕەحمان و مەلا ڕەحیم و کەسانی تر بەدەستی یەکێتی تیرۆر کراون.

سەعات ٣ی دوای نیوەشەوی ١٦-١٧ ئابی ساڵی ١٩٩٦، یەکێتی دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و دژی بەرژەوندی گەلی کوردستان، جەولەی سێیەمی شەڕی دەست پێ کرد. شایانی باسە کە پارتیمان لەم شەوەدا ئاهەنگی یۆبیلی زێڕینی پارتی لە سەلاحەدین دەگێڕا و هەر بەم بۆنەیەوە سەرکردایەتی پارتی دەستپێشخەرییەکی ئاشتیخوازانەی نوێ خستە ڕوو.

یەکێتی ئەو جارەیان فاکتەرێکی خەتەرناکی تێکەڵاوی شەڕەکە کرد و پەنای بردە بەر هێنانی دەوڵەتێکی ئیقلیمی بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە شەڕەکاندا. دوابەدوای تێکشکانی هێزەکانی یەکێتی لە سیدەکان، کە لەلایەن ئەو دەوڵەتە ئیقلیمییەوە پشتگیری کرابوون، ئەم تەدەخولە زیاتر بوو.

سەرکردایەتی پارتی داوای لە سەرپەرشتیاری پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان، حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، کە ئەم دەستدرێژییە دوو قۆڵییە تاوانبار بکا و سنوورێکی بۆ دابنێ و لایەنی دەستدرێژکار ناچار بکا لەو ناوچانە بکشێتەوە کە داگیری کردوون.

کاردانەوەی نوێنەرانی حکومەتی ئەمریکا تەنها بریتی بوو لە ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ نوێنەرانی هەردوو حزب و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی یەکێتی کە هێزەکانی بکشێنێتەوە بێ ئەوەی هیچ گوشارێکی بخەنە سەر یا تەنانەت دەستدرێژییەکە تاوانبار بکەن، یا لایەنی خەتاکار و دەستدرێژکار دەستنیشان بکەن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە یەکێتی درێژە بە هێرش و پەلامارەکانی بدات.

دیارە بە بەشداریکردنی ئەم دەوڵەتە ئیقلیمییە لە شەڕەکاندا، پارسەنگی هێز گۆڕا و

هەلومەرجێکی نالەبار و خەتەرناك هاتە کایەوە. بۆیەش سەرکردایەتی پارتی لە پێناوی دانانی سنوورێك بۆ ئەم دەستدرێژییە دەرەکییە، بە مافی ڕەوای خۆی زانی کە داوای یارمەتی لە هێزەکانی عێراق بکات. ئەوەبوو یارمەتییەك گەیشت و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ درێژەی کێشا و هێزەکانی یەکێتی تێکشان و لە هەولێر شاربەدەر کران. بەڵام پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بەردەوامبوون لە ڕاوەدوونانی چەکدارانی یەکێتی، کە بە جارێ ورەیان بەردا و دووچاری داڕمان و تێکشکانێکی کەموێنە هاتن و تەنها لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا سەرتاپای هەرێمی کوردستانی عێراقیان لێ پاك کرایەوە و بە ناچاری پەنایان بردە سنوورەکانی ئێران لە (سەیرانبەند و قاسمەڕەش).

بەڵام بەرژەوەندی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان وای دەخواست کە ئیرادەیەکی یەکگرتوو لە کوردستانی عێراقدا جێگیر نەبێ، بۆیەش چەك و تەقەمەنییان پێ بەخشین و یارمەتییان دان کە بگەڕێنەوە پارێزگای سلێمانی.

هێندەی نەبرد کە هەرسێ وڵاتی ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا، جەولەیەکی دیکەی گفتوگۆیان سازدا و ئەوکاتە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا مەبەستی بوو بەیاننامەیەك دەربارەی ئاشتی و ئاشتبوونەوە لە کوردستاندا دەربکات، ئەمەش بە هۆی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەوە بوو لە ئەمریکا، هەروەك چۆن ڕۆبەرت پیلیترۆ یاریدەدەری وەزیری دەرەوە، پاشان لە وتارێکی ڕۆژنامەی الحیاةدا، ئاماژەی بۆ کرد.

دوابەدوای ئەمە، چەندین جەولەی گفتوگۆ دەربارەی ڕێکەوتنی ئەنقەرە لە نێوان هەردوولا، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەر سێ دەوڵەت ئەنجام دران، بەڵام یەکێتی بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدەدان و لە لایەکەوە درێژەی بە کاری تیرۆریستانەی دژی هەڤاڵانمان و تەنانەت دژی هاووڵاتییانی ناوچەکەمان دەدا و لە لایەکی دیکەشەوە پشتگیری هێرشەکانی پەکەکەی دەکرد، کە لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە دەکرانە سەر هێزەکانمان. تەنانەت هێزەکانی (PMF)یش بە بڕیاری هەر سێ دەوڵەت و بە ڕەزامەندی هەموو لایەك بۆ لێکجیاکردنەوەی هێزەکان و بۆ چاودێریکردنی پابەندبوونی هەردوولا بە ڕێکەوتنەکەوە پێك هێنرابوو، لە هێرش و پەلاماری یەکێتی بێبەش نەبوو.

لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ و لە ژێر دروشمی "گەردەلوولی تۆڵە"دا، کە خەڵك بە گاڵتەوە ناویان نا "گەردەلوولی تۆبە" یەکێتی بە هاوکاری و بەشداری پەکەکە، جەولەی چوارەمی شەڕی دژ بە پارتی و دژ بە ئاسایش و سەقامگیری لە کوردستان دەست پێ کرد، هەرچەندە هەردوولا ڕۆژی شەشەمی هەمان مانگ لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا

و به ئامادەبوونی نوێنەرانی هەر سێ دەوڵـەت، ئـەمریکا و بـەریتانیا و تورکیـا، جەولەیـەکی دیکەی گفتوگۆیان ئەنجام دابوو و سەرباری نەرمی نواندنی زۆری وەفدی پارتیمان کە مایەی پێزانینی هەر سێ دەوڵەت بوو، کەچی سەرانی یـەکێتی لـە ئاکـامی وەدەسـتهێنانی چـەك و تەقەمەنی و هاندان و دەستلەپشتدانی هەندێك دەوڵەتی ئیقلیمییەوە، لـە خۆبـایی بـوون و سەرەتا وەك هەر هێزێکی دوژمنکار و پەلاماردەر توانیان هەندێك شوێن بە شێوەیەکی کاتی داگیر بکەن.

هەر سـێ دەوڵـەت سەرپەرشـتیاری پرۆسـەی ئاشـتی لەگـەڵ نوێنـەرانی هـەردوولا لـە ئەنقەرە کۆبوونـەوە و داوایـان لـە یـەکێتی کـرد شـەڕ بوەسـتێنێ و، بگەڕێتـەوە شـوێنەکانی پێشووی خۆی لە هێڵی ئاگربەستدا، بەڵام یەکێتی ئـەم داوایـەی ڕەت کـردووە، بۆیـەش هـەر سێ دەوڵـەت لـە بەیاننامەیەکـدا ئاماژەیـان بـەوەدا کـە شـەڕ لەناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی یەکێتییەوە دەستی پێ کردووە، کەچی یەکێتی گوێ بەمـەش نـەدا و لەسـەر شـەڕ و پـەلامار بەردەوام بوو.

شەڕ و پێکدادانی توند تا کۆتایی مانگی تشرینی دووەم درێژەی کێشـا و لـەم ماوەیـەدا پارتی هەموو ئەو ناوچانەی ئازاد کرد کە یەکێتی داگیری کردبوون و هێزەکانی یەکێتی زەرەر و زیانێکی یەکجار زۆریان لێ کەوت و گەردەلوولی تۆڵە لە گەردەنی خۆیان ئاڵا و سەرەنجام ناچار بوون بە تێکشاوی شەڕ بوەستێنن.

ئا بەم جۆرە جارێکی دیکە پارتی ڕێگای گـرت لـە سـەپاندنی دیکتاتۆریـەتی یـەکێتی و لێرەدا تەئکید دەکەینەوە، کە ئیرادەمان ئەوەندە بەهێزە کە ڕێگا نەدەین ئـەو دیکتاتۆریەتـە سەربکەوێ. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨دا، چەند نامەیەك دەربارەی پرۆسـەی ئاشـتی لـە نێـوان سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی ئاڵوگۆڕ کرا و لە ئەنجامدا لێژنەی باڵای تەنسیق پێك هێـنرا کـە ڕۆژی ١٢ی شوباتی ساڵی ١٩٩٨، بە ئامادەبوونی وەفدی مەکتەبی سیاسـی هـەردوو حـزب و بەڕێز عەزیز محەمەد، بۆ یەکەمین جار لـە شـەقڵاوە کۆبـووەوە و بەرنامەیـەکی (١٠) خـاڵی پەسەند کرد، دەربـارەی چەسـپاندنی ئاگربەسـت و ئـازادکردنی دیـل و گیراوەکـان و ئـازادی هاتوچۆی هاووڵاتییان و جموجۆڵی بازرگانی و ڕاگرتنی ڕاگەیاندنی سلبی و هاوکـاریکردن لـە جێبـەجێکردنی بڕیـاری (٩٨٦) و چەنـدین هـەنگاوی دیکـە و دروسـتکردنەوەی متمانـە و ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە.

دانیشتنەکانی لێژنەی باڵای تەنسیق بە نۆبەت، جارێك لە شەقڵاوە و جارێکی دیکـە لـە کۆیە بەردەوام بوون و پەیوەندییەکی گونجاوی ئیشوکار لە نێوان هـەردوولا دروسـت بـوو و

بەیاننامـەی شـەقڵاوە بـە شـێوەیەکی بـەردەوام جێبـەجێ دەکـرا. هـەروەها لـە دوای هـەر کۆبوونەوەیەکـدا بەیاننامــە و لێــدوانی ئیعلامــی ئیجــابی ڕادەگــەیێنرا، کــە بــووە مایــەی دروستکردنی باوەڕ و متمانەی هاووڵاتییان و چاودێرانی بیانی بە پرۆسەی ئاشتی. ئـەوە بـوو دێڤید وێلش لە مانگی تەموزدا سەردانی کوردستانی کرد و لە کاتی سـەردانەکەیدا، سـەرۆکی پارتیمان و سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ واشنتۆن دەعوەت کرد.

هـەروەها وەك دەستپێشـخەرییەکی دیکـە بـۆ پەرەپێـدانی پەیوەنـدی و دروسـتکردنی متمانە، سەرۆك بارزانی وەفدێکی پایەبەرزی بۆ سەردانی سەرکردایەتی یەکێتی لە قەڵاچۆلان ڕەوانە کرد. سەرکردایەتی پارتیمان زۆر بە گەرمی و بەڕێزەوە لـە واشـنتۆن پێشـوازی کـران و گفتوگۆیان بە سەرپەرشتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خاتوو مادلین ئۆلبرایت بەڕێوەچوون.

سەرەڕای چاوپێکەوتن لەگەڵ گەورە بەڕێوەبەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەفدی پارتیمان لەلایەن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، ساندی بێرگەر و جێگری وەزیـری بـەرگری و چەندین گەورە بەرپرسی دیکەوە پێشوازی کرا.

لە ئەنجامی ئەو وتووێژەدا ڕۆژی ١٧ی ئـەیلولی سـاڵی ١٩٩٨، ڕێکەوتننامـەی مێژوویـی واشنتۆن لە نێوان هەردوولادا بە سەرپەرشتی و ئیمزای وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا مـۆر کرا. ئەمـەش یەکـەمین جار بـوو کـە بەڕێوەبەرایـەتی ئـەمریکا، بـە تـەنها و بـەبێ چـەتری موعارەزەی عێراقی یا دەوڵەتانی دراوسێ، لەم ئاستە بەرزەدا پێشوازی لە وەفدی کورد بکات.

ڕێکەوتنەکە بە سـەرکەوتنێکی گـەورەی دیبلۆماسـی بـۆ کێشـەی کـورد هەڵسـەنگێنرا و سەرەڕای ئەوەش چارەسەری سەرجەم گیروگرفتەکانی نێوان هـەردوولای دەستنیشـان کـرد و، ئەگەر جێبـەجێ بکرێـت ئاشـتییەکی سـەقامگیر و بـەردەوام لـە کوردسـتاندا دێنێتـەدی، کـە هاوشـانە لەگـەڵ زەمانـەتی بـەهێزی حکومـەتی ئـەمریکا بەرامبـەر بـە ئاسایشـی گـەلی کوردستانی عێراق.

گەلەکەمان پێشوازییەکی گەرمی لە ڕێکەوتننامەی واشـنتۆن کـرد و ژمارەیـەکی زۆر لـە دەوڵەتانی ئەوروپا و دۆسـتانی گەلەکـەمان لـە حـزب و کۆمەڵـە و کەسایەتی کۆمەڵایـەتی، پشتگیری و پاڵپشتی خۆیان بۆ ڕێکەوتنەکە و بۆ پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان دەربڕی.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر ڕێکەوتنەکە، ئایا لە کوێ وەستاوین و بە کـوێ گەیشتووین؟ مایـەی خۆشـحاڵییە کـە گەلەکـەمان، تـا ڕادەیـەکی زۆر بـە هـۆی ڕێککـەوتنی واشـنتۆن و بایەخپێـدانی بـەردەوامی سەرپەرشـتیاری ڕێکەوتنەکـە، بـە جێبـەجێکردنی و بـە

پرۆسەی ئاشتی لە کوردستاندا، بە ئاشتی و ئاسوودەییەکی نیسبی ژیان بەسەر دەبات.

ئێمە لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنە و دامەزراندنی حکومەتێکی هاوبەش، لە ژێر سەرپەرشتی چاودێرانی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا، ئەو پەڕی دڵسۆزی و توانای خۆمان بەکار هێناوە و بەکاری دەهێنین، بەڵام ئەگەر بە هۆی سووربوونی یەکێتی لەسەر (پەنجا بە پەنجا) لە هەموو شتێکدا نەمانتوانی حکومەتی هاوبەش پێك بهێنین، ئەوا داوا دەکەین پرۆسەی ئاساییکردنەوە بە هەنگاوی یەك لەدوای یەك و بە باشترین شێوە جێبەجێ بکرێت و بەرەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بەپێی دەقی ڕێکەوتنەکە هەنگاو بنێین.

بەڵام یەکێتی بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی واشنتۆن، سوور بوو لەسەر (فیفتی ـ فیفتی) لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و سەرجەم بوارەکانی ژیاندا و، خوازیاری ئەوە بوو وەك جاری جاران لە هەولێر و باقی شارەکاندا، بە ناوی هێزی ئاسایشی هاوبەش و دیسانەوە لەسەر بنچینەی (نیوە بە نیوە)، یا لە ژێر هەر پەردە و بیانوویەکی دیکەوە، میلیشاتەکانی خۆی بگەڕێنێتەوە.

لە پێناوی ڕێگا خۆشکردن بۆ هەڵبژاردن، چەندین هەنگاوی گرنگی ئاساییکردنەوەمان پێشنیار کردووە، هەروەك ئاڵوگۆڕکردنی مەکتەب و لقەکانی حزب، کە لە ڕووی ڕێکخستن و ئەنجامدانی کاری جەماوەری و ئیعلامی، بە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکانەوە، دەسەڵاتی تەواویان هەبێت، کەچی ئەوان تەنها بە بیانوی کێشەی ئەمنییەوە ڕەتیان دەکەنەوە.

بە داخێکی زۆرەوە دەڵێین سەرکردایەتی یەکێتی، لەناوەڕاستی مانگی نیسانی ڕابردووەوە، ڕێبازێکی سلبی لە بەرامبەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن و پرۆسەی ئاشتییدا گرتە بەر، ڕێبازی ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە و گرتنی هەڤاڵانی ئێمە و ڕێگەدان بە زیادکردنی بارەگاکانی پەکەکە لە سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، بۆ ناردنی گروپی تێروریستی بە (تی ئێن تی) و تەقەمەنییەوە بۆ ناوچەکانی ئێمە و، هێرشبردنە سەر هێزەکانی پارتی و هاوولاتییان بە سوودوەرگرتن لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتییەوە، هەروەها ئامادەنەبوون لە کۆبوونەوەکانی لێژنەی باڵای تەنسیق و درێژەپێدانی ئامادەکاری شەڕ.

لە کۆبوونەوەکانی مانگی حوزەیرانی ڕابردوی واشنتۆندا، ئەم ڕێبازە بۆ ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا بە ڕوونی ئاشکرا بوو. یەکێتی لەسەر هیچ شتێك ڕیك نەکەوت، کە چی وەفدی پارتی و وەفدی ئەمریکی و وەفدی بەریتانی و تورکی، دەربارەی پێویستی ڕێکەوتن

لەسەر شەش وەرەقەکەی کۆبوونەوەکانی واشنتۆن کە (١٠) ڕۆژ درێـژەی کێشـا، هـەمان ڕاو بۆچوونیان هەبوو.

سیاسەتی پارتیمان لەم بوارەدا، لەسـەر بنـەمای هێمنڕاگرتنـی وەزعەکـە و ڕەخسـاندنی ئاسـانکاری بـۆ هاووڵاتییـان و تەنانـەت ئەنـدامانی یـەکێتی و پابەنـدبوون بـە ڕێبـازی ئاشـتیخوازانە و بـە ڕێکـەوتنی واشـنتۆن و بـە جێبـەجێکردنی خاڵـەکانی ئـەم ڕێکەوتنـە، تـا گەیشتن بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی دارێژراوە.

هاوشان لەگەڵ سیاسەتی پارتیمان لە بەشداریکردن لەو ڕووداو و کۆبوونەوانەی کە لـە دوا ڕۆژی عێراق و پەرەسەندنی بـارودۆخی سیاسـی وڵاتەکـەمان دەکۆڵنـەوە، ڕۆژانـی (٢٠ و ٢٤)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٩ شاندێکی ئاستبەرزی پـارتیمان بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز نێچیرڤـان بارزانی، بەشداری لە وەفدی گەلی عێراق بۆ نیویۆرك کرد بۆ وتووێژ لەگەڵ گەورەبەرپرسـانی ئیدارەی ئەمریکا و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش لـە پـەراوێزی خـولی (٥٤)ی ئەنجومـەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

وەفدەکە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و گەورە یاریدەدەرانی و لەگـەڵ ژمارەیـەك لە نێردراوە دیپلۆماسییەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشدا چەند دیدارێکی کـرد. وەفـدی پـارتیمان لـە هــەموو گفتوگۆکانیـدا، لەسـەر پاراسـتنی گـەلی کـورد و پابەنـدبوونی بـە ڕێکەوتننامـەی ئاشـتی واشـنتۆن و، خـەبات لـە پێنـاوی عێراقێکـی دیمـوکراتی فـرە حزبـی فیدراڵیدا، تەئکیدی کردەوە و نـاڕەزایی خـۆی بەرامبـەر بـە خـاڵی ١٧ی مسـوەدەی پـڕۆژەی بڕیاری (بەریتانی ـ هۆڵەندی) پێشکەش کراو بۆ ئەنجومەنی ئاسایش دەربڕی کـە پاشـەڕۆژی پەیوەندی نێوانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و حکومـەتی عێـراق دەستنیشـان دەکـا، هـەروەها بارودۆخی تایبەتی گەلی کورد و هەلنەخلیسکان بەرەو موغامەرە و یا بەرەو موجازەفـەکردن بەدەستکەوتەکانی گەلەکەمان لەلایەن وەفدی پارتیمانەوە ڕوون کرایەوە.

شاندەکە لە هەموو چاوپێکەوتنەکەیدا بە گەرمی و بەڕێزێکی زۆرەوە پێشوازی لێ کـرا، ئەمەش پلە و پایەی بـەرزی پـارتی و سـەرۆك بـارزانی لەناوەنـدەکانی نێودەوڵـەتی و لـەناو عێراقییەکاندا دەردەخات و سەنگینی و ڕۆڵـی پـارتی لـە ڕووداو و پەرەسـەندنەکانی عێراقـدا دەخاتەڕوو.

بڕیاردرا ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٩، ئەنجومەنی نیشتمانی ئۆپۆزسـیۆنی عێـراق بـۆ یەکخسـتنەوەی ئۆپۆزسـیۆن لـە نیۆیـۆرك کۆببێتـەوە. هـەروەها وەفدەکـە سـەبارەت بـە

پەیوەندی دووقۆڵی و پڕۆسەی ئاشتی و جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن، چەندین کۆبوونەوەی دووقۆڵی لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا کرد، شاندی پارتی پابەندبوونی تەواوی خۆی بە ڕێکەوتنی واشنتۆن و جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە و بەردەوامبوون لەسەر هەنگاوەکانی دروستکردنەوەی متمانە و دەستکردن بەجێبەجێکردنی ئەو شەش وەرەقەیەی کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩دا، پەسەند کران دووپاتی کردەوە، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ستایشی هەڵوێستی ئیجابی پارتییان کرد لە پڕۆسەی ئاشتیدا.

ئەمەو وەفدی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی ١٩٩٩/٩/١٠، بۆ بەدواداچوونی پڕۆسەی ئاشتی و ئاگاداربوون لە دید و بۆچوونی هەردوولا سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی پڕۆسەکە، سەردانی کوردستانی کردبوو لە ئاکامی ئەو سەردانەدا، لێژنەی باڵای تەنسیق لە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٢دا، دانیشتنێکی سازدا و هەردوولا لەسەر چەند هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ بەرەوپێشبردنی پڕۆسەی ئاشتی ڕێکەوتن.

لە نیویۆرك و واشنتۆن وەفدی پارتی، زەنجیرەیەك دیداری دووقۆڵی لەگەڵ ئەمینداری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز جەلال تاڵەبانی سازدا و بۆ تاوتوێکردنی پڕۆسەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی واشنتۆن و بەردەوامبوون لەسەر هەنگاوەکانی بیناکردنەوەی متمانە و ئاساییکردنەوەی قۆناغ بە قۆناغ.

هەنگاوەکانی پێشوو و دیداری دووقۆڵی لەگەڵ ڕێزدار تاڵەبانی، ڕەنگدانەوەی ئیجابی هەبوو لەسەر پڕۆسەی ئاشتی و هەردوولا لەسەر کۆمەڵێك هەنگاوی پراکتیکی ڕێکەوتن، هەروەك ئاسانکردنی هاتوچۆ و تێپەڕبوونی ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی، بە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پارتیدا و ئاسانکردنی بە یەکگەیشتنی ڕاستەوخۆ نێوان هەردوو سەرکردایەتی و، ئازادکردنی باقی دیل و گیراوەکان جگە لەوانەی کە کاری تیرۆریستییان ئەنجام داوە و کەمکردنەوەی هێزی سەربازی لە میحوەرە ناستراتیجییەکاندا و پەلەکردن لە پڕۆسەی گەڕانەوەی دەرکراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان و سازدانی سەردان لە نێوان هەردوولادا و کارکردنی جددی، لە پێناوی تەمویلکردنی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکانی یەکێتی.

گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا بە ڕاشکاوی و شەفافیەت و بۆ ئیجابی و ڕێزلێنانی هاوبەشەوە ئەنجام دران. لەو باوەڕەداین کە سیاسەتی پارتی ڕاست و دروست و بنیاتنەرانەیە، ئەم سیاسەتە بەپێی ستراتیژی ئاشتی و ئاشتبوونەوە و دانانی بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی گەلەکەمان لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە، بەڕێوە دەچێت و پشت بە

تێگەیشتن و دەرککردنی وەزعی نێودەوڵەتی دەبەستێت و لە پێناوی گونجان و هەماهەنگی لەگەڵ تەوژمی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلانی گەورە و بچووکەوە، کار دەکات و لە بڕیاردانی سەرپێیی دوور دەکەوێتەوە و دیبلۆماسیەتێکی هێمن و لەسەرخۆ بە مەبەستی زیادکردنی دۆستان و پاساونەدان بۆ دەستێوەردانی لایەنی دیکە لە کاروباری ئێمەدا، پەیڕەو دەکات.

بەم بۆنەیەوە ئەوپەڕی پێزانینی خۆمان بۆ ڕۆڵی (لەشکری کوردستان) و پێشمەرگەی قارەمانی پارتی و بارزانی دەردەبڕین، کە لە پێناوی داکۆکیکردن لە شەرعییەت و لە دەستکەوتە نیشتمانییەکان، لە دەستکەوتەکانی گەل، قوربانییەکی زۆریان داوە و هەوڵی دامەزراندنی دیکاتۆریەتیان لە کوردستان پووچەڵ کردۆتەوە و تەقەلای ناحەزانیان بۆ لەناوبردنی ئەم پارتە تێکۆشەرە لە گۆڕ ناوە.

هەروەها ڕێز و سڵاو بۆ یادی شەهیدە سەربەرزەکانمان دەنێرین، کە لە پێناوی ئەو بەها و پرەنسیپە پیرۆزانەدا، گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی و بەڵێنیان پێ دەدەین، کە لە پێناو بەهێزکردن و پەرەپێدانی هەمەلایەنەی (لەشکری کوردستان) قەڵغانی پۆڵایین و مایەی فەخر و شانازی پارتی و گەلەکەمان، کەمتەرخەمی نەکەین و هەر لەم ڕێگایەشەوە لە سەرکەوتن بە سەر هەموو جۆرە پیلان و دەستدرێژییەکدا، دڵنیا دەبین.

ئەم بایەخدانەمان بە بابەتی شەڕی ناوخۆ و ئەولەویات دانمان بە پرۆسەی ئاشتی لەبەر ئەوەیە کە جەولەکانی ئەم شەڕە و ئەو دابەشکردنەوەی کە شەڕ دروستی کرد و ئەو گرژییە نیمچە بەردەوامەی کە لێی کەوتەوە، نەك بە تەنها زۆر بە سلبی کاری کردۆتە سەر و کار دەکاتە سەر ژیانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری وڵاتەکەمان، بەڵکو لەسەر ئێستا و پاشەڕۆژی کێشەی ڕەوای گەلەکەماندا، کاریگەری سلبی هەبووە و ئەمەش بە قووڵی کاری کردۆتە سەر چالاکی پارتیمان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

لەم ڕاپۆرتەماندا ئەم ڕاستییانەی سەرەوە دەخەینە بەردەستی کۆنگرە و تیایدا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە سەرەڕای ئەو بارودۆخە یەکجار سەخت و دژوار و سەرباری چەندین هۆکاری دیکەش، پارتیمان لە هەموو بوارەکانی ناوەوە و دەرەوەدا، دەستکەوتی زۆری بۆ گەلەکەمان بە دیهێناوە و لە هەمان کاتیشدا، هێز و توانای خۆی چەند بەرابەر کردووە و سەرکەوتنی گەورە و درەوشاوەی لە فراوانکردنی ڕیزەکانی و پتەوکردنی ڕێکخستنەکان و تازەکردنەوەی دامودەزگاکانی خۆیدا تۆمار کردووە.

## شەڕی پەکەکە دژی کوردستانی عێراق

دیمەنی شوێنەوارە سلبییەکانی شەڕی ناوخۆ و کاریگەری لەسەر کیانی ساوا و ژیانی گشتی گەلی کورد و لەسەر چالاکی و بەڕێوەچوون و دەستکەوتەکانی پارتیماندا، بەبێ باسکردنی ڕۆڵی تێکدەرانەی پەکەکە لە کوردستانی عێراقدا تەواو دەرناچێ، کە زۆربەی کات پێکەوە لەگەڵ یەکێتی هەوڵی خۆیان یەکخستووە و بە پشتگیری دوژمنانی ئەزموونی کوردستان شەڕی پارتییان کردووە.

هەر لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە، سەرەڕای ئەو پشتگیری و هاوکارییەی کە پارتیمان بە پەکەکەی دەبەخشی، سیاسەتی پەکەکە لەسەر دەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆ و پیلانگێڕان دژی ئێمە بینا کرابوو و هەڵوێستێکی سلبی بەرامبەر بەو پەنابەرانە هەبوو، کە داوای شەڕی کیمیاوی و ئەنفال پەنایان بردبووە بەر تورکیا.

هەروەها چەکدارانی پەکەکە ساڵی ١٩٨٨، دەستەیەك لە کادیرانی پارتیمان لە گوندی (شیڤ ڕەزە) ڕفاند و تەسلیم بە رژێمی عێراقیان کردنەوە کە لەو کاتەوە بێ سەروشوێنن. لە ڕاستیدا یەکێك لە سەرکردەکانی پەکەکە شانازی بە پیلانگێڕی حزبەکەی دژی پارتیمان دەکات، تەنانەت لەو ماوەیەشدا کە پارتی یارمەتی دەدان، هەروەك لە کتێبێکدا کە لەم دواییە لە ژێر ناونیشانی (مێژوویی پەکەکە)دا، بڵاوی کردۆتەوە ئاماژەی بۆ کردووە. بە پێچەوانەی هەڵوێستی سەرجەم حزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و دۆستانی گەلەکەمان لە هەموو شوێنێکدا کە ئەو دەستپێشخەرییە دیموکراسییە، مایەی خۆشحاڵی و گەشانەوەی ئەوان و بایەخ و پێزانینی ڕای گشتی و لە هەمان کاتدا جێگای ترس و دڵەڕاوکێی دوژمنان بوو، کەچی پەکەکە هەر لە سەرەتاوە، ساڵی ١٩٩٢ دژی پەرلەمانی هەڵبژێردراو و حکومەتی هاوبەشی هەرێم، وەستا.

تاوانەکانی پەکەکە گەیشتە ئەو ڕادەیە کە کۆماری زاب و پەرلەمانی مەنفایان دامەزراند بۆ دژایەتیکردنی ئەزموونی ئێستای کوردستانی عێراق و شێواندن و زڕاندنی ناوبانگی و چەواشەکردنی ڕای گشتی، هەرچەندە ئەمەشیان سەرنەکەوت و فەشەلیان هێنا.

پەکەکە هەر زوو کەوتە گرفت و گۆبەندنانەوە بۆ حکومەتی ساوای هەرێم و لە هەر کوێ دەرفەتی بۆ ڕەخسا، یاسا و نیزامی پێشێل کرد و کار گەیشتە ئەوەی بەگژ دەسەڵاتی حکومەتی یەکگرتووی هەڵبژێردراودا بچێتەوە و لەناوچەکانی سەر سنووردا دەسەڵاتێکی بەدیل دابمەزرێنی و ڕێگە نەدا نوێنەرانی دەسەڵاتی شەرعی توخنی ئەم ناوچانە بکەون و

خەڵکی ناوچەکە دوای ساڵەهای ساڵ ڕاگوێزران و دەربەدەری، بگەڕێنەوە سەر گوندەکانی خۆیان.

نوێنەرانی سەرجەم حزبە کوردستانییەکانی هەرێم، لەو ماوەیەدا کۆبوونەوە و داوایان لە پەکەکە کرد لە کوردستانی عێراقدا چەك هەڵنەگرێ و چیتر دەست نەخاتە ناو کاروباری ناوخۆی ئێمە و پاڵپشتی تاقیکردنەوە ساواکەمان بکات، بەڵام پەکەکە گوێی بەم داوایە نەدا و درێژەی بە ڕێبازی تێکدەرانەی خۆی دا، لە ئاکامی ئەو هەڵسوکەوتە نابەجێیانەدا، مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، شەڕێکی سەرتاسەری لە نێوان ئەوان و هێزە هاوبەشەکانی حکومەتی هەرێم بەرپا بوو.

شایانی باسە کە تاڵەبانی لە کۆتایی مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٢دا، لەگەڵ تورکیا لەسەر دەرکردنی چەکدارانی پەکەکە لە کوردستانی عێراقدا، ڕێکەوتنێکی ساز کردبوو و پارتیش بەو ڕێکەوتنە ڕازی بوو. هێزەکانی پەکەکە بێ ئەوەی بەرگرییەکی ئەوتۆ بنوێنن، لەگەڵ عوسمان ئۆجەلانی سەرکردەی (محلی)یان خۆیان دایە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە و ڕازی بوون بەوەی چەکە قورس و سووکەکانیان تەسلیم بکەن، بەڵام لە ڕووی هۆکاری نەتەوەیی و مرۆڤایەتییەوە، ڕێگەیان پێ بدرێ لە کوردستانی عێراقدا بمێننەوە، کەچی یەکێتی ڕێکەوتنەکەی جێبەجێ نەکرد و هێزەکانی پەکەکەی لە چەك دانەماڵی و لە جیاتی ئەوە لە زەڵێ و دەوروبەری زەڵێدا، شوێنی حەوانەوەی بۆ دابینکردن و ڕێگەی پێدان جارێکی دیکە بەرەو بادینان دزە بکەن، ئەم ڕێبازە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ زیاتر پەرەی سەند.

شەوی ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٩٥، هێزەکانی پەکەکە هێرشێکی کتوپڕ و بەربڵاویان کردە سەر (٢٦) بارەگای ئیداری، سەربازی و حزبی و جەماوەری پارتیمان لەناوچەی بادینان و هەر هەمان شەو سەرکردایەتی پەکەکە لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆنی (Med)ەوە، بەیاننامەیەکی دەرکرد و بەو بیانووەی کە گوایە ڕێکەوتنی ئاشتی ١١ی ئابی (درۆگیدا)، دژی ئەوان ئاراستە کراوە بە شانازییەوە باسی ئەو هێرشە و ئەو زەرەر و زیانە ماددی و بەشەڕییەی کرد کە لە بارەگاکانی داوە.

لە ڕاستیدا عوزری سەرکردایەتی پەکەکە لە قەباحەتیان گەورەتر بوو. شایانی باسە وەفدێکی سەرکردایەتی پەکەکە، هەر هەمان ڕۆژی هێرشەکە، لە سەردانێکدا بۆ سەلاحەدین سەبارەت بە چەندین مەسەلەی جۆراوجۆر، دواى لە یەك گەیشتنی کردبوو و پێشنیارەکانی بە گیانێکی ئیجابییەوە وەرگیرابوون و بڕیار وابوو بۆ ڕۆژی دوای ئەوە درێژە بە وتووێژەکان بدرێ. بەم جۆرە جارێکی دیکە ئاشکرا بوو کە سەرکردایەتی سەرلێشێواوی پەکەکە،

بێشەرمانە نەخشە و پلانی دوژمنانی کیانی ساوای کورد جێبەجێ دەکات. بەمەش هیچ ڕێگایەك لەبەردەم سەرکردایەتی و هێزەکانی پارتیماندا نەمایەوە، جگە لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوونەوەی ئەو دەستدرێژییە بێ پاساوە نەبێ. لە لایەکی دیکەوە سەرجەم حزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەناوەوە، بە تایبەتیش لە دەرەوە کە ژمارەیان خۆی لە (٥٠) ڕێکخراو دەدا، هێرشی چەکدرانی پەکەکەیان دژی حکومەتی هەرێم ڕیسوا و تاوانبار کرد.

شەڕ و پێکدادان لە نێوان هەردوولادا درێژەی کێشا و چەکدارانی پەکەکە، هاتوون لە هەرێمێکی دیکەدا بەری ڕەنج و خوێن و فرمێسکی دەیان ساڵەی کورد بە فیڕۆ بدەن، لەبەردەم پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانیدا کە باوەڕی تەواویان بە عەدالەتی ئەو کێشەیە هەیە، کە داکۆکی لێ دەکەن و لە ئازادی و دەستکەوتەکانی گەلی کورددا، بەرجەستەی دەبێ، دووچاری تێکشکانی یەك لە دوای یەك هاتن و مانگ لە دوای مانگ، بێهێزتر و لاوازتر دەبوون. بۆیەش سەرکردایەتی پەکەکە بە ناچاری کەوتە ناردنی ناوبژیوان بۆ وەستاندنی شەڕ و دەستپێکردنی گفتوگۆ، تا لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٥دا، یەکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند.

جا لە پێناوی نەڕژانی خوێنێکی زیاتری کورد و بە هەستکردن بەو مەترسییە گەورەیەی کە هەڕەشە لە تاقیکردنەوەکەمان دەکات، سەرکردایەتی پارتیمان لە هەموو ڕوویەکەوە بارودۆخەکەی هەڵسەنگاند و مەکتەبی سیاسی بۆ ڕۆژی دواتر ئاگربەستی ڕاگەیاند، سەرکردایەتی پەکەکەش مەرجەکانی پارتیمانی پەسەند کرد و ڕازی بوو بەوەی بە هیچ شێوەیەك دەست نەخاتە ناو کاروباری کوردستانی عێراقەوە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگەکانی بارزانی و پارتی و، ڕۆڵی جەماوەری کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژییەکانی پەکەکەدا بکەین، بە تایبەتیش لە کاتی ئەم پەلامارە و لە کاتی پەلاماری ساڵی ١٩٩٧دا، کە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە. شایانی باسە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕق و هەڵوێستی جەماوەر دەرهەق بە تاوانەکانی پەکەکە بەهێزتر دەبێ، هەروەها حزبە کوردستانییەکان چەندین جار کار و کردەوەی تێکدەرانەی ئەو تاقمەیان مەحکوم کردووە و داوایان کردووە چیتر دەست نەخاتە ناو کاروباری کوردستانی عێراقەوە.

بەڵام ئەو پابەندبوونەی پەکەکە تەنها دوو یا سێ مانگی خایاند و، سەرلە نوێ دەستیان کرد بە پەلوپۆ هاوێشتن بۆ ناو گوند و لادێکان و دەستخستنە ناو کاروباری ئیداری و سەربازی و تەنانەت کۆمەڵایەتی هاووڵاتییانیش. ئینجا ڕفاندنی هاووڵاتییان و چەکدارکردنی

منداڵان بەبێ ڕەزامەندی کەسوکاریان دەستی پێکرد و بە ئۆتۆمبێل و لەسەر شەقامە گشتییەکاندا کەوتنە گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی، بەبێ گوێدانە هێزەکانی ئاسایش و نیزام.

هەر بەوەندەشەوە نەوەستا، بەڵکو ئۆجەلان خۆی، لەسەر کەناڵی چەواشەکاری تەلەڤیزیۆنی (MED) لێدوانی پڕ لە هەڕەشە و دوژمنایەتی بۆ سەرکردایەتی پارتی دەنارد. بەڵام لە هەموو ئەوانەش خەتەرناکتر دامەزراندنی ١٦ بارەگای سەربازی پڕ لە هەموو جۆرە چەکێکی ڕەخساوی جۆری (بی کەی سی، ئارپی جی، دۆشکە و تۆپی هاوەن) بوو، لەناو هەولێری پایتەختدا. هەر لەو کاتەوە کە هەولێر لە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتیدا بوو، پەکەکە دەستی کردبوو بە دامەزراندنی ئەو بارەگایانە.

لە ڕاستیدا پەکەکە بە خەیاڵی نەخۆش و خاوی خۆی، بیری لە کۆدەتایەکی سەربازی کردبووەوە لە هەولێر، بەڵام تەنانەت بە سەرکەوتنی پیلانەکەش، کە ئیحتیمالێکی زۆر دوور بوو، جگە لە نانەوەی حاڵەتێکی پشێوی و نائارامی لە پایتەختی هەرێمدا، بەرهەمێکی دیکەی نەدەبوو.

ڕۆژی ١٩٩٧/٥/١٤ سەرکردایەتی حزب و حکومەتی هەرێم ئاگاداری پەکەکەی کردەوە، کە هێزەکانی خۆی لە هەولێری پایتەختدا بکشێنێتەوە و بەڵێنی پێدان بە سەلامەتی بیانگەینێتە سنووری بنکەکانیان. ئەوە بوو ئەوانەی ئەو ڕێگایەیان هەڵبژارد کە زۆربەیان نەخۆش و بریندار و ئافرەت بوون و توانای شەڕکردنیان نەبوو بە سەلامەتی گەیێندرانە قەسرێ و لەوێشەوە بەرەو بنکەکانیان، لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بەڕێکەوتن، بەڵام سەرکردایەتی پەکەکە فەرمانی بەوانەی تردا، کە بمێننەوە و شەڕ بکەن، ئەوانیش کەوتنە تەقەکردن و تۆپبارانکردنی گەڕەکەکانی ناو شار. هێزەکانی پەکەکە نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگری بکەن و هێزەکانی حکومەتی هەرێم لە هەموو شوێنەکاندا کۆنترۆڵی وەزعەکەیان کرد، ئەمەش شەڕێکی دۆڕاوی دیکە بوو کە پەکەکە بە بێ پاساو و، بێ ئەوەی پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندی ئەو دابێت، ئەنجامی دا و بەرهەمەکەشی فەشەلهێنانێکی بێوێنە و تێکشکانێکی تەواو بوو.

پەکەکە دەستبەرداری کاری دوژمنکارانە دژی شەرعییەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق و دژی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو، بەڵکو وێڕای ئاگربەستی نێوان پارتیمان و یەکێتی بەپێی ڕێکەوتنی ئەنقەرە، بە ئاشکرا لەناوچەکانی یەکێتییەوە بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە دزەی دەکرد.

لە ڕاستیدا پەکەکە بێ گوێدان بە ڕیسوابوون و تاوانبارکردنی جموجۆڵی خیانەتکارانەی لەلایەن حزبە کوردستانییەکان و بەبێ گرنگیدان بەو زەرەر و زیانە زۆرەی کە بەردەوام لە هێزەکانی دەکەوت، بەرەی سەرەکی شەڕی خۆی گواستەوە بۆ کوردستانی عێراق.

تاقیکردنەوەی زستانی ساڵی پار دەرسێکی دژوار بوو بۆ پەکەکە، ئەوە بوو **عەبدوڵا ئۆجەلانی** سەرکردەکەی لە سوریا وەدەرنرا، هیچ وڵاتێکی دنیا ڕازی نەبوو پەناگە یا شوێنێکی حەوانەی بۆ دابین بکات و سەرەنجام دوای ئەوەی کەوتە دەستی هێزەکانی تورکیا، دوور لە هەر جۆرە ئازایەتی و شەهامەت و کەرامەتێك کە گەلی کورد و بە تایبەتیش سەرکردەکانی پێیانەوە ناسراون، هەڵسوکەوتی کرد و لە پێناوی ڕزگارکردنی سەری خۆیدا بە بەرچاوی هەموو دنیاوە وازی لەو کێشەیە هێنا کە ئیدیعای دەکرد داکۆکی لێ دەکا.

تروسکاییە ئومێدێك لە ئارادا بوو کە سەرکردایەتی پەکەکە دەرس و پەند، لەم تاقیکردنەوەیە سەخت و ئابڕووبەرە وەربگرێ و بێتەوە هۆشی خۆی، بەڵام بە پێچەوانەوە کۆنگرەی شەشەمی پەکەکە کە لە هەمان بارودۆخدا بەسترا، سوور بوو لەسەر درێژەپێدانی شەڕ و کوشتار لە کوردستانی عێراقدا. ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووی دیکە بوو کە ئیرادەی پەکەکە بەدەست خۆی نییە و هێشتا زۆر دوورە لەوەی کە ببێ بە بزووتنەوەیەکی نیشتمانی دیموکراتی کوردستانی ئاسایی، بەڵکو سەرلەنوێ سەلماندی کە لە بەرامبەر هەندێك ئاسانکاری و دەستکەوتی کەم و کاتیدا، هەردەم ئامادەی خۆبەدەستەوەدانە بۆ ئیرادەی ئەو هێزە ناوچەییانەی کە دژی خواست و ئاواتەکانی گەلی کوردن.

**دوای گێڕانەوەی گرنگترین ڕاستی و ڕووداوەکانی شەڕی پەکەکە دژی کوردستانی عێراق، بە پێویست و سوود بەخشی دەزانین ئاماژە بۆ گرنگترین خەسڵەتە سلبییەکانی پەکەکە بکەین کە بریتین لە:**

١. پەکەکە خۆی لە باوەشی دەوڵەتانی ئیقلیمی و دەزگا موخابەراتییەکانیان هاوێشتووە و ئامادە بووە ببێتە ئامرازێکی ملکەچی دەستی ئەوان، بۆ دژایەتیکردنی کورد و حزبەکانی لە تێکڕای ئەو دەوڵەتانەدا. بۆیەش پەکەکە لە حاڵەتی دژایەتیکردنێکی بەردەوامی سەرجەم حزب و هێزە کوردستانییەکانی گشت پارچەکانی کوردستاندا بووە و بێگومان ئەمەش لەسەرووی هۆکارەکانی شەڕی پەکەکەیە دژی کوردستانی عێراق و باشترین بەڵگەش، لێدوانەکەی **عەبدوڵا ئۆجەلان** بۆ ژمارەی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/١٣ی گۆڤاری *الوسط* کە دەڵێ: "ئەو کیانەی باکووری عێراق خەنجەرێك دەبێت دژ بە ئێمە و هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لە باکووری جیهانی عەرەب و لە ڕۆژئاوای ئێران دەکات، بۆیەش ڕێگەگرتن

لە دروستبوون و دامەزراندنی ئەو کیانە، ئـەرکێکی بنچینـەیی سەرشـانمان و ئامـانجێکی سەرەکیمانە، هەر بۆیەش شـەڕێکی تونـدوتیژ و خەسـتمان لـە باشـوور بـەرپا کـردووە و توانیومانە ئەو مەترسییە بوەستێنین".

٢. سـەرکردایەتی پەکەکـە ڕاهـاتوون لەسـەر ئـەوەی کـە سـەرجەم خـەبات و تێکۆشـانی کوردستانی و تەنانەت مێژووی هاوچەرخی کوردیش بسڕنەوە، گوایە بزووتنـەوەی کـورد لەگەڵ سەرهەڵدان و هاتنەمەیدانی ئەوانەوە دەستی پێ کردەووە، ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئەوەی زیاتر لەخۆیان بایی ببن و زۆر جار بەم بیانووە دژایـەتی و شـەڕی حـزب و هێـزە کوردستانییەکان بکەن و پەلاماریان بدەن.

٣. ڕێبازی پەکەکە لەمەوبەر و ئێستاش ئەوە بووە، کە خۆیان بە دەسەڵاتی بەدیل بزانن لـە کوردستانی عێراقـدا و هـەوڵ بـدەن لـە ژێـر پـەردەی دروشـمی دیماگۆجی، لـە جـۆری گاڵتەکردنی بە حوکمی زاتی و فیدراڵیزمەوە، پاساو بۆ ئەو مەرامەیان بێننـەوە. جـا ئـاخۆ ئێستا کە داواکارییەکانیان هێندە دابەزیوە و تەنها بە لێبوردنێك ڕازیـن، دەبـێ گاڵتـە بـە چی بکەن؟

کار گەیشتۆتە ئەوەی ئۆجەلان داوا لە حزبەکەی بکات کە واز لە پەیمانی سیڤەر بهێنێ، ئەو پەیمانەی مافی چارەی خۆنووسین و دروسـتکردنی کیـانی سیاسـی بـۆ کـورد دیـاری کردووە و، پەیمانی لۆزان تەبەنا بکات کە ئەو مافانەی ڕەت کردۆتەوە، هەروەك نـاوبراو لـە نامەیەکـدا ڕۆژی ١٩٩٩/٨/١ بـۆ ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی تاقمەکـەی ئامـاژەی بـۆ کردووە.

بابــەتی "دەســەڵاتی بــەدیل" مایــەی ناکۆکییــەکی زۆرە و دژ بــە لۆژیــك و هــەموو ڕاستییەکانی سەر ئەرزی واقعیدا تەنها بە وازهێنان و دەستبەرداربوونی پەکەکە، لـە ورد و درشتی ئەم دروشمە چارەسەر دەبێ.

پێکهێنـانی چەنـد حزبێکـی ڕووکەشـی لـە جـۆری (پـاك و ینـدك) و بڕیـاری پێکهێنـانی پەکەکەی باشوور لە کۆنگرەی ئەم دواییـەی پەکەکـەدا، تـەنها بـە مەبەسـتی داتاشـینی پاسـاو و بیانوهێنانەوەیـە بـۆ دەسـت خسـتنە نـاو کاروبـاری کوردسـتانی عێـراق و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەدیل.

بە هۆی ئەو دەستتێوەردانە بەردەوامـەی پەکەکـە و لەبـەر ئـەوەی کـە یـەکێتی کـارتی پەکەکە لە شەڕی دژ بە پارتیمان بەکار دەهێنێ، بۆیە لە تێکـڕای ڕێکەوتنـەکانی ئاشـتی، بـە ڕێکـەوتنی (درۆگیـدا و ئەنقـەرە و واشـنتۆنەوە)، بابـەتی تاوانبـارکردنی پەکەکـە و ڕێگەگرتن لە دەستتێوەردان و بوونی لە کوردستانی عێراقدا دووپات کراوەتەوە، بەڵام نە یەکێتی و نە پەکەکە پابەندی جێبەجێکردنی نەبوونە.

٤. لە قۆناغە جۆربەجۆرەكاندا پارتیمان كۆبوونەوەی زۆری لەگەڵ، سەركردایەتی پەكەكە كردووە و زۆر لایەنیش بە ڕۆڵی ناوبژیوانی نێوان هەردوولا هەڵساون و، پەكەكەش لە كاتی تێكشكان، و لاوازیدا ناوبژیوانێكی زۆر دەنێرێت و پارتی مەبەستی بووە بەم كارە مەترسی و ئاژاوە و شەڕ و شۆڕی پەكەكە لە كوردستانی عێراق دوور بكاتەوە. بەڵام ڕێكەوتنەكانی پەكەكە لەگەڵ لایەنەكانی دیكەدا، هیچ بایەخێكیان نییە و تەمەنیان كورتە و زووبەزوو لێیان پاشگەز دەبێتەوە، گوایە ئەمە تاكتیكێكی باش و زیرەكی و فرتوفێڵی سیاسییە. هەروەها پەكەكە بە خۆ بەزاڵزانینەوە سەیری لایەنی دیكە دەكات و خۆی بە لوتكەی شۆڕشگێڕی و حیكمەت و سیاسەتزان دادەنێ، بێ ئەوەی بزانێ كە متمانە و ئیعتبار سەرمایەیەكی گەورەیە، لە سیاسەتیشدا وەك ئابووری ئەگەر ون بوو بە زەحمەت قەرەبوو دەكرێتەوە.

٥. ئێمە كار و كردەوەی پەكەكە لە مافە نەتەوەیی و دیموكراسییە ڕەواكانی گەلی كورد لە كوردستانی توركیا جیا دەكەینەوە و، باوەڕمان بە تێكۆشان هەیە لە پێناوی چارەسەركردنی كێشەی كورد بە شێوەیەكی ئاشتییانە و دیموكراسییانە لە نێوان كورد و حكومەتانی ئەو وڵاتانەی كە كوردیان تیادا دەژی.

هەروەها ئێمە دەست ناخەینە ناو كاروباری لایەنی دیكە و ڕێگە نادەین خاكی هەرێم دژی دەوڵەتانی دراوسێ بەكار بهێنرێ و قەبوڵیش ناكەین، لایەنی تر دەست لە ئیش و كارمان وەربدات. لەلایەكی دیكەوە پەیوەندیمان لەگەڵ توركیا بایەخێكی تایبەتی هەیە و، سنوورێكی دوورودرێژی هاوبەش پێكەوەمان دەبەستێتەوە و تاكە دەروازەمانە، بۆ دنیای دەرەوە و شادەماری ئابووری و بازرگانی گەلەكەمان پێك دەهێنێ، ئەمە سەرەڕای بەشداریكردن و ڕۆڵی توركیا لە هەمواركردن و ڕەخساندنی ئەركی پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ كوردستانی عێراق. بەڵام پەكەكە هیچ بایەخێك بە هەموو ئەم هۆكارانە نادات و بە پێچەوانەوە، هەوڵێكی تایبەتی دەدات بۆ وروژاندنی توركیا و تێكدانی پەیوەندییەكانی لەگەڵ كوردستانی عێراقدا.

پەكەكە زەرە و زیانێكی ماددی و مەعنەوی یەكجار زۆری لەگەلی كوردستانی عێراق و سەرئەنجام لەسەر كێشەی كورد داوە و بۆتە سەبەبكاری كوشتن و بریندارکردنی هەزاران هاوڵاتی و سوتاندنی دەیان گوند و قوتابخانە و بنكەی تەندروستی، تا ئێستاش بە هۆی كاری تێكدەرانەی پەكەكەوە، زیاتر لە (٤٢٠) گوند لە دانیشتووان چۆڵ كراون و نەیتوانیوە یەك شوێن پێ لە كوردستانی توركیا بۆ خۆی ئازاد بكات.

پەكەكە بە ئەنجامدانی كار و كردەوەی تیرۆریستی، بە تایبەتیش لە ئەوروپا و بە

دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ بازرگانی موخەدەرات و (ابتزاز) و تاوانی نەخشە بۆکێشراودا، ناوبانگی باشی گەلی کوردی لەکەدار کردووە.
گومان لەوەدانییە کە پارتیمان ناچار بووە بەشێکی بەرچاوی وزە و توانای خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاری تێکدەرانە و دوورکردنەوەی شەڕ و شۆڕی پەکەکە لەگەلەکەمان تەرخان بکات. بەڵام ڕاستییەکان بە ڕاشکاوی دووپاتی فەشەلهێنانی پەکەکە لە هەموو بوارەکاندا دەکەنەوە، بە تایبەتیش کاتێ لەناوەڕاستی ساڵانی نەوەتدا دژایەتیکردنی پارتی و کوردستانی عێراقی بە ڕێبازی پراکتیکی خۆی، چونکە پێیان وایە ئەگەر پارتی نەبێت ئەوان دەبنە تاکە سواری مەیدان.
ئێستا ئاشکرا بووە کە پەکەکە لە ڕووی ناوبانگی سیاسی و توانای سەربازییەوە، بەردەوام بەرەو لاوازی دەڕوات و بە هۆی ئەو تاوانانەی کە دەستە بەخوێنسوورەکانی دەرهەق بە گەلەکەمان ئەنجامی داون، بۆتە مایەی بێزاری و کینەی هاووڵاتییان و تا لەسەر ڕێبازی دژ بە بەرژەوەندی و خواستەکانی گەل بەردەوام بێت، جگە لە فەشەلهێنان و مایەپووچی و ڕیسوایی دەستکەوتی دیکەی نابێت.
ئێستاش کە پەکەکە ڕایگەیاندووە، هەموو چەکدارەکانی لە تورکیا دەکێشێتەوە و سەرکردەکانی بەڵێنیان داوە لەمەودوا هەرگیز پەنا نەبەنە بەر چەك دژی تورکیا، بۆ چی و بە چ مەبەستێك چەکدارانی خۆی لە کوردستانی عێراق کۆ دەکاتەوە؟ ئایا هیچ بیانو و پاساوێك بۆ هێشتنەوە و ڕاگرتنی چەکدار لەئارادا ماوە؟
عەقل و مەنتیق وا دەخوازێ پەکەکە کۆتایی بە دەستتێوەردان و بوونی خۆی لە هەرێم بێنێ و ئەو لاپەڕە ڕەشەی دژی کوردستانی عێراق و گەلی کورد تۆماری کردووە، بە یەکجاری دابخات. مایەی شانازییە کە پارتیمان نەخشە و پیلانی پەکەکەی پووچەڵ کردۆتەوە و ڕێگای لەبەردەم دیکتاتۆریەتی ئەو تاقمەدا گرتووە و دووپاتیشی دەکەینەوە کە بە هیچ شێوەیەك بارەگا و بوونی پەکەکە لە کوردستاندا قەبوڵ ناکرێت.
لە سایەی ئەو هەموو تەگەرە و کەند و کۆسپانەدا و لەبەردەم تەحەدیاتی زادەی شەڕی ناوخۆی بە زۆرداسەپاوی یەکێتی و پەکەکەدا، پارتیمان لە پێناوی بەدیهێنانی مافەکانی گەلەکەمان و خواستە ڕەواکانی لە ئازادی و دیموکراسی و فیدراڵیزمدا، خەباتی کردووە و لە ژێر هەمان بارودۆخی ئاڵۆزیشدا، لەسەر بیناکردنی دامەزراوەکانی ڕێکخستنن و ئیعلامی و جەماوەری و بوارەکانی دیکە، بەردەوام بووە و لە پێناوی بەهێزکردنی ڕۆڵی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و سەروەری یاسا و پتەوکردنی هێزی بەرگری لە خۆی و لە دامودەزگا شەرعییەکان کاری کردووە.

## بارودۆخی نێودەوڵەتی و کێشەی کورد

بارودۆخی نێودەوڵەتی لە ماوەی دوای بەستنی کۆنگرەی یازدەی پارتیماندا، بەوە جیادەکرێتەوە کە سیستەمی نوێی نێودەوڵەتی تیایدا جێگیر بوو، ئەو سیستەمەی کە دوابەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و داڕمانی بلۆکی سۆسیالستی، لە سەرەتای نەوەتەکاندا سەری هەڵدا و لە ئاکامدا سیستەمی تاك جەمسەری هاتە کایەوە، کە لە هێزی گەورەی سەربازی و تەکنیکی و ئابووری و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دەستڕۆیشتوو بەسەر جیهاندا بەرجەستە دەبێ.

سیستەمی نوێی نێودەوڵەتی، خوازیاری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بیناکردنی دیموکراسی و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشە و ناکۆکییەکان و ڕێزلێنانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی چەوساوە و لیبرالیزمی ئابوورییە. دیاردەی "عەولەمە" باڵی بەسەر جیهاندا کێشا و هەموو دنیای وەك تاکە گوندێك لێ کرد، ئەمەش لە ئاکامی پەرەسەندنی گەورە و خێرای ئامرازەکانی بە یەکگەیشتن و بڵاوبوونەوەی تەکنیکی دروستکردن و ئاڵوگۆڕی زانیارییەوە سەری هەڵدا و، بوو بە هۆی بەیەکەوەگرێدانی هەموو بەشەکانی جیهان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە و کارتێکردنی هاوبەش و خێرای گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی ئابووری و سیاسی لەسەر بارودۆخی گشتیدا.

ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سیستەمی نوێی جیهاندا، زۆر مەزنتر بوو و ئەرکی ئامادەکرنی هێزی ئاشتیپارێز و تەدەخول و لێکجیاکردنەوە و ناوبژیوانیکردنی ناکۆکی ئیقلیمی و ناوچەیی گرتە ئەستۆ.

لە سایەی سیستەمی نوێدا ڕۆڵی ڕێکخراو و دەستەبەندییە ئیقلیمییەکان، بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان پتەوتر بوو و هاوکاری و هەماهەنگی نێودەوڵەتی بۆ بەگژداچوونەوە و نەهێشتنی کاری تیرۆریستی پەرەی سەند.

هەروەها لەپاڵ سیستەمی نوێی نێودەوڵەتیدا، چەندین ناکۆکی ڕەگەزی و نەتەوەیی و کێشەی سنووری و گەلێك شەڕ و پێکدادانانی ناوخۆ لە بەلقان و قەوقاز و ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەقینەوە، کە لە هەندێك لەو شەڕانەدا کردەوەی لەناوبردنی بەکۆمەڵ و پاکتاوکردنی ڕەگەزی و پێشێلکردنی زەق و لە ڕادەبەدەری مافەکانی مرۆڤ پەیڕەو کرا، ئەمەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاندا کە لە پێناوی خامۆشکردنی خاڵەکانی گرژی و کارەساتە مرۆڤایەتییەکاندا، لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە تەدەخول بکات و هێزی سەربازی

بەکار بهێنێ. هەروەها هەنگاوی پراکتیکی سەری هەڵدا بۆ ئەوەی تاوانبارانی جەنگ، لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی دەرهەق بە مرۆڤایەتی ئەنجامیان داون، لە دادگای نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێن. لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا پرنسیپی دەستتێوەردانی مرۆڤایەتی سەری هەڵدا، ئەو پرەنسیپەی کە بە هۆی مەینەتی گەلەکەمان لە کوردستانی عێراقدا، وەك دەستپێشخەرییەکی یاسایی و سیاسی بۆ مرۆڤایەتی جێبەجێ کرا.

دەسەڵاتی ڕژێمی شمولی و دیکتاتۆری و زوڵم و زۆری نەتەوەی سەردەست، دژی نەتەوە و ڕەگەزی بچووك لەژێر پەردەی سەروەری نیشتمانی و دەستنەخستنە ناو کاروباری ناوخۆ، یا لەژێر هەر بڕوبیانوویەکی دیکەدا، چیتر لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕای گشتی جیهانەوە پەسەند نەبوو.

لە کاتێکدا چەند دەوڵەتێك مافی زیاتر و ئۆتۆنۆمییان بە نەتەوە بچووکەکانیان بەخشی، هەروەك چۆن بەریتانیا بەرامبەر بە (سکۆتلەندا، وێلز و ئیرلەندای باکوور) هەڵسوکەوتی کرد، لە هەمانکاتدا دەوڵەتی تازەش یا بە ئاشتی لە دەوڵەتی فرە نەتەوەیی جیابوونەوە، هەروەك لە (چیك و سلۆڤاکیا) یا لە ڕێگەی شەڕی خوێناوییەوە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا هەروەك لە یۆگسلاڤیا.

دەستێوەردانی سەربازیی، پەیمانی ناتۆ بە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ ئازادکردنی کۆسۆڤۆ و نیشتەجێکردنی گەلە ڕاگوێزراوەکەی، کە سیاسەتی لەناوبردن و پاکتاوکردنی ڕەگەزی، برینێکی زۆری لە جەستەیدا نەخشاندووە، نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێشێلکاری دڕاندانەی مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی گەلان ڕەت دەکاتەوە.

پێشکەوتنێکی گەورە لە بواری چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشە و ناکۆکییە کۆن و مێژووییەکانی نێوان فەڵەستین و عەرەب لە لایەك و ئیسرائیل لەلایەکی دیکەوە، هەروەها لە نێوان ئیرلەندییەکانی کاسۆلیك و پرۆتستان سەری هەڵدا و دەنگدان و ڕاوەرگرتن لەسەر چارەنووسی گەلی تەیموری ڕۆژهەڵات لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەنجام درا.

لە ڕاپۆرتی سیاسی پێشکەش کرا و بۆ کۆنگرەی یازدەی پارتیماندا هاتووە کە: ئێمە لە جیهان دانەبڕاوین و هەرگیز ناتوانین خۆمان لە جیهان دوورەپەرێز بگرین، ئێمە بەشێکی ئەم جیهانەین کە بەردەوام لە گۆڕاندایە و پێویستە لەگەڵ پەرەسەندن و ڕووداوەکانی جیهاندا بگونجێین.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان و مەڵبەندەکانی توێژینەوە و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و

پەرلەمان و حزبە سیاسییەكان و تەنانەت حكومەتەكانیش بایەخیان بە كێشەی نەتەوەی كورد دا و هاوەردی و هاوكاری خۆیان لەگەڵ مەینەتییەكانی ئەم گەلە دەربڕی. ئەم بایەخەش بە شێوەیەكی بنەڕەتی ئاراستەی مافە مرۆڤایەتی و مەدەنی و ڕۆشنبیرییەكانی گەلی كورد و تاوانباركردنی تیرۆر و زەبر و زەنگ كرا.

دید و بۆچوونی نێودەوڵەتی لە بواری گەڕان بەدوای ڕێگاچارەی سیاسییانەی كێشەی كورددا، واقعبینانە و نەفعی بوو و داوای دەكرد و خوازیاری ئەوە بوو، كە دان بە ناسنامەی كورد بنرێت و ڕێگاچارەی دیموكراتیانەی كێشەی كورد لە چوارچێوەی هەریەك لەو دەوڵەتانەی كە كوردیان تیادا دەژی بدۆزێتەوە. هەڵوێست و دید و بۆچوونی واقیعبینانەی پارتیمان دەربارەی چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەی كورد لە كوردستانی عێراق و پارچەكانی دیكەدا مایەی ڕێز و پێزانینی كۆڕ و مەڵبەندەكانی نێودەوڵەتی بوو.

پارتیمان و حزبە كوردستانییەكانی دیكە و مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەكان و جالیەی كورد لە ئەوروپا و ئەمریكا و كەنەدا و ئوستراليا، ڕۆڵێكی گرنگیان گێڕا لە ڕاكێشانی سەرنج و بایەخی جیهان بە كێشەی كوردەوە. هەروەها خەباتی گەلەكەمان و ئەو كارەساتە مرۆڤایەتییانەی كە لە كوردستانی عێراقدا دووچاریان هات، لە جۆری شەڕی ڕەگەزپەرستی و ڕاگوێزان و سەركوتكردن و بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لە كوردستان بە گشتی و لە هەڵەبجە بەتایبەتی و پەیڕەوكردنی سیاسەتی لەناوبردنی بە كۆمەڵ، لە كاتی شاڵاوی بەدناوی ئەنفال و چەندین كارەساتی دیكە، لەگەڵ دیمەنە مرۆڤتەزێنەكانی كۆڕەوی ملیۆنی، كە ویژدانی جیهانیان هەژاند و لە گەورەیی و ترسناكی كارەساتەكە ئاگاداریان كردەوە، وەرچەرخانێكی مێژوویی و بنچینەی هاودەردی و هاوكاری نێودەوڵەتی لەگەڵ كێشەی ڕەوای گەلەكەمان پێك هێنا.

دوابەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی و ئازادی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ و بەدیهێنانی ڕێكەوتنی سیاسی سەرەڕای سەركەوتنی پارتیمان لەو هەڵبژاردنەدا، هەروەها دوای ئەویش دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هاوبەشی هەرێمی كوردستان و ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم و بڵاوكردنەوەی فرە حزبی و ئازادی سیاسی و، دەستكردن بە بیناكردنی دامودەزگای كۆمەڵگای مەدەنی، هەموو ئەمانە مایەی زیاتر بوونی سەرنج و بایەخی نێودەوڵەتی بوو بە تاقیكردنەوەی گەلەكەمان.

سەرەڕای تەگەرە و گرفتی بەردەم بەشدار بوون لە شێوازی حوكمی (نیوە بە نیوە)، لەگەڵ یەكێتی و ئەو لادان و دەستدرێژییانەی كە ئەنجام دران، بەڵام تاقیكردنەوەی حكومەتی هاوبەش لە ساڵانی ١٩٩٢ ـ ١٩٩٣دا، بەرەو جێگیربوون و بەدەستهێنانی دانپیانان

و قەبوڵێکی زیاتر هەنگاوی دەنا و ئەگەر هەڵبژاردنێکی دیکە لەکاتی دیاریکراوی خۆی و دوور لە کارەساتی ئەو شەڕە ناوخۆییەی، کە یەکێتی هەڵیگیرساند ئەنجام بدرابووایە، ئەوا تاقیکردنەوەی دیموکراتی گەلەکەمان بە قۆناغێکی پێشکەوتوو لە گەڵاڵەبوون و دروستبوونی سیاسی دەگەیشت.

سەرەڕای بەردەوامبوونی ئابڵۆقەی دووسەرەی ناوەوە و نێودەوڵەتی و وێڕای هاوکاری دەوڵەتانی ئیقلیمی بۆ خنکاندنی تاقیکردنەوەکە، کەچی لە سایەی بیناکردنی دامودەزگای سیاسی و دیموکراتی و لە سایەی بەردەوامبوونی پارێزگاری نێودەوڵەتییەوە، کە ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمان دەستەبەریان کرد و بە هۆی پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆڤایەتی بۆ سووککردنی باری (وەزعی) سەختی ئابووری، ئەزموونی حوکمڕانی خۆماڵی گەشەی دەکرد.

هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ١ی ئایاری ساڵی ١٩٩٤دا، کە یەکێتی نەخشەی بۆ کێشا و بەرپای کرد، بروسکەئاسا لە ڕەگوڕیشەوە هەڕەشەی لە بناغەی ئیدارە و ڕێکەوتنی سیاسی کرد و دۆستانی گەلەکەمانی نائومێد و دوژمنانی ئەزموونەکەشی خۆشحاڵ کرد. هەرچەندە ناکۆکی و ململانێی ناوخۆ لە بنچینەوە لەسەر دەسەڵات بوو، بەڵام یەکێتی هەوڵی دا بە شەڕ، نەك بە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدان یەکلای بکاتەوە.

ئەو شەڕە کاولکارییە کە هەموو موحەرەمات و بەهایەکی نیشتمانی خستە ژێرپێ و پێشێلکارییەکی زۆری مافەکانی مرۆڤی لێکەوتەوە، گەورەترین زەرەر و زیانی لەناوبانگی گەلەکەمان دا و عەدالەتی کێشەکەمانی شێواند. جیهانی دەرەوە گوێی بە هۆیەکانی ئەو شەڕە و سەبەبکاری شەڕەکە نەدا، بەڵکو داوای کرد و هەوڵی دەدا، کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییە لە دەست گەلەکەمان نەچێت، کە بۆ ڕزگاربوون لە ئیشوئازارەکان و ژیان بە سەربەرزی و بە ئاشتی بۆی ڕەخسا بوو.

سەرەڕای چەندین هەوڵی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و جەولە، یەك لە دوای یەکەکانی گفتوگۆی نێوان هەردوولایەنی کێشەکە، بەڵام ئەو هەوڵانەی بە هۆی سەرسەختی و هەوڵی بە چەك خۆسەپاندنی یەکێتییەوە سەریان نەگرت و پێکهاتنێکی پەسەندیان لێ نەکەوتەوە.

دوای ئەوەی لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦دا، پارتی هەولێری پایتەختی ئازاد کرد، گۆڕانکارییەکی تەواو لە پارسەنگی هێزدا سەری هەڵدا و وەرچەرخانێکی گەورە لە بواری دەرککردنی لایەنە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان بۆ کێشەکە و بۆ توانای پارتیمان، بۆ کارکردنە سەر ڕووداوەکان ڕووی دا. سەرەڕای کاریگەری سلبی دژی ڕاگەیاندن و شاڵاوی سەر

لێشـــێواوانەی دژ بـــە پـــارتیمان و ســـەرکردایەتییەکەی، بـــەڵام ســـەرکردایەتی پـــارتی و نوێنەرایەتییەکانی بە لێهـاتوویی و حیکمـەتێکی زۆرەوە، چارەسـەر و ئیـدارەی تەنگژەکـەیان کرد چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی وڵاتدا.

هەروەها دەوڵەتانی سەرپەرشتیاری پرۆسەی ئاشتی، بە تایبەتیش ئـەمریکا و بـەریتانیا و تورکیا بایەخێکی زیاتریان بە کێشەکە دا و دەرکیان بە فەشەلهێنانی شێوازی پێشووی خۆیـان کرد لە چارەسەرکردنی قەیرانەکەدا.

دوای جەولەیەکی دیکەی شەڕ و کوشتار کە یـەکێتی لـە پـاییزی سـاڵی ١٩٩٧دا، هـەڵی گیرساند، سەرەنجام بە هەوڵ و تەقەڵای نێودەوڵەتی ڕێکـەوتنی مێژوویـی واشـنتۆن لـە ١٧ی ئەیلولی سـاڵی ١٩٩٨دا، لـە نێـوان سـەرکردایەتی پـارتی و یـەکێتی مـۆرکرا، کـە چوارچێـوە و هـەنگاوی پێویسـتی بـۆ هێنانـە دی، ئاشـتبوونەوەیەکی سەرتاسـەری دەستنیشـان کـرد و ئاسۆیەکی فراوانی لە بەردەمماندا کردەوە، بۆ ئەنجامدانی جموجوڵی سیاسـی و دیبلۆماسـی لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، لە پێناوی گەڕاندنـەوەی ئیعتیبـار و بایـەخی نێودەوڵـەتی بـە کێشەی گەلەکەمانەوە.

تا ئێستاش مەسەلەی هێنانەدی ئاشتی ناوخۆ لە نێوان هەردوولا دا و توانـای کـارکردنی هاوبەش و پێکەوە ژیان و چارەسەرکردنی بە ئاشتی ناکۆکییەکانی نێوانمان، کار دەکاتـە سـەر حوکمی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەسەر تاقیکردنـەوە و کێشـەکەمان لـە کوردسـتانی عێراقـدا. هـەر پێشـکەوتنێکیش لـە ئاشـتبوونەوە و جێبـەجێکردنی ڕێکەوتننامـەی ئاشـتی واشـنتۆندا بێتەدی، دەبێتە هۆی زیادکردنی بایەخ و هاودەردی نێودەوڵەتی لەگەڵ کێشەکەماندا.

هێشتا زۆر ناوچەی جوگرافی و مێژوویی کوردستان لە پارێزگاکانی کـەرکوك و سـلێمانی و نەینەوا و دیالە و قەزای مەخموور لە دەرەوەی ناوچەی پارێزگـاریکراوی نێودەوڵەتیـدان و پارتیمان داوای کردووە و داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکا کە پارێزگاریی نێودەوڵەتی ئـەو ناوچانەش بگرێتەوە، بە تایبەتیش کە هێشتا ڕژێمی عێـراق درێـژە بـە سیاسـەتی تـەعریب و ڕاگواستنی هاووڵاتییانی کورد لەم ناوچانەدا دەدات. پارتیمان ئەو کار و کردەوانەی ڕژێـم بـە مەبەستی گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی کوردستان ڕیسوا و تاوانبار دەکا.

ناکرێ کێشەکەمان لە تـەنگو چەڵەمـەی عێـراق و هەڵوێسـتی نێودەوڵـەتی لـە ڕژێمـی عێراق جیا بکەینەوە، کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و ڕاستەوخۆی لەگـەڵ بـارودۆخی ئێمـەدا هەیە. لە "کۆنگرەی یازدە"ی پارتیمانەوە تـا ئێسـتا نـەرمی نوانـدنێکی ئـەوتۆ لـە هەڵوێسـتی

ئەمریکی و نێودەوڵەتی بەرامبەر بە عێراق ڕووی نەداوە و هێشتا عێراق زیاتر لە (٤٠) بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش مەحکومی دەکات و، هێشتا گەمارۆی ئابووری و سەربازی زۆر توندی بەسەردا سەپێنراوە و هێشتا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەم ڕژێمە بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر دراوسێکانی و بۆ سەر گەلەکەی خۆی دەزانێ.

هەروەها ناوچەکانی دژەفڕین لە باکووری هێڵی (٣٦) و باشووری هێڵی (٣٣)دا، بەردەوامە و هەردوو ناوچەی باکوور و باشوور لە ژێر چاودێریدان. هێزەکانی هاوپەیمان بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونی عێراق بە هێرشنەکردنە سەر دراوسێکانی، هێز و توانایەکی سەربازی گەورەیان لەناوچەی کەنداو هێشتۆتەوە.

ئەمریکا سیاسەتی ئیحتوای دووسەرەی بۆ ئیحتیواکردنی ڕژێمی عێراق پەیڕەو کردووە، ئەمەش لە ڕێگای گەمارۆدان و بێبەشکردنی ئەم ڕژێمە لە دارایی و بەکارهێنانی لێژنەی تایبەت، بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونی عێراق بە داماڵینی چەکی بەکۆمەڵکوژ و دابڕینی ڕژێم لە ڕووی سیاسییەوە و ڕێگەنەدان بە گەڕاندنەوەی ئیعتیباری نێودەوڵەتی بۆی و ئەنجامدانی چالاکی نهێنی، بۆ گۆڕینی ڕژێم لە ڕێگای کۆدەتایەکی سەربازی و پشتگیریکردنێکی ڕاڕای هەوڵی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، کە لە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقدا بەرجەستە دەبوو، بۆ گوشارخستنە سەر ڕژێم لە ڕووی سیاسی و ئیعلامییەوە.

لە ئاکامی زیادبوونی مەینەتییەکانی گەلی عێراق، بە هۆی بەردەوامبوونی گەمارۆکانەوە، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری (٩٨٦) نەوت بەرامبەر بە خۆراکی دەرکرد، لە دەقی بڕیارەکە ڕێژەی (١٣-١٥٪)ی داهاتی نەوت بۆ ئەو سێ پارێزگا کوردییەی باکوور، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدان تەرخان کراوە و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە پێ سپێردراوە. بەمەش بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گەلەکەماندا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی داهاتی فرۆشتنی نەوت کۆ دەکاتەوە و لە پێداویستییە گرنگەکاندا خەرجی دەکات.

پارتیمان پێشوازی لەم پرۆژە مرۆڤایەتییە کرد و لە پێناوی جێبەجێکردنی بڕیارەکە و سووککردنی مەینەتی مرۆڤایەتی گەلی عێراق، ئاسانکاری تێپەڕبوون و ئەمنی و مرۆڤایەتی بۆ دەسەڵاتی ناوەندی ڕەخساند.

لە ئاکامی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا، گۆڕانکارییەکی نەوعی لە ئاستی ژیانی گەلەکەماندا ڕووی دا و تەنگەژەی ئابووری گەلەکەمان سووکتر بوو. سەرەڕای بیروکراتی

نەتـەوە یـەکگرتووەکان و دواکـەوتنی گەیشـتنی ئیمـدادات و کـەمی هەماهـەنگی لەگـەڵ حکومـەتی هــەرێم و دەستنیشــانکردنی ئەولــەویاتی مرۆڤایــەتی لەلایــەن دەســەڵاتی ناوەندییەوە، بەبێ ڕەچـاوکردنی جیـاوازی نێـوان پێداویسـتییەکانی کوردسـتان و ناوچـەکانی دیکـەی عێراقـەوە، کـەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا بەرنامەکـە بـە سـەرکەوتنێکی گـەورەوە لـە کوردستانی عێراقدا جێبەجێ دەکرێـت. بـەڵام لادان و نەهێشـتنی ئـەو تەگەرانـە پێویسـتە و دەکرێ ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی گەلەکەمان ئەوپەڕی سوود لـەم بەرنامەیـە وەربگرێـت کـە سەرچاوەکەی داهاتی گەلی خۆیەتی.

پارتیمان داوا دەکا کە بڕیاری (٦٨٨)ی، ئەنجومەنی ئاسایش بخرێتە گـەڕ تـا ئـەو ڕادەی بـارودۆخی ئێسـتای کوردسـتان لـە ڕووی یاسـایی و لـە ڕوانگـەی یاسـای نێودەوڵەتییـەوە بگونجێنرێـت و دامـەزراوەکانی هـەرێم، وەك دەزگـای شـەرعی نوێنـەری گەلەکـەیان سـەیر بکـرێن و هـەوڵیش دەدا بـۆ ئـەوەی کـە ئیـدارەی کـورد لـە دەزگـا پەیوەنـدارەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکاندا نوێنەری هەبێت، ئەمەش بە مەبەستی چاکترکردنی هەماهەنگی و کاری ئەو دەزگایانە، لە جێبـەجێکردنی بەرنامـەی مرۆڤایـەتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و بـۆ دەربڕینـی دەنگی گەلی کورد لەم کۆڕە جیهانییەدا، هەروەها پارتیمان داوای ڕێکخستنی پۆستەی نێـوان هەرێمی کوردستان و دنیای دەرەوە دەکات، کە ئەوەش پێویستییەکی گرنگی مرۆییە.

ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر لە نێوان لێژنەی تایبـەت بـە دامـاڵینی چـەك (یۆنسـکۆم) و دەسەڵاتدارانی عێراق ڕووی دا و بوو بە هۆی ئەوەی کە لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٩٨دا، لێژنەکـە عێـراق بـەجێ بهێڵـێ و ئـەمریکا و بـەریتانیاش بـە مەبەسـتی تێکـدان و ڕێگـەگرتن لـە دروسـتکردنەوەی چـەکی بـە کۆمـەڵکوژی ڕژێمـی عێـراق لـە پڕۆسـەی "ڕێـوی بیابـان"دا بۆردوومانی عێراق بکەن.

ڕژێـم تەحـەدای ناوچـەکانی دژەفڕینـی کـرد و بـە نامـەشروعی لـە قەڵـەم دا و داوای نەهێشتنی هەردوو ناوچەکەی کرد، بەمەش ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی نیمچە ڕۆژانە لـە نێوان فڕۆکەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و سیستەمی دژە ئاسمانی عێراق هاتە کایەوە.

لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٩٨دا، لـە ئاکـامی گوشـاری کـۆنگرێس و دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و قەیرانی دادگاییکردنی سـەرۆکی ئـەمریکاوە گۆڕانکارییـەکی گـەورە لـە سیاسـەتی ئـەمریکا سەری هەڵدا و لە سیاسەتی ئیحتیواوە بۆ سیاسەتی ئیحتیوا و گۆڕینی ڕژێم هەنگاوی نا.

هەروەها یاسای ئازادکردنی عێـراق تەبـەنا کـرا کـە لـە بنچینـەوە داوای گـۆڕینی ڕژێـم

دەکات لە ڕێگای پشتگیریکردنی هێزەکانی گۆڕین لە عێراقدا. ئیدارەی ئەمریکا هەوڵێکی زۆری دا، بۆ کۆکردنەوەی سەرلەنوێی بەرهەڵستکاران و ژیاندنەوەی کۆنگرەی نیشتمانی، لەگەڵ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە سەرکردایەتی و پێکهاتەی ئەم کۆنگرەیەدا و باوەشکردنەوەی بۆ هێزەکانی دیکە و یەکخستنی سەرجەم هێزەکان لە پێکهاتەیەکی نوێی پەسند کرا و لە ڕووی ئیقلیمی و عەرەبییەوە.

تەنگەژەی عێراق هێشتا بەردەوامە و تا ئێستا هیچ ئاسۆیەك بۆ چارەسەکردنی تەنگەژەکە، سەری هەڵنەداوە چونکە ئەم قەیرانە لایەنی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و عەرەبی و مەحەلی هەیە و هەڵوێستە بنچینەییەکان هێشتا وەکو خۆیان ماونەتەوە و تەنها گۆڕانکارییەکی کەمیان بەسەردا هاتووە.

ئەو تەنگ و چەڵەمەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بارودۆخەکەمانەوە هەیە و بەردەوامبوونی پارێزگاریی نێودەوڵەتی و زەمانەتی ئەمنی، بەردەوامبوونی تاقیکردنەوەکەمان لە ئازادی و دیموکراتیدا مسۆگەر دەکات. سەرەڕای ژمارەی زۆری لایەنە پەیوەندارەکانی ئەم قەیرانە و هەڵوێستی ناکۆك و دژ بە یەکی ئەو لایەنانە بەرامبەر بە تەنگەژەکە، پارتیمان بە لێهاتوویی تەواوەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ قەیرانەکە و لایەنەکانی بەڕێوە بردووە و بە شێوەیەکی ئیجابی ڕەفتاری لەگەڵ ڕێگا کراوەکانی بەردەم خۆیدا کردووە، بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوڵەتانی خاوەنبڕیار و لەگەڵ ناوەند و لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا و هەردەم بەرژەوندی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی گەلەکەمانی لەبەر چاو گرتووە و لەسەروی هەموو شتێکی دیکەی داناوە و سیاسەتی واقیعبینانەی مایەی پێزانینی لایەنەکانی دیکە بووە. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ کە پاشەڕۆژی ئەزموونی گەلەکەمان تا ڕادەیەکی زۆر بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی تەنگەژەی عێراقەوە بەندە.

## ڕاپۆرتی دارایی

هەر وەکو ئاشکرایە لە دوای سەرهەڵدانی مێژوویی کوردستان بە گشتی و لە دوای کۆنگرەی یازدە بە تایبەتی ئەرك و موهماتی پارتیمان پتر بوون، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی دارایی زۆرتر لە جاران ڕادەگەیەنێ، بۆیە دەبێت مەکتەبی ناوەندی دارایی بگەڕێ بە شوێن سەرچاوەی تر، جیا لەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە، هەر بۆیەش هەندێ لە پاشکۆی داراییمان خراوەتە ناو هەندێ پڕۆژەی بەسوود، وەکو بازرگانی و کڕینی هۆتێل و خانووبەرە و ئامێر و ئۆتۆمبێل و بەکرێدانیان بە سوود. ئەمەش بەشی هەرە زۆری بە

شێوەیەکی ناوەندی بە ئەنجام گەیشتووە، بەشێکیش بە هۆی لق و دەزگاکانی تری حزبەوە بووە.

**بۆ وەرگرتنی فکرەیەك لەسەر باری دارایی پارتیمان ئەم ڕاپۆرتە دەکرێ بە چوار بەش:**

أ. جۆری داهات و سەرچاوەکانیان.
ب. جۆری خەرجییەکان.
ج. پوختەی حیسابات.
د. پێشنیارەکان.

**أ. جۆری داهات و سەرچاوەیان:**

١. ئابوونەی ئەندامان و پاڵێوراوان.
٢. نرخی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان.
٣. پیتاك لە کاتی پێویست.
٤. منحەی مانگانە لە حکومەتی هەرێم.
٥. داهاتی ئیستسمارات.

**ب. خەرجییەکان:**

١. میزانییەی لق و ناوچەکان و مەکتەبە ناوەندییەکان و دەزگاکانی تری پارتی.
٢. موخەسەساتی کەوادری حزب بە گشتی.
٣. میزانییەی ڕێکخراوە دیموکراتی و پیشەییەکان.
٤. هاوکاری خێزانی شەهید و ئەنفالکراو و پەککەوتەکان.
٥. یارمەتی مانگانەی یاوەرانی بارزانی نەمر بۆ ڕوسیا.
٦. هاوکاری کەوادری حزب بۆ معالجە و سەفەر و ئیجازە لە کاتی پێویستدا.
٧. هاوکاری ئەحزابی سیاسی دۆست بەپێی توانا و پێویستی.
٨. هاوکاری خێزانە دەرکراوەکانی شەڕی ناوخۆ لە سلێمانی و کەرکوك.
٩. خەرجی وفودی پارتی بۆ کاری حزبی بۆ دەرەوە و ناوەوە هەروەها خەرجی میوانەکانی حزب چ وفود و چ ئەشخاس.
١٠. خەرجی بارەگای (م. س) و مناسبات.
١١. هاوکاری مراجعینی بارەگای (م. س) ڕۆژانە بەپێی ئیمکان.

**ج. پوختەی حسابات لە نێوان هەردوو کۆنگرەی یازدە و دوازدەدا:**

١. داهاتمان بە گشتی بوو بە (١،٢٠٣،١٩٢،٠٠٠) دینارە.
٢. خەرجییەکان (١،١٣٢،٩٢٠،٠٠٠) دینارە.
٣. پاشماوە دەکاتە (٧٠،٢٧٢،٠٠٠) دینار، کە (١،١٠٢،٠٠٠) پارەی نەقدە لە سندوقی داراییدا، و (٦٩،١٥٠،٠٠٠) وەکو سەرمایە ماوە لەناو پڕۆژەکان و مومتەلەکات کە لە سجلات موجودە.

**د. پێشنیارەکانمان:**

١. بە شێوەیەکی قەتعی داریمان لە داهات و خەرج و ئیستسمارات پێك دێت و پێویستە (م. ن) دارایی کادیر و دەزگای شارەزاتری بۆ دابین بکات.
٢. دانانی (دائیرەی ڕەقابەی مالی) لە خەڵکی دەستپاك و پسپۆر بۆ باشتر چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی داراییمان.
٣. کادیری خاوەن ئیختساس و دڵسۆز لە دەزگاکانی دارایی بە گشتی دابمەزرێنین و دەوراتی حسابی و ڕاگرتنی سجلاتی دارایی بە شێوەی قانونی بۆیان بکرێتەوە.
٤. یارمەتی کادیران و مراجعین یەکدەست بکرێ و بە (م. ن) دارایی بەند بێ هەم لەبەر ئیختیساس و هەم لەبەر ئەوەی لە زۆر شوێن ئەم بابەتە ئەنجام نەدرێ، چونکە جاری وا هەیە یەك کەس لە چەند شوێنێك یارمەتی وەردەگرێ و (م. ن) دارایی بۆ ئەم بابەتەی هاوکاری کادیر و موراجعین پلانی تایبەتی دابڕێژێت.
٥. گشت لق و دەزگاکانی حزب بەشی مومتەلەکاتیان هەبێ و لە سجلاتی ئەو بەشەدا هەموو جۆرە مومتەلەکاتی تێدا تۆمار کرابێ و ئەم سجلاتانە بخرێنە ژێر تەدقیق و متابعەی دائیرەی ڕەقابەی مالی بۆ پاراستنی مومتەلەکاتی حزب.

لە دوای کۆنگرە مەکتەبی ناوەندی دارایی سەرلەنوێ، میزانیەی لق و دەزگاکان دیاری بکات و ئەم پێشنیارانە، لە دوای پەسندکردنیان و هەرچی بڕیاری تری پەیوەندیدار بە دارایی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك تر، بە ئەنجام بگەیێنێ بۆ گەشەپێکردنی باری دارایی حزب، کە خۆی لە خۆیدا گەشەپێکردنی ڕێگەی ئەنجامدانی ئەرکەکانی خەباتمانە و چاککردنی باری ژیان و گوزەرانی کادیرەکانییەتی.

## ڕاپۆرتی فەرماندەیی لەشکری کوردستان

**یەکەم:**

پاش "کۆنگرەی یازدە"ی پارتیمان دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی بە هەمان بیروبۆچوونی پێش کۆنگرە بیریان دەکردەوە، کە ئەویش خۆی لە ئاشتی و تەبایی و نەفرەتکردن لە شەڕی ناوخۆدا دەبینییەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بە هەموو لایەك دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ۱۹۹۱، بپارێزین و وڵاتەکەمان بەرەوپێش بەرین، هەر ئەو هۆیەش بوو وای کردبوو کە هەرچی چەکی قورس و توانایەکی سەربازی هەیە، بخرێتە ژێر دەسەڵاتی بەناو لەشکری یەکگرتووی کوردستانەوە.

ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی لەشکرێکی یەکگرتووی کوردستانی، کە بتوانێت بەرگری بکات لە کورد و کوردستان و دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و پاراستنی خوێنی شەهیدان، بەڵام دیارە دوژمنانی گەلی کورد و پارتی هەر لە پاش "کۆنگرەی یازدە"ی پارتیمانەوە سڵیان دەکردەوە و کەوتنە پیلاندارشتن بۆ دوژمنایەتیکردنی پارتی و بیروبۆچوونەکانی، کە لە ڕاستیدا ئەو بیروبۆچوونانەیە کە دەتوانێت گەلە ستەمدیدەکەمان بگەیەنێتە کەناری سەرفرازی و سەرکەوتن. بەڵگەش بۆ ئەوە، هەڵگیرساندنی شەڕ و ئینقلابی عەسکەری دۆڕاوی (ی. ن. ك) بووە ئامێری جێبەجێکردنی، هەروەها تێرۆریستانی پەکەکەش بێشەرمانە لە ساڵی ۱۹۹۵وە، بە فعلی تا ئەمڕۆ هاتوونەتە پاڵیان.

هەر لەو ڕۆژەشەوە دەستکەوتەکانی گەلی کورد و کوردستان کەوتوونەتە مەترسییەوە، بۆیە پارتیمان کە خۆی بە خاوەنی ئەزموون و دەستکەوتەکانی گەلی کورد دەزانێ بە ئەرکی سەرەکی سەرشانی خۆی زانی کە دەبێت لە ڕیزەکانی هەرەپێشەوەی گەلدا بێت، بۆ بەرگریکردن لە گەلی کورد و دەستکەوتەکانی و لە کاتیکدا کە وەزیری کاروباری پێشمەرگە، کە سەربە یەکێتی بوو لەبەر تاکڕەوی و سەرپێچیکردن لە فەرمانەکانی سەرکردایەتی هەرێم و شەڕکردن، دژ بە بزووتنەوەی ئیسلامی و پاشان دەوری نامرۆڤانە و بێ هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕدا، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە ڕەزامەندی پارتی و یەکێتی لە بەرواری ۱۹۹٤/۱۲/۱٤، بە بڕیاری ژمارەی (۳۵)ی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ڕەت کرایەوە.

لە کاتێکدا شەڕی داسەپاو پاش ئەم بڕیارەش هەر بەردەوام بوو و جەولەی دووەمی شەڕیان دەست پێ کرد، لەوکاتەشدا پارتیمان کەموکوڕی زۆر دیار و بەرچاوی هەبوو لە

هەموو بوارەکانی لەشکردا، جگە لە ویست و خواست و ورەی بەرزی کۆڵنەدەرەکانی لەشکر نەبێت، هیچ دامودەزگایەکی نەبوو کە لەشکر بەرێت بەڕێوە بە واتایەکی تر نە لەشکر هەبوو نە ئیدارە و میرە، نە عەمەلیات، نە هەواڵگری، نە ڕێکخستن، نە متابعە، نە مخابەرە نە هیچ بەشێك لە بەشەکانی ئەمڕۆی لەشکری کوردستان.

ئەمەش جەختێکی زیاتری خستە سەر پارتی و سەرکردایەتییەکەی، بۆ ئەوەی لەشکرێك پێك بهێنێت و سەرلەنوێ لە هیچی نەبووەوە دروستی بکاتەوە. دەبوایە ئەم لەشکرەش لە ئاستی ئەو تەنگەژە و بارە قورسەدا بێت کە کەوتۆتە سەرشانی پارتیمان، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری هێرش و پیلانی دوژمنانی گەلەکەمان بێتەوە، کە دەیانویست ئەو ئەزموونە ساوایە زیندەبەچاڵ بکەن کە ساڵەهای ساڵە پارتی و گەلی کوردستان خەباتی بۆ دەکەن.

هەر بۆیە بە بڕیاری سەرکردایەتی پارتی جاڕی دامەزراندنی فەرماندەیی لەشکری کوردستانی، واتە (فلك) درا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بڕیارێکی بە جورئەت و وەرچەرخانێکی نوێی مێژوویی بوو لە سیاسەتی عەسکەری پارتیماندا، بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی لەشکری کوردستان لەسەر بنەمایەکی نوێ کە لە ئاستی گەورەیی و قورسایی و ئەرکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بێت.

سوپاس بۆ یەزدانی مەزن، ئەمڕۆ لەشکرێکمان هەیە کە پارتی دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت بۆ هەموو ئەرکێك کە پارتیمان پێی بسپێرێت ئامادەیە. لەشکرێك کە بە خوێنی هەزاران شەهید و بریندار ئاو دراوە لە نێو جەرگەی شەڕ و پێکدادان و دوژمنکاری ناوەوە و ئیقلیمیدا، هەڵقووڵاوە خوێنی کوڕانی دهۆك و هەولێر و کەرکوك و سلێمانی و گەرمیان و خانەقین، تێیدا تێکەڵ بووە و بۆتە شورەیەکی پۆڵایین لەبەردەم دوژمنانی کورد و کوردستان و پارتیماندا.

لەشکرێکە دەتوانێت بەرگری لە پەرلەمان و حکومەت و پارتی و ئازادی و ئاشتی و دیموکراتی و فیدراڵیزم بکات. ئۆمێد بە یەزدان و بە پشتگیری هەموولایەك لە توانای لەشکردایە هەر کەموکوڕییەك کە هەبێت، یا خود مابێت چارەسەریان بکات، چونکە لەشکر لە ڕۆژی دووبارە دروستکردنەوەیەوە، هەتاکو ئەمڕۆ بەردەوامە لە گۆڕانکاری و خۆڕێکخستنەوە لە هەموو بوارێکدا، کە بەرژەوەندی گەلی کورد و پارتیمان بزانێت. مەبەستیشمان لەوەیە کە دووبارە ناوی پێشمەرگە و لەشکر بە قوودسییەتەوە، بچێتەوە سەرزاری ڕۆڵەکانی گەلەکەمان.

**دووەم: پێکهاتەی (فەلەك)، واتە فەرماندەیی لەشکری کوردستان**

**(فەلەك) ئەمڕۆ پێك هاتووە لەم بەشانەی خوارەوە:**

١. بەشی عەمەلیات.
٢. بەشی هەواڵگری.
٣. بەشی ئیدارە و میرە.
٤. بەدواداچوون و پشکنین.
٥. ڕێکخستنی پێشمەرگە.
٦. وەرگرتنی پێشمەرگە.
٧. حسابات.
٨. دەزگای ئەیلول.
٩. دادگای عەسکەری.

هەر بەشێك لەم بەشانە هەڵدەستن بە ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان و، پەیوەستن بە فەرماندەی لەشکرەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. هەروەها بەشەکانی (فەلەك) هەڵدەستن بە سەرپەرشتی و ڕاپەڕاندنی کاروباری لەشکر بەگشتی کە ئەوانیش پێکهاتوون لە: فەرماندەیی دەڤەرەکان، سوپاکان، لەشکرەکان، هێزەکان، بەتالیۆنەکان، لقەکان و پلەکان، ئەمانە و جگە لە هێزی مووشەك و تۆپخانە و دروعی لەشکری کوردستان.

**سێیەم: چالاکییەکانی (فەلەك)**

**١. لە ڕووی عەمەلیاتی:**

أ. بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و پاراستنیان هەر لە بەرواری ١٩٩٤/٥/١وە، تاوەکو ئەمڕۆ دژ بە شەڕی بە زۆر داسەپاوی یەکێتی و پەکەکەی تیرۆریست و دارودەستەکە و چڵکاوخۆرانی دوژمنانی کورد و کوردستان.
ب. ڕامالین و ڕاونانی تیرۆریستانی پەکەکە و چۆکپێدانانیان.
ج. لەشکری کوردستان هۆکارێکی هەرە گرنگ بووە، کە بەرگری بەردەوامی لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و پارێزگاری ئەمن و ئیستقراری لە شار و شارۆچکەکاندا کردووە.
د. پێشمەرگە دلێرەکانی لەشکری کوردستان چ لە فەرماندەیی و سوپا و لەشکر و هێز و بەتالیۆن و لق و پەلەکان، چ هێزی تۆپخانە و کاتیۆشا و دروع، درێغیان نەکردووە لە

خۆبەختكردن و گیانفیدایی لە پێناوی بەرگریكردن لە كورد و كوردستان و پارتی. هەر یەكە بەپێی قەبارە و توانای خۆی قوربانی داوە و ئامادەشە بەردەوام بێت لە قوربانیدان. هەموو ترش و تاڵی و سەرما و گەرما و شەونخوونی و بێداری شەڕیان چێشتووە، بۆیە لێرەدا بە جێگەی خۆی دەزانین كە سوپاسی پێشمەرگە نەبەزەكانی لەشكری كوردستان بكەین، لە هەر جێگەیەك هەن بە بۆنەی سەركەوتنەكانیانەوە و بۆ ئەو گیانە فیداكارییەی هەیانە، بۆ ئەزموونەكانی گەلی كورد و كوردستان و پارتیمان، هەروەها سوپاس بۆ ڕۆڵی جەماوەر و بەرگری لق و ناوچەكانی پارتیمان كە پاڵپشت و هاوكاری پێشمەرگەن.

ه. دروستكردنی ئیستحكاماتی مەیدانی لە هێڵەكانی بەرەی جەنگ و شادەمارەكانی ڕێگاوبانەكان. هەر لە گەلی قەشقەوە تاوەكو حاجی ئۆمەران و سیدەكان و دەشتی بەرازگر، هەروەها لە زاخۆوە تاوەكو گەلی بلان و كانی ماسێ، شێلادزێ و بامەڕنێ و سنات و حەفت تنین، بە درێژایی (٥٥٦)كم، ئیستحكامات دانراون. ئەمە جگە لە دروستكردنی (٣٦٤)كم، جادەی نوێ و چاككردنی سەدان (كم) جادەوبان، بۆ زیاكردنی جموجۆڵی لەشكر و دانانی خاڵی گرنگی بەرگری، بە هاوكاری وەزارەتی ئەشغاڵ و نیشتەجێكردن.

و. تا ئێستا (٤٧) ئۆردوگا و بارەگا و جێگەی حەوانەوەی (پ.م) دروست كراون و چاك كراونەتەوە. دەتوانین بڵێین هەموو هێزەكانمان بارەگای تایبەتی خۆیان و جێگەی حەسانەوەیان هەیە و مولائمن.

ز. مەشقكردن و خولەكانی مەشق:

لە فێرگەی (شەقڵاوە، پیرزین، كانی قرژاڵە، دێگەڵە، بارزان، زاوێتە و پارێزگای دهۆك)، هەروەها لە گۆڕەپانی تۆپخانە و كاتیۆشا و هەندەسەی مەیدان، خولی مەشقكراونەتەوە و تا ئێستا (١٧،٨٦٣) (پ.م)و ئەفسەری خولیان دیوە و سەعاتەكانی مەشق بریتی بووە لە، (٢٢٥) سەعات تاوەكو (٥٦٨) سەعات بۆ هەر خولێك.

**شایانی باسە جۆری مەشقكردن بریتی بووە لە:**

- خولی فەرماندەیی.
- خولی بەهێزكردنی مامۆستایانی مەشق.
- خولی ئامادەكردنی مامۆستایانی مەشق.

- خولی هەندەسەی مەیدان.
- خولی مەشق و فێرکردنی تۆپخانە و کاتیۆشا بۆ هەموو بەش و سنوفەکانی.
- خولی مەشقی سەربازی.

بە گشتی (٥٢) خولی جۆراوجۆر کە لە ١٩٩٨/٣/١٥ دەستیان پێی کردووە لە ١٩٩٨/٨/١٥ دوا خولیان تەواو بووە.

نەقلیەی ئالی: (فەلەك) بڕیاری داوە کە بە شێوەیەکی تەدریجی نەقلیەی ئالی دروست بکرێت و سەربە (فەلەك) بێت، هەروەها لە سوپا و لەشکر و هێزەکانیش دروست بکرێن، ئەم پرۆسەیەش بەردەوامە و لە بەرەوپێشچووندایە.

ك. ئەکادیمیای عەسکەری: لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا دوو خولی تایبەتی تەواو کردووە و بۆ مەبەستی پێگەیاندنی ئەفسەر، خولی سێیەمیش لە ١٩٩٩/٩/١١ دەرچووە. هەروەها لە ١٩٩٩/٩/٢٥ قوتابیانی خولی چوارەم پەیوەندی بە ئەکادیمییەکەوە کردووە.

**٢. لە ڕووی ئیدارە و میرە و حساباتەوە:**

**(فەلەك) توانیویەتی ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:**

أ. کۆنترۆڵ و زەبتی میلاك و موجودی پێشمەرگە.
ب. کۆنترۆڵ و زەبتی مومتەلەکات و چەك و کەلوپەلی لەشکر، بۆ نمونە هەموو چەکی لەشکری کوردستان موڵکی (فەلەکە) و هەتا ئێستا (٧٠٦) سەیارە ژمارە کراون بە ژمارەی (فەلەك).
ج. دابینکردنی ئازووقە بە بێ دواکەوتن و گەیاندنی بۆ لەشکر لە کاتی خۆیدا.
د. دابینکردنی یارمەتی مانگانە بەبێ پچڕان، بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بۆ هەموو پێشمەرگەی لەشکری کوردستان بەبێ کەموکوڕی لە دامەزراندنی کابینەی سێیەمی حکومەتی کوردستانەوە.
ه. دابینکردنی نەسرییەی بەشەکان و فەرماندەیی و سوپا و لەشکر و هێز و بەتالیۆن و لق و پەلەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك.
و. دابینکردنی سووتەمەنی بۆ هەموو لەشکر بە شێوەیەکی مانگانە و ڕێکوپێك.

ز. دامەزراندنی لێژنەی تەندروستی (تەبابەی فەلەك) ئەم ئەرکانەی ئەنجام داوە:
١. پێشـــوازیکردن لـــە (پ.م)ی بریـــدار و جێبـــەجێکردنی پێداویســـتییەکانیان و چارەسەرکردنیان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.
٢. دروستکردنی دەست و قاچی سەناعی بۆ ئەو بریندارانەی کە لە دەستیان داوە.
٣. دابینکردنی عارەبانە و دارشەق بۆ پێشمەرگە پەککەوتەکان.
٤. دروستکردنی دوو (دارالنقاهە) لە هەولێر و دهۆك بۆ پێشوازی پێشمەرگە بریـندار و پەککەوتەکان کە بێ جێگا و ڕێگە و کەسن بۆ سەرپەرشتیکردنیان.
٥. پێکهێنانی لێژنەی پزیشکی لە باشترین پزیشکی پسپۆر لـە هـەموو بوارەکانـدا، کـە هەفتانە ڕۆژانی چوارشـەممە دادەنیشـن بـۆ پێشوازی لـە پێشـمەرگەی بریـندار، بـە مەبەستی چارەسەرکردنیان بە ئامادەبوونی ئەندامێکی فەلەك.

ح. دابینکردنی ئازووقە و مەسروفاتی تەعزییە بۆ خێزانی شەهید لە کاتی شەهیدبوونی.

ط. دابینکردنی هاوکاری بۆ (٤٨) (پ.م) بریندار کـە لـە (١٠٠٪) پـەکیان کـەوتووە بـۆ هـەر یەکە جگە لە یارمەتی خـۆی، مەبلـەغی (١٥٠٠) دیناریـان بـۆ دابـین دەکرێـت و بۆیـان دەچێتە ماڵەوە.

ي. بە کردنەوەی بەشی کۆمپیوتەر توانراوە ئەم زانستە پێشکەوتووە بخرێتە خزمـەتی کـاری ئیداری لەشکرەوە.

ك. ژمارەی شەهیدە نەمرەکانمان لە ڕۆژانی ١٩٩٤/٥/٢ تاوەکو ١٩٩٨/٨/٢٩ کـە بـە هـەزاران شەهید و بریندارن بە تەواوەتی و ڕێکوپێك تۆمار کراون.

**٣. لە ڕووی ڕێکخستن و پاراستن و بەدواداچوون و ئیستعابەوە:**

أ. پێشمەرگەی لەشکری کوردستان هەموویان ئەندامن، لە ڕیزەکانی پارتی دیمـوکراتی کوردستاندا و گۆش دەکرێن، ڕێك دەخـرێن بـۆ مەبەسـتی پیرۆزەکـانی گەلەکـەمان، ئـەرکی سەرشـانی بەشـی ڕێکخسـتنی پێشـمەرگە ئەوەیـە لـە ڕووی مەعنـەوی و فکرییەوە، پێشمەرگە گۆش بکات بە بیروباوەڕی پـارتی و بـارزانی هـەروەها ئاسـتی ڕۆشنبیریان بەرز بکاتەوە و لە ڕووداوەکان ئاگاداریـان کاتـەوە بـۆ ئـەم مەبەسـتەش (٢٦) خـولی ڕۆشـنبیری ئـەنجام داوە، جگـە لـە بەرنامـەی تەلـەڤیزیۆنی و گۆڤـار و نامیلکە و تەعمیم کە هەموو بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی ئەم بەشە بووە.

ب. پاراسـتنی ئـەمنی عەسـکەری و کۆکردنـەوەی مـەعلومات لـە ئەرکـەکانی بەشـی

هەواڵگرییە، کە تا ئێستا ڕۆڵی خۆیان بە چاکی بینیوە.

ج. دادگای سەربازی دامەزراوە بۆ مەبەستی سزادانی سەرپێچی کاری نێو لەشکر، هەروەها فەرمانگەی یاسایی دروست بووە بۆ چارەسەرکردنی سەرپێچی، بە یاساییەکانی ناو لەشکر و متابعەکردنی کێشەی (پ. م) لەگەڵ دامودەزگا حکومی و پەیوەندارەکانی ترەوە.

د. بۆ ئەوەی بڕیارەکانی فەرماندەی لەشکر و (فەلەك) بە باشترین شێوە جێبەجێ بکرێت، بەشی بەدواداچوون و پشکنین ئەرکی ئەوەیە کە شێوازی جێبەجێکردنەکان بخاتە بەردەستی فەرماندەی لەشکر و فەلەك لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە.

ه. بۆ مەبەستی ئیستعاب و وەرگرتنی (پ.م)، بەشی وەرگرتنی (پ.م) دانراوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی حزبی و یاسایی پێشمەرگە لە ڕیزەکانی لەشکری کوردستاندا وەربگیرێت.

و. بۆ مەبەستی ڕێزلێنان و وەبیرخستنەوە و ڕێکخستنەوە و سەرپەرشتیکردن و بەسەر کردنەوە و سوودوەرگرتن لە ئەزموون و شارەزایی پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان، فەرماندەی لەشکر بڕیارێکی بوێرانەی دا بۆ دامەزراندنی دەزگای ئەیلول لە هەمان ئەو کادیر و پێشمەرگە دلێرانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن.

ز. موخابەرەی فەلەك: ئەم بەشە هەر لە نەبوونییەوە، وەکو بەشەکانی تر دەستی پێ کردووە و بووە بەشێکی هەرە گرنگی موخابەرەی گشتی و توانیویەتی تا حەدێك خۆی تەنزیم بکات و تۆڕەکانی سەرانسەری کوردستانی گرتۆتەوە.

ح. شاراوە نییە کە دەزگای شەهید ئەمڕۆ دەزگایەکی گرنگە و بایەخێکی تایبەتی پێ دەدرێت و سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بیرۆکە و بڕیاری دامەزراندی لەلایەن فەرماندەی لەشکرەوە بوو، لەسەر داوا و پێشنیاری (فەلەك)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وەفا و ئەمەکی پارتیمان دەردەخات بەرامبەر بە شەهیدانی کورد و کوردستان.

## موخابەرەی گشتی

دەزگایەکی هەرە گرنگی پارتی و شۆڕشە، دامودەزگای بێتەلی موخابەرەیە کە

لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە تا بە ئەمڕۆ، شادەماری پەیوەندی سەرکردایەتی و لق و ناوچە و هێزەکانی پێشمەرگە و بارەگاکان بووە، تەنانەت زۆر جار ڕۆڵی تەلەفۆن و تەلێگراف و پۆستە و فاکسی هەبووە، لەو کاتانەی کە نە فاکس هەبووە نە تەلەفۆن.

هەر بۆ نمونە موخابەرەی گشتی ساڵی ١٩٧٩ تەنیا (١٢) جیهازی هەبووە لەگەڵ چەند کادیرێك. بەڵام ئێستا دەیان مەحەتەی هەیە کە هەموو جیهازی مۆدێرن و تازە کە سەدان بێتەل کاری لەسەر دەکەن، ئەوانیش هەموو کوڕە شەهید و کەسانی مولتەزمن.

لە ساڵانی ١٩٧٩ بەملاوە موخابەرەی گشتی چەندین خولی بێتەلی کردۆتەوە و تا ئێستا بەردەوامە. هەروەها موخابەرەی گشتی ئێستا تۆڕێکی پەیوەندی کۆمپیوتەری سەرانسەری هەیە، هەروەها دوو وەرشەی چاککردنەوەی هەموو جۆرە جیهاز و ئامرازێکی بێتەلیان هەیە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە کادیرانی موخابەرەی گشتی و محەتەکانی لەو کادیرە دڵسۆز و تێکۆشەر و ئازایانەن کە ئەمانەتێکی گەورەیان لە ئەستۆیە و لە دژوارترین کاتدا ڕۆڵی خۆیان ئەنجام داوە، هەر بۆیەش سەرکردایەتی هەمیشە ڕێزی لێ ناون و بە تەقدیرەوە چالاکیان دەنرخێنێت.

**چوارەم و کۆتایی:**

**بەڕێزان،**

ئەمڕۆ ئەگەر بە چاوێکی واقیعبینانە لە بارودۆخی لەشکری کوردستان ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕانکارییەکی گەورە و گەشەیەکی زۆر ڕووی داوە، بە تایبەتی لە ڕووی ڕێکخستن و مەشق و تەجهیز و ئامادەیی و وریایی و ڕۆشنبیری و مەعنویاتەوە و دەتوانین بڵێین ئەم لەشکرە یەکێکە لە دەستکەوت و بەرهەمە مەزنەکانی پارتیمان، کە بەردی بناغەی ئەم دەستکەوتە لە یەکەم پێشمەرگە و یەکەم شەهیدی شۆڕشی مەزنی ئەیلول بنیاد نراوە، بە هەق دەتوانین ئیمڕۆ و پاش ئەو گۆڕانکارییە ئیجابیانە ناوی وارسی ئەو مێژوو و قوربانی و خەباتە سەختەی لێ بنێین، پێشمەرگەی کوردستان ئامادەیە بەشان و بازو و چەك، بە وریایی و بە بیرێکی جۆشدار بە ڕێبازی کوردایەتی ڕاست و دروست و ڕەسەن، بە ڕێبازی پارتی و بارزانی بێگەرد بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمنانی کورد و کوردستان و، بەرپەچدانەوەی هەر دەست درێژکارییەك بۆ تێکدانی باری ئاشتی ناوخۆ و

کوردستان و کەمکردنەوە، یا نەهێشتنی دەستکەوتەکانی پارتیمان.

بەرەو پێشەوەبردنی ئەم لەشکرە و گەشەپێدانی و بەهێزکردنی لە هەموو ڕوویەکەوە، گەرەنتی و زامنی ئاشتییەکی چەسپاوە لە کوردستاندا و لە هەمانکاتدا، ئامرازی هەرە پێویستی هەموو دەستکەوتەکانمان و گەیشتنمانە بە ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەمان لە ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی.

**پێشنیار: ئەمەش چەند پێشنیارێکی دیکە:**

١. یاسای خانەنشین بۆ پێشمەرگە پەککەوتووەکان و بەناو ساڵداچوون دابنرێ.
٢. لەکاتی دیاریکردنی یارمەتی پێشمەرگە ڕەچاوی ساڵانی خزمەت و باری خێزانداری بکرێت.
٣. ڕۆژێك دیاری بکرێت بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگە.
٤. بەخشینی میدالیای بارزانی نەمر تەنها لەسەر خزمەتی (٢٥) ساڵ نەبێ، بەڵکو مەرجی تریشی بۆ دابنرێ کە شایستەی ئەم میدالیە بێ.
٥. (فەلەك) بە جدی بیر بکاتەوە لە سوود وەرگرتن لە کەفائاتی دەرچووانی ئەکادیمیای عەسکەری زاخۆ، بۆ مەبەستی هەنگاونان بەرەو لەشکرێکی نیزامی ڕێکوپێك.
٦. وەرگرتن و دەرکردنی پێشمەرگە بەپێی مەرجەکانی یاسای لەشکری کوردستان بێ.
٧. هێزەکانی زێرەڤانی دهۆك بخرێتە سەر میلاکی (فەلەك) وەکو سوپاکانی تر.
٨. تەئکید بکرێت لەسەر دابەشکردنی زەوی بۆ پێشمەرگە بەپێی مەرجەکانی کە دانراون.

**بەڕێزان،**

لێرەدا زۆر بە شایستەی دەزانین کە بەڕێزەوە سڵاو و ڕێز ئاراستەی گیانی پاکی هەموو فەرماندە و پێشمەرگە شەهیدەکانمان بکەین، کە بە خوێنی خۆیان و فیداکاری ئەوان ئەم لەشکرە بنیاد نراوە و داکۆکی لە بەرهەمی خوێنی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان کراوە، بە دیفاعکردن لە شەرعییەت و پەرلەمان و حکومەت و هەموو دەستکەوتەکانی تری گەلەکەمان.

**بەڕێزان،**

لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا و بە لەشکرێکی هەمیشە لە پتەوبوون و

بەرەوپێشەوەچووندا کە ئامادەی هەر قوربانییەك و کێشانی هەر زەحمەتێك بێت لە پێناوی گەل و وڵاتدا، هەنگاو دەنێین بەرەو سەدەی بیست و یەکەمین و بەرەو لەشکرێکی نیزامی کوردستانی جۆشکراو، بە کوردایەتی و قاڵبووی هەموو هونەرێکی عەسکەری کۆن و نوێ. ئەم لەشکرە ڕۆژبەڕۆژ بایەخی زیاتری پێی دەدرێت، چونکە زامنی ئاشتییە و لە هیچ بارێك و لە پێناوی هیچ شتێکی تر دەستکاری ناکرێت، چونکە ئیسپات بوو ئەگەر ئێمە لەشکرێکمان نەبێت هەمیشە میللەتەکەمان ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە.

## ڕاپۆرتی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان

شتێکی نامۆ نییە ئەمڕۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، پاسەوانی ئەزموونە دیموکراتییەکەی گەلەکەمان بێ و بەرگری لێ بکات و هەموو ڕۆژێ بۆ بەرگریلێکردنی، قوربانی لە کادیر و ئەندامان و پێشمەرگە قارەمانەکانی پێشکەش بکات، هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە لە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦، وەکو پێشەنگی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد ئاڵای دیموکراتییەکەی هەڵکرد و بەرزکردنەوەی دروشمە لە مێژینەکەی (دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) لە قۆناغی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا، گوزارشت لەوە دەکا کە ئەشق و باوەڕێکی قووڵی پێی هەبووە، هەوڵی دا کە لەلانی ناوەرۆك و فۆرمەوە بیهێنێتە دی، بەو حیسابەی کە دیموکراتی و مافەکانی نەتەوایەتی سیاسی و مەدەنی، پەیوەندییەکی (جەدەلی) بە یەکەوە گرێدەدا و ناتوانرێ لە یەکتری جودا بکرێنەوە، هیچ زامنێك نییە کەفالەت و پارێزگاری لە مافی گەلان بکات جگە لە دیموکراتیەت، لەگەڵ تەئکیدکردنی پارتی بە بەردەوامی و بە ئاشکرا، بە مافی گەلی کورد و نەتەوەکەی بە بڕیاردانی مافی چارەنووسی خۆی، هەروەك گەل و نەتەوەکانی تری دنیا هەرچی سەرکەوتن و دەستکەوتی گەورەی کورد هەیە، لە میانی نیو سەدەدا بە پارتی و بارزانی نەمرەوە بەستراوە و بە یاری خودا ئەم کاروانە هەر بەردەوامە.

ڕاپەڕینەکەی گەلی کوردستان لە ئاداری ساڵی ١٩٩١دا، وەکو ئەڵقەیەك بوو لە زنجیرە سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستانی عێراق و کۆمەڵێك دەستکەوتی گەورەی وەدی هات لەوانە:

هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢/٥/١٩ وەك پێگەیەك بوو بۆ دامەزراندنی سیستەمی سیاسی

ئێستای کوردستان و، دەستپێکردنی ئەزموونە دیموکراتی و بونیادنانی (پەرلەمان)ەکەی، (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان عێراق) و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، ئەمەش بە وەرچاخانێکی نەوعی دەژمێردرێ لە خەباتی گەلەکەمان، ئەمەش جێگای شانازییە بۆ هەموومان کە دامەزراندنی ئەم سیستەمە سیاسییەی ئێستا و ئەزموونە دیموکراتیەکەی و هەڵبژاردن، لە کاکڵەی هزری پارتی بوون، کە سەرۆکی هێژامان کاك مەسعود بارزانی یەکەم لایەن بوو بانگەشەی بۆ کرد و هەوڵی دا کە بەرجەستە بکرێ، یەکەم بانگهێشتی لە شاری کۆیە کرد لە کاتی سەردانەکەیدا، بۆ ئەوەی دوابەدوای ئەو بانگهێشتێکی تری کرد لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩١دا لە شاری زاخۆ، هەروەها بە شێوەیەکی ڕەسمی لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیدا لە شاری خەلیفان، کۆنووس و کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی سەرۆکایەتی (بەرە) بە دێکۆمێنت کراوە و پارێزراوە و، ئەم ڕاستییە ڕەچاو دەخات و مافەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی و باوەڕبوون بەوەی کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە دەسەلمێنێ، کە گەل تەواوی ئیرادە و ئازادی خۆی هەیە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی، چ وەك حزب یان تاکە کەس و بە هۆی ئەوانەوە دەسەڵاتی خۆی بخاتە کار و بەشداری بکا، بۆ دروستکردنی بڕیار و چاودێری جێبەجێکردنی و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستاندا، گەلەکەمان دوای خەباتێکی زەحمەت و بێوچان توانی بەپێی پرەنسیپەکانی دەستوری هاوچەرخ، جۆرێك لە جۆرەکانی سیستەمی سیاسی دامەزرێنێ کە بونیادەکەی لە سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) پێك بێت.

پشت بە پرەنسیپی جیاکردنەوە لە نێوان ئەو دەسەڵاتانەدا ببەستێ بە گوێرەی چەمکە (مفاهیم)ە، تازە بەر قەوارەکان لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی (نسبی)، کە سیفەتی هاریکاری و هاوکێشەیی و ڕێك خستنی هەیە لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا.

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق (پەرلەمان) و، پەیڕەوی ناوخۆ کە بەو پرەنسیپانەی کە تێیدا هاتوون، کە هاوشانی چاکترین یاساکانی هەڵبژاردنە لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا، پرەنسیپی هەڵبژاردنی گشتی نهێنی ڕاستەوخۆی ڕەچاو کرد و، پێوەند و مەرجی بەسەر پاڵێوراوەکاندا نەسەپاند، تەنیا مەرجی گەیشتن بە تەمەنی کامل بوون (سن الرشد) نەبێ کە ١٨ ساڵە.

هەروەها پیاو و ئافرەتی یەکسان کرد لە هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتندا، لە کاتێکدا زۆر لەو وڵاتانەی کە بانگەشەی دیموکراتی دەکەن و دەیان ساڵە پڕۆسەی هەڵبژاردن پیادە دەکەن، تا ئێستا ڕێگای هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن لە ئافرەت دەگرن و سنوورداری دەکەن، یان هەندێ

وڵاتان کە لە لوتکەی دیموکراتی وەك سویسرا ئەم مافەی بە ڕەوا نەبینیوە تاکو ساڵی ١٩٧٠.

جا لێرەوە دەتواندرێ هەڵوەستەیەك بکرێ کە تا چ ڕادەیەك، گەلەکەمان ئازایە و مێشك و هزری کراوەیە بۆ قەبوڵکردنی شارستانییەت و چەند بە پەرۆشی دادوەری و یەکسانی و دیموکراتییە و خۆشی دەوێ و باوەڕی پێیانە، ناشاردرێتەوە کە پارتی بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر هەر لە سەرتاوە، ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی هەبوو لە کرداری بانگەشە بۆکردن و خەبات کردن لە پێناویدا و پیادەکردنی لەناو خۆی و ڕێکخراوەکانیدا و دوابەدوای ئەوەش دامەزراوە دەستورییەکاندا.

هەروەها سەرکەوتنی گەلەکەمان لە هەڵبژاردنی سیستەمی (نسبی)، لە هەڵبژاردندا و ئەنجامدانی بە سەرکەوتوویی، دۆست و دوژمنی سەرسام کرد، چونکە وەکو سیستەمی تێکڕای شارەکانی یاسا و دەستوری کۆکن لەسەر ئەوەی کە پیادەکردنی ئاسان نییە، بەو ئیعتبارەی کە بۆ ئەو دەوڵەتانە باشە، کە قۆناغی دوورودرێژ و لەمێژینەیان لە بواری دیموکراتیدا بڕیوە. ئەمانە هەمووی وامان لێدەکەن کە شانازی بکەین بە گەلی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و بەر لە هەمووشیان شەهیدە نەمرەکانمان بۆ ئەوەی بەدەستمان هێناوە.

پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٦/٤دا، لە خاڵی سفرەوە دەست بەکاربووە و نموونەیەکی وا نەبووە لە گۆڕەپانی عێراق و کوردستاندا کە لەسەری بڕوات، بەڵام هەبوونی ئیرادەی ئیشکردن لە لای ئەندامانی پەرلەمان و بە پشتیوانی هەموو خێرخوازان، لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و سروشی هێزوەرگرتن لەو دەنگانەی کە (ناخبەکان) پێیان دابوون و حەماسێکی گەورە بوو بۆ دیموکراتی، هەموو ئەمانە وای لە پەرلەمانی کوردستانی کرد کە ڕاستییەکی واقیعی و چەسپاو و جێگای شانازی بێ، هەروەها جێگای سەرسوورمانی تێکڕای شاندە بیانییەکان بووە، کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردودا سەردانی کوردستانیان کردووە و نەیانتوانیوە سەراسیمەی خۆیان بشارنەوە، لەوەی کە دیوییانە کە پێشەکی دەزانن پەرلەمانی کوردستان لە ئەزموون و کولتور و ڕێوڕەسمێکی ڕابردووەوە، یان بە پشتگیری پێشینەی دەوڵەتێك نەهاتۆتە کایەوە، بەڵکو لە موعاناتی گەلەکەمان و گەمارۆی دوولایەنەی سەپێندراو بەسەریدا و فشارێکی هەرێمایەتی دژی ئەزموونە دیموکراتییەکەی پەیڕەو دەکرێ، لەدایك بووە و ئەم ئەزموونە ناوەرۆکی بەرهەمی خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانە و، بەری قوربانییەکانی شەهیدە نەمرەکانە و پوختەی ئیلهامی ڕەوشت و ڕۆحی مومارەساتی شۆڕشی ئەیلول و، شۆڕشی گوڵانی شکۆدار و ڕێبازی پیرۆزی سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی و

گیانی بەرخۆدانی ڕاپەڕینە مەزنەكەی بەهاری ١٩٩١ هەڵقوڵاوە.

ئەگەر حسابێكی ساڵە دژوارەكان بكەین كە ئەزموونە دیموكراتییەكەی گەلەكەمانی پێدا ڕۆیشتووە، كە هەندێ نەمابوو ڕایبماڵێ و ئەوەی كە پەرلەمان تووشی هات، لە ڕێز نەگرتن و داگیركردنی بینایەكەی و تێكدانی كەلوپەلی و پەرت و بڵاوكردنەوەی ئەرشیفەكەی لە نێوانی ئەو ساڵانەدا، شایانی ئەوەیە لە ئاستیدا هەڵوەستەیەك بكرێ، وەك نمونەیەك بۆ ئەو ئاستەنگیانەی جاری یەكەم لەلایەنی چەكدارانی (ی. ن. ك)ەوە، لە ١٩٩٤/٥/٣ تا ١٩٩٥/٣/٢٧ كردەوەكەیان دووبارە كردەوە و، لە كاتێكدا (٥٩) ئەندام لە ئەندامانی پەرلەمان زیاتر لە (١٠٠) ڕۆژیان لە پەناگیری ناو پەرلەمان تەواو كردبوو، بە ئامانجی ڕاگرتنی كوشتاری ناوخۆ و چارەكردنی ناكۆكییەكان بە دانوستان و بەپێی شەرعییەت و بەرقەراربوونی ئاشتی لە كوردستاندا، چەكدارانی یەكێتی حورمەتی پەرلەمانیان پێشێل كرد و، زۆر لە كەلوپەلی ناو بینایەكە و ئەرشیفەكەیان ورد و خاش كرد تا كۆتایی ئابی ساڵی ١٩٩٦ داگیریان كرد.

هەرچەندە هەولێر لە سەرەتای شەڕی شوومی داسەپاوەوە تا ڕزگاركردنی، تووشی ئاكامە ناخۆشەكانی ئەو شەڕە بووە، كە ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر پەرلەمان و بینایەكەی و ئەرشیفەكەی هەبوو، سەرەڕای ئەمانە هەمووی، پەرلەمان بە تەقەلایەكی بێوچان و بە پشتیوانی سەركردایەتی پارتی، چالاكییەكانی دەست پێ كردووە و زۆربەی ئەرشیفەكەی تەواو و تەكمیل كردووە و جارێكی تر زۆر لە دێكۆمێنتەكانی كۆ كردووە و دەستی كردەوە بە كۆبوونەوەكانی و ڕێكخستنەوەی بەستنی خولەكانی.

لە تەك ئەمانەشدا لە نێوان ساڵانی ڕابردودا، ململانێ لە پێناو پارێزگاریكردن لە هەبوونی خۆیی و زامنكردنی بەردەوامبوونی ڕێڕۆیشتنەكەی (مسیرتە) گرنگی لە ئەركە سەرەكییەكەی كەمتر نییە، كە مادەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢دا دیاری كردووە.

سەرەڕای كاری بەردەوام و بە پشوو لە پێناو چەسپاندنی ڕێوڕەسمی پەرلەمانی دیموكراسییانە، لە سێبەری سیستمی (٥٠ بە ٥٠)ی ئاڵۆز و دژواردا و سەركەوتن و مانەوەی ئەو تاكە دامەزراوەی یاسادانان و بەردەوامبوونی بۆ ڕۆڵی كاریگەری پارتی و، پشتگیریكردنی نەگۆڕی سەركردایەتی پارتیمان دەگەڕێتەوە، لە هەموو قۆناغەكاندا بە شێوەیەكی تایبەتی و مكووڕبوونی بۆ سەربەخۆیی پەرلەمان و بەردەوامبوونی وەك دامەزراوەیەكی یاسادانان و هەڵبژێردراو، هەروەها وەك ڕوكارێكی شارستانی بۆ كیانی كوردستانیمان و كۆڵەگەیەكی بنەڕەتی لەو كیانەدا، چونكە نەبوونی پەرلەمان و

كۆتاییپێهاتنی، مانای بەكۆتاییهاتنی شەرعییەت و تیرۆركردنی ئەزموونەكەیە، لێرەوە بە ڕەغمی سەختی شەڕی ناوخۆ و هەوڵدان بۆ ڕاگرتن و كۆتاییپێهێنانی شەرعییەت و، بەموستەحیلكردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی خولی هەڵبژاردنی دووەم، ویلایەتی پەرلەمان نوێ كرایەوە و خولی هەڵبژاردن درێژ كرایەوە، تا ڕەوشێكی لەبار دێتە پێش بۆ ئەنجامدانی خولی دووەمی هەڵبژاردن، ئەم هەڵوێستەی كە جێگای پەسەندكردن و پشتگیریكردنی هەموو ئەندامانی پەرلەمان و هەموو ئەوانە بوو، كە بە پەرۆشن بۆ ئەزموونی گەلەكەمان، لەبەر ئەوە خولی گرێدانی یەكەم لە ١٩٩٥/٥/٢٧ بە گوێرەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٥ درێژ كرایەوە، بەڵام جاری دووەم لە ١٩٩٦/٦/٣ بە گوێرەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٦ درێژ كرایەوە، جاری سێیەم لە ١٩٩٦/٩/٣ بوو، بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٦، بەڵام جاری چوارەم لە ١٩٩٨/٤/١٤ درێژ كرایەوە، بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٨ تا هەڵبژاردنی خولی دووەم و گرێدانی یەكەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێ.

**بەڵام ئەركە دەستوری و یاساییەكانی پەرلەمانی كوردستان، وەك ناومان برد لە مادەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ دیاری كراوە كە ئەمانەن:**

١. یاسادانان.
٢. بڕیاردان لەسەر ڕێكەوتنەكان (الاتفاقیات) و یەكلاكردنەوەی كێشە چارەنووسسازەكانی گەلی كوردستانی عێراق و دیاریكردنی پەیوەندییە یاساییەكان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا.
٣. دەستنیشانكردنی سەرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێكردن، كە ئەویش توانای ناولێنانی ئەندامانی حكومەتی هەیە لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن و دەرەوەیدا.
٤. متمانەپێدان بە ئەنجومەنی وەزیران یا لێسەندنەوەی.
٥. بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی و نەخشەكانی گەشەپێدان.
٦. چاودێریدانان لەسەر كارەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن.
٧. پێكهێنانی لێژنەی هەمەجۆر بۆ لێكۆڵینەوە لە هەر كاروبارێكی بیەوێ.
٨. دانانی سیستەمی ناوخۆ و دیاریكردنی پێكهاتەكەی و بڕیاردان لەسەر هاوسەنگی و دامەزراندنی كارمەندانی.
٩. پێكەوەنانی لێژنەی هەمیشەیی و كاتی لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی پەیڕەوی

ناوخۆ.

١٠. دانانی بنچینەیەك بۆ گوناهبارکردن و لێپرسینەوەی ئەندامانی لە کاتی شکاندنی ئەو سوێندەی کە خواردوویانە.

١١. جیاکردنەوە و یەکلاکردنەوەی تانەکانی کە پێشکەش کراون لە بارەی دروستی هەڵبژاردنی ئەندامانەوە و ئەندامێتی بە زۆربەی (دوو لەسەر سێ) دەنگی ئەندامانی نەبێ هەڵناوەشێتەوە.

**یەکەم: یاساکاری قانونەکان**

یاساکاری بە ئەرکی جەوهەری هەر پەرلەمانێك لە وڵات و کیانە دیموکراسییەکان دادەنرێ، یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی ـ عێراق پەرلەمان، ئەم ئەرکەی بە پەرلەمانی کوردستانەوە سنووردار (حصر ـ) کردووە.

هەروەها یاسای ژمارە (٢) یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی جوڵانەوەی بزاڤی کوردی، ڕابەری تەخویل کردووە بۆ دەرهێنانی (اصدار)ی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەرلەمان یاساکارییان دەکات، هەروەها یاساکاری و دەرهێنانی ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاساییانە هەیە، لە کاتی پشوودانی پەرلەمان یان لە ڕەوشێکی لە ناکاودا، بە مەرجێ بخرێتە بەرچاوی پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنیدا بۆ یەکلاکردنەوەی، جگە لە تەخویلکردنی بۆ پێشنیازکردنی پڕۆژەی یاسا لە پەرلەمان، لە بەر ئەوەی هیچ کام لە پاڵێوراوەکان پایەی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان بەدەست نەهێنا، لەسەر ڕادەی یاسایی داواکراو و تەواونەکردنی قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی ڕابەر و ئەو ئاکامەی یاسای ناوبراو دەگەڕێتەوە سەری، بوو بە هۆی هەڵپەساردنی (تجمید)کردنی و دابەشکردنی هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی ڕابەر لە نێوان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت، هەرچەندە لە مادەی (١٤)ی یاسای ژمارە (٢) بەڕاشکاوی هاتووە و دەڵێت:

**مادەی چواردەیەم:**

ئەگەر جێگەی سەرکردە لەبەر هەر هۆیەك چۆڵ بوو، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی تا هەڵبژاردنی سەرکردەیەکی نوێ، لە ماوەی یەك مانگی چۆڵ بوونەکەدا ئەرکەکانی بە جێ دێنێ. "

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، یەکێتی هەر لە نیوەی دووەمی تەمەنی کابینەی دووەمی حکومەتی کوردستانەوە، پێشێلکاری ئەو مافەی کرد.

لە ڕوانگەی بە پەرۆشییەوە بۆ یەکێتی کاری هاوبەش و دوورخستنەوەی مەترسییەکان لە ئەزموونە دیموکراسییەکەمان و تێکنەچوونی پەیوەندییەکان، لەلایەن سەرکردایەتی پارتیمانەوە چاوپۆشی لەم مافە ڕەوایەی پەرلەمانی کوردستانمان کرا، بەمەش تاقیکردنەوەکەمان زەرەری لێ درا و لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە، قۆسترایەوە و دوای ئەوەش دەرهاوێشتە و کاری نایاسایی و شازی لێ کەوتەوە، ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو لەسەر ئەزموونەکەمان.

پێشنیارکردنی پڕۆژەی یاسا و بڕیار کە هێزی یاساییان هەیە، بە گوێرەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، هەروەها یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ سنووردار کراوە بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، (١٠) ئەندام و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

بە حوکمی ئەوەی حکومەت ئەو لایەنەیە کە جێبەجێکردنی پێ سپێردراوە و، لایەنی بەرپرسە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و زیاتر ئاگاداری پێداویستییەکانی هاووڵاتییانە و بەرپرسیارە لە داهاتەکانی هەرێم و پێگەیاندنیان، بەو سیفەتەش کە لایەنی سەرف و خەرجکردنە و بەرپرسیارە لە دانانی سیاسەتێکی گشتی و پلانی گەشەپێدان، لەبەر ئەوەی خودان لەشکرێکە لە کادیری هونەرکار و پسپۆر لە هەموو بوارەکاندا، بۆیە یاسادانەرەکان لە زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکاندا، گرنگییەکی تایبەتیان داوە بە پڕۆژەی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش دەکرێن و، سەرپشکی و گرنگییەکی تایبەتیان پێ دەدرێ لە بەرنامەی دانیشتنەکانی پەرلەمان و لێژنەکانیدا.

هەرچەندە حکومەتی هەرێم هەر لە دامەزراندنی یەکەم کابینەی وەزارەتییەوە لە ١٩٩٢/٧/٤دا، گەلێك پڕۆژەی یاسای پێشکەش کردووە، بەڵام ئەوی کە بەدواداچێ و تەماشای چۆنیەتی ئەنجامدانی دەکات، هەست دەکات کە ئەزموونە دیموکراسییەکەمان و دەزگاکانی ڕاپەڕاندمان پێویستییان بە وەرچەرخانێکی نەوعی هەیە، کە واقیعی ئێستای بگۆڕێ بۆ واقعێکی تر غەیری ئەوی کە پێی ڕاهاتووە، کە زۆربەی فەرمانگەکان بەشێك بوون لە حکومەتی ناوەندی و پێوەی پەیوەیست بوون و سەر بە وەزارەتەکانی بوون بەر لە ڕاپەڕینەکەی ئاداری ساڵی ١٩٩١دا، دوو واقیعی لێك جیاواز لە ڕووی فەلسەفەی حوکمەوە پێویستیان بە تێفکرینی جیاواز هەیە بۆ هێنانەدی ئامانجی لێك جیاواز.

هێنانەدی ئەم ئامانجە پێویستی بە بەرزکردنەوەی هۆشیاری دیموکراسی هەیە لە نێوان کادیرە کارگێڕییەکاندا و دانانی کادیری بە باوەڕ و بە ئاگا لە واقیع و حەقیقەتی قۆناغی ئێستا لە جێگای ئەو کارمەندانەی کە بە هەستی کادیری مووچەخۆر بۆ چەند ساتێکی دیاریکراو ئیش دەکەن، بە تایبەتی لە پایەکانی ڕاوێژکاریدا و ئەو ناوەندانەی، کە پڕۆژەکانی یاساکارییان لێ ئامادە دەکرێ (یاسا و بڕیارەکان) بە مەبەستی بەدیهێنانی گۆڕانکاری، لە پێکهاتە کارگێڕییەکاندا و ئەنجامدانی پەیکەرە دیموکراسییە پێویستەکانیان و پێشخستنی ئەزموونەکەمان بە یاساکاریکردنی یاسای وا کە چەمکەکانی (مفاهیم) پرەنسیپی دیموکراسی تیا ڕەنگ بداتەوە و گوزارشتی لێ بکا. شاراوە نییە کە ئەو واقیعە تاڵەی بۆمان ماوەتەوە و ڕەوشی ناوخۆ گەمارۆی دوولایەنی سەپێندراو بەسەر کوردستاندا و هەڵوێستی ئیقلیمی لەسەر ئەزموونەکامان، هەموو ئەوانە بەربەستن لە بەردەم ڕێچکەی پەرەسەندنی دەزگاکانی کارگێڕی، لەگەڵ ئەوەیش نابێت ئەمانە ببنە هۆی چاوپۆشی لە ئامادەکردنی بەرنامە، دەزگای ئامادەکرنی یاساکاری پێویست لە پێناو گەشەپێدانی کارگێڕی، بە سوود وەرگرتن لە لێزانی خۆمان و ئەزموونەکەمان و سیستەمە دیموکراسییەکان.

لەگەڵ هەموو ئەمانشدا ئەو یاساکارییانەی دەرچوون، وەك پڕۆژەی یاسا لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کراون، یان وەك پێشنیاری یاسا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتوون، کەم نین و توانیوێتی چارەسەری گەلێك لەو گرفتانە بکات کە هەبوون و گۆڕانکارییەکی ئیجابیانە لە زۆر لایەنی ژیان لە کوردستاندا وەدەست بێنێ.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاکو ئێستا (٥١٣) دانیشتنی کردووە، لە ئاکامی ئەوەدا پتر لە (٢١٩) یاسا و بڕیار دەرچووە، ئەگەر ئەو ماوەیەی لێ لادەین کە کاروباری پەرلەمان بە زەبر و زۆر ڕاگیرا لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆدا کە لە دوو ساڵی تێپەڕاند، موعەدەلی دانیشتنەکانی کارکردنی ساڵانەی (١٠٣) دانیشتنە، واتە بە موعەدەلی (١٤) دانیشتن بۆ ئیشکردنی مانگێك کە خۆی لە خۆیدا کارێکی گەورەیە، گەر بەراورد بکرێ بە کاری پەرلەمانەکانی دەوڵەت و کیانە فیدراڵییەکانەوە، لەگەڵ ئەمانەشەوە عیبرەت بە جێبەجێکردنی یاساکانە نەك ژمارەکانیان.

خشتەی ژمارە (١١) ژمارەی یاسا و بڕیارە دەرچووەکان نیشان دەدا، هەر لە دامەزراندنی پەرلەمانەوە لە ١٩٩٢/٦/٤ تا کۆتایی خولی یەکەمی لە ساڵی ١٩٩٩ لە ١٩٩٩/٦/٨دا.

**دووەم: ئەرکی دووەمی ئەنجومەن یەکلاکردنەوەی کێشە و چارەنووسییەکان و دیاریکردنی پەیوەندییە یاساییەکانە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا:**

شاراوە نییە کە پەرلەمان لەم بوارەدا هەنگاوێکی مێژوویی هەڵێنا ئەویش دەرهێنانی بڕیاری (٢٢)ە لە ١٩٩٢/١٠/٤دا، بە ئیقرارکردنی بەیانی ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم، کە وەقایعی مێژوویی و سیاسی و یاسایی تیایە و پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی دیاری کردووە، هەڵبژاردنی ناوەندی سیاسی بۆ هەرێمی کوردستان و گەلەکەیەتی لەسەر بناغەی یەکێتی فیدراڵی لە نێوان عێراقێکی دیموکراسی و پەرلەمانی، کە بڕوای بە هەمەلایەنی حزبەکان هەبێ و ڕێزی مافی مرۆڤ بگرێ، پارتی مافی خۆیەتی بەر لە خەڵکی تر و لەوان زیاتر شانازی بەم هەنگاوەوە بکا، کە بەدەستپێشخەری و ڕێنمایی سەرۆك مەسعود بارزانی کراوە، دوای سەردانەکەی بۆ ئەمریکا و ئەوروپا لە ساڵی ١٩٩٢دا، ئامادەکردنی ئەو بەڵگەنامە سیاسی و دەستورییە مێژووییە، لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە لەلایەن کادیرەکانی پارتییەوە ئامادەکراوە، و لەلایەن پەرلەمانەوە بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر دراوە بێ ئەوەی هیچ هەموارکردنێك هاتبێتە سەر داڕشتن و ناوەرۆکەکەی، هەروەها دوو بڕیاری تر داڕێژران و ئیقرار کران، وەك تەواوکەرێك بۆ ڕاگەیاندن بۆ چارەکردنی ئەو گرفتە دەستوری و یاساییانەی لە ئەنجامی ڕاگەیاندنەوە پەیدا دەبن، کە بڕیاری ژمارە (٢٣) لە ١٩٩٢/١٠/٧دا، کە تێیدا هاتووە دەسەڵاتە پسپۆڕییەکان لە هەرێمدا بەردەوام بن لە ئەنجامدانی دەسەڵاتەکانی ناوەندی (المركزية ـ الاتحادية) و شوێنی دەگرێتەوە لە هەموو ئەوانەی کە پەیوەندی بە ئیشوکاری هەرێمی کوردستانەوە هەیە، تا حکومەتی ناوەندی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بە ژمارە (٢٢) لە ١٩٩٢/١٠/٤ ئیقرار دەکات، ئەو بڕیارە کە تایبەتە بە فیدراڵیەت و دان بە دەسەڵاتە دەستورییەکانی هەرێم دادەنێ.

بڕیاری ناوبراو پێویستە بۆ ڕەوشێکی وەك ڕەوشی کوردستانی عێراق، کە دەسەڵاتەکانی ناتوانن دەست بە ئەژنۆ بوەستن بەرامبەر ئەو ئەرك و توانایانەی، کە بە گوێرەی دەستور بە ئەرکی ناوەند (مرکز) دەژمێردرێن، وەك لە پێشان گوتمان حکومەتی ناوەندی ئیقرار بە واقیعی ئێستا ناکات، لە بەر ئەوە هیچ ڕێگەچارەیەکی تر نەبووە، تەنیا ئەو ڕێگەیە و دەرچوواندنی ئەو بڕیارە نەبێ، کە گوزارەشت لە واقیع و حوکمی عەقڵ و مەنتیق دەکات.

هەروەها لە ڕابردودا بڕیارێکی دەرهێنا لەسەر ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم بە ژمارە (١١) لە ١٩٩٢/٨/٣١ مێژووی کشانەوەی کارگێڕییەکانی حکومەتی ناوەندی، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە ١٩٩١/١٠/٢٣ داندرا بە (الحد الفاصل) بۆ بەرقراری یاساکانی ناوەندی. حیساب

کردنی ئەوەی بەر لە مێژووی ناوبراو یاساکاری کراوە بەردەوام لە هەرێمدا کاریگەر دەبێ، تەنیا ئەوانە نەبن کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە کارپێکردنیان ڕادەگیرێ و حیسابکردنی ئەوەی دوای ئەو مێژووە یاساکاری کراوە لە هەرێمدا ڕاگیراوە، تا ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاری بەردەوامی کاریگەربوونی نەدا، ناتوانرێ دەستبەرداری ئەو یاسا و پەیڕەوانە بین، کە بەر لە دامەزراندنی سیستەمە سیاسییەکەی ئێستای ئێمەدا لە کوردستانی عێراق دەرهێندراون، لە بەر نەبوونی یاساکاری جێگرەوە (التشريعات البديلة) بە تایبەتی زۆر لەو یاسا و پەیڕەوە بەرقەرارانە هیچ پەڵەیەکیان بە سەرەوە نییە، بەڵکو لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و دانپیانراوەوە، وەرگیراون و لە پیادەکردندا سوودمەندیان سەلمێندراوە، هەروەها تایبەت بە ڕژێمی ناوەندی بەغداوە و لە کاکڵەی هزری (فکری) ئەوان تیشك دانەوەی فەلسفەی سیاسی ئەوان نییە، لە لایەکی تریشەوە پەرلەمان لەو یاسا و بڕیارانەی ڕژێمی عێراق غافڵ نەبووە، کە لەگەڵ واقیعی کوردستان و باوەڕ و ڕێسای دیموکراسییەت و، مافی مرۆڤدا ناگونجێن و گوزارشت لە فەلسەفەی حزبی فەرمانڕەوا دەکەن، هەروەها پەرلەمان ئەو بڕیارەی ڕێگای لە بەردەم حکومەتی ناوەندیدا گرتووە، کە پەنا بباتە بەر دەستێوەردان لە کاروباری هەرێم لە ڕێگای یاساکارییەوە، بە بیانوی دەستوری و قانونییەوە و ئەو هەڵە بقۆزێتەوە کە یاساکانی لە هەرێمدا بەرقەرارن، بڕیاری ناوبراو کۆمەڵێك پرەنسیپی تێدایە ئاماژە بە گرنگییەکانیان دەدەین:

١. لە مادەی یەکەمیدا داواکراوە لە تێکڕای وەزارەتەکان و دەستگاکانی هەرێمی کوردستانی کە بە وەزارەتێکەوە گرێ نەدراون، لەو یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییانە بکۆڵنەوە کە لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوون و دەستنیشانی ئەوانە بکەن، لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا بگونجێن و بیخەنە بەردەمی پەرلەمان بۆ یەکلاکردنەوەی ڕەوایی بەردەوامبوونی حوکمەکانی لەناو هەرێمدا یان نا، ئەوەی جێگای داخە تا ئێستا لە وەزارەتەکان و ئەو دامودەزگایانە بابەتی بە هەند هەڵنەگرتووە کە شایانەتی.
٢. لە مادەی دووەمی بڕیارەکەدا هاتووە، کە کار نەکرێ بە حوکمەکانی ئەو یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییانەی، لەلایەن دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندییەوە دەرچوون یان دەردەچن، دوای کشانەوەی دەزگا کارگێڕییەکانی حکومەتی ناوەندی لە هەرێمی کوردستاندا کە لە ١٩٩١/١٠/٢٣دا، تەنیا دوای ئیقرارکردنی ڕەوایی بەردەوامبوونی نەبێ، لە هەرێمدا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقەوە.

بەمەش ئەنجومەن ناوانێکی داناوە لە نێوان ئەوەی لە حکومەتی ناوەندییەوە دەرچووە،

پـێش ئێسـتا کشـانەوەی دەزگـا کارگێڕییـەکانی حکومـەتی ناوەنـدی لـە هەرێمـدا لـە ١٩٩١/١٠/٢٣دا، و لە پاش ئەوەشدا دوو بنەمای گشتی و دەستوری دیاری کردووە:

**یەکەم:**

تایبەتە بە قۆناغی بەر لە کشانەوەی دەزگا کارگێڕییەکانی حکومەتی ناوەندی لە کوردستاندا و، ئەو بنەمایەی لـە ئەنجومـەن یاسـاکاری کـردووە، کـە ئـەوەی لـەو مادەیـەدا دەرچـوو لـە هەرێمدا بەرقەرار بێ بەدەریش (الاستثناء) ئەوەیـە، ڕاگرتنـی بـەردەوامبوونی ئەوانەیـە کـە پەرلەمان بڕیاری وەستانی بەردەوامبوونیان دەدا یان هەڵیان دەپەسێرێ.

**دووەم:**

ئەوەیـە لـە هەرێمـدا بەرقەرارنـەبوونی ئـەوەی لـە حکومـەتی ناوەندییـەوە دەرچـوو یـان دەردەچێ لـە دوای ١٩٩١/١٠/٢٣وە، بـەدەریش (الاستثناء) ئەوەیـە بـەردەوامبوونی ئـەوەی ئەنجومەن بڕیار دەدا، کە بەردەوام بێ ئەگەر بەرژەوەندی گەلی کوردستان پێویسـتی بـەوە کرد، بەمەش پەرلەمانی کوردستان چارەیەکی بنەبڕی داناوە، بۆ گرفتی دەسـتوریەتی یاسـایی کە سەرچاوەی کەلێن و شڵەژان بوو بۆ سیستەمی سیاسیمان.

**سێیەم: ئەرکی دەستوری سێیەمی پەرلەمان**

ناولێنانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، واتا (سەرۆکوەزیران) و متمانەپێدانەوە بە وەزیرەکانیش، یـان لێکێشانەوەی. ئەنجومەنی نیشتمانی بەپێی دابونەریت، ئەم مافەی خـۆی بـەڕێوەبردووە لـە هەر سێ کابینە وەزارەتییەکانی کە تا ئێستا پێك هاتوون.

**چوارەم: بڕیاردان لەسەر بودجە و نەخشەکانی گەشەپێدان**

یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموار کراوە کە یاسـای هـەڵبژاردنی ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردستانی عێراقە، وەك تێکـڕای پەرلـەمان و سیسـتەمە سیاسـییە دیموکراسییەکانی جیهـان، پەرلەمان ئەرکی بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی هەرێم و پلانـەکانی گەشـەپێدانی خسـتۆتە ئەستۆ.

١ ـ ساڵانە بودجە لەلایەن حکومەتەوە ئامادە دەکرێت، دەبێ بەر لـە کۆتـایی هـاتنی سـاڵی دارایی پێشکەش بە ئەنجومەن بکرێت و دەبێ بەر لە سەرەتای ساڵی دارایـی تـازەش ئیقـرار

بکرێ، بەڵام ڕەوشی ناوخۆی هەرێم بە شێوەیەکی سلبی کاری کردۆتە سەر ئەم لایەنە، ئەو مەوعیدانەی لە ڕووی یاساییەوە بڕیاریان لەسەر دراوە پابەندیان پێوە نەکراوە.

یەکەم بودجە کە پێشکەش بە ئەنجومەن کراوە، بودجەی ساڵی ١٩٩٣ بوو بە گوێرەی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٣ی دەرچوو لە ١٩٩٣/٣/١دا، بڕیاری لەسەر درا، حکومەت حیسابکاری کۆتایی بۆ ئەم بودجەیە پێشکەش نەکرد بە پەرلەمان، و بودجەی ساڵی ١٩٩٤ تا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگی بەسەر سەرەتای ساڵی دارایی پێشکەش نەکرا و ناتەواو بوو، بنەمای پەیڕەوکراوی لێ نەدەهاتە دی و بە داواکاری وەزیری دارایی گەڕاندرایەوە بۆ حکومەت و لە دوای ئەوەوە بۆ پەرلەمان نەگەڕاندرایەوە و هەروەها حیسابکاری کۆتایی هەمان ساڵ پێشکەش نەکرا، بودجەی ساڵی ١٩٩٥ هەر لە بنەڕەتەوە پێشکەش نەکرا و ئەو ماوەیە هاوکات بوو لەگەڵ داگیرکردنی هەولێر لەلایەن هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانییەوە و چالاکی پەرلەمان لە کار کەوت.

دوای گەڕاندنەوەی پەرلەمان بۆ چالاکییەکانی خۆی لە بینایەکەیدا و پێکهێنانی کابینەی سێیەم، بودجەی ساڵی ١٩٩٦ تا ١٩٩٦/١٢/٣١ پێشکەش کرا ئەوەی لە ساڵ مابووەوە، واتا بۆ ماوەی ١٩٩٦/٩/١ تا ١٩٩٦/١٢/٣١ بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٦ لە ١٩٩٦/١١/٦دا، هەروەها بودجەی ساڵی ١٩٩٧ کە بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٧ سەلمێندرا لە ١٩٩٧/٣/١٩دا، بودجەی ساڵی ١٩٩٨ بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٧ ڕاوەستێنرا لە ١٩٩٧/١٢/٣٠ بەڵام بودجەی ساڵی ١٩٩٩ تا ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش نەکراوە و ساڵیش بەرەو کۆتایی دەڕوا.

شایانی باسە کە کابینەی سێیەم، پاش وەرگرتنی بڕوای پەرلەمان لە ئەیلولی ساڵی ١٩٩٦دا، بەرنامەی کاری خۆی بە پەرلەمان پێشکەش کرد و پەسەند کرا، کە گشت بوارەکانی چالاکیی حکومەتی هەرێم دەگرێتەوە.

ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە کابینەی سێیەمی حکومەت لە بارودۆخێکی دژواردا پێک هات و ئاکامی شەڕی داسەپاوی ناوخۆ و میراتی قورسی سلبیاتی وەزعی پێشووی بۆ مابووەوە.

ب ـ پلانەکانی گەشەپێدان: بڕگەی (٥)ی مادەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراوی ئەنجومەن، دەسەڵاتی بڕیاردانی لەسەر پلانەکانی گەشەپێدان داوە بە پەرلەمان، بەڵام هیچ کامێك لە سێ کابینەکان چ پلانێکی گەشەپێدانیان لە ماوەی ساڵانی ڕابردودا پێشکەش بە پەرلەمان نەکردووە.

## پێنجەم: چاودێریکردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن

بێگومان ئەرکی ناوبراو لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا بە گرنگترین ئەو ئەرکانەی پەرلەمان دەژمێردرێ، ئەگەر پەرلەمان بە چەمکە (مفهوم)ە، ساکارەکەی کرداری بەشداربوونی گەل بێ لە دروستکردنی بڕیار، لە ڕیگای یاسا و بڕیارەکانەوە بە هۆی نوێنەرە هەڵبژاردراوەکانییەوە، نیوەی یەکەمی بێت، ئەوە نیوەی دووەمی مافی گەلە لە چاودێریکردنی ئەو لایەنەی کە جێبەجێکردنی یاسا و، بڕیارەکان و جڵەوی حوکم لە ئەستۆی خۆی دەگرێ، یاسای ژماری (١)ی ساڵی ١٩٩٢ کە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقە، هەروەك سیستەمەکانی وڵاتە دیموکراسییەکانی جیهان بڕیاری مەبدەئی چاودێری داوە، ئیقراری ئەو مافەی کردووە و بە درێژی لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا باس کردووە و باسی ڕێگەکانی ئەنجامدانی ئەو مافە و ئەو ئامرازانەی کردووە کە بە کار دێ بۆ هێنانە دی ئەمە، کە ئەمانەن:

١. مافی ئەندام بۆ ئاراستەکردنی پرسیار بۆ سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
٢. مافی پرسینەوە (الاستجواب) کە ئەویش نوێکردنەوەی متمانە، یان کێشانەوەی ئەو متمانەیە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ئەندامەکانی لەسەر دەوەستێ.
٣. داواکردنی ئامادەبوونی وەزیر و کارمەندان لە لێژنەکانی ئەنجومەندا.
٤. پێکهێنانی لێژنەکانی توێژینەوە.
٥. گفتوگۆکردن و ڕاوەستاندنی بودجە و حیسابکاری دوماهی.

چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایەن پەرلەمانەوە کەمکردنەوە نییە لە هەیبەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان پێشێلکاری نییە لەسەر مافەکانی و دەستێوەردان نییە لە کاروبارەکانی، لەبەرئەوەی لە بەراییدا و بەر لە هەموو شتێك مافێکی دەستورییە، هەموو سیستەمە دیموکراتییەکانی جیهان ئیقراریان کردووە، ئەو مافە وەك بڵێی لە نێوانیاندا لەیەك دەچێ، سنوور و مەوداکە بە وردی دیاری کراوە، پوختەی تاقیکردنەوەی گەلان و سیستەمە دیموکراسییەکانە کە لەم بوارەدا بە دەیان ساڵ لەسەری دەڕۆن، ئەم ڕێبازە یان ئەو مافە لەگەڵ پرەنسیپی جیاکاری نێوان دەسەڵاتەکان هاودژ نییە، بەڵکو پیادەکردن و مومارەسەکردنیەتی، کە پرەنسیپی ناوبراو لە ئەسڵدا لەسەر بناغەی هاریکاری و هاوکێشە و گونجاندن، لە نێوان هەردوو دەسەڵاتەکانی یاسادانان جێبەجێکردندا دامەزراوە، واتە

گوزارشته لە جیاکاری نیسبی لە نێوان دەسەڵاتەکان و جیاکارییەکی توند و مەیی (جامد) نییە، هەروەها ئەنجامدانی ئەو مافە بە نوێنەرایەتی گەلە، کە متمانەی بە پەرلەمان داوە و کردوویەتییە نوێنەری خۆی، هەروەها لەلایەن ئەنجومەنەوە ئەنجام دەدرێ کە متمانەی بە حکومەت داوە، گەر ئەو نەبووایە ڕەوایی مومارەسەکردنی کارە دەستوری و یاساییەکانی نەدەبوو، جگە لەوەی مەبەست و ئامانج لە چاودێریکردن جەختکردنە لەسەر سەلامەتی جێبەجێکردنی بودجە و، یاساکان و دەستنیشانکردنی کەلێن و کەموکورتییەکانی بۆ چاکسازی و چارەسەرکردنیان، لە ئاکامدا بەهێزکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و بەشداریکردنە بۆ پتەوکردنی بناغەکانی، هەروەها متمانە بەخشینی پەرلەمان بۆ هەر حکومەتێك لەسەر بنەمای ڕێبازی وەزارەتەکان، یان سیاسەتی واڵاکراوی حکومەت دەبێ، بۆیە پەرلەمان مافی خۆیەتی بەو ڕێگایانە دا بڕوا، کە دەتوانێ ئاگادار بێ کە تا چ ڕادەیەك ئەو ڕێبازە، یان سیاسەتەی کە لەسەر ئەو بناغەیە متمانەی خۆی داوە بە حکومەت پیادە کراوە.

**شەشەم: هەوڵەکانی پەرلەمان بۆ خۆلادان لە شەڕی ناوخۆ و بەرقەراربوونی ئاشتی و گەڕانەوەی شەرعییەت**

پەرلەمانی کوردستان لەوە گەیشتووە کە بارودۆخەکە نالەبار و ناسکە و ئاماژەی بەوە کرد کە ترسناکترین شت ڕووبەڕووی ئەزموونە دیموکراسییەکەمان و کیانە سیاسییە ساواکەمان دەبێتەوە و هەڕەشەی ڕووخانی لێ دەکا شەڕی ناوخۆیە، چ ئەوەی لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی و حزبەکانی تر، یان ئەوەی لە نێوان یەکێتی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگیرساون، لەبەر ئەوە توانای خۆی خستۆتە گەڕ و ئەندامەکانیش شانبەشانی سەرکردایەتی حزبمان و هەموو ئەوانەی بە پەرۆشن بۆ ئەم کیانە تازەیە، هەموو هەولێکیان تەرخان کراوە لە پێناو دەربازکردنی ئەزموونەکە و بەرپاکردنی ئاشتی و گەڕانەوەی شەرعییەت.

لە ئاکامی جەولەی یەکەمی شەڕ و هەڵسەنگاندنی لێژنەکانی پەرلەمان لە ١٩٩٤/٧/٢٥دا، چەند پرەنسیپێکی ڕاگەیاند کە گوزارەشت لە هەڵوێستی دەکا بەرامبەر ڕووداوەکانی مایس و حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٤ کە لە (١٩) بەند پێکهاتبوو، بەڵگەنامەکە ڕیسواکردنی شەڕی ناوخۆ و حەرامکردنی بەرکارهێنانی هێز، بۆ یەکلاکردنەوەی گرفتەکان لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و جەختکردن لەسەر ئاشتی و ڕەوایی و مافەکانی مرۆڤی تیابوو،

هەرچی كە لـە توانایـدا هەیـە پارێزگـاری لـە ئەزموونـە دیموكراسـییەكە و بـەردەوامبوون و پەرەپێدانی بكات.

هەروەها لە ١٩٩٤/٨/١٥دا، پەرلەمان بانگهێشتی بـەڕێزان سـەرۆكی پـارتی و سـكرتێری یەكێتی كرد، لە دانیشتنێكی ڕەسمیدا جەختیان لەسەر پشتگیری خۆیـان كـرد بـۆ ئـەوەی كـە بەڵگەنامەی پرەنسیپەكاندا هاتبوو، هەروەها جەختیان كرد كـە كـار بكـەین بـۆ بـەرپاكردنی ئاشتی و گەڕانەوەی شەرعییەت و پارێزگاریكردنی ئەزموونەكە.

وەك پێشینەیەكی زیندوو بۆ بەشداریكردنی پەرلەمان لە كرداری بەرقەراركردنی ئاشتی، چەند وەفدێك لە فراكسیۆن و لیستەكانی پەرلەمان پێك هێندرا و، داوایان لێكرا كە سـەردانی مەیـدانی بـەرەكانی ڕووبەڕووبوونـەوە و شـەڕ بكـەن، ئەنـدامانی پەرلـەمان لـە كـاتی بەجێگەیاندنی ئەركە پیرۆزەكەیاندا، تووشی گەلێ ئاستەنگ بوون كـە هەنـدەی نـەمابوو بـە لەدەستدانی ژیانی هەندێكییان كۆتایی پێ بێ، لـە زۆر ئـەرك و لـە زۆر شـوێندا ڕووبـەڕووی تەقەلێكردن و گەمارۆدان هاتن، ترسناكی ڕەوشەكە و پێكدادانی بەردەوام ڕێـی پـێ نـەگرتن لە ئەنجامدانی ئەركە شەرەفمەندەكەیان، بەشەو و بە ڕۆژ لە پێشینەیەكی بێهاوتادا لە ژیانی پەرلەمانتاران و پیرۆزترین وێنەی قوربانیدان و لە خۆبووردنی نیشان دا، هەروەها ئەندامانی پەرلەمان وێنەیەكی تریان نەخشاند كە گرنگی و گوزارشتكردنی لە قوربانیدانی وێنەی یەكەم كەمتر نەبوو، كاتێ كە (٥٩) ئەندام لە ئەندامانی پەرلەمان پەناگیرییان لە بینایـەی پەرلـەمان لە ١٩٩٤/٢/٢٣، بۆ ماوەی (١٠١) ڕۆژ دەستی پێكرد بە ئامـانجی ڕاگرتنـی كوشـتاری نـاوخۆ و چارەكردنی ناكۆكییەكان بە دانوستاندن و بەدیهێنانی ئاشتی و گەڕانەوەی شـەرعییەت، كـاتێ یەكێتی گەمارۆی خۆی لەسەر پەرلـەمان تونـد كـرد و چەكـدارەكانی حورمـەتی پەرلـەمانیان پێشێل كرد، پەناگیرەكان كۆتاییان بە پەناگیرییەكەیان هێنا وەك نـاڕەزایی دەربـڕین بەرامبـەر بـەم كـارە دوژمنكارییـە، هێـزە سیاسییەكانی كوردسـتان ڕیسـوایان كـرد و جێگـای نـاڕەزایی دۆستانی گەلەكەمان بوو.

زۆرینـەی پـەناگیران لـە فراكسـیۆنی پـارتی بـوون، نمونـەی قوربانیـدانیان نیشـان دا، ڕووداوەكان سەلماندیان كە ژیانیان لە مەترسی ڕاستەقینەدا بوو.

هەوڵەكانی پەرلەمان لـەم بـوارەدا چوارچێـوەی نـاوخۆیی بەزانـد و، لـە ڕێگـەی تـۆڕی گەیاندن، ڕۆژانە پەیوەندی دەكـرا لەگـەڵ زۆر لـە پەرلـەمانتارانی ئـەوروپایی و دەسـتگاكانی دۆسـتی گەلەكـەمان، هـەروەها ڕۆژنامەگـەری جیهـانی بـۆ پشـتیوانی ئەزموونـە دیموكراسـییەكەی، هەنـدێ لـە پەرلـەمانتارە ئەوروپییـەكان ڕایانگەیانـد، ئامـادەن بـێن بـۆ

پایتەختی هەرێم (هەولێر) و بەشداری لە پەناگیری پەرلەمانتارانی کوردستان بکەن.

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشینەیەکی مێژووییان تۆمار کرد کە لە بواری خەباتی دیموکراسی ئاشتییانەی مەدەنیدا بێ وێنەیە، ئەویش بە پەناگیریان بۆ ماوەی پتر لە سێ مانگ، لە ڕەوشی شەڕی ناوخۆ و گەمارۆی سەپێنراو بەسەریاندا و، ئەو زێدەڕۆییانەی کە کرا بە دەرکردنی خێزانەکانیان و داگیرکردن و تاڵانکردنی خانووبەرەیان لەلایەن چەکدارانی یەکێتییەوە.

پەرلەمان بە درێژایی ماوەی پەناگیری، شوێنی زیارەتکردنی دەیان وەفدی حزبی و جەماوەری و میللی و ڕێکخراوە مرۆیی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بوو، چ بۆ پشتگیریکردنی پەناگیران و داواکارییەکانیان چ وەك ئەوەی کە بنکەیەك بوو بۆ لێژنەی باڵای هێورکردنەوە، ئەم لێژنەیە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە کاتی ئیشکردنیدا، لەگەڵ لایەنە مەعنییەکاندا و پردێك بوو بۆ پاراستنی ژیانی دەیان لەو کادیر و بەرپرس و هاوڵاتییانەی ناچاربوون پەنا بەرنە بەر پەرلەمان یان لەناوەندی پایتەخت دەربچن.

لێرەدا پێویست دەکا بە حورمەت و چاوی ڕێزەوە، لە بەردەم پەرلەمانتارە پەناگیرەکان و داواکارییە ڕەواکانیان بوەستن و بەڕێزەوە سڵاویان پێ بگەیەنین، بە تایبەتی گروپی پارتی بۆ مکوڕی و پشووی درێژیان و پابەندی نیشتمانی و پەرلەمانی و سیاسییان و، بۆ گروپی پارتی پەرلەمانی، ئەوانە لە تەك برادەرەکانیان وەستان و بەرگریان لە مەسەلەکەیان کرد و هەوڵیان دا و لە چالاکییەکانیاندا بەردەوام بوون، سڵاومان دەگەیەنین بە هەموو حزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ئایینییە کوردستانی و عێراقییەکان و پەرلەمانتارانی دۆست لە هەموو دەوڵەتان، ڕێکخراوە مرۆیی و ڕێکخەری (UN) هەولێر و پۆلیسی دەولی، بۆ ئەو پشتیوانی و هاندانانەی کە بۆ پەناگیرانیان نواند لەو ساتە نالەبارانەدا و سڵاو و ڕێز بۆ سەرۆك بارزانی کە لە ڕەوشی شەڕ و بەرپرسیارییەتییە گەورەکانی، برا پەناگیرەکانی لە یادنەکردن و بە دەنگ داواکارییەکانیانەوە هات و لە ڕەوش و حاڵیانی دەتۆژییەوە و، بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیمان و بۆ ڕاگەیاندنی پارتیمان و بنکە (قاعدە)ی، پارتی بۆ ئەو پشتگیری و بەدواداچوونانەیان.

لە پەرلەمانەوە گەلێك یادداشتنامە و بەیان و بروسکە دەرچوو، لە مەڕ هەڵوێستیان بەرامبەر بە ڕووداوەکان و پشتگیری لە هەوڵەکانی ئاشتی دەکا، و دەستتێوەردانی بیانی لە کاروباری هەرێمی کوردستان و پێشێلکاری پیرۆزی پەرلەمان ڕیسوا دەکا.

**حەوتەم: پەیوەندییە دەرەکییەکان**

پەرلەمانی کوردستان هەر لە کردنەوەی یەکەم دانیشتنییەوە، گەلێك بروسکەی پیرۆزبایی لە پەرلەمان و گروپە پەرلەمانییەکان و حزب و کۆمەڵە و کەسایەتییە لایەنگیرەکانی گەلەکەمانی پێ گەیشتووە، هەروەها گەلێك لە شاندە بیانییەکان هەر لە دامەزراندنیەوە سەردانی پەرلەمانیان کردووە، لە زۆر بۆنەدا وەك پەرلەمانی دەوڵەتێك مامەڵەیان لەگەڵ پەرلەمانی کوردستاندا کردووە.

دەشێ ئاماژە بە یەکەم بروسکەی پیرۆزبایی بە بۆنەی لەدایکبوونی پەرلەمان بکەین، لە یەکەم دانیشتندا لە ١٩٩٢/٦/٤ لە لایەن بەڕێز **هانس فیشەر**، سەرۆکی پەرلەمانی نەمسا و سەردانی **مادام میتێران** هاوسەری سەرۆککۆماری کۆچکردووی فەڕەنسا **میتێران** و، دکتۆر **بێرنارد کۆشنەر** وەزیری تەندروستی و کاروباری مرۆیی ئەو دەمەی فەڕەنسا و ئەو یاوەرانەی کە لەگەڵیدا بوون میوانی ڕەسمی پەرلەمانی کوردستان بوون، جگە لە دەیان شاندی پەرلەمانی دەوڵەتە ئەوروپییەکان و تورکیا و بەرپرسە حکومەتییەکانی زۆر لە وڵاتە ئیقلیمی و ئەوروپییەکان.

بانگهێشتکردنی شاندێك لە پەرلەمانی کوردستان، بە سەرۆکایەتی سەرۆکەکەی لەلایەن (٨) دەوڵەتی ئەوروپییەوە لە نێوانیاندا (بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، نەمسا و وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان و سویسرا) هەروەها بانگهێشتکردنی سەرۆکەکەی بۆ ئیسپانیا و یۆنان، مامەڵەکردنی پەرلەمانە ناوبراوەکان لەگەڵ شاندەکە کە لایەق بە شوێن و جێگەیان بێ، جگە لە حورمەتگرتن و سۆزنواندن بەرامبەریان، لە ڕاستیدا شانازییە بۆ گەلەکەمان و ڕێزلێنانە لە قوربانییەکانی.

**هەشتەم: بڵاوکراوەکانی پەرلەمان**

شانازی دەکەین ئەمڕۆ لە بەر دەروازەی کۆتایی خولی دووەمی ساڵی هەشتەمی پەرلەمانی کوردستانین، سەدەی ئێستا بەڕێ دەکەین و دەچینە ناو چەرخی بیست و یەکەمەوە، پەرلەمانی کوردستان کە زۆرینەی پارتییە و بە پشتیوانی سەرکردایەتییە حەکیمەکەی، شەرەفی ئەوەی هەبێ (٢١) جلد لە پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان تاکو ئێستا چاپ کات، کە ژمارەی لاپەڕەکانی گەیشتۆتە نزیکەی دە هەزار لاپەڕە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا تا ئێستا بە گەورەترین پڕۆژەی چاپەمەنی لە کوردستانی عێراق دەژمێردرێ، هەموو

دانیشتنەکانی پەرلەمان و پڕۆژە یاساییەکانی کە لێیەوە دەرچوون بە زمانە بەهادارە کوردییەکەمان تۆمار کراون، هەروەها سێ جلد لە چاپ دراون کە هەموو یاسا و بڕیارەکانی کە تا ئێستا لە پەرلەمان دەرهێندراون بە زمانی کوردی و عەرەبی دەگرنە خۆیان، جگە لەوەش پەرلەمان گۆڤارە دەورییەکەی (پەرلەمان) کە تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لە پەرلەمانەوە دەردەچن، (٤٤) ژمارەی لێ دەرچووە کە بەسەر هەموو فەرمانگە و دامەزراوە حکومەتی و حزب و ڕێکخراو و دەستەکانی ڕاگەیاندن، دابەش کراوە.

جگە لەمەشناملکەیەکی بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی دەرچواندووە کە پەیوەندیدارە بە سیستەمە دیموکراسییەکەمان و هەر سێ دامەزراوەکەی، یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و دەستەکانی و ئالییەتی کارکردنی، لەگەڵ گەلێ سپارە و پەخشنامەی تر و سازدانی سمیناری تایبەت بە پڕۆژەی یاساکان و کێشە گرنگەکان.

لە لاپەڕەکانی ڕابردودا چالاکی و ئاستنگەکانی پەرلەمانمان لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردودا بە تاڵ و شرینییەوە خستە ڕوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بکەین کە لە دایك بوون و بەردەوامی ئەم دەستگایە یاساکارییە بە شانازی بۆ گەلەکەمان دەژمێردرێ، شەرەفی پارێزگاری لێکردنی و بەردەوامبوونی، بۆ پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان و بازوی پێشمەرگە پاڵەوانەکانی دەگەڕێتەوە، ئەم حەوت ساڵەی ڕابردو تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەند و بە نرخی، لە ئیشوکاری پەرلەمانی دیموکراسی پێداین لە سێبەری کەشوهەوایەکی ئاڵۆز و دژواردا، ئێمە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەین کە ئاستەنگەکان لە بەین دەچن کە تا ئێستاش ڕێ بە پەرلەمان دەگرن، کە ئاماژە بە خاڵە سەرەکییەکانی کرا، بە هیوای قووڵکردنەوەی ئەم مومارەسە دیموکراسییە و ڕێزگرتن لە شوێن و جێگاکەی، باوەڕمان زۆرە نوێنەرانی کۆنگرەی دوازدەیەمی حزبمان گرنگییەکی زۆر بەو گرفت و ئاستەنگانە دەدەن، کە خرانە ڕوو و چارەسەری پێویستی بۆ دەدۆزنەوە.

ئێمە وەك پارتی مافی خۆمانە شانازی بە ڕۆڵی خۆمان لەو دامەزراوەدا بکەین، کە چاوپۆشیمان لە زۆرینەی خۆمان کرد کە (٥١) کورسی بوو لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ١٩٩٢دا، بەدەستمان هێنا، بۆ ئەوەی ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ ڕوو نەدات و ئەزموونەکە سەرکەوێ، لەمەشدا بەرژەوەندی کوردستان و گەلەکەمان بەسەر بەرژەوەندی حزبایەتیدا سەرخست، ئەم سیاسەتە پاڵی بە زۆر لە ئەندامانی ئەم دامەزراوە نا، کە لە لیستی ڕکابەر و هاوکاری لەگەڵماندا کە لە ئیشی خۆیاندا وەك ئەندامی چالاك لە پەرلەمانی کوردستاندا بەردەوام بن.

ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٩٢دا، (١٠٥) ئەندام بوو، بەڵام ئێستا ژمارەی ئەندامانی کارای پەرلەمان (٦١) ئەندامن، پەنجا لەوانە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و شەشیان لە ئەندامی فراکسیۆنی سەوزن، کە ئەوانەی بەردەوام بوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکە پەرلەمانی و چالاکییەکانیان و بەردەوامن لە بەشداریکردنی خول و دانیشتنەکانی پەرلەمان، چوار ئەندامیش لە لیستی مۆرن (بزاڤی دیموکراسی ئاشووری) ئەندامی دووایش لە لیستی یەکگرتووی مەسیحیەکانی کوردستانن و دوو کورسیش بەتاڵن کە هی شەهید **سیروان نەورۆلی** و خوالێخۆشبوو **نەژادی ئەحمەد عەزیز ئاغایە**، جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەین، ئەوانەی تریش کە ماون لە لیستی سەوز بەرەو پیلی بانگەوازی بەرژەوەندی گشتی و ویژدانەوە بێن و، پارێزگاری لەو دەستکەوتە مەزنە و تاکە سەکۆی شەرعی و هەڵبژێردراو، لەلایەن گەلی کوردستانەوە بکرێ و بگەڕێنەوە ڕیزی برادەرەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان و لەگەڵ ئەواندا بەرپرسیارییەتەکانیان بگرنە ئەستۆ و، بە یەکەوە بەشداری بکەین بۆ پتەوکردنی ئەم ئەزموونە و ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن و، پیادەکردنی هەموو بەندەکانی لە پێش هەموو ئەو بەندانەشەوە گرێدانی دانیشتنەکانی پەرلەمان، بە تێکڕای ئەندامانییەوە و هەر لە بینایەی پەرلەمان لە هەولێری پایتەختدا و دەست بەکاربوون، بۆ پیادەکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە دەبێتە ڕێخۆشکەرێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی دووەمی پەرلەمان.

ڕێکەوتننامەی واشنتۆن کە ئیمزای سەرۆك **مەسعود بارزانی** و بەڕێز **جەلال تاڵەبانی** پێوەیە، جگە لە ئیمزای حکومەتی ئەمریکی و پشتیوانی لێکردنی بەریتانیا و تورکیا کە کۆمەڵگای ئەوروپا و هەموو دۆستانی گەلەکەمانیان لە دواوەیە، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان و جێگە و ڕۆڵی بەرچاوی لە کرداری جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا، شانبەشان لەگەڵ لێژنەی تەنسیقی باڵادا، بۆ گەیشتن بە هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی دووەم، ئەمەش واتای زۆر دەگەیەنێ و دەلالەتی هەیە کە ئەم دامەزراوە، شوێنی خۆیی و ڕێزی هەیە لەلای دۆستانی گەلەکەمان جگە لەوەی لەناو ئێمەی کورد.

پەرلەمانی کوردستان هیچ هەوڵێك ناهێڵێتەوە لە ڕێگای گەیشتنی بەم ئامانجە شەرەفمەندانەیە لەسەر ڕێبازی خۆی بەردەوام دەبێ و بانگەوازەکەی دووپات دەکاتەوە بۆ ئەو برایانەی فراکسیۆنی یەکێتی کە بگەڕێنەوە هۆڵی پەرلەمان لە پایتەخت. فراکسیۆنی

پارتی پەرلەمانی و سەرۆکایەتییەکەشی لە ئامادەباشیدان، کە ئەو کۆسپ و لەمپەرانە تەخت بکەن کە ڕێگا لێڕۆیشتنی یەکریزیمان و، ئەنجامدانی ئەرکەکانمان لە چەسپاندنی ئاشتییەکی هەمیشەیی و سەرتاسەری دەگرن و نایەڵن خەونەکەی هەمووومان بێتەدی، کە هێنانەدی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکانە بۆ خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

لە کۆتاییدا سڵاو و ڕێز بۆ گیانی شەهیدانی یەکەم پەرلەمانی کوردستان دەنێرین، (شەهیدان **فرەنسیس شابۆ** و **سیروان نەوروڵی**) و خوالێخۆشبووان (**مەلا محەمەد شەریف بەگ** و **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**) و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان و لە پێشەوەی هەموویانەوە، بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

**فرەنسو هەریری ـ فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵا ـ جەوهەر نامیق سالم**

## ڕاپۆرتی فراکسیۆنی پارتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

بزووتنەوەی میللی گەلی کوردستان، زیاتر لە سەد ساڵە سەری هەڵداوە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، شۆڕش و خەبات لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەپێی بارودۆخی تایبەتی هەر پارچەیەك، بێ وچان دراوە، بۆ هێنانەدی ئامانجە میللی و دیموکراتییە ڕەواکانی گەلەکەمان.

بە گشتی لەم سەدەیەدا بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان دەها ڕاپەڕین و شۆڕشی بەرپا کردووە، و چەندەها جار شۆڕش و خەبات گەیشتۆتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە نزیك بێتەوە لە هێنانەدی ئامانجەکانی، بەڵام بەداخەوە هیچ شۆڕشێك نەگەیشتۆتە ئامانجی سەرەکی و سەرکەوتنەکانی، تا سەر نەبووە و مەودای زۆر کورت بوون، شۆڕشی مەزنی ئەیلول نەبێت کە تاکە شۆڕش بوو، بۆ یەکەمین جار سەرکەوتنی گەورەی بۆ گەلی کوردستان بەدەست هێنا و ئەویش ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ی تۆمار کرد.

لە کوردستانی عێراق شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و بارزان و شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و پاش شەڕی نێوان عێراق و ئێران و داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، ڕاپەڕینێکی مەزنی سەرتاسەری هەڵگیرسا و بارودۆخێکی لەبار ڕەخسا بۆ گەلەکەمان، کە توانی بە شێوەیەکی نسبی کاروباری خۆی بە ئازادانە بەرێتە سەر و بە ئەزموونێکی تایبەتیدا تێپەڕی، کە تاکو ئەمڕۆ هەر بەردەوامە و هیوای ئاسۆیەکی فراوان و گەشی لێ بەدی دەکرێ، ئەگەر زروفی

زاتیمان لە ڕادەی ئەو دۆخە مەوزوعییە بێت کە بۆ گەلەکەمان ڕەخساوە.

گومانی تێدا نییە کە لە ئەنجامی سیاسەتی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، کوردستانی خۆشەویست و گەلەکەمان دووچاری زوڵم و زۆرداری و کاولکارییەکی بەرفراوان و غەدرێکی مێژوویی بوو، کە دەرئەنجامی ئەو تێرِوانین و هەڵە نارەوایانەوە هات، کە ئاراستەی داوا ڕەواکانی میللەتەکەمان کرا، کە هەمیشە ویستوویەتی بە ئازادانە و پەنابردنە بەر توانای خودی خۆی و دوا ڕۆژ و باری ژیان و کاروباری خۆی بگرێتە ئەستۆ و بەدەست خۆی بێت.

ئەو تاوانانەی دژ بە گەلی کوردستان کرا، مۆرێکی ڕەشن بە نێوچاوانی بەرهەڵستکارانی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ و برایەتی کورد و عەرەب لە وڵاتەکەماندا.

وێڕای ئەو کارەسات و ئێشوئازارە گەورانەی کە بە سەر گەلی کوردستان هات. ساڵی ۱۹۹۱ ڕاپەڕینی سەرتاسەری لە کوردستانی عێراق بەرپا بوو و زۆربەی کوردستانی عێراق بە شاری کەرکوکی (دڵی کوردستان)ەوە، ڕزگار کرا، بەڵام لە ژێر زەبر و مەترسی، دڕاندایەتی ڕژێم گەورەترین ڕووداوی بەرهەڵستکاری سلبی لە مێژووی نزیکی گەلەکەمان، بە کۆڕەوی (۳) ملیۆن کورد بۆ سەر سنوورەکانی وڵاتە دراوسێیەکان دەستی پێ کرد و، ئەو کارەساتە تراژیدییە مرۆییە دڵی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەژاند و لە ئەنجامدا بووە مایەی بڕیار دەرکردن بۆ پاراستنی کوردستان.

لە ئەنجامی ئەوەوە و لە بەرەو کۆتایی ئەو ساڵە، بەرەی کوردستانی دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی کوردستاندا گرتە بەر و لە هەمان کاتیش حکومەتی ناوەندی دەستی کرد بە کێشانەوەی دامودەزگاکانی خۆی و کوردستانی خستە بن ئابڵوقەیەکی ئابووری ناوخۆیی و بەمە کوردستان، کەوتە ژێر گەمارۆی ئابووری دوو لایەنە کە پێشتر بە هۆی گرتنی کوێتەوە، لە ساڵی ۱۹۹۰ گەمارۆی نێودەوڵەتی بەسەردا سەپا بوو، وەك بەشێك لە عێراق.

گەلەکەمان بە سوود وەرگرتن لە هەوڵی لەباری نێودەوڵەتی و ویستی گەلی کوردستان، بۆ دانانی دەزگایەکی خۆبەخۆیی کە کار و ئەرکی بەڕێوەبردنی کوردستان بگرێتە ئەستۆی خۆی، بۆ هێنانەدی ئامانجە دێرینەکانی کورد و کوردستان و بەهۆی دروستبوونی بۆشایی ئیداری لەناوچەکەدا، بەرەی کوردستانی لەسەر پێشنیاری سەرۆکی پارتیمان و سەرۆکی بەرە، بڕیاری یەکەم هەڵبژاردنی ئازادی لە کوردستانی عێراق دا و هەر لەسەر ئەو بنەمایە، لە ۱۹ی ئایاری ساڵی ۱۹۹۲ یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لە کوردستان ئەنجام درا،

هەرچەندە (٧) لیست بەشدار بوون بەڵام تەنها لیستی پارتیمان بـە ڕێـژەی (٤٦٪) و، لیسـتی یەکێتی و هاوپەیمانەکانی بـە ڕێـژەی (٤٤٪)، سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـا و لـە ئەنجامـدا دەبوایە پارتیمان (٥١) کورسی پەرلەمان و لیستی سەوز (٤٩) کورسی بەردەکـەوت، جگـە لـە (٥) کورسی برا مەسیحیەکانی کوردستان کە بـە جیـا بۆیـان تـەرخان کرابـوو، لیسـتەکانی تـر هیچیان ئەو ڕێژەیان نەهێنا کە کورسی پەرلەمانیان بەرکەوێت بەپێی یاسای هەڵبژاردن.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، لەبـەر بەرژەوەنـدی گشـتی و مەترسـی سـەرنەکەوتنی ئەزموونە دیموکراتییەکە و پووچەڵبوونەوەی هەڵبژاردن و بەرپانەبوونی شەڕی نـاوخۆ لەبـەر توندوتیژی یەکێتی، کە ئەو کاتە زۆر موحتەمەل بوو، وازی لە زۆرینەی شەرعی خـۆی هێنـاو بەپێی ڕێکەوتننامەیەك، کورسییەکانی پەرلەمانی نیوە بە نیوە دابـەش کـرد، واتـە (پـەنجا بـە پەنجا) و بە مەرجێك سەرۆکی پەرلەمان لە پارتی بێت و جێگرەکەی لـە یـەکێتی و سـەرۆکی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم لە یەکێتی و جێگرەکەی لـە پـارتی بێـت. بەمـە پرەنسـیپی (پەنجا بە پـەنجا) هاتـە کایـەوە کـە لـە ڕاسـتیدا ئـەنجامی هەڵبژاردنەکـە نـەبوو، بـەڵکو لـە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی نێوان (پارتی و یەکێتی) بوو، ئەم ڕێکەوتنە بووە هۆی بەرپانـەبوونی شەڕی نـاوخۆ کـە لـەو کاتـەدا پێشـمەرگەی هـەردوولا لـە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان سەنگەریان لە یەکتر گرتبوو.

ئەوە بوو لە ٥ی تەمووزی سـاڵی ١٩٩٢ لەسـەر بنـەمای (پـەنجا بـە پـەنجا) حکومـەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی یەکەم) دامەزرا. ئەم هەڵوێستەی پارتی و سەرۆکی پـارتی بـوو کە بووە مایەی سەرکەوتنی هـەڵبژاردن و دروسـتبوونی پەرلـەمان و حکومـەتی کوردسـتان و بەردەوامبوونی ئەزموونە دیموکراتییەکە، کـە لـە کەشـوهەوایەکی ئاشـتیدا بـۆ نزیکـەی سـێ ساڵ، بە هیوای پەرەپێدان و پێشخستنی گوزەرانی جـەماوەر، چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان و پتەوکردنی باوەڕ و متمانەی دۆستانی کورد لەسەر ئاستی جیهاندا، وێڕای ئەو کۆسـپانەی کـە دوژمنانی کورد دایانناوە و لەسەر وێرانەیەك ڕێگامان گرتەبەر.

**کابینەی یەکەم:**

کابینەی یەکەم لەسەر بناغەی کاولگەیەك دامەزرا، ژێرخانێکی ئابووری وێران، نزیکـەی پێنج هەزار گوند و دەیان شارۆچکەی وێران و سـەدەها هـەزار لـە هاووڵاتییـانی کوردسـتان، دوور لە ڕەوتی بەرهەمهێنان و دوو ئابڵووقـەی ئـابووری، یەکـەمیان: گـەمارۆی نێودەوڵـەتی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و دووەم: گەمارۆی ناوخۆی حکومەتی ناوەندی عێـراق لەسـەر

هەرێمی کوردستان، کە تەنگیان بە ژیانی گەلی کوردستان هەڵچنی بوو، جگە لە لەشکرێکی تر لە کارمەندانی حکومی زیاد لە (١٥٠،٠٠٠) کارمەند، لە دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا و کارمەندانی خزمەتگوزاری، کە بەهۆی کێشانەوەی ئیداراتی حکومەتی مەرکەزی چەند مانگێك بوو بێ سەرپەرشتی ڕاستەوخۆ، بەبێ مووچە مابوونەوە و سەدەها گیروگرفتی تر کە هەموو ئەرکی سەرشانی حکومەتی تازە دروست بووی ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر و گرانتر دەکرد.

بەڵام دڵسۆزی هەموو لایەك بۆ سەرکەوتنی تاقیکردنەوەکە و تینویەتی بۆ ئازادی و پشتگیری جەماوەری خەڵکی کوردستان، بە هەموو چین و توێژەکانییەوە لە کۆسپەکان گەورەتر بوون.

سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکان و کەمی تەجروبە و سەختی بارودۆخەکە، کابینەی یەکەم کەوتەکار بۆ دروستکردنی ئیدارەیەکی کوردی و، بنیادنانی دامودەزگا پێویستەکانی حکومەتی هەرێم و یەکخستنی داهاتەکان و کۆنترۆڵکردنیان و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و سەپاندنی یاسا و دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی هاووڵاتییان و ڕاستکردنەوەی، ئەو چەوتی و خراپەکاریانەی دروست ببوو لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری و نیشتەجیکردنەوەی گوندەکان و پەیداکردنی پشتیوانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، کابینەی یەکەم بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی تیایدا هاتەکایەوە و تیایدا ژیا و سەرەڕای تەمەنی کورتی، دەتوانین بە کابینەی بنیادنانی ئیدارە و دامودەزگای کوردی ناوی بنێین و تاوەکو ڕادەیەکیش دەتوانین بڵێین سەرکەوتوو بووە سەرەڕای کەموکورتی و سەرهەڵدانی وردە ناکۆکی و، بۆچوونی جیاواز کە هەڵقوڵیبوون لە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و تێنەگەیشتن لە ڕوحی هاوپەیمانێتی و شەریکایەتی.

**کابینەی دووەم:**

لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی، ئیستیقالە کرا بە سەرۆکی کابینەی یەکەم و سەرۆکی کابینەی دووەم لەلایەن یەکێتییەوە، دەستنیشان کرا و گۆڕانکاری لە نێوان زۆربەی زۆری وەزیرەکانی یەکێتی کران، پارتی ئەندامانی کابینەی خۆی وەك خۆی هێشتەوە، لە حەقیقەتدا کابینەی حکومەتی هەرێم تاکو ئەو دەمە بە گشتی سەرکەوتوو بوو و پارتی موقتەنع نەبوو بەو گۆڕانکارییە.

پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٢٣) لە ١٩٩٣/٤/٢٥ بڕوای بە دووەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دا. کابینەی دووەم لە ماوەی کارکردنی خۆیدا و

بەپێی بڕیارەکانی سەرکردایەتی یەکێتی لە ڕێگای کوتلەی وەزاری خۆیانـەوە، بـە شـێوەیەکی گشتی کەوتنە پێشێلکاری ئیداری و یاسایی و دارایی، بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەنـدی تەسـکی حزبایەتی و، دەستگرتن بەسەر دەسەڵات و داهـات و موقـەدەراتی هـەرێمی کوردسـتان بـە شێوەیەکی ناشەرعی و، دوور لە هەموو بنەماکانی ئیدارە و یاسا ڕەچاوکراوەکـانی هـەرێم و ئەزموونە دیموکراتییەکەی گەلی کوردستان.

ئامانجـــەکانی ئاوەدانکردنـــەوە و پـــەروەردە و گەشـــەپێدان و تەندروســـتی و خزمەتگوزارییـەکانی تـر پشـتگوێ خرابـوون، پرەنسـیپی (پـەنجا بـە پـەنجا) لـە جیـاتی نزیککردنەوەی هـەردوولا لـە یـەکتر و بڕیـاردان پێکـەوە و کـارکردن بـەپێی ئیتیفـاق ببـووە، ئـەداتێك تـەنها و تـەنها بـۆ بەدەسـتهێنانی مەکاسـیبی حزبـی و ڕێگـا لەیـەکترگرتن، نـەوەك کارێکی چاك بەدەستی وەزیرێکی پارتی ئەنجام بدرێ، لە جیاتی کـاری هاوبـەش و خزمـەت بە گەل و نیشـتمان، بکەوێتـە ململانێـی دامەزرانـدنی ئـەم و ئـەو و دابەشـکردنی زەوی بـە پێچەوانەی بۆچوونەکانی پارتی و وەزیرەکانی، لـەناو کابینـەی دووەمـدا، دەرکـەوت کـە دوو بۆچوونی جیاواز و دوو پرەنسیپی لە یەك دوور لە کابینەدا کۆبووتەوە کە لە حەقیقەتـدا بـە پێچەوانەی یەکترن.

**بۆچوونی (ی. ن. ك):**

خۆسەپاندن بەزۆر، تیرۆر و تۆقاندن، هەڵپە بە دوای مەکاسـیبی حزبـی تەسـك و بگـرە شەخسیش، ڕەچاونەکردنی یاسا و تەعلیمات، کاری سەرپێیی و هەڕەمەکی دوور لـە مـەنتیق و دوور لە لێکدانەوەی بەرژەوەندی گەل و وڵات، بگرە دووریش لە دابونەریتی کوردەواری.

**بۆچوونی (پ. د. ك):**

ئیلتیزام بە یاسا و تەعلیمات و سەرەتاکانی ئیدارە، ڕەچاوکردنی بەرژەوندی بـاڵای کـورد و کوردستان، تەفاهوم و کـاری هاوبەشـی و گـەڕان بـە دوای چارەسـەرکردنی گیروگرفـت لـە جیاتی دروستکردنیان، دیموکراتی و ئاشـتیخواز لـە تـەعامول و ڕەفتـاردا، دوور لـە سیاسـەتی (حافة ألهاوية).

هەر زوو دەرکەوت کە ئەم گۆڕانکارییەی یەکێتی و دروسـتکردنی کابینـەی دووەم، بـە مەبەستی توندوتیژکردنەوەی ململانێ و گرتنی دەسەڵات بە هەر شێوەیەك بێـت، لـە ڕێگـای ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی یەکێتی کە تازە هاتبوونە نـاو کابینـەوە، ئەندامـە کۆنـەکان بـە

سەرۆكی سەركردەكانی تر لە مستەوای ململانێ و بەرژەوەندی یەكێتی نەبوون. دروستكردنی كابینەی دووەم و پیادەكردنی پرەنسیپی (پەنجا بە پەنجا) بە شێوەیەكی چەواشە و كاریكاتەر، سەرەتای ئاڵۆزبوونی باری ناوخۆ و پێشەكی شەڕی كورد دژ بە كورد بوو.

**ئیستیقالەی كابینەی دووەم و هەوڵدان بۆ دروستكردنی كابینەی نوێ:**

پاش جەولەی یەكەمی شەڕ لەسەرەتای مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٤ بەرپا بوو، بە پیلان و بڕیاری یەكێتی و پاش ئاشكرابوونی بێ توانایی یەكێتی، بۆ دەستگرتن بەسەر پایتەخت و هەموو هەرێمی كوردستان، ئەو كاتە شەڕ بۆ ماوەی پتر لە پێنج مانگ ڕاگیرا و ئەو وەزعە وای لە سەركردایەتی پارتی كرد، كە بڕیار بدا بە دروستكردنی كابینەیەكی نوێ، هەر لەسەر ئاستی (پەنجا بە پەنجا) و بەپێی ڕێكەوتننامەی نێوان هەر دوو حزب، مەبەست لەم كابینەی نوێیە ئەوە بوو كە ئەندامانی سەركردایەتی پارتی لەسەر مستەوای (م. س) بێنە ناو كابینەكەوە، بەرامبەر بە ئەندامانی (م. س)ی، یەكێتی كە لە كابینەكەدا بوون بۆ زیادكردنی دەسەڵاتی بڕیاردان لەناو كوتلەی وەزاری پارتیدا و چارەسەركردنی خێرای كێشەكان و نوێكردنەوەی ژیانی تەبایی و كاری هاوبەش و دوورخستنەوەی ئەزموونی گەلەكەمان لەو مەترسییە گەورانەی گەمارۆیان دابوو.

بۆیە بەپێی ئەمە سەرۆكی كابینەی دووەم و جێگری سەرۆكی كابینە ئیستیقالەیان پێشكەش بە پەرلەمان كرد و ئیستیقالەكەیان پەسەند كرا و دیسانەوە هەردووكیان لەلایەن حزبەكانیانەوە دەست نیشان كرانەوە و لە پەرلەمان تەكلیف كرانەوە بە پێكهێنانی كابینەیەكی نوێ، ئەو كابینەی كە هەرگیز پێك نەهات.

یەكێتی هەر دروستكردنی كابینەی دوا خست و وەزیرە كۆنەكان كە هەموو ئیستیقالەیان قەبوڵ كرابوو، بە كاتی كاروباریان بەڕێوە دەبرد، بەبێ ئەوەی بەپێی یاسا دەسەڵاتی تەواوی كاركردنیان هەبێت، ئەم تاكتیكەی یەكێتی كە پاش دەركەوت تەنها بۆ ئەوە بوو، كە كەسبی وەقت بكەن، تاكو دروستبوونی دەرفەتێك بۆ ئەنجامدانی ئینقلابە فاشیلەكەیان و پێشێلكردنی شەرعییەت لە كوردستاندا، لە ١٩٩٤/١٢/١٧ لە ناكاودا دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانیان لە پایتەختی هەرێمدا، بە هێزی چەكدار داگیر كرد و شەڕی ناوخۆیان بە یەكجارەكی بەرپا كرد.

**کوتلەی وەزاری پارتی و یەکێتی لە کاتی شەڕی ناوخۆدا:**

لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی یەکێتی لە هەولێر، یاری بە داهاتی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا و هەرچی لە بانکی هەرێمدا هەبوو کێشرایەوە ئەمە جگە لە بردنی پارەی خەڵك و بازرگانان و کێشانەوەی ڕەسیدی زانکۆی سەڵاحەدین و نەدانی مووچە بەڕێکوپێکی و پێویستییەکانی تری ئیدارە خزمەتگوزارییەکان، وەکو پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی و کڕینی زۆر کەلوپەل و پێداویستی لە هاووڵاتییان و نەدانی پارەیان و دامەزراندنی پتر لە پازدە هەزار کارمەند بە هەڕەمەکی و بەبێ پێویست و دابەشکردنی زەویوزار بەسەر هەواڵ و کەسوکار و خزم و کەوادریان، لە ١٩٩٤/١٢/١٦ بە دواوە و پەککەوتنی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و نەمانی متمانەی خەڵك بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە یەکلایەنە و بە پێچەوانەی یاساکانی هەرێم، کوتلەی یەکێتی بڕیار لە دوای بڕیاری ناشەرعی دەردەکرد و لە هەموو یاسا و تەعلیماتێکی لادەدا، بەرامبەر بەوە کوتلەی وەزاری پارتیمان کاروباری هاووڵاتییانی چاکتر ڕێك دەخست و کاری ئیداری دەچەسپاند لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی و داکۆکی لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦) دەکرد و کاری تەواوی دەکرد، بۆیە بەردەوامبوونی پرۆسێسی خوێندن و خوێندنی باڵا بگرە لە سەڵاحەدینەوە، ئەرکی دارایی زانکۆی سەڵاحەدینی گرتبووە ئەستۆی خۆی و هونەری سەرکەوتنی پرۆسێسی پەروەردە و خوێندن و تاقیکردنەوەی یەکگرتوو لە کوردستاندا و ڕەچاوکردنی یاساکان و هەنگاوەکان بەپێی سەڵاحییەت، پیشەی کوتلەی وەزاری پارتی و هەموو وەزیرەکانی پارتی بوو لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا. هەر پارتیش بوو کە نەیدەویست نە پەرلەمان و نە حکومەتی هەرێم لە دەست بچێت یا خود ببێت بە دوو پارچە، هەرچەندە لە ڕاستیدا پاش ئیستیقالەی کابینەی دووەم، و قەبوڵکردنی ئیستیقالەکەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، لە ناحیەی قانونییەوە هەر دوو کوتلە سەڵاحیەتی هیچ گۆڕانکاری یا بڕیاری سەرەکیان نەمابوو.

**ئازادکردنی هەولێر:**

لە ١٩٩٦/٨/٣١ پاش دوو ساڵ لە پێشێلکردنی شەرعییەت و داگیرکردنی پەرلەمان و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، هەولێری پایتەختی کوردستان ڕزگار کرا، پاشان بە چەند ڕۆژێك هێرشی یەکێتی لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر، بە بازووی پێشمەرگەی قارەمانی پارتی دیموکراتی کوردستان، تێکوپێك شکێنرا و ئەوەندەی نەبرد لە ژێر زەبری کوشندەی لەشکری

کوردستان، دێگەڵە و کۆیە و هەیبەت سوڵتان ئازاد کران و پاش ڕۆژێك لە دوکان و ڕانیە و قەڵادزێ، هێزی یەکێتی هەرەسی هێنا و تاکو ئێران خۆیان نەگرتەوە، بەمە هەموو هەرێمی کوردستان ئازاد کرا و یەکی گرتەوە و دەرگا کەوتە سەر پشت بۆ دامەزراندنەوەی دامودەزگا دیموکراتی و شەرعییەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بارودۆخی دامەزراندنی کابینەی سێیەم و ئەرکە پەلەکانی سەرشانی کابینەکە:**

بە دەم هەڵاتن بۆ سەر سنوور، کاربەدەستانی یەکێتی زەرەر و زیانێکی یەکجار زۆریان دا لە دەزگا حکومی و گشتییەکانی هەرێم، سەرباری هەموو خروقاتێك بە دەستی ئەنقەست، تۆڕباینەکانی کارەبای دوکان لە کار خران، خەستەخانەکانی سلێمانی و دەربەندیخانیان تاڵان کرد، هەرچی وەزارەت و فەرمانگەیەك دەستیان گەیشتێ یان تاڵانیان کرد یان سووتاندیان و گسگ لە دوا پول و دراوی بانکەکانی ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی درا، کەلوپەلێکی زۆر لە ماشێنی قورسی ڕێگاوبان و خاوێنکردنەوەی شارەکان و جۆرەها ئۆتۆمبێل بە ماشینە فریاگوزارییەکانەوە (اسعاف) ئاودیوی ئێران کرا، دەستی زیان بە شێوەیەك وەشێنرا لەم گەل و نیشتمانە مەگەر لە دوژمنێکی بێگانە و دڕندەی دڵڕەش کاری وا بوەشێتەوە.

لە بارودۆخێکی وەها سەخت و بەرامبەر ئەم هەموو وێرانکاری و تێکدانە، بەرامبەر ئابڵوقەیەکی سەختی ئابووری و وەزعێکی قانونی دەولی نادیار، لەمەڕ ئەو دەزگایانەی هەرێم، کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا.

بەڵام لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانە و سەرباری هەموو تەدەخولاتێك، پایتەختی هەرێمی کوردستان کە بنکەی حکومەت و پەرلەمان لە ژێر دەسەڵاتی ئیرهاب و تاکڕەوی قوتار کرا و پەرلەمان بە زۆرینەی شەرعی و شەرعییەت ئازاد کرایەوە، دەرگا لە ئاست دامەزراندنەوەی هەموو دەزگا شەرعی و دیموکراتییەکان خرایەوە سەر پشت، بارێکی وا ڕەخسا کە لە هەرێم حالەتی کۆسپی (پەنجا بە پەنجا) نەمێنی و ململانێ و پاشقولگرتن و ڕێگەگرتن لە کار و لەپێشخستن ببڕدرێت، ڕەوشەکە بەر لە گەڕانەوەی یەکێتی بە هێز و جبەخانەی ئێران، هیوای ئەو سەری هەڵدابووەوە کە باری ئەزموونە دیموکراتییەکەمان و ئەو هەلەی بۆ گەلەکەمان ڕەخسا بوو، بێتەوە سەربار کە ئەویش هەرگیز لە بەرژەوەندی دوژمنانی کورد و کوردستاندا نییە.

ڕۆژی ١٩٩٦/٩/١٦ پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی (٦٥) پەرلەمانتار، بە کۆی (٦٤)

دەنگ، سەرۆکی کابینەی سێیەمی ڕاسپارد، کە کابینەی سێیەمی کوردستان حکومەتی کوردستان پێك بهێنێ لە ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٢٦ پاش ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان، لیستی وەزیرەکانی کابینەی سێیەمی پێشکەش بە پەرلەمان کرد و پەرلەمانی کوردستان بە گشتی دەنگ بڕوای پێ دا.

پێکهێنانی کابینەی سێیەم خۆی لە خۆیدا تەئکید و سووربوون بوو، لە سەر داکۆکیکردن و هەوڵی بەردەوامی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دابینکردن و زامنکردنی، مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵیدا، هەروەها شێوەی پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، تەئکید کردنە سەر بنەماکانی فرە حزبی و پشتبەستنە بە هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەمان، کابینەی سێیەم جگە لە وەزیرەکانی پارتی، پێك هات لە وەزیرانی بزووتنەوەی ئیسلامی، حزبی شیوعی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و پارتی کاری سەربەخۆ و چەند وەزیرێکی بێلایەن.

کابینەی سێیەم لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە، ڕووبەڕووی ئەنجامدانی گەلێك کار و ئەرکی پێویست بووەوە، لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە، پێویستە پێش هەموو شتێك هەوڵی تەواو بدرێت، بۆ بنیادنانەوەی پەیوەندییە دروستەکانی دۆستایەتی و دراوسێیەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێماندا، تێکڕا و پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان گەلی کوردستان و وڵاتە هاوپەیمانەکان، بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕوونکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و هەڵوێستی گەل و حزبە سیاسییەکان و پەرلەمان و حکومەت بەرامبەر هەموو مەترسیەکانی دەرەوە و داکۆکیکردن لەسەر پێویستی پاراستنی گەلی کوردستان و بەردەوامی پرۆسێسی "پرۆڤاید کۆمفۆرت" و بەردەوامبوونی یارمەتییە مرۆڤایەتییەکان و داواکردن و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦)ی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر بنەمای ئەو ڕێکەوتنانەی کە لەگەڵ نوێنەرانیان دا، ئەنجام دراون، دەربارەی دابەشکردنی خۆراك و یارمەتییەکان و پێویستییەکانی تری هەرێم، بە شێوەیەکی تایبەتی و ڕاستەوخۆ و جیاواز و پەیڕەوکردنی بەندەکانی بڕیاری (٦٨٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**لە ناوخۆدا ئەرکە سەرەکییەکانی کابینەی سێیەم بریتی بوون لە:**

چەسپاندنی یاسا و جێبەجێکردنی بۆ زامن کردنی ئاسایش و ئەمنیەتی هاووڵاتییان و، داکۆکی کردنە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی هاووڵاتییان بە نەزاهەت و دادپەروەرانە،

خەملاندنی ئازادییە دیموکراتییەکان و پەرەپێدانیان و پەیڕەوکردنی تەواوی برگەکانی مافی مرۆڤ، واتە پابەندبوون بە گشت بنەما ئازادییەکان، وەك ئازادی ڕۆژنامەگەری و دەربڕینی ڕاو و ئازادی کاری سیاسی، بە گوێرەی یاسای دامەزراندن و پێکهێنانی حزبەکان.

ڕێکخستنەوەی خێرای کاروبارە ئیدارییەکانی هەرێم و یەکخستنی داهاتەکان و ڕێکخستنی کاروباری دارایی، بە شێوەیەکی هاوچەرخی زانستی، دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و یارمەتی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی کوردستان و خستنەگەڕی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بایەخدان بە وەزارەتەکانی خزمەتگوزاری و پرۆژەکانی ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و باری تەندروستی هاووڵاتییان و خوێندن و خوێندنی باڵا.

ئەرکێکی تری حکومەتی کوردستان، چارەسەرکردنی دیاردەی چەکداری بوو، کە بەهۆی دروستکردنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، هەموو پێشمەرگەیەکی کوردستان لە یەك دەزگادا یەك بخرێن و وەلائیان تەنها بۆ کورد و کوردستان بێت.

هەروەها پاراستن و یارمەتیدانی ڕێکخراوە بیانییەکان کە بە مەبەستی هاوکاری گەلی کوردستان لە وڵاتەکەماندان و بایەخپێدان و پەرەدان، بە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و کولتور و دابونەریتی ڕاستەقینەی کوردەواری و ڕێزگرتن لە ئاین و بیروباوەڕ و دابینکردنی پێویستی و پاراستنی ئاسەوارەکانمان.

**بەرهەم و کارەکانی کابینەی سێیەم:**

ڕۆژی ١٩٩٦/١٢/١٨ کابینەی سێیەم، بەرنامەیەکی داڕێژراو و فراوانی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان، بۆ پێشخستنی باری ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتی، پێشکەش بە پەرلەمان کرد، کە تیایدا بە دوورودرێژی دەستنیشانی ئەرکەکانی سەرشانی حکومەتی کوردستانی کرابوو، ئەم پلان و پرۆگرامە تێروتەسەلە هەڵقوڵاوی ئەزموونی پتر لە پەنجا ساڵەی پارتی و بارزانی نەمر بوو و سەرەڕای ئەو گیروگرفتانەی کە دووچاری گەل و نیشتمان بوونەوە، بۆ تێکدانی بارودۆخەکە و لەناوبردنی ئەم ئەزموونە دیموکراتییە مەزنە و، سەرەڕای شەڕی ناوخۆ و گیروگرفتی دیکەی ئەم لاو ئەولا، کە بۆ حکومەتی هەرێم و ئەزموونەکەمان دانرا، کابینەی سێیەم بەرنامە و کاری خۆی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان داڕشت و کەوتەخۆ بۆ بەرقەرارکردنی سەروەری یاسا و سەقامگیرکردنی و پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتییان و بەرقەرارکردنی باری ئاسایش و چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکان و گەڕاندنەوەی متمانەی جەماوەر بە حکومەت، شانبەشانی ئەوەش گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتییان و

بایەخدان بە پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی و ڕۆشنبیری و ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و شوێنەوارە ئاینی و کولتورییەکان و ئافرەت و هونەر و وەرزش.

حکومەتی هەرێم کەوتەخۆ بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئابووری و کۆنترۆڵکردن و بەرەوپێشبردنی بەرهەم و داهاتەکانی کوردستان، لە ماوەی سێ ساڵی دواییدا، بۆ یەکەمین جار لە تەمەنی حەوت ساڵەی حکومەتی هەرێم، لە ژێر سێبەری کابینەی سێیەم، مووچەی فەرمانبەران بە ڕێکوپێکی و بێ دواکەوتن دەدرێت، هاوکات لەگەڵ ئەمەش مووچەی خانەنشین و کارمەندانی ئەنفالکراویش دەدرێت، کە ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابی کردە سەر دەوام و ڕاپەراندن و کاری ڕۆژانەی هەموو دەزگاکان، هەروەها بۆ یەکەمین جاریشە بە ڕێکوپێکی و لە مەوعیدی خۆیدا، خەرجی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی دامودزگاکانی حکومەت و کڕینی کەلوپەل و پێداویستییەکان دابین دەکرێ، کە ئەمە بزووتنەوەیەکی بەرچاوی دا بە دامودەزگا ڕەسمییەکان و بۆتە هۆی پێشکەوتن و پەرەسەندنێکی گەورە لە بوارەکانی، ئاسایش و تەندروستی و خوێندن و ئاوەدانکردنەوە و ڕاپەراندنی پڕۆژە و کارە خزمەتگوزارییەکان و بەگەڕخستنەوەی پیشەسازی و کارگەکان و هاندانی کارگە و کۆمپانیا خۆماڵییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان، بە ئامانجی کەمکردنەوە و نەهێشتنی بێکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی هاووڵاتییان.

سەرەڕای ئەمانە، کابینەی سێیەم ئەرکی چارەسەرکردنی گەلێك لەو گیروگرفتانەی گرتە ئەستۆی خۆی، کە پاشماوەی میراتی هەردوو کابینەی پێشوو بوون، وەك مووچەی نەدراوی پێش ١٩٩٦/٩/١ و ئەو ناوچانەی کە لە ژێر شەرعییەتدا نەبوون، هەروەها دەرماڵەی موحازەرەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و خەرجی و بەتەنگهاتنی دەرکراوەکانی سلێمانی و کەرکوك کە ژمارەیان لە (٩٣،٠٠٠) هاوڵاتی تێپەڕی کردووە.

ئەمە جگە لە دانەوەی پارەی هاووڵاتییان کە لە بانکەکان دانرابوون کە بڕەکەی (٥٥) ملیۆن دینار بوو، هەروەها دانی مووچەی کارمەندانی کارەبای دوکان و دەربەندیخان و مووچەیەکی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە و مامۆستایانی ئاینی و فەرمانبەرانی تەندروستی سلێمانی و کەرکوك.

هەروەها کابینەی سێیەم لەو ماوەیەدا توانی پشتیوانی خۆی لە ژیانەوە و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری، بە هاندانی بازرگانی و کەرتی تایبەت و کڕینی گەنم و توتن و پاڵپشتی جوتیاران بکات، ئامانجی زیادکردنی بواری کار و گەشەیەکی بەرچاو

بەسەر هێزی بەرهەم.

یەكێك لە دەستكەوتە مەزنەكانی كابینەی سێیەم دامەزراندن و دەستبەكاربوونی (دەزگای شەهید) بوو، كە دەستی كرد بە دابەشكردنی مووچە بەسەر خێزانە سەربەرزەكانی شەهیدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كوردستان و خزمەتكردنیان.

سەبارەت بە بڕیاری (٩٨٦)، حكومەتی كوردستان زۆر بە گەرمی و بایەخەوە پێشوازی لە بڕیارەكە كرد، بەو ئامانجەی كە دەسبارێكی هاووڵاتییان بگرێ و بۆ سووككردنی باری ئابووریان و لە هەمانكاتیشدا بووژاندنەوەی كوردستان لە هەموو بوارەكاندا، هەر بۆیەش حكومەتی كوردستان چەندەها كۆڕوكۆبوونەوەی فراوان و كۆنفرانس و چاوپێكەوتنی ساز كرد، تا بە شێوەیەكی ڕێكوپێك و لە بەرژەوەندی گەلی كوردستان و هاوبەشی ڕاستەوخۆی دامودەزگاكانی حكومەت جێبەجێ بكرێت.

ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كابینەی سێیەم توانی سێ بودجەی پەسەندكراو، لەلایەن پەرلەمانەوە دابنێ و پتر لە (٦٠) كۆبوونەوەی ئەنجومەن، ببەستێ و زیاتر لە (٦٠٠) بڕیاری جۆراوجۆری تیادا وەربگرێت، پتر لە (٧٠) لێژنەی تایبەتمەندی جۆراوجۆر دابمەزرێنێ و، زیاتر لە (٨٠) گەشت و سەردان ئەنجام بدات و (٢٦) كۆنگرە و كۆنفرانس و سمیناری بەرفراوان بۆ وەزارەتەكان ببەستێ و زیاتر لە (٣٠٠) چاوپێكەوتن و كۆبوونەوە لەگەڵ وەفدە بیانییەكان و ناوخۆییەكاندا ساز بكات.

وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هەر یەكە بەوپەڕی توانا و وزەی خۆی و برا وەزیرەكان بە هیمەتێكی ماندونەناس، لە فەترەیەكی زەمەنی كەمدا، توانیان گۆڕانێكی نەوعی سەرتاسەری بخەنە سەر ژیانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و قۆناغێكی نوێ لە تاقیكردنەوەكەمان دەست پێ بكا، قۆناغی ئاوەدانكردنەوە و بووژاندنەوەی بە گڕوتینێكی نوێوە كەوتە خۆ، كە بووە جێگای سەرسوڕمانی دۆست و دوژمن، لە سەرجەم بوارە جیاجیاكاندا و هەموو لایەكی گەیاندەوە ئەو بڕوایە كە بە چاوێكی گەش و پڕ متمانە و هیوا بڕواننە داهاتوو.

بە گشتی لەم سێ ساڵەدا پڕۆژەی جیاجیا لەلایەن وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمەوە، جێبەجێ كراوە و سەدەها پڕۆژەی تر لە ژێر جێبەجێكردندان.

ئەم پڕۆژانەش لە چاككردنی بینایەكان و دروستكردنی بینایەی نوێ و كردنەوەی جادەی تازە و قیرتاوكردنی شەقامەكانی شار و شارۆچكەكان و، لێدانی بیری ئیرتوازی و

دروستکردنی پڕۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ و گەیاندنی کارەبا بۆ گوندەکان.

هەر بۆ نمونە بینایەی دواناوەندی هەولێر چاککرایەوە کە کەلاوەیەك بوو، ئێستا بینایەی ئەنجومەنی وەزیرانە و بینایەکی پێنج نهۆمی بۆ بانکی هەرێم لە پایتەخت دروست دەکرێت، هەروەها بینایەی وەزارەتی عەدل و بینایەکی گەورە بۆ (سوق الحرة) بازاڕی ئازاد لە ئیبراهیم خەلیل دروست دەکرێت.

زۆربەی شەقامەکانی ناو شاری هەولێر و دهۆك و شەقڵاوە و ڕەواندز و سۆران و شارۆچکەکانی تر قیرتاو کراونەتەوە و بە دەیان کیلۆمەتر ڕێگاوبان چاك کراون، لەگەڵ پردی پێویست لە سەرووی هەموویانەوە پردی بلێ، لەم ماوەیەدا لەسەر حسابی حکومەتی هەرێم (٨٧٣) کتێبی ڕۆشنبیری جۆراوجۆر چاپ کراوە و، پتر لە سەد ڕۆژنامە و گۆڤار مانگانە چاپ دەکرێن.

هەروەها حکومەتی هەرێم گرنگییەکی تایبەتی بە چەسپاندنی بۆنە مێژوویی و نیشتمانییەکانی کوردستاندا و لە دوای دەربڕینی ڕەزامەندی پەرلەمان، ئەم پشووانەی خوارەوە بڕیاری لەسەر درا:

١. ١٤ی ئاداری بیرەوەری لە دایکبوونی **بارزانی نەمر**، ڕۆژی ئاسودەیی و ڕۆژی ئاهەنگ و کردنەوەی پڕۆژەکانی هەرێم دەبێ، هەروەها ڕۆژی ١٤ی ئادار بە ڕۆژی چاندنی دارودرەخت ناوزەد کرا، کە هەموو ساڵێك هەڵمەتی بەرفراوانی دار چاندن لە تێکڕای ناوچەکانی هەرێم ڕێك دەخرێت.
٢. ١٥ی ئادار ڕۆژی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی شەهید، بە (٥) دەقیقە ڕاوەستان دەکرێتەوە و کۆڕ و کۆبوونەوەی تێدا دەکرێت.
٣. جەژنی نەورۆز ٢١ی ئادارە و بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ پشوو دەبێت و بە ئاهەنگی شایستە دەکرێتەوە.
٤. ١٨ی شوبات ڕۆژی قوتابیان و لاوانی کوردستان.

ئەمە و حکومەتی هەرێمی کوردستان لێژنەی باڵای تایبەتی بۆ سەرپەرشتی و چاودێری ئاهەنگەکانی مانگی ئادار پێك هێناوە، کە ساڵانە بەرنامەیەکی بەرفراوان لەلایەن وەزارەتەکان و پارێزگاکانەوە، جێبەجێ دەکرێ و دەیان پڕۆژە و چالاکی ئەنجام دەدرێ.

لێرەدا بە کورتی هەندێ لە چالاکی و بەرهەمەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە

بواری ئاوەدانکردنەوە، بۆ نمونە دەخەینە ڕوو:

**قوتابخانەکان:**

- (١٥١) قوتابخانەی شەش پۆلی لە هەولێر و دهۆك دروست کراون.
- (٤٧) قوتابخانەی دوازدە پۆلی لە هەولێر و دهۆك دروست کراون.
- (٦٤٠) قوتابخانە نۆژەن کراون.
- چەندین بینا بۆ زانکۆ و پەیمانگەکانی هەولێر و دهۆك دروست کراون.

**خەستەخانەکان و (بنکەی تەندروستی):**

- دروستکردنی (٥) نەخۆشخانە لە هەولێر و دهۆك.
- دروستکردنی (٥٢) بنکەی تەندروستی لە هەولێر و دهۆك.
- نۆژەنکردنی (٢٣) نەخۆشخانە لە هەولێر و دهۆك.
- نۆژەنکردنی (١٠٨) بنکەی تەندروستی لە هەولێر و دهۆك.

**کارگەکان:**

- کردنەوەی (٣) کارگەی مافووری دەستکرد لە ڕواندوز و بەحرکە و حەریر.
- چاککردنەوەی کارگەی غازی هەولێر.
- تەعمیرکردنی کارگەی تەعلیبی حەریر و کەوتنەکاری.
- کارگەکانی جگەرەی هەولێر و کارگەی ڕستن و مافوور لە هەولێر بەردەوام مەودایان بۆ دابین کراوە و کار دەکەن.

**پرد و ڕێگاوبان:**

بە گشتی (٣،٧٣٩،٥٠٠)م٢، سێ ملیۆن و حەوت سەد و سی و نۆ هەزار، مەتری مورەبەع جادە قیرتاو کراوە، و (١٣٤٥) هەزار و سێ سەد و چل و پێنج کیلۆمەتر، جادەی تازە کراوەتەوە و چەوڕێژکراوە و (٩) پردی تازە دروست کراون لەوانە پردەکانی: (بلێ، ئیبراهیم خەلیل، باڵندا، کانی بۆت و سیدەکان).

(١٦) شازدە پردیش چاك کراونەتەوە لەوانە پردەکانی: (حافیز و بەرسرین) کە بە دەستی تیرۆریستان تێك درابوون.

**کارەبا:**

١. گەیاندنی کارەبا بۆ (٤٦) ناحیە و گوند لە هەولێر و دهۆك و، دروستکردنی تۆڕی ناوخۆی ئەو ناحیە و گوندانەیە.
٢. چاککردنەوەی تۆڕی ڕۆشنایی هەولێر.
٣. چاککردنەوەی تۆڕی ڕۆشنایی زاخۆ.
٤. گەیاندنی کارەبای بەردەوام بۆ پتر لە (٢٠٠) بیری ئیرتوازی ئاوخواردنەوە.
٥. دامەزراندنی چەندین پڕۆژەی کارەبای بچووك و مام ناوەندی بۆ گوند و ناحیە قەزاکانی دوور لە هێلی کارەبا.

**دەواجن:**

پێش کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٨) دەواجن هەبوو، کە بەرهەمیان لە (٤٥) ڕۆژدا، تەنها (٤٠،٠٠٠) مریشك بوو، ئێستا (١٦٥) دەواجن هەیە کە بەرهەمیان لە (٤٥) ڕۆژدا (٢،٠٧٠،٠٠٠) مریشکە، هەروەها ئێستاکە (٧) مەفقەس و (٣) مجزرە هەن کە لە کاردان کە جاران هیچیان نەبوون.

**ئاو و ئاوەڕۆ:**

- (١١٢) بیری ئیرتوازی تازە کۆڵراون و زیاد لە (٥٠) بیری ئیرتوازی تازە لە ژێر جێبەجێکردن دان.
- چەندین کیلۆمەتر ئاوەڕۆی تازە دروست کراون، بە تایبەتی لە هەولێر و دهۆك و شار و شارۆچکەکانی تر.
- (٢) پڕۆژەی گەورەی ئاو لە ژێر جێبەجێکردندان، (بێخال و سەری بڵند) و سەدەها پڕۆژەی ئاوی جۆراوجۆر بۆ گوند و شارۆچکەکان ئەنجام دراون.

**وەرزش:**

- دروستکردنی (٨) یاریگای تازە لە هەولێر و دهۆك و چەندین یاریگا لە ژێر دروستکردندان.
- هاوکاریکردنی هەموو تیپ و یانەکان و وەرزشوانان، چ لە ڕاستەوخۆ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، و چ لە ڕێگای وەزارەتە پەیوەندارەکان و پارێزگاکان.

**شوێنەوارەکانی ئاینی و کولتورییەکان:**

١. چاککردنەوەی (٣٠٩) مزگەوت و تەکیە و مەزار و هۆڵی موناسەبات لە هەولێر و دهۆك.
٢. چاککردنەوەی (٤) قوتابخانەی ئاینی لە هەولێر و دهۆك.
٣. کڕینی کەلوپەل بۆ (١٠٥) مزگەوت لە هەولێر و دهۆك.
٤. دروستکردنی پتر لە (٣٠) مزگەوتی تازە جگە لەو مزگەوتانەی بەردەوام لەسەر حسابی تایبەتی خێرخوازان دروست دەکرێن و، زەوی و خەدەماتیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ دابین دەکرێت.
٥. بایەخدانی تایبەتی بە هەر دوو موزەی هەولێر و دهۆك.
٦. چاککردنەوەی بەشێك لە، قەڵای هەولێر و بەردەوام بوون لە بایەخدان پێی.
٧. بایەخدان بە شوێنەوارە ئاینیەکانی برا مەسیحییەکان و یەزیدییەکان و چاککردنەوەیان و هاوکاریکردنیان.

**دابەشکردنی زەوی:**

یەکێك لەو دەستکەوت و کار و خزمەتەی کە کابینەی سێیەم، ئەنجامی داوە و بەردەوامیشە لێی، بریتیە لە دابەشکردنی زیاتر لە (٢٠،٠٠٠) پارچە زەوی بەسەر مامۆستایان و خێزانی شەهیدان و پێشمەرگە و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ، بەردەوامیشە لە دابەشکردن و دابینکردنی شوێن و جێگا بۆیان.

**ئاوارەکان:**

ئاوارەکانی ناوخۆ لەوانە دەرکراوانی (سلێمانی و کەرکوك) کە ژمارەیان زیاتر لە

(٩٣،٠٠٠) هاوڵاتیە و حکومەتی کوردستانی توانی خەرجییان دابین بکات و شوێن و جێگایان بۆ بکاتەوە.

بۆ مەسەلەی ئاوارەکانی کەرکوك و ئەوانەی کە لە دەست تیرۆریستانی (PKK) ئاوارە بوون، کابینەی سێیەم ئەرکی جێنشینکردن و خەرجی ئەوانیشی گرتە ئەستۆی خۆی.

**ئاوارەکانی ئێران:**

ئەو ئاوارانەی کە زیاتر لە دەها ساڵ، خۆڕاگری بێوێنەیان نواند و تەسلیم بە دوژمنانی گەلەکەمان نەبوونەوە و تەحەمولی ئازار و ئەشکەنجەی دەربەدەریان کرد و سەربەرزانە مانەوە، ئەنجومەنی وەزیران هەموو جۆرە ئاسانکاری و ڕێوشوێنی بۆ ئاوارە خۆڕاگرەکان، بە یارمەتی ڕێکخراوەکانی (UN) بۆ دابینکردن و بۆ نیشتەجێکردنیان و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانیان.

**دەزگای شەهید:**

یەکێك لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاتنە کایەی دەزگای شەهید بوو، کە خەونی ساڵەهای ساڵمانە، هاتەدی و دەست بەکار بوو، بۆ خزمەت کردنی بنەماڵەی شەهیدان و چاککردنی بژێوی ژیانیان، بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستا شەهیدانەی (٢١،٠٠٠) بنەماڵەی شەهیدی پێشمەرگە و هاوڵاتی و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دراوە و، بەردەوامە لە دانی مووچەی بنەماڵەی شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان.

**پڕۆژەی یاساییەکانی ئەنجومەنی وەزیران:**

کابینەی سێیەم لە ماوەی دەست بەکاربوونییەوە تا ئەمڕۆ، (٣٢) پڕۆژەی یاسایی گرنگی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردووە، کە سەرجەمیان بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتییان و هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و هەنگاویان بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمن لە وانە:

١. پڕۆژەی یاسای دەزگای شەهید.
٢. پڕۆژەی تەعدیلی "قانون الأحزاب" ژمارە ١٩٩٣.

٣. پڕۆژەی یاسای ڕۆژنامە نووسان.
٤. پڕۆژەی "قانون النشر في الجريدة الرسمية".
٥. پڕۆژەی دروستکردنی چوار پارێزگای نوێ لە کوردستان.
٦. پڕۆژەی بەیداخی کوردستان.

**گیروگرفتەکانی شەڕی ناوخۆ و (PKK):**

کە لەو گیروگرفتانەیە شەڕی ناوخۆ دروستی کردووە، و بوونەتە کۆسپ و ئاستەنگی گەورە لە ڕێگای بەرەو پێشەوەبردنی وڵات و چەسپاندنی ئەزموونە دیموکراتییەکەمان، شەرعییەت و ئازادکردنی تەواوی هاووڵاتییان لە هەموو ڕوویەکەوە، کە هیوادارین بە هۆی سیاسەتی واقیعبینانە و هێمن و مەبدەئی پارتیمان، سەرئەنجام هەر چارەسەر بکرێت.

گرفتێکی گەورەی تری حکومەتی هەرێم لە هەر سێ کابینەکەدا، بریتی بوو لە، ڕەفتارەکانی تیرۆریستان دژ بە بەرژەوەندی گەلی کوردستان لە عێراقدا، کە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە، واتە لە دوای ڕاپەڕینەوە بووەتە گیروگرفتێکی گەورە و، بە فیتی دوژمنانی کورد و کوردستان بەرۆکی کوردستانی عێراقی گرتۆتەوە.

(PKK) وەك ئاشکرایە حزبێکی کوردستانی تورکیایە و بنکە و بارەگاکانی جگە لە (ئێران و سوریا) هێناوەتە ناو خاکی ئێمەوە و، جگە لەو شەڕانەی هەتا ئێستا سەپاندوویەتی، لە هەمان کاتدا بووەتە گرفتێکی گەورە لە پێش ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، کە تاکو ئێستا پتر لە (٥٠٠) گوند ڕێگای گەڕانەوەی خەڵکیان لێ گیراوە، یا بە هۆی تیرۆری (PKK)وە، چۆڵ کراون.

وێرای ئەمە منداڵ فڕاندن و خەڵك هەڵخەڵەتاندن و ڕاگەیاندنی چەواشەکاری لە دژی کوردستانی عێراق، هەروەها (PKK) بووەتە هۆی شەڕ و تێکچوونی ئەمن و، ئاسایش لە هەرێم و مایەی تێکەڵبوونی هێزی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆ.

جگە لە زیانی گیانی و مەعنەوی و نەفسی، ئەم دوو گرفتە واتە شەڕی ناوخۆ و (PKK) کە بەسەر هەرێمدا سەپاون، بوونەتە هۆی نەزیفێکی گەورەی ئابووری، کە پێویستە بۆ بەرەنگار بوونەوە و دیفاعکردن لە هاووڵاتییان و شەرعییەت و ئایندەی گەلەکەمان سەرف بکرێت، کە ئەگەر بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێسەندن بەکار بهاتایە، ئەوا دەگەیشتینە قۆناغێکی تری بووژاندنەوە و پێشکەوتنی وڵاتەکەمان.

**گرفتی ئاو و كارەبا:**

جگە لەوەی كە كوردستان بە گشتی لە قەیرانی ئاو و وزەی كارەبادایە، بە هۆی سیاسەتی (استغلال)ی ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق، كە چارەی بنەڕەتی ئەم دوو گرفتەیان نەكردووە و تەنها بە تەنگی تالان و خواردنی بەروبوومی كوردستانەوە بووە، ئیمسال وڵاتەكەمان تووشی بێ بارانی و وشكییەكی بێهاوتا بوون لە مێژووی خویدا، ئەم وشكییە بووە هۆی خستنەڕووی هەر دوو گرفت زۆر بە زەقییەوە و بە شێوەیەكی ئەوتۆ، كە هەوڵدان بۆ چارەسەری هەردوو گرفتەكە ببێتە یەكێك لە كارە سەرەكی و هەرە گرنگەكانی حكومەتی هەرێم و ڕێگا چارەی خێرا و، درێژخایەنی بۆ بدۆزرێتەوە و لە پرۆژە و كارەكاندا (افضلیة)تیان پێ بدرێت، بە تایبەتی لە ڕێگای بڕیاری (٩٨٦)ەوە:

أ. بە نسبەت ئاوەوە، وەك چارەسەری خێرا توانرا یەكەم، بە نسبەت ئاوی خواردنەوە چەندین بیری تازە بە خێرایی لێ بدرێت و، بۆ زۆربەی بیرەكان و پرۆژەی ئاوەكان بە تایبەتی لە شارە گەورەكان و شارۆچكەكان كارەبای بەردەوام دابین بكرێت.
هەروەها چونكە پێشبینیەكی خێرای باری وشكی و گرفتەكانی كرابوو، حكومەتی هەرێم بە هاوكاری لەگەڵ (UN) و ڕێكخراوە مرۆییەكان، توانی پلانێكی داڕێژراوی فریاگوزاری دابنێ و لە ڕێگای هەر سێ وەزارەتی، كشتوكاڵ و ئاوەدانكردنەوە و شارەوانی جێبەجێ كرا، ئەویش بە فریاكەوتن و چاككردنەوەی پرۆژە خراپبووەكان و لێدانی بیری تازە لە شوێنی پێویست و دابینكردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هاووڵاتییان و ئاژەڵ و كشتوكاڵ لە گوند و شاروچكەكان بە هۆی تانكەرەوە.

ب. بۆ دەستنیشانكردنی گرفتەكانی كەمی وزەی كارەبا لە هەرێمدا و چارەسەركردنیان، حكومەتی هەرێم دوو هێڵی یەكسانی دەستنیشان كردووە بۆ كاركردن:

**یەكەمیان:**

چارەسەری كورتخایەن بە دابینكردنی خێرای بڕێكی دیاریكراوی كارەبا بۆ پێداویستییە خزمەتگوزارییە مرۆییەكان، وەك تۆڕی ئاو و نەخۆشخانەكان.

**دووەمیان:**

چارەسەری درێژخایەن، ئامادەكاری بۆ چاككردنەوەی بڕی وزەی بەرهەمهێنان بە

شێوەیەكی تەواو، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگای بڕیاری (٩٨٦)ەوە، (٢٢٤) موەلیدەی دیزل بە توانای (١٠٠ تا ٥٠٠) كیلۆ ڤۆلت ئەمپێر، بۆ بیرەكانی ئاو و تۆڕەكانی دابەشكردنی ئاوی خواردنەوە كڕدراوە و بەم زووانە دادەمەزرێن، هەروەها تاكو مانگی ٧ی ساڵی (٢٠٠٠) سێ یەكەی تەولیدی دیزل بە وزەی (٢٠) میگاوات، لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی دادەمەزرێت.

بە نیسبەت چارەسەری بنەڕەتیش، دیراسات بەردەوامن بۆ دۆزینەوەی چاكترین شێوەی چارەسەر، كە بە ڕای ئێمە دامەزراندنی یەكەی گەورەی تەولیدی وزەیە، بە بەكارهێنانی مەودای خۆیی (كوردستانی) وەك بەكارهێنانی ئاوی ڕووبارەكان و دروستكردنی سەد و یاخود بەكارهێنانی خەڵووزی بەردین، بەتایبەتی بۆ هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر و بەستنەوەی هێڵەكانی كارەبای هەردوو پارێزگا بە یەكەوە.

ئەم چارەسەرە بنەڕەتییە و ئیعتمادكردنە سەر مەودای ئەوەلی خۆماڵی، پێویستییەكی حەیاتییە بە نیسبەت هەولێر و دهۆك بە تایبەتی، چونكە لە ساڵانی دوایی جگە لە كەمی كارەبا بە گشتی و وشكی ئیمساڵ، كارەبا لەلایەن حكومەتی مەركەزی، كارەبای دهۆك و (یەكێتی) كارەبای دوكان و دەربەندیخان، وەك چەكێكی سیاسی بەكار هێنراوە.

**نەخۆشی:**

وەك ئاشكرایە وڵاتەكەمان بە هۆی ئەم بارودۆخە، تووشی چەندین گرفتی تەندروستی و كەمی دەرمان بووە، جگە لەوەی لە بنەڕەتدا مەڵبەندی چەندین نەخۆشی بووە و، لەو بارەوە دووچاری سەرهەڵدانی یەك دوو نەخۆشی ساری بووە كە پێویستی بە كار و كارامەییەكی زۆر هەبووە لەلایەن پزیشك و پسپۆڕان و حكومەتی هەرێمەوە بەگشتی.

ئەویش بە هۆی پێشبینی خێرای گرفتەكان و ئامادەكاری زوو بۆی، لە دابینكردنی دەرمان و شوێن و كادیران و تەوعیەی ئیعلامی و وەرگرتنی ئیجرائاتی وقائی، توانراوە ئەو جۆرە نەخۆشییە كۆنترۆڵ بكرێت و نەگاتە ڕادەی وەباء. ئەم كارە لە ساڵانی داهاتووشدا دەبێت بەردەوام بێت تاكو چارەسەری بنەڕەتی گرفتەكان.

**چەكداری:**

بە هۆی باری ناوخۆ و مەترسییەكانی دەرەوە، كوردستان پڕچەك بووە، تا ڕادەیەك هاوڵاتی بێ چەك نەماوە و دیاردەی چەك هەڵگرتن یەكجار پەرەی سەندووە، ئەم دیاردەیە كە خۆی لە خۆیدا دیاردەیەكی ناشارستانی و ناشرینە، لە هەمان كاتدا بۆتە هۆی

دروستبوونی گیروگرفتی گەورە بەتایبەتی و، زۆر جاریش لەسەر ئەگەری زۆر بچووك بۆتە هۆی تاوانی گەورەی وەك کوشتن، هەرچەندە حکومەتی هەرێم لە ڕێگای دانانی ڕێنمایی و وەرگرتنی ئیجرائات، توانیویەتی تا ڕادەیەك چاك کونتڕۆڵی ئەم دیاردەیە بکات، بە تایبەتی لە دهۆك و تا حەدێکیش لە شاری هەولێر، بەڵام ئەم دیاردەیە هەرماوە و ئەگەر لێی غافل بین تەشەنە دەکات و زەرەرێکی زۆر دەگەیێنێ بە ئەمن و ئاسایشی هاووڵاتییان و یاسا و باری ئاسایش بەگشتی. بۆیە لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو کە بەردەوامی لە ئیجرائات و تەوعییە و هاوکاری نێوان هەموو دەزگاکانی کوردستان لەم ڕووەوە پێویستە، بەتایبەتی هاوکاری کادیرانی حزب و لێپرسراوانی لەشکری کوردستان.

**کارمەند و مووچەخۆران:**

پاش ڕاپەرین و کشانەوەی ئیدارەی حکومەتی مەرکەزی، لەشکرێکی گەورە لە کارمەندانی حکومی، کە دامەزراوەی ڕژێم بوون، بێ سەرپەرشت و بێ مووچە مانەوە، کە ژمارەیان لەو کاتەدا، (١٥٠،٠٠٠) کارمەند پتر بوو، ئەم لەشکرە لە مووچەخۆر بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتی و وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەك عێراقی پێش حەربی کەنداو دروست بوو، حکومەتی هەرێم پاش دروستبوونی، بوو بە وارسی ئەم لەشکرە بە هەموو گیروگرفتەکانییەوە، بەتایبەتی گرفتی دابینکردنی مووچە و چاککردنی باری ژیانیان و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ پێویستی و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان.

لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە تاکو ئێستاش بە هۆی سیاسەتی دامەزراندنی لاوان و بە تایبەتی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ بنبڕکردنی بێئیشی و، کەمکردنەوەی زاهیرەی کۆچکردنی لاوانی خوێندەوارمان بۆ دەرەوەی هەرێم، لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە سیاسەتی ڕازیکردن و دامەزراندنی هەڕەمەکی یەکێتی لە هەردوو کابینەی یەکەم و دووەمدا، ژمارەی ئەم لەشکرە گەیشتە نزیکەی (٢٠٠،٠٠٠) و پتریش جگە لە خانەنشین.

هەرچەندە بەشێکی زۆر لەم کارمەندانە فائیزن بەڵام لە هەمان کاتیشدا، چارەسەری ئەم گرفتە پەیوەندی بە (٢٠٠،٠٠٠) خێزانی کوردەوە هەیە، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی واقعبینانە و لەسەر بنەمای ماف و پێویستی ئەو خێزانانە کە، بەشێکی زۆری دانیشتووانی هەرێم دەگرێتەوە چارەسەر بکرێت، ئەوەی شایانی باسە زۆری کارمەندانی جگە لەوەی خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی گەورەی سەرشانی حکومەتی هەرێمە، لە هەمان کاتیشدا ئەو

زۆریە بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئاستەنگن لەبەردەم چاك کردنی باری گوزەران و، ژیانی کارمەندان خۆیان بە تایبەتی و، لە ڕووی زیادکردنی مووچە و تەقدیمی خەدەمات بۆیان.

**گرفتی زەویوزاری کشتوکاڵ:**

بە کورتی لە شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ چەندین یاسا دەرچوون، بۆ ڕێکخستنی باری کشتوکاڵی و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و جوتیاران، ئەم یاسایانە بەگشتی ڕەچاوی زۆر لایەنی تایبەتمەند بە بەرژەوەندی گشتییان نەکردووە، بەتایبەتی پێشخستنی بەرهەمی کشتوکاڵی و چەسپاندنی ئوسلوبێکی پێشکەوتوو لە "ئینتاج و عەلاقاتی ئینتاجی زراعی"، کە لە خزمەتی بەرژەوەندی و ئابووری گەلە کوردستاندا، بێت. سەرەڕای ئەمانەش ئەم یاسایانە زۆر جاریش بە شێوەیەکی چەواشە و بە مەبەستێکی ناپاکی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق دژی گەلی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی، بەکار هاتووە. تاکو ئێستاش ئەم پرسیارە گرنگە چاوەڕوانی بارێکی ئاسایی تر و لە بارترە، بۆ چارەسەرێکی یاسایی زانستی و بنەڕەتی.

**کۆچکردن بۆ دەرەوە:**

یەکێك لەو گیروگرفت و نەخۆشیە گەورانەی دووچاری کۆمەڵگای کوردەواری بۆتەوە، زاهیرەی کۆچکردن بۆ دەرەوە، ئەم زاهیرەیە جگە لەو زیانە مادی و مەعنەویانەی بە هەرێم و سیاسەتی خزمەتگوزاری دەگەیەنێ، زیانی ڕاستەوخۆش بە هەزاران خانەوادە دەگەیەنێ، کە بۆتە هۆی سەرفکردنی هەموو ماڵ و سامانیان بۆ گەیشتنە دەرەوە و خۆ تەسلیمکردن بە داهاتوویەکی نادیار، هەروەها ئەم دیاردەیە بۆنە هۆی دروستبوونی چەندین نەخۆشی کۆمەڵایەتی زەرەربەخش. ئەم دیاردەیەش پێویستی بە دیراسەت و چارەسەر هەیە، هەرچەندە هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە چارەسەرنەکردنی بنەڕەتی کێشەی کوردە لە ڕووی سیاسی و نێودەوڵەتی و ئەمنیەوە.

**گەندەڵی و نەخوشییەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن:**

هەرچەندە پتر لە حەوت ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دامەزراون و هەرچەندە دامەزراندنیان بەرهەمی خەباتێکی لەبن نەهاتوو و سەختی

شۆڕشگێڕانە و، قوربانییەکی بێهاوتای هەزاران ڕۆڵەی بە ئەمەکی ئەم گەل و نیشتمانەیە، کە لە بنەڕەتدا داخوازی گوڕانکاری شێوە و ئوسلوبی کار و مامەڵە و بەڕێوەبردنە لە هەموو ڕوویەکەوە، بە شێوەیەك کە هەڵقوڵاوی کارکردنی لەبندەست و بەپێی ڕێنمایی حکومەتێکی زۆردار و چەوسێنەر و لە سەرەوە فاسد بۆ شێوەیەکی نوێی هەڵقوڵاوی بەرژەوەندی گەلێکی تینوو بە ئازادی و بۆچوونێکی دیموکراتی و شۆڕشگێڕانە، بەڵام لە زۆر لە دامودەزگاکانی حکومی و زۆر لە کارمەندان بەتایبەتی کۆنەکان، ئوسلوبی کار و بەڕێوەبردن، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی پێنەگەیشتووە، زۆر جار وا بیر دەکرێتەوە حکومەت هەر حکومەتە، شەرت مووچە وەرگرتنە و کات کوشتن. جاری واش هەیە وادەزانرێ حکومەتی هەرێم وارداتی لەبن نەهاتووی لەژێردەستدایە بۆیە هەندێك بە تەنگ ماڵ و سامانی حکومەت و گەلەوە نایەن، لە کارەکانیان کەمتەرخەمن، لە مەسروفاتدا ڕەچاوی تەعلیمات ناکەن، بگرە بە کوردی جاری وا هەیە خەنجەر لە کا دەدەن.

ئەمە و زۆر لە نەخۆشییە ناسراوەکانی ئیداراتی کۆن، وەك فەساد و بەرتیل و دزی، ڕاستە لە ڕادەیەکی بەدەر زۆر نین بەڵام هەن و پێویست بە چارەسەرکردن و ئیجرائات دەکەن، کابینەی سێیەم لەم ڕووەشەوە بەرەنگار بۆتەوە و بەردەوام دەبێت لە ئیجرائاتی کاری ئیداری وەك هەموو کارێکی تر، شان بە شانی شارەزایی و پاکی و بیروباوەڕ بە پاداشت و بە سزا بەرەو پێشەوە دەبرێت.

ئەمانە هەندێك بوون لەو گیرەگرفتە هەنووکەیانەی (آنی) کە هەن و پێویستی چارە و مامەڵەیان هەیە و چەندین گرفتی تری ناوخۆ، جگە لە گیروگرفتە سیاسی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێم و ئاستەنگەکانی بەرەوپێشەوە چوونی ئەم ئەزموونە، وەك نەبوونی تەعریفێکی یاسایی نێودەوڵەتی بەرامبەر بەم بارودۆخەی کوردستان و، ئابڵووقە و نەبوونی ڕێگای پەیوەندی دروست بە دەرەوە، و هاتووچۆی ئاسایی بۆ هەرێم و مەترسییەکانی سەر هەرێم بە گشتی.

**بڕیاری (٩٨٦):**

بڕیاری (٩٨٦)ی، نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێکە لە بڕیارە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگای دەولی بەرامبەر بە عێراق کە کەڵکێکی زۆر و هاوکارێکی تەواوە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی.

بەپێی ئەم بڕیارە هەر شەش مانگ جارێك، وا ئێستا لە شەشەمین، شەش مانگیداین

واته (فێز) ڕێگا دەدرێت بە عێراق نەوتێكی زۆر بفرۆشێت، نزیكەی چوار ملیار دۆلار، بگرە پتر و لەم پارەیەش بەشێكی (١٣٪) ڕاستەوخۆ لەلایەن كارمەندانی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ كوردستانی عێراق سەرف بكرێت.

بە دەرەجەی یەكەم بۆ خۆراك و دەرمان، پاشان بۆ پێویستییە مرۆڤی و خزمەتگوزارییەكانی تر، وەك ئاو و كارەبا و خەستەخانەكان و پەروەردە و خوێندنی باڵا و پیشەسازی خۆراكی و كشتوكاڵ و ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردنی ئاوارەكان و پاكسازی مین، بە هۆی ئەم بڕیارەوە هەموو هاووڵاتییەك، گەورە و بچووك بەشێكی گرنگی لە پێداویستییەكانی خۆراكی، بەبێ پارە پێ دەگات كە ئەركێكی گەورەی لەسەر شانی گشت هاووڵاتییان لابردووە و، بەمە ڕاستەوخۆ ڕادەی ژیانی لە كوردستاندا بەرز كردۆتەوە.

گرنگی ئەم بڕیارەش لەوەدایە كە بۆ یەكەم جار لایەنێكی دۆستی نێودەوڵەتی، وەك (UN) بەشی پارەی كوردستان لە حكومەتی مەركەزی وەربگرێت و بۆ كوردستانی سەرف بكات، هەروەها گرنگییەكەی لەوەدایە كە كوردستان بە شێوەیەكی تایبەتی مامەڵەی لەگەڵدا، دەكرێت و ڕەچاوی بەرژەوەندییەكان و پێویستییەكانی دەكرێت كە ئەمەش مانایەكی سیاسی هەیە.

جگە لەوەی بە هۆی ڕادەی پارەكە دەرگایەكی گەورە كراوەتەوە، بۆ چاككردنی باری ژیانی هاووڵاتییان و چارەسەركردنی گیروگرفتەكان و پڕ كردنەوەی كەموكوڕییەكان و بووژاندنەوە و ئاوەدانكردنەوەی كوردستان، هەر لە یەكەم ڕۆژی ئیعلانی ئەم بڕیارە و ئاشكرابوونی، پارتی دیموكراتی كوردستان و ئەو كاتە كوتلەی وەزاری پارتی بە پیریەوە چوون و ڕاستەوخۆ كەوتنە كار، بۆ ئاسانكردنی چەسپاندن و جێبەجێكردنی بڕیارەكە و دەستنیشانكردنی ئەولەویاتە پێویستییەكانی كوردستان بە پێچەوانەی لایەنەكانی تر، كە نەیانتوانی ئیستیعابی ئەو كەڵك و ئیجابیاتە زۆرەی ئەم بڕیارە بكەن.

ئێستاش پاش تێپەڕبوونی پتر لە (٣) ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەو بڕیارە، بەرهەم و ئەنجامەكانی ئاشكرا بوون، سەرەڕای زەحمەت و خاوی دەستبەكاربوون لە سەرەتای فێزی یەكەمەوە، بەڵام فێز لە دوای فێز كارەكان باشتر و خێراتر دەكەین و بەڕێوە دەچن و، خبرەی هەردوولا واتە حكومەتی هەرێم و كارمەندانی (UN) لەم بوارەدا زیاتر دەبێت و هەروەها هاوكاریان.

كابینەی سێیەمی حكومەتی هەرێم لە دامەزراندنییەوە، بایەخێكی ئیجگار زۆر و

تایبـەتی بـەم بڕیـارە و جێبـەجێکردنی داوە، بـە دیراسـات و بـە سـیمینارات و کـۆنفرانس و کۆبوونەوە و دروستکردنی لێژنـەکان (لـە لێژنـەی بـاڵاوە تـاکو لێژنـەکانی خـوارەوە لـە هـەر وەزارتێك) و، ئامـادەکردنی پێویسـتییەکان و دەربڕینـی ڕاوبۆچـوون و نـاردنی مـوزەکیرات و پەیوەندی بە بارەگای (UN) لە نیویۆرك و دانووستاندن، لەگـەڵ هـەموو لێپرسراوانـی (UN) کە دێنە کوردستان و ئەوانەی لێرە کار دەکەن و، داکـۆکی لەسـەر پێویسـتی و (افضـلیات) و بەرژەوەندی کوردستان و پاراستنی تایبەتمەندییەکەی و زیادکردنی ڕۆڵـی گـەلی کوردسـتان و حکومەتی هەرێم لە بڕیاردان و جێبەجێکردنی پڕۆژە و پێویستییەکان.

لـەم بـوارەدا دەتـوانین بڵێـین، لەگـەڵ کـاردا وردە کەموکوڕییـەکان چارەسـەرکراون و، هاوکاری لەگەڵ (UN) پتر بووە و ڕاوبۆچوونەکانی حکومەتی هەرێم کاریگـەرن و بـە جـدی وەردەگیرێن و ڕەچاو دەکرێن.

هەرچەنـدە لـە جێبـەجێکردنی ئـەم بڕیـارە، هێشـتا هەنـدێ مەشـاکیل کـە حکومـەتی مەرکەزی دروستی دەکات وەك گەیاندنی دەرمان و دواخستنی ئامێر و مەکینـە و ئۆتۆمبێـل، بەڵام بەرامبەر بەمەش ئەم بڕیارە دەرگایەکی فراوانی لەبەردەم گەلەکەمان کردۆتـەوە، بۆیـە پێویستە هەمیشە بەو ئیتیجاهە کار بکەین، کە ئەم بڕیـارە بـەردەوام بێـت و بـە ڕێکـوپێکی ئەنجام بدرێت، لەم ڕووەشەوە پێویستە بـەردەوام بـین لـە داکـۆکیکردن لەسـەر زامنکردنـی بەشی کوردستان، لە داهاتی نەوتی وڵاتەکەمان لە کاتی کۆتاییهێنان بەم بڕیـارە، یـا لـە کـاتی هـەڵگرتنی ئابلووقـە لەسـەر عێـراق، هـەروەها داکـۆکیکردن لەسـەر گەیانـدنی کەلوپـەل ڕاسـتەوخۆ بـۆ کوردسـتان چ لـە ڕێگـای وڵاتـانی دراوسـێوە، چ ڕاسـتەوخۆ و بـەکارهێنانی فڕۆکەخانەکانی هـەولێر و حـەریر و بامـەڕنێ، یـان هـەر ڕێگایـەکی تـر و زیـادکردنی ڕۆڵـی حکومەتی هەرێمی کوردستان لـە بڕیـاردان و، جێبـەجێکردنی پێویسـتییەکان و چەسـپاندنی بۆچوونی حکومەتی هەرێم، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو و کارەبا بە دەرەجـەی یەکـەم، پاش خۆراك و دەرمان.

**پێشنیارەکان:**

بـۆ پتـەوکردنی ئـەرك و کـاری حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و کـەم کردنـەوەی کەموکوڕییەکان و ئاسانکردنی ئیشوکارەکان و ڕێگەگرتن لە هەڵە و هەر پێشێلکارییەکدا، بـە باشمانزانی ئەم پێشنیارانە بخەینە ڕوو:

١. پێویستە پشتگیریەکی تەواو لە لیژنەی چاودێری ئەنجومەنی وەزیران و، وەزارەتی دارایی بکرێ و وەزارەتەکان هاریکاریان بکەن و بە قسەیان بکەن.
٢. هەروەها پێویستە پاڵپشتی و پشتگیری تەواوی لیژنەی چاودێری پرۆژەکان بکرێ، تا بتوانن متابعەی تەواوی پرۆژەکان بکەن.
٣. پێویستە ئەنجومەنی پلاندانان (مجلس تخطیط) هەبێ و لیژنەی باڵای بڕیاری (٩٨٦) کە ئەرکی تۆکمەکردنی میکانیزمی کارکردنی وەزارەتە پەیوەندارەکان و پارێزگەکانە، کە ئێستا کاری ئەنجومەنی پلاندانان دەکات، دەکرێ لە ئایندە جێگەی ئەنجومەنی پلاندانان بگرێتەوە.
٤. بۆ ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان پێکەوە هەیە دەکرێ:
أ. هەردوو وەزارەتی داد و ئەوقاف بکەین بە یەك.
ب. لەبەر ئەوەی هەردوو وەزارەتی ئیشغاڵ و ئاوەدانکردنەوە لە زۆربەی کارەکانیدا، هەمان ئیشی یەکتر دەکەن، دەتوانرێ بکرێن بە یەك وەزارەت.
ج. هەروەها دەشێ وەزارەتی تەندروستی بە تەنیا بێ و، کاروباری کۆمەڵایەتیش بکرێ بە وەزارەتێکی سەربەخۆ.

**ئەمە بە چەند پێشنیاری تر ڕاپۆرتەکە دەوڵەمەند دەکەین:**

١. دروستکردنی دیوانی ڕەقابەی مالی باڵا ڕاستەوخۆ، لە ژێر ئیشرافی جەنابی سەرۆکی پارتی بۆ چاودێری دارایی هەموو دەزگا و حزبەکانی هەرێمی کوردستان.
٢. پێویستی هەنگاوهاوێشتن بۆ دامەزراندنی مەجلسی باڵای تەختیت شان بە شانی ئەو هەنگاوانەی لەلایەن حکومەتی هەرێم کە تاکو ئێستا هاوێژراون.
٣. دیراسەتکردنی دامەزراندنی مەجلس خدمە لە کاتێکی گونجاو و لەباردا بەپێی بەرژەوەندی هەرێم، هەروەها مەجلس انظباطی ئیدارەی گشتی.
٤. بایەخدانی زیاتر بۆ پەرەپێدان و پێش خستنی زمانی کوردی، لە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و بەتایبەتی پەروەردە و خوێندنی مێژوویی و جوگرافیای کوردستان.
٥. زیاتر هەنگاونان بەرەو پتەوکردنی هەماهەنگی و کاری هاوبەشی دەزگا ئیداری و حزبییەکان.
٦. جێبەجێکردنی یاسا لە چارەسەرکردنی گەندەڵی و نەخۆشییەکانی بەڕێوەبردن.
٧. دیراسەتی تێروتەسەلی گرفتی زەوی و کشتوکاڵی بە مەبەستی چارەسەرکردنی بنەڕەتی

کێشەکە لە بەرژەوەندی پێشخستنی ئابووری کوردستان بێت.

جێی باسە کە ئەم پێشنیارانە، لێکۆڵینەوە و دیراسەتی پێویستە و پێویستی بە وتووێژ هەیە، دەتوانرێ کە ئەوەی لە بەرژەوەندی گەلی کوردستانە، جێبەجێی بکەین و بڕیاری بەسەر بدەین.

**ئاوەڕدانەوەیەك:**

کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێك هات، دەمانزانی کە ئەرکێکی گەورە لە وڵاتێکی وێران کراودا کەوتۆتە سەر شانمان، ئەوسا یاسا بەلاوەنرابوو، ژیانی هاووڵاتییان دوور بوو لە ئاسوودەگی و ئاسایش، تاوان زۆر بوو، ڕیگاو بانەکانمان وێران کرابوون، پردەکانمان ڕووخێنرابوون، کارەبا بڕا بوو، پەیوەندی نێوان شارەکانمان پچڕابوون، کارگەکانمان لەکار کەوتبوون و باری ئابووریمان ئیفلیج و لاواز بوو، دەرمان و خۆراك نەمابوو، کتێب و پێنوس و پێویستی قوتابخانەکانمان بڕابوون و (٥،٠٠٠) گوندمان لەگەڵ خاکدا یەکسان کرابوون، میللەتەکەمان دووچاری کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن بوو، بەڵێ دەمانزانی ئەرکێکی گەورە کارێکی زۆر قورس لەسەر ڕێگامان دایە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پشتگیری هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان، کەوتە کار بێ گوێدانە ئەو هەموو کەموکوڕییە و کۆسپ و تەگەرە لەبننەهاتووانە.

ئێستا ئەگەر ئاوڕێك لە دواوە بدەینەوە و سەیرێکی بارودۆخی وڵاتەکەمان بکەین و بنوارین ئیمڕۆ کە چۆنە؟ بۆمان دەردەکەوێ کە قۆناغێکی چەند سەختمان بڕیوە، یاسا تا ڕادەیەك بەرقەرار بووە، دامودەزگاکان دامەزراون و هاوڵاتییان ئەمینن لە سەروسامانیان و لە ئاسایش و ئارامییەکی چاکتردا دەژین، بازارمان بووژاوەتەوە و ڕێگاوبانمان چاك کراونەتەوە، پەیوەندی نێوان شار و شارۆچکەکانمان دروست بۆتەوە، کارەبا هەرچەند کەمە بەڵام هەمانە، قوتابخانەکانمان بەردەوامن لە فێرکردنی منداڵەکانمان، زانکۆکانمان پسپۆر پێ دەگەیەنن، کارگەکانمان کەوتوونەتەوە گەڕ و بەشی زۆری دیهاتەکانمان ئاوەدان کراونەتەوە.

ڕاستە کەممان بڕیوە و زۆرمان لە پێشە، بەڵام بەمە سەربەرزین کە توانیمان خزمەتی کوردستانی خۆشەویست بکەین، و بەوە شانازی دەکەین کە پارتی سەلماندی کورد دەتوانێ حوکمڕانی خۆی بکات.

**فەیسی یەکەم:**

کۆی گشتی تەرخانکراو: لە مانگی ١٩٩٧/١ تاکو ١٩٩٧/٦ (٢٦٠،٠٠٠،٠٠٠ US$).

| **کەرتەکان** | **تەرخانکراو** US$ | **٪ لە کۆی گشتی** | **خەرجکراو** US$ | **ماوە** US$ |
|---|---|---|---|---|
| خۆراک | ١٢٢،٥٣٠،٠٠٠ | ٤٧,١٢٧ | ١٢١،٩٢٣،٢٤٠ | ٦٠٦،٧٦٠ |
| تەندروستی | ٣٩،٢٠٠،٠٠٠ | ١٥,٠٧ | ٢٨،٧٠٥،٣٧٨ | ١٠،٤٩٤،٦٢٢ |
| کارەبا | ٢٣،٢٧٠،٠٠٠ | ٨,٩٥ | ١،٥١٣،٢١٤ | ٨،١٣٧،٨٨٦ |
| ئاو و ئاوەڕۆ | ٢٠،٢٠٠،٠٠٠ | ٧,٧٧ | ١٨،٠٨٣،٨٦٤ | ٢،١١٦،١٣٦ |
| کشتوکاڵ | **٢٠،١٥٠،٠٠٠** | ٥,٨٢ | ١٩،٠١٩،٦٨٧ | ١،١٣٠،٣١٩ |
| پەروەردە | ١٥،١٥٠،٠٠٠ | ٤,٦١ | ١١،٣٩٢،٧٠٧ | ٣،٧٥٧،٢٩٣ |
| دووبارە نیشتەجێکردن | ١٢،٠٠٠،٠٠٠ | ٠,٩٦ | ١٠،٦١٣،٧٢٦ | ١،٣٨٦،٢٧٤ |
| مین هەڵگرتنەوە | ٢،٥٠٠،٠٠٠ | ١,٩٢ | ٢،٤٤٦،٨٦٧ | ٥٣،١٣٣ |
| تغذیە (خۆراک) | ٥،٠٠٠،٠٠٠ | ٣,٠٧ | ٤،٠٤٦،٥٧٥ | ٩٥٣،٤٢٥ |
| **کۆی گشتی** | **٢٦٠،٠٠٠،٠٠٠** | **٪١٠٠** | **٢٣١،٣٦٤،١٥٨** | **٢٨،٦٣٥،٨٤٨** |

**فەیسی دووەم:**

کۆی گشتی تەرخانکراو: لە مانگی ١٩٩٧/٧ تاکو ١٩٩٧/١٢ (٢٦٠،٠٠٠،٠٠٠ $US).

| **کەرتەکان** | **تەرخانکراو** $US | **% لە کۆی گشتی** | **خەرجکراو** $US | **ماوە** $US |
|---|---|---|---|---|
| خۆراك | ١٢٢،٥٠٠،٠٠٠ | ٤٧,١١ | ١١٠،٧٥٦،٥٢٠ | ١١،٧٤٣،٤٨٠ |
| تەندروستی | ٣٩،٠٠٠،٠٠٠ | ١٥,٠ | ١١٣،٢٣٢،٣٥٣ | ٢٧٦،٧٤٧ |
| کارەبا | ٩،٣٠٠،٠٠٠ | ٧,٤٢ | ٧٢٠،٦٢٣ | ١٨،٥٧٩،٣٣٧ |
| ئاو و ئاوەڕۆ | ٢٠،٠٠٠،٠٠٠ | ٧,٧ | ١٢،٥٦٨،٤٩٩ | ٧،٤٣١،٥٠١ |
| کشتوکاڵ | ٢٦،٠٠٠،٠٠٠ | ١٠,٠ | ٢٣،٣٠٠،٦٢٨ | ٢،٦٩٩،٣٧٢ |
| پەروەردە | ١٥،٣٠٠،٠٠٠ | ٥,٨٨ | ٦،٩٨٧،٦٤٥ | ٨،٣١٢،٣٥٥ |
| دووبارە نیشتەجێکردن | ٦،١٥٠،٠٠٠ | ٢,٣٦ | ٤،٨٤٠،٢١٠ | ١،٣٠٩،٧٩٠ |
| مینهەڵگرتنەوە | ٢،٦٦٨،٠٠٠ | ١,٠٢ | ٢،٦٦٨،٠٠٠ | ٠ |
| تغذیە(خۆراك) | ٩،٠٨٢،٠٠٠ | ٣,٤٩ | ٦،٩٣٧،٤٩٠ | ٢،١٤٤،٥١٠ |
| **کۆی گشتی** | **٢٦٠،٠٠٠،٠٠٠** | **٪١٠٠** | **١٨٠،١٠٢،٨٦٨** | **٧٩،٨٩٧،١٣٢** |

**فەیسی سێیەم:**

کۆی گشتی تەرخانکراو: لە مانگی ١٩٩٨/١ تاکو ١٩٩٨/٦ (٢٦٠،٠٠٠،٠٠٠ US$).

| کەرتەکان | تەرخانکراو US$ | ٪ لە کۆی گشتی | خەرجکراو US$ | ماوە US$ |
|---|---|---|---|---|
| خۆراک | ١٢٢،٥٠٠،٠٠٠ | ٤٧,١١ | ١٠٣،٩٥٦،٥٢٧ | ١٨،٥٤٣،٤٧٣ |
| تەندروستی | ٢٨٥،٠٠٠،٠٠٠ | ١٠,٩٦ | ٦،٦١٦،٤٤٦ | ٢١،٨٨٣،٥٥٤ |
| کارەبا | ٢٦،٠٠٠،٠٠٠ | ١٠,٠ | ٢٥،٢٠٨ | ٢٥،٩٧٤،٧٩٢ |
| ئاو و ئاوەڕۆ | ٢٠،٠٠٠،٠٠٠ | ٧,٦٩ | ٨،٥٧٠،١٢٦ | ١١،٤٢٩،٨٧٤ |
| کشتوکاڵ | ٢٦،٠٠٠،٠٠٠ | ١٠,٠ | ١٣،١٠١،٢٥١ | ١٢،٨٩٨،٧٤٩ |
| پەروەردە | ١٧،٠٠٠،٠٠٠ | ٦,٥٣ | ٣،٤٥٥،٠٥٩ | ١٠،٢٤٣،٨٦١ |
| دووبارە نیشتەجێکردن | ١،١٠٠،٠٠٠ | ٤,٢٣ | ٦،٧٥٦،١٣٩ | ٧،٥٤٤،٩٤١ |
| مینهەڵگرتنەوە | ١،٠٠٠،٠٠٠ | ٠,٣٨ | ٩٨٣،٣٦٥ | ١٦،٦٥٣ |
| تغذیە(خۆراک) | ٨،٠٠٠،٠٠٠ | ٣,٠٧ | ٦،٠٤٠،٣١٩ | ١،٩٥٩،٦٨١ |
| **کۆی گشتی** | **٢٦،٠٠٠،٠٠٠** | **٪١٠٠** | **١٤٩،٥٠٤،٤٤٠** | **١١٠،٤٩٥،٥٦٠** |

**فەیسی چوارەم:**

کۆی گشتی تەرخانکراو: لە مانگی ١٩٩٨/٧ تاکو ١٩٩٨/١٢ (٣٢٩،٥٩٠،٠٠٠ US$).

| **کەرتەکان** | **تەرخانکراو** $US | **٪ لە کۆی گشتی** | **خەرجکراو** $US | **ماوە $US** |
|---|---|---|---|---|
| خۆراک | ١٣٦،٠٠٠،٠٠٠ | ٤١,٢٦٣ | ٨٨،٨٧٤،٨٦٥ | ٤٧،١٢٥،١٣٥ |
| تەندروستی | ٢١،٠٠٠،٠٠٠ | ٦,٣٧ | ٣٦١،٤٠٢ | ٢٠،٦٣٨،٥٩٨ |
| کارەبا | ٧٣،٧٠٠،٠٠٠ | ٢٢,٣٦١ | ٢،٥٣٢،٧٨٧ | ٧١،١٦٧،٢١٣ |
| ئاو و ئاوەڕۆ | ١٠،٣٠٠،٠٠٠ | ٣,١٢٥ | ٤،٦٦٨،٤٤٧ | ٥،٣٠١،٥٥٣ |
| کشتوکاڵ | ٢٤،٠٠٠،٠٠٠ | ٤,٢٨ | ٣٢٦،٤٩٨ | ٢،٠٧٤،٣٠٢ |
| پەروەردە | ٧١،٠٠٠،٠٠٠ | ٥,١٥٨ | ١،٠٠٣،٤٣١ | ١٥،٩٩٦،٥٦٩ |
| دووبارە نیشتەجێکردن | ٣٠،٠٠٠،٠٠٠ | ٩,١ | ٣٥٢،١١٩ | ٢٦،٤٠٧،٨٨١ |
| مینهەڵگرتنەوە | ٦،٠٩٠،٠٠٠ | ١,٨٤٧ | ٠ | ٦٠٩،٠٠٠ |
| تغذیە(خۆراک) | ١١،٥٠٠،٠٠٠ | ٣,٥ | ٢٦٩،٨٦٩ | ١١،٢٠٣،١٣١ |
| **کۆی گشتی** | **٣٢،٩٥٠،٠٠٠** | **٪١٠٠** | **١٠٤،٩١٦،٤١٨** | **٢٠٦،٠٠٤،٣٨٢** |

**فەیسی پێنجەم:**

کۆی گشتی تەرخانکراو: لە مانگی ١٩٩٩/١ تاکو ١٩٩٩/٦ (‎$US ٢٧،٩٣٠،٠٠٠).

| **کەرتەکان** | **تەرخانکراو** $US | **٪ لە کۆی گشتی** | **خەرجکراو** $US | **ماوە** $US |
|---|---|---|---|---|
| خۆراك | ١٦،٥٠٠،٠٠٠ | ٥٩,٢٩ | ١،٠٩٦،٢٥٤ | ١٦٤،٥٠٣،٧٤٦ |
| تەندروستی | ٢١،٠٠٠،٠٠٠ | ٧,٥ | ٠ | ٢١،٠٠٠،٠٠٠ |
| کارەبا | ٣٨،٠٠٠،٠٠٠ | ١٣,٦ | ٠ | ٣٨،٠٠٠،٠٠٠ |
| ئاو و ئاوەڕۆ | ٧،٥٠٠،٠٠٠ | ٢,٦٨ | ٠ | ٧،٥٠٠،٠٠٠ |
| کشتوکاڵ | ١١،٩٠٠،٠٠٠ | ٤,٢٦ | ٠ | ١١،٩٠٠،٠٠٠ |
| پەروەردە | ٩،٣٠٠،٠٠٠ | ٣,٣٣ | ٠ | ٩،٣٠٠،٠٠٠ |
| دووبارە نیشتەجێکردن | ١٣،٢٠٠،٠٠٠ | ٤,٢٧ | ٠ | ١٣،٢٠٠،٠٠٠ |
| مینهەڵگرتنەوە | ٣،٠٠٠،٠٠٠ | ١,٠٧ | ٠ | ٣٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| تغذیە(خۆراك) | ٩،٨٠٠،٠٠٠ | ٣,٥ | ٠ | ٩،٨٠٠،٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | **٢٧٩،٣٠٠،٠٠٠** | **٪١٠٠** | **١،٠٩٦،٢٥٤** | **٢٧٨،٢٠٣،٧٤٦** |

**پاشکۆ**

بۆ پتر زانیاری لەسەر ژمارەی فەرمانبەران و ژمارەی قوتابیـان و مامۆسـتایان و ئەنـدازیاران و مافپەروەران، بە گوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوە ئاماری هەریەك لەم توێژانەی سەرەوە، بەم شێوەیەی خوارەیە:

| زانکۆی سەڵاحەدین ـ هەولێر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | **الكلية** | **عدد التدريسيين** | **عدد الطلبة** | **الملاحظات** |
| ١ | كلية العلوم | ٩٨ | ١،٠٠٧ | |
| ٢ | كلية الهندسة | ٦٣ | ٩٥٠ | |
| ٣ | كلية الاداب | ٧٨ | ١،٥٠٦ | |
| ٤ | كلية الادارة | ٣٦ | ٦٧٦ | |
| ٥ | كلية التربية | ١٠٣ | ١،٣٥٨ | |
| ٦ | كلية الطب | ٦٤ | ٦٠٦ | |
| ٧ | كلية القانون | ١٢ | ٦٩٢ | |
| ٨ | كلية الحقوق | ٥ | ٤٧٨ | |
| ٩ | كلية الاسنان | ١١ | ٧٨ | |
| ١٠ | كلية الزراعة | ٣٣ | ٦٠ | |
| ١١ | كلية الصيدلية | ٥ | ٣١ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | كلية التربية الرياضية | ١٢ | ٥٥ | |
| | **المجموع** | **٥٢٤** | **٧،٥٢٤** | |

**زانكــــۆی دهـــۆك**

| | الكلية | عدد التدريسيين | عدد الطلبة | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | كلية الطب | ٣١+٥ عقد | ٢٢٥ | |
| ٢ | كلية الهندسة | ٢٧+٢ عقد | ٢٤٥ | |
| ٣ | كلية الزراعة | ٣٣+٢ عقد | ٢١٥ | |
| ٤ | كلية الادارة | ١٤+٣ عقد | ١٧١ | |
| ٥ | كلية الاداب | ٢٤+١ عقد | ٣٥٦ | |
| ٦ | كلية الشريعة | ١٠+١ عقد | ٢٦٢ | |
| ٧ | كلية العلوم | ١٢+٣ عقد | ١١١ | |
| ٨ | كلية القانون | ٥+٢ عقد | ٩٠ | |
| ٩ | كلبية البيطرة | ٣+١ عقد | ٢٢ | |
| | **المجموع** | **١٥٩+٢٠ عقد** | **١،٦٩٧** | |

| مؤسسة المعاهد الفنية | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | معاهد | عدد التدريسيين | | | عدد الطلبة | الملاحظات |
| | | ماجستير | دبلوم عالي | بكالوريوس | | |
| ١ | معهد فني اربيل | ٢١ | ٦ | ١٣ | ١،٠٧١ | مرحلة ١ - ٢ |
| ٢ | معهد فني دهوك | ١٩ | ١ | ٣ | ٣٠٥ | مرحلة ١ - ٢ |
| ٣ | معهد فنى شقلاوة | ١ | ٠ | ٠ | ٢٩ | فقط مرحلة ١ |
| | **المجموع** | **٢٣** | **٧** | **١٦** | **١،٤٠٥** | |

| المجموع الكلي | | |
|---|---|---|
| التدريسيين | الطلبة | الملاحظات |
| ٧١٥+٢٠ عقد+٧ دبلوم | ١٠،٦٣٦ | |

| | |
|---|---|
| ژمارە شەهیدان | ١٧،٧٢٢ |
| ژمارەی ئەنفال | ٢،٤٨٠ |
| ژمارەی دکتۆرەکان | أ _ هەولێر ٥٥٥<br>ب _ دهۆك ٢٢٥<br>کۆی گشتی: ٧٨٠ |
| ژمارەی ئەندازیارەکان لە هەولێر و دهۆك | ٣،٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندازیاری کشتوکاڵ لە هەولێر و دهۆك | ١،٢٣٠ |

| | |
|---|---|
| ژمارەی پەرتووکەکان کە لە بەغدا هاتوون بە ڕێگای یونیسف | ئەلف ـ ساڵی (١٩٩٦ – ١٩٩٧) بۆ هەولێر و دهۆك (١،٣٦٦،٤٢٢) بۆ خوێندنی سەرتایی و (٤٧٩،٤١٥) بۆ خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی.<br>ب ـ ساڵی (١٩٩٧ – ١٩٩٨) بۆ هەولێر (١٧٢،٤١٥) بۆ خوێندنی سەرەتایی و (١٧٢،٤٦٣) بۆ خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی<br>ج ـ ساڵی (١٩٩٨ – ١٩٩٩) ناوەندی و دواناوەندی (٤٣٧،٥٨٢) بۆ خوێندنی سەرەتایی و (١٧٢،٤٦٣) بۆ خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی.کۆی گشتی هەر سێ ساڵ (٢،٢٩٥،٩٦٨) پەرتووك. |
| **ژمارەی مافپەروەران لە هەولێر و دهۆك** | **٣٨٢** |

**مەعلومات دەربارەی بڕیاری (٩٨٦) تا ١٩٩٤/٤/٣٠**

| کەرتەکان | کۆی گشتی خەرجکراو | کۆی گشتی ماوە | ٪ جێبەجێکراو | کۆی گشتی تەرخانکراو |
|---|---|---|---|---|
| خۆراك | ٤٢٦،٦٠٧،٤٠٦ | ٢٤٢،٥٢٢،٥٩٤ | ٦٩,١٧٤ | ٦٦٩،١٣٠،٠٠٠ |
| تەندروستی | ٤٧،٠٠٦،٤٧٦ | ١٠،٢٦٣،٥٢١ | ٣١,٣٨٣ | ١٤٨،٧٠٠،٠٠٠ |
| تغذية (خۆراك) | ١٧،٣٢١،٢٥٣ | ٢٦،٠٦٠،٧٤٧ | ٤٧,٠٨ | ٤٣،٣٨٢،٠٠٠ |
| کارەبا | ١٨،٤١٠،٧٣٢ | ١٦١،٨٥٩،٢٦٨ | ١٤,٤٦ | ١٨٠،٢٧٠،٠٠٠ |
| کشتوکاڵ | ٥٨،٦٧٨،٠٥٨ | ٤٩،٣٧١،٩٤٢ | ٤٩,٥٩٤ | ١٠٨،٠٥٠،٠٠٠ |
| ئاو و ئاوەڕۆ | ٤٤،٢٢٠،٩٣٦ | ٣٣،٧٧٩،٠٦٤ | ٤٨,٧٤٨ | ٧٨،٠٠٠،٠٠٠ |
| مینهەڵگرتنەوە | ٩،٦٥١،٢٦٩ | ٩١٥،٧٦٨ | ٧٠,٩١ | ١٥٢،٥٧٨،٠٠٠ |
| دووبارە نیشتەجێکردن | ٢٢،٥٠١،١١٤ | ٤٩،٨٤٨،٨٨٦ | ٤٢,١٠٦ | ٧٢،٣٥٠،٠٠٠ |
| پەروەردە | ٢٦،١٣٩،٩٢٢ | ٤٧،٦١٠،٠٧٨ | ٣٣,٣٠٢ | ٧٣،٧٥٠،٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | **٦٧٠،٥٣٧،١٦٦** | **٧٢٢،٩٠٥،٨٦٨** | --- | **١،٥٢٦،٢١٠،٠٠٠** |

| | |
|---|---|
| ڕووبەری هەرێمی کوردستان | ٣٦،٢٩٦ کم ٢ |
| دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی ئازاد | أ ـ هەولێر ١،١٤٤،٣٣٠<br>ب ـ دهۆك ٧٢٨،٤٧٠<br>ج ـ سلێمانی و کەرکوك ١،٤٤٢،٤٩٧ |
| پسولەی خۆراك | أ ـ هەولێر ٢٠٨،٧٣٠<br>ب ـ دهۆك ١١٤،٠٠٢ |
| ژمارەی ئاوارەکان لە هەولێر<br>ژمارەی پسولەی خۆراکیان | ٥٠،٨٩٧<br>٩،٧٦٥ |
| ژمارەی قوتابیان لە هەولێر و دهۆك | أ ـ ژمارەی کوڕەکان: ٢٤٥،٠٧١<br>ب ـ ژمارەی کچەکان: ١٧٠،٣٨٠<br>کۆی گشتی: ٤١٥،٤٥١ |
| ژمارەی قوتابخانەکان لە هەولێر و دهۆك | أ ـ سەرەتایی: ١،١٩٨<br>ب ـ ناوەندی: ١١٧<br>ج ـ دواناوەندی: ١١٢<br>د ـ ئامادەیی: ٢٣<br>هـ ـ تکمیلی: ٢٧ |

| | |
|---|---|
| ژمارەی مامۆستایان لە هەولێر و دهۆك | أ ـ مامۆستای پیاو: ٧،٨٦١<br>ب ـ مامۆستای ئافرەت: ١٢،٥٤٨<br>كۆی گشتی: ٢١،٣٠٩ |
| ژمارەی فەرمانبەران لە هەولێر و دهۆك | ١٠٢،٠٠٠ |
| ژمارەی خانەنشین كراوەكان لە هەولێر و دهۆك | ١٩،٠٠٠ |

**پارەی کڕینی دەرمان لەلایەن وەزارەتی تەندروستی لە**

**(١٩٩٦/١٠/١ تاوەکو ١٩٩٩/٩/١)**

| | |
|---|---|
| نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان لە هەولێر و دهۆك | (١،٥٧٤،٢١٣ $) دۆلار |
| تأمين صحي دهوك | (١،٦٣٣،٧١٦) دینار |
| عیاداتی شەعبی لە هەولێر و دهۆك (تمويل ذاتي) | (٢،٠٢٣،٠٠٠) دینار |
| بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردن و کڕینی دەرمان (تمويل ذاتي) | (٣٨،٣٢٩،٠٠٠) دینار |

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی
## پارتی دیموکراتی کوردستان

## لە کۆنگرەی دوازدەهەمی پارتی
## کە لە ٦-١٤/١٠/١٩٩٩ دا بەسترا
## بڕیاری لەسەر دراوە*

## پرۆگرام

**مادەی یەکەم: پارتی (پارتی دیموکراتی کوردستان)**

پارتێکی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی جەماوەرییە، باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ و هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافی چارەی خۆنووسینی میللەتان هەیە و لەبەر ڕۆشنایی مێژووی میللەتی کورد و ئەزموونی بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی و کەلەپوری نیشتمانی و خەباتگێڕانەی دەوڵەمەندی بارزانی نەمردا خەبات دەکات و سوود لە تاقیکردنەوەی گەلان وەردەگرێت بە شێوەیەك کە لەگەڵ واقیعی کوردستاندا بگونجێت.

**مادەی دووەم: ئامانجە نەتەوەیییەکان**

١. پارتی باوەڕی بەوە هەیە کە نەتەوەی پارچەپارچەکراوی کورد وەك هەموو میللەتانی جیهان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی بێ.

٢. پارتی لە پێناوی بەدیهێنانی حوکمێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵی (ئیتیحادی) لە عێراقدا لەسەر بنچینەی دەستورێکی فیدراڵی خەبات دەکات کە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و فرەحزبی و یەکسانی لە بەردەم یاسا و مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستانی عێراق مسۆگەر بکات کە پەرلەمانی کوردستان لەم قۆناغەدا بە شێوەی فیدراڵیزم و بەپێی ڕاستییە نەتەوەیی و مێژووی و جوگرافییەکان لە چوارچێوەی کۆماری

عێراقدا دیاری کردووە و مسۆگەرکردنی بەشداری گەلی کوردستان لە دەزگاکانی حوکمی ئیتیحادی ناوەندی و لە تەواوی دامودەزگاکانیدا و لە دەرکردنی بڕیاری سیاسی عێراقیدا.

٣. پارتیمان پەیوەندی دیموکراتی و دۆستانەی لەگەڵ سەرجەم حزبەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستاندا هەیە، ئەوانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە مۆڵەتیان پێ دراوە و بەردەوام بۆ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانە و پەرەپێدانی کاری هاوپەیمانی لەسەر بنچینەی پرەنسیپی دیموکراتی تێ دەکۆشێت و لە هەمان کاتدا لە پێناوی هێنانەدی یەکێتیی نیشتمانیی سەرتاسەری لە کوردستانی عێراقدا خەبات دەکات.

**مادەی سێیەم : دیموکراسی و سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ**

١. پارتی وەك ئامانج و ڕێباز و شێوازێك ئیلتیزام بە دیموکراسی دەکات و هەوڵی بەدیهێنان و قووڵکردنەوەی دەدات، هەروەها پابەند دەبێ بە فرەحزبی و دەستاودەستی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنی دیموکراتییەوە.

٢. پارتیمان ئیلتیزام بە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و تێکڕای بەڵگە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا دەکات و پەیمان دەدا لە پێناوی هێنانەدی ئەو پرەنسیپ و ئامانجانەی کە تیایدا هاتووە، کار بکات.

٣. پارتیمان دژی تیرۆر دەوەستێ و هەموو شێوە و شێوازەکانی ئیدانە دەکا، جا لە ژێر هەر پەردە و بیانویەك و لە هەرلایەکەوە بێ.

٤. پابەندبوون بە پرەنسیپی سەروەریی یاسا و یەکسانی لە بەردەمیدا بەبێ جیاوازی.

٥. سزادان کارێکی شەخسییە وە هیچ تاوان و هیچ سزایەك بەبێ دەقێکی یاسایی نابێت و تۆمەتبار تا لە دادگایەکی یاساییدا تاوانەکەی نەسەلمێنرێت بێتاوانە و دەبێ مافی بەرگری لەخۆکردنی بۆ زامن بکرێ.

٦. پارتیمان بڕوای بە مەبدەئی لێکجیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵات و جێبەجێکردنی پرەنسیپی سەربەخۆیی دادوەری "قضاء" هەیە کە لە یاسا بەولاوە هیچ دەسەڵاتێك لە سەرییەوە نییە.

**مادەی چوارم: نەتەوەی کورد**

١. پارتیمان لە پێناوی پتەوکردنی پەیوەندی برایەتی و هاوکاری و هاریکاری لەگەڵ تێکڕای

حـزب و ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکانی کوردسـتان و جالییـەکانی کـورد لـە دەرەوە و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتـەوەیی کوردسـتاندا کـار دەکـات، ئـەویش بـە گرتنەبـەری شـێوازی دیـالۆگی برایانـە و دیموکراتییانـە و ڕەتکردنـەوەی و تـەحریم و ئیدانـەکردنی پەنابردنـە بـەر هێـز و زەبروزەنـگ بـۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و گیروگرفتەکانی ناو ماڵی کوردستان.

٢. خەبات دەکەین لە پێناوی هێنانەدی باشترین پەیوەندی برایەتی و هاوکاری لەگـەڵ ئـەو نەتەوە و گەلانەی کە لەگەڵ نەتەوەی کورددا دەژین.
٣. پارتیمان هەوڵ دەدا بۆ خستنەڕوو و باسکردنی کێشەی کورد لە نەتـەوە یـەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی سـەر بـە UN وەك کێشـەیەکی سیاسیی ڕەوا لـەم ناوچـە گرنگـەی جیهانـدا و بـۆ دۆزینـەوەی شـێوازێکی یـەکگرتووی نوێنەرایـەتی سیاسـییانەی میللەتی کورد و لابردنی ئەو زوڵم و زۆرە مێژووییەی کە لێی کراوە.
٤. پارتیمان داوای هێنانەدی چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتییانەی کێشەی کورد لە گشـت پارچەکانی کوردستاندا دەکات.
٥. کورد ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە لە بنیاتنانی شارسـتانیی ئیسـلامی و عەرەبیـدا و لە بەرگریکردن لەم شارستانییە بە درێژایـی مێـژوو و لـە ناخۆشـترین بارودۆخـدا. لـەم ڕوانگەیـەوە پـارتیمان داوا لـە هـەردوو جیهـانی ئیسـلامی و عـەرەبـی، بـە گـەل و حکومەتەکانیانەوە، دەکا کە لە پاڵ گەلی کورد بوەستن و پشتگیری کێشە ڕەواکەی بکەن لە پێناوی هێنانەدی مافە ڕەواکانیدا و هەڵوێستی ئیجابی ئەوتۆ بنـوێنن کـە لەگـەڵ ڕۆڵ و بەشداریی گەلی کورد گونجاو بێـت.

## مادەی پێنجەم: پەیوەندی نێودەوڵەتی

لە سایەی سیستمی نوێی نێودەوڵەتیدا کە پشت بە دیموکراسی و ڕێزلێنانی مافەکانی مـرۆڤ و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لە ڕێگای حیوار و وگفتوگۆوە دەبەستێت، پارتیمان لە بـواری نێودەوڵەتیدا بۆ ئەمانەی خوارەوە کار دەکا:

١. پابەندبوون بە پرەنسیپ و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێزگرتن لە تێکڕای ئـەو پەیمان و بەڵگەنامانەی کە لە خزمەتی ئاشتی و ئازادی و پێشکەوتنی گەلاندان.
٢. گونجاندنی یاسایی بارودۆخی ئێستای کوردستانی عێراق لە دیدی یاسای نێودەوڵەتییەوە و سـەیرکردنی دەزگاکـانی هـەرێم وەك دامودەزگـای شـەرعی نوێنـەری گەلەکـەیان و

دروستکردنی کەناڵی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا تا ئەو کاتە ئەلتەرناتیڤێکی دیموکراتی لە عێراقدا دەستبەکار دەبێ.

٣. پشتگیریکردنی هەوڵ و کۆششی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە پسپۆڕەکان و چالاکییە مرۆڤایەتییەکانی و پاڵپشتیکردنی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی لە کوردستاندا کار دەکەن.

٤. ئەوپەڕی هەوڵدان لە پێناوی دامەزراندنی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە پشتگیرییان لە کێشەی گەلەکەمان کرد، بە تایبەتیش لە کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ و کۆڕەوەکەدا.

٥. بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم ئەو حزب و ڕێکخراو و کەسایەتییانەی کە پشتگیرییان لە کێشەکەمان کرد.

٦. کارکردن لە پێناوی بەردەوامبوونی پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان و لادانی ئەو گەمارۆیەی بە سەریدا سەپێنراوە و کارکردن بە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش و بەردەوامبوون لەسەر کاری فریاگوزاری و یارمەتی مرۆیی و جیهانی و پشتگیریکردنی حکومەتی هەرێم لە کاری فریاکەوتن و ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان و گەشەپێداندا.

**مادەی شەشەم: پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم**

پارتیمان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بە دەسکەوتێکی مێژوویی گرنگ دادەنێ کە پێویستی بە پەرەپێدان و پشتگیری هەیە و ئەم دەسکەوتە بەهیچ شێوەیەك سازشی لەسەر ناکرێ و دەستی لێ بەرنادرێ چونکە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی گەلەکەمانە و بە دەنگەوەهاتنی ئیرادەی ئازادیەتی.

هەروەها پارتیمان لە پێناوی سەقامگیرکردن و قووڵکردنەوە و دەوەڵەمەندکردنی ئەم ئەزموونە دیموکراتییە ساوایەدا خەبات دەکات بۆ ئەوەی سەرکەوتنی مسۆگەر بکرێ و ڕۆڵی خۆی لە سەر بنچینەی پرەنسیپی سەروەری یاسا و بەرقەراربوونی ئاسایش و نیزام و پەرەپێدانی ئیدارەکان و بووژاندنەوەی ئابووری هەرێمدا بە تەواوی بگێڕێ، بەجۆرێ کە زیادبوونی بەرهەمهێنان و ئاسایشی خۆراکیمان و چارەسەرکردنی بێکاری و هەڵئاوسان و کارکردن لە پێناوی زیادبوونی داهاتی دارایی حکومەتی هەرێمدا مسۆگەر بکات.

**مادەی حەوتەم: قوربانیانی ئەنفال و شاڵاوەکانی ڕاگواستن و دەربەدەرکردن و چەکی کیمیاوی**

١. پارتیمان داوای هەڵمەتێکی نیشتمانی و جیهانی سەرتاسەری دەکا بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی دەیان هەزار ڕۆڵەی گەلەکەمان لە بارزانی و فەیلی و قوربانیانی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و ئەو زیندانی و بێسەروشوێنانەی کە تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە و ئازادکردنی ئەوانەی لە ژیاندا ماون و قەرەبووکردنەوەی ئەو قوربانییانە یا خێزانەکانیان لەو زوڵم و ستەم و زیانەی کە دووچاری هاتوون.

٢. پارتیمان تێ دەکۆشێ لە پێناوی قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و بەکاربردن و عەمبارکردنی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و هەوڵ دەدا ڕۆژی ١٦ی ئازار (ڕۆژی هەڵەبجە) بکرێ بە ڕۆژێکی جیهانی بۆ قەدەغەکردنی ئەو چەکانە و بۆ هاریکاریکردنی قوربانیانی لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، هەروەها پارتیمان پشتگیری لە هەوڵ و تەقەلای نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنی مەڵبەندی توێژینەوەی تایبەت بە ئاسەواری شەڕی کیمیاوی دژی گەلەکەمان دەکات.

٣. پارتیمان هەوڵ دەدا گشت دەربەدەر و ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنەوە شوێنی ئەسڵی خۆیان و حکومەتی ناوەندی قەرەبووی ئەو زەرەر و زیانانە بکاتەوە کە لێیان کەوتووە، لەوانە بیناکردنەوەی گوند و گەڕەك و شوێنی حەوانەوەیان.

٤. پارتیمان هەوڵ دەدا کوردی فەیلی و ئەوانی دیکە بگەڕێندرێنەوە و ڕەگەزنامەی عێراقییان پێ ببەخشرێتەوە و ماڵ و موڵکی گواستراوە و نەگواستراوەیان پێ بدرێتەوە و تێکڕای زەرەر و زیانەکانیان قەرەبوو بکرێتەوە.

٥. پارتیمان بە توندی دژی هەوڵ و تەقەلای ڕژێمی عێراق بۆ شێواندن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردانی ئێزیدی نارەزایی دەردەبڕێ و لە پێناوی نەهێشتنی تەواوی ئەو ڕەفتارە ڕەگەزپەرستییانەی لەم بوارەدا دەرهەق بەوان کراوە، کار دەکا.

٦. پارتیمان وای دەبینێ کە چەوساندنەوەی کوردی شەبەك و ڕاگواستن و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکیان کارێکی ڕەگەزپەرستانەیە و بە مەبەستی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتییان ئەنجام دراوە، بۆیە بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵم و زۆرەی کە دووچاری هاتوون، هەوڵ دەدەین.

٧. چەسپاندنی مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ ئەو کوردانەی لە عێراقدا نیشتەجێ بوون وەك ئۆمەریان و گۆیان و هی تر.

**مادەی هەشتەم: پێشمەرگە**

هەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولەوە، پێشمەرگە قەڵغانی گەلی کوردستان و پارێزەری سنوورەکان و لە ڕۆژانی تەنگانەدا هێمای بەرخودان بووە و لە سایەی قوربانیدانی گەورەی ئەودا گەلەکەمان توانیویەتی لە بارودۆخی جیاوازدا خۆی ڕابگرێ، بۆیە پارتیمان بە پێزانینێکی زۆرەوە ڕۆڵی مەزن و قارەمانانەی پێشمەرگە لە کاروانی گەلەکەماندا هەڵدەسەنگێنێ و بە جدی هەوڵ دەدا بۆ :

١. پشتگیری و پیرۆزکردنی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی کە دەدرێ بۆ یەکخستنی ڕیزەکانیان لە وەزارەتی پێشمەرگەدا بۆ بەرگریکردن لە سنووری کوردستان و پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانی گەلەکەمان.
٢. بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانیان بە دەرکردنی یاسا و تەشریعاتی تایبەتی کە باری ئابووریيان سەقامگیر بکات.
٣. بایەخدان بە مەشقی پێویست بۆ زیادکردنی هێزی لەش و توانای شەڕکردنی پێشمەرگە و چەسپاندنی پرەنسیپی دیسپلین و نیزام و گوێڕایەڵی بۆ ئەو فەرمانانەی کە لە تەشکیلات و فەرماندەکانەوە دەردەچن.
٤. پشتگیریکردن و پەرەپێدانی هەر دوو دەزگای شەهید و ئەیلول و هاوکاریکردنی پێشمەرگەکانی ئەیلول لە بەرامبەر ئەو خەبات و قوربانییەی کە پێشکەشیان کردووە و سوودوەرگرتن لە تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانیان و مسۆگەرکردنی یارمەتیدانی خێزانەکانیان و وەپێشخستنیان لە بواری وەرگرتنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و تەندروستیدا.
٥. بەخێوکردن و ئاگالێبوونی پێشمەرگە پەککەوتووەکان و زامنکردنی مافەکانیان.

**مادەی نۆیەم: خاکە ئازادنەکراوەکانی کوردستان**

پارتی بە پێزانینێکی زۆرەوە دەڕوانێتە خۆڕاگری و مەینەتییەکانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەریەك لە کەرکوك، مەخمور، خانەقین، شێخان، سنجار، زومار، مەندەلی و ئەو شوێنانەی دیکەی خاکی کوردستان کە هێشتا لە دەرەوەی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی هەرێمدان. هەروەها پارتیمان شاڵاوی تەعریب و گۆڕین و شێواندنی ناسنامەی نەتەوایەتی و گۆڕینی سنوور و پەیوەندییە ئیدارییەکان تاوانبار دەکا و خەبات دەکا لە پێناوی کۆتایی پێهێنان و نەهێشتنی شوێنەواری ئەو کارانە و بەستنەوەی ئەو ناوچە ئیدارییانە بە هەرێم و

فراوانکردنی ناوچەی پارێزراو بۆ ئەوەی هەموو ئەو ناوچانەش بگرێتەوە.

**مادەی دەیەم: کورد لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا**

بەرگریکردن لە مافی ئەو کوردانەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا نیشتەجێن و مسۆگەرکردنی بەردەوامبوونی پەیوەندی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری لەگەڵیاندا.

**مادەی یازدەهەم : کەمەنەتەوەکان**

پارتیمان ڕێز لەهەست و نەست و دابونەریتی ئەو کەمەنەتەوە و ئاینییانە دەگرێ کە لەگەڵ کورد لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەژین وەك تورکمان و ئاشوری و کلدان و هی تر و تەقدیری تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئاینییان دەکات و کار دەکا لە پێناوی مسۆگەرکردنی بەدەستهێنان و پیادەکردنی مافە ڕۆشنبیری و ئیدارییەکانیان و بەشداربوونیان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی هەرێمدا بەپێی ڕێژەیان لە چاو دانیشتوانی هەرێم و ئاسانکردنی گەڕانەوەی کۆچکردووەکانیان بۆ ناوچە ئەسڵییەکانی خۆیان.

**مادەی دوازدەهەم: سیاسەتی ئابووری و دارایی**

هەرچەندە عێراق لە ڕووی سامانی سروشتی و مرۆییەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام سیاسەتی پەیڕەوکراو لە ناوەند و شەڕوکوشتار و ئەو ئابڵوقەیەی بەهۆی شەڕەوە بەسەریدا سەپێنراوە وای کردووە کە ئابووری عێراق زۆر شپرزە بێت و گەلی عێراق زۆر بە گرانی نرخەکەی بدات. ئەم بارودۆخەش لە کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە و کاری کردۆتە سەر ئابوورییەکەی، ئەمە سەرەڕای ئەو ئابڵوقە ناوخۆییەی کە بە سەر هەرێمدا سەپێنراوە، بۆیە پارتیمان وای دەبینێ کە :

١. چارەسەرکردنی گیروگرفتی سەختی ئابووری لە عێراقدا لە ڕێگای ڕژێمێکی دیموکراتییەوە دەستەبەر دەبێ کە هەڵگرتنی ئابڵوقەی ئابووری داسەپا و مسۆگەر بکات و عێراق بگەڕێنێتەوە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەرژەوەندییەکانی گەل ڕەچاو بکات و سیاسەتێکی ژیری ئابووری گونجاو لەگەڵ گیانی سەردەمدا پەیڕەو بکات و سەروەت و سامانەکان بۆ بەرژەوەندی گەل بخاتە کار.

٢. لەبەر تایبەتمەندی بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق، پارتیمان تێ دەکوشێ بۆ:

أ. وەدەرنانی هەرێمی کوردستان لەو ئابلۆقە نێودەوڵەتییەی کە بەسەر عێراقدا

سەپێنراوە.

ب. پشتگیری ئابووری نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان زیاد بکرێ و هەوڵ بدرێ ئەو هاوکارییە لە ڕێگای حکومەتی هەرێمەوە بگات و بەشی بڕیارلێدراوی کوردستان لە چوارچێوەی بڕیاری ١٩٨٦دا دوای هەڵگرتنی ئابلۆقەی داسەپا و بەسەر عێراقدا مسۆگەر بکرێ.

ج. پێویستە شێوازێکی هاوبەش بۆ کاری ڕێکخراوە مرۆییەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی بەپێی ئەولەویاتی پێویستییەکانی گەل سوود لە هەوڵ و تەقەلاکانیان وەربگیرێت.

د. حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی ئابووری ڕوون و دیراسەتکراو بگرێتە بەر کە ئازادی چالاکی ئابووری تایبەت مسۆگەر بکات و دەرفەتی پێ بدات ڕۆڵی خۆی بە شێوەیەکی کاریگەر لە خوڵقاندنی حاڵەتی پەرەسەندن و گەشەکردندا بگێڕێ، هەروەها بەرهەمهێنانی نیشتمانی و پیشەسازی ناوخۆ پشتگیری بکرێ و بپارێزرێ، بە جۆرێك کە هاوشان بێ لەگەڵ چالاکی حکومەتی هەرێم لە بواری ئابووریدا بۆ داڕشتنی سەرەتایەکی ڕاست و دروست بۆ گەشەکردنێکی سەرتاسەریی ئابووری کە زامنی وەبەرهێنانی هەموو سامان و توانا ڕەخساوەکان بێت و ببێتە مایەی زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی و ئاستی گوزەرانی خەڵك بەرز بکاتەوە و موستەهلیك لە چەوسانەوە و یاریکردن بە بژێوی گەل بپارێزێ.

ە. پشتگیریکردن و چالاککردنی بانکی هەرێم بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی خۆی لە بەگەڕخستنەوەی بانکە بازرگانی و تایبەتمەندەکانی هەرێمدا بگێڕێ تا ئەرکی خۆیان لە داڕشتنی سیاسەتێکی دراوی (ائتمانی) ڕاست و دروستدا ئەنجام بدەن و لە هێنانەکایەی سەقامگیری بۆ وەزعی دراوی بیانیدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، هەروەها بەشداری لە خستنەکارو ئاراستەکردنی پاشەکەوتی خەڵك بەرەو ئەو چالاکییە ئابوورییانەی کە لە بەرژەوەندی هەرێمدان بکەن.

و. هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و گەشەپێدانی داهاتەکانی هەرێم و ئامادەکردن و پێگەیاندنی کادیری دارایی و ئابووری و کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان، بە تایبەتیش داهاتی گومرگ، لە ڕێگای دەرکردنی یاسای تەعریفەی گومرگی و چاککردنی کاری ئیدارەکانی و نەهێشتنی خۆدزینەوە لە باجدان و بایەخدان بە چوست و چالاککردنی ترانزێت لە هەرێمدا.

ز. بایەخدان بە گیروگرفتی بێكاری، بە تایبەتیش لە نێو لاواندا و هەوڵی ڕەخساندنی دەرفەتی كار بۆیان و قەدەغەكردنی كارپێكردنی منداڵان (الاحداث).

٣. **كشتوكاڵ:**

پارتیمان، كشتوكاڵ بە یەكێك لە گرنگترین كەرتە ئابوورییە بەرهەمهێنەرەكانی هەرێم دەزانێت، بۆیە بایەخێكی یەكجار زۆر بە پەرەپێدان و نوێكردنەوە و تەواوكردنی پرۆسەی بە مەكینەكردن و دابینكردنی گشت پێداویستییەكانی و چارەسەركردنی هەموو كێشە و گیروگرفتەكانی بەردەمی دەدات لە ڕێگای:

أ. ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەیەكی فراوان و ورد و لەسەرخۆ بۆ كێشەی زەوی لە كوردستاندا لە پێناوی دەركردنی یاسایەك كە مافی جوتیار و خاوەنموڵك بپارێزێ، بە شێوەیەك كە سەقامگیربوونی موڵكایەتی كشتوكاڵ مسۆگەر بكا و ببێتە هۆی زیادبوون و گەشەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵ، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە ئاسایشی خۆراكی بێتە دی و داهاتەكانی هەرێم زیاد بكات.

ب. سوودوەرگرتن لە سامانی ئاو و بایەخدان بە دروستكردنی بەنداو و كەناڵی ئاودێری كە ببێتە هۆی زیادبوونی ڕووبەری زەوییە بەراوەكان، و پتربوونی بەرهەم و بەرهەمهێنان و پاراستنی حەوزی ڕووبارەكان و ڕێگەگرتن لە بەردەم داڕمانی خاكدا.

ج. دابینكردنی خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەدەیی و كشتوكاڵی و بنیادی ڕاگیركاری (البنى الارتكازية) لە لادێدا و هاندانی جووتیاران بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەكانی خۆیان بۆ پشتگیریكردنی پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەی كوردستان.

د. بایەخدان بە سامانی ڕووەك وەك دانەوێڵە و سەوزە و بەروبوومی پیشەسازی و زەیتی و بێستانكاری و دارستان و لەوەڕگە و گژوگیای پزیشكی.

ه. بایەخدان بە سامانی ئاژەڵ وەك مانگا و مەڕوماڵات و پەلەوەر و ماسی بۆ گەشەپێدان و زیادكردنی ئەم سامانە و دابینكردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆی.

٤. **پیشەسازی:**

أ. خستنەكار و پەرەپێدانی ئەو كارگانەی كە هەن و دابینكردنی كەلوپەلی یەدەگ و كەرەستەی خاو بۆیان و پەرەپێدانیان، لەگەڵ بایەخدانی تایبەت بە كارگەكانی چیمەنتۆ و گەچ و هەڵكەندنی بەرد (مقالع) لە بەر ئەو ڕۆڵەی لە ئاوەدانكردنەوەی كوردستاندا دەیگێڕن.

ب. دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی (سوك و قورس) كە كەرەستەی خاویان لە هەرێمدا

دەست دەكەوێ.

ج. بایەخپێدان و پەرەپێدانی پیشەسازی خۆراك و كاركردن بۆ دامەزراندنی كارگەی نوێ.

د. هاندانی وەبەرهێنان (استثمارات)ی پیشەسازی.

ه. كاركردن لە پێناوی سوودوەرگرتن لە سامانی نەوت و بەپیشەسازیكردنی.

و. هاندانی پیشەسازی دەستكرد و پیشەیی كە مۆركی نەتەوەیی و ناوخۆیان هەیە.

ز. بایەخدان بە سەرچاوەكانی بەرهەمهێنانی وزەی كارەبا و چاككردن و پاراستن و بەیەكەوەگرێدانی تۆڕەكانی، بە شێوەیەك كە كارەبا بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێم لە تۆڕێكی تەواو و ڕێكوپێكدا دابین بكرێ و هەوڵ بدرێ سەرچاوەی نوێی وزە بدۆزرێتەوە.

٥. **بازرگانی:**

بازرگانی كۆڵەگەیەكی گرنگی ئابوورییە و بەشدارییەكی كاریگەر لە بووژاندنەوەی ئابووریدا دەكات، بۆیە دەبێ كەرتی بازرگانی وەكو پێویست بایەخی پێ بدرێت بۆ ئەوەی ببووژێتەوە و بزووتنەوەی چوست و چالاك بكرێت و لە هەمان كاتدا پێویستە چاودێری بازرگانی بایەخی پێ بدرێت.

٦. **سەرچاوەكانی سامانی سروشتی:**

أ. نەوت و كانزاكان : گەلی كوردستان مافی ئەوەی هەیە سامانەكانی ژێر خاكی هەرێم بە نەوت و كانزاكانیشەوە وەبەر بێنێت.

ب. سەرچاوەكانی ئاو : زۆربەی ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ئاوی عێراقیشەوە لە خاكی كوردستانەوە هەڵدەقوڵێن، ئەوەش سامانێكی نەتەوەییە كە نابێ لە دەست خۆمانی بدەین و بایەخی ئەم سامانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێ و لەم سەردەمەی ئێستاماندا شان لە شانی نەوت دەدات و گەلی كوردستانیش ماف ئەوەی هەیە بەر لە خەڵكی دیكە سوودی لێ وەربگرێ.

**مادەی سێزدەهەم: ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن**

١. ئەوپەڕی بایەخدان بە بیناكردنەوەی گوندە ڕوخێنراوەكان و دابینكردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆیان.

٢. دیراسەكردنی قەیرانی خانو و شوێنی حەوانە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی لەبار بۆ ئەم كێشەیە و بایەخدان بە فراوانبوونی ستوونی لە شارەكاندا.

٣. ڕەچاوکردنی هەلومەرج و ستانداردی جیهانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بوومەلەرزە و کارەساتی دیکەی سروشتی.

**مادەی چواردەهەم: شارەوانی و گەشتوگوزار**

١. پێویستە هەوڵ بدرێ خزمەتگوزاری شارەوانی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پەرەی پێ بدرێ بۆ پاراستنی پاکوخاوێنی و جوانی ناوچەکانی نیشتەجێبوونی هاووڵاتییان و پاراستنی ژینگەی کوردستان لە پیسبوون و چاوپێداخشاندنەوەی نەخشەی بنچینەیی شار و شارۆچکەکان بەپێی ستانداردی نوێی زانستی.
٢. زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی بزووتنەوەی گەشتوگوزار لە کوردستان و پەرەپێدانی، لە ڕێگەی پاراستن و بایەخدان بە دامودەزگاگانی گەشتوگوزار و شوێنەوارە مێژووییەکان و باسکردنیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.
٣. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی هەرێم لە نزیکترین دەرفەتدا.

**مادەی پازدەهەم: پەیوەندی و گەیاندن و گواستنەوە و ڕێگاوبان**

١. لەبەر گرنگی پەیوەندیکردنی بەتەل و بێتەل لە گرێدانی ناوچەکانی هەرێم لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، بۆیە پێویستە بایەخ بە دروستکردنی تۆڕی پەیوەندیکردنی ناوخۆ و گرنگی بە تۆڕەکانی ناو شارەکان بدرێت و، بە دامەزراندنی بەدالەی نوێ لە شارە گەورەکان و قەزاکاندا، فراوان بکرێن. هەروەها بایەخ بە پۆستەی ناوەوە و دەرەوە بدرێت و مەڵبەندی نوێی پۆستە لەو ناوچانە کە پۆستەیان تێدا نییە بکرێتەوە و گرنگی بە مەڵبەندەکانی کەشناسی بدرێت و پێش بخرێن.
٢. بایەخدان بە هۆیە جۆراجۆرەکانی گواستنەوەی خەڵك و کەلوپەل لە نێوان شارەکانی هەرێمدا.
٣. بایەخدان بە تۆڕی ڕێگاوبان و پردەکان، بە تایبەتیش ئەو پرد و ڕێگا سەرەکییانەی کە هەرێمی کوردستان بە دەوڵەتانی دراوسێ دەبەستنەوە و ئیدامە و پاراستن و پەرەپێدانیان.

**مادەی شازدەهەم: پەروەردە و فێرکردنی باڵا**

لە پێناوی چارەسەرکردنی ئاکامی سیاسەتی ڕەگەزپەرست و شوڤێنییانەی ڕژێمە یەکلەدوای یەکەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، پارتیمان بە پێویستی دەزانێ سیاسەتێکی پەروەردەیی بنیاتنەرانە دابڕێژێ بە مەبەستی سڕینەوەی شوێنەواری ئەو سیاسەتانەی پێشوو لەلایەك و بنیاکردنەوەی کەرتی پەروەردە و فێرکردن، هەر لە باخچەی ساوایان و نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە تا دەگاتە زانکۆکان و خوێندنی باڵا، لەسەر بناغەیەکی زانستی و پەروەردەیی ڕاست و دروست لە ڕێگای:

١. پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری بە تەواوی پڕۆگرام و کتێب و مادەکانی خوێندن و دەوڵەمەندکردنیان بە گیانی کوردایەتی و بەهای ڕەسەنی گەلەکەمانەوە بە جۆرێ کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی و شارستانیدا هاوشان بێ.
٢. بایەخدان بە کەلەپور و ڕۆشنبیری و مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان.
٣. گرنگیدان بە هەیئەتەکانی فێرکردن و خوێندن لە ڕێگای دابینکردنی ئاستێکی گوزەرانی گونجاو بۆیان و پتەوکردنی شوێن و پایەی کۆمەڵایەتییان کە شیاوی ئەو ڕۆڵە زانستی و پەروەردەییە بێت کە دەیگێڕن.
٤. بایەخێکی تایبەتی بە زانکۆ و پەیمانگە و مامۆستا و کادیرە زانستییەکان بدرێ و پێداویستییەکانی توێژینەوەی زانستییان بۆ دابین بکرێ و کەشوهەوایەکی لە باری داهێنان و پەرەسەندنیان بۆ زامن بکرێ و (حصانە)یان بۆ بڕەخسێنرێ و، ڕێزلێنانی حورمەت و سەربەخۆیی زانکۆکان مسۆگەر بکرێ و دەست نەخرێتە ناو کاروباریان و کاروچالاکییان دەستەبەر بکرێ بۆ ئەوەی ڕۆڵی زانستی و شارستانی و ڕۆشنبیری خۆیان لە ناو کۆمەڵدا بگێڕن.
٥. هانی گەڕانەوەی خاوەنتوانا و بەهرە زانستییەکان بۆ هەرێم بدرێت بۆ ئەوەی بەشداری لە کاروانی زانستدا بکەن.
٦. پشتگیریکردنی توێژینەوە و دیراساتی زانستی لە ڕێگای هاندانی کۆڕ و کۆنگرەی زانستی و ئاسانکردنی بەشداربوونی مامۆستایان لە کۆنگرە زانستییەکانی جیهاندا.
٧. پشتگیریکردنی کۆڕی زانیاری کوردستان.
٨. کارکردن لەپێناوی دابینکردنی زەمالە و ناردنە دەرەوەی مامۆستایان و قوتابییە یەکەمەکان بۆ دەرەوەی هەرێم و دابەشکردنی ئەو زەمالاتە بەپێی پرەنسیپی دەرفەتی یەکسان (تکافؤ الفرص) بۆ هەموو لایەك.

٩. هەوڵدان لە پێناوی تەرخانکردنی کورسیی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێم بۆ ئەو کوردانەی لە دەرەوەی هەرێمدان.

١٠. بایەخدان بە ڕۆشنبیری ئاشوری، کلدانی و تورکمانی.

**مادەی حەڤدەهەم: ئیسلام و کاروباری ئاینی**

١. بایەخدان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کەلەپورەکەی کە بە درێژایی سەدەکان ڕۆشنبیریی کوردی دەوڵەمەند کردووە و ڕێزگرتن لە زایان و پیاوانی ئاینی و پێگەی کۆمەڵایەتییان و چاکترکردنی باری گوزەرانیان و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ئەنجامدانی چالاکی ئاینی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بۆیان بۆ ئەوەی خزمەتی گەلەکەیان و کێشە مرۆییە ڕەواکەی بکەن و هەوڵدان بۆ چاودێریکردن و (تقنین) و پەرەپێدانی پەیمانگە و کۆلێژ و قوتابخانە ئاینییەکان و بیناکردنەوەی ئەو مزگەوت و شوێنە ئاینییە ئیسلامییانەی کە تێک دراون.

٢. پشتگیریکردن و یارمەتیدانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

٣. ڕێز لێنانی هەست و دابونەریت و ڕێوڕەسمی تێکڕای تائیفە ئاینی و مەزهەبییەکان و کارکردن لە پێناوی بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردن و سنگفراوانی ئاینی بۆ پتەوکردنی برایەتی و خۆشەویستی و هاوکاری و بایەخدان بەو شوێن و پەرستگایانەی کە تایبەتە بەوان و ڕیزگرتن لە حورمەتی ئەو شوێنانە و بیناکردنەوەی ئەوانەی کە وێران کراون.

**مادەی هەژدەهەم: قوتابیان و لاوان**

پارتی بڕوای بەوە هەیە کە لاوان کۆڵەگەی کۆمەڵن و بە دەست و بازووی ئەوان پاشەڕۆژی کوردستان دەنەخشێنرێ، بۆیە پێویستە کە :

١. بایەخ بە ئامادەکردن و پیگەیاندن و ئاواتەکانیان بدرێ و بواری ڕۆشنبیری و زانستییان بۆ دەستەبەر بکرێ بۆ ئەوەی هێز و توانایان گەشە بکات و بەهرەیان قاڵ ببێتەوە و هاوکاری لاوانی داهێنەر بکرێت و یانە و یاریگە و مەلەوانگەی وەرزشی و مەڵبەندی چاودێری زانستی زیاتریان بۆ بکرێتەوە.

٢. کارکردن لە پێناوی چاکترکردنی باری گوزەران و خوێندنی قوتابیان و دابینکردنی بەشی

ناوخۆیی بۆیان و دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆ دەرچووان.

**مادەی نۆزدەهەم: ئافرەتان**

لە کۆنەوە کۆمەڵگای کوردستان بەوە ناسراوە کە ڕێز لە ئافرەت و ڕۆڵی ئیجابیی لە کۆمەڵدا دەگرێت، بۆیە پارتیمان بەو چاوە سەیری ئافرەت دەکا کە نیوەی کۆمەڵە و پێویستە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

پارتیمان لە ڕوانگەی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە ئافرەت لە بنیاتنانی خێزان و کۆمەڵدا دەیگێڕێ، هەوڵ دەدا بۆ:

١. ئافرەتی کوردستان مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تەواوی خۆی هەبێ، و ئەم مافانە بە یاسا زامن بکرێن.
٢. ڕۆڵی ئافرەت لە ناو پارتی و ڕێکخراو و چالاکییەکانیدا چالاکتر بکرێ.

**مادەی بیستەم: تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی**

١. پارتیمان بە پێویستی دەزانێ هەموو جۆرەکانی چاودێری تەندروستی لە خۆپاراستن و چارەسەرکردن بایەخیان پێ بدرێت، ئەویش لە ڕێگای دابینکردنی پێداویستی و کادیری پزیشکی و تەندروستی و زیادکردنی نەخۆشخانە و مەڵبەندی لەشساغی و عیادەی شەعبی و دابەشکردنیان بەشێوەیەکی عادیلانە بەسەر ناوچەکاندا بە جۆرێ کە فریای گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ گشت هاووڵاتییانی هەرێم بکەون.
٢. داوا دەکا لە ڕێگای پێشکەشکردنی بەرنامەی هەمەجۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هۆشیاری تەندروستی بەرز بکرێتەوە و چاودێری دایك و منداڵ بکرێت و کارپێکردنی منداڵان (الاحداث) قەدەغە بکرێت و بایەخ بە پیر و پەککەوتەکان بدرێت و مەڵبەندی بەخێوکردن (التأهیل) و چاودێری کۆمەڵایەتی و تەئمینی تەندروستییان بۆ دەستەبەر بکرێ و بایەخ بە دابینکردنی دەرمان بدرێت و هەوڵ بدرێت سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی پیشەسازی داودەرمان لە ناوخۆدا بخوڵقێنرێت.
٣. قەدەغەکردن قەڵاچۆکردنی بازرگانی موخەدیرات کە کاریگەری سلبی دەکاتە سەر کۆمەڵ و زیانی پێ دەگەیێنی، ئەمەش بۆ ئەوەی کوردستان بە پاکوخاوێنی بمێنێتەوە لەم نەخۆشییە کوشندەیە بەدوور بێ.

**مادەی بیست و یەکەم: پاراستنی ژینگە**

١. سیاسەتی شۆڤێنییانەی ڕژێم ژینگەی کوردستانیشی نەبواردووە، بۆیە گەڕاندنەوەی سەوزایی بۆ سەرزەمینی جوانی کوردستان ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆییە و پارتیمان لەم پێناوەدا کار دەکات و هەوڵ دەدا بڕیارەکانی (کۆنگرەی هێلسنکی) جێبەجێ بکات کە تایبەتە بە پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و دۆزینەوەی شوێنی پارێزراو بۆ ئەو زیندەوەرانەی مەترسی لەناوچوونیان لێ دەکرێ و دەرکردنی یاسای تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.
٢. بایەخدان بە دارستانی سروشتی و لەوەڕگە و بێستانەکان و پاراستنیان لە سووتان و بڕینەوە و کارکردن لە پێناوی بووژاندنەوەی ڕووپۆشی ڕووەکی و دامەزراندنی کەمەربەندی سەوز لە دەوری شار و شارۆچکەکاندا و ڕێگەگرتن لە داخورانی خاك و بوون بە بیابان.
٣. بەرزکردنەوەی دروشمی (لەپێناوی کوردستانێکی بێمین) و پشتگیریکردن و فراوانکردنی ئەو هەوڵ و کۆششەی لەم بوارەدا دەدرێ.
٤. هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە پاراستن و پەرەپێدانی ژینگە.

**مادەی بیست و دووەم: ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە**

پارتی باوەڕی بە ئازادی بڵاوکردنەوە و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن هەیە لە ڕێگای کەناڵەکانی بینراو و بیستراو و خوێندراوەوە و تەئکید لەسەر ڕۆڵی کاریگەریان دەکاتەوە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و دەستنیشانکردنی شوێنی کەموکورتییەکان و گەیاندنی دەنگی گەلەکەمان بە جیهان، بۆیە هەوڵ دەدا بۆ:

١. چالاککردنی ڕۆڵی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن.
٢. پەیرەوکردنی مەوزوعیەت و ڕەخنەی بنیاتنەر لە خستنەڕووی بابەتەکاندا و دوورکەوتنەوە لە شێوازی موزایەدە و شەڕەجنێو و لەکەدارکردن.
٣. ڕێکخستنی کەرتی ئاگاداری بینراو و بیستراو و خوێندراو بە شێوەیەك کە لەگەڵ پرەنسیپی دیموکراسیدا بگونجێ و لە زێدەخەرجی و پەرش و بڵاوکردنەوەی سامان و تواناکانی دوور بکەوێتەوە.
٤. ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان بەهێز بکرێت و لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ناوخۆدا پشتی پێ ببەسترێ.

٥. هەوڵدان بۆ دامەزراندن و پەرەپێدانی دەزگایەکی بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی کوردی و پشتگیریکردنی چاپخانەکانی کوردستان و پێگەیاندنی کادیری ئیعلامی.
٦. پەلەکردن لە دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان.
٧. بایەخدان بە دەستنووسە کۆن و بە نرخەکانی کوردی و دامەزراندنی مەڵبەندێك بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان.
٨. ئەوپەڕی بایەخدان بە زیندووکردنەوەی کەلەپوری کورد لە ڕێگەی کردنەوەی مۆزەخانەیەکی نیشتمانیی کوردستان و بەگەڕخستنی پڕۆسەی مەسح و بەدواداگەڕانی ئاسەوارەکان و هەوڵدانی زیاتر بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئاسەوارانەی گواستراونەتەوە یا دزراون و بەخشینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بەو شوێنەوار و هونەر و ئەدەبە کوردییانەی کە ناسنامەکەیان شێوێندراوە.
٩. دامەزراندنی مۆزەخانەیەك بەناوی مۆزەخانەی بارزانی نەمر کە شوێنەوار و کەلەپور و بەڵگەنامە و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە ژیانی خۆی و خەباتی هەڤاڵانییەوە هەیە، لەگەڵ کەلەپوری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد لەم مۆزەخانەیەدا هەڵبگیرێت.
١٠. هەوڵدان بۆ تەبەناکردنی بەرهەمی داهێنەرانەی هونەرمەندانی شانۆ و سینەمای کوردستان و یارمەتیدانی زیاتریان بۆ بەدیارخستنی ناسنامەی شانۆ و سینەمای کوردستان.

**مادەی بیست و سێیەم: دادوەریی (قضاء)**

١. ڕێزگرتن لە دادوەریی (دادوەر و داواکاری گشتی) و سەربەخۆییەکەی و دووپاتکردنەوەی ئەو زەمانەتە یاساییەی کە لە هەموو بوارەکاندا بۆیان ڕەخساوە.
٢. پشتگیریکردنی داواکاری گشتی (الادعاء العام) وەك دەزگایەك کە سەربەخۆیی تەواوی هەیە، بۆ ئەوەی لە هەموو بوارە تایبەتمەندەکانی دیکەدا ڕۆڵی خۆی لە دادگاکاندا بگێڕێت.
٣. پێگەیاندنی دادوەران و داواکارانی گشتی لە پەیمانگەیەکی دادوەرییدا کە بۆ ئەم مەبەستە دێتە دامەزراندن و کردنەوەی خولی تایبەتی و جۆراوجۆر لە بواری یاسایی و دادوەریدا کە دەبێتە مایەی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێك.
٤. بایەخدان بە دادوەریی ئیداری و دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بەم دادوەرییە.

**مادەی بیست و چوارەم: یەکێتی و سەندیکا و کۆمەڵە پیشەییەکانی کوردستان**

پارتی باوەڕی بە ڕۆڵی کاریگەری ئەو ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییانە هەیە و بۆ پەرەپێدانی ئەو ڕۆڵە کار دەکا ئەویش لە ڕێگای پشتگیریکردنیان و یەکخستنی هەوڵ و تەقەلایان لەسەر بنچینەی یەك ڕێکخراو بۆ یەك کەرتی پیشەیی و پەیڕەوکردنی پرەنسیپی دیموکراتی لە هەڵبژاردنی سەرکردەکانیاندا.

**مادەی بیست و پێنجەم : هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**

پارتیمان باوەڕی بەوە هەیە کە هێزەکانی ئاسایش ناوخۆ (ئاسایش، پۆلیس، ڕەگەزنامە و ئەحوالی مەدەنی، هاتوچۆ، سنوور، گومرگ و بەرگریی مەدەنی) ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی هاووڵاتییان و موڵك و ماڵ و ئازادییان و، لە داکۆکیکردن لە دەستکەوتەکانی گەل و مسۆگەرکردنی باڵادەستی یاسا و جێبەجێکردنی عەدالەت و ڕێزلێنانی مافەکانی مرۆڤدا دەگێڕن، بۆیەش کار دەکا بۆ:

١. پشتگیریکردنی زیاتری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە ئەرکەکانی خۆیان رابپەڕێنن.
٢. بایەخدان بە مەشقپێکردن و پێگەیاندن و بەهێزکردن و بەرزکردنەوی ئاستی هۆشیاری ئەندامانی ئەم هێزانە، لە ریگای ئەو قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلێژە تایبەتمەندانەی کە هەن و پەرەپێدانیان.
٣. چاککردنی باری ژیان و گوزەرانیان.

# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی یەکەم

## پارتی

### ماددەی یەکەم

### پێناسەی پارتی

پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی جەماوەرییە، لە یەکگرتنی ئارەزومەندانەی ئەو خەڵکە دیموکراتخوازە هاوئامانجانە پێك هاتووە کە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتییان پەسەند کردووە و لە ڕیزەکانی پێشەوەی جەماوەردا و بەپێی پلانی واقعیی وەرگیراو لە مێژووی نەتەوەی کورد و تاقیکردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و کەلەپووری نیشتمانی و خەباتگێڕانەی بارزانی نەمر، بۆ بەجێهێنانی ستراتیژیی پارتی خەبات دەکەن و کەڵك لە تاقیکردنەوەی گەلان بە چەشنێك وەردەگرن کە لە گەڵ بارودۆخی کوردستانی عیراق و ئاواتەکانی گەلەکەیدا بگونجێ.

### ماددەی دووەم

### پرەنسیپەکانی پارتی لە ڕێکخستندا

پارتی لە ڕێکخستندا لەسەر ئەم پرەنسیپانە دامەزراوە:

١. پشتبەستن بە پرەنسیپی هەڵبژاردن لە پێکهێنانی لێژنەکانەی پارتیدا لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنییەوە.
٢. دەستەکانی خوارەوە بە بڕیار و ڕێنوێنیەکانی دەستەکانی سەرووتر دەبن و کەمایەتی بڕیارەکانی زۆربە پەسەند دەکات و پێویستە جێبەجێی بکات و مافی ئەوەشیان هەیە بە بەڵگەی پێ سەلمێنەرەوە بۆچوون و سەرنجی خۆیان دەربڕن.
٣. بڕیار، بە تاکەکەس نادرێ، کاتێ کە ئەو بڕیارە لە دەسەڵاتی دەستەیەك یان لێژنەیەك یان ڕێکخراوێکدایە بەبێ ئەوەی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی تاکەکەس بەلاوە بنرێ.
٤. پشتبەستن بە پرەنسیپی ڕاوێژکاری و ڕاگۆڕینەوە و ڕەخنە و ڕەخنەلە خۆگرتن لە چوارچێوە دەزگاکانی پارتیدا نەك لە دەرەوەی و بەبێ تیر و توانج و سووکایەتی پێکردن.

٥. پابەندبوون بە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان (تكافؤ الفرص).

## بەشی دووەم

## هاتنەڕیزی پارتی

### ماددەی سێیەم

**یەکەم: پاڵاوتن:**

**١- ڕێوشوین و مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ ئەندامەتی دەبێ پاڵێوراو ئەم مەرجانەی تێدا بێ:**

أ. نابێ تەمەنی لە (١٦) ساڵ کەمتر بێ.

ب. ڕابرووی پاك و ناوبانگی باش بێ.

ج. دوو ئەندامی پارتی کە بە لایەنی کەمەوە ساڵێك پتر بەسەر ئەندامەتییان لە پارتیدا تێپەڕ بووبێ، پشتگیری لە پاڵاوتنی بکەن.

د. بە نووسین داوای هاتنەڕیزی پارتی بکا.

ه. داوانامە لەلایەن شانەی ئەندامانەوە بۆ لێژنەی ڕێکخراو دەنێردرێ و هەروەها ڕاسپاردەی خۆی و ڕاسپاردی شانەی سەرەکی لە سەر ئیستمارەیەکی تایبەت بەم مەبەستە دەنووسێ، بۆ ئەوەی لێژنەی ڕێکخراو بڕیاری لەبارەوە بدا.

و. لە کاتی ڕەتکردنەوەی داواکاری پاڵاوتن مافی ناڕەزایی دەربڕینی هەیە لەلای لێژنەی سەرووتر و بڕیاری ئەم لێژنەیەش یەکلاکەرەوەیە.

ز. نابێ ماوەی پاڵاوتن لە شەش مانگ کەمتر بێ.

ح. لە یەکێ لە شانەکاندا ڕێك بخرێ.

**ئەرك و مافی پاڵێوراو:**

**ئەرکەکان:**

١. دەبێ بەڕێك و پێکی ئامادەی کۆبوونەوەکانی پارتی بێ.
٢. دەبێ هەوڵی حاڵیبوون لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و مێژووی خەباتگێڕانەی پارتی بدا.
٣. نهێنییەکانی پارتی بپارێزێ.
٤. ئابوونەی مانگانە بە ڕێکوپێکی بدا.
٥. ئەو ئەرکانەی پێی دەسپێردرێ جێبەجێیان بکات.

٦. بڵاوکراوەکانی پارتی بخوێنێتەوە و ئاگاداریان بێ.

**مافەکان:**

**١.** پاڵێوراو بەگوێرەی ئەم پەیڕەوە سەرنج و پێشنیار و پرسیاری خۆی دەردەبڕێ.

**٢.** بۆی هەیە لە خولی خوێندن و مەشقپێکردنی تایبەت بە پاڵێوراوان بەشداری بکا.

**٣.** بەر لەوەی ببێ بە ئەندام مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنی بۆ بەرپرسیاریەتی نییە.

**دووەم: ئەندامەتی:**

**دەبێ ئەندام ئەم مەرجانەی تێدا بێ:**

أ. ماوەی پاڵاوتنی بەسەر بردبێ و پێداویستییەکانی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کردبێ.
ب. تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
ج. دەبێ لە یەکێ لە شانەکانی یان لێژنەکانی پارتیدا ڕێکخراو بێ.
د. ئابوونەی بڕیار لەسەردراوی مانگانە بدا.
ە. هەرکەسێ بەکرێگیراو یا سیخوڕ یا ئەندامی ڕێکخراوێکی تێکدەر بێت لە پارتیدا وەرناگیرێت.
و. دژایەتی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی نەکات و بڕوای بە مافی مرۆڤ هەبێت.

**ئەرك و مافی ئەندام:**

**ئەرکەکان: پێویستە ئەندام:**

أ. بۆ بەدیهێنانی بەرنامەی پارتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ خەبات بکا و بۆ ڕاپەڕاندنی بڕیارەکانی پارتی کار بکات.
ب. پابەندی دیسپلینی پارتی بێت و یەکێتی بیروباوەڕ و ڕێکخراوەیی و نهێنییەکانی پارتی بپارێزێ.
ج. پەرە بە ڕادە و ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری خۆی بدات.
د. بەم پەیڕەوە کار بکا و پابەندی پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی پارتی بێ.
ە. پەیوەندی بە دەستە و توێژە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی گەلەوە پتەو بکا و ڕێز لە نەریت و ڕێوڕەسمیان بگرێ و سیاسەتی پارتیان لە هەموو بوارەکاندا پێ ڕابگەیەنێ و داکۆکی لێ بکا.
و. نابێ بەبێ ڕەزامەندی پارتی شار یا کار یا ڕێکخراوەکەی یا هەرێم بەجێ بهێڵێ.
ز. لەسەر گشت ئەندام و پاڵێوراوانی پارتیمان پێویستە گرنگییەکی تایبەتی بدەن بە

لایەنگرانی پارتی و پەیوەندییان لەگەڵدا بەهێز بکەن و بۆ هاتنەڕیزی پارتی ئامادەیان بکەن. هەروەها پێویستە لەسەریان بەربڵاوترین پەیوندی لەگەڵ جەماوەردا گرێ بدەن و هەوڵ بدەن لە چالاکییە گشتییەکاندا بەشداریان بکەن.

**مافەکان: ئەندام ئەم مافانەی هەیە:**

أ. خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنی بۆ هەموو لێژنەیەکی پارتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.
ب. لە کاتی پێویستیدا داوای یارمەتی لە پارتی بکا.
ج. ئەگەر لە ئەنجامی خەباتی لە پارتیدا، تووشی گیران و دوورخستنەوە بێ، ئەوا مافی یارمەتیوەرگرتنی لە پارتی بەپێی توانا هەیە.

**سێیەم: کادیر:**

١. پێناسی کادیر : ئەو ئەندامە خۆتەرخانکردووەی پارتییە کە هەموو توانا و چالاکی خۆی بۆ خزمەتکردنی پارتی دەخاتە کار و بەپێی پەیڕەوێکی تایبەت بە کادیرانەوە، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە، بەرپرسیاریەتی بۆ دیار دەکرێ.
٢. **مەرجەکانی:**

**دەبێ کادیر ئەم مەرجانەی تێدا بێ:**

أ. ماوەی ئەندامەتی لە پارتیدا، چوار ساڵ کەمتر نەبێ.
ب. دەرچووی یەکێك لە خولەکانی پەیمانگەی کادیرانی پارتی بێ.
ج. لە ئەندامە هەڵکەوتووەکانی پارتی بێ لە ڕووی بیر و ئاکار و کردەوەوە.

٣. **ماف و ئەرکەکانی:**

أ. پارتی بەپێی پەیڕەوێکی کۆمیتەی ناوەندی، مووچە بۆ کادیرانی خۆی دەبڕێتەوە بە جۆرێ لەگەڵ پلەوپایە و بەرپرسیارێتییان لە ناو پارتیدا بگونجێ.
ب. پارتی لە کاتی پەککەوتن و بەساڵداچوونی کادیران دا، کۆمەکیان دەکات و مووچەیەکی هەمیشەییان بۆ دەبڕێتەوە و چاوی لە میراتگرە شەرعییەکانیان دەبێ.
ج. کادیر دەبێ بەردەوام پەرە بە ڕۆشنبیری و لێهاتوویی خۆی بدا.
د. هەر ماف و بەرپرسیارییەکی تر کە لە پەیڕەوی تایبەت بە کادیراندا هاتبێ.

## بەشی سێیەم

## پەیکەری پارتی

### ماددەی چوارەم

لە خوارەوە بۆ سەرەوە پارتی بەم شێوەیە دادەمەزرێ:

شانە، شانەی سەرەکی، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفرانس و کۆنگرە.

ئەم بنیاتە لەسەر ئەم پرەنسیپە ڕێکخراوەییانە دادەمەزرێ کە لە مادەی (٢)ی ئەم پەیڕەوەدا هاتوون.

### ڕێکخراوەکانی پارتی : ئەرك و دەسەڵاتەکانیان

### ماددەی پێنجەم

**یەکەم: شانە**

١. **پێناسەی شانە** : یەکەی بنەڕەتی ڕیکخستنی پارتی و بنکەی جەماوەری و سەرچاوەی ڕەوایی و دەسەڵاتەکانە. شانە لە (٥ ـ ١٥) ئەندام پێك دێت بە ڕێکخەر و یاریدەدەرەکەشیەوە کە لەلایەن شانەوە دوای ڕەزامەندی ڕێکخراو هەڵدەبژێردرێن و بەرپرسیارێتی شانەش لە ئەستۆی هەموواندایە.

٢. **ئەرکەکانی:**

أ. بە گوێرەی ڕێنوێنییەکانی پارتی، خەبات بۆ بەجێهێنانی ئامانج و سەرەتایەکانی پارتی دەکا و ئەرکەکانی خۆی ڕادەپەڕێنی.

ب. دیراسەتی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و بڵاوکراوەکانی پارتی دەکات و گفتوگۆیان لەسەر دەکا و ئەندامەکانی خۆی پێ ڕۆشنبیر دەکا.

ج. بە لایەنی کەمەوە مانگی دووجار بە سەرۆکایەتی ڕێکخەر یان جێگرەکەی کۆ دەبێتەوە.

د. ئەرك و فەرمان بەسەر ئەندامەکانی دابەش دەکا و لێیان دەپێچێتەوە.

ه. جەماوەر بەلای پارتیدا دەهێنێ و سەرکردایەتی دەکا و بە سەرەتاکانی پارتی گۆشیان دەکا و داکۆکییان لێ دەکا و بڵاوکراوەکانی بڵاو دەکاتەوە.

و. ئاگادارکردنەوەی دەستەکانی سەرووتر لەوەی لە سنووری چالاکی ئەودا ڕوو دەدات.

٣. **دەسەڵاتەکانی:**

أ. سەرپەرشتی شانەی پاڵێوراوان دەکات (کە لە (٣ ـ ٩) پاڵێوراو پێک دێت بە ڕێکخەرەکەشیەوە کە شانەی ئەندامان دیاری دەکات) و بە ڕۆشنبیری پارتایەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، بیریان ڕووناك دەکاتەوە و چاودێرییان دەکات.

ب. لە ئیستمارەی هاتنەڕیز ورد دەبێتەوە و بەر لەوەی بۆ دەستەکانی سەرووتر بنێرێ، ڕای خۆی لەبارەیانەوە دەردەبڕێ. هەروەها داوای بەخشینی شەرەفی ئەندامێتی بۆ ئەو پاڵێوراوانە لە دەزگاکانی سەرووتر دەکا کە مەرجەکانی ئەندامەتییان تێدایە.

ج. نامەی ئەندامان و پاڵێوراوان و دەنگوباس و زانیاری پێویست و ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە چالاکییان بۆ شانەی سەرووتر لە خۆی دەنێرێ.

د. ڕاپۆرت سەبارەت بە چالاکی و کارەکانی خۆی بە شانەی سەرووتر دەدا.

**دووەم: شانەی سەرەکی**

شانەی سەرەکی لە (٣ ـ ٨) شانەی بنچینەیی پێك دێت و سەرکردایەتی و سەرپەرشتییان دەکا و لە کارەکانیان دەپێچێتەوە و ڕای خۆی سەبارەت بەو ڕاپۆرتانەی پێی دەگەن دەردەبڕێ و مانگی دووجار کۆ دەبێتەوە و هەمان ئەرك و دەسەڵاتی شانەی هەیە و سزای سەرنجڕاکێشان لە پاڵێوراوانی سەرپێچیکار دەدات.

**سێیەم: ڕێکخراو**

١. پێکهێنانی ڕێکخراو : لێژنەی ناوچە پاش ڕەزامەندی لق، لەو ناوچانەی کە لە (٥ ـ ٨) شانەی سەرەکییان تێدایە، لێژنەی ڕێکخراو دروست دەکا کە پێك دێت لە بەرپرسانی شانە سەرەکییەکان و بەرپرسی ڕێکخراو و دوو ئەندامی لێژنەکە دەبێ تەرخان (متفرغ) بن.

٢. **ئەرکەکانی لێژنەی ڕێکخراو:**

أ. ئاراستەکردنی چالاکی ئەو شانانەی سەر بە ئەوون.

ب. لێژنەی ڕێکخراو بە لایەنی کەمەوە مانگی دووجار کۆ دەبێتەوە.

ج. کار بۆ ڕێکخستن و گورجوگۆڵکردنی خەباتی جەماوەری لە چوارچێوەی چالاکی خۆیدا دەکا.

٣. **دەسەڵاتەکانی لێژنەی ڕێکخراو:**

أ. ڕای خۆی سەبارەت بەوانەی داوای هاتنەڕیزی پارتییان کردووە دەدا و بە لێژنەی

ناوچەی ڕادەگەیەنێ.

ب. ڕاپۆرتی مانگانە سەبارەت بە چالاکی و کار و حساباتەکانی ڕێك دەخا.

ج. سزای ئەو پاڵێوراوانە بە سەرنجراکێشان و ئاگادارکردنەوە دەدا کە بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیار و سیاسەتی پارتی ڕەفتار دەکەن.

**چوارەم: لێژنە ناوچە**

**١. پێناسەی لێژنە ناوچە:**

أ. نوێنەرایەتی پارتی و سەرکردایەتی چالاکییەکانی دەکا لەو ناوچەیەی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ و لە (٣ ـ ٨) ڕێکخراو پێك دێت و ژمارەی ئەندامانی (٧ ـ ٩) ئەندام و (٢) ئیحتیات دەبن. بەپێی مادەی تایبەت بە هەڵبژاردنی دەستەکانی پارتی لەم پەیڕەوەدا هەڵدبژێردرێن. لێژنە لە نێو ئەندامانیدا بەرپرس و دوو ئەندام بۆ کارگێڕی ناوچە هەڵدەبژێرێ بە مەرجێك کە هەرسێ کەسیان بۆ کاری پارتایەتی تەرخان (متفرغ) بن.

ب. لێژنەی لق ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ناوچەکان دەردەبڕێ و کۆمیتەی ناوەندی مافی ناڕازیبوون و ڕەتکردنەوەی هەیە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانیدا.

**٢. ئەرکەکان:**

أ. سەرکردایەتی و بەڕێوەبەرێتی و ڕێنوێنیکردنی چالاکی ئەو ڕێکخراوانەی پارتی کە گرێدراوی ئەون.

ب. بە لایەنی کەمەوە مانگی دووجار کۆ دەبێتەوە.

ج. وەڵامدانەوەی ڕاپۆرت و سەرنج و پرسیاری ڕێکخراوەکانی پارتی.

**٣. دەسەڵاتەکان:**

أ. بڕیاردان سەبارەت بەوانەی داوای هاتنەڕیزی پارتییان کردووە.

ب. دەرکردنی بەیاننامە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچەکەی خۆی.

ج. سزادانی ڕێکخراوەکان بە سەرنجراکێشان و ئاگادارکردنەوە.

د. سزادانی ئەندامان بە هەڵپەساردنیان بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات و ڕاسپاردن بە دەرکردنی یەکجارەکییان بە زۆربەی ٣/٢ (دوو لەسەر سێی) ئەندامانی لێژنە.

ە. دەرکردنی پاڵێوراوان بە زۆربەی دەنگ و لەسەر ڕاسپاردەی ڕێکخراوی پارتی دەبێت.

و. هەڵسەنگاندنی لێوەشاوەیی پاڵێوراوان و بەخشینی شەرەفی ئەندامەتی پێیان بەپێی ڕێوڕەسم.

ز. بەرپرسیاری لێژنە ناوچە دەبێتە ئەندامی لێژنەی لق.

**پێنجەم: لێژنەی لق**

**١. پێناسە:**

لێژنەی لق نوێنەرایەتی پارتی و سەرکردایەتیی چالاکی دەکا لە پانتاییەکی جوگرافیدا کە کۆمیتەی ناوەندی بۆی دیار دەکا و پێك دێت لە :

أ. بەرپرسیار، کە دەبێ ئەندامی کومیتەی ناوەندی بێ.

ب. یاریدەدەری بەرپرس، کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دەستنیشان دەکرێت.

ج. بەرپرسیاری لێژنەی ناوچەکان.

د. لێژنەی لق لەناو ئەندامەکانیدا (٥ ـ ٧) ئەندام بۆ کارگێڕی لق لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا، هەڵدەبژێرێ.

**٢. ئەرکەکان:**

أ. سەرکردایەتی چالاکی لێژنەی ناوچە و ئەو ڕێکخراوە جەماوەرییانە دەکا کە سەر بە ئەون.

ب. مانگانە کۆ دەبێتەوە.

ج. وەڵامی ڕاپۆرتی ناوبەناوی لێژنەی ناوچە و ڕێکخراو و مەکتەبەکان دەداتەوە.

د. مانگانە و ناوبەناو ڕاپۆرت بۆ مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە تێکڕای جموجوڵ و چالاکییەکانی دەنێرێ.

ە. سەبارەت بە چالاکییەکانی خۆی و دەستنیشانکردنی دیاردە و پێشنیار و ڕێگاچارەکان دیراسە بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە دەکا.

**٣. دەسەڵاتەکان:**

أ. دەرکردنی بەیاننامە تەنیا سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچە.

ب. ئاراستەکردنی سەرنجڕاکێشان و ئاگادارکردنەوەی لێژنەکانی خوارەوە.

ج. بڕیاردان سەبارەت بە دەرکردنی یەکجارەکی ئەندامان بەپێی ڕاسپاردەی لێژنەکانی ناوچە و پاش لێکۆڵینەوەی ئوسوڵی.

د. سازکردنی خولی پێگەیاندن و ڕۆشنبیری بۆ ئەندامان.

## ماددەی شەشەم

## کۆمیتەی ناوەندی

١. کۆمیتەی ناوەندی، دەزگای هەرەبەرزی ڕاپەڕاندنە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی تێکڕای ڕێکخراوەکانی پارتی هەڵدەسوڕێنێ و سەرپەرشتییان دەکا و سەرکردایەتی خەباتیان بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی پارتی دەکات.

٢. کۆمیتەی ناوەندی لە (٣١) ئەندام و (٩) ئەندامی ئیحتیات پێك دێت کە بە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن.

٣. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی ئەرکەکانی پارتی پێ هەڵنەسوڕا، ئەوا ئیحتیاتی یەکەم جێگەی دەگرێتەوە.

٤. مەرجی پاڵاوتن بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی :

أ. دەبێ بە لایەنی کەمەوە (١٠) ساڵی بەردەوام بەسەر ئەندامەتی لەناو پارتیدا تێپەڕ بووبێ.

ب. نابێ لادەر و بێزراو بێ لە ناو پارتیدا.

ج. ئەندامێکی چالاك و کارامەی خاوەن ڕابردووی شەرەفمەندانە بێ لە خەبات.

د. نمونەی ڕەوشت و ئاکاری بەرز و هەڵگری ڕواڵەت و خەسڵەتی سەرکردایەتی بێ و پلەوپایەی سەرکردایەتی وەرگرتبێت.

ه. بە تەنگ بەرژەوەندی پارتییەوە بێ و پابەندی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ بێ.

٥. مافەکانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی:

أ. هەموو مافێکی بڕیار لەسەردراوی کادیری پارتیی هەیە، سەرباری ئەمەش هەر مافێکی تر کە کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر بدا.

ب. ئەگەر بەهۆی خەباتی پارتییەوە زیندانی کرا یان بێسەروشوێن بوو، ئەوا ئەندامەتی لە کۆمیتەی ناوەندیدا، هەر دەمێنێ.

## مادەی حەوتەم:

### أ. ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی:

١. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێ و چ بە تاك و چ وەکو دەستە متمانەیان لێ وەردەگرێتەوە.

٢. خەبات بۆ بەجێهێنانی ئامانجە نزیك و دوورەکانی پارتی بکا و سیاسەت و پلانی پێویست بۆ ئەمە دابڕێژێ.
٣. هەڵوێستی پارتی سەبارەت بە ڕووداو و پێشهاتە نوێباوەکان دیاری بکات.
٤. پەیڕەوی ناوخۆ و پڕۆگرامی پارتی و بڕیارنامەکانی کۆنفڕانس و کۆنگرە لە هەموو ئاستێکدا جێبەجێ بکا.
٥. یەکێتی پارتی بچەسپێنێ و نهێنییەکانی بپارێزێ.
٦. کەلوپەل و دارایی پارتی بپارێزێ و زێدەی بکا و داهات و خەرجی ڕێك بخا.
٧. کادیر بۆ پارتی پێ بگەیەنێ و پەروەردەی بکا و هۆشیاری سیاسی و تیۆرییان پەرە پێ بدا.
٨. بەڕێوەبردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و دەستەی نووسەران بۆ هەردوو ڕۆژنامەی ناوەندی پارتی و چاپەمەنییە دەورییەکان دابنێ و سەرپەرشتییان بکا و هەموو پێداویستییەکی کارکردنیان بۆ بڕەخسێنێ.
٩. وەڵامی ڕەخنە و پێشنیار و پرسیار و سکاڵای ئەندامان بداتەوە و گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکا.
١٠. ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنفڕانس و کۆنگرە ئامادە بکات.
١١. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی چ تاك و چ پێکەوە، سەبارەت بەو کارانەی ڕایانپەڕاندوون و ئەو پلان و سیاسەتانەی جێبەجێیان کردوون، ڕاستەوخۆ لە بەردەم کۆنگرەدا بەرپرسیارن.
١٢. کۆمیتەی ناوەندی دەشێ بڕیاری لێژنەکانی خوارەوە هەڵوەشێنێتەوە.
١٣. دەبێ پانتایی جوگرافی بۆ ئیشوکاری لێژنەی لق و لێژنە ناوچەکان دیار بکا و بەپێی پێویست لێژنە و ڕێکخراوی تر پێك بهێنێ.
١٤. شوێن و کاتی کۆنفڕانس و کۆنگرە دیار بکا و ڕێژەی نوێنەران دابنێ.
١٥. داوای کۆنفڕانس و کۆنگرەی نائاسایی دەکا لەسەر :
أ. داخوازی زۆربەی ئەندامانی پارتی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیانەوە.
ب. داخوازی ٣/٢ (دوو لەسەر سێی) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.
١٦. دەبێ کۆمیتەی ناوەندی بەلای کەمەوە هەر ٣ مانگان جارێك بە شێوەیەکی دەوری لە خۆوە کۆببێتەوە.
١٧. دەبێ کۆمیتەی ناوەندی بە لایەنی کەمەوە ساڵی یەك جار کۆبوونەوەی فراوان بکا

کە وێڕای ئەندامانی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی، ئەندامانی لق و مەکتەبە ناوەندییەکان پارتی تێدا ئامادە بن.

**ب.دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی:**

١. دەبێ سەرجەم دەزگاکانی پارتی پابەندی فەرمان و بڕیارەکانی ئەو بن.

٢. کاری مەکتەبی سیاسی هەڵدەسەنگێنێ و ئەرك و فەرمانی بۆ دیار دەکا.

٣. هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار بۆ پاکڕاگرتنی ڕیزەکانی پارتی پەیڕەو دەکا بە مەرجێ پێشوەختە لەلایەن دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێرییەوە لێکۆڵینەوەی لەمەڕ کرابێ. هەموو ئەوانەی ئەو ڕێوشوێنانە دەیانگرێتەوە، مافی ئەوەیان هەیە لەلای کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی، سکاڵای خۆیان بکەن.

٤. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و بە زۆربەی ٣/٢ (دوو لەسەر سێی) دەنگ سزای پێویستی ئەندامانی خۆی دەدا.

٥. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی کارێکی وای کرد، شایانی دەرکردن بێ لە پارتی، ئەوا کۆمیتەی ناوەندی دەشێ بە زۆربەی ٣/٢ (دوو لەسەر سێی) دەنگ، هەموو لێپرسراویەتییەکی لێ بستێنێتەوە و بیخاتە بەردەم کۆنفڕانس یان کۆنگرە تا بەپێی پێویست سزای بدا.

٦. بڕیاری وەرگرتنی کادیری پارتە سیاسییەکانی تر دەدا.

٧. لە داوای گەڕانەوەی ئەو کادیرانە بۆ ناو پارتی دەکۆڵێتەوە کە سەروەختێك خەباتی پارتییان بەجێ هێشتووە و بڕیار لە بارەی وەرگرتنەوەیان دەدا.

٨. کۆمیتەی ناوەندی ئەم مەکتەبە ناوەندییانەی خوارەوە پێك دەهێنێ و ئەرك و فەرمانیان بۆ دیاری دەکا بەپێی پێڕەوێکی تایبەت:

أ. مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن.

ب. مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی.

ج. مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن.

د. مەکتەبی ناوەندی بەڕێوەبردن و دارایی.

ە. مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.

و. مەکتەبی ناوەندی پەیوەندی نیشتمانی و کوردستانی.

ز. مەکتەبی ناوەندی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

**ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕێنوێنی و سەرپەرشتی ئەم مەکتەبانە دەکەن.**

٩. بڕیار لەسەر وەرگرتنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان، یان یەکبوونیان لە گەڵ پارتیدا دەدات.

## ماددەی هەشتەم

## مەکتەبی سیاسی

١. مەکتەبی سیاسی لە (٩ ـ ١١) ئەندام پێك دێت و هەریەکەیان بە گوێرەی لێزانی و پسپۆڕی لە کاری خۆیدا، یاریدەی سەرۆك دەدا و تێکڕا هاریکاری لە گەڵدا دەکەن.
٢. زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ کاری پارتی تەرخانن.
٣. مەکتەبی سیاسی بڕیارەکانی نێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێ دەکا.
٤. مەکتەبی سیاسی بانگهێشتی کۆمیتەی ناوەندی دەکا بۆ کۆبوونەوە.
٥. مەکتەبی سیاسی لە نێو ئەندامانیدا سکرتێرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە و تەنسیق لە نێوان دەستەکانی پارتی و ئامادەکاری کۆبوونەوەی ڕۆژانە و ناوبەناوی مەکتەبی سیاسی بە هاوکاری لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی.

## ماددەی نۆیەم

## جێگری سەرۆك

١. سەرۆك دەستنیشانی دەکات و کۆنگرە ڕاستەوخۆ هەڵی دەبژێرێ.
٢. ئەو ئەرکانەی کە سەرۆك پێی دەسپێرێ، جێبەجێی دەکات.
٣. بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دەکات.

## ماددەی دەیەم

## سەرۆکی پارتی

١. سەرۆکی پارتی : سەرۆکی پارتی و کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسییەکەیەتی.
٢. سەرۆك ڕاستەوخۆ لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێ.
٣. سەرۆك کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و کۆبوونەوەی فراوان و کۆنفرانسەکان بەڕێوە دەبا.

٤. لەو دەمەی کە تێکڕای ئەو دەزگایانەی لە بڕگەی (٣)ی سەرەوەدا هاتوون، دەنگەکان وەك یەك دەبن، ئەو لایەنە دەبێتە زۆربە کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵدا بێ.
٥. سەرۆك لە کاتی پێویست مافی ئەوەی هەیە داوای کۆنگرەبەستن یان کۆنفرانس بکا.
٦. ڕاسپاردە و ڕێنوێنییەکانی پارتی بە ڕەزامەندی سەرۆك دەبن و گشت نووسراوە گرنگەکانی پارتی دەبێ بە ئیمزای سەرۆك (یان یەکێ لە یاریدەدەرە دەسەڵات پێدراوەکانی) بێ.
٧. ئەم مەکتەبانەی خوارەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سەرۆکی پارتییەوە دەبێت.
أ. مەکتەبی سەرۆك
ب. دەزگای پاراستنی گشتی کە پەیڕەوێکی تایبەتی دەبێ.
ج. مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی گشتی، بەپێی پەیڕەوێك ئەرکەکانی دیاری دەکرێ.
د. سەرۆك کارناس و پسپۆڕی ڕاوێژکاری لە بواری جیاجیا بۆ خۆی دادەنێ.
ە. سەرۆك خۆی فەرماندەی لەشکری کوردستانە کە پەیڕەوێکی تایبەتی هەیە.

## بەشی چوارەم

### ماددەی یازدەهەم

### دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری

لە (٣) ئەندام پێك دێت کە کۆمیتەی ناوەندی لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی خۆیدا هەڵیان دەبژێرێت بەمەرجێك کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لێپرسراوی بێت و کۆمیتەی ناوەندییش ئەرك و دەسەڵاتەکانی دیاری بکا.

## بەشی پێنجەم

## ڕۆشنبیری پارتی

### ماددەی دوازدەهەم

پارتی دوو ڕۆژنامەی ناوەندی هەیە کە *خەبات* و *برایەتی*یە و چاپەمەنی دەوری و نادەوری و دەزگای تری ڕاگەیاندنی هەیە کە سیاسەتە ناوەندییەکەی دەخەنە ڕوو.

### ماددەی سێزدەهەم

پارتی پەیمانگای پێگەیاندنی کادیرانی بە ئاستی جوداجودا هەیە و لەلایەن دەستەیەکی

تایبەتەوە لە چوارچێوەی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبییەوە بەپێی پەیڕەوێکی تایبەتی و بڕیار لەسەردراو لە کۆمیتەی ناوەندیدا بەڕێوە دەچێت.

## بەشی شەشەم

## کۆنفرانس

### ماددەی چواردەهەم

١. کۆنفرانسی ناوچە هەر دوو ساڵ جارێ یان لەسەر داخوازی پتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لە ناوچەکەدا، یان لەسەر خواستی ٣/٢ (دوو لەسەر سێی) ئەندامانی لێژنە ناوچە بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی و بە سەرپەرشتی و چاودێری لق، دەبەسترێ.
٢. کۆنفرانسی ناوچە لە ئەندامانی لێژنە ناوچە و ئیحتیات و بەرپرسیاری ڕێکخراو و شانە سەرەکییەکانی پارتی پێك دێت.
٣. کۆنفرانس بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، کار بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە حزبییەکانی ناوچە دەکا.

### ماددەی پازدەهەم

### کۆنفرانسی گشتی

١. کۆنفرانسی گشتی لە کاتێکدا دەکرێ کە گۆڕانکاری گرنگی سیاسی ڕووی دابێ یان بارێکی پێویستی ئەوتۆ لەسەر خواستی پتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی یان ٣/٢ (دوو لەسەر سێی) ئەندامانی لێژنەی ناوچەکان، کۆنفرانس بخوازێ.
٢. کۆنفرانسی گشتی لە سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیات و (فەلەك) و ئەندامانی مەکتەبە ناوەندییەکان و ئەندامانی لێژنەی لق و ئەو کادیرە پێشکەوتووانەی پارتی کە کۆمیتەی ناوەندی دەستنیشانیان دەکات پێك دێت.
٣. **ئەرکەکانی کۆنفرانسی گشتی:**
أ. گوێ لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەگرێ و گفتوگۆی لەسەر دەکا.
ب. هەڵوێستی پارتی سەبارەت بە ڕووداو و پێشهاتە نوێباوەکانی، دیاری دەکا.
ج. لە سکاڵای ئەندامانی دەڕوانێ و بڕیاریان لە بارەوە وەردەگرێ.

**٤. دەسەڵاتەکانی کۆنفڕانسی گشتی :**

أ. هەڵسەنگاندنی کاری کۆمیتەی ناوەندی و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی دوای لێکۆڵینەوەیەکی عادیلانە.

ب. کۆنفڕانس مافی دەرکردنی ئەندامانی کەمتەرخەمی کۆمیتەی ناوەندی هەیە بە مەرجێ کە ژمارەی دەرکراوان، بە جارێك یا بە چەند جارێك لە ١ لەسەر ٣ تێپەڕ نەکات.

ج. دەستکاریکردنی پەیکەری پارتی ئەگەر هەلومەرج بخوازێ.

د. کۆنفڕانس لە نزیکترین دەرفەتدا، داوای کۆنگرەبەستن بکا و هەلومەرجی پێویست بۆ کۆنگرە بڕەخسێنێ لەسەر داوای دەنگی ٢ لەسەر ٣ی بەشداربووان.

## بەشی حەوتەم

## کۆنگرە (کۆنگرەی نیشتمانی)

### ماددەی شازدەهەم

١. کۆنگرەی نیشتمانی دەسەڵاتی هەرەبەرزی ناو پارتییە.

٢. کۆنگرە لە سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیات و ئەندامانی هەردوو لێژنەی ئامادەکردن و سەرپەرشتی کۆنگرە و ئەو نوێنەرانە پێك دێت کە لەلایەن سەرجەم ڕێکخراوەکانی پارتییەوە و بەپێی ئەو ڕێژەیەی کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکا هەڵبژێردراون.

٣. کۆنگرە بە شێوەیەکی ئاسایی بە لایەنی کەمەوە هەر (٤) چوار ساڵ جارێك دەبەسترێ. هەروەها پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی بەپێی بڕگەی (١٥) لە مادەی (٧) داوای کۆنگرەبەستن بکا، سەرۆکیش بەپێی مادەی (١٠) بڕگەی (٥)ی ئەم پەیڕەوە، دەسەڵاتی کۆنگرەبەستنی پێ دراوە.

**٤. ئەرکەکانی کۆنگرە:**

أ. گوێ لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەگرێ و گفتوگۆی لەسەر دەکا و کارەکانی کۆمیتەی ناوەندی لە نێوانی دوو کۆنگرە هەڵدەسەنگێنێ.

ب. باری ناوخۆ و هەرێمایەتی و جیهانی شی دەکاتەوە و دەنرخێنێ و سیاسەتی گشتی پارتی دادەڕێژێ و لە ستراتیژیی پارتی ورد دەبێتەوە و لە هەموو ئاستێکدا تاکتیکی

بۆ دادەنێ.

ج. لە سکاڵای ئەندامان دەڕوانێ و بڕیاریان لە بارەوە دەدا.

د. لێپرسینەوە لە کۆمیتەی ناوەندی و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی.

**٥. دەسەڵاتەکانی کۆنگرە :**

أ. سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیات هەڵدەبژێرێ.

ب. تەنیا کۆنگرە مافی هەڵوەشاندنەوە و ناوگۆڕینی پارتی و وەستاندنی چالاکیی پارتی یا تێکەڵکردنی بە پارتێکی تری هەیە و دەتوانێ وەرگرتنی پارتێکی تر پەسند بکا و ئایدیۆلۆژیای پارتی بگۆڕێ.

ج. کۆنگرە دەتوانێ بەپێی هەلومەرجی پێویست، پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەند یا دەستکاری بکات.

## بەشی هەشتەم

### ماددەی حەڤدەهەم

### لێژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە

١. کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیار و یاریدەدەر و ژمارەی ئەندامانی لێژنە دیار دەکا.

٢. ئەمانە لەناو کادیرە بە ئەزموونەکانی پارتیدا دەستنیشان دەکرێن کە بە ڕاستگۆیی و بابەتخوازییەوە ناسراون.

٣. نابێ ئەندامانی لێژنە خۆیان بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن.

٤. لێژنە لە کاتی پێویستدا و بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی، دەتوانێ لێژنەی تر پێك بهێنێ.

٥. ئەرکەکانی لێژنە :

أ. ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بە گوێرەی ئەو لیستانەی لەلایەن مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستنەوە ئامادە کراون و لە کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندیدا پەسەند کراون.

ب. دەستکردن بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و ئامۆژگارییانەی کۆمیتەی ناوەندی کە تایبەتن بە کۆنگرە.

ج. ئامادەکردنی دیراسەتێکی هەمەلایەن سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و سەرنج و تێبینیدان لە بارەیانەوە.

د. ئامادەکردنی پێناسە و لیستی تایبەت بە نوێنەران و ئاماژەکردنیان لە سەرەتای کردنەوەی کۆنگرەدا.

## ماددەی هەژدەهەم

## لێژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە

١. کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیار و یاریدەدەر و ژمارەی ئەندامانی دیاری دەکا.
٢. ئەمانە، لە ناو ئەو کادیرانە لەم بوارەدا هەڵکەوتوون، دەستنیشان دەکرێن.
٣. نابێ ئەندامانی لێژنە خۆیان بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن.
٤. ئەرکەکانی:
أ. دیارکردنی شوێنی کۆنگرە.
ب. ڕەخساندن و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی کۆنگرە.
ج. پێکهێنانی لێژنەی تایبەت بە بوارە پسپۆرییەکانی کاروباری کۆنگرە.
د. هاوکاری لەگەڵ لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەدا.

## ماددەی نۆزدەهەم

## دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە

١. لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆنگرەدا، دەستەیەکی چەند ئەندامی بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێ.
٢. ئەم دەستەیە، بە درێژایی ڕۆژانی کۆنگرە، سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کۆنگرە دەکا.
٣. ئەم دەستەیە دەبێ پەیڕەوێکی تایبەت بە ڕەوتی کۆبوونەوەکان ئامادە بکا و ڕێوشوێنی بەجێ و چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی گفتوگۆکردنی تێدا تۆمار بکا.
٤. نابێ ئەندامانی دەستە خۆیان بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن.

## ماددەی بیستەم

## هەڵبژاردنی دەستەکانی پارتی

١. هەڵبژاردنی دەستەکانی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە شانە، شانە سەرەکی، ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لق، هەر یەکە و لە حەوزەی خۆیدا ئەنجام دەدرێن.

٢. پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی پارتی بەم شێوەیە دەبێت:
أ. لێژنەی ناوچە بە ناوچەی هەڵبژاردن دادەنرێت.
ب. لەسەر ئەندامانی لێژنەکانی سەرەوە و مەکتەبەکانی پارتی پێویستە کە لە سنووری یەکێك لە لێژنە ناوچەکاندا خۆیان بۆ کۆنگرە هەڵبژێرن.

## بەشی نۆیەم

### ماددەی بیست و یەکەم

ڕێکخستنی نهێنی : کۆمیتەی ناوەندی ڕێنمایی تایبەتی دەربارەی ڕێکخستنی نهێنی پارتی دەردەکات بە مەبەستی پاراستن و مسۆگەرکردنی بەردەوامبوون و چوست و چالاکییەکەی.

## بەشی دەیەم

## دارایی پارتی

### ماددەی بیست و دووەم

١. دارایی پارتی لەمانە پێك دێت:
أ. ئابوونەی هاتنەڕیزی پارتی و ئابوونەی مانگانە، کە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە ڕێژەکەی دیاری دەکرێ.
ب. کۆمەك و پیتاك.
ج. نرخی چاپەمەنییەکانی پارتی.
د. قازانجی ئەو چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتیانەی کە پارتی سازی دەدا.
ه. قازانجی ئەو پرۆژانەی پارتی هەڵیاندەسووڕێنێ.
٢. پێویستە لێژنەی ناوچە و لق و کۆمیتەی ناوەندی، (سجلات)ی تایبەتییان هەبێ کە بودجەی تێدا نیشان بدرێ و ئەندازەی داهات و خەرجکردنی تێدا تۆمار بکرێ.
٣. مەکتەبی ناوەندی بەڕێوەبردن و دارایی ئەندازە و چۆنیەتی خەرجکردن دیار دەکا و لەم بارەوە ڕێنوێنی تایبەت دەردەکا.

# بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دوازدەی
# پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان کارەکانی دوازدەیەمین کۆنگرەی کۆتایی هێنا، کە لە ماوەی (٦) بۆ ١٩٩/١٠/١٤ لە شاری هەولێر بەسترا، بەم بڕیار و ڕاسپاردانە دەرچوو:

**بڕیار دەربارەی پاراستنی ئەزموونی دیموکراتی و سووربوون لەسەر فیدراڵیەت:**

کۆنگرە بڕیاری دا، بە زەرورەتی پاراستنی ئەزموونی دیموکراتی و پشتیوانیکردنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان، کە خۆی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەنوێنێ و خەبات لە پێناو پارێزگاریکردنی، ئەو دەستکەوتانە و کارکردن لەسەر پەرپێدان و بەهێزکردنی دامەزراوە شەرعییەکان و چاککردنی کارکردنی و هەروەها قووڵکردنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت و ئەو فرە حزبیەی ماوە لە کوردستاندا.

هەروەها کۆنگرە بڕیاری لەسەر سووربوون بە فیدراڵیەتەوە دا، وەك شێوازی پەیوەندی کوردستان بە حکومەتی ناوەندییەوە، کە گەلی کوردستان لە ڕێگای پەرلەمانەوە هەڵبژێردراوەکەیەوە بڕیاری لێداوە و کۆنگرە بانگێشتی کرد، بۆ بڕیارلێدانی ڕێگا چارەی گەلەکەمان لەبۆتەی یەکێتی عێراق و لە چوارچێوەی فرەلایەنییە پەرلەمانییە دیموکراتییەکەیدا، کۆنگرەش داکۆکی لەوە کرد کە پارتی لە پێناو بڕیارلێدانی ئەم مافە بە ڕێگا ئاشتیخوازەکان خەبات دەکات، لە پەرۆشیەوە بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو نەهامەتی و کارەساتانەی لە ڕابردودا بەسەر گەلەکەمان هاتن.

**بڕیار دەربارەی ئاشتی ناوخۆ:**

کۆنگرە داکۆکی لەسەر ڕێبازی ئاشیخوازانەی پارتیمان کرد، لە چارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکان لەسەر بنچینەی گفتوگۆ و چارەسەری دیموکراسییانە و گەڕانەوە بۆ ڕای گەل و کۆنگرە بڕیاری بەردەوامبوونیدا، لە پرۆسەی ئاشتەوایی و بەکارهێنانی هەموو کۆششێك لە پێناو جێبەجێکردنی تەواوی ڕێکەوتنی مێژوویی (واشنتۆن)ی، نێوان پارتیمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پێناو گەیشتن بە ئاشتییەکی گشتگیر و دادوەرانە و کۆتاییهێنان بە ڕەوشی نائاسایی ئێستا و بەرپاکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی یەکگرتوو، پێچەوانەی لاپەڕەی شوومی شەڕی ناوخۆ کە زیانێکی زۆری بە گەلەکەمان و ئەزموونە

ساواكەی گەیاند.

**دەربارەی بڕیاری (٩٨٦):**

أ. كۆنگرە داكۆكی لەسەر گرنگی بڕیارە نێودەوڵەتییەكان كرد، كە كاریگەری لەسەر ژیانی گەلەكەمان هەبووە، نەخاسمە بڕیاری (٩٨٦) كە كاریگەرییەكی زۆری لەسەر گوزەران و تەندروستی و ژیانی هاووڵاتییانی كوردستان هەیە، بۆیە كۆنگرە داوا لە نەتەوە یەكگرتووەكان دەكا پەرە بە هەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی هەرێم لە بواری جێبەجێكردنی بڕیارەكەدا بكات، هەروەها داوای مسۆگەركردنی بەردەوامبوونی بەشی كوردستان لە داهاتەكان بە گوێرەی ئەم بڕیارە دەكا و داكۆكی زیاتریش لەسەر دووبارە ئامادەسازی ژێرخان و پڕۆژە بەرهەمهێنەكان دەكات.

ب. بۆ مسۆگەركردنی سەلامەتی گەلەكەمان و دووبارە نەبوونەوەی تووشبونی، بە نەهامەتی و هەڵمەتەكانی لەناوبردن و چەوساندنەوە، كۆنگرە داوا لە نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەكا بۆ كاراكردنی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، كە چەوساندنەوەی عێراقییەكان و بەتایبەتیش گەلی كوردستان حەرام دەكات.

**بڕیار دەربارەی قوربانیانی ئەنفال و پڕۆسەكانی بە عەرەبكردن:**

كۆنگرە ڕایسپارد كە هەوڵەكان بەردەوام بن بۆ ئاشكراكردنی چارەنووسی قوربانیانی ئەنفال و بارزانییەكان و قەرەبووكردنەوەی خێزانەكانیان و، لایەنە پسپۆڕەكانی ڕاسپارد بە گرنگیدان و چاودێریكردنی پێویستی كەس و كاری قوربانییەكان، هەروەها ڕایسپارد بۆ كۆتایی هێنانی ئازاری كوردە فەیلییەكان و گێڕانەوەی مافی هاوڵاتێتی عێراقی و پێدانەوەی موڵك و ماڵەكانیان.

كۆنگرە بە عەرەبكردن و ڕاگواستن و كردارەكانی دیكەی گۆڕینی مۆركی نەتەوەیی و مێژوویی لەناوچەكانی (كەركوك، خانەقین، مەخموور، شێخان، مەندەلی و شوێنەكانی تر) ئیدانە كرد، و داوای لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كرد بۆ ڕاگرتن و نەهێشتنی شوێنەوارەكانی و هەروەها سڵاوی نارد بۆ ڕۆڵە خۆڕاگرەكانی گەلەكەمان لەو ناوچانەدا.

**دەربارەی نوێکردنەوەی کاری دامەزراوە حزبی و حکومییەکان:**

کۆنگرە پڕۆسەی گۆڕین و نوێکردنەوەی بەرز نرخاند، کە سەرۆك بارزانی لە شوباتی ڕابردوە و ڕایگەیاند و داکۆکی کرد لەسەر پێوە پابەندبوون و درێژەپێدان بە پڕۆسەی گۆڕانکاریی و چاکسازی لەسەر بنچینەی دامەزراوەیی (موئەسەساتی)و نوێکردنەوەی کاری نووسینگەکانی پارتی و حکومەت، لە پێناو بەدیهێنانی حوکمی دامەزراوەکان و ڕێکخستنی ژیانی گشتی و هەنگاونان، بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕایسپارد کە لە دوای کۆنگرە ئیجرائاتی ئیداری بەرفراوان بکرێ و ئەم بڕیارانەی خوارەوەشی دا:

١. هەڵبژاردنی ئازادانەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بە گوێرەی یاسای تایبەت بەوەوە، کە لە پەرلەمانەوە دەرچوو ئەنجام بدرێ.
٢. دامەزراندنی دادگایەك بۆ قەزای ئیداری.
٣. گرنگیدان بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پێشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست بۆیان.
٤. دامەزراندنی ئەنجومەنی خزمەت.
٥. گرنگیدانی تەواو بە چاودێری دارایی و ئیداری و پەرەپێدانی دەزگا پسپۆرەکانی ئەو بوارە.
٦. پەرەپێدان و چاککردنی کاری دامەزراوە حزبی و ڕەسمییەکان کە مۆرکێکی کۆمەڵایەتییان پێوەیە وەك دەزگای شەهید و، دەزگای ئەیلول و نیزامی خانەنشینکردنی کادیران، هەروەها کۆنگرە هەوڵی پارتی بۆ دامەزراندنی دەزگای شەهید و ئەو خزمەتە گەورانەی کە پێشکەشی بنەماڵەی شەهیدانی دەکا بەرز نرخاند و دووپاتیشی کردەوە، کە پێویستە دەزگای ناوبراو لە هەموو لایەنەکانەوە پەرەی پێ بدرێ، ئەوەش لە پێناو بەدیهێنانی چاودێری تەواوی کەس و کاری شەهیدان.
٧. ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و حزبی، لە ڕێگای پراکتیزە کردنی یاسای پارتی و کۆمەڵەکان، یاسای هەڵگرتنی چەك و یاسای چاپەمەنی و یاساکانی تری پەیوەندار و داڕشتنی یاسای تر ئەگەر پێویست بوو.
٨. ڕێزگرتنی تەواوی پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاراستنی سەربەخۆیی قەزا و دەستەبەرکردنی کەشی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە.
٩. دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی پارتی بە فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەماندا.

١٠. زیادکردن و تێکەڵکردنی هەندێ وەزارەت و دامەزراندنی ئەنجومەنی نەخشەدانان و، بەدواداچوون و گرنگیدان بە ئەنجومەنی خوێندنی باڵا و زانکۆ و پەیمانگاکان.

١١. گرنگیدان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کەلەپوورەکەی کە بە درێژایی سەدەکان، کوردی پێ دەوڵەمەند بووە و ڕێزگرتنی زانایان و پیاوانی ئاینی و کۆششکردن بۆ سەرپەرشتیکردن و، پوختکردنەوە و گەشەپێدانی پەیمانگا و کولێژ و قوتابخانە ئاینیەکان و بنیاتنانەوەی ئەو مزگەوت و شوێنە ئاینیانەی کە تێکدراوە.

کۆنگرە جەختی لەسەر دوورخستنەوەی کاری سیاسی حزبیان لە مزگەوتەکان کرد، لە پێناو ئەوەی بە دڵنیایی و ئارامییەوە عیبادەتیان تیدا بکرێ. هەروەها کۆنگرە داکۆکی لەسەر ڕێزگرتنی هەست و نەریتی هەموو تایفە ئاینی و مەزهەبییەکان و کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردەیی ئاینی بۆ پتەوکردنی برایەتی و خۆشەویستی و گرنگیدان، بە شوێن و پەرستگاکانیان و زامنکردنی ڕێز و حورمەتیان.

١٢. پشتیوانیکردنی مافە ڕۆشنبیری و ئیدارییەکانی تورکمان و ئاشوری و کلدانەکان.

١٣. هەوڵدان لە پێناو چارەسەرکردنی گرفتەکانی بێکاری و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و کارکردن لەسەر دووهێندەکردنی داهاتەکانی هەرێم و جەختکردن لەسەر پڕۆژەکانی گەشەپێدان و کردنەوەی ئەو وەزارەت و دەزگایانەی بۆ ئەو مەبەستە پێویستن.

١٤. کارکردن لە پێناو بەشداریکردنی ئافرەت لە دەستە و چالاکییە حزبی و حکومییەکان و بوارە ڕەخساوەکانی تردا.

١٥. گرنگیدان بە هونەرەکان و وەرزش و ئەدەب و هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری و بوارەکانی چالاکی جەماوەری و پیشەیی و پشتیوانی و سەرپەرشتیکردنی ئەو ڕێکخراوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن، کۆنگرە بە تایبەتیش داکۆکی لەسەر گرنگیدان بە ڕێکخراوی پیشەیی و جەماوەرییەکان کرد کە بەشێکی کاریگەری کۆمەڵگەی مەدەنی پێك دەهێنن.

**بڕیار دەربارەی پشتیوانیکردنی خەباتی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا:**

کۆنگرە هاوکاری خۆی دەربڕی لەگەڵ خەباتی گەلی کوردستان، لە پارچەکانی تر و پاڵپشتیکردنی بۆ هەر پەرەسەندنێکی ئاشیخوازانە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر پارچەیەك بەو پێیەی لەگەڵ ویست و دوخی گەلی کوردستان و حکومەتە پەیوەندارەکانی هەر وڵاتێك دەگونجێ، بە داکۆکی لەسەر خەباتکردن بە ڕێگە ئاشتیخوازانەی و گفتوگۆ و لۆجیکی سەردەم و، دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی کارکردن، بۆ بەدەستهێنانی هاریکاری نێودەوڵەتی لەگەڵ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان، کە ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە، لەو باوەڕەوە

که وا بەدیهاتنی ئاشتییەکی گشتگیر و هەمیشە لەناوچەکەدا بە دۆزینەوەی چارەسەری دیموکراسی و دادوەرانەی کێشەی کوردەوە پێوەستە. هەروەها کۆنگرە ڕایسپارد بە گرنگی دانی زیاتر، بە پەیوەندییە کوردستانییەکان لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێز و پارتە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان کە ڕێبازی دیموکراسی و فرەلایەنیان گرتۆتەبەر.

**بڕیار دەربارەی پەکەکە:**

کۆنگرە لە بەردەم ئەو زیانە یەکجار زۆرە ڕاوەستاوە، کە پەکەکە بە ئەزموونی کوردستانی عێراق و دامەزراوە مەدەنییەکان و هاووڵاتییانی گەیاندووە، لە ئەنجامی پیلانگێڕییەکەی دژی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی تیرۆر و کاری تێکدەرانە لە دژی ئەو دامەزراوە و هاووڵاتیە بێچەکانە و لە هەر کوێ دەستی گەیشتبێ گوند و کۆمپانیا حکومییەکانی تێکداوە، ئەوەش بۆ ئاستەنگکردنی پەرەسەندنی ئەزموونی هەرێم کە تەنانەت بە ئاشکراش بانگەوازی بۆ ڕووخاندنی قەوارەی فیدراڵی ڕاگەیاند.

لەو سۆنگەیەوە، کۆنگرە تەئکیدی لەسەر سیاسەتی پارتی و ئیدانەکردنی دوژمنکارێتی پەکەکە کردووە و جەختیشی کرد بۆ پاراستنی ئەزموونی ئێستای کوردستان و سەلامەتی گیان و بەرژەوەندی هاووڵاتییانمان، پێویستە پەکەکە بە یەکجاری کوردستانی عێراق جێ بهێڵێ.

**دەربارەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و داهاتووی عێراق:**

کۆنگرە داکۆکی لەوە کرد کە پارتی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی بەرپرسیارە، لە پێناو عێراقێکی دیموکراسی تەعەددودی فیدراڵیەت خەبات دەکا، هەروەها بە پەرۆشییەوە بۆ پاراستنی ئەزموونی دیموکراتی و ئاسایشی گەلی کوردستانەوە دەست بە کارە، لە هەمان کاتدا پارتی لە کارلێکی (تفاعل)ی ئیجابیانە لەگەڵ لایەنە ڕەسەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەردەوام دەبێ، لە پێناو دۆزینەوەی چوارچێوەیەك بۆ ئۆپۆزسیۆن کە داهاتووی عێراق تاوتوێ بکا، لەسەر بنچینەی یەکێتی خاك و پەرەسەندنی دیموکراسیانەی و زامنکردنی مافی گەلی کوردستان لە فیدراڵیەت دا.

هەروەها کۆنگرە تەئکید لەسەر هاوسۆزی تەواوی لەگەڵ مەینەتیەکانی گەلی عێراق دەکا، لە ئەنجامی ئابڵوقەی سەپێنراو و لایەنگیری خۆی بۆ هەموو سووك کردنێکی ئەو مەینەتیانە

نوێ دەکاتەوە.

دەربارەی پەیوەندییە عەرەبی و ئیقلیمی و ئیسلامییەکان:

کۆنگرە داکۆکی لەسەر گرنگی چاککردن و پتەوکردنی پەیوەندی پارتیمان، لەگەڵ هێزە عەرەبی و هەرێمایەتی و نێودەڵەتییەکان کردووە، لە پێناو دۆزینەوەی پشتیوان و هاریکاری گەورەتر لەگەڵ دۆزی گەلەکەمان و لەم بارەشەوە چەندین بڕیاری وەرگرت لەوانە:

١. کۆنگرە بە ئیجابیەوە پێشکەوتنی پارتی لە بواری پەیوەندییە عەرەبیەکاندا هەڵسەنگاند و، داکۆکی لەسەر گرنگی پەرەپێدانی و گرنگیدان و قووڵکردنەوەی گفتوگۆی (عەرەبی ـ کوردی) و پتەوکردنی هاوکاری یەکدی کردەوە.
هەروەها کۆنگرە پاڵپشتی خۆی بۆ پڕۆسەی ئاشتەوایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربڕی، بە تێڕوانینەوە بۆ سەرکەوتنی دانوستانەکانی ئاشتی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، بە شێوەیەك کە ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو گەلانی ناوچەکە زامن بکات، هەروەها کۆنگرە داکۆکی لەسەر هاوسۆزی لەگەڵ مافەڕەواکانی گەلی فەڵەستین کرد، بە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر خاکی خۆی بە ڕزگارکردنی قودسیشەوە.
٢. کۆنگرە ڕایسپارد بە گرنگیدان بە نووسینگەکانی دەرەوەی پارتیمان و، حکومەتی هەرێم و چاککردنی میکانیزمی کارکردن و دەوڵەمەندکردنی بە توانا و کادیر و کەرەستەی پێویست، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی هەروەها کۆنگرە ڕایسپارد بە یەکخستنی ناوەندی ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوە.
٣. کۆنگرە تەئکیدی لەسەر گرنگی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان و، پەرەپێدانی بۆ خزمەتی ئەزموونی گەلەکەمان کرد و هەروەها دووپاتی کردەوە، کە بە ڕێزێکی زۆرەوە دەڕوانێتە پەیوەندییەکان و لێك گەیشتن و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا و، لەم بارەیەوە ڕایسپارد بە پەرەپێدانی ئەو پەیوەندیانەی بەپێی سیاسەتیکی ژیرانەی هاوسەنگ، لەسەر بنچینەی دراوسێیەتی چاك و ڕێز لە یەکدی گرتن و بەرژەوەندی هاوبەش و دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆی یەکترەوە.
٤. کۆنگرە داکۆکی لەسەر ئەوە کرد کە گەلی کورد و کوردستان بەشێکن لە جیهانی ئیسلامی، بۆیە پارتی پەرۆشی بنیاتنانی پەیوەندی پتەوی برایانەیە، لەگەڵ گەلان و حکومەتە ئیسلامییەکان و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و هەموو لایەنەکانی تری ئیسلامی، و پارتی داوا لەو لایەنانە دەکات هاوکار بن لەگەڵ کێشە ڕەواکەمان و

پشتیوانی ئەزموونەکەمان بکەن.

**دەربارەی سیستەمی نوێی نێودەوڵەتی:**

کۆنگرە تاوتوێی ئەو پەرەسەندنانەی کرد کە لە جیهاندا ڕوویانداوە و، ڕوودەدەن کە ئاراستەیان بەرەو پاڵپشتی کردنی زیاتری دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و پلۆرالیزم (فرەلایەنی) و، مافی بڕیاردانی چارەنووس و پشتیوانی کردنی خەباتی گەلان و کەمینەکان و ئەتنیە چەوساوەکان، هەروەها کۆنگرە لایەنگیری خۆی بۆ بۆچوونە تازەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەخالەتی مرۆیی دەربڕی، لە پێناو پاراستنی گەلان و ئەو کەمینانەی دووچاری لەناوبردن و چەوساندنەوە دەبنەوە.

کۆنگرە دانی نا بە پێویستی کارلێکی (تفاعل) لەگەڵ سیستەمی نوێی جیهانی و، بەدواداچوونی کارتێکردنە ئاڵوگۆڕەکان کە لە ئەنجامی پێکەوە بەستنی جیهان، لەسەردەمی جیهانگەراییدا ڕوو دەدا کردووە و داکۆکیشی لەسەر زیاتر کرانەوە و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ کردەوە، هەروەها کۆنگرە سڵاوی نارد بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی هاوپەیمان، بۆ ئەو پشتیوانی و پاراستنەی لە گەلی کوردستانی عێراقی کرد، هەروەها کۆنگرە سڵاوی لە حکومەت و پەرلەمان و پارت و هێزە جۆراوجۆرەکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی کرد بەرامبەر بە تێگەیشتن و هاوکاریان لەگەڵ کێشەی گەلەکەمان، هەروەها لایەنگیری خۆی بۆ دەخالەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەربڕی بۆ فریاکەوتنی گەلی کۆسۆڤۆ و گەلی تەیموری ڕۆژهەلات.

کۆنگرە سوپاس و پێزانینی بۆ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەربڕی، کە یارمەتی پڕ سەخاوەتیان لە تەنگژەدا پێشکەشی گەلەکەمان کرد، چ لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ یا خود لە دەمی جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦)ەوە، دەبێ.

**بڕیاری هەمەجۆر:**

١. ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی لق و ڕێکخراوەکانی پارتیمان.
٢. گەڕانەوە بۆ دابەشبوونی جوگرافیایی لە ڕێکخستنی حزبیدا.
٣. دامەزراندنی دەزگایەك بۆ ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕێکخستن و یەکخستنی دەزگای ڕاگەیاندنی پارتی و، هەروەها پشتیوانی و پەرەپێدانی سەتەلایتی کوردستان و هاندانی پڕۆسەی نوێ کردنەوەی ڕاگەیاندنی ئێستا، بەوەی کە زیاتر کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و

تەكنۆلۆژیای تازەی بخرێتە ناو، هەروەها كۆنگرە بڕیاریدا سەنتەری لەچاپدانی كتێب و دانراوە هەمەجۆرەكان یەك بخرێ، كە لەسەر خەرجی پارتیمان دەردەچن.

٤. تابلۆی هەموو شارەكان و ڕێگا گشتییەكان بە زمانی كوردی بنوسرێن.

٥. هەندی ڕاستكاری (تعدیلات) لە ئاڵا و دروشمی پارتیدا كران و كۆنگرە پەسندی كردن.

## بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی دوازدەی
## پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژانی (٦ تا ١٤)ی ئەم مانگە، تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق و، لە ژێر دروشمی (ئاشتی، ئازادی، دیموکراتی)دا، دوازدەیەمین کۆنگرەی خۆی گرێ دا.

کۆنگرەکە بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز و دەقیقەیەك وەستان، بۆ گیانی پاکی شەهیدانی پارتی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و، لە سەریانەوە ڕابەری مێژوویی و دامەزرێنەری پارتی، **مستەفا بارزانی** نەمر و سەرکردەی هەردەم زیندوو **ئیدریس بارزانی** دەستی پێکرد.

کۆنگرەکە دوای هەڵبژاردنی ناوخۆییەکان و ئامادەباشییەکی فراوان بەسترا، کە تەعبیری لە باوەڕ و ڕێزی پارتی دەکرد بە دیموکراسیەتی هەڵبژاردن و، ئامادەیی تەواوی بۆ قەبوڵکردن و ڕێز لێگرتنی ڕەئی قاعیدە، هەروەها تەعبیری لە وردبینی و بڕیاری مەدروسی پارتی دەکرد، بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ ئەم قۆناغە نوێیە و بەرەو پێشوازی سەدەی نوێ.

جێگای شانازییە بۆ پارتیمان کە دوای (٥٣) ساڵ تەمەن، بەوپەڕی چالاکی و چابوکی و بە گیانی نوێخوازییەوە، بە نوێنەرایەتییەکی فراوانەوە داخلی دوازدەیەمین کۆنگرەی خۆی بێت، بە جۆرێك نوێنەرانی هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە بوون، بە تایبەت ئافرەتان کە بە ڕێژەیەکی گرنگ کە لە (٨٪)ی نوێنەران زیاتر بوون بەشدارایان کرد.

لە دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و، ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی کە لە کوردستان کار دەکەن و، هەروەها نوێنەرانی حزبە کوردستانی و عێراقییەکان و سەدان کادیر و تێکۆشەری دێرین و کەسایەتی ناسراو جگە لە ئەندامانی کۆنگرە ئامادە بوون.

لە سەرەتادا سەرۆك بارزانی بە وتەیەك کۆنگرەکەی کردەوە و، تیایدا تەئکیدی لەسەر پاراستنی ئەزموونی دیموکراتی گەلەکەمان و سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی و، ڕێزگرتنی فرە حزبایەتی و ئازادی و باڵادەستی یاسا کردەوە.

لە کۆنگرەکەدا جگە لە چەندین وتاری پیرۆزبایی، ژمارەیەکی یەکجار زۆر پەیام و

برۆسکەی پیرۆزبایی خوێندرانەوە، کە لە حکومەت و پەرلەمان و حزبە حوکمڕانەکان و کەسایەتییە ناودارەکانی ئەمریکا و، ئەوروپا و دەوڵەتانی عەرەبی بە تایبەت میسر و فەلەستین و، هەروەها لە حزب و کەسایەتییە دۆستەکانی سوریا و ئێران و تورکیا و لە خزمەتی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و لە ڕۆڵەکانی جالیەکانی کورد لە وڵاتانی جۆراجۆرەوە ئاراستەی کۆنگرە کرابوون.

هەموو ئەو پەیامانە تەعبیریان لە قووڵی و فراوانی پەیوەندییە کوردستانی و عێراقی و عەرەبی و، ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی پارتی و ئەو پلەو پایە گەورە و بەڕێز دەکرد، کە پارتی و ڕۆڵی کاریگەری سیاسییانەی پارتی پێ ناسراوە، هەروەها تەعبیریان لە ڕێز و ستایشی دۆستان و هاوڕێیان دەکرد، بۆ ئەو سیاسەتە واقعی و نەرم و هاوسەنگی کە پارتی پەیڕەوی دەکات.

دانیشتنەکانی کۆنگرە بە ڕاپۆرتێکی گرنگی سەرۆك بارزانی و دواتر خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی دەستی پێ کرد، کە هەموو لایەنەکانی خەباتی ڕێکخراوەیی و دەستکەوتەکانی نێوان دوو کۆنگرە و چەندین پێشنیازی پێویستی لەخۆ گرتبوو بۆ پتەوکردنی ڕێکخستن، هەروەها ڕاپۆرتەکە چالاکییەکانی مەکتەبەکان و لقەکانی پارتی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و، ڕەوشی بەهێز و پەرەسەندنەوەی لەشکری کوردستانی لەخۆ گرتبوو، هەروەها ڕاپۆرتی پەرلەمان کە سەرکەووتوانە درێژەی بە کارەکانی داوە و یاسا و بڕیارە پێویستەکانی، بۆ ڕێکخستنی کاروباری هەرێم داڕشتووە و هەروەها ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێم و، کاروچالاکییەکانی لە هەموو بوارەکاندا و پێشنیاز و، بیروبۆچوون دەربارەی چۆنیەتی باشتر بەڕێوەچوونی ئەرکەکانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بە هاووڵاتییان و، چاککردنی گوزەرانیان و درێژەدان بەو بایەخە جیدییەی بە هەموو بوارەکانی ژیانی داوە، بەتایبەتی تەندروستی و پەروەردە.

کۆنگرە دووپاتی کردووە کە پێویستە تەجروبەی دیموکراسی و دەستکەوتی فیدراڵیزم بپارێزرێ و، پشتیوانی خۆی بۆ پەرلەمان و حکومەت و گەشەپێدانی گشت دامەزراوە شەرعییەکان نوێ کردەوە.

کۆنگرە بە تایبەتی و بە گرنگی لەسەر پرۆسەی ئاشتی ناوخۆیی ڕاوەستا و، سیاسەتی ئاشتیخوازانەی پارتی لە پێناوی چارەسەری کێشەی ناوخۆ، لەسەر بنەمای گفتوگۆ و چارەسەری دیموکراتی و گەڕانەوە بۆ ڕای گەلی پەسند کرد. هەروەها پارتی ئەو پەڕی ئیلتیزامی خۆی بە ڕێکەوتننامەی ئاشتی (واشنتۆن) و، جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی نوێ

کردەوە.

کۆنگرە بە تەواوی بڕیاریدا ئەو پرۆسەی گۆڕانکاری و چاکسازی و نوێ کردنەوەیەی، کە سەرۆك بارزانی لە مانگی شوباتی ڕابردودا ڕایگەیاند، جێبەجێ بکرێت و درێژە بە گۆڕانکاری و چاکسازی بدرێت، لەسەر بنەمای کاری موئەسەساتی و، نوێ کردنەوەی شێوازی کاری دەزگا و دامەزراوەکانی حزب و حکومەت. کۆنگرە ئەم پرۆسەیەی پەسەند کرد لە پێناوی بەرقەراربوونی حوکمی موئەسەسات و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تەنانەت خودی کۆنگرە بۆ بڕیاردانی ئەو پرۆسەی گۆڕانکارییە بەسترا و، بڕیاریشی دا کە کۆمەڵێك هەنگاوی گۆڕانکارانە لە ڕووی ئیداری و هەڵبژاردنی حزبییەوە، پاش کۆنگرە درێژەی پێ بدرێت، لەو پێناوەشدا و بۆ ئەوەی فراوانترین دەرفەت بۆ بەشداربوونی هاووڵاتییان لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بڕەخسێت، کۆنگرە چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی پەسند کرد، لەوانە:

١. ئەنجومەنی شارەوانیەکان بەپێی یاسای پەرلەمان بە ئازادی هەڵبژێردرێن.
٢. دادگایەکی نوێی قەزایی ئیداری دابمەزرێت.
٣. نێوەندێك یا دامەزراوێك بۆ چاودێری مافی مرۆڤ دابمەزرێت کە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکی پارتی بێت.
٤. مەجلیسی خدمە (ئەنجومەنی خزمەت) دابمەزرێت.
٥. گرنگییەکی تەواو بە چاودێری دارایی و ئیداری بدرێ و لێژنە و دەزگا پەیوەندارەکانی ئەو بوارە گەشەیان پێ بدرێت.

جگە لەمانە کۆنگرە بایەخێکی گرنگی بە پەرەپێدان و چاککردنی ئەو دامەزراوە ڕەسمی و حزبیانەدا، کە مۆرکێکی کۆمەڵایەتی گشتییان پێوەیە وەك دەزگای شەهید و دەزگای ئەیلول و سیستەمی خانەنشینی کادیران.

هەروەها کۆنگرە پەسەندی کرد کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە هەرێمدا بەپێی یاسای حزبەکان و یاسای کۆمەڵەکان و یاسای چەك هەڵگرتن و، یاسای چاپەمەنی و یاسا پەیوەندارەکانی دیکەی پەرلەمان ڕێك بخرێت، کە ماف و ئازادییە تاکە کەسی و گشتییەکان و ئاسایش و ئارامی لە هەرێمدا مسۆگەر دەکەن.

کۆنگرە مەبدەئی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاراستنی سەربەخۆیی قەزا و، باڵا دەستی یاسا و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤی بە بایەخێکی زۆرەوە پەسەند کرد و،

لەوبارەیەشەوە کۆمەڵێك ڕاسپاردە و پێشنیاری پەسند کرد دەربارەی تێکەڵکردنی چەند وەزارەتێك و زیادکردنی چەند وەزارەتێکی دیکە، وەك (وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی) ئەمانە جگە لە هەوڵدان لە پێناوی نەهێشتنی بێکاری و دیاردە کۆمەڵایەتییە ناپەسەندەکانی دیکە.

لەسەر ئاستی پەرەپێدانی خەباتی ڕێکخراوەیی، کۆنگرە چەند دەستکاری و گۆڕانکارییەکی بەسەر پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتیدا هێنا، بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمە پێشکەوتنی کۆمەڵ و فراوانبوونی پارتی، لە ڕووی ڕێکخراوەیی و جەماوەرییەوە بگونجێ.

هەروەها کۆنگرە بڕیاری دا موئەسەسەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دابمەزرێت، بۆ ڕێکخستنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی، هەروەها تەئکیدی لەسەر گرنگی و بایەخپێدانی و پێشخستنی تەلەڤیزیۆنی سەتەلایەتی کوردستان کردەوە، ئەمانە جگە لە هاندانی ئەو پرۆسەی نوێ کردنەوەی ئیعلامییەی ئێستا لە ئارادایە، وەك کار پێکردنی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و سوود وەرگرتن لە هۆیەکانی گەیاندن و تەکنۆلۆجیای نوێ، لە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندنی خوێندراو و بیستراو و بینراودا.

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی کۆنگرە بایەخێکی فراوانیدا بە ڕۆڵی ئافرەت و بەشدارکردنی لە چالاکی و ڕێکخستن و دەزگاکانی حزب و کۆمەڵ بە گشتی، هەروەها بایەخدان بە جۆشدانی خەبات لە نێوەندەکانی قوتابیان و لاوان و وەرزش و هونەر و، فێربوون و تێکڕای بوارەکانی دیکەی جەماوەری و پیشەیی.

کۆنگرە تەئکیدی لەسەر ڕێبازی لێبوردەیی پارتی کردەوە دەربارەی ڕێزگرتنی تەواو، لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی و ڕێزگرتنی مافی عیبادەت و ئازادی ئاینی، بۆ هەموو ئاین و ئاینزا و تایفە دینییەکانی هەرێم، هەروەها پشتیوانی خۆی بۆ مافە کولتووری و ئیدارییەکانی تورکمان و ئاشوری و کلدانییەکان نوێ کردەوە.

کۆنگرە لە باشترین شێواز بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦)ی کۆڵییەوە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گوزەران و بژێوی و ژیانی هاووڵاتییان هەیە. کۆنگرە داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم، لە بواری سەرپەرشتی و جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا پتەوتر بکات و، بەشی کوردستان لە داهاتی بڕیارەکە بەردەوام و مسۆگەر بێت و بایەخی سەرەکی، بە بنیاتنانەوەی ژێرخان و پڕۆژە بەرهەمدارەکان بدرێت.

هەروەها کۆنگرە داوای کرد بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کاری پێ بکرێت. کۆنگرە شاڵاوی تەعریب و تەرحیلی لە ناوچەکانی (کەرکوك، خانەقین، مەخموور، شێخان، سنجار و جێگاکانی تر) ئیدانە کرد و داوای کرد ئەو شاڵاوە ڕابگیرێ و هەموو ئاسەوارەکانی تێکدانی مۆرکی کوردانەی ئەو ناوچانە بسڕدرێتەوە.

کۆنگرە هاوخەمی خۆی بۆ مەینەتییەکانی گەلی عێراق بە هۆی ئابلۆوقەی نێودەوڵەتییەوە، دەربڕی و داوای کرد ئەو مەینەتییانە کەم بکرێتەوە و باری ژیانی عێراقییەکان بە گشتی چاك بکرێت. کۆنگرە جارێکی تر پابەند بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان دەربارەی فیدراڵیزم دووپات کردەوە، کە ڕێکخستنی جۆری پەیوەندی بە حکومەتی ناوەندییەوە لە چوارچێوەی عێراقێکی تەعەددودی پەرلەمانی دیموکراتیدا. کۆنگرە داوای کرد ڕێزی مافی گەلی کوردستان لە فیدراڵیزمدا بگرێت لە چوارچێوەی سەروەری عێراقدا.

کۆنگرە دووپاتی کردەوە کە پارتی هەردەم لەگەڵ چارەسەری بە گفتوگۆ و، ئاشتیانە و دیموکراسی دۆزی کوردایە لە چوارچێوەی فیدراڵیزم و دیموکراسی و تەعەددودیەتدا. لەسەر ئاستی ئۆپۆزسیۆنی کۆنگرە تەئکیدی کردەوە کە پارتی هێزێکی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆنی ڕەسەنە بە مەسئولیەتەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا مامەڵە دەکات، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی داهاتوویەك بۆ عێراق کە لەسەر بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی و گەشەسەندنی دیموکراسی و مسۆگەربوونی مافی کورد لە فیدراڵیزمدا دامەزرێت.

کۆنگرە پشتیوانی خۆی بۆ گەلی کورد لە هەموو پارچەکاندا ڕاگەیاند و، پشتگیری خۆی نیشاندا بۆ هەر پێشکەوتنێکی ئاشتیانە بەرەو چارەسەرکردنی دۆزی، لە هەر پارچەیەکدا بە جۆرێك لەگەڵ خواست و هەلومەرجی ئەو پارچەیەی گەلی کوردستان و حکومەتی ئەو وڵاتەدا بگونجێ.

کۆنگرە ڕێزێکی زۆری دەربڕی بۆ پەیوەندی و لەیەکگەیشتن و دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا و، داوای کرد ئەو پەیوەندیانە لەسەر بنەمای سیاسەتێکی عەقڵانی هاوسەنگ و، لەسەر بنەڕەتی هاوسێیەتی و ڕێز گۆڕینەوە و دەخاڵەت نەکردن لە کاروباری ناوخۆی یەکتردا پتەوتر بکرێن. هاوکات کۆنگرە تەئکید لەسەر بەها و باوەڕە نیشتمانییە نەگۆڕە عێراقیەکانی پارتی کردەوە و تەئکید لەسەر دژایەتی تیرۆر و پاراستنی مافی مرۆڤ کردەوە.

کۆنگرە لایەنگیری و پشتیوانی بۆ پرۆسەی ئاشتی لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت دەربـڕی و ئۆمێدی خواست، وتـووێژی ئاشـتی نێـوان دەوڵەتـە عەرەبیـەکان و ئیسرـائیل بـە ئاشـتییەکی گشتی و سەرتاسەری بگات، کە ماف و بەرژەوەندی تەواوی گەلانی ناوچەکە مسۆگەر بکات، کـۆنگرە جـارێکی تـر هاوسـۆزی و پشـتیوانی بـۆ مافـە ڕەواکـانی گـەلی فەڵەسـتین و، مـافی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی خۆی لەسەر خاکی نیشتمانەکەی نوێ کردەوە.

کـۆنگرە لەسـەر پێشـهاتەکانی سیسـتەمی نـوێی جیهـانی ڕاوەسـتا، کـە ڕۆژ بـە ڕۆژ بـە ئاراسـتەی پشـتیوانی دیموکراتییــەت و مــافی مــرۆڤ و تەعەدودیــەت و مــافی چــارەی خۆنووسینی گەلان و، پشتگیری خەباتی گەلان و کەمایەتییە نەتەوەیی و سـتەم لێکـراوەکـان لەسەرتاسەری دنیادا پەرە دەستێنێ.

کۆنگرە لەو باوەڕەدا بوو کە پێویستە مامەڵەی ئیجـابی لەگـەڵ ئـەم سیسـتەمە نوێیـەدا، بکرێ و کاردانەوە و کاریگەرییەکانی سەردەمی یەکبوونی دنیا و جیهانگەرایی ڕەچاو بکرێت و، هەرچی زیاتر دەرگا بە ڕووی ئەو گۆڕانکارییانەدا بکەینەوە و پابەندی ئازادی و مافـەکانی مرۆڤ بین. هەر بەم بۆنەیەوە کۆنگرە سوپاس و سڵاوی خۆی ئاراستەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمان کـرد، بەرامبـەر بـەو هاوکـاری و پارێزگارییـەی بـۆ هـەرێم و گـەلی کوردستانی عێراقیان دەستەبەر کردووە، هەروەها سڵاو و سوپاسی بۆ هەموو ئەو حکومـەت و پەرلـەمان و حـزب و هێـزە ئیقلیمـی و نێودەوڵەتییانـە نـارد، کـە هـەتا ئێسـتا پشـتیوان و هاوکاری دۆزی گەلەکەمان و ئەزموونە دیموکراتییەکەی بوون.

کۆنگرە لەو باوەڕەدا بـوو کـە بـەردەوام پشـتیوانی نێودەوڵـەتی و ڕەسـمی و میللـی بـۆ دۆزی ڕەوای گەلی کورد، لە زیادبووندایـە و هـەر بۆیـەش لـە کـۆنگرەدا ڕاپـۆرتێکی تایبـەت لەسەر دۆزی کورد و ڕەوشی نوێی نێودەوڵەتی خوێندرایەوە.

پاش هەموو ئەمانە و دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سیاسی، یـازدە لێژنـە بـۆ لێکۆڵینـەوەی ڕاپۆرتەکە، لە هەموو ڕووەکانیەوە و لەسەر ئاستـەکانی حزبـی و جـەماوەری و عەسـکەری و پەرلــەمانی و حــوکمی پێکهێــنران، لێژنــەکانیش دوای گفتوگــۆ و لێکۆڵینــەوە، پوختــەی بیروبۆچوون و دەستکاری خۆیان لەسەر ڕاپۆرتـەکان و هـەروەها پێشـنیاز و ڕاسـپاردەکانیان، بۆ کۆنگرە بەرزکردەوە و لە کەشێکی دیموکراتیـدا خرانـە بـەرباس و گفتوگۆ، پاشـان خرانـە دەنگدانەوە و ئەو بڕگانەی پەسندکران بوونە بڕیار.

کۆنگرەی دوازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاشـکاوی و ئاشـکرایی و دیموکراتیـەتـی

گفتوگۆی پێوە دیاربوو، تەنانەت خەڵك لە دەرەوەی کۆنگرەکە زوو بە زوو موتابەعەی کارەکانی کۆنگرەیان دەکرد، چونکە کۆنگرەیەکی نیمچە ئاشکرابوو کە ئەوەش تەجروبەیەکی حزبی کەم وێنەیە لەناوچەکەدا. هۆیەکی دیکەش بۆ بایەخدانی ڕای گشتی و ناوخۆ و دەرەوە و، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی بە کۆنگرە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە پارتی ڕۆڵێکی سیاسی کاریگەر لە عێراق و ناوچەکەدا دەگێڕێ.

لە کۆنگرەکەدا هەڤاڵ **مەسعود بارزانی** جارێکی تر بە سەرۆکی پارتی و هەڤاڵ **عەلی عەبدوڵا** بە جێگری سەرۆك هەڵبژێردرانەوە، هەر لە میانی کۆنگرەکەدا سەرۆك بارزانی مەدالیای بارزانی بە (٣٧) تێکۆشەری دێرین و داهێنەری پارتی و شۆڕشی کورد بەخشی.

پارتی لە کۆنگرەکەی خۆیدا پابەندی یاسای حزبەکان بوو، بەو پێیەی، حزبێکی مۆڵەت پێدراوە لە ڕووی یاساییەوە داوای کرد چاودێری یاسایی لەسەر پڕۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکەی بکرێت و، بۆ ئەو مەبەستە بە بڕیاری وەزارەتی داد (١٢)، دادوەر بە هاوکاری نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری پارتی، ئیشوکاری هەڵبژاردنەکانیان ڕێك خست و بەپێی یاسا و لە ژێر چاودێری دادوەرە بەڕێزەکاندا هەڵبژاردنەکە ئەنجامدرا، کە (١،٤٧٣) هەزار و چوارسەد و هەفتا و سێ نوێنەر بە هەڵبژاردنی نهێنی ئازاد دەنگیاندا، بە (٨٣) ئەندامی خۆپاڵاوتوو کە لە نێویاندا (٣١)، کەس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و (٩) کەس بە ئەندامی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی دەرچوون، پڕۆسەی هەڵبژاردنەکەش لە بەڵگەنامەیەکی یاسایی و ڕەسمیدا تۆمار و پەسەند کرا.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی نیزامیشدا، کۆمیتەی ناوەندی نوێ، بە بەشداری سەرۆك بارزانی و جێگری سەرۆك، جارێکی تر لە ڕێی هەڵبژاردنی نهێنی ئازادەوە (٩) ئەندامیان بۆ مەکتەبی سیاسی نوێ هەڵبژارد، کە ئەوانیش لە نێوخۆیاندا ئەندامێك بە سکرتێری مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرن. لە هەمان کۆبوونەوەدا دەسپێشخەریە ئاشتیخوازییە نوێیەکەی سەرۆك بارزانی، بۆ تەکاندان بە پڕۆسەی ئاشتی ناوخۆ خرایە بەرباس و گفتوگۆ و کۆمیتەی ناوەندی، دەستپێشخەرییەکەی پەسەند کرد و شێوازی جێبەجێکردنی دیاری کرد.

"کۆنگرەی دوازدە"ی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش ئەوەی سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا، سوپاسی خەڵکی بەڕێزی شاری هەولێری کرد، کە بە خۆشحاڵییەوە میوانداری کۆنگرە و ئەندامانی کۆنگرەیان کرد و ڕۆڵیان بینی، لە پاراستنی ئارامی و ئەمنیەتی شارەکەدا بەتایبەتی لەو چەند ڕۆژەدا.

لە کۆتاییدا کۆنگرە سڵاوی نارد بۆ خۆڕاگری نەتەوەی کوردی دلێر و بەتایبەتی گەلی کوردستانی عێراق، کە قوربانی زۆری دا و پشوودرێژی و قارەمانێتی نواند.

هەروەها سڵاوی نارد بۆ گیانی پاکی دامەزرێنەری پارتی و سومبولی نەتەوەی کورد **مستەفا بارزانی** نەمر و یادی هەردەم زیندووی **ئیدریس بارزانی**.

هەروەها سڵاوی نارد بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان و کەس و کاریان. هەروەها سڵاو بۆ هەموو ئەو دوست و برایانەی کە پیرۆزبایی و سڵاویان ئاراستەی کۆنگرە کرد.

کۆنگرە سڵاوی گەرمی نارد بۆ خەڵکی خۆڕاگری ناوچەکانی (کەرکوك، خانەقین، مەخمور، شێخان و سنجار) و، هەموو ئەو جێیانەی کە لە ژێر فشاری تەعریب و تەهجیردان. هەروەها کۆنگرە سڵاوی بۆ ڕۆڵەکانی جالیەی کورد، لە هەموو وڵاتان و هەروەها سڵاوی بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی لەشکری کوردستان نارد.

**کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**١٩٩٩/١٠/١٩**

**هەولێر ـ کوردستانی عێراق**

## وتار، بروسکە، نامە و پەیامی پیرۆزباییەکانی کۆنگرەی دوازدە

لە کاتی کردنەوە و لە میانی ڕۆژانی بەستنی کۆنگرەی دوازدەی پارتیماندا، چەندین وتار لەلایەن میوانانەوە پێشکەش کرا و، ژمارەیەکی زۆریش لە نامە و پەیامی پیرۆزبایی پێ گەیشت، کە لە حزب و لایەنە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان و کەسایەتی نیشتمانی و، نێوەندە ڕەسمی و نێودەوڵەتییەکانەوە ئاراستە کرابوون، لەوانە پەیامی جێگری سەرۆکی ئەمریکا ئەلگۆر و نامەی مەدام میتێران و بروسکەی سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، نووسینگەی پەیوەندی دەرەوە کە دەقەکەیان لێرەدا بڵاو دەکەینەوە و، دوای ئەوەش لیستی ناوی ئەو لایەن و کەسایەتیانە تۆمار دەکەین کە لەبەر کەمی دەرفەت لە توانایدا نییە دەقەکانیان بڵاو بکرێتەوە:

- پەیامی جێگری سەرۆکی ئەمریکا (ئەلگۆر)
- نامەی خاتوو دانیاڵ میتێران
- نامەی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی سەرکردایەتی نەتەوایەتی ـ نووسینگەی ئەمینداریتی گشتی
- سەرۆکی لیبراسیۆنی ئەنتی ئیمپریالیست و ئەنتی ڕەگەزپەرستی
- بروسکە مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی کوردستان
- بروسکەی پیرۆزبایی حزبی شیوعی کوردستان ـ مەکتەبی سیاسی
- وتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (فەرەیدون عەبدولقادر).
- وتاری حزبی شیوعی عێراق (حەمید مەجید ئەلبەیاتی).
- بروسکەی پیرۆزبایی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
- وتاری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (سەڵاحەدین محەمەد بەهائەدین).
- وتاری بەرەی تورکمانی (کەنعان شاکر عەزیز).
- وتاری بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق.
- وتاری حزبی شیوعی کوردستان (کەریم ئەحمەد).
- وتاری پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان (ئەبو حکمەت).
- وتاری بزووتنەوەی میللی کوردستان (عەبدولخالەق زەنگەنە).

- وتاری سکرتێری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (غەفور مەخموری).
- وتاری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانی کوردستانی عێراق (جەودەت نەجار).
- وتاری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری (یونادم یوسف کەننە).
- بروسکەی بەڕێز (ئەدهەم بارزانی).
- نامەی بەڕێز (لویس ئایالا) سکرتێری گشتی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی.
- نامەی بەڕێز (ستان نیونری) ئەندامی پێشووی پەرلەمانی بەریتانیا.
- نامەی بەڕێز (میشێل میشە) وەزیری ژینگەی حکومەتی بەریتانیا.
- بروسکەی سازمانی شورای مەرکەزی کوردستانی ئێران.
- بروسکەی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان.
- بروسکەی بەڕێز (محەمەد وانی) سکرتێری کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد.
- بروسکەی (م.س) بزووتنەوەی جوتیاران و چەوساوانی کوردستان.
- بروسکەی بەڕێز (سەلاح قەلاب) ڕۆژنامەنووسی ناوداری ئوردونی.
- بروسکەی بەڕێز (زەید مەحمود عەلی) سکرتێری حزبی ڕزگاری کوردستان.
- بروسکەی (م.س) حزبی ڕزگاری کوردستان.
- بروسکەی (م.س) حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن.
- بروسکەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدان (عەنکاوە).
- بروسکەی (ل.ن) هۆڵەندای (پ.د.ك).
- بروسکەی پلاتفۆرمی کوردی.
- بروسکەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لیواردن.
- بروسکەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری دانهاخ.
- بروسکەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری ئەمستردام.
- بروسکەی ڕێکخراوی خاڵە عەفان (پ.د.ك).
- بروسکەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.
- بروسکەی ڕێکخراوی ئەمستردام (پ.د.ك).
- بروسکەی ڕێکخراوی ئەزمەڕ (پ.د.ك).
- بروسکەی ڕێکخراوی ڕۆتردام (پ.د.ك).

- بروسکەی ڕێکخراوی ئۆتولێخت (پ.د.ك).
- بروسکەی بەڕێز (مەدحەت دەلۆیی).
- بروسکەی بەڕێز (دەروێش نادر).
- بروسکەی بەڕێز (کەریم عەبدوڵا مارف)
- بروسکەی بەڕێز (نەزیرە مەلا کەریم).
- بروسکەی بەڕێز (حاکم تۆفیق ڕەواندزی).
- بروسکەی بەڕێز (سەباح وەیسی موراد).
- بروسکەی بەڕێز (مەریوان غەریب مەعروف).
- بروسکەی بەڕێز (گوڵئەندام ئاکرەیی).
- بروسکەی بەڕێز (عزەت عومەر عوسمان).
- بروسکەی بەڕێز (کوێستان محەمەد عەلی).
- بروسکەی بەڕێز (دڵشاد زاخۆیی).
- نامەی بەڕێز (محی الدین) سەرۆکی (حزب التجمع الوطني التقدمي الوحدوي).
- بروسکەی بەڕێز (بنیامین غیلمان) سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا.
- نامەی حزبی شیوعی فەڕەنسی.
- نامەی بەڕێز (خابێر ئارتایۆس ئانتیا) سەرۆکی پارتی نیشتمانی (باسك) ئیسپانیا.
- نامەی بەڕێز (شاکر شاکری) لێپرسراوی نوێنەرایەتی، (کۆسۆڤۆ) لە ئەسکەندیناڤیا.
- نامەی بەڕێز (خابێر ڕوپیریێس) سەرۆکی لێژنەی پەیوەندی دەرەوەی پەرلەمانی ئیسپانیا
- نامەی بەڕێز (تۆم کلارك) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا.
- نامەی پارتی مەسیحی سۆسیالی یەکگرتووی ئەڵمانیا (بەڤاریا).
- نامەی حزبی دیموکراتی کوردی لە سوریا (الپارتي).
- نامەی بەڕێز (جیری هانسۆن مایۆر).
- نامەی بەڕێز (مایکل مێجەر) وەزیری ژینگە لە حکومەتی بەریتانیا.
- نامەی بەڕێز (دکتۆر لیۆبۆمیر ئیڤانۆڤ).

## سەرچاوە و پەراوێز


١- محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی و بارزانی نەمر، چاپی سێیەم، (هەولێر- چاپخانەی ئاراس- ٢٠١٢)، ل ل ٩٨ – ١٠٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ل ١٠٠، ١٠١.

٣- امس أختتام الأنتخابات المحلية للمؤتمر (١٢)، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٩٣٢، أربيل، الجمعة، ٩ تموز ١٩٩٩م، ص ص ١، ١٥.

٤- سەرکەوتوو بێت دوازدەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٩٣٩، هەولێر، چوارشەمە، ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ز، ل ١.

٥- بەڕێز مەسعود بارزانی بە تێکڕای دەنگ بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٩٤٧، هەولێر، پێنجشەمە، ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ز، ل ١؛ اعادة انتخاب الأخ مسعود البارزاني رئيسا للحزب والأخ علي عبدالله نائبا للرئيس، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٩٤٦، اربيل، الجمعة، ١٥ تشرين الأول ١٩٩٩م، ص ص ١، ٤؛ شەعبان عەلی شەعبان، سەرچاوەی پێشو، ل ل ١٢٥ ـ ١٢٦.

٦- پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دوازدەیەم، (هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ بێ ساڵ)، ل ل ٤٥، ٤٧ ـ٥٠، ٥٢، ٥٤، ٥٨ ـ ٥٩.

٧- انتخاب لجنة مركزية جديدة مؤلفة من ٣١ عضوا و ٩ اعضاء أحتياط، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٩٤٦، اربيل، الجمعة، ١٥ تشرين الأول ١٩٩٩م، ص ص ١، ١٥؛ کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمیتەی ناوەندی نویی هەڵبژارد، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٩٤٨، هەولێر، یەکشەمە، ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ز، ل ٣.

٨- لە کۆنگرەی (١٢)ی (پ.د.ك)دا، ڕۆژنامەی ئێوارە گوڵان ، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان، ژمارە ٤٨٧، هەولێر، شەمە، ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ز، ل ١؛ انتخاب لجنة مركزية جديدة مؤلفة من ٣١ عضوا و٩ أعضاء أحتياط، المصدر السابق، ص ١٥.

٩- توزيع أوسمة البارزاني، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٩٤٦، أربيل، الجمعة، ١٥ تشرين الأول ١٩٩٩م، ص ٤.

١٠- شەعبان عەلی شەعبان، هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، چاپی سێیەم، (هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ ٢٠١٣ز)، ل ١٢٧.

*- پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموكراتی كوردستان، لە كۆنگرەی دوازدەهەمی پـارتی كەلە ٦-١٤/١٠/١٩٩ دا بەسترا بڕیاری لەسەر دراوە، (هەولێر - چاپخانەی رۆژهەڵات).

# کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتی کوردستان

## کانوونی یەکەمی ٢٠١٠

کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ لە ژێر دروشمی "نوێبوونەوە، دادپەروەری، پێکەوەژیان"، لە شاری هەولێر و لە پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان بە ئامادەبوونی ٣٥٠ کەسایەتی، لەوانەش جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ، دەستی بەکارەکانی کرد، سەرۆک مەسعود بارزانی میدالیای بارزانی نەمری بەخشیە گوین ڕۆبێرت ڕۆژنامەنووسی دۆستی کورد[١]. بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆنگرە هەشت لێژنە پێکهات، کە بریتیبوون لە لێژنەی پرۆگرام، لێژنەی پەیڕەو، لێژنەی ڕێکخستنی گشتی، لێژنەی دارایی، لێژنەی سکاڵا، لێژنەی ڕاگەیاندن، لێژنەی پێشمەرگە و لێژنەی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان[٢]. لە کۆنگرەکەدا، مەرجی ڕێژەی ١٠٪ بۆ ئەندامیەتی ئافرەتان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیدا دانرا، ئەمەش لە دەروازەی سێیەمی بەشی بیست و دووەم لە مادەی ٢١٧ی پرۆگرام و لە مادەی ١٧ی بڕگەی دووەم خاڵی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆدا چەسپاوە[٣]. هەروەها لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بۆ یەکەمین جار کۆتای ئافرەت، لە کۆنگرەی سێزدەیەمدا جێبەجێ کرا. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە لە کۆنگرەکانی پێنجەم، نۆیەم، یازدەیەم و دوازدەیەمدا تەنیا یەک ئافرەت وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هاتووەتە هەڵبژاردن.

ڕێکخستنەپەیکەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پشتبەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی گۆنگرەی سێزدەیەم، بریتیبوو لە:

بنکە، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی، جێگری سەرۆک و سەرۆک. هەروەها دەستەی چاودێری و بەدواداچوون، لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەوە دەستنیشان کرا و لەلایەن سەرۆکەوە پەسەند کران[٤].

لەم کۆنگرەیەدا دوو زاراوەی نوێ دێنە ناو ڕێکخستنەپەیکەری پارتییەوە، ئەوانیش یەکەمیان بنکەیە، کە پێشتر بە شانە و شانەی سەرەکیی هاتووە، یان ئاوێتەی هەردووکیانە و دووەمیش ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەکان بوو، کە تا ساڵی ٢٠١٨ تەنیا لە پارێزگای هەولێر، سلێمانی، کەرکووک - گەرمیان، کە سنووری چالاکی لە پارێزگای کەرکووک، دیالە و بەشێک لە سلێمانی لە خۆ دەگرت، دهۆک و موسڵ لەبەر هەندێک هۆکاری نادیار هەر بە شێوەی کۆن

بەڕێوە دەچوون، هەرچەندە دهۆك لە نێو قەوارەی هەرێمی کوردستان بوو. پارێزگای بەغداش بەدەر بوو لەم سیستەمە و کیشوەری ئەوڕووپا و ئەمریکاش کە خاوەن دوو لق بوون هەر وەك پێشوو مانەوە.

سەرنجڕاکێشترین دەزگای پارتی لە دوای ئەم کۆنگرەیە، ئەنجوومەنی شارەزایان بوو، کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەوە دەستنیشان دەکرێن و بەپێی مادەی ١٥ی پەیڕەوی ناوخۆ چەسپا بوو، هەربۆیە لەبەر گرنگی ئەرکەکانی، ئەم ماددەیە لە چوار بڕگە و چەندین خاڵ پێك دێت[٥]. وەك ئەوەی لە پێشتریش هاتووە، هاوشێوەی ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی ١٩٩٣دا، لە کۆنگرەی یازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو، لە ژێر ناوی "ئەنجوومەنی ڕاوێژکاران" لە پەیڕەوی ناوخۆدا تۆمار کراوە[٦].

دامودەزگا دانپێنراو و فەرمییەکانی پارتی:

١- مەکتەبی ڕێکخستن
٢- دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
٣- مەکتەبی پەیوەندییەکان
٤- دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان
٥- دەزگای هەڵبژاردن
٦- مەکتەبی کارگێڕی و دارایی[٧].

لە کۆنگرەکەدا، سەرۆك مەسعود بارزانی بە تێکڕای دەنگی نوێنەرانی کۆنگرە بە سەرۆك هەڵبژێردرایەوە و نێچیرڤان بارزانیش وەك جێگری سەرۆك هەڵبژێردرا[٨]، دواتر ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەم شێوەیە هاتنە هەڵبژاردن:

١- مەسرور بارزانی
٢- سیداد بارزانی
٣- کەریم شنگالی
٤- یوسف بارزانی
٥- دکتۆر ڕۆژ شاوەیس
٦- هۆشیار زێباری
٧- فازڵ میرانی
٨- نەزهەت حالی محەمەد

٩- نەوزاد هادی مەولود
١٠- بەیان سامی عەبدولڕەحمان
١١- قادر قەچاخ
١٢- دکتۆر کەمال کەرکووکی
١٣- سەڵاح دەلۆ
١٤- ئازاد بەرواری
١٥- ئاراس حەسۆ میرخان
١٦- سیروان بارزانی
١٧- سەربەست لەزگین عەبدولڕەحمان، ناسراو بە سەربەست سندوری
١٨- عەلی حسێن ئەحمەد
١٩- کاکەئەمین مستەفا ئەمین، ناسراو بە کاکەمین نەجار
٢٠- نوری حەمە عەلی
٢١- دکتۆر چنار سەعد عەبدوڵا
٢٢- دکتۆر پشتیوان سادق عەبدوڵا
٢٣- هێمن ئەحمەد حەمەساڵح، ناسراو بە هێمن هەورامی
٢٤- عەبدولخالق عەبدولسەلام مستەفا، عەبدولخالق بابیری
٢٥- ڕەمزی شەعبان
٢٦- فەرەیدون جوانڕۆیی
٢٧- زەعیم عەلی
٢٨- دیاری حسێن عوسمان، ناسراو بە دیاری حسێن بەگ
٢٩- ڕێبوار یەڵدا
٣٠- دڵشاد شەهاب حاجی
٣١- جەعفەر ئیبراهیم حاجی، ناسراو بە جەعفەر ئێمینکی
٣٢- عارف تەیفور
٣٣- یونس ڕۆژبەیانی
٣٤- سەربەست عومەر حەسەن، ناسراو بە سەربەست تڕوانشی
٣٥- ساسان عەونی
٣٦- هیوا ئەحمەد مستەفا

٣٧- ئەدهەم عوسمان شێخ ئەحمەد، ناسراو بە ئەدهەم بارزانی
٣٨- مەحمود هاشم ئەلیاس، ناسراو مەحمود ئێزیدی
٣٩- عەلی عەونی نیعمەت
٤٠- مەحمود محەمەد
٤١- خەسرەو عەبدوڵا ئیسماعیل، ناسراو بە خەسرەو گۆران
٤٢- عەبدولموهەیمەن بارزانی
٤٣- محەمەد مەحمود عەبدوڵا، ناسراو بە محەمەد هەرکی
٤٤- دکتۆر عەلی تەتەر تۆفیق
٤٥- ئەحمەد ئەدهەم عەبدولجەبار، ناسراو بە ئەحمەد کانی
٤٦- عیزەدین بەرواری
٤٧- سەفین دزەیی
٤٨- نەجات عەلی
٤٩- شیرین ئامێدی
٥٠- ئەڤین تاهیر ئیبراهیم، ناسراو بە ئەڤین هروری
٥١- نازەنین محەمەد وسو[٩].

**ئەندامانی یەدەگی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی:**

١- عومەر عوسمان مێرگەسۆری
٢- عەبدوڵا عەلی
٣- ئاکۆ چاوشین
٤- بڵند ئیسماعیل جەرجیس
٥- قادر قادر
٦- ئەکبەر حەیدەر
٧- سەربەست بابیری
٨- دکتۆر حەمید دەربەندی
٩- دکتۆر ڤیان سەبری[١٠].

ڕۆژی هەینی ١٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ پەیامی کۆتایی کۆنگرە، لەلایەن دکتۆر پیرۆت ئەحمەد سەرۆکی لیژنەی سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی سێزدەیەمین

خوێندرایـەوە[11]. لـە دوای کۆبوونـەوەی ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی، ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسی، لەم هەڤاڵانەی خوارەوە هاتنە هەڵبژاردن:

١- مەسرور بارزانی
٢- فازڵ میرانی
٣- دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس
٤- هۆشیار زێباری
٥- ئازاد بەرواری
٦- دکتۆر کەمال کەرکووکی
٧- کەریم شنگالی
٨- زەعیم عەلی
٩- مەحمود محەمەد
١٠- فەرەیدون جوانڕویی
١١- سەڵاح دەلۆ
١٢- ڕێبوار یەڵدا
١٣- جەعفەر ئیمینکی
١٤- کاکەمین نەجار.
١٥- عیزەدین بەرواری[12].

# وتاری سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتی کوردستان

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**جەنابی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ،**

**جەنابی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ،**

**جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ،**

**بەرێزان سەرۆك و نوێنەرانی حزبەکانی هاوپەیمان و دۆست لەناو و دەرەوە،**

**وەزیر و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان،**

**میوانانی بەڕێز،**

بە ناوی هەموو هەڤاڵانم، ئەندامانی کۆنگرە و بە ناوی خۆم، بەخێرهاتنێکی گەرمی هەموو لایەکتان دەکەم و ئامادەبوونتان لەم ڕۆژەدا لەگەڵمان نیشانەی گرنگی دۆستایەتی و هاوخەباتیمانە بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجە هاوبەشانەی کە ساڵانێکە هەموومانی کۆ کردۆتەوە، کە ناوەرۆکی ئەو ئامانجەش سڕینەوەی زۆرداری و چەسپاندنی ئازادی و ئاشتی و ئازادی و بەختەوەری لە ناوچەکەمان و سەرانسەری جیهان بووە.

ئەمڕۆ ١٣یەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەشێکدا دەبەستین، کە زۆربەی ئامانجەکانی پارتی لە چوارچێوەی کوردستان و عێراقدا قۆناغ بە قۆناغ تا ئەمڕۆ بەدی هاتوون، ئەم چەندەش نیشانەی ڕەوای خەباتەکەمان و بەهێزی ڕەوای گەلەکەمانە، ئەو گەلەی بە قوربانیدان و فیداکاری زۆرەوە پاڵپشتی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە بووە و دۆزی ڕەوای خۆی بە ئەمڕۆ گەیاند.

**بەڕێزان،**

**خوشك و برایانی ئازیز،**

**ئەندامانی کۆنگرە،**

پارتی وەك زەرورەتێکی مێژوویی لە کاتێکی هەستیاردا لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ بۆ کۆکردنەوە و ئاراستەکردنی توانا و ئیرادەی گەلانی کوردستان سەری هەڵدا، هەر بۆیە زۆربەی هەرەزۆری چین و توێژەکانی لەخۆگرت و سنوورەکانی جوگرافی و ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئاینیی بەزاند. باوەڕ و کرداری پارتی کە لەسەر بنەمای تەساموح و دادپەروەری

بووە و دەبێت، کەشێك خوڵقاوە، کە گشت نەتەوەکان بە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشووری و ئەرمەن و عەرەبی نیشتەجێی کوردستان و گشت ئاین و ئاینزاکانەوە پارتی بە بەرگریکاری مافەکانیان بزانن و هەمیشە ڕیزەکانی پارتی ئاوێتەیەك بووە لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان، وێڕای ئەمەش پارتی لە داڕشتنی پڕۆگرامی خەباتی خۆی ڕێبازێکی واقعبینانەی پەیڕەو کردووە و بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی زاتی و بابەتی خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان، ئامانجەکانی قۆناغ بە قۆناغ لە چوارچێوەی داواکردنی دیموکراسییەت و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیەت بۆ کوردستان داڕشتووە.

**بەڕێزان،**

کۆنگرەکانی پێشووی پارتی هەمیشە دووپاتیان کردۆتەوە کە کورد، وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکەی دونیا مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە و ئێستاش پارتی داواکاری مافی دیاریکردنی چارەنووس و خەباتی سەردەمییانە و ئاشتیخوازانە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بۆ قۆناغی داهاتوو بە گونجاو دەزانێت و پەنا بە خوا مافی چارەنووس لەم کۆنگرەیەدا وەکو هەوێنی پڕۆگرامی خەباتی پارتی و تەواوکەری خەباتی قۆناغەکانی پێشتری جارێکی دیکە دەخرێتە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە بۆ گفتوگۆ و لێکدانەوە و بڕیاری پێویست.

**بەڕێزان،**

بە هیمەتی هەموولایەك ئەمڕۆ ئەزموونێکمان لە گواستنەوەی خەباتی شاخ و شۆڕشگێڕی بۆ خەباتی شارستانی و خزمەتگوزاری و ئیداری هەیە، پارتی لەم بوارەشدا شانازی ئەوەی هەیە کە کارەکتەرێکی سەرەکی بووە لە ئاواکردنی بنەماکانی ئیدارەیەکی خۆجێ و بنیاتنانی دامودەزگاکانی شارستانی و خزمەتگوزاری، هەر لەم بوارەدا بڕوامان بەوە هەیە کە دەبێت پەیوەندی حزب و پەرلەمان و حکومەت لەسەر بنەمای پرەنسیپە دیموکراسییەکان بێت، ڕوانینمان ئەوەیە کە دەبێت حکومەت بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان ئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەت و ئامانجەکانی حزب یان ئیئتیلافی براوە لە هەڵبژاردن بێت، لەگەڵ ئەوەی بڕوای تەواومان بە پێویستی هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی چالاك هەیە بۆ چاودێری دەسەڵات و دەوڵەمەندکردنی بەرنامە و پڕۆژەکان، هەروەها بەشداری لە داڕشتنی سیاسەتە چارەنووسی و ستراتیژییەکانی هەرێم بە مافی هەموو پێکهاتە سیاسی و جەماوەرییەکانی کۆمەڵگەکەمان دەزانین. دیاردەی فرە حزبی بە دیاردەیەکی تەندروستی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دەزانین و لەم ڕووەوە ڕۆڵی گشت پارتە سیاسییەکانی ناو

هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنن و وەك هەمیشە لە هەوڵی بەردەوامدا دەبین بۆ ئـەوەی باشترین و پتەوترین پەیوەندیمان لەگەڵ گشت هێزە سیاسییەکانی ناو هەرێم هـەبێت، لـەم چوارچێوەیەدا جەخت لە رێکخستنی زیاتری ناوماڵی کورد دەکەینەوە، هـەبوونی بۆچـوون و ڕای جیـاواز لـە نێـوان لایەنـە سیاسـییەکان ئاسـایيە، بـەڵام لـەبارەی سـتراتیژییەکان، گشـت لایەکمان پێویستە هاوهەڵوێست و هاوکار بین و بەرژەوەندی گەل و نیشتمان لە سـەرەوەی هەموو جیاوازییە ناوخۆییەکان دابنێین.

**بەڕێزان،**

پارتی هەردەم بڕوای بە ڕێزگرتن لە ڕای جیاواز هەبووە و بواری بۆ ئـازادی و دەربـڕین خۆش کردووە و لە ژێر هـیچ گوشـارێکیش لـەو بنەمایـە پاشـگەز نابێتـەوە، لـە چوارچێـوەی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و ڕێزگرتن لە ماف و تایبەتمەندی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەکەمانـدا، بڕوامـان بـە چەسـپاندنی بنـەمای هـەبوونی ڕاو ڕای جیـاواز و ئـازادی ڕادەربـڕین هەیـە. لەسـەر ئـەو بنەمایانـەش هاوکـاری هــەموو دامــەزراوە فــەرمی و رێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی دەکـەین، بـۆ زیـاتر چەسـپاندنی پرەنسـیپەکانی ژیـانی دیموکراتی و مەدەنییانە لـە هـەرێمی کوردسـتاندا، هـەر پەیوەسـت بـەم بابەتـەوە جـەخت لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا دەکەینـەوە. پـارتی خـەباتی کردووە بۆ پاراستنی کەرامەتی گەلانی کوردستان و نەهێشتنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کورد، بۆیە لـە هـەموو کـەس زیـاتر هەسـت بـە گرنگـی پاراسـتنی بنـەماکانی مـافی مـرۆڤ دەکەین و گشـت دامودەزگاکـانی پـارتی کاریگـەرتر لـە جـاران لـە خزمـەتی پاراسـتنی مافـە بنچینەیی و بەهاکانی تاکی ئەم هەرێمە دەبن.

پرسی ئافرەتیش یەکێکـە لـە پرسـە گرنگـەکانی ئـەم بـوارە و پـارتی وەك پێکهاتەیـەکی سەرەکی و کاریگەری کۆمەڵگە دەڕوانێتە ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت لە ناو شـۆڕش و ڕیزەکـانی رێکخستنی حزبیدا هیچ کەمتر نەبووە لە ڕۆڵی پیاو، لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا ڕۆڵی ئـافرەت لـە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیـەکی پێشـکەوتوودا دیـار و بـەرچاوترە، بۆیـە پـارتی لـە چوارچێـوەی بەرنامەکانی خۆیدا لە هەوڵی بەردەوام دەبێ بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و هەموو ئـەو سـتەم و جیاوازییانەی کە دەبنە کۆسپ لە بەردەم فراوانتربوونی ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگادا.

**بەڕێزان،**

پـارتی خـاوەن تەمـەنێکی درێـژ و ئـەزموونی دەوڵەمەنـدە کـە چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ هاتنەپێشی نەوە دوای نەوەدا بکات، پارتی گرنگی سوود وەرگرتن لـە هێـز و توانـای نـەوەی

نوێ دەزانێت و ئەمڕۆ لە ڕیزەکانیدا بە هەزاران گەنج پڕۆڤەی ژیانی سیاسی و حزبایەتی دەکەن، بڕوامان بە توانای گەنجان هەیە و بوار بۆیان کراوەیە تا هاوشان و بە هاوکاری نەوە خاوەن ئەزموون و پوختەکەی پێشتر جڵەوی خەباتی پارتی وەکو ئەرکێکی بەردەوام و مێژوویی وەئەستۆ بگرن.

پارتی بەو جۆرە بە شێوەیەکی سروشتی مامەڵە لەگەڵ نوێبوونەوە دەکات و ئەزموونی خەباتی خۆی نەوە دوای نەوە دەگوازێتەوە. پرسی چاکسازیش پەیوەستە بەو بابەتەوە. پارتی بڕوای بە نوێبوونەوە و چاکسازی هەیە و واقیعبینانە ئامانجەکانی لەگەڵ ئاستی پێشهاتەکانی نوێ کردۆتەوە، واتا هیچ کاتێك پرۆسەی چاکسازی واقیعییانە لە ناو پارتی نەوەستاوە، پارتی لە ساڵی ١٩٤٦وە ئامانجی ڕزگاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ خۆی داناوە. لە بواری سیاسیدا تاکو ئێستا بەشێکی گرنگی ئامانجی سیاسی بەدی هاتووە و تێ دەکۆشین بۆ دوا ئامانجی سیاسی، بەڵام لە بواری کۆمەڵایەتیدا هێشتا ئەرکی زیادمان لە پێشە، بۆ بەرزکردنەوە و چاککردنەوەی ئاستی ژیانی تەندروستی و پەروەردەیی و ڕووناکبیری و ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ هەمووان، هێشتا پێویستە خەبات بکەین بۆ نەهێشتنی بێکاری و نەخوێندەواری و هەوڵ بدەین شوێنی نیشتەجێی پاك و شیاو بۆ هەر خێزانێك دابین بکەین، تا کەس لە کارەبا و ئاوی پاك و ژیانی ئاسودە بێبەش نەبێ، تا گەنجان و نەوەکانی داهاتوو بە دڵنیاییەوە ژیانی نوێی خۆیان دابمەزرێنن. بێگومان بەردەوامبوون و چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش مەرجی سەرەکی ژیانی باشترە، دەبێت هاووڵاتی بە دڵنیایی بژێت و کار بکات و مافەکانی مسۆگەر بن. لەم بوارەشدا مەسەلەی هەرە گرنگی ژینگە دێتە پێشەوە کە هەر مرۆڤێك پێویستی بە ژینگەیەکی پاك و سەوز و تەندروستە، هەر بۆیە دەبێت بایەخی گرنگ بە پاراستنی ژینگەی کوردستان بدەین و هەوڵ بدەین ناوچە پارێزراوە سروشتییەکانی هاوشێوەی بارزان فراوانتر بکەینەوە. لە سەرێکی دیکەوە کوردستان وەك زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕووبەڕووی کەمئاوی دەبێتەوە، دەبێ بە پەلە هەوڵ بدەین سامانی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی بپارێزن.

**بەڕێزان،**

بە شانازییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە تایبەتی دوای هەنگاوەکانی یەکخستنەوەی ئیدارەی هەرێم لە کابینەی پێنجەم توانیویەتی لە ڕووی ئابووری و ئاوەدانییەوە هەنگاوی بەرچاو و کاریگەر بنێت بە جۆرێك کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان وەك نمونەیەك بۆ گەشەسەندنی خێرا و زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرمایەگوزاری

سەیر دەکرێت و پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێم فراوان بوونەوە بە دەیان کۆنسوڵگەری و نوێنەرایەتی سیاسی و ئابووری وڵاتان لە هـەرێم کراونەتـەوە و ئاسـۆیەکی ڕوون بـۆ پێگـەی سیاسی و ئابووری هەرێم بـەدی دەکـری. ئێسـتاش کابینـەی شەشـەمی حکومـەت چالاکانـە درێژە بەو بەرنامانە دەدات کە جێگای متمانە و ئومێدی گەلە، ئێمە پاڵپشتیمان بۆ بەرنامـە و کـاری حکومـەتی هـەرێم لـە بـواری بونیادنـان و پتـەوکردنی ژێرخـانی ئـابووری هـەرێم و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و شایستەتر بۆ هاووڵاتییانمـان دووبـارە دەکەینـەوە، هـەر لـەو بوارەشدا ڕۆڵـی پەرلـەمانی کوردسـتان بـە هـەموو پێکهاتـە و لیسـتەکانیەوە لـە چـاودێری و ئاراسـتەکردنی کـاری حکومـەت بـەپێی یاسـاکانی هـەرێم بـەرز دەنـرخێنین و پەرلـەمانی کوردستان بە سەکۆ و مینبەری گشت خەڵکی کوردسـتان بـۆ بەشـداری لـە ئـاواکردنی ژیـانی ئێستا و داهاتوویان لە گشت بوارێك دەزانین.

**بەڕێزان،**

کێشەی گەندەڵی یەکێکە لـەو پـرس و کێشـانەی لـەم ماوەیـەدا زۆر ئیـبراز بـووە، ئـەم دیاردەیە لەناو کۆمەڵگاکەماندا هەیە و کەم تـا زۆر لـە نـاو زۆرێـك لـە دامودەزگاکانـدا بـڵاو بۆتەوە، پارتی وەك هێزێکی هەڵبژێردراوی سەرەکی پێکهێنەری ئیدارەی کوردسـتان، لەمـەولا بە گرتنەبەری پاڵپشتی زیاتر بۆ موئەسەساتی پەیوەندار ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیـە دەبێتـەوە و لـەناو خۆیشـدا پـارتی بـە تونـدی ڕووبـەڕووی هـەر جـۆرە بـەکارهێنانێکی توانـا مـادی و مەعنەوییەکانی حزبی دەبێتەوە. پرەنسیپی سـزا و پاداشـت بـۆ لێپرسـینەوە لـە خـەتاباران و دەستخۆشانە لە کادیرانی ماندو و سەرکەوتوو دەبێت ئەکتیڤتر بکرێ و بەو جۆرەش کەشـێك دەخوڵقێ کە گەندەڵی تێدا نەتوانێ گەشە بکات.

**بەڕێزان،**

زۆر لـەو گرفتانـەی لـەناو کۆمەڵگەکەمانـدا هـەن چارەسـەر نـاکرێن، گـەر سیسـتەمی دادوەری بەهێزتر و ئەکتیڤتر نەکرێت هەر لەم ڕوانگەشەوە پاڵپشتی خۆمان بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزایی و کاراتربوونی ڕۆڵی داواکـاری گشـتی دووبـارە دەکەینـەوە، بۆیـە دیسـان ڕایدەگەیەنم کە لەم وڵاتەدا دەبێت یاسا سـەروەر بێـت و کـەس لـە سـەرووی یاسـا نـەبێت، پارتیش هەر بە فاکتەرێکی کاریگەر دەمێنێ بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا.

**بەڕێزان،**

پارتی لـە نـاخی جـەماوەری کوردسـتانەوە هـەڵقوڵاوە و هـەر بـۆ خزمـەتی ئـەم گەلـە

ستەمدیدەیە دامەزراوە، ئەم گەلە مەزنترین قوربانیی داوە بۆ بەردەوامی شۆڕش و خەباتی پارتی، بۆیەشە بە هیچ جۆرێك دابڕان لە نێوان جەماوەر و بنکە حزبییەکان قبووڵ ناکرێت و بەرپرسانی حزبی دەبێ نزیکترین کەس بن لە خەم و کێشەی خەڵکی هەژارەوە و دەبێت گوێ لە خەڵك بگرێت و پاڵپشتی یەکەمی داواکارییەکانیان بین بۆ باشترکردنی باری ژیانیان.

پارتی بە دەنگ و پاڵپشتی ئەم خەڵکە هەژارە پشتئەستوورە، بۆیە دەڵێین پارتی موڵکی ئەم خەڵکە هەژارەیە و لە خزمەتی ئەواندا دەمێنێتەوە بۆ دابینکردنی ئاسوودەیی و شارستانی بۆیان، لەم میانەشدا خزمەتی خانەوادەکانی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان هەردەم لە پێشەوەی هەموو بەرنامە و کارەکانمان دەبێت و دابینکردنی ژیانێکی شایستە دەبێ بەرنامەیەك بێت کە هەموو خانەوادەی شەهیدان بە بێ جیاوازی بگرێتەوە.

ڕێز و پێگەی پێشمەرگە لەم بۆنەیەدا جێگای وەبیرهێنانەوەیە، هەردەم گوتوومانە کە پێشمەرگە گەورەترین و شەرفمەندانەترین ناوە بۆ هەموو ئەوانەی بەرگرییان لە ماف و داخوازییەکانی گەلەکەیان کردووە. ئەرکی پێشمەرگەش لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و دەسکەوتەکانی گەلەکەیان بەردەوامە و پارتی بە هەموو توانایەکی پاڵپشتی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم دەکات بۆ دابینکردنی گوزەران و پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە وەك یەك لەشکری سەر بە حکومەتی هەرێم و بەشێك لە سیستەمی بەرگری عێراقی فیدراڵ.

**بەڕێزان،**

لەم سەکۆیەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە کورد یەك پارچەیە بە زمان و کولتور و ئاوات، کوردی ئێزدی و کوردی کاکەیی و کوردی فەیلی و کوردی شەبەك لە جەستەی کورد جیا نابنەوە. جیاوازی ئاینی و مەزهەبی نەتەوەیەك پارچە پارچە ناکات، کورد یەك نەتەوەیە و بە یەك نەتەوەیی دەمێنێتەوە و چۆن مافی کورد دەبێت پارێزراو بێت، ئەوهاش دەبێت ڕێز لە ماف و تایبەتمەندییەکانی تورکمان و کلدان و ئاشووری و سریان و ئەرمەن بگیرێت، چۆن ڕێز لە ئاینی ئیسلامی پیرۆز دەگیرێت، مەسیحی و ئێزدی و ئاین و ئاینزاکانی دیکەش جێگای ڕێزن، هەمووومان پێکەوە تابلۆی جوانی کوردستان پێك دەهێنین و هەمووومان کەسوکار و پاڵپشتی یەکترین.

**هەڤاڵان،**

**خوشك و برایانی ئازیز،**

تەبایی و یەکڕیزی گەلەکەمان زامنی سەرکەوتنمانە، بۆیە پەرەپێدانی ئەو تەبایییە و

پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستان ئەرکی هەنووکەیی و داهاتووی پارتیمان دەبێت، لەم نێوەندەشدا بەردەوامی و پتەوکردنی پەیوەندی ستراتیژی پارتی و یەکێتی وەك زەرورەتێك بۆ قۆناغی ئێستا و داهاتوو سەیر دەکەین و لەو بڕوایەداین یەکخستنی هەوڵ و هێز و تواناکانی ئەو دوو هێزە بەرهەمی زیاتری بۆ گەلەکەمان لە هەگبەدا دەبێت.

ئێمە هەمان دید و بۆچوونمان بۆ باشترکردن و پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی عێراقیش هەیە و ئامادەین بۆ هاوکاری و هەماهەنگی و لەیەکنزیکبوونی زیاتر لەگەڵ هەموو لایەن و کەسانەی کە بڕوایان بە عێراقی نوێ و پێکەوەژیانی برایانە و یەکسانی هەیە، هەر لەم چوارچێوەیەشدا ئەو دەستپێشخەرییەی ئەم دواییەم خستەڕوو، مەبەستم ئەوە بوو کە پرۆسەی سیاسی عێراق لەو بنبەستە دەربچێت و دەروازەیەك بکرێتەوە بۆ ئەوەی عێراقییەکان لە نائومێدی و بێ بڕوایی ڕزگاریان بێت و هەموو لایەك خۆیان بە یەکسان و هاوبەش بزانن لە ئاواکردنی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی.

سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکەش سەرکەوتنە بۆ هەموو عێراق و بۆ ئێمەش شانازییەکی گەورەیە، دەرخەری ئەوەش بوو کە چارەسەری ناوخۆ بۆ کێشەکانی عێراق کاریگەرترین ڕێگەچارەن و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی عێراق بە دانیشتن و گفتوگۆ و بە لەیەکتێگەیشتن دەتوانن بەسەر جیاوازییەکاندا زاڵ بن. لەم ڕوانگەوە لە بەدواداچوونی قۆناغەکانی دیکەی دەستپێشخەرییەکە بۆ پێشخستنی پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی بەردەوام دەبین، بەڵام هیچ پێکهاتە و چارەسەرێك نابێت لەسەر حیسابی بەلاوەنانی ماف و ئیستیحقاقی نەتەوەی ئێمە بێت، کورد پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراقە و بەشێکە لە چارەسەر و داخوازییەکانی بۆ مافەکانی لە چوارچێوەی عێراقدا لەسەر حیسابی هیچ پێکهاتەیەکی دیکە نییە.

**بەڕێزان،**

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، چالاکانە بەشداریمان لە پرۆسەی سیاسی عێراق و عەمەلیەی دیموکراتیزەکردنی عێراق کرد، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم پرۆسەیەش دەستوری عێراقە کە زۆرینەی هاووڵاتییانی عێراق دەنگیان پێ داوە، بۆیە ئێمە لە عێراقدا دەستورێکمان هەیە، کە زامنی ماف و داخوازییەکانی گشت گەلانی عێراقە، هەر بۆیە پەیوەندییەکانمان لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە ناوەرۆکی ئەو دەستورە و ڕەچاوکردنی

بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و وڵاتمان لەگەڵ هەموو لایەنێك ڕێك دەخەین. لەم دەستورەشدا مادەی ١٤٠ ئەو مادەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر ئاسەواری ستەمی سەر کورد دەسڕێتەوە و بە جێبەجێکردنی ئەم مادە دەستورییە متمانەی کورد بە جیهانی ناو عێراقی نوێ زیاتر دەبێت.

دەمەوێ بۆ هەموو لایەك ڕوونی بکەمەوە، کە ئەگەر مەترسی لەوە هەیە کورد حوکمڕانی تاکڕەوی لە ناوچە دابڕێنراوەکان دەکات، دوای هاتنەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی کەرکوك، ئێمە هەموو لایەك دڵنیا دەکەینەوە کە دەمانەوێ کەرکوك بکەینە نمونەی پێکەوەژیان و بڕوامان بە ئیدارەی هاوبەش هەیە، بەڵام موساوەمە لەسەر ناسنامەی کەرکوك ناکەین.

دامەزراندن و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بووە بە نمونە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق، کە دانیشتووانی هەندێ پارێزگا لە پێکهێنانی هەرێمی خۆیان بیر دەکەینەوە، بەلای ئێمەوە وەك ژیان سەلماندویەتی، سیستەمی فیدراڵی بەمانای بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی ژیانی دیموکراتییە، کە دانیشتووانی هەرێمێك کاروباری خۆیان لە سنووری دەستور بە سەربەستی بەڕێوە ببات، ئێمە پشتگیری هەر هەرێمێکی تازە دەکەین کە لەسەر خواست و ئارەزووی دانیشتووانی دابمەزرێ، چونکە چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا زامنی دیموکراتی و مافی کورد و نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەیە، بەڵکو دەکرێ دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوانتر بێت، تا ژیانی دانیشتووانیان باشتر بکەن و ئاسایش و ئاشتی بپارێزن، ئەوە ڕێگەی دروستی مانەوەی دەوڵەتی عیراقی فیدراڵییە.

**بەڕێزان،**

بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بە گشتی بەرەو پێش چووە و کاتی ئەوە هاتووە پارت و لایەنەکانی گشت پارچەکانی کوردستان کۆ ببنەوە تا لە باروودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بکۆڵنەوە، کە لەمەودوا ڕێبازی سیاسی ئاشتیخوازانە بگرنە بەر لە خەبات لە هەر وڵاتێك بە گوێرەی هەلومەرجی خۆیان سوود لە ئازادی و کرانەوەی سیاسی و مافی مرۆڤ و ژیانی پەرلەمانی و زانست و تەکنەلۆژیا وەربگرن و خۆیان لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی دونیا بگونجێنن، دەبێ پارت و لایەنەکانی کوردستان پتر هەوڵ بدەن بە ئاشتی و دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ میللەتانی دیکە بژین، بێگومان یەکتر قبووڵکردن و ڕێز لە یەکترنان لە لایەن هەردوولاوە، واتا کورد و میللەتانی دیکە مەرجی بنەڕەتی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەیە. لە بارەی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێش، ئێمە لە هەرێمدا ئاواتەخوازین ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ گشت لایەك باشتر و باشتر بێت و لەو بڕوایەشداین کە ڕێزگرتنی

دوولایەنە و گرتنەبەری ڕێگەچارەی ئاشتییانە و گفتوگۆ و یەکترقبووڵکردن کلیلی چارەسەری گشتی کێشەکانی ناوچەکەیە.

بۆ هەمووومان سەلمێنراوە کە زمانی چەك و توندوتیژی هیچ بەرهەمێکی جگە لە مەینەتی بۆ گەلانی ناوچەکە لێ نەکەوتۆتەوە، گەر ئێمە پەنامان بۆ چەکیش بردبێت تەنیا بۆ بەرگری لە ماف و کەرامەتی گەلەکەمان بووە، بەرگریکردن مافێکی هەمیشەیی گەلان بووە و دەبێت، بەم بۆنەیەوە ڕێز دەنێین لە دادگای باڵای تاوانەکان کە تاوانی ئەنفال و بۆردومانی کیمیایی و کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستانی بە جینۆساید ناو لێناوە، دەبێت هەوڵ بدەین بە جینۆسایدناساندنی ئەو تاوانانە دەرهەقی کورد لە سەرانسەری جیهاندا بچەسپێت، لەو بڕوایەدایین کێشەی کورد لە دەڤەرەکەدا بە گرتنەبەری ڕێگەچارەی ئاشتییانە و پەرەسەندنی دیموکراسییەت چارەسەر دەکرێ و لەسەر ئەم بنەمایەش ئامادەین بۆ هاوکاری هەموولایەك، بەڵام لەم بۆنەیەشدا دووبارەی دەکەینەوە کە لە ژێر هیچ مەرج و گوشارێکدا ڕێگە نادەین جارێکی دیکە شەڕی کورد و کورد لە دەڤەرەکەدا ڕوو بداتەوە، ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ شەڕی ناوخۆیی و خۆکوژی هەیە و لە کاتێکدا ڕێگە بە دووبارەبوونەوەی نادەین، لە هەمانکاتیشدا گشت تواناکانمان دەخەینە گەڕ بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەم شەڕە نەخواستەیە. هەر لەم بۆنەیەشدا جارێکی دیکە داوای لێبوردن لە کەس و کاری قوربانیان و زیانلێکەوتووانی ئەم شەڕە پڕ ئێش و ئازارە دەکەین و بە هاوکاری هەموولایەك هەوڵی سارێژکردنی ئێش و ئازارەکانیان دەدەین، سەربەرزم و شانازی دەکەم کە ئەمڕۆ شەڕی براکوژیمان بنبڕ کردووە و ئیدی نابێت ئەو دیاردەیە لەناو کورد دووبارە بێتەوە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو غەدر و تەعەدایانە بکەین کە ماوەیەکە لەلایەن تیرۆریستان و دوژمنانی گەلانی عێراقەوە، لە برا مەسیحییەکانمان لە بەغدا و موسڵ دەکرێ، ئێمە لە کاتێکدا کە ئەم کردارانە بە توندی ئیدانە دەکەین، دڵگرانین کە برا مەسیحییەکانمان لە ناوخۆی عێراقدا ئاوارە بن، چ جای بگاتە ئەوەی عێراق بەجێ بهێڵن، کوردستان وڵاتی خۆیانە و گشت تواناکانمان دەخەینە کار بۆ داڵدەدانیان، بەڵام دەبێت دامودەزگاکانی سەربازی و ئەمنی عێراق کاراتر بە ئەرکەکانیان هەستن و سەرچاوەی ئەو هەڕەشانە بنبڕ بکەن، ڕێگەی پێویست بۆ پاراستنی گشت هاووڵاتییان بگرنە بەر و تا ئەو کاتەی کەشەکە لە سەرانسەری عێراق دەخولقێت، ئێمە لە کوردستان ئامادەی پێشوازیکردن لەم ئازیزانەین و بەجێهێشتنی عێراق و چوون بۆ هاندەران بە چارەسەر نازانین، چونکە مەبەستی

تیرۆریستانیش هەر ئەوەیە کە ئەم پێکهاتە دێرینەی عێراق پەرتەوازە بکەن، کوردستان خانە و پەناگەی ئارامیی هەموو پێکهاتەکانی عێراقە، بەڵام ئاواتەخوازین هەرچی زووتر بە هاوکاری هەموو لایەك ئاسایش و ئارامیی بۆ سەرانسەری عێراق بگەڕێتەوە و گشت گەلانی عێراق لەو مەینەتییانە ڕزگاریان ببێت.

**بەڕێزان،**

کە باس لە ڕەوشی ئارامی هەرێم دەکرێت، نابێت ڕۆڵی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم وەبیر نەهێنرێتەوە، ئەو دەزگایانەی کە بەشەونخونی و قوربانیدان و فیداکارییەوە ڕووبەڕووی پیلانە بەردەوامەکانی تیرۆریستان و دوژمنان دەبنەوە و لەم ناوچە پڕکێشەیە، هەرێمی کوردستانیان کردۆتە دوورگەیەکی ئارام. دەستخۆشی و سوپاسمان ئاڕاستەی تێکڕای ئەو ئازیزانە دەکەین کە لەو دامودەزگایانەدا خزمەت دەکەن و ئومێد دەخوازین کە بە یەکخستن و پێشخستن و بەهێزکردنی ئەم دەزگایانە کارامەتر لە جاران لەو ئەرکە پیرۆزەیاندا بەردەوام و سەرکەوتووتر بن و سوپاسی بێپایانم بۆ هەموو خەڵکی کوردستان کە بە ڕاستی پاڵپشتبوونە بۆ ئەم دەزگایانە.

**بەڕێزان،**

جێگای خۆیەتی لەم بۆنەیەدا یادێك لە شەهیدە سەرکردەکامان بکەینەوە، تاکو کۆنگرەی ١٢ەمین ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و کادیرە پێشکەوتنەکانی گیانیان لە پێناو گەل و وڵات بەخت کردوون و لە دوای کۆنگرەی ١٢ەش پۆلێك سەرکردەی لێهاتووی پارتی بە دەستی ڕەشی تیرۆر شەهید کران، شەهیدان: سامی عەبدولڕەحمان و فرەنسۆ هەریری و شەوکەت شێخ یەزدین و مامۆستا سەعد عەبدوڵا و گشت شەهیدانی یەکی شوبات و تیرۆر و تەقینەوە لە هەموو ناوچەکانی دیکەی عێراق، زۆرێك لە بەرپرسە باڵاکانی پارتی بە خوێنی خۆیان سەلماندیان کە سەرکردایەتی پارتی لە خەبات و قوربانیدا لە سەنگەری پێشەوەدا بووە و دەبێ، چونکە ئەو شەهیدانەی بەر لەوەی هەر پۆستێکیان هەبووبێ خۆیان بە پێشمەرگە زانیوە و هەردەم ئامادەی گیانبەختکردن لە پێناو گەل و وڵاتدا بوونە، لەم بۆنەیەدا یادیان دەکەینەوە و سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ دادەنوێنین.

**بەڕێزان،**

پەنا بەخوا و پشت ئەستوور بە هێز و ئیرادەی گەلەکەمان بەرچاومان بۆ ئێستا و ئایندەمان ڕوونە و ئەو پرۆگرامەی پارتی لەم کۆنگرەیەدا دەیکاتە کارنامەی خۆی، لە

خزمەت بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و وڵاتماندایە و بۆیە دروشمی کۆنگرەمان "نوێبوونـەوە و دادپەروەری و پێکەوەژیان"ە، لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی و ئازادی و بەختەوەریدا.

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی
# پارتی دیموکراتی کوردستان
## کۆنگرەی سێزدەیەم
## ١١-٢٠١٠/١٢/١٨

## پرۆگرام

### دەروازەی یەکەم
### ناساندنی پارتی

**مادەی (١): ناوی پارتی**

پارتی دیموکراتی کوردستان.

**مادەی (٢): پێناسەی پارتی:**

پارتێکی دیموکراتیی نیشتیمانییە، بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانی تاك و مافی نەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی تر هەیە لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا. لە پێناو بەدیهێنانیاندا بەپێی پرۆگرامگەلێکی زانستی و بە ڕێگەی دیموکراسییانە و ئاشتییاتەی سەرچاوەگرتوو لە ئەزموونەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی مێژوویی نەتەوەی کورد و کەلەپووری نیشتمانی و خەباتگێڕانەی **بارزانیی نەمر**ەوە تێ دەکۆشێت و سوودیش لە ئەزموونی گەلان وەردەگرێت کە لەگەڵ واقیعی کوردستاندا دەگونجن.

### دەروازەی دووەم
### ئامانجەکانی پارتی

**بەشی یەکەم: ئامانجە نەتەوەییەکانی پارتی**

**مادەی (٣):** برەودان بە پتەوکردنی پەیوەندیی برایانە و پشتگیری و هاریکاریکردن لەگەڵ

سـەرجەم حـزب و ڕێکخـراوە دیمـوکرات و ئاشـتیخوازەکان و ڕەوەنـدی کوردیـدا، تـا بـە شێوەیەکی ئاشتییانە ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانی نەتەوەی کـورد بـەدی بهێـنرێن و کولتـوری دیالۆگ و لێبوردەیی لەناو ماڵی کورددا بڵاو بێتەوە و پەنابردن بۆ توندوتیژی حەرام بکرێت.

**مادەی (٤):** کوششکردن بـۆ بەنێودەوڵـەتیکردنی سیاسـییانەی دۆزی کـورد لـە چوارچێـوەی ڕێکخـراوە نێودەوڵـەتی و هەرێمایەتییەکانـدا و بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد سـیفەتی کارگێڕ لەو ڕێکخراوانەدا وەربگـرێ بـۆ ئـەوەی داکـۆکی لـە مافـە نەتـەوەیی و نیشـتیمانییە ڕەواکانی بکات.

**مادەی (٥):** گەڕانەوەی هەموو ناوچە دابڕاوەکان بۆ سـەر هـەرێمی کوردسـتان بـەپێی ئـەو میکانیزمانەی لە مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی فیدراڵدا هـەن بـەوەش سـنووری هـەرێم بچەسپێنرێ.

**مـادەی (٦):** داکـۆکیکردن لـە مـافی هـەموو ئـەو کوردانـەی لـە ناوچـەکانی تـری عێراقـدا نیشتەجێن وەکو بەشێکی دانەبڕاو لەگەڵی کورد، کار بکرێ بـۆ هـەرچی زیـاتر پتـەوکردنی و بەردەوامییەتی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی و کولتوری لە گەڵیاندا.

**بەشی دووەم: ئامانجە نیشتیمانییەکانی پارتی**

**مـادەی (٧):** کۆششـکردن بـۆ بنیاتنـانی کۆمەڵگەیـەکی مـەدەنی، یاسـا و هاودەرفـەتی تێـدا فەراهەم بێ و هەموویان تێدا لە سایەی دەسەڵاتێکی نیشتیمانیی دەستپاك و شەفافدا بـژین و فرەحزبی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات جێبەجێ بکرێ.

**مادەی (٨):** چەسپاندنی سیستمی دیموکراتی و پارلەمانی و فیدراڵی لە عێراقدا بە شێوەیەك هـاووڵاتیبوونی تـەواو بـۆ عێراقییـەکان گـەرەنتی بکـات و شـوێنگەی نێودەوڵـەتی عێـراق بپارێزێت و سەروەری و سەربەخۆیی زامن بکات.

**مادەی (٩):** پاراستن و پەرەپێدانی هەموو ئەو دەسکەوت و ئیستیحقاقە نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و کولتورییانـەی بەخـەباتێکی مێژوویـی هاتوونەتـە دی و لـە بنەڕەتـدا بەرهـەمی خوێنی شەهیدانمان و قوربانیدانی گەلەکـەمان وەڵامـدەرەوەی ئیرادەیـەکی ئازادانـەی دلێـر بوون.

**مـادەی (١٠):** چەسـپاندن و پتـەوکردنی یـەکڕیزیی نیشـتیمانیی لـە هـەرێمی کوردسـتان و عێراقدا و کارکردن بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو مەسەلە ناوخۆییانە بەپێی دەسـتوور بدۆزرێنەوە کە لە نێوانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا هەڵپەسێردراون.

**مادەی (١١):** پەرەپێدانی سیستمی پارلەمانی فیدراڵی و مسۆگەرکردنی بەشداربوونی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە دامەزراوە دەستوورییەکاندا.

**مادەی (١٢):** مسۆگەرکردنی بەشداریی گەلی کوردستان لە دروستکردن وەرگرتنی بڕیاری سیاسی عێراقدا لەڕێی بەشداریکردن لە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵدا.

**مادەی (١٣):** رێزگرتن لە دەستووری فیدراڵی لە چوارچێوەی پەیڕەوکردنی بەندەکانی و بە ئەندازەی پێویستی خۆی بە پیرۆز بزانرێت کە دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی ئیرادەی گەلی عێراقە بە تەنیا گەرەنتی مانەوەی یەکێتی گەل و خاکی عێراقە.

**مادەی (١٤):** مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەیی و کولتوری و ئیدارییەکانی تورکمان و کلدان و سریان و ئاشوری و ئەرمەن.

**مادەی (١٥):** دابینکردنی مافە هەر پێکهاتەیەکی ئاینی و مەزهەبی (لە جێبەجێکردنی سرووده ئاینیەکان و دامەزراندنی ئەنجومەن) بۆ پەرەپێدان و ڕێکخستنی کاروبارە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانیان لە هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (١٦):** باشترین پەیوەندی لەگەڵ ئەو حزبانەدا دروست بکرێ کە لە کوردستان و عێراقدا کاردەکەن و بڕوایان بە دەستوور، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، فیدراڵی و برایەتیی و نیشتیمانیی هەیە و دان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردا دادەنێن.

**مادەی (١٧):** چەسپاندنی پرەنسیپی پێکەوەژیان و گیانی لێبوردەیی لە نێوانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکانی گەلدا.

**مادەی (١٨):** کارکردن لەسەر ڕێزگرتنی عێراق و بۆ پێوەستبوونە نێودەوڵەتییەکانی و پیادەکردنی تێکڕای بەڵگەنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی ئەوانەی بە مافەکانی مرۆڤ و کەمایەتییەکان و مافی چارەنووس پەیوەندن.

**بەشی سێیەم: ئامانجە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان**

**مادەی (١٩):** پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوانی هەرێم و وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای پرەنسیپی بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێز لەیەکترگرتن و دراوسێیەتی باش و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر و چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکان بە شێوازی ئاشتییانە و بەپێی بنەماکانی یاسایی گشتی نێودەوڵەتی.

**مادەی (٢٠):** پابەندبوون بە ئارمانج و بنەماکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێزگرتن لە گشت ئەو پەیماننامە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی ناکۆك نین لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلی

کوردستاندا.

**مادەی (٢١):** پشتگیریکردنی هەوڵەکانی وڵاتانی دۆست و هەموو ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومی و ناحکومییانەی بەشدارن لە ڕابوونی سیاسی و ئابووری و کولتوری هەرێمی کوردستاندا و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە شێوازی ئاشتییانە و بە ڕێگەیەکی ڕەوا.

**مادەی (٢٢):** بەرپاکردنی هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بۆ هاندانی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان بە تایبەتی بۆ ئەوەی داکۆکی لەو گەلانە بکەن، کە تاوانی نێودەوڵەتییان بەرامبەر کراوە، پشتگیری کۆششەکانیان بکەن لە پێناوی سەربەخۆبوونی سیاسی و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتورییان.

**مادەی (٢٣):** بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستانە و هاریکاری لەگەڵ ئەو گەل و حزب و کەسایەتی و ڕێکخراوە ناحکومییانەی پشتگیری و هاوکاریی گەلی کوردستان دەکەن.

**مادەی (٢٤):** پشتگیریکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هەوڵەکانی کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی جیهاندا بەپێی ئەوەی لە دەستووری ئێستایی عێراقدا هاتووە، هەروەها زەمینەی هاندەرانە ساز بکرێ بۆ ئەو وڵاتانە تا وەکو کۆنسولگەری خۆیان لە هەرێمی کوردستاندا بکەنەوە لە پێناوی پتەوکردنی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان لەگەڵیاندا.

**مادەی (٢٥):** وەرگرتنی سیفەتی چاودێر بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە نەتەوەیەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتمەندەکانی، کە مافی گەلی کورد لە ژیانێکی ئارام و دووچارنەبوونەوەی بە چەوسانەوە و جینوساید مسۆگەر دەکات.

**مادەی (٢٦):** بەهێزکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی هەرێم بەڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بە تایبەتیش لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان و دۆزینەوەی میکانیزم و شێوازی گونجاو بۆ بەشدارکردنی نوێنەرانی هەرێم لە کۆنگرە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمیسیۆن و ئاژانسە پسپۆرییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**مادەی (٢٧):** هەوڵدان بۆ کاراکردن و پاڵپشتیکردنی ماددی و مانەوەیی ئۆرگانەکانی پارتی لە دەرەوەی وڵات بە مەبەستی:

١. دروستکردنی باشترین پەیوەندی لەگەڵ ئەو پارتانەی کە لەو وڵاتەدا کار دەکەن، بە تایبەتی ئەو پارتانەی، کە بڕوایان بە دیموکراسی و مافی مرۆڤە و دان بە مافی گەلی کورددا دەنێن لە دیاریکردنی مافی چارەنووسیدا.

٢. گرنگیدان و بەسەرکردنەوەی زیاتری ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە هاندەران.

٣. بینینی ڕۆڵی یارمەتیدەر بۆ نووسینگەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە و پێشکەشکردنی هاوکاریی کارگێڕیی و مرۆیی بۆ ڕەوەندی کورد و هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەدا.

## دەروازەی سێیەم

## پرەنسیپ و ستراتیجییەکانی پارتی

**بەشی یەکەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی سیاسی و بنەماکانی حوکمڕانیدا**

لەبەر ئەوەی پارتی بڕوای بەوەیە کە دەبێت سیستمی سیاسی گوزارشت لە ئیرادەی گەل بکات و کار بکات بۆ چەسپاندنی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان و هانییان بدات بۆ پەیڕەوکردنی ڕۆڵی ئیجابییان لە کارگەلێکی سیاسیدا، کە پشتئەستوورن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، سەروەریی یاسا، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕۆڵی سەرەکی پارتیمان لە دروستکردن و کاراییکردنی دامەزراوە دەستوورییەکان و پارستنیاندا، بۆیە پارتی کار دەکات لە پێناوی :

**مادەی (٢٨):** پشتگیریکردنی دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانی وەکو سەرۆکایەتی هەرێم و پارلەمان و حکومەت و ئەنجومەنی دادوەری کە بەدەستکەوتی مێژوویی گرنگ دادەنرێت و پێویستە لەسەر بنەمای پرەنسیپی سەروەریی یاسا ڕۆڵی تەواوی خۆیان ببینن و ژیانی دەستووری و یاساییان بۆ دابین بکرێ.

**مادەی (٢٩):** ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو ماف و ئازادییانەی، کە لە بەڵگەنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە و عێراق بەشێکە لێیان، پابەندە بە خستنە بواری جێبەجێکردنیان لە سیستمی یاسای ناوخۆیی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (٣٠):** گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێ و لەوەوە هەموو دەستە باڵاکانی هەرێم دروست ببن و لە بڕیاردانی چارەنووسیدا لە گشت بوارەکاندا خودان ئیرادەی باڵا بێت و مافی لەوەدا بۆ مسۆگەر بکرێت، کە هەموو دەسەڵاتێکی کردنی لە ئاراستەکردنی سیاسەتی یاسادانان و جێبەجێکردندا هەبێ.

**مادەی (٣١):** گەلی هەرێمی کوردستان لەڕێی ریفراندۆم و میکانیزمە دەستوورییەکانەوە

بڕیار لە مەسەلە چارەنووسازەکانی هەرێم دەدات.

**مادەی (٣٢):** پشتگیریکردنی پارلەمان بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی خۆیی وەکو دامەزراوەی یاسادانان و چاودێریکردن ببینێ. ئەرکی سەرشانی پارتیشە، کە بایەخ بەم دامەزراوە بدات و بە هەموو شێوەیەك پشتگیریی بکات و کادیری لێهاتوو، دەستپاك، پسپۆڕ و خاوەنشارەزایی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بە گوێرەی پێوەر بۆ کاندید بکات.

**مادەی (٣٣):** پشتگیریکردنی حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی و بەرنامەکەیدا، کە متمانەی پارلەمانی وەرگرتووە.

**مادەی (٣٤):** ڕێزگرتن لە پرەنسیپی شەفافییەت و لێپرسینەوە و سزادان و دابینکردنی شەفافییەتی کاری حکومەت، جا لە پێناوی بەرجەستەکردنی مافی هاووڵاتیان لە چاودێریکردنی دەسەڵاتەکانی هەرێم، پارتی کار دەکات بۆ :

أ. مسۆگەرکردنی ئازادیی دەستکەوتنی زانیاری و ئاگەداربوون لە چالاکیی حکومی و ناحکومی لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی یاسا.

ب. دەستوور و یاساکان، ئەو ئامرازانە بۆ گەل فەراهەم بکەن کە بە هۆیانەوە شەفافییەت و لێپرسینەوە دروست دەبن و گەلیش دەتوانێ چاودێریی دەسەڵاتەکانی هەرێم بکات.

**مادەی (٣٥):** دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی و کولتوری و بەڕێوەبردن و خوێندن بۆ هەموو ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەژین و ڕێز لە هەست و نەریتەکانیان بگیرێ و تایبەتمەندییە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکانیان بنرخێنرێن و کار بکرێ بۆ مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتییان لە پارلەماندا بەپێی ڕێژەی دانیشتووانیان و کارئاسانی بۆ گەڕانەوەی پەڕاگەندەکانیان بۆ سەر زێدی خۆیان بکرێ.

**مادەی (٣٦):** پابەندبوون بە بنەمای سەروەری یاسا و یەکسانی لەبەردەمیدا بەبێ ئەوەی جیاوازی بکرێ بە هۆی نەتەوە، ڕەگەز، ئاین و ئاینزا یان پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.

**مادەی (٣٧):**

أ. پابەندبوون بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

ب. بەدیهێنانی پرەنسیپی سەربەخۆیی دادوەری، کە جگە لە یاسا هیچ

دەسەڵاتێکی تری بە سەرەوە نییە.

**مادەی (٣٨):** دەستەبەرکردنی یاسای ڕۆژنامەڤانی و ئازادی ڕادەربڕین و کارکردن بۆ ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ببنە میکانیزمی کارا و بەرپرس بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییەکانی گەلی هەرێمی کوردستان.

**مادەی (٣٩):** بەشداری کارا لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا مەرجدارە بە ڕێزگرتنی تەواو لە دەستووری عێراق بۆ پابەندبوونی هەموو لایەنەکان بە جێبەجێکردنی مادە و بڕگەکانیەوە.

**مادەی (٤٠):** بۆ بەرفراوانکردنی پرەنسیپی بەشداریکردنی هاووڵاتییان لە حوکمڕانیدا، پارتیمان کار دەکات بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپی ریفڕاندۆم لەسەر ئەو یاسا بنەڕەتییانەی سروشتی دەستوورییان هەیە.

**مادەی (٤١):** کۆششکردن لە پێناوی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ قەدەغەکردنی جیاکاری بە هەموو شێوە و شێوازەکانیەوە و سزادانی هەر کەسێ بانگەشەی بۆ بکات یان پێڕەوکردنی جیاکاری پەردەپۆش دەکات.

**بەشی دووەم: لەبواری پەرەپێدانی سیستمی دادوەریدا**

لە بڕوابوونی پارتی بە پرەنسیپی: دادوەریی سەربەخۆ جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێکی تری بەسەرەوە نییە و ولایەتی گشتیش هەر بۆ ئەوە لە پێناوی ئەوەدا، کە ئەرکە پیرۆزەکانی بێلایەنانە جێبەجێ بکات و لە نێوانی داواکاراندا ماف بدات بە خاوەن ماف، پارتی کار دەکات لە پێناوی :

**مادەی (٤٢):** ڕێزگرتن لە دادوەری و سەربەخۆبوونی و دووپاتکردنەوەی هەموو ئەو زەمانەتە یاساییانەی لە گشت بوارەکاندا دەبێ لەو پێناوەدا هەبن.

**مادەی (٤٣):** چاوخشاندنەوە بە سیستمی داواکاری گشتییدا و کاراکردنی ڕۆڵی لە پاراستنی کۆمەڵگەدا.

**مادەی (٤٤):** ڕاهێنانی دادوەران و داواکارە گشتییەکان لە پەیمانگەی دادوەریدا و کردنەوەی خولی گشتی و پسپۆرانە لە بوارەکانی یاسا و دادوەریدا لە پێناوی پەرەدان بە توانەکانی فەرمانبەران لە دەسەڵاتی دادوەری.

**مادەی (٤٥):** بایەخدانی پێویست بە ئەنجومەنی شورا و دادوەری ئیداری و کاراکردنی ڕۆڵییان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانییان.

**مادەی (٤٦):** کارکردن بۆ مسۆگەرکردنی کارایی پارێزەران لەو ڕۆڵەدا کە لە دادگەدا هەیانە.

**مادەی (٤٧):** بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاسایی، کە دەبێتە هۆی ئەوەی دادگەکان ڕۆڵی سەرەکی ببینن لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان.

**بەشی سێیەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی کارگێڕیدا**

لەبەر ئەوەی کارگێڕی ڕۆڵ و بایەخی گەورەی هەیە لە هێنانەدیی گەشەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مرۆییدا، لەم بارەوە [پارتیمان] کار دەکات بۆ:

**مادەی (٤٨):** دامەزراندنی دەستەی باڵای پەرەپێدانی کارگێڕی لە کوردستان. ئەرکی ئەم دەستەیە لێکۆڵینەوەی بەردەوامە لە واقیعی کارگێڕی و دانانی سیستمێکی هاوچەرخانە بۆی.

**مادەی (٤٩):** داڕشتنی ستراتیجییەکی گونجاو بۆ سوودوەرگرتنی تەواو لە سامانی مرۆیی کوردستان و دۆزینەوەی دەرفەتی کار بە مەبەستی لەناوبردنی بێکاری و بێکاری دەمامککراو (البطالة المقنعة) کە هەر ئێستا دامەزراوەکانی دەوڵەت بە دەستییەوە دەناڵێنن. ئەمەش لەڕێی :

أ. هاندانی کەرتی تایبەت بۆ کردنەوەی پڕۆژەی بەرهەمهێنەر و چاوخشاندنەوە بە یاسای وەبەرهێنان، بە تایبەتی بە ئاراستەی کردنەوەی پڕۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بایەخدانی زیاتر بە کرێکاری خۆماڵی.

ب. بایەخدان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ و بەرزکردنەوەی توانستی کارمەندان و کادیرانی کارگێڕی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا لە ڕێی کردنەوەی خولی بەردەوامی مەشقپێدانەوە وەك ئامادەسازییەك بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئەلکترۆنی.

**مادەی (٥٠):** بڵاوکردنەوەی کولتوری خزمەتکردنی هاووڵاتی لەناو دامەزراوەکانی حکومەتدا، بە جۆرێك کە هەر کارمەندێکی ئەو دامەزراوانە لە فەلسەفەی کارگێڕیی گشتی لەم بوارەدا تێبگات کە بریتییە لەوەی هەموو وەزیفە و دەسەڵاتێك لە پێناوی خزمەتکردنی هاووڵاتیاندایە.

**مادەی (٥١):** بەرجەستەکردنی شێوازی نامەرکەزی کارگێڕی و بەخشینی دەسەڵاتی پێویست بە دەسەڵاتە خۆجێییەکان، کە هاوکار بێت لە خێراکردنی کاروبارەکان. هەموو ئەمانە پێویستە بە شێوەیەك ڕێك بخرێن کە پەرتوبڵاوی لە ئامانجەکانی تواناکاندا

دروست نەکەن و ڕێگەش نەدەن، کە لە ئەرکەکاندا دووفاقی دروست ببێ.

**مادەی (٥٢):** دامەزراندنی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستاندا و کاراکردنی ڕۆڵی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ کارکردن بۆ ئەوەی یاسای تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو چەشنەکانی گەندەڵی دەربکرێ.

**مادەی (٥٣):** دووبارە ئەندازە دانانەوەی فەلسەفە و پەیکەری کارگێڕی و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەك لەگەڵ ئەرکە هەنوکەییەکانی حکومەت بەرامبەر بە هاووڵاتیان بگونجێت و تێیدا کێشەکانی گەندەڵی و کارگێڕی و زێدەڕۆیی ڕۆتین چارەسەر بکات و پرەنسیپی بەشداریکردن لە بڕیاردان فەراهەم بکات.

**مادەی (٥٤):** پێکهێنانی ئەنجومەنی خزمەتی گشتی لە پێناوی مسۆگەرکردنی یەکسانی دەرفەت لە کاروباری وەزیفی و دامەزراندن لە وەزیفە گشتییەکاندا.

## بەشی چوارەم: لە بواری پەرەپێدانی سیاسەتی ئابووری و داراییدا

پارتی بایەخێکی زۆر بە سیاسەتی ئابووری و دارایی دەدات، چونکە ڕۆڵێکی گەورە لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و باشکردنی ئاستی گوزەرانی تاکەکان و خۆشگوزەرانی ئەواندا دەبینێ. لەم ڕووەوە پارتی هەوڵ بۆ دانانی سیاسەتێکی ئابووری و دارایی دەدات، کە لەگەڵ ئەو گوڕانکارییانەی لە ئابووری جیهاندا روو دەدەن، بگونجێت و زیاتر خزمەت بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هەرێم بکات. بۆیە پارتی کاردەکات لە پێناو :

**مادەی (٥٥):** زەرورەتی سەرلەنوێ بیناکردنەوەی ئابووری عێراق لە سایەی سیستمێکی دیموکراسی فرەیی فیدراڵدا کە بەرژەوندییەکانی گەلی عێراق و تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرچاو بگریت. سیاسەتێکی ئابووری و دارایی ئەوتۆ پەیڕەو بکات، کە لەگەڵ لۆژیکی سەردەمدا ڕێ بکات و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا بگونجێت، کە لە عێراقی نوێی دوای ٢٠٠٣ هاتوونەتە ئاراوە.

**مادەی (٥٦):** جێبەجێکردنی سیستمێکی دادوەرانە بۆ دابەشکردنی داهاتە داراییەکانی سامانی نیشتیمانی لە نێوانی حکومەتی فیدراڵدا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا. ئەمەش لەڕێی دانانی یاسای سەرچاوە داراییەکان، کە کاولکردنی بە ئەنفەستانە و زۆرەملێیانەی ئابووری کوردستان و ناوەرۆکی دەستووری عێراقی فیدراڵ لەبەرچاو بگرێ.

**مادەی (٥٧):** حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی ئاشکرا و شەفافی و ئابووری و دارایی پێڕەو

بکات، زامنی ئازادی چالاکی ئابووری بکات و پشتگیری بەرهەمی نیشتیمانی و پیشەسازی خۆماڵی بکات و هانیان بدات. هاوکات سەرلیستی ئەو سیاسەتە دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری کوردستانی بێت.

**مادەی (٥٨):** سوودوەرگرتنی تەواوەتی ئەو کەشە ئارام و پارێزراوەی لە هەرێمدا هەیە بۆ سەرمایەگوزاری، تا بەهۆیەوە سەرمایەی نیشتیمانی و بیانی ڕاکێشرێن و ئاراستە بکرێن بەرەو بوارەکانی پیشەسازی گەشتوگوزار. هەروەها لەڕێی دانانی نەخشەیەکی سەرمایەگوزاری گشتگرەوە، کە توانا هەبووەکان پێویستییە گشتییەکانی لەبەرچاو گرتبێ، پێویستە یاسای سەرمایەگوزاری و ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بەم کایەوە هەیە و کارا و هەموار بکرێن تا ڕابوونێکی ئابووری بەرپا بکرێ.

**مادەی (٥٩):** کاراکردن و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی پەیکەری کەرتی دارایی و بانکایەتی لە هەرێمدا و کارکردن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ متمانەی پێ بکرێتەوە، ئەمەش لەڕێی دانانی سیاسەتێکی نیشتیمانی دروستەوە، کە لەسەر بناغەی ڕاکێشانی زیادە نەختینی و خشڵ و زیادە پاشکەوت کار بکات و سیستمێکی بانکایەتی هاوچەرخ بۆ بانکی پسپۆرییەکان لە هەرێمدا دابنێن و بیانبەستێتەوە بە بانکە جیهانەکانەوە. هەروەها هەوڵ بدرێت سەرلەنوێ دامەزراوەکانی دڵنیایی (تامین) بە هەموو جۆرەکانییەوە دروست بکرێنەوە.

**مادەی (٦٠):** هانی دانانی کۆمپانیای پشکداری بدرێ و لە هەرێمدا کەشێکی لەبار بۆ ئەو مەبەستە دروست بکرێ، تا پاشکەوتە بچووك و مامناوەندییەکان بەکار بهێنرێ و دەرفەتی کار و ئیشپێکردنی هێزی کاری ناوخۆ دروست ببێ و بازاری نەختینە لە هەرێمدا کارا ببێ.

**مادەی (٦١):** هەوڵدان لە پێناوی چاوخشاندنەوە بە هەموو یاسا داراییەکاندا، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە سیاسەتی باجەوە هەیە، تا لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی ئێستادا بگونجێنرێنەوە.

**مادەی (٦٢):** چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری دەمامککراو، کە بووەتە قورسایی بەسەر شانی بودجەی گشتی هەرێمەوە و خەرجییەکانی یەکجار زۆری کارپێکردن و بە خۆڕایی لەسەر حیسابی دابەزینی خەرجییەکانی سەرمایەگوزاری خستووەتە ئەستۆی بودجە.

**مادەی (٦٣):** لە پێناوی پاراستنی پارەی گشتی و باشبەکارهێنانیدا، پێویستە لەڕێی کارابوون

و کاریگەری ڕۆڵی دیوانی چاودێری داراییەوە چالاکی و ڕۆڵی چاودێری دارایی کارا بکرێن.

**مادەی (٦٤):** کارکردنی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر و قەدەغەکردنی ئەوەی لەلایەن بەرهەمهێنەر و بازرگانانەوە ئستیغلال بکرێن، هەروەها دەزگای پێوانە کۆنترۆڵی جۆریی بۆ هەموو کالا و خزمەتگوزارییەکان کارا بکرێن و هاوکاری کۆمەڵەکانی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر بکرێ.

**مادەی (٦٥):** دانانی یاسای ئازادیی کێبەڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکردن و هەروەها بازار بەپێی میکانیزمە هاوچەرخەکان ڕێك بخرێ و لەگەڵ سیاسەتە ئابووری و داراییەکانی هەرێم بگونجێن.

**مادەی (٦٦):** چاوخشاندنەوەی بە سیستمی فۆرمی خوراکوەرگرتندا بۆ ئەوەی باشبوونی ئاستی گوزەرانی دەرامەتە دیاریکراوەکان دەستەبەر بێ.

**مادەی (٦٧):** کردنەوەی حیسابێکی تایبەت بە پشکی هەرێم لە داهاتەکانی فیدراڵی و پاشەکەوتکردنی بەشێکی بۆ بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوو.

**بەشی پێنجەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵادا**

پارتی بە پێویستی دەزانی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی و فێرکردنی ڕوون و ئاشکرا بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی نەتەوەیی نیشتیمانی یەکگرتوو دابنرێ. تێڕوانینێکی نوێی هاوچەرخ تێدابێ بۆ چارەسەرکردنی ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی سیاسەتە پەروەردەییە ڕەگەزپەرست و شوڤێنییەکانی حکومەتە یەکلەدوای یەکەکان. بۆیە پارتی کاردەکات لە پێناوی :

**مادەی (٦٨):** هەڵسەنگاندن و راستکردنەوەی بەردەوامی پرۆگرامەکانی خوێندن تا بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا و شارستانییەتدا وێك بێنەوە.

**مادەی (٦٩):** چەسپاندنی هزری نەتەوەیی و نیشتیمانی ئاوێتەکراو بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و لێبوردەیی و مافی مرۆڤ لە سیستمی خوێندندا بۆ ئەوەی لەڕێی ئاگابوون لە مێژوو و جوگرافییایی کوردستان و بایەخدان بە کەلەپوور و کولتور و زمان و شێوەزارەکانی کوردی و ئاین و مەزهەبییەکانەوە ئینتیما بۆ گەل و خاکی کوردستان پتەوتر بێ.

**مادەی (٧٠):** لەڕێی دانانی بابەتەکان :

أ. جێنوساید (ئەنفال)کۆمەڵکوژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ... هتد.

ب. سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی (ڕاگواستن)، دەرکردن، تەعریب، ... هتد.

لەناو پڕۆگرامەکانی خوێندندا بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەو تاوانانەی، کە دەرحەق بە گەلەکەمان کراون ئاشنا بن.

**مادەی (٧١):** پشتگیریکردنی بەردەوامی بایەخدان بە زمان و کولتورەکانی تورکمان، عەرەب، کلدان، سریان و ئاشوری و ئەرمەن لە پڕۆگرامە پەروەردەییە تایبەتەکانی خۆیاندا.

**مادەی (٧٢):** فراوانکردنی بەکارهێنانی زمانە بیانییەکان لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵادا.

**مادەی (٧٣):** بیناکردنی کەسایەتی تاکی کوردستانی بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی سەربەخۆ متمانەبەخۆ و بەرهەمهێنەر لە کۆمەڵدا هەبێ.

**مادەی (٧٤):** بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن ئەرکی پەروەردەیی و فێرکاری خۆیان جێبەجێ بکەن پێویستە لەڕێی دابینکردنی ئاستێکی شایستەیی گوزەران و بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە بایەخیان پێ بدرێ.

**مادەی (٧٥):** بایەخێکی تایبەت بە زانکۆ و پەیمانگاکان و ماموستایان و کادیرە زانستییەکانیان بدرێ و سەربەخۆییان بپارێزرێ و ڕێزیان لێ بنرێ و دەست لە کاروبارییان وەرنەدرێ.

**مادەی (٧٦):** شێوازی نامەرکەزی کارگێڕی لە هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە باڵاکاندا پەیڕەو بکرێ لە پێناوی کەمکردنەوەی ڕۆتین و دەستەبەرکردنی سەربەخۆییان بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانییان جێبەجێ بکەن.

**مادەی (٧٧):** فەراهەمکردنی کەشی لەبار بۆ گەڕانەوەی توانا زانستییەکان بۆ هەرێمی کوردستان تا بەشداری لە کاروانی زانستیدا بکەن.

**مادەی (٧٨):** کارکردن بۆ وەرگرتنی زەمالە و نێردراو بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەندامانی دەستەی فێرکاری و قوتابیانی سەرکەوتوو دابەشکردنی لەسەر بناغەی یەکسانی دەرفەتپێدان.

**مادەی (٧٩):** کارکردن بۆ دانانی کورسی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم بۆ قوتابیانی کوردی دەرەوەی هەرێم.

**مادەی (٨٠):** پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرا لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵادا سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆیی حکومەتی و ئەهلی بە وانەشییانەوە کە ئێستا کاردەکەن و جەخت لەسەر جۆری ئەم دامەزراوانە

بکرێتەوە و پەیڕەوی هەڵسەنگاندنی بەردەوام و دەستەبەرکردنی جۆرایەتییان لەگەڵدا پەیڕەو بکرێ.

**مادەی (٨١):** پەیڕەوکردنی پرەنسیپی جیاکردنەوە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا لە ئامرازەکانی خوێندن و ڕوونکردنەوەی ناو کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندندا.

**مادەی (٨٢):** بایەخدان بە خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی و پەرەپێدانیان لە پێناوی ڕاهێنانی کادیری مامناوەندی بۆ بەشداریکردن لە بیناکردن و پەرەپێدانی ئابووری وڵات کە لەگەڵ پێویستییەکانی بازاڕدا بگونجێ.

**بەشی شەشەم: لە بواری پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستیدا**

توێژینەوەی زانستی ڕێگەیە بۆ پەرەپێدانی شارستانی و بیناکردنی قەوارەی کوردی، بۆیە پێویستە لەڕێی هاندانی زانایان و بیرمەندان فراوانکردنی ئەکادیمیایی کوردستان و پەرەپێدانییەوە وەکو ئەکادیمیا هاوکوفەکانی لە جیهاندا، دەرفەتی دروستی بۆ برەخسێنرێ بۆیە پارتی کاردەکات بۆ :

**مادەی (٨٣):** پشتگیریکردنی زانایان و داهێنەران لەڕێی دەرکردنی یاسای چاودێریکردنی زانایان و داهێنەرانەوە و کردنەوەی سەنتەری داهێنانی زانستی لە هەرێمدا بە مەبەستی هاندانی داهێنەران و پێشکەشکردنی ئاسانکاریی پێویست و دابینکردنی کەشی گونجاو بۆیان و دەرخستنی توانا و داهێنانەکانیان و جێبەجێکردنی هزری داهێنان لە زەمینەی واقیعدا.

**مادەی (٨٤):** پشتگیریکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیی ڕەسەن لەڕێی بایەخدان بە بنکەکانی توێژینەوە لە زانکۆکاندا و سازکردنی کۆڕ و کۆنگرەی زانستیی جیهانی و سوودوەرگرتن لە ئەنجامەکانیان هەروەها هاندانی توێژەران بۆ ئەوەی توێژینەوەی پەیوەندیدار بە پرسەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەنجام بدەن.

**مادەی (٨٥):** هاندانی بزاڤی وەرگێران لە هەرێمدا و کردنەوەی دەزگایەکی ئەکادیمیی تایبەتمەند بۆ وەرگێرانی کتێب و سەرچاوە زانستییەکان و یاساکان بۆ زمانی کوردی لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر.

**مادەی (٨٦):** تەرخانکردنی بڕێکی گونجاو لە بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاڵپشتی و پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی.

**بەشی حەوتەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی تەندروستیدا**

بە هۆی گرنگی سیستمی تەندروستی و ڕۆڵی لە بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا، پارتی لەو بڕوایەدایە کە کار بکرێ بۆ :

**مادەی (٨٧):** زیاتر بایەخدان بە چاودێریی تەندروستی بە هەموو جۆرەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردنەوە، ئەمەش لەڕێی دابینکردنی کەرەستە و کادیری نوژداری و تەندروستی و تەکنەلۆجیای هاوچەرخ و زیاترکردنەوەی نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی و عیادەی ڕاوێژکاری و زامنکردنی دابەشکردنی جۆگرافیاییانەی عادیلانە، کە خزمەتگوزارییەکان بگەنە هەموو هاووڵاتیانی هەرێم.

**مادەی (٨٨):** بەرزکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی لەڕێی دانانی بەرنامەی جۆراجۆرەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پرۆگرامەکانی خوێندن و ئامرازەکانی تردا.

**مادەی (٨٩):** دروستکردن و پەرەپێدانی بنکەکانی ڕاهێنان و چارەسەریی سروشتی و سازکردنیان بە کەرەستە و ئامێری هاوچەرخ.

**مادەی (٩٠):** پەرەپێدانی پیشەسازیی داوودەرمان و کەرەستەکانی نوژداری لە هەرێمدا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و کاراکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی جۆرایەتی داوودەرمان و کەرەستە نوژدارییە ناوخۆی و هاوردەکان.

**مادەی (٩١):** دانانی سیستمێکی گشتگیری دڵنیایی و دابینی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (٩٢):** چاوخشانەوە بە سیستمی تەندروستی بەو ئاڕاستەیە، کە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی و مامەڵەی مرۆییانە لەگەڵ نەخۆشاندا مسۆگەر بکات.

**بەشی هەشتەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی کۆمەڵایەتیدا**

لەو ڕوانگەیەوە، کە کۆمەڵی کوردی بە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی گەورەدا تێدەپەڕێ و بە پشتبەستن بەو گۆڕانانەی لە بواری کۆمەڵایەتیدا ڕویان داوە، پارتی هۆشیارانە کار دەکات لە پێناوی جێبەجێ کردنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی پەرەسەندو لەڕێی جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپانەوە :

**مادەی (٩٣):** کارکردن لە پێناوی دابینکردنی پێویستییە سەرەکییەکانی تاك : ژیانێکی گونجاو (خوراك، جلوبەرگ، خانوبەرە ...) دەرفەتی کار، پەروەردە و خوێندن، چاودێری

تەندروستی، ئازادی ڕادەربڕین ...

**مادەی (٩٤):** دیموکراتیزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لەڕێی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خێزانی کوردستانی، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانینی تاك و ناساندنی بە چەمك و زاراوە و پرەنسیپەکانی دیموکراسی.

**مادەی (٩٥):** کاراکردنی پڕۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون لە ناو کۆمەڵدا، لەڕێی بەشداریکردنی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان شانبەشانی خێزان.

**مادەی (٩٦):** کارکردن بە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بڵاوکردنەوەی کولتوری و مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی منداڵ، یەکسانی ژن و پیاو، ئازادی تاك و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

**مادەی (٩٧):** پاراستن و گەشەپێدانی کولتوری کوردی لە پێناوی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کۆمەڵی کوردیدا.

**مادەی (٩٨):** پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی و بە ستانداردکردنی وەك مەرجێکی پێویست بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و یەکێتی نەتەوەیی کورد. هەوەها کاراکردنی پڕۆسەی بە فەرمیکردنی زمانی کوردی لە سەرتاسەری عێراقدا.

**مادەی (٩٩):** مسۆگەرکردنی ژیانێکی بەختیار و ئارام بو منداڵان بەو پێیەی ئەوان سامانێکی کۆمەڵایەتین و دەبێت هەموو جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی و دەرونی لە دژییان قەدەغە بکرێ و ڕێگە بە کار پێکردنییان نەدرێ.

**مادەی (١٠٠):** سنووردانان بۆ هەژاری و چارەسەرکردنی ئەو ئاریشە کۆمەڵایەتیانەی لێی دەکەونەوە، ئەمەش لەڕێی سەرلەنوێ چاوخشانەوە بە سیستمی چاودێری و دابینکردنی کۆمەڵایەتیدا.

**مادەی (١٠١):** بایەخدان بە خاوەن پێداویستە تایبەتەکان و مسۆگەرکردنی مافەکانییان، بەپێی پێوەرە مرۆییەکان و وەکو ئەوەی لە بەڵگەنامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییە تایبەتەکاندا هەن.

**مادەی (١٠٢):** چاوخشانەوە بە یاساکانی کار و ڕێکخستنەوەی وەکو ئەوەی لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێمدا بگونجێن، ئەمەش لەڕێی دانانی یاسایەکی نوێ بۆ کار، کە چینی کرێکار لە کەرتی گشتی و تایبەتدا بگرێتەوە و لە بەرژەوەندی ئەواندا بێ.

**مادەی (١٠٣):** دانانی یاسایەکی نوێ بۆ خانەنشینی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی بگونجێ

لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

**مادەی (١٠٤):** دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ بەساڵاچووان و کردنەوە و پەرەپێدانی بنکەکانی سەرپەرشتیکردنیان.

**مادەی (١٠٥):** کاراکردنی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوانەی دەیانگرێتەوە.

**مادەی (١٠٦):** کاراکردنی خزمەتگوزاریی پێویست لە دامەزراوەکانی چاکسازیدا (بۆ نەوجەوانان و بەتەمەنەکان) و بایەخدان بە بارودۆخی گیراوان و کەسوکاریان و پۆلینکردنیان و دانانی بەرنامە بۆ ڕاهێنانیان وەکو ئەوەی ئەندامی بەسوودن لە کۆمەڵدا.

**مادەی (١٠٧):** کردنەوەی نووسینگەکانی کارپێکردنی حکومەتی، بۆ دابینکردنی دەرفەتی کار بۆ بێکاران و دۆزینەوەی دەرفەتی ڕاهێنانی ئەوانەی لە کارێکدا کارامە نین.

**بەشی نۆیەم: لە بواری پەرەپێدانی پێشمەرگەدا**

لەوەتەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە و بە درێژایی ئەم مێژووە (پێشمەرگە) قەڵغانی گەلی کوردستان و پارێزەری سنوور و سیمبۆلی خۆڕاگری بوون.
لە سایەی قوربانیدانی زۆر و زەوەندی ئەوانەوە گەلەکەمان توانیویەتی لە بارودۆخە جیاجیاکاندا بەرگری بکات و بەشێکی زۆری ئاواتەکانی بێنێتە دی، بۆیە پارتی ڕۆڵی نەبەردانە و داستانە مەزنەکانی ئەوان لە کاروانی گەلەکەماندا بەرز دەنرخێنێت، هەروەها ڕۆڵی ئێستایان لە پاراستنی هەرێم و عێراق بەپێی ئەوەی بەشێکی گرنگی پێکهاتەی مەنزومەی بەرگریی عێراقن بە شانازییەوە هەڵدەسەنگێنێ. پارتی لێبڕاوانە و بەجیدی کار دەکات لە پێناوی :

**مادەی (١٠٨):** پشتگیریکردنی کۆششەکانی وەزارەتی (پێشمەرگە) بۆ ڕێکخستنی و یەکخستنی و بە دامەزراوەییکردنی کاروباری پێشمەرگە، کە دەستەبەری بەرگریکردنە لە سنووری کوردستان و پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانی گەلەکەمان.

**مادەی (١٠٩):** بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی (پێشمەرگە) لەڕێی دانانی یاسا و ڕێسای تایبەت بەوانەوە.

**مادەی (١١٠):** بەرزکردنەوەی ئاستی مەشق و پڕچەککردنەوەی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتوویی شەڕوانی پێشمەرگە و کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگای سەربازی و بنکەکانی توێژینەوەی پسپۆرانەی سەربازی و دامەزراندنی دەزگای سەربازیی

گونجاو لەگەڵ تەکنۆلۆژیای هاوچەرخدا.

**مادەی (١١١):** پشتگیریکردن و پەرەپێدانی دەزگای ئەیلول بۆ سەرپەرشتی و چاودێریکردنی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و شۆڕشی گوڵان وەکو نرخاندنی خەبات و قوربانیدانی ئەوان و بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموون و شارەزاییان و هاریکاریکردنی ماڵباتەکانیان کە دابینی کۆمەڵایەتی و تەندروستییان هەبێ.

**مادەی (١١٢):** بایەخدان بەو پێشمەرگانەی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا بەرکەوتوون و لەڕێی یاسای تایبەت بەو بوارەوە مافەکانیان مسۆگەر بکرێ.

**مادەی (١١٣):** ڕێزگرتن و نرخاندنی قوربانیدانی پێشمەرگەی شەهید و سەرپەرشتیکردنی ماڵباتەکانیان و دابینکردنی پێویستییەکانیان و ژیانێکی شایستە بۆیان.

**مادەی (١١٤):** بەشداریکردنی پێشمەرگە لە هاریکاریکردنی هێزەکانی بەرگریی مەدەنی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا.

**مادەی (١١٥):** ناساندنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەخەبات و قوربانیدانی پێشمەرگە و ڕۆڵیان لە دامەزراندن و جێگیرکردنی ئەو قەوارەیەی ئێستا هەیە لە هەرێمدا، ئەمەش لەڕێی دانانی ئەم بابەتانە لەناو پرۆگرامی پەروەردە و خوێندندا، مۆنیمێنت و مۆزەخانە و بنکەی بەڵگەنامەکانی داستان و نەبەردییەکانیان بکرێنەوە و پیرۆزیی ناوی پێشمەرگە بپارێزێ.

**مادەی (١١٦):** بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری هێزی پێشمەرگە بەو ڕادەیە، کە ئاگاییی تەواویان لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بێ و لاگیریان بۆ وڵات و نەتەوە قووڵتر بێتەوە.

**بەشی دەیەم: لە بواری پەرپێدانی هێزەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی ناوخۆ**

ئاسایش یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ و بەمانای نەمانی ترس و بوونی دڵنیایی لەسەر ئاستی (تاك) و (کۆمەڵ)، بەو پێیەش سپارتی بڕوای بەوە هەیە، کە هێزەکانی پەیوەندیدار بە ئاشایشی ناوخۆ، ڕۆڵێکی پڕ بایەخ و سەرەکی دەگێڕن لە پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیان و ئازادییەکانیان و بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنی دادپەروەری و پاراستن و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ. بۆیە پارتی کار دەکات بۆ :

**مادەی (١١٧):** بەرچاوڕوونیی زیاتر لەڕووی یاساییەوە بۆ پێناسەکردنی چەمکی ئاسایش لە

هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی تەوەرەکانی کاری ئاسایش و بەرژەوەندییە بالاکانی هەرێمی کوردستان و ئەو هەڕەشانەی، کە لەسەر ئەم بەرژەوەندییانە دەبن لەوانەش چالاکیی سیخوڕی دژ بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و تیرۆریزم و توندڕەویی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و بلاوبوونەوەی مادەهۆشبەرەکان.

**مادەی (١١٨):** بایەخدانی زیاتر بە مەشق و ڕاهێنان و بەهێزترکردنی بەردەوامیی توانا و شارەزایی ئەفسەر و کارمەندانی دامەزراوەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئاشناکردنیان بە میتۆد و شێوازی نوێی کاری پرۆفیشنالانەی ئاسایش لەڕێی پەرەپێدانی ناوەندەکانی مەشق و ڕاهێنان و کردنەوەی خولی تایبەت و کۆڕ و سیمیناری بەردەوام لە بوارە تایبەتەکانی کاری ئاسایش.

**مادەی (١١٩):** باشترکردنی باری گوزەرانیی ژینگەی کارکردن و دابینکردنی دەرماڵەی مەترسی و لە بەرچاوگرتنی هەستیاری ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی ناوخۆ.

**مادەی (١٢٠):** گرنگیدانی زیاتر بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کارمەندانی پەیوەندیدار بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە بوارە جیاجیاکانی پەیوەندیدار بە کاری ئاسایش و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا و بەو ڕادەیەی کە لاگیریان بۆ نیشتمان و نەتەوە قووڵتر بکاتەوە و متمانەی هاوبەشی نێوان ئەوان و هاوولاتیان بەهێزتر بکات.

**مادەی (١٢١):** بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیایی هاوچەرخ لە کاری دامەزراوەکانی هێزەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی ناوخۆوە لە بوارەکانی پشکنین و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان و قەڵاچۆکردنی تیرۆر و سیخوڕی.

**بەشی یازدەم: لە بواری پەرپێدانی سیستمی کۆمیونیکەیشن (پەیوەندیگرتن)**

لە ماوەی ساڵانی دواییدا کوردستان پەرەسەندنێکی بەرچاوی لە ئامرازە هاوچەرخەکانی پەیوەندیدا بە خۆوە بینیوە، لەبەر بایەخی ئەم بابەتە، پارتی کار دەکات لە پێناوی :

**مادەی (١٢٢):** دانانی یاسا بۆ ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی پەیوەندیگرتن و بەکارهێنانی ئامرازە هاوچەرخەکان (ئەنتەرنێت، مۆبایل...) بە جۆرێك کە بەرژەوەندی لایەنە هاوبەشەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و ڕەوشتبەرزانە بەدی بهێنێت، نرخی گونجاو و جۆری باشی پەیوەندی و چاودێرییەکی چۆنایەتی و سزادانی سەرپێچکەران

مسۆگەر بکات.

**مادەی (١٢٣):** پابەندکردنی کۆمپانیاکانی پەیوەندی، کە بازنە گەیاندنیان بە ڕادەیەك فراوان بکەن هەموو شار و گوند و دەڤەرێکی کوردستان و عێراق بگرێتەوە.

**مادەی (١٢٤):** پەرەپێدانی وێستگەکانی کەشوهەوا لە کوردستاندا بە جۆرێك، کە لەگەڵ پەرەسەندنە تەکنۆلۆژییەکان بگونجێن و بایەخێکی تایبەتیش بە بنکەکانی ئاگابوون بە بومەلەرزە و پێزانینی پێشوەخت بدرێن.

**بەشی دوازدەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی گۆاستنەوە و گەیاندندا**

گواستنەوە و گەیاندن شادەماری ژیانی ئابوورین. جا لەبەر ئەوەی کوردستانیش یەکێکە لە دەروازە نێودەوڵەتییەکانی عێراق، بۆیە پێبەپێی ئەوە گواستنەوە و گەیاندن بایەخێکی تایبەتیان هەیە، پارتیمان لەم ڕووەوە کار دەکات بۆ :

**مادەی (١٢٥):** ڕێکخستنی تۆڕ و گواستنەوەی گشتی بە میکانیزمی یاسای (لەسەر بناغەی هاوچەرخانە) و فراوانکردنی بۆ ئەوەی بەشدار بێ لە چارەسەرکردنی دیاردەی خنکانی هاتوچۆ.

**مادەی (١٢٦):** بایەخدان بە تۆڕی ڕێگەوبان و پردەکان و پەرەپێدان و چاککردنەوە و هەموارکردنیان، بە تایبەتی ئەو ڕێگە ناوخۆ و دەرەکییە سەرەکییانەی هەرێم بە وڵاتی دراوسێوە دەبەستنەوە. هەروەها تۆڕی ڕێگەی ئاسنین دابمەزرێنرێ و فڕۆکەخانەکان فراوان بکرێن.

**مادەی (١٢٧):** ڕێکخستنی هاوردەکردنی ئامرازەکانی گۆاستنەوە، بە گوێرەی پلان و بەرنامەیەکی دیراسەتکراو.

**مادەی (١٢٨):** هەموارکردنی ئەو یاسایانەی هاتوچۆ، کە تایبەتن بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی جۆرە جیاجیاکانی ئامرازەکانی گواستنەوە چ گشتی، چ تایبەتی بە جۆرێك، باشییەتی گواستنەوە و پاراستنی ژینگە مسۆگەر بکەن.

**مادەی (١٢٩):** بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هاتوچۆ لەناو هاووڵاتیاندا لەڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، وەرگرتنی ڕێوشوێنی کردنی کە سنوور بۆ ڕووداوە دڵتەزێنەکانی هاتوچۆ دابنێن.

**مادەی (١٣٠):** پەرەپێدانی سیستمەکانی پۆستە لە کوردستاندا بە شێوەیەکی هاوچەرخانە.

**بەشی سێزدەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی ژینگەدا**

پاراستنی ژینگە و سەوزکردنەوەی خاکی کوردستانی جوان، ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی مرۆییانەیە، بەسەرچاوەگرتن لە پرەنسیپی مسۆگەرکردنی مافی مرۆڤ کە لە ژینگەیەکی پاکژدا بژین، پارتی کار دەکات لە پێناوی :

**مادەی (١٣١):** جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەتن بە پاراستنی ژینگە و دوورخستنەوەی لە پیسبوون و قەتیسمانی گەرمایی و بەشداریکردنی هەرێم لەو کۆنگرە نێودەوڵەتی هەرێمایەتییانەدا.

**مادەی (١٣٢):** ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی بە بیابانبوون و گەردەلوولی خۆڵاوی بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا و لەڕێی ڕێوشوێن و شێوازی زانستییانەوە.

**مادەی (١٣٣):** دۆزینەوەی دەڤەری پاراستن بۆ ڕووەك و ئاژەڵان و یاسای تایبەت بۆ ئەو بابەتە.

**مادەی (١٣٤):** بایەخدان بە دارستانە خۆڕسکەکان لەوەرگە و باخچەکان و پاراستنیان لە سووتان و بڕینەوە و کارکردن بو سەرلەنوێ دروستکردنەوەی داپۆشینی ڕووەکی و ڕاکێشانی پشتێنەی سەوز بە دەوری شار و شارۆچکەکاندا.

**مادەی (١٣٥):** خێراکردن لە سەر پرۆسەی هەڵگرتنەوەی مین و پشتگیریکردنی هەوڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا و هەرچی زیاتر فراوانکردنی کارەکانیان، هەروەها حکومەتی فیدراڵ پابەند بکرێ و بەشداری بکات لەم پرۆسەیەدا.

**مادەی (١٣٦):** دانانی یاسای تایبەتی ڕاوکردن، کە پاراستنی سامانی ئاژەڵ مسۆگەر دەکات و بڵاوکردنەوەی کولتوری پارێزگاریکردنی ژینگە لەڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دانانی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا و پشتگیریکردنی ئەو ڕێکخراوانەی لەم بوارانەدا کار دەکەن.

**مادەی (١٣٧):** بەکارهێنانی شێوازی زانستی و تەکنیکییە هاوچەرخەکان لە بواری چارەسەرکردنی پاشماوە و پاشەڕۆکاندا بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لە پرۆژە پیشەسازی کشتوکاڵییەکاندا بەکار بهێنرێنەوە.

### بەشی چواردەیەم: لە بواری بایەخدان بە سامانە سروشتییەکاندا

پارتی کار دەکات بۆ بەکارهێنان و پارێزگارییکردن لە (سامانە سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا) بۆ خزمەتی ڕۆڵەکانی ئێستا و داهاتوو، ئەمەش لە ڕێگەی :

**یەکەم: نەوت و گاز**

**مادەی (١٣٨):** سووربوون لەسەر مافی دەستووری هەرێم لە بەڕێوەبردنی کاروباری نەوت و گاز بەپێی ئەو میکانیزمە یاساییانەی پەیوەندیدارن بە گرێدانی گرێبەست و پێکهێنانی پەیکەری کارگێڕی و سەرمایەگوزاری تایبەتمەند بەم بوارەوە، ئەمەش لە پێناوی هەرچی زیاتر قازانجی نیشتیمانی نەتەوەیی گەلی کوردستانە.

**مادەی (١٣٩):** پەرەپێدانی بیرەکانی نەت و گاز و کارکردن بۆ دۆزینەوەی بیری نوێ و دەرهێنانی سامانەکەی.

**مادەی (١٤٠):** دامەزراندن و پەرەپێدانی پیشەسازی بەرهەمەکانی نەوت بۆ ئەوەی پێویستی هەرێم دابین بکات و زیادەکەشی ڕەوانەی دەرەوە بکرێ.

**مادەی (١٤١):** هاندانی کردنەوەی پڕۆژەی پێتروکیمیایی لە هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (١٤٢):** ڕاهێنانی کادیری هونەریی خۆماڵی بۆ کارکردن لە بواری نەوت و گازدا لە ڕێگەی خوێندن و ڕاهێنان و مەشقی جۆراوجۆر لە ناوخو و دەرەوەی هەرێم.

**مادەی (١٤٣):** کردنەوەی بنکەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە بواری نەوت و گازدا.

**مادەی (١٤٤):** ڕاکێشانی تۆڕی بۆری ناوخۆیی بۆ گواستنەوە و دابەشکردنی گاز بۆ هەموو شار و شارۆچکە و دەڤەرەکان.

**دووەم: کانزاکان**

**مادەی (١٤٥):** کێومالێکی جیۆلۆجیایی و تۆپۆگرافیایی سەرتاسەری هەرێم بکرێ بۆ دۆزینەوەی کانزا تا لە پێناوی بەرژەوەندیی گەلی هەرێمدا بەکار بهێنرێ.

**مادەی (١٤٦):** پەرەپێدان و نوێکردنەوەی پیشەسازیی کانزا و هاندانی کردنەوەی پڕۆژەی نوێ لەم بوارەدا.

**مادەی (١٤٧):** ڕێکخستنی کاری هەڵکەندن و کانەکان، بەپێی یاسا و ڕێسای تایبەت و پابەندبوون بە جێبەجێکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی ژینگە و شوێنەوارەوە.

**سێیەم: سەرچاوەکانی ئاو**

**مادەی (١٤٨):** ڕێزگرتن لە هەموو ڕێکەوتننامە و نەریتە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی بەکارهێنانی ئاوی هاوبەش و جێبەجێکردنییان بە جۆرێك مافی هەموو

وڵاتە هاوبەشەکان مسۆگەر بکەن.

**مادەی (١٤٩):** بەکارهێنانی ئاو لە ڕووبار و کانی و باران بە باشترین شێوە ئەوەش بە دروستکردنی بەنداو کە زیادکردنی ڕێژەی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی مسۆگەر بکەن و بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بواری کشتوکاڵ، گەشتوگوزار و گەشەپێدانی سامانی ماسی بەکار بهێنرێن.

**مادەی (١٥٠):** مسۆگەرکردنی مافی هەموو هاووڵاتییان لە دەستکەوتنی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە، ئەمەش لەڕێی ڕاکێشان و نوێکردنەوەی تۆڕەکانی ئاو و بڵاوکردنەوەی کولتوری کەم بەکارهێنانی ئاو.

**بەشی پازدەم: لە بواری پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانیدا**

**یەکەم: کەرتی کشتوکاڵ**

پارتی بەو چاوە دەڕوانێتە کشتوکاڵ، کە گرنگترین کەرتەکانی بەرهەمهێنانە، جا بۆ ئەوەی ئاسایشی خۆراکی هەرێم بپارێزێ، پارتی بایەخێکی یەکجار گەورە پەرەپێدان و نوێکردنەوە و بەئامێرکردن و ئامادەکردنی هەموو پێویستییەکان و چارەسەرکردنی گشت ئەو کێشە و ئاریشانە دەدات، کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەمەش لەڕێی دانانی پلانێکی ستراتیجییانە، کە ئەمانەی خوارەوە مسۆگەر بکات :

**مادەی (١٥١):** چاوخشاندنەوە بە هەموو ئەو یاسانەی پەیوەندیدارن بە کێشەکانی موڵکداری و مافی بەکارهێنانی زەوی بە شێوەیەك کە ببێتە هۆکاری گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و ئاوەدانبوونەوەی گوندەکان لە ڕێگەی پارلەمانی کوردستانەوە.

**مادەی (١٥٢):** پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ئەوتۆی نرخ لە بواری کشتوکاڵدا، کە هانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بدات و لە کیبڕکێی بیانی بیپارێزێ و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو و پێدانی قەرز و پێشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست بە جوتیاران.

**مادەی (١٥٣):** زیاتر بایەخدان و پەرەپێدانی خوێندنی زانستی کشتوکاڵی بۆ ئەوەی کادیری کشتوکاڵی زانستی بەشدار بن لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵیدا.

**مادەی (١٥٤):** دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەواوکارییەکان لە ناوچە کشتوکاڵییەکان و

گوندەکان و بە شێوەیەك هاندەر بێت بۆ بۆژاندنەوەی هاوچەرخی گوندەکان و گەڕانەوەی جوتیاران بۆیان.

**مادەی (١٥٥):** بایەخدان بە سامانی ڕووەك و ئاژەڵ و گەشەپێدان و زیادکردنی لەڕێی کارکردن بۆ گۆڕینی تەرزی نەریتانەی کشتوکاڵ و بەکارهێنانی سیستمی بەخێوکردنی ئاژەڵ و چاندنی ڕووەك بە شێوازی هاوچەرخ و پەرەسەندو، سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتووی ئەم بوارە لە جیهاندا.

**مادەی (١٥٦):** دانانی پلانی پەرەسەندوی دیاریکراو لەڕووی کاتەوە بۆ ڕێنوێنکردنی جوتیاران لە پێناوی ئەوەدا، کە بایەخ بە بەرهەمهێنانی جۆری دیاریکراوی کشتوکاڵ و ئاژەڵ بدەن، کە بازاڕ پێویستی پێیانە و گەشەی پیشەسازی کشتوکاڵ مسۆگەر دەکەن، لە چوارچێوەی پلانی ستراتیجی (٥) ساڵەی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (١٥٧):** بەئامێرکردنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و ڕاهێنانی کادیری هونەری پێویست بۆ بەڕێوەبردن و چاککردنەوەیان و ڕێنوێنیکردنی جوتیاران لە چۆنیەتی بەکارهێنانیدا لە ڕێگەی مەڵبەندەکانی ڕێنوێنی کشتوکاڵی.

**مادەی (١٥٨):** چێکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی و خێراکردن لە پرۆسەی هەڵگرتنەوەی مین لەڕێی ڕەوانکردنی ڕووبەری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (١٥٩):** بایەخدان بە لایەنی ڕاگەیاندن لە ڕێنوێنیکردنی جوتیاران و بڵاوکردنەوەی کولتوری کشتوکاڵیدا.

**مادەی (١٦٠):** برەودان بە بەشداریکردن لە پێشانگە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکاندا بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی کوردستانی بدۆزرێتەوە.

**مادەی (١٦١):** دروستکردنی بنکەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی نەخۆشی و ئافاتەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵان.

**مادەی (١٦٢):** پشتگیریکردن و هاندانی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی پەین و ئالیك و ئامێرەکانی کشتوکاڵ.

**مادەی (١٦٣):** پشتگیریکردنی یەکێتی جوتیارانی کوردستان و هاندانی چالاکییەکانی بۆ زیاتر خزمەتکردنی جوتیاران.

**دووەم: کەرتی پیشەسازی**

پارتی بایەخێکی تایبەت بە پیشەسازی دەدات و کار دەکات لە پێناوی :

**مادەی (١٦٤):** پشتگیریکردنی کەرتی پیشەسازی تایبەت و هاندانی سەرمایەگوزاری پیشەسازی لەڕێی دابینکردنی کەشی سەرمایەگوزاری گونجاو و پشتئەستور بە یاسا و ڕێسای چالاککەر و پەرەپێدەری پیشەسازی ئێستا و داهاتوو کە پێویستی بازاڕ دابین بکەن.

**مادەی (١٦٥):** پشتگیریکردن و هاندانی پڕۆژە بچووك و گەورەکانی پیشەسازی، کە پشت بەو کەرەستە سەرەتاییانە دەبەستن لە لای خۆمان دەست دەکەون و هاندانی بەرهەمی خۆماڵی بە جۆرێك، کە توانای کێبڕکێکردنی نرخ و جۆری کاڵا و هاوردەکانی هەبێ.

**مادەی (١٦٦):** پشتگیریکردن و هاندانی پیشەسازی دەستکرد و پیشەوەری.

**مادەی (١٦٧):** بایەخدان بە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و چاککردنەوەیان و بەستنەوەی تۆڕەکانی و نوێکردنەوەیان بە جۆرێك کە پێویستی هەرێم دابین بکەن و هاوکات کار بکرێ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی وزەی نوێ.

**مادەی (١٦٨):** کارکردن بۆ پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەلامەتی پیشەسازی لە هەرێمدا و کارکردن بۆ دروستکردنی شاری پیشەسازی جۆراوجۆر بەپێی پلانێکی ستراتیجی.

**سێیەم: کەرتی بازرگانی**

بازرگانی سەرچاوەیەکی ئابووری گرنگە، لە بووژاندنەوەی ئابووریدا بە شێوەیەکی کارا بەشداری دەکات، بۆیە پێویستە بایەخ بەم کەرتە بدرێ تا زیاتر ببووژێنرێتەوە و بزاوتی چالاکتر بکرێ ئەمەش لەڕێی :

**مادەی (١٦٩):** دامەزراندنی ناوچەی بازرگانی ئازاد لە هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (١٧٠):** کاراکردن و پەرەپێدانی فەرمانگەی چاودێری بازرگانی و بوونی هاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە پێناو ئاشکراکردنی بەدکاری و سزادانی بەدکاران بە شێوەیەکی یاسایی و بڵاوکردنەوەی کولتوری چاودێری بازرگانی.

**مادەی (١٧١):** کاراکردنی دەزگای پێوانەکردن و کۆنترۆڵی جۆرێتی و پەیڕەوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا بەگوێرەی خۆراك و داوودەرمان و کەرەستەکانی نوژداری و ئامێرە کارەبایی و ئەلکترونییەکان و هەمو شتومەکێك، کە لە ناوخۆ یان دەرەوەی هەرێم بەرهەم دەهێنرێن .

**مـادەی (١٧٢):** چاوخشـاندنەوە بەهـەموو ئـەو یاسـا و ڕێسـایانەی بـە بازرگـانیی نـاوخۆ و دەرەوە پەیوەندیدارن لەوانـە : یاسـاکانی بازرگـانی، کۆمپانیاکـان، یـەکێتیی گشـتیی ژووری بازرگانی و پیشەسازی، هاوردەکردن و هەناردە... تاد.

**مادەی (١٧٣):** پـەیڕەوکردنی سیاسـەتگەلێکی بازرگـانیی گونجـاو و پاڵپشـتیکردنی بەرهەمـە نیشـتیمانییەکان بـۆ ئـەوەی توانـای کێبڕکێـی هـەبێت، بـەجۆرێك هاوسـەنگی لـە تـەرازووی بازرگـانی و تـەرازووی پێـدراوەکان (کـە کاریگـەریی نێگـەتیڤیان هەیـە) بێنییە دی بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.

**بەشی شازدەهەم: لە بواری پەرەپێدانی بیناسازی و نیشتەجێبووندا**

بەسەرچاوەگرتن لـە پرەنسـیپی دابینکردنـی خـانوی گونجـاو مـافی هـەموو هاووڵاتییەکـە، پارتی کار دەکات بۆ :

**مادەی (١٧٤):** سەرلەنوێ بیناکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکان بە شێوەیەکی هاوچەرخانە کـە بەپێی دیزاینی هاوچەرخانە و پلانی دیراسـەکراو هـەموو خزمەتگوزارییـەکیان پێـی بگەیەنرێ.

**مـادەی (١٧٥):** چارەسـەرکردنی تـەنگژەی نیشـتەجێبوون لـەڕێی هانـدانی سـەرمایەگوزاری، پشـتگیریکردنی سـندوقی نیشـتەجێکردن و بـانکی خانوبـەرە بـە باشـتر ناسـاندنی نیشتەجێبوونی شاقووڵی لـە شـار و شـارۆچکەکاندا، کـە بـەپێی مـەرج و خەسـڵەتی ئەندازەیی دروست کرابن و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین کرابێ.

**مادەی (١٧٦):** چاوخشاندنەوە بە یاساکانی بە کرێدان بە جۆرێك، کە هاوسەنگی لـە نێـوانی خاوەن ماڵ و کرێچیدا بەدی بهێنێت.

**مادەی (١٧٧):** لە دروستکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبووندا مەرج و پێوەرە نێودەوڵەتییـەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی بوومەلەرزە و کارەساتە سروشتییەکانی تر لە بەر چاو بگیرێ.

**مادەی (١٧٨):** پێشکەشکردنی ئاسانکاری و هاریکاری بۆ دابینکردنی خانوبەرەی گونجـاو بـە ئەوانەی داهاتیان دیاری کراوە، بۆ ئەو گەنجانەی تازە ماڵ پێك دەهێنێن.

**مـادەی (١٧٩):** هانـدانی کردنـەوەی پرۆژەکـانی کۆمەڵـەی هاریکـاری نیشـتەجێبوون و پشتگیریکردنی هەوڵەکانی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکانی ئەم بوارە.

**مادەی (١٨٠):** دانانی سنوور بۆ ئەو فراوانبوونـە بێسـەروبەرەی لـە شـارەکاندا ڕوو دەدات و

پابەند بوون بە ماستەر پلانی شار و شارۆچکەکانەوە.

**مادەی (١٨١):** پەیڕەوکردنی سیاسەتێك لە بیناکردندا کە گونجانی کەرەستەکانی بیناکردن لەگەڵ کەشی جوگرافی ناوچەکاندا لەبەر چاو بگرێ.

**مادەی (١٨٢):** لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە کاتی نەخشەدانانی پڕۆژەکانی نیشتەجێبووندا.

**بەشی حەڤدەم: لە بواری پەرەپێدانی شارەوانییەکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا**

پارتی بایەخێکی تایبەت بە شارەوانییەکان دەدات، چونکە ڕۆڵیان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا سەرەکییە. بۆیە پارتی کار دەکات بۆ:

**مادەی (١٨٣):** چاوخشاندنەوەیەکی هاوچەرخانە بە سیستم و چەمکی شارەوانییەکاندا، کە دیاریکردنی دەسەڵاتە پێویستییەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا بۆ هاووڵاتیان مسۆگەر بکات.

**مادەی (١٨٤):** چاوخشاندنەوەی بە ماستەرپلانی شار و شارۆچکەکان بەپێی پێوەرە زانستییە هاوچەرخەکان و بە جۆرێك، کە لەگەڵ واقیعی مێژوویی شارەکاندا بگونجێن.

**مادەی (١٨٥):** کارکردن بۆ پەرەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە پێناوی پاراستنی پاکژی و جوانیی نیشتەنییەکان و ژینگەی کوردستان و فراوانکردنی دەڤەرە سەوزەکان.

**مادەی (١٨٦):** کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی کولتوری بەشاریبوون و پاراستنی کەلەپووری خۆجێیی و تەرزی بیناسازی لە ناوچە دێرینەکاندا.

**بەشی هەژدەم: لە بواری پەرەپێدانی گەشتوگوزاردا**

گەشتوگوزار یەکێکە لە کەرتە ئابوورییە پڕ بایەخەکان. کوردستانیش ناوچەیەکە بنەمای گەشتیاری لە سروشت و شوێنەوار و ئاسەواری ئاینی تێدایە، بۆیە پارتی بۆ پەرەپێدانی ئەم بوارە کار دەکات بۆ :

**مادەی (١٨٧):** دانان و کارکردن بە پلانێکی ستراتیجی زانستی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (١٨٨):** پشتگیریکردن و هاندانی سەرمایەگوزاران، تا لە کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستاندا سەرمایە بخەنە گەڕ.

**مادەی (١٨٩):** ئامادەکردنی کادیری هونەری و پیشەیی پسپۆڕ لە بواری گەشتییاریدا.

**مادەی (١٩٠):** ڕووپێوکردن و پۆلینکردنی ناوچە گەشتیارییەکان لە هەرێمدا و سازکردنیان وەك سەرەتا بۆ بەکارهێنانیان.

**مادەی (١٩١):** بڵاوکردنەوەی کولتوری گەشتیاری لە ناو هاووڵاتییاندا.

**مادەی (١٩٢):** گرنگیدان بە گەشتیاریی شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکانی.

**بەشی نۆزدەهەم: لە بواری پەرەپێدانی ڕاگەیاندن و وەشاندندا**

پارتی بڕوای بە ئازادی ڕاگەیاندن و وەشاندنە لەڕێی هەموو کەناڵەکانی بینراو و بیستراو و نووسراو و ئەلکترونییەوە. هەروەها بایەخ و ڕۆڵی کاریگەری ئەم بوارە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و دەرخستنی ڕاستییەکان و دیارکردنی خاڵە لاوازەکان لە کارایی دامەزراوەکانی حکومەت و غەیری حکومەت و پێشنیاز کردنی چارەسەر و چەسپاندنی بەهاکانی دیموکراسی و نیشتمان پەروەری و نەتەوەیی و پەیوەندی ڕاگەیاندنکاران لەگەڵ دەرەوەدا لە پێناوی ڕوونکردنەوەی دۆزە ڕەواکانمان دووپات دەکاتەوە. بۆیە پارتی کار دەکات بۆ :

**مادەی (١٩٣):** کاراکردنی ڕۆڵی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن و پەیڕەوکردنی بابەتێکی شەفافیەت و ڕاستگۆیی و ڕەخنەی بنیاتنەرانە و دوورکەوتنەوە لە ناوزڕاندن و لەکەدارکردن.

**مادەی (١٩٤):** ڕاگەیاندن ئازادە و بەرپرسە. ئازادی ڕاگەیاندنیش دەستوور دەیسەلمێنێ و دەیپارێزێ، کە بە یاسا ڕێکخراوە.

**مادەی (١٩٥):** ڕێکخستنی کەرتی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نووسراو و ئەلێکترونی بە شێوەیەك، کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕیندا گونجاو بێ .

**مادەی (١٩٦):** پشتگیریکردن و بەهێزکردنی ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی پشت پێبەستراو لەسەر ئاستی جیهان.

**مادەی (١٩٧):** ئامادەکردنی کادیری ڕاگەیاندنکاری پیشەیی پرۆفیشناڵ لەسەر بوارەکانی ڕاگەیاندندا.

**مادەی (١٩٨):** کاراکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە پەروەردەکردنی منداڵان و لاواندا.

**مادەی (١٩٩):** دەرکردنی یاسایەك بۆ پاراستنی موڵکایەتی فیکری.

**بەشی بیستەم: لە بواری پەرەپێدانی کولتور و کەلەپووردا**

پارتی بایەخێکی مەزن بە کولتور و کەلەپووری کوردی دەدات و کار دەکات لە پێناوی :

**مادەی (٢٠٠):** سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە و پەرەپێدان و پشتگیریکردنی خانەکانی وەشاندن و چاپخانەکانی حزب.

**مادەی (٢٠١):** پەلەکردن لە دروستکردنی کتێبخانەی نیشتمانی و بنکەی پاراستنی بەڵگەنامە و دەستنووسە کوردییەکان و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی دەستنووسە دێرین و بە بەهاکان و ئەو بەڵگەنامە مێژووییانەی گوازراونەتەوە یان دزراون.

**مادەی (٢٠٢):** بایەخێکی یەکجار زور بدرێ بە بووژاندنەوەی کەلەپووری کوردی، ئەمەش لەڕێی دروستکردنی موزەخانەی نیشتیمانیی کوردستانییەوە، هەروەها کاراکردنی پرۆسەی گەڕان بە دوای شوێنەوار و زۆرکردنی ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ وەرگرتنەوەی شوێنەوارە گوازراوە و دزراوەکان. گەڕاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ ئەو شوێنەوار و هونەر و بەرهەمە ئەدەبیانەی ناسنامەی کوردیان لێسەنراوەتەوە.

**مادەی (٢٠٣):** پەرەپێدانی موزەخانەی **بارزانی نەمر**، ئاسەوار و کەلەپوور و بەڵگەنامە و هەر شتێك پەیوەندی بە ژیانی **بارزانی نەمر** و تێکۆشانی هەڤاڵەکانی و کەلەپووری پارتی و شۆڕش و ڕابوونەکانی گەلی کوردەوە هەبێ لەو موزەخانەیەدا دابنرێ.

**مادەی (٢٠٤):** دانانی مۆنۆمێنت و کردنەوەی موزەخانە بۆ قوربانییانی جینوساید و دروستکردنی سەنتەر و بنکە بۆ بەڵگەکردنی ئەو تاوانانە.

**مادەی (٢٠٥):** لەڕێی پشتگیریکردنی ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانی شانۆکار و سینەماکار و شێوەکار و وێنەکێش و موزیککار و پەیکەرتاشانەوە ناسنامەی هونەری کوردستانی بەرچاو بخرێ.

**مادەی (٢٠٦):** پشتگیریکردنی هەموو هەوڵێکی ناوخۆیی و دەرەکی، کە دەیەوێت بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری بەرهەم بهێنێت، کە مێژوو، کەلەپوور، نەبەردی و سەروەرییەکانی گەلەکەمان دەرببڕێت.

**بەشی بیست و یەکەم: لە بواری پەرەپێدانی کاروباری ئاینیدا**

لە ئاراستەکردن و ڕێکخستنی پەیوەندییە مێژووییەکاندا ئاین بە یەكێك لە پێویستییە

سەرەكییەكانی ژیان هەژمار دەكرێت، بۆیە لەسەر بناغەی بڕوابوون بە لێبوردەیی و پێكەوەژیان و دووپاتكردنەوەی ئازادی پەیڕەوكردنی بەها و هەستی ئاینی و مەزهەبی، پارتی بایەخێكی سەرەكی بە ئاینەكان دەدات. لەم چوارچێوەیەشدا پارتی كار دەكات بۆ:

**مادەی (٢٠٧):** بایەخدان بە ئاینی ئیسلامی پیرۆز و تیشكخستنە سەر ڕۆڵی بەرچاوی كارامەی كورد لە بیناكردنی شارستانییەتی ئیسلامیدا.

**مادەی (٢٠٨):** ڕێزگرتن لە زانایان و پیاوانی ئاینی و پێگەی كۆمەڵایەتییان و چاككردنی باری گوزەرانییان و دابینكردنی هەر شتێ، كە پێویستە بۆ جێبەجێكردنی چالاكی ئاینی و نیشتیمانییان، كە خزمەتی گەلەكەمان و پڕۆسەی پێشكەوتنی دەكات و ڕێ دەگرێت لە بڵاوبوونەوەی هزری تیرۆر و تۆقاندن و توندڕەویی.

**مادەی (٢٠٩):** پشتگیری و هاریكاریكردنی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە كوردستاندا بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەركە ئاینی و نیشتمانییەكانی جێبەجێ بكات.

**مادەی (٢١٠):** پشتگیری و هاریكاریكردنی دەستە و ئەنجومەنی ئاینییەكانی تر لە هەرێمی كوردستان.

**مادەی (٢١١):** هەوڵدانی بۆ سەرپەرشتیكردن و ڕێكخستن و پەرەپێدانی كۆلێژ و پەیمانگە و قوتابخانە ئاینییەكان بە شێوەیەك، كە لەگەڵ سەردەمدا بگونجێ و ئەو مزگەوت و شوێنە ئاینییانەی وێران كراون، سەرلەنوێ بینا بكرێنەوە.

**مادەی (٢١٢):** ڕێزگرتن لە هەست و نەریت و سروودی گشت ئاین وئاینزا و مەزهەبەكان و كاركردن بۆ پتەوكردنی گیانی لێبوردەیی ئاینی و بڵاوكردنەوەی كولتوری برایی و خۆشەویستی و هاریكاری و ڕیسواكردنی توندوتیژی و توندڕەویی و دەمارگیری ئاینی.

**مادەی (٢١٣):** پشتگیریكردن و هاندانی ئەو دامەزراو و كۆبەندانەی داوای چاكسازی هاوچەرخانەی لە ئاینیدا دەكەن و داواكەشیان لەگەڵ كۆمەڵگاكانی ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا ناكۆك نییە و خزمەت بە  دۆزی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەكات.

**مادەی (٢١٤):** چاككردنی سیستمی ئەوقاف، لەگەڵ گیانی سەردەم و خزمەتكردنی بەرژەوەندی گشتی لە هەرێمدا دەگونجێنرێ.

**مادەی (٢١٥):** مزگەوت و شوێنە ئاینییەكان پەیامی پیرۆزیان هەیە، نابێت بۆ كاری سیاسی بەكار بهێنرێ.

**بەشی بیست و دووەم: لە بواری كاروباری ئافرەتان، قوتابیان، لاوان و وەرزشدا**

**یەكەم: ئافرەتان**

پارتی بڕوای بەو ڕاستییە هەیە، كە ڕۆڵ و كاریگەری ئافرەتی كوردستان لە هەموو بوارەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیماندا، هەر لە كۆنەوە تا هەنوكە، هیچی كەمتر نەبووە لە ڕۆڵی پیاوان و پارتی كار دەكات بۆ:

**مادەی (٢١٦):** ڕەخساندنی كەشی لەبار بۆ ئافرەتان تا لە ژیانی سیاسی سەركردایەتیكردنی كۆمەڵدا بەشدار بن.

**مادەی (٢١٧):** بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێكردنی سیستمی كۆتا بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا ئافرەتان پلەوپایەی سەركردایەتی لە حزب و حكومەتدا وەربگرن.

**مادەی (٢١٨):** ڕەتكردنەوەی هەموو شێوەكانی جیاكراوی ڕەگەزیی كۆمەڵایەتی و گشت جۆرەكانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و پشتئەستووركردنی ئەم ڕەتكردنەوەیە بە یاسا و ڕێسای پێویست.

**مادەی (٢١٩):** دژایەتیكردنی ئەو دابونەریتە ناڕەوایانەی لەناو كۆمەڵی كوردستاندا بوونەتە كۆسپ لەبەردەم مافەكانی ئافرەتاندا.

**مادەی (٢٢٠):** هۆشیاركردنەوەی ئافرەتان بە مافە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەكانیان كە لە دەستوور و یاسا نیشتیمانییەكان و بەڵگەنامە و ڕێكەوتننامە نێودەوڵەتییەكاندا لەگەڵ واقیعی كوردستاندا دەگونجێن.

**مادەی (٢٢١):** بڵاوكردنەوەی كولتوری مافەكانی ئافرەتان و مسۆگەركردنی سەلامەتی كۆمەڵایەتییان لە شوێنی كاركردندا و گرنگیدان بە دروستكردن و پەرەپێدانی سەنتەری پیشەی تایبەت بە ئافرەتان.

**مادەی (٢٢٢):** پشتگیریكردنی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان و هاندانی چالاكییەكانی، كە پێگەی ئافرەتان لە كۆمەڵدا پتەو دەكات.

**دووەم: قوتابیان**

قوتابیان توێژێكی گرنگ و هەستیارن لە كۆمەڵدا و ڕۆڵێكی كارایان لە پێشكەوتنی كۆمەڵدا هەیە. لەبەر ئەوەی سامانێكی نەتەوەیین و لە گشت شۆڕش و ڕاپەڕینێكدا سەری ڕمن، بۆیە پێویستە لە ڕووی گەشەپێدان و پەروەردەكردنی زانستی و ئاكاری جەستەییەوە و بایەخێكی گەورەیان پێ بدرێ. لەم ڕوانگەیەوە پارتی كار دەكات بۆ :

**مادەی (٢٢٣):** پاڵپشتیكردنی دانانی بەرنامەی زانستی پەرەسەندو بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی

زانستی قوتابیان.

**مادەی (٢٢٤):** ڕەخساندنی بواری گونجاو بۆ قوتابییە بەهرەمەندەکان بۆ ئەوەی توانای داهێنانیان بخەنە کار.

**مادەی (٢٢٥):** پشتگیریکردنی و سەرپەرشتیکردنی قوتابیان لە ڕۆڵەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوتابیانی جینۆساید.

**مادەی (٢٢٦):** باشترکردنی گۆزەران و باری خوێندنی قوتابیان و دابینکردنی بەشی ناوخۆیی.

**مادەی (٢٢٧):** دانانی سیستمێکی نویێ بۆ وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی لەسەر بناغەی ئەوەی کە حەزی قوتابیان و توانای زانستییان و پێویستی بازار لەبەرچاو بگرێ.

**مادەی (٢٢٨):** پشتگیریکردن و پەرەپێدانی ئەزموونی هەڵبژاردنی قوتابیان وەکو کردارێکی دیموکراسی لە پێناوی چەسپاندنی بەهای بەشداریی قوتابیان لە پڕۆسەی خوێندندا.

**مادەی (٢٢٩):** پشتگیریکردنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و هاندانی چالاکییەکانی کە پێگەی قوتابیان لە کۆمەڵدا بەهێز دەکات.

**سێیەم: لاوان**

پارتی بڕوای بەوەیە کە لاوان کۆڵەکەی و بزوێنەری سەرەکیی کۆمەڵن و بە بازووی ئەوان داهاتووی کوردستان بنیات دەنرێ و شوورەی پۆڵاینی کوردستانن. لەبەر بایەخی گەورەی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە و لەبەر پێویستیی گرێدانی نەوەکان پێکەوە، پارتی کار دەکات بۆ :

**مادەی (٢٣٠):** گەشەپێدانی گیانی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە لای لاوان و بڵاوکردنەوەی کولتوری دیموکراسی و گیانی لێبوردەیی و ڕیسواکردنی توندوتیژی و دەمارگیری لە ناویاندا.

**مادەی (٢٣١):** دانانی پرۆگرام و پلانی پەرەسەندو بۆ گەشەپێدانی تواناکانی لاوان.

**مادەی (٢٣٢):** ڕەخساندنی دەرفەت بۆ لاوانی بەتوانا، تا پلە و پایەی سەرکردایەتیکردن لەناو دامەزراوە حکومی و حزبییەکاندا وەرگرن.

**مادەی (٢٣٣):** بەدواداچوونی بەردەوام بۆ کێشەکانی لاوان وەك : بێکاری، خانووبەرە، ئاستی گوزەران، کۆچی هەڕەمەکی... تاد. ئەمەش لەڕێی ڕاپرسی و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستییەوە و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان.

**مادەی (٢٣٤):** بەدواداچوون و بایەخدان بە بارودۆخی لاوان لە هاندەران و پەیوەندیی گرتنی بێ پچڕان لەگەڵیاندا.

**مادەی (٢٣٥):** هۆشیارکردنەوە و پاراستنی لاوان لە مەترسییەکانی مادە هۆشبەرەکان و چارەسەرکردنی ئەوانەیان کە پێی ئالوودەبوون، لەڕێی چاوخشاندنەوە بەو یاسایانەدا، کە ئەم بوارە ڕێك دەخەن و سزای یاسایی توند بەرامبەر بازرگانان و ئەوانە بکرێ کە بڵاوی دەکەنەوە.

**مادەی (٢٣٦):** کردنەوەی هەرچی زیاتری بنکەکانی ڕۆشنبیری، خۆشگوزەراندن، وەرزش و هونەر بۆ گەشەپیدانی توانای فیکری و جەستەیی و داهێنانی لاوان.

**مادەی (٢٣٧):** چەسپاندنی کولتوری کارکردن وەکو بەهایەکی باڵای کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵدا و پیرۆزی و بایەخی ئەم بەهایە لە بیناکردنی کەسایەتیی لاواندا دووپات بکرێتەوە.

**مادەی (٢٣٨):** پشتگیریکردنی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و هاندانی چالاکییەکانی، کە پێگەی لاوان لە ناو کۆمەڵدا پتەو دەکات.

**چوارەم: وەرزش**

ئەمڕۆ وەرزش پانتاییەکی یەکجار فراوانی لە سەرانسەری جیهان گرتووە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە و تایبەت نییە بە ڕەگەز و تەمەنی دیاریکراو. لەم بوارەدا پارتی کار دەکات بۆ:

**مادەی (٢٣٩):** بەرپاکردنی بەهاکانی بزاڤی وەرزش و پەیڕەوکردنی لەناو کۆمەڵدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و تەمەن و ئاین.

**مادەی (٢٤٠):** هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی کولتور و ڕۆشنبیری وەرزشکردن لە کۆمەڵی کوردستاندا، لە ڕوانگەی وەرزش بۆ هەمووانە، بە مەبەستی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بیرساخ و لەشساخ.

**مادەی (٢٤١):** بۆ ئەوەی وەرزش ببێتە باڵیۆزی گەلی کوردستان لە جیهاندا، پێویستە کار بکرێت بۆ پێگەیاندنی کادیری وەرزشی و بنیاتنانی ژێرخانی وەرزشی و ڕێزگرتن و پشتگیریی مادی و مانەوی لە دەستکەوتە وەرزشییەکاندا.

**مادەی (٢٤٢):** هەوڵدان بۆ شکاندنی ئاستەنگی کۆمەڵایەتی لە بەردەم هاتنی ئافرەت بۆ ناو بزاڤی وەرزشی.

**مادەی (٢٤٣):** بایەخدان بە وەرزشی خاوەن پێداویسییە تایبەتییەکان.

**مادەی (٢٤٤):** پشتگیریکردن و هاندانی هەڵبژاردە وەرزشییە نیشتیمانییە کوردستانییەکان لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاڵا و ناوی کوردستان لە میهرەجانە وەرزشییە جیهانییەکاندا.

**بەشی بیست و سێیەم: لە بواری كاروباری ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنییدا**

ڕێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكان : یەكێتی، سەندیكا، كۆمەڵە، ڕێكخراو، بنكە، سەنتەر و یانەكان .... تاد، ڕۆڵی مێژووییان لە خەباتی گەلەكەمان و بزاڤە ڕزگاریخوازەكەی و لە داكۆكیكردن لە ماف و بەرژەوەندیی ئەندامەكانیان و پتەوكردنی بنەما دیموكراسییەكاندا هەبووە و هەیە. لە بڕوابوونی پارتی بەم ڕۆڵە گرنگەی ئەم ڕێكخراوانە و ڕێكخراوەكانی تری كۆمەڵگەی مەدەنی، كار دەكات بۆ كاراكردنی ئەو ڕۆڵە لە ڕێی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

**مادەی (٢٤٥):** پەیڕەوكردنی پرەنسیپی دیموكراسی لە بەڕێوەبردنی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و هەڵبژاردنی سەركردایەتییەكانیان.

**مادەی (٢٤٦):** پشتگیریكردنی ئەو هەوڵانەی بۆ یەكگرتنی یەكێتی و كۆمەڵە پیشەییەكان لەسەر بناغەی یەك ڕێكخراو بۆ یەك كەرتی پیشەیی دەدرێن.

**مادەی (٢٤٧):** دروستكردن و پتەوكردنی پەیوەندی نێوان ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و هاوكوفەكانیان لەناوەو و دەرەوەی وڵات، بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاكانی كوردستان.

**مادەی (٢٤٨):** هاوئاهەنگی لە نێوان ڕێكخراوە لێكچووەكاندا و بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانیان.

**مادەی (٢٤٩):** پشتگیریكردنی بەشداربوونی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە كۆنگرە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەكاندا.

**مادەی (٢٥٠):** بەهێزكردنی هەوڵی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بۆ جێبەجێكردنی ئامانجە پیشەییەكان و قووڵكردنەوەی ئەزموونی دیموكراسی لە هەرێمی كوردستاندا.

**مادەی (٢٥١):** بەهێزكردنی ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی وەكو ئەڵقەیەكی تری گەیەنەر لە نێوان حكومەت و هاووڵاتیاندا و ڕەخساندنی زەوینەی لەبار بۆ كاراكردنی ڕۆڵیان وەكو چاودێر بەسەر حكومەتەوە.

## دەروازەی چوارەم
## قوربانییانی تاوانەکانی جێنوساید و
## تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی

"شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕاگواستن و کاولکردنی
گوندەکان و بۆردومان بە چەکی کیمیایی"

ئەگەر بە خێرایی چاوێك بە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا بخشێنین قەوارەی ئەو وێرانکاری و دارمان و کاولکارییە دەبینین، کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕوویان داوە. لە پێشەوەی هەمووشیان بواری مافەکانی مرۆڤی کورد، کە ئازار و نەهامەتیی زۆری چەشتووە و ئەو زوڵمەی لێی کراوە تەنیا لەو ئاستەدا نەماوەتەوە، بەڵکو قووڵ بووەتەوە بۆ بوون و قەوارە و کۆڵەکەکانی ئەم گەلە و دواجار هەموو ئەو زوڵمە لە شاڵاوەکانی بۆردومانی کیمیاوی و کوشتارگەلەکانی ئەنفال و شاڵاوەکانی ئازاردان و ڕاگوێزان و عەرەباندن و تواندنەوەی نەتەوەیی و جۆرەها تاوانی تر، کە هەموویان دەچنە خانەی کۆمەڵکوژی و جێنوسایدەوە. هەر لە لەناوبردنی بەکۆمەڵی جەستەییەوە تا دەگات بە لەناوبردنی کولتوری، بە ئاراستەی جێبەجێکردنی سیاسەتی لەناوبردنی یەکجاریی گەلی کورد و دەرکێشانی ڕەگ و ڕیشەی لە خاکی وڵاتەکەی. هەموو ئەمانە وایان کردووە پارتی ماندوونەناسانە کار بکات بۆ :

**بەشی یەکەم: مافەکانی قوربانییان و خێزانەکانیان**

**مادەی (٢٥٢):**

ڕێکخستنی هەڵمەتێکی نیشتیمانی و جیهانی بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی دەیان هەزار لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە بارزانییەکان و فەیلییەکان و قوربانیانی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال لە گەرمیان و تیکڕای ناوچەکانی تر و زیندانییە سیاسییەکان و بێسەروشوێنان، کە تا ئێستا کەس نازانی چارەنووسیان چییە و قەرەبوکردنەوەی ئەو قوربانییانە و خانەوادەکانیان بەرامبەر ئەو زیانە مادی و مانەوییانەی لێیان کەوتووە، لەلایەن دەوڵەتی عێراقی فیدراڵەوە.

**مادەی (٢٥٣):** بەرپرسیارێتی (گێڕانەوە و قەرەبوکردنەوە، ڕازیکردن) بکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لە پای ئەو زیانانەی بەهۆی تاوانەکانی جێنۆساید و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتییەوە لەسەر دەستی حکومەتە زاڵمەکانی عێراق بە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان کەوتوون.

**مادەی (٢٥٤):** گەڕانەوەی هەموو راگوێزراوان و دەرکراوان بۆ ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان و

بەرپرسیارەتی قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانانەی پێیان کەوتووە و سەرلەنوێ بیناکردنەوەی گوند و گەڕەك و خانوبەرەکانیان بکەوێتە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵ.

**مادەی (٢٥٥):** هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ گەڕاندنەوەی کوردە فەیلییە ڕاگوێزراوەکان و پێدانەوەی سامانی گواستراوە و نەگواستراوە بۆیان و قەرەبوکردنەوەی هەموو ئەو زیانانەی پێیان کەوتووە لەلایەن دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و لابردنی سەرجەم ئەو کوسپ و تەگەرانەی دەخرێتە بەردەم گەڕاندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی بۆیان.

**مادەی (٢٥٦):** ڕاگرتنی هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردییەتی ئێزدییەکان دەدرێن و لابردنی ئاسەواری هەموو ئەو کاروکردەوە ڕەگەزپەرستانەی لەم ڕووەوە دەرحەقیان کراوە و قەرەبوکردنەوەیان لە پای ئەو زیانە مادی و مانەوەیانەی پێیان کەوتووە، لەلایەن دەوڵەتی عێراقی فیدراڵەوە.

**مادەی (٢٥٧):** ڕاگرتنی چەوسانەوە و زوڵم و ڕاگواستن و زەوتکردنی موڵکی کوردی شەبەك، بەو پێیەی، کە ئەوانە کاروکردەوەی ڕەگەزپەرستانە و ئامانجییان گۆڕینی واقیعی دیمۆگرافی ناوچەکانیانە و دەبێت دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ پابەند بکرێ بە قەربوکردنەوەیان بەرامبەر ئەو زیانە مادی و مانەوەیانەی لێیان کەوتووە.

**مادەی (٢٥٨):** هەوڵ بدرێت بۆ پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ ئەو کوردانەی نیشتەجێی عێراقن، وەکو ئۆمەرییان و گۆیان و هی تر.

**مادەی (٢٥٩):** گەڕانەوەی ئەو ڕۆڵانەی گەلەکەمان کە لە پاش ڕێکەوتننامە نەگریسەکەی جەزائیری ١٩٧٥ لە ئێران بوونە پەناهەندە، ئەوانەشیان کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا لە تورکیا و وڵاتانی تر بوونە پەنابەر. قەرەبوکردنەوەی مادی و مانەوییان لەلایەن دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بەرامبەر ئەو زیانانەی بە درێژایی ئەو ساڵانە لێیان کەوتووە.

**مادەی (٢٦٠):** بەرزڕاگرتنی یادی ۆاپەڕینی مەزنی ئاداری ١٩٩١، هەوڵدان بۆ قەرەبوکردنەوەی زیان لیکەوتووانی قوربانییانی ڕاپەڕین و کۆڕەوی ملیۆنی گەلەکەمان لەڕوی مادی و مانەوییەوە لەلایەن دەوڵەتی عێراقی فیدراڵەوە.

**مادەی (٢٦١):** بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی دلێرانە و سەربەرزانەی زیندانییە سیاسییەکان و قەرەبوکردنەوەی زیانە مادی و مانەوییەکان و دابینکردنی بژێوی شایستە بۆیان.

**بەشی دووەم: سەبارەت بە یاسادانان**

**مادەی (٢٦٢):** ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربکات کۆمەڵکوژییەکان بە تاوان بناسێنێ و سزای توند بۆ ئەو کەسانە دابنێت، کە پێشێلکاری قورسی بڕگەکانی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی قەدەغەکردنی تاوانی جێنوساید و سزادانی ئەنجامدەرانی دەکەن. وەکو جێبەجێکردنێکی ئەو پابەندبوونەی لە مادەی (٥)ی ڕێکەوتننامەکەدا هەیە و هەموو ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەو ڕێکەوتننامەیەدا پابەند دەکات بەوەوە، کە دەبێت یاسای پێویست بۆ سزادانی ئەو کەسانە دەربکات، کە ئەو پێشێلکارییانە دەکەن.

**مادەی (٢٦٣):** ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربکات مافی قوربانییانی جێنۆساید و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی مسۆگەر بکات بە جۆرێك یاساکە ئەو مافانەی خوارەوە بۆ قوربانیان و خانەوادەکانیان دەستەبەر بکات :

- مافەکانییان بگێڕدرێتەوە.
- قەرەبوی مادی و مانەوی بکرێنەوە.
- ڕاهێنان (دابینکردنی چاودێری پزیشکی بە چارەسەرکردنی نوژداری جەستەیی و دەروونیشەوە).
- ڕازیبوون (رەدی ئیعتیباری قوربانیان و دانپێدانانی ئاشکرا بەو ئازار و زوڵمەی لێیان کراوە).

**مادەی (٢٦٤):** ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەر بکات کە بەرهەمهێنانی بەکارهێنانی عەمبارکردنی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و هەموو جۆرەکانی چەکی قەدەغەکراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی حەرام بکات و بە توندی سزای ئەوانە بدات کە ئەم یاسایە پێشێل دەکەن.

**مادەی (٢٦٥):** ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربکات نکوڵی لێکردن لەو کاروکردەوە تاوانکارییانەی (کۆمەڵکوژی، تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ) کە لەسەر دەستی دەسەڵاتی زوڵم و زۆر دەرحەق بە گشت گەلی عێراق و بە تایبەتیش دژی گەلی هەرێمی کوردستان کراون بە تاوان لەقەڵەم بدات.

**بەشی سێیەم: سەبارەت بە مەسەلە گەلێکی تر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی**

**مادەی (٢٦٦):** عێراق بچێتە ڕیزی سیستمی سەرەکی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتییەوە (سیستمی ڕۆما) لەپێناوی ڕوونەدانەوەی تاوانی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە گەلی

عێراق و بە تایبەتیش دەرحەق گەلی هەرێمی کوردستان.

**مادەی (٢٦٧):** پشتگیریکردنی ئەو هەوڵە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییانەی لە ئارادان بۆ کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بۆردومانی کیمیایی و ئاسەوارەکانی بەسەر گوند و شارەکانی کوردستانەوە.

**مادەی (٢٦٨):** دروستکردنی بنکەی نیشتیمانی و موزەخانەی نێودەوڵەتی تایبەت بە نووسینەوە و دیکۆمنتکردنی ئەو بەڵگانەی دەیسەلمێنن تاوانی نێودەوڵەتی دەرحەق ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان ئەنجام دراوە.

**مادەی (٢٦٩):** دانانی ڕۆژی (١٦)ی ئادار (ڕۆژی هەڵەبجە) بە ڕۆژێکی جیهانی بۆ حەرامکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

**مادەی (٢٧٠):** ڕاوەدونانی یاسایی و دادوەری هەموو بەرپرسان، حکومەتەکان، کۆمپانیا و کەسەکان کە نەخشەیان بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە دژی گەلەکەمان کێشاوە، یان بەشدارییان تێدا کردووە، یان هانیان داون، یان جێبەجێیان کردوون.

**مادەی (٢٧١):** بە هەموو شێوە و توانایەك هەوڵی جیدی و بەردەوام بدرێت تاوەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕوا بهێنێ و دان بنێ بە جێنۆسایدکردنی گەلی کورد و دڵنیایی بدات و جەخت بکاتەوە کە جارێکی تر ئەو تاوانانە بەرامبەر بە کورد ناکرێنەوە.

# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی یەکەم
## چەند پێناسەیەکی بنەڕەتی

**مادەی (١): پێناسەی پارتی لەڕوویی ڕێکخراوەییەوە**

پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی دیموکراتی نیشتیمانییە، لەیەکگرتنی ئارەزوومەندانەی ئەو تێکۆشەرە دیموکراتخوازانە پێك هاتووە، کە هاوئامانجیی و هاوبڕوایی بە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی کۆی کردوونەتەوە و لە ڕیزەکانی پێشەوەی جەماوەردا بۆ بەدیهێنانی ستراتیجیایی پارتی خەبات دەکەن، ئەوەیش بەپێی نەخشە و پلانێکی واقیعبینانە، کە لە مێژووی نەتەوەی کورد و ئەزموونەکانی بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی و کەلەپووری نیشتیمانی و خەباتکارانەی **بارزانی نەمر**ەوە سەرچاوە دەگرێ و سوودیش لە ئەزموونی گەلان دەبینێت، بە جۆرێك کە لەگەڵ واقیعی هەرێمی کوردستان و هیوا و ئاواتەکانی گەلەکەیدا بگونجێ.

**مادەی (٢): ناوی پارتی و کورتکراوەکەی ناو:**

بە زمانی کوردی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ك)

بە ڕێنووسی لاتینی: Partiya demokrata kurdestanê - P.D.K

بە زمانی ئینگلیزی Kurdistan democratic party - K.D.P

بە زمانی عەرەبی: الحزب الديموقراطي الكوردستاني (ح . د . ك)

**مادەی (٣) : دروشم و هێمای پارتی**

**مادەی (٤): ئاڵای پارتی**

ڕەنگی زەردە، لە ناوەڕاستدا و لە نێو بازنەیەکی سووردا کورتکراوەی ناوی پارتی (pdk) نووسراوە.

**مادەی (٥): زمانحاڵی پارتی**

پێك دێت لە دوو ڕۆژنامەی ناوەندی : (خەبات) بە زمانی کوردی و (التآخي) بە زمانی عەرەبی، هەروەها ماڵپەڕی ئەلیکترونی تایبەت بەخۆ دەبێت.

## بەشی دووەم

## پرەنسیپە ڕێکخراوییەکانی پارتی

**مادەی (٦): پارتی لەسەر ئەم پرەنسیپە ڕێکخراوەییانەی خوارەوە دامەزراوە:**

١. پەیڕەوکردنی پرەنسیپی دەنگدانی نهێنی بۆ هەڵبژاردنی لێژنەکانی پارتی.
٢. ئۆرگانەکانی خوارەوە بۆ بڕیار و ڕێنوێنییەکانی ئۆرگانەکانی سەرەوە گوێڕایەڵ دەبن، کەمینە بڕیارەکانی زۆرینە قبووڵ و جێبەجێ دەکات بەڵام مافی ڕادەربڕین و سەرنجدانی هەیە و لە کۆنووسدا تۆمار دەکرێ.
٣. ئەو بڕیارانەی لە دەسەڵاتی ئۆرگان و لێژنە و ڕێکخراوەکاندان، تاکەکەس بۆی نییە بڕیاریان لە بارەوە بدات، بەڵام دەبێ پرەنسیپی بەرپرسیاریی تاکەکەسیش پێشێل نەکرێت.
٤. پەیڕەوکردنی پرەنسپی ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە لە نێو ئۆرگانەکانی پارتیدا.
٥. ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن لە نێو ئۆرگانەکانی پارتیدا پەیڕەو دەکرێ نەك لە دەرەوە، هەروەها دەبێت دوور بێت لە تانە و تەشەر و خراپگۆیی.
٦. پابەندبوون بە پرەنسیپی یەکسانیی دەرفەت.

## بەشی سێیەم

## هاتنە نێو پارتی

**مادەی (٧): پاڵاوتن**

**یەکەم:** ڕێوشوێن و مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ هاتنە نێو ڕیزەکانی پارتییەوە
پاڵێوراو دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێ:

١. بڕوای بە پرەنسیپە گشتییەکانی پارتی هەبێ و تەمەنی لە شازدە ساڵ کەمتر نەبێ.
٢. ناوبانگی پاك و ڕەفتاری شیاو بێت.
٣. فۆڕمی تایبەت بە هاتنە نێو ڕیزەکانی پارتییەوە پڕ بکاتەوە.
٤. فۆڕمە پڕکراوەکە لەڕێی بنکەی ڕێکخستنەوە بە ڕاسپاردەوە بۆ لێژنەی ڕێکخراو بەرز دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت.
٥. ئەگەر داواکە ڕەت کرایەوە، داواکار دەتوانێ لای لێژنەی ناوچە نارەزایی دەرببڕێ و دوا بڕیاریش لەم بارەیەوە بۆ لێژنەی ناوچەیە.
٦. ئەگەر داواکەی پەسەند کرا، لە یەکێك لە بنکەکانی تایبەت بە پاڵێوراواندا ڕێك دەخرێت و هەموو ئەو مافانەی دەبێت، کە بەپێی ئەم پەیڕەوە ئەندامان هەیانە، جگە لە مافی خۆپاڵاوتن بۆ بەرپرسارییە حزبییەکان و بەشداریکردن لە دەنگدانی ناوخۆیی.
٧. بەشدار دەبێت لە خولی ئامادەکردنی ئەندامان.

**دووەم:** ئەرك و مافەکانی پاڵێوراو

**ئەلف ـ** ئەرکەکان:

١. دەبێ بە بەردەوامی بەشداریی کۆبوونەوەکان بکات.
٢. دەبێ لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و مێژووی خەباتی پارتی تێ بگات.
٣. دەبێ نهێنییەکانی پارتی بپارێزێ.
٤. دەبێ ئابوونەی مانگانە بدات.
٥. دەبێ بەشداری لە چالاکییەکانی پارتی و کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا بکات، کە لە جێی نیشتەجێبوون و شوێنی کارکردنیدا دەبەسترێن.
٦. دەبێ ئەدەبیاتی پارتی بخوێنێتەوە.

**ب ـ** مافەکان:

١. مافی ڕادەربڕین و تێبینی و پێشنیاز و پرسیارکردنی هەیە.
٢. مافی بەشداربوونی لە خولەکانی ئامادەسازی و مەشقی تایبەت بە پاڵێوراوان هەیە.

**مادەی (٨):** ئەندامێتی

یەکەم: مەرجەکانی ئەندامێتی

١. بەلایەنی کەمەوە دەبێ شەش مانگ پاڵێوراو بووبێت.
٢. پێداویستییەکانی ماوەی پاڵێوراوەتی سەرکەوتووانە تەواو کردبێت.
٣. تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.
٤. دەبێ لە یەکێك لە بنکە یاخۆد لێژنەکانی پارتیدا خۆی ڕێك خستبێت.
٥. دەبێ بە بەردەوامی ئابوونە بدات.
٦. بە تاوانەکانی کۆکوژی و دژ بە مرۆڤایەتی تاوانبار نەکرا بێت.
٧. نابێ بەکرێگیراو یان سیخوڕ یان ئەندامی ڕێکخراوێکی تێکدەر بێت.

دووەم : ئەرك و مافەکانی

**ئەلف ـ** ئەرکەکان:

١. کار دەکات بۆ بەدیهێنانی پڕۆگرامی پارتی و بەجێهێنانی بڕیارەکانی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.
٢. دەبێ پابەندی دیسپلینی پارتایەتی بێت و پارێزگاری لە یەکێتی فیکری و ڕێکخراوەیی پارتی بکات و پارێزەری نهێنییەکانی بێت.
٣. کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسی خۆی بکات تا بتوانێ ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆی لە هۆشیارکردنەوە و پێشخستنی کۆمەڵدا ببینێت.
٤. دەبێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەر توندوتوڵ بێت و ڕێزی بەها و باوەڕەکانی تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵ بگرێت و دەبێ داکۆکیکارانە سیاسەتی پارتی لە بارەی دۆزە جۆراوجۆرەکانەوە بۆ خەڵك ڕوون بکاتەوە و هاوکات گرفتەکانی خەڵکیش بە پارتی بگەیەنێت بۆ چارەسەرکردنیان.
٥. دەبێ بایەخێکی تایبەت بە لایەنگران و دوستانی پارتی بدات و پەیوەندییان لەگەڵ پتەو بکات هانییان بدات تا بێنە ڕیزی پارتییەوە.
٦. هەر کات شوێنی نیشتەجێبوون یاخود کارەکەی گۆڕا دەبێ پارتی ئاگادار بکاتەوە.

**ب ـ** مافەکان: ئەندام ئەم مافانەی خوارەوە هەیە :

١. ڕادەربڕین و تێبینیدان و پێشنیازکردن لە بارەی سیاسەتی پارتییەوە لە چوارچێوەی ڕێکخستنەکانیدا.
٢. خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن لە هەموو ئۆرگانەکانی پارتیدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.
٣. داواکردنی هاوکاری لەپارتی لە کاتی پێویستدا و وەرگرتنی یارمەتی لە کاتی زیانلێکەوتنی مادی یان مانەوی بە هۆی خەباتی پارتایەتییەوە.

٤. دەربڕینی ناڕەزایەتی لەبەردەم لایەنی بەرزتر لەکاتی توشبوونی بەهەر سزایەکی حزبی.
٥. بۆی هەیە دەست لە پارتی بکێشێتەوە.

**مادەی (٩): کادیر**

یەکەم: پێناسەی کادیر

کادیر ئەو ئەندامە کارا و هەڵسوڕاوەیە کە توانا و چالاکییەکانی خۆ بۆ خزمەتی پارتی تەرخان دەکات، بەرپرسیاری و ئەرکەکانیشی بەپێی سیستمێکی تایبەت لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە پێ دەسپێردرێت.

دووەم: مەرجەکانی:

١. دەبێ ماوەی ئەندامێتی لە پارتیدا لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.
٢. دەبێ دەرچووی یەك لە خولەکانی ئاموژگا، یان ئەکادیمیایی حزبی بێت، یا بەلایەنی کەمەوە ئەندامی کارگێڕی یەکێك لە لێژنە ڕێکخستنەکان بێت.
٣. دەبێ لە ئەندامە دیار و نمونەییەکان بێت لەڕووی فیکری و ڕەفتار و پیادەکارییەوە.
٤. دەبێ توانا و چالاکییەکانی لەیەکێك لە ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی پارتیدا تەرخان بکات.

سێیەم: ماف و ئەرکەکانی

١. مووچەیەکی دەبێت، کە بگونجێت لەگەڵ خزمەت و پلە و پایە و ئەرکەکانیدا، ئەمەش لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە بەپێی سیستمێك ڕێك دەخرێت.
٢. لەکاتی پەککەوتەیی و پیربووندا پارتی لای لێ دەکاتەوە، هەروەها ئاوڕ لە میراتگرە شەرعییەکانی، یا ئەوانەی بەخێوی کردوون دەداتەوە.
٣. دەبێ هۆشیار بێت و لە ڕووداوەکانی دەوروبەرو و کۆمەڵگەکەی بە ئاگا بێت و هەمیشە ڕۆشنبیری و توانستە مرۆییەکانی خوی گەشە پێ بدات.
٤. دەبێ ئەڵقەی پەیوەندی نێوان پارتی و جەماوەر بێت لەو ناوچەیەی کاری تێدا دەکات، یان لە سنووری بەرپرسیارییە حزبیەکەیدا.
٥. هەر ماف و ئەرکێکی تر، کە لە پەیڕەوی تایبەت بە کادیراندا هاتووە.

## بەشی چوارەم

# پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پارتی

بنیات و پێکهاتەی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەم جۆرە دەبێت : بنکە، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا، ئەنجومەنی سەرکردایەتی، جێگری سەرۆك، سەرۆك، کۆنفرانس و کۆنگرە. وەك چۆن لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دیاری کراوە ئەم پێکهاتەیە بەپێی پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی مادەی شەشەمی ئەم پەیڕەوە داڕێژراوە.



## ڕێکخستنەکانی پارتی: ئەرك و دەسەڵاتەکانیان

### مادەی (١٠): بنکە

یەکەم: پێناسەی بنکە

ناوەکەی بنچینەی ڕێکخستنەکانی پارتییە لە پانتاییەکی جوگرافی یان پیشەیی دیاریکراودا، بنکەی جەماوەری پارتییە و سەرچاوەی شەرعییەت و دەسەڵاتەکانییەتی.

دووەم: پێکهاتەی بنکە

بنکە پێك دێت لە (١٠ تا ١٠٠) ئەندام لە ناوچەیەکی جۆگرافیایی (گەڕەك یاخو گوند)یان پیشەیی دیاریکراودا، بەرپرس و هەردوو جێگرەکەی لەلایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێن و لەلایەن لێژنەی ڕێکخراوەوە پەسەند دەکرێن. بەرپرسیاری لە بنکەدا هاوکارانە دەبێت.

سێیەم: ئەرکەکانی بنکە

١. بەپێی ڕێنوێنەکانی پارتی کار بۆ بەدیهێنانی ئامانج و پرەنسیپەکانی پارتی دەکات.
٢. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەندامان بە شێوەیەکی بەردەوام و ئاشناکردنیان بە ئەدەبیاتی پارتی و ڕۆشنبیرکردنیان.
٣. بەلایەنی کەمەوە مانگی جارێك بە سەرۆکایەتی بەرپرسی بنکە یان جێگرەکەی کۆدەبێتەوە و دەشتوانێ و بەپێی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئەندامەکانی بکات.
٤. ئەرکی پارتایەتی بەسەر ئەندامأندا دابەش دەکات، و چاودێری چۆنیەتی جێبەجێکردنیان دەکات.
٥. جەماوەر بەلای پارتییدا ڕادەکێشێ و داکوکیکارانە بیروباوەڕەکانی پارتیان بۆ ڕوون دەکاتەوە و ئەدەبیاتی پارتی بە ناوییاندا بڵاو دەکاتەوە.
٦. داواکاری و ڕاوبۆچوون و گرفت و تێبینییەکانی هاووڵاتیان بە پێشنیازەوە بۆ ئۆرگانە باڵاکانی پارتی بەرز دەکاتەوە.
٧. ئۆرگانە باڵاکانی پارتی لە کێشە و ڕووداوەکانی سنووری چالاکی خۆی ئاگادار دەکاتەوە.
٨. ئابوونەی ئەندامان کۆ دەکاتەوە.
٩. بنکەکانی پاڵێوراوان پێك دەهێنێت و سەرپەرشتییان دەکات و پاڵێوراوان بە بیروباوەڕی پارتایەتی ڕۆشنبیر دەکات.
١٠. کۆنووسی کۆبوونەوەکان و ڕاپورتی چالاکییەکان و ئابوونەی مانگانە بۆ لێژنەی ڕێکخراو بەرز دەکاتەوە.

چوارەم: دەسەڵاتەکانی بنکە

1. فۆڕمەکانی پاڵاوتن بۆ هاتنەناو ڕیزی پارتی دەبینێ و ڕای لەسەر دەدات و بۆ ئۆرگانە باڵاکانیان بەرز دەکاتەوە.
2. ڕاسپاردەی بەخشینی مافی ئەندامێتی بەو پاڵێوراوانەی مەرجەکانیان تێدایە بۆ ئۆرگانە باڵاکان بەرز دەکاتەوە.
3. لە سنوورە جۆگرافی یان پیشەییەکەی خۆیدا بنکەی پاڵێوراوان دروست دەکات.
4. سەرنجی ئەو پاڵێوراوانە ڕادەکێشێ کە ئەرکەکانیان جێبەجێ ناکەن.
5. ڕاسپاردە بۆ لێژنەی ڕێکخراو بەرز دەکاتەوە بۆ ڕێزلێنانی ئەندامانی نمونەیی.
6. ڕاسپاردە بۆ لێژنەیی ڕێکخراو بەرز دەکاتەوە بۆ سزادانی ئەندام لەو بارانەی سزادان پێویست بێت.
7. داواکاری و نامەکانی ئەندام و پاڵێوراوان دەبینێ و بۆ لێژنەی ڕێکخراویان بەرز دەکاتەوە.

**مادەی (١١): لێژنەی ڕێکخراو**

یەکەم: پێناسەی لێژنەی ڕێکخراو

یەکەیەکی ڕێکخراوەیی پارتییە، سەرپەرشتی (١٠تا٢٠) بنکە دەکات لە ناوچەیەکی جۆگرافیایی یان پیشەیی دیاریکراودا، بە جۆرێك ژمارەی ئەندامەکانی لە (١٥٠) ئەندام کەمتر نەبێ و لە (١٠٠٠) ئەندام زیاتر نەبێ.

دووەم : پێکهاتەی لێژنەی ڕێکخراو

پێك دێت لە دەستەی کارگێڕ و بەرپرسانی بنکەکانی سەر بە ڕێکخراوەکە، سێ ئەندامی خۆتەرخانکردوو یان نیمچە خۆتەرخانکردوو لەگەڵ دوو ئەندامی یەدەك. لە نێو بەرپرس و جێگرانی بنکەکاندا بە سەرپەرشتی لێژنەی هەڵبژاردنی پسپۆر بۆ دەستەی کارگێڕی هەڵدەبژێرێ و دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردراو لە یەکەمین کۆبوونەوەیاندا بەرپرسی ڕێکخراوەکە هەڵدەبژێرن، ئەندامانی پێشووی دەستەی کارگێڕی بۆیان هەیە لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیاندا دووبارە خۆیان بپاڵێونەوە.

**سێیەم:** ئەرکەکانی لێژنەی ڕێکخراو

سەرکردایەتی و ڕێنوێنی بنکەکانی سەر بە ڕێکخراو دەکات و چالاکییەکانیان هەڵدەسەنگێنێ:

1. چالاکییە جەماوەرییەکانی سنووری جۆگرافیاییەکەی خۆی ڕێك دەخات.

٢. ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە لیژنەی ناوچە پێی دەسپێرێت.
٣. بەلایەنی کەمەوە مانگانە یەك کۆبوونەوەی ئاسایی دەکات، بەرپرسی ڕێکخراو دەتوانێ لە کاتی پێویستدا کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئەندامانی لیژنە بکات.
٤. کۆنووسی کۆبوونەوەکان و ڕاپۆرتی چالاکییەکان و ئابوونەی مانگانە بۆ لیژنەی ناوچە بەرز دەکاتەوە.
٥. پێویستە بە خێرایی لیژنەی ناوچە لە ڕووداو و کێشەکانی سنوورەکەی ئاگادار بکاتەوە و ڕای خۆی لە بارەیانەوە بدات و پێشنیازی پێویستیش بۆ چارەسەرکردنیان بخاتە ڕوو.
٦. لە سنووره جۆگرافیایی و پیشەییەکەی خۆیدا هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەکات.
٧. بە نووسراو وەڵامی ڕاپۆرتی بنکەکانی دەداتەوە.
٨. تۆمارەکانی ڕێکخستن و دارایی و ئەرشیفی کارگێڕی ڕێك دەخات.
٩. تۆماری ئامار ڕێك دەخات و بەلایەنی کەمەوە سێ مانگ جارێك نوێی دەکاتەوە.

چوارەم: دەسەڵاتەکانی لیژنەی ڕێکخراو

١. ڕای خۆی لەسەر داواکارییەکانی هاتنە نێو ڕیزی پارتی دەنووسێ و بۆ لیژنەی ناوچەی بەرز دەکاتەوە.
٢. بەپێی سیستمی دیسپلینی پارتایەتی، کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە، دەسەڵاتی هەیە سزای ئەندامانی بدات.
٣. دەتوانێ بنکەی نوێ لە سنووره جۆگرافیایی و پیشەییەکەی خۆیدا بەپێی پێویست زیاد بکات.
٤. ڕاسپاردە بۆ لیژنەی ناوچە بەرز دەکاتەوە بۆ ڕێزلێنان لە کادیر و ئەندامە نموونەییەکان.
٥. نامە و نووسراوەکانی بنکەکان دەبینێ و لێیان دەکۆڵێتەوە و ئەوەی بە پێویستی بزانێ بۆ لیژنەی ناوچەی بەرز دەکاتەوە.

**مادەی (١٢): لیژنەی ناوچە**

یەکەم: پێناسەی لیژنەی ناوچە

لیژنەیەکە نوێنەرایەتی پارتی دەکات و سەرکردایەتی چالاکییەکانی دەکات لە ناوچەیەکی جۆگرافیایی (قەزا و ناحیە) یان پیشەیی دیاریکراودا، کە ئەنجومەنی

سەرکردایەتی پارێزگا دیاری دەکات و (٤ تا ١٢) ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت.

دووەم: پێکهاتەی لێژنەی ناوچە

ئەلف - لێژنەی ناوچە پێک دێت لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕ و بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی سەربە ناوچە.

ب - (٥ تا ٧) ئەندامی خۆتەرخانکردوو یان نیمچە خۆتەرخانکردوو لەگەڵ دوو ئەندامی یەدەك. لە نێو ئەندامانی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکان بەسەرپەرشتی لێژنەی هەڵبژاردنی پسپۆر بۆ دەستەی کارگێڕی هەڵدەبژێرێ و دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردراو لە یەکەمین کۆبوونەوەیاندا بەرپرسی ناوچە هەڵدەبژێرن.

پ - ئەندامانی پێشووی دەستەی لێژنە بۆیان هەیە لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیاندا دووبارە خۆیان بپاڵێونەوە.

سێیەم: ئەرکەکانی لێژنەی ناوچە

١. سەرکردایەتی و ڕێنوێنی ڕێکخراوەکانی دەکات و چالاکییەکانیان هەڵدەسەنگێنێ.
٢. بەلایەنی کەمەوە مانگانە جارێك کۆ دەبێتەوە و ئەگەر پێویست بوو، بەرپرسی ناوچە بۆی هەیە کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئەندامانی لێژنە بکات، یان لەسەر داوای دووی لە سەر سێی ئەندامانی لێژنە کۆ دەبێتەوە.
٣. بەلایەنی کەمەوە سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەی فراوان بە دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکانی دەکات.
٤. بە نووسراو وەڵامی ڕاپۆرت و پرسیاری ڕێکخراوەکانی دەداتەوە.
٥. بەرنامەی چالاکییە جەماوەرییەکانی لە سنووری ناوچە جۆگرافیاییەکەیدا دادەڕێژێ.
٦. ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە لێژنەی لق پێی دەسپێرێت.
٧. کۆنووسی کۆبوونەوەکان و ڕاپۆرتی چالاکییەکان و ئابوونەی مانگانە بۆ لێژنەی لق بەرز دەکاتەوە.
٨. ئەوەندەی بکرێ بە خێرایی لێژنەی لق لە ڕووداو و کێشەکانی ناوچە جۆگرافیایەکەی ئاگادار بکاتەوە و ڕای خۆی لە سەر دەدات و پێشنیازی پێویستیش بۆ چارەسەرکردنیان دەخاتە ڕوو.
٩. هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ پارتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە ناوچە جۆگرافییەکەیدا دەکات.

١٠. تۆمارەکانی ڕێکخستن و دارایی و ئەرشیفی کارگێڕی ڕێك دەخات.
١١. خول بۆ پاڵێوراوان دەکاتەوە و ئامادەیان دەکات بۆ ئەندامێتی پارتی.
١٢. هەر ئەرکێکی تر کە لەم پەیڕەوەدا هاتووە و جێبەجێکردنی پڕۆگرامی پارتی دەیخوازێ، یا لەلایەن لێژنەی لقەوە پێی دەسپێردرێت.

چوارەم : دەسەڵاتەکانی لێژنەی ناوچە

١. داواکاری پاڵێوراوان بۆ هاتنە نێوڕیزی پارتی دەبینێ و هەڵیان دەسەنگێنێ.
٢. شەرەفی ئەندامێتی بە پاڵێوراوە شایستەکان لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا دەبەخشێ.
٣. بە ڕاوێژ لەگەڵ لێژنەی لق و تەنیا لە بارەی ڕووداو و کێشەکانی سنووری ناوچە جۆگرافیایەکەی خۆیەوە، بۆی هەیە بەیاننامە دەر بکات.
٤. بەپێی سیستمی دیسپلینی پارتایەتی، کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە، دەسەڵاتی سزای ئەندامەکانی هەیە.
٥. ڕاسپاردە بۆ لێژنەی لق بەرز بکاتەوە سەبارەت بە زیادکردن، یان بە یەکەوەلکاندن دەتوانێ، یان هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکان بەپێی پێویست لە سنووری ناوچە جۆگرافیاییەکەی خۆیدا.
٦. دەتوانێ ڕاسپاردە بۆ لێژنەی لق بەرز بکاتەوە لە بارەی ڕێزلێنان لە ئەندامانی لێژنەی ناوچە و ڕێکخراوەکان و کادیران و ئەندامانی نمونەییەوە لە سنوورەکەی خۆیدا.
٧. بینینی نووسراو و ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکان و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنیان و بەرزکردنەوەی ئەوەی بە پێویستی دەزانێت بۆ لێژنەی لق.
٨. بۆی هەیە لای دەستەی چاودێری و بەدواداچوون، ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر بەو سزایانەی لق بەسەریدا دەسەپێنێ.

**مادەی (١٣): لێژنەی لق**

یەکەم: پێناسەی لێژنەی لق

لێژنەیەکە نوێنەرایەتی پارتی دەکات و سەرکردایەتی چالاکییەکانی دەکات لە ناوچەیەکی جۆگرافیدا (قەزایەك یا کۆمەڵە قەزایەك) کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری دەکات. لێژنەی ناوچەکانی سنوورەکەی دەگرێتە خۆی.

دووەم: پێکهاتەی لێژنەی لق

ئەلف ـ پێك دێت لـە دەسـتەی کـارگێڕ و بەرپرسـانی لێژنـە ناوچـەکانی سـنوورەکەی و بەرپرسێکی دەبێت کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە دیاری دەکرێت.

ب ـ دەستەی کارگێڕی لق لە (٦ تا ٨) ئەندامی خۆتەرخانکردوو پێك دێت. کە لە نێوان دەستەی کارگێڕی لێژنە ناوچەکانی سەر بە لق هەڵدەبژێردرێت بەسەرپەرشتی لێژنەی پسپۆری هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەیەك، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

پ ـ ئەندامانی پێشووی لێژنەی لق بۆیان هەیە لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیاندا دووبارە خۆیان بپاڵێونەوە.

ت ـ ئەگەر بەهەر هۆکارێك جێگەی ئەندامێك یا زیاتر لە ئەندامێکی دەسـتەی کـارگێڕ بـەتاڵ بـوو، لێژنـەی لـق بـەپێی بڕگـەی (ب)ی سـەرەوە جێگـە بەتاڵـەکان پـڕ دەکاتەوە.

ج ـ ئەنـدامانی دەسـتەی کـارگێڕ دەبنـە بەرپرسـی مەکتەبـەکانی لـق، کـە ئەنجومـەنی سەرکردایەتی دیارییان دەکات.

سێیەم : ئەرکەکانی لێژنەی لق

١. سەرکردایەتی چالاکییەکانی لێژنە ناوچەکان و مەکتەبەکانی سەر بە لق دەکات.
٢. مانگانە کۆبوونەوە دەکات بە بەشداری تێکڕای ئەندامەکانی.
٣. بەلایەنی کەمەوە سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەی فراوان لەگـەڵ دەسـتەی کـارگێڕی دەکات.
٤. بـە نـووسراو وەڵامـی ڕاپۆرتـەکان و لێژنـە ناوچـەکان و مەکتەبـەکانی سـەر بـە لـق دەداتەوە.
٥. کۆنووسی کۆبوونەوەکان و ڕاپۆرتی چالاکییەکان و ئابوونەی مانگانە بۆ ئەنجومـەنی سەرکردایەتی پارێزگا بەرز دەکاتەوە.
٦. لێکۆڵینـــەوە و پێشـــنیاز لـــەبارەی پـــرس و ڕووداوە سیاســـی و کۆمەڵایـــەتی و ئابوورییـەکانی سـنوورە جۆگرافییەکەیـەوە گەڵاڵـە دەکـات بـۆ پێشکەشـکردنیان لـە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا.
٧. سیاســـەتێکی گشـــتی بـــۆ چالاکییـــە جەماوەرییـــەکانی لـــە ســـنووری ناوچـــە جۆگرافیاییەکەیدا دادەڕێژێ.
٨. ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا پێی دەسپێرێت.
٩. ئەوەنـدەی دەکـرێ بـە خێرایـی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی پارێزگـا لـە ڕووداو و کێشـەکانی ناوچـە جۆگرافیاییەکـەی ئاگـادار دەکاتـەوە و ڕای خـۆی لـە بارەیانـەوە

دەدات و پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنیان دەخاتە ڕوو.

١٠. هاوئاهەنگی و هاوکاری پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نێوەندە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچە جۆگرافییەکەی.

١١. ڕێکخستنی تۆمارەکانی ڕێکخستن و دارایی و ئەرشیفی کارگێڕی.

١٢. ڕێکخستنی خولی ڕۆشنبیری بۆ ئەندامانی پارتی و سازدانی کۆڕ و ئەڵقەی دیراسی پسپۆر بە شێوەیەکی بەردەوام.

١٣. بەدواداچوونی ئاستی پابەندی لێژنە ناوچەکان بە پەیڕەوی ناوخۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی پارتی.

چوارەم: دەسەڵاتەکانی لێژنەی لق

١. دەرکردنی بەیاننامە لە بارەی پرس و ڕووداوەکانی ناوچە جۆگرافییەکەی خۆیەوە بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگادا.

٢. پیادەکردنی دەسەڵاتی سزادانی ئەندامانی لق و لێژنە ناوچە و لێژنە ڕێکخراوەکان بەپێی سیستمی دیسپلینی پارتایەتی کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە.

٣. بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا بۆ زیادکردن، یان بە یەکەوەلکاندن، یان هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و لێژنە ناوچەکانی سنووری ناوچە جۆگرافیاییەکەی خۆی بەپێی پێویست.

٤. ڕێزلێنان لە ڕێکخراو و لێژنە ناوچە و مەکتەبەکان و کادیر و ئەندامە نمونەییەکانی سنوورەکەی خۆی.

٥. مامەڵەکردن لەگەڵ نووسراوی لێژنە ناوچەکان و مەکتەبەکان و بەرزکردنەوەی ئەوەی بە پێویستی دەزانێت بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا.

٦. بەپێی پێویست و بە ئاگاداریی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا، دەتوانێ جێگۆڕکێ بە کادیرەکانی بکات لە نێوان لێژنە ناوچە و مەکتەبەکانی سنوورەکەیدا.

**مادەی (١٤): ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا**

یەکەم:

- ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆی هەیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاکان دابمەزرێنێت.
- ئەنجومەنێکی سەرکردایەتییە، بەرپرسە لە تێکڕای کاروبارەکانی پارتایەتی لە سنووری

پارێزگاکەیدا، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی سەرۆکایەتی دەکات و ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یاریدەدەری دەبێت و بەرپرسانی لقەکانی سنووری پارێزگاکە دەگرێتە خۆی.

دووەم: پێکهاتەی ئەنجوومەن

ئەنجوومەن لەم مەکتەب و دەزگا و دەستانەی خوارەوە پێك دێت کە ئەرکی بەڕێوەبردنییان لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە بە کادیرانی پێشکەوتووی پارتی دەسپێردرێت:

- مەکتەبی ڕێکخستن.
- دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
- مەکتەبی پەیوەندییەکان.
- دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.
- دەزگای هەڵبژاردن.
- مەکتەبی کارگێڕی و دارایی.

سێیەم: ئەرکەکانی ئەنجوومەن

١. بەرنامەڕێژی بۆ پیادەکردنی سیاسەت و بەرنامەی پارتی بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی هەر پارێزگایەك و بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتە ستراتیجییەکانی پارتیدا لە ڕێگەی دەربڕینی ڕاوبۆچوون و پێشنیازەوە.
٢. هەڵسەنگاندنی کاری لقەکانی سنووری پارێزگا و پشتگیری چالاکییەکانیان بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستنەکان و ڕاستکردنەوەی کارەکانییان هەر کات پێویست بوو.
٣. پێگەیاندن و ئامادەکردنی کادیری لێوەشاوەی پێویست بەپێی تایبەتمەندی و پێداویستی ناوچەکە.
٤. پێشخستن و چالاککردنی ڕاگەیاندنی پارتی بەپێی تایبەتمەندی پارێزگا.
٥. وەڵامدانەوەی کۆنووسەکان و نووسراوی لقەکان.
٦. ئەنجومەن مانگانە جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدات، بەپێی پێویستیش کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدات.
٧. هەر سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەی فراوان ئەنجام دەدات کە گشت ئەندامانی دەستەی لقەکان و بەرپرسی لێژنە ناوچەکانی سنورەکەی تێدا بەشدار دەبن.

٨. بۆ هاوئاهەنگی دروستکردن لەگەڵ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی حزب لە پارێزگاکەی خۆی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و پارلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆ دەبێتەوە.

٩. کۆنووسی کۆبوونەوەکان بۆ مەکتەبی سیاسی بەرز دەکاتەوە.

١٠. ئەرك و ڕاسپاردەکان، کە لە مەکتەبی سیاسییەوە پێ ڕاسپێردراوین جێبەجێ دەکات.

١١. ڕاپەڕاندنی هەر ئەرکێك، کە لەم پەیڕەو و پرۆگرامەدا هاتووە، لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە پێی دەسپێردرێت.

چوارەم: دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن

١. هەڵسەنگاندنی کاندیدەکانی لقەکانی سنووری بۆ پارلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بەرزکردنەوەیان بۆ مەکتەبی سیاسی.

٢. لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی کاندیدی لقەکان بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی پارێزگا و شارەوانییەکان.

٣. دروستکردن یان تێکەڵکردن یان هەڵوەشاندنەوەی لێژنە ڕێکخراو و لێژنە ناوچەکان لەسەر پێشنیازی لقەکانی سنووری پارێزگاکان.

٤. پێشنیازکردن بۆ مەکتەبی سیاسی بۆ دروستکردن یان هەڵوەشاندنەوەی لقەکان لە سنووری پارێزگاکەی.

٥. بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە بۆ مەکتەبی سیاسی لە بارەی پەسەندکردنی ئەنجومەنی هەڵبژاردنەکانی لێژنەی لقەکانی سنوورەکەوە.

٦. پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراو و لێژنە ناوچەکانی سنوورەکە.

٧. ڕێزلێنان لە هەوڵ و ماندوبوونی کادیر و ئەندامە نمونەییەکان.

٨. بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە بۆ مەکتەبی سیاسی بۆ ڕێزلێنانی ئەندامانی پارتی و کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی پارێزگاکە و بەرامبەر هەوڵ و ماندوبوونی کەم وێنەییان لەسەر ئاستی پارێزگادا.

٩. دامەزراندنی دەستەیەکی ڕاوێژکاری لە شارەزایانی بوارە جیاجیاکان.

١٠. پیادەکردنی دەسەڵاتی سزادانی ئەندام بەپێی سیستمی دیسپلینی پارتایەتی کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە.

**مادەی (١٥): ئەنجوومەنی شارەزایان**

یەکەم: پێناسەی ئەنجوومەنی شارەزایان

یەکەیەکی ڕێکخراوەییە لە ناو پێکهاتەی پارتیدا و سەر بە سەرۆکایەتییە، پێك دێت لە کادیرانی پێشکەوتوو یان ئەوانەی پێشتر پلەی بەرپرسیارییان لە پارتی، پارلەمانی حکومەتدا هەبووە.

دووەم: پێکهاتەی ئەنجوومەنی شارەزایان

پێك دێت لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری سیاسی و ئابووری، یاسایی، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی، تێکۆشەرە دێرینەکان و بوارەکانی تر کە ژمارەیان لە ٢٥ ئەندام کەمتر نەبێ و لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە دەستنیشان دەکرێن.

سێیەم: کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی شارەزایان

ئەنجومەن مانگانە جارێك یا بەپێی پێویست کۆدەبێتەوە.

چوارەم: ئەرکەکانی ئەنجوومەنی شارەزایان

١. ڕاسپاردە و ڕاوێژەکانی دەداتە سەرۆکایەتی پارتی.
٢. پێشنیاز دەداتە سەرکردایەتی لە بارەی پرسە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەکان و هەر پرسێکی ترەوە.
٣. ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە سەرکردایەتی پێی دەسپێرێت.

**مادەی (١٦): دەستەی چاودێری و بە دواداچوون**

یەکەم: پێناسەی دەستە

دەستەیەکی باڵای پارتییە پەیوەندیدارە بە دڵنیابوون لەوەی کە تا چەند هەنگاو و ڕێوشوێنە حزبییەکان بە دروستی بەڕێوە دەچن و تا چەند پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی جێبەجێ دەکرێن. هاوکات ئەم دەستەیە ئەرکی دەستنیشانکردنی هەر لادانێکە لە پرەنسیپە ڕێکخراوییەکانی پارتی و پیادەکردنی دادپەروەریی پارتایەتی لە نێوان ئەندامانـدا، هەروەها دڵنیابوون لەوەی مامەڵەی دروست بە موڵك و سامانی پارتییەوە دەکرێت.

دووەم : پێکهاتەی دەستە

دەستە لە (٧ تا ١١) ئەندام پێك دێت، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرۆکایەتی دەکات و ئەنجومەنی سەرکردایەتی دوو لە ئەندامانی و چەند کادیرێکی پێشکەوتووی پارتی بۆ دەستنیشان دەکات و لەلایەن سەرۆکی پارتییەوە پەسەند دەکرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ،

که دەکرێ یەکجار نوێ بکرێتەوە.

سێیەم : ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە سیستمێکی تایبەت ئـەرك و دەسـەڵاتەکانی ئـەم دەسـتەیە دیاری دەکات.

**مادەی (١٧): ئەنجوومەنی سەرکردایەتی**

یەکەم: پێناسەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

بەرزترین دەستەی ڕاپەڕاندنە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، سەرکردایەتی پارتی دەکات لـە ڕووی ڕێکخراوەیـی، سیاسـی و فیکرییـەوە بـەرەو بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی، بـەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ.

دووەم: پێکهاتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی

١. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پێك دێت لـە (٥١) ئەنـدام و (٩) ئەنـدامی یـەدەك، بـە دەنگدانی نهێنی لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن، تێکڕای ئەندامانی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی چ وەك ئەنجوومـەن چ وەك تاکەکـەس لـە بـەردەم کـۆنفرانس یـان کـۆنگرەدا ڕاسـتەوخۆ بەرپرسـیارن لـە جێبـەجێکردنی سیاسـەتەکانی پـارتی و ئـەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە.

٢. دەبێ کۆتای ئافرەتان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیدا لە (١٠٪) کەمتر نەبێ.

٣. ئەگەر بەهەر هۆیەك جێگـەی ئەنـدامێکی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی چـۆڵ بـوو، ئەندامێکی یەدەك جێی دەگرێتەوە.

سێیەم: مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

١.دەبێ (١٠) ساڵی بەردەوام بەسەر ئەندامێتیدا لە نێو پارتی تێپەڕی بێت.

٢.دەبێ ئەندامێکی کارا و ڕابردووپاك بێت.

٣.دەبێ کەسێکی پێشەنگ بێـت لـە ڕەفتـاردا و خەسـڵەتەکانی سـەرکردایەتی تێـدابێ و ئەرك و پلەوپایەی سەرکردانەی وەرگرتبێ.

٤.نابێ لەو کەسانە بێت، کە پێشـتر لـە ڕیـزی لایـەنی دژ بـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کورد، یاخود دەزگا سەرکوتکەر و تیرۆریستییەکاندا بووبێت یان هاوکاری کردبن.

٥.دەبێ خاوەن فیکری ئازاد و دیموکراسیخواز بێت.

٦.نابێ لەو کەسانە بێ کە پێشتر بە تاوانی شەرەف سزا درابێت.

چوارەم: ئەرکەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

١. هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا.
٢. دارشتنی سیاسەت و بەرنامەی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتی و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان.
٣. دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی لەسەر هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان.
٤. پیادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامی پارتی و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرە لە هەموو ئاستەکانی پارتیدا.
٥. پتەوکردنی یەکڕیزی پارتی و پاراستنی نهێنییەکانی.
٦. پارێزگاریکردنی موڵك و سامانی پارتی و وەبەرهێنانی و ڕێکخستنی داهات و خەرجییەکانی.
٧. بەرنامەڕێژی بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی کادیرانی پارتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ئاگاییی تیۆری و سیاسییان.
٨. دارشتنی سیاسەتی گشتیی ڕاگەیاندنی پارتی و بەڕێوەبردنی و ڕێنوێنیکردنی بەپێی ڕێبازێکی دیاریکراو و دابینکردنی پێداویستییەکانی و بەدواداچوونی.
٩. وردبوونەوەی لە ڕەخنە و پێشنیاز و پرسیار و سکاڵای ئەندامان و ڕێکخستنەکانی پارتی و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
١٠. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە.
١١. دیاریکردنی پانتایی جوگرافیایی و سنووری چالاکیی لێژنەی لقەکان.
١٢. دیاریکردنی کات و شوێنی بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرە و دیاریکردنی ڕێژەی نوێنەرایەتی تیایاندا.
١٣. بانگەواز بۆ بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرە بە شێوەی نائاسایی لەسەر داوای:
ئەلف ـ زۆرینەی ئەندامانی پارتی لەڕێی ڕێکخستنەکانیەوە.
ب ـ دوو لە سێی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.
١٤. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەر سێ مانگ جارێك کۆ دەبێتەوە، بۆی هەیە بەپێی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی بکات، ڕێژەی یاسایی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێ، بڕیارەکانی بە زۆرینەی سادە دەردەچن و دەبێ هەموو ئۆرگانەکانی پارتی پێیانەوە پابەند بن.
١٥. ئەنجومەنی سەرکردایەتی ساڵی جارێك کۆبوونەوەی فراوان دەکات، تیایدا سەرباری

ئەندامانی یەدەك، ستافی لقەکان و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاکان و بەرپرس و ستافی مەکتەب و دەزگا و دەستەکانی حزب ئامادەی دەبن.

١٦. هەر ئەرکێکی تر کە لەم پەیڕەوەدا هاتبێ و بۆ پیادەکردنی پڕۆگرامی پارتی پێویست بێت، یاخۆ لەلایەن کۆنگرە ڕاسپێردرێت.

١٧. داڕشتنی سیستمی تایبەت بە کادیران و ئەکادیمیای حزبی و مەکتەبەکان و دەزگا و دەستە و ناوەندە سەرەکییەکان و هەر ئۆرگان و دەستەیەکی تر، کە لەم پەیڕەوەدا هاتبێ و دەسەڵاتی درابێتە ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دەستەکانی خوارەوە.

پێنجەم: دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

١. دیاریکردنی ئەرك و کارەکانی مەکتەبی سیاسی و هەڵسەنگاندنی کارڕاپەڕاندنی.

٢. پێدانی بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بە مەکتەبی سیاسی و لەنێو ئەو دەسەڵاتانەشدا دامەزراندن یان لێکدان یان هەڵوەشاندنەوەی مەکتەب و دەزگا پسپۆرییەکان.

٣. ستاندنەوەی متمانە لە یەك یەکی ئەندامان یان کۆی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە زۆرینەی دەنگی دوو لە سێی ئەندامان.

٤. گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی پێویست، کە یەکڕیزی پارتی و ڕاستکردنەوەی ڕەوشی ڕێکخراوەیی و پاککردنەوەی پارتی لە ڕەوتی زیانبەخش بە یەکێتی ڕیزەکانی بیخوازێ، بە مەرجێك پێشتر دەستەی چاودێری و بەدواداچوون لێکۆڵینەوەی لەو حاڵەتەدا کردبێ، ئەوانەی ئەم ڕێوشوێنانە دیانگرێتەوە بۆیان هەیە لەلای کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ناڕەزایی دەرببڕن.

٥. سەپاندنی سزای گونجاو بەسەر ئەندامەکانیدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و بە زۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامەکان.

٦. ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ڕەفتارێکی ئەوتۆی کرد کە بەهۆیەوە شیاوی دەرکردن بێت لە پارتی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بە دەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی بۆی هەیە بەرپرسیارەتی لێی وەربگرێتەوە و ئەندامێتی هەڵپەسێرێت و بیداتە کۆنفرانس، یان کۆنگرە تا سزای پێویست بدرێت.

٧. دەرچوواندنی ڕێنوێنی و ئاراستەکاریی تایبەت بە ڕێکخستنەکانی پارتی لە دەرەوە.

٨. دەرچوواندنی ڕێنوێنی تایبەت بە چۆنێتی وەرگرتنی ئەندامانی پارتە سیاسییەکانی تر لە ڕیزەکانی پارتیدا.

٩. وردبوونەوە لە داواکاریی کادیرانی پارتە سیاسییەکان بۆ هاتنە ناو ڕیزی پارتییەوە.

١٠. سەرنجدانی داواکاری ئەو کادیرانەی ماوەیەك وازیان لە پارتی هێناوە و داوای گەڕانەوە دەکەن.
١١. ڕەزامەندی لەسەر هاتن و تێکەڵبوونی پارت و ڕێکخراوی سیاسی کوردستانی لەگەڵ پارتیدا.
١٢. هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەن و لێژنەکانی خوارتر.
١٣. دامەزراندن یان بە یەکەوەلکاندن یان هەڵوەشاندنەوەی لێژنەی لقەکان و لێژنە ناوچەکان و ڕێکخراوەکان بەپێی پێویست.
١٤. بەستنی ڕێکەوتننامە و یادشتنامەی لەیەك گەیشتن لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە نێوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.
١٥. داڕشتنی بەرنامەی پارتی بۆ هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی هەرێم و عێراقدا.
١٦. دەستنیشانکردنی ئەندامانی دەستەی چاودێری و بەدواداچوون.
١٧. دۆزینەوەی شێوازی ڕێکخراوەیی نوێ بەپێی پێشهاتەکان و بە گوێرەی هەلومەرج دەیخوازێت.
١٨. دیاریکردنی ڕێژەی هەڵبژاردن بۆ نوێنەرانی کۆنگرە و دیاریکردنی ناوی کادیرانی پێشکەوتوو بۆ کۆنفرانسەکان و کۆنگرە.

شەشەم: مافەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

١. مافەکانی کادیری پارتی هەیە لە پاڵ ئەو مافانەی کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بڕیاری بۆ دەدات.
٢. لە کاتی زیندانیکردن یان بزربوونی بە هۆی خەباتی سیاسییەوە، ئەندامێتی سەرکردایەتیدا بەردەوام دەبێت.

**مادەی (١٨): مەکتەبی سیاسی**

یەکەم: پێناسەی مەکتەبی سیاسی

دەستەیەکی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراو و ڕێگەپێدراوە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان و هاوئاهەنگی لەنێوان ئۆرگانەکان و ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی پارتی.

دووەم : پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی :

١. مەکتەبی سیاسی لە (١٥-١٧) ئەندام پێك دێت، یاریدەی سەرۆکی پارتی و

جێگرەكەی دەدەن هەر یەكێك لە بواری كاری خۆیدا، هاوبەشن لە بەرپرسیاریەتیدا لەگەڵ سەرۆك و جێگرەكەیدا.

٢. مەكتەبی سیاسی لە نێو ئەندامەكانیدا سكرتێرێك هەڵدەبژێرێ بۆ ڕاپەڕاندنی كاروباری ڕۆژانە و هاوئاهەنگی لە نێوان ئۆرگانەكان و ئامادەكاری كۆبوونەوەی ڕۆژانە و دەورییەكانی و ئەندامانی تر هاوكاری دەكەن.

٣. سكرتێر و چەند ئەندامێك خۆیان بۆ كاری پارتایەتی تەرخان دەكەن و دەبنە كارگێڕی مەكتەبی سیاسی.

سێیەم: ئەرك و دەسەڵاتەكانی مەكتەبی سیاسی

١. ئەم مەكتەب و دەزگا و دەستانەی خوارەوە دادەمەزرێنێ و بەپێی سیستمێكی تایبەتی ئەركەكانیان دیاری دەكات:

- مەكتەبی ڕێكخستن (بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی بەشێك دەبێ لە ئەركەكانی ئەم مەكتەبە).
- سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی ئەكادیمیای پارتی.
- دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.
- مەكتەبی پەیوەندییەكان.
- دەستەی ڕێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكان.
- دەزگای هەڵبژاردن.
- مەكتەبی كارگێڕی و دارایی.

٢. بڕیارەكانی نێوان دوو كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەركردایەتی جێبەجێ دەكات و كاری ڕۆژانەی پارتی ڕادەپەڕێنێ.

٣. كات و شوێنی كۆبوونەوەكانی ئەنجوومەنی سەركردایەتی دیاری دەكات و خشتەی كاری كۆبوونەوەكان ئامادە دەكات.

٤. كادیر و پێداویستی بۆ ئەنجومەن و مەكتەب و دەزگاكانی پارتی دابین دەكات.

٥. بە بەردەوامی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی كاركردنی كادیران و نوێنەرەكانی پارتی دەكات كە ئەركی پارلەمانی و حكومییان پێ سپێردراوە.

**مادەی (١٩): جێگری سەرۆك**

١. لەلایەن سەرۆکەوە دەپاڵێورێ و لەلایەن کۆنگرەوە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت.
٢. یارمەتیی سەرۆك دەدات لە هەموو کارەکانی پارتیدا.
٣. ئەو ئەرك و دەسەڵاتانە پیادە دەکات کە سەرۆك پێی دەسپێرێت.
٤. سەرپەرشتی فراکسیۆنی پارتی دەکات لە پارلەمان و حکومەت لەسەر هەردوو ئاستی هەرێم و عێراق و بەدواداچوون بۆ کارەکانیان دەکات.
٥. سەرپەرشتی کاری ئۆرگانەکانی پارتی دەکات بە هاوئاهەنگی و هاوکاریی هاوبەش لەگەڵ مەکتەبی سیاسییدا.
٦. بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەکات و لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکان دەکات.
٧. نووسینگەیەکی تایبەتی و کۆمەڵێك ڕاوێژکاری دەبن بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی.
٨. لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك جێگەی دەگرێتەوە.

**مادەی (٢٠): سەرۆکی پارتی**

١. سەرۆکایەتی پارتی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەکات، زامنی یەکێتی ڕیزەکانی پارتی و بەرنامە سیاسی و فیکرییەکەیەتی و سەرپەرشتیاری بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکات، ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆنگرە هەڵدەبژێدرێت.
٢. سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، کۆبوونەوە فراوانەکان و کۆنفرانس دەکات.
٣. لەهەر دەنگدانێکدا لە ئۆرگانەکانی پارتی کە لە بڕگەی (٢) لەسەرەوە ناویان هاتووە، دەنگەکان یەکسان بوون، دەنگی سەرۆك یەکلاکەرەوەیە.
٤. دەتوانێت لە کاتی پێویستدا بانگهێشتن بۆ بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانس بکات.
٥. ڕەزامەندی و ئیمزاکردنی هەموو نووسراو و ڕێنوێنییە گرینگەکانی پارتی (بۆی هەیە جێگرەکەی یان یەك لە یاریدەدەرەکانی بۆ ئەو کارە سەرپشك بکات).
٦. سەرۆك مەکتەبێکی دەبێت پێکهاتە و ئەرکەکانی بە سیستمێکی تایبەت ڕێك دەخرێن.
٧. سەرۆك ڕاوێژکار لە بوارە جیاجیایەکاندا بۆ خۆی دەستنیشان دەکات.

**مادەی (٢١): کۆنفرانس**

یەکەم: کۆنفرانسی خۆجێیی

١. لقەکان دوو ساڵ جارێك کۆنفرانسی خۆجێیی ئاسایی دەبەستن، یاخۆ لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لەسەر ئاستی لق یان دوو لەسەر سێی ئەندامانی لێژنە ناوچەکانی سەر بەو لقە دەبەسترێت بە ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی و لەژێر چاودێریی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارێزگادا.

٢. لێژنە ناوچەکان دوو ساڵ جارێك کۆنفرانسی خۆجێیی ئاسایی دەبەستن، یاخۆ لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لە سەر ئاستی ڕێکخراوەکان یان دوو لەسەر سێی ئەندامانی لێژنەی ڕێکخراوەکان دەبەسترێت بە ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی و لەژێر چاودێری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگا و لقدا.

٣. کۆنفرانسی خۆجێیی کار دەکات بۆ داڕشتنی بەرنامەکارێکی زەمەنیی گونجاو بۆ کاراکردنی چالاکیی پارتایەتی و پتەوکردنی پەیوەندییە جەماوەرییەکان و چارەسەری کێشە ناکوکییەکان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

دووەم : کۆنفرانسی گشتی

١. لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی یاخود دوو لەسەر سێی ئەندامانی لێژنە ناوچەکان لە کاتی ڕوودانی گۆڕانکاریی سیاسی گرینگدا، یان لە حاڵەتی پێویستدا کە بخوازێ کۆنفرانسی گشتی دەبەسترێت.

٢. کۆنفرانسی گشتی پێك دێت لە سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و یەدەك و ئەندامانی مەکتەبەکان و دەزگا سەرەکییەکان و ئەندامانی لێژنەی لقەکان و کادیرانی پێشکەوتوو کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەستنیشانیان دەکات.

سێیەم: ئەرکەکانی کۆنفرانسی گشتی

ا ـ گوێگرتن لە ڕاپۆرتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و گفتوگۆ لەسەرکردن و پەسەندکردنی.
ب ـ دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی لە گۆڕانکاری و پێشهاتە نوێیەکاندا.
پ ـ بینین و مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵا و ناڕەزاییەکانی ئەندامانی کۆنفرانس.

چوارەم : دەسەڵاتەکانی کۆنفرانسی گشتی

ا ـ هەڵسەنگاندنی ئاستی کاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و سزادانی ئەندامە

کەمتەرخەمەکانی پاش لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە.

ب - لادانی ئەندامانی کەمتەرخەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بە مەرجێك کۆی ژمارەی لادراوان بە یەکجار یان چەند جارێك لە سێیەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی زیاتر نەبن.

ج - هەموارکردنی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پارتی ئەگەر پێویست بێت.

د - بانگهێشتن بۆ بەستنی کۆنگرە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی بەشداران لە ماوەیەکدا، کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێت و ئامادەکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ بەستنی کۆنگرەکە.

**مادەی (٢٢): کۆنگرە**

یەکەم: پێناسەی کۆنگرە

کۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتە لە پارتیدا

دووەم: پێکهاتەی کۆنگرە

پێك دێت لە سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و ئەندامانی یەدەك و ئەندامانی هەردوو لێژنەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە و لێژنەی ئیدارە و ئامادەکاری کۆنگرە و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی پارتی بەو ڕێژەیەی کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دیاری کردووە.

سێیەم: بەستنی کۆنگرە

١. تەمەنی یاسایی نێوان دوو کۆنگرە چوار ساڵ دەبێت. لە حاڵەتی زۆر پێویستدا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی مافی درێژکردنەوەی تەنیا یەك ساڵ تەمەنی یاسایی کۆنگرەی هەیە.

٢. کۆنگرەی نائاسایی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا دەبەسترێت:

ا - بانگهێشتی سەرۆکی پارتی بەپێی مادده (٢٠)ی ئەم پەیڕەوە.

ب - بانگهێشتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی بەپێی مادده (١٧) بڕگە (چوارەم-١٣-ب)ی ئەم پەیڕەوە.

پ - بانگهێشتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامانی پارتی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیان بەپێی مادده (١٧)بڕگە (چوارەم-١٣- ا)ی ئەم پەیڕەوە.

ت - بانگهێشتی کۆنفرانسی گشتی لەسەر داوای دوو لەسەر سێی بەشداران بەپێی مادده (٢١) بڕگە (چوارەم- د)ی ئەم پەیڕەوە.

چوارەم : ئەرکەکانی کۆنگرە

١. گـوێگرتن لـە ڕاپـۆرتی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی و گفتوگـۆ لەسـەرکردن و پەسەندکردنی.
٢. هەڵسەنگاندنی کارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە ماوەی نێوان دوو کـۆنگرەدا و لێپێچینەوە و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی.
٣. لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی.
٤. داڕشتنی سیاسەتی گشتیی پارتی (سـتراتیجی و تـەکتیکی) و دیـاریکردنی ئاراسـتەی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و فیکرییـەکانی و گوتـارە سیاسـییەکەی و دانـانی بەرنامـە و میکانیزم لەبەر ڕۆشناییی ئەو ئاراستانەدا.
٥. وردبوونەوە لە سکاڵا و ناڕەزاییەکانی نوێنەرانی کۆنگرە و کار لەسەرکردنیان.

پێنجەم: دەسەڵاتەکانی کۆنگرە

١. هەڵبژاردنی سەرۆکی پارتی و جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و ئەندامانی یەدەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی.
٢. بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پێویستە هەر پاڵێوراوێك متمانەی (٢٥٪)ی دەنگەکانی دروسـتی ئەنـدامانی کـۆنگرە مسـۆگەر بکـات، ئەگـەر ژمـارەی تـەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بـەپێی ڕێـژەی دیـاریکراو پێـك نـەهات، ئـەوا گـەڕێکی تـری هـەڵبژاردن دەکرێـت و تـەنیا دوو ئەوەنـدەی ئـەو ژمـارەی کـە بـۆ ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی مـاوە، بـەپێی ڕیزبەنـدیی دەنگـەکان مـافی خۆکاندیدکردنیان هەیە و سەرکەوتن بە زۆرینەی سادە دەبێت.
٣. هەڵوەشاندنەوەی پارتی یان گۆڕینی ناوەکەی یان هەڵپەساردنی چالاکییەکانی یاخۆ یەکگرتنی لەگەڵ حزبێکی تردا.
٤. پەسەندکردن یان هەموارکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ.

## بەشی پێنجەم
## لێژنە و دەستەکانی کۆنگرە

**مادەی (٢٣): لێژنەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە**

یەکەم پێناسەی لێژنە

لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەوە بە هاوئاهەنگیی لقەکان بەڕەچاوکردنی ژمارەی ئەندامانی سنووری لقەکە بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی کۆنگرە پێک دەهێنرێت.

دووەم: پێکهاتەی لێژنە

١. لە کادیرانێکی پێشکەوتوو پێک دێت، کە بە شارەزایی پارتایەتی و سەرڕاستی و خۆنەویستی ناسراون.
٢. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەرپرس و یاریدەدەر و ژمارەی ئەندامەکانی دیاری دەکات.
٣. ئەندامانی لێژنە بۆیان نییە خۆ بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێرن.
٤. لێژنە بۆی هەیە لێژنەی لاوەکی بەپێی پێویست و بە ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی پێک بێنێت.

سێیەم: ئەرکەکانی لێژنە

١.ئامادەکردن و سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی کۆنگرە بەپێی ئەو لیستانەی لەلایەن مەکتەبی ڕێکخستنەوە ئامادەکراون و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا پەسەند کراون.
٢.پابەندبوون بە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنوێنییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە بارەی کۆنگرەوە.
٣.ئامادەکردنی ناسنامە و لیستی تایبەت بە ناو و ژمارەی نوێنەران.
٤.ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی گشتگیر لە بارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و تێبینییەکان لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونیان.

**مادەی (٢٤): لێژنەی ئیدارە و ئامادەکاریی کۆنگرە**

یەکەم: پێناسەی لێژنە

لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەوە پێك دەهێنرێت بۆ ئامادەکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆنگرە.

دووەم: پێکهاتەی لێژنە

١. پێك دێت لە کۆمەڵێك کادیری پێشکەوتووی بەتوانا لەم بوارەدا.
٢. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەرپرس و یاریدەدەر و ژمارەی ئەندامەکانی دیاری دەکات.
٣. ئەندامانی لێژنەی ئیدارە و ئامادەکاری بۆیان نییە خۆیان بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بپاڵێون.

سێیەم: ئەرکەکانی لێژنە

١. دەستنیشانکردنی شوێنی بەستنی کۆنگرە.
٢. پێکهێنانی لێژنە پسپۆرییەکان بۆ کاروبارەکانی کۆنگرە.
٣. هاوئاهەنگی لەگەڵ لێژنەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بۆ دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی کۆنگرە.

**مادەی (٢٥): دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە**

١. دەستەیەکە بە درێژایی ماوەی کۆنگرەکە سەرپەرشتیی بەڕێوەچوونی کۆنگرە دەکات، لەیەکەم دانیشتندا و لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت.
٢. دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە سیستمێکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان دادەنێ، کە ڕێوشوێن و شێوازی ڕێکخستنی گفتوگۆکان لەخۆ دەگرێت.
٣. ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بۆیان نییە خۆیان بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بپاڵێون.
٤. هەموو بەڵگەنامەکانی کۆنگرە و بڕیار و ڕاسپاردەکانی دوای تەواوبوونی کۆنگرە دەداتە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی.
٥. بەپێی ڕێوشوێنی گونجاو و یاسایی و بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ، پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی بە چاودێریی دادوەران سەرپەرشتی دەکات.

## بەشی شەشەم
## هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی پارتی و نوێنەرانی کۆنگرە

### مادەی (٢٦): هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی پارتی

هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئەنجام دەدرێن، واتە: بنکە، لێژنە، ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، هەر ئۆرگانە و لە بازنەکەی خۆیدا.

### مادەی (٢٧): هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە

هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

١. لێژنەی ڕێکخراو بە بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێت بەپێی ئەو ڕێژەیەی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری دەکات.

٢. ئەندامانی ناوچە و لق و مەکتەبەکان و دەستە و دەزگاکانی تری پارتی بۆیان هەیە لە سنووری یەك لە لێژنە و ڕێکخراوەکاندا خۆیان بپاڵێون.

## بەشی حەوتەم
## دارایی پارتی

### مادەی (٢٨): دارایی پارتی

١. دارایی پارتی بریتییە لە:

ا ـ ئابوونەی مانگانە، کە مەکتەبی سیاسی ڕێژەکەی و چۆنیەتی وەرگرتنی دیاری دەکات.

ب ـ بەخشینی حکومەت.

پ ـ کۆمەك و پیتاك.

ت ـ قازانجی چاپەمەنییەکانی پارتی.

ج ـ داهاتی چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتییەکان کە حزب ئەنجامیان دەدات.

٢. پێویستە هەموو ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی پارتی تۆماری تایبەت بە داهات و خەرجییان هەبێت بەپێی نەریت و ڕێساکانی ژمێریاریی بەرکار بە شێوەیەکی ڕوون و لەژێر چاودێریی داراییشدا بن.

٣. مەکتەبی سیاسی نەسرییەی ڕێکخراو و ئۆرگانەکان دیاری دەکات و ڕێنوێنی پێویستیش لەبارەی چۆنیەتی خەرجکردنیەوە دەردەکات.

## بەشی هەشتەم

## سیستمی دیسپلینی پارتایەتی

ئامانج لە هەموو سزاکان ڕاستکردنەوەی ڕەفتار و پەروەردەکردنی گیانی دیسپلین و کاری بە کۆمەڵە لای ئەندامان، هەروەها لە پێناو پیادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پارتییە بە شێوەیەکی دروست.

**مادەی (٢٩):** سزادان لەسەر هەر کارێك یان پابەند نەبوون بەهەر کارێك تەنیا بەپێی ئەم پەیڕەوە دەبێت و پێویستە لە پەیڕەودا هاتبێت کە ئەو هەڵسوکەوتە سەرپێچییە.

**مادەی (٣٠):** ئەوانەی سەرپێچی لە پەیڕەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پارتایەتی دەکەن، بەپێی جۆر و ئاستی سەرپێچییەکەیان دەکەونە بەر لێپرسینەوە. سزاکانیش لە سووکەوە بۆ قورس ئەمانەی خوارەوەن :

یەکەم : سەرنجڕاکێشان

ئەم سزایە لە دەسەڵاتی هەموو ئۆرگانەکانی پارتیدایە و بەسەر ئەندامەکانیدا دەسەپێنێ، ئەگەر یەك لەم سەرپێچییانەی خوارەوەیان کرد :

١. ئەگەر بەبێ پاساوێکی ڕەوا سێ جار لەسەر یەك لە کۆبوونەوەدا ئامادە نەبوو.
٢. ئەگەر بەبێ پاساوێکی ڕەوا سێ مانگ لەسەر یەك ئابوونەی نەدا.
٣. ئەگەر ئەو ئەرك و فەرمانانەی جێبەجێ نەکرد کە پێی دەسپێردرێن.
٤. ئەگەر بێ مەبەست خەمساردییەکی نواند.

دووەم: ئاگادارکردنەوە

ئەم سزایە لە دەسەڵاتی هەموو ئۆرگانەکانی پارتیدایە و بەسەر ئەندامدا دەیسەپێنێ، ئەگەر سزای سەرنجڕاکێشان دادی نەدا و ئەو سەرپێچییانەی دووبارە کردەوە کە پێشتر بە هۆیانەوە سەرنجی ڕاکێشرابوو.

سێیەم: ئینزار

بێجگە لە بنکە، ئەم سزایە لە دەسەڵاتی هەموو ئۆرگانەکانی پارتیدایە و بەسەر ئەندامدا

دەسەپێ، ئەگەر سزای سەرنجڕاکێشان و ئاگادارکردنەوە دادی نەدا و ئەو سەرپێچییانەی دووبارە کردنەوە.

چوارەم: سڕکردن

لە دەسەڵاتی لێژنەی ناوچە و ئۆرگانەکانی باڵاتردایە و بەسەر ئەندامە سەرپێچیکارەکانی ئۆرگانەکانی نزمتردا دەسەپێنرێت لەم بارانەی خوارەوەدا:

١. ئەگەر سزا سووکترەکان دادی نەدا.
٢. بە ئەنقەست ئەو ئەندامە بە کارە حزبییەکانی هەڵنەستا.
٣. ئەگەر لەو ڕێنوێنییانە لایدا کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەرچوون و ئەو بڕیارانەی جێبەجێ نەکرد، کە لە سەرکردایەتیی پارتییەوە دەرچوون.
٤. ئەگەر ڕەفتارێکی نواند، کە زیان بە بنەما ڕێکخراوییەکان یان بە ناوبانگی ڕێکخراوەیی و خەباتی پارتی بگەیەنێت.

پێنجەم: دابەزاندنی پلەی پارتایەتی

ئەم سزایە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە دەسەپێنرێت، ئەگەر هاتوو ئەندامی سزادراو لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارێزگا یان ئەندامی لێژنەی لق بوو، بەڵام ئەگەر پلەی ئەندامی سزادراو لەوە نزمتر بوو، ئەوا سزاکە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارێزگاوە دەسەپێنرێت، ئەویش لەم بارانەی خوارەوە:

١. ئەگەر سزا سووکترەکان سوودیان نەبوو.
٢. کەمتەرخەمییەکەی بووە مایەی شکست لە بەجێهێنانی ئەرکە پێسپێردراوەکاندا.
٣. بەردەوام بوو لە ڕەفتاری زیانبەخش بە پارتی.

شەشەم: لادان

یەکەم: سزای لادان لەلایەن لێژنەی لقەوە دەسەپێنرێ و لەم بارانەی خوارەوەدا :

١. ئەگەر سزاکانی سووکتر بێسوود بوون.
٢. نەمانی مەرجێك یان چەند مەرجێکی ئەندامێتی.
٣. ئەگەر سەلمێنرا کە ئەو ئەندامە چووەتە ڕیزی ڕێکخراوێکی سیاسی ترەوە.
٤. دەرچوون لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی پارتی.
٥. بانگەواز بۆ دروستکردنی دەستەگەری لە نێو پارتیدا یاخۆ هەستان بەکاری ئەوتۆ کە زیان بە ناوبانگی پارتی بگەیەنێت.

٦. ناوزڕاندنی سەرکردایەتی.

دووەم: ئەندامی لادراو ئەندامێتی بۆ ناگێردرێتەوە، تاکو داوایەکی نووسراو پێشکەش دەکات، گەڕاندنەوەکەشی بە بڕیارێک دەبێت لەو ئۆرگانەوە، کە پێشتر لادراوە و لە بڕیارەکەدا هۆکاری گەڕاندنەوەی ڕوون دەکاتەوە بە مەرجێك بەلایەنی کەمەوە ساڵێك بەسەر دەرکردنیدا تێپەڕی بێت.

حەوتەم: دەرکردن

ا ـ ئەم سزایە لەلایەن لێژنەی لقەوە دەسەپێنرێت و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا پەسەندی دەکات لەم بارانەی خوارەوەدا :

١. ئەگەر سزا سووکترەکان بێسوود بوون.

٢. دەرچوون لە هێڵی فیکری و سیاسی پارتی.

٣. دووفاقی لە پابەندبوونی پارتایەتیدا.

٤. پەیوەندی دەرەکی بەهەر ڕێکخراوێك یا حزبێك یان دەستەیەکی نانیشتیمانییەوە.

٥. خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی بیروڕای دژ بە ئاسایشی نەتەوەییمان.

ب ـ ئەندامی دەرکراو ئەندامێتی بۆ ناگێڕدرێتەوە تا سێ ساڵ بەسەر دەرکردنیدا تێ دەپەڕێت، ئەوساش دەبێت تکانامەیەك بنووسێت و باسی هۆکارەکانی سەرپێچییەکەی بکات، ئەوجا تکانامەکەی بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەنێردرێت تا قسەی لەسەر بکرێت.

**مادەی (٣١):** دەکرێ بەبێ ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی سزاکان لە سووکەوە بۆ قورس، بەپێی پێویست سزای گونجاو بدرێت بە مەرجێك لەگەڵ قەبارەی سەرپێچییەکە بگونجێت و لەلایەن ئەو ئۆرگانەوە بدرێت، کە دەسەڵاتی سەپاندنی ئەو سزایەی هەیە.

**مادەی (٣٢):** لە سەپاندنی سزاکانی ئەم پەیڕەوەدا دەبێ ڕەچاوی ئەوەی بکرێت کە سزا بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ئوسولی دەبێت لەڕێی لێژنەیەکی پێکهێنراو بۆ ئەو مەبەستە.

**مادەی (٣٣):** لە کاتی وەرگرتنی سزاکەوە تا ماوەی مانگێك ئەندامی سزادراو بە سزاکانی سەرەوە بۆی هەیە لای دەستەی چاودێری و بەدواداچوون ناڕەزایی دەربڕێت.

## بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتی کوردستان

**بۆ ڕێزلێنانی خەباتی دێرین و بێ پسانەوەی هەڤاڵی تێکۆشەر مامۆستا عەلی عەبدوڵا کە لەبەر نالەباری تەندروستی بە نامە بەشداری کۆنگرەی کردبوو، لەسەر پێشنیاری سەرۆك بارزانی و بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە، بەڕێزیان بە مامۆستای پارتایەتی ناوزەد کرا.**

**سەرکردایەتیبوون بریتییە لە خزمەتکردنی خەڵکی، نەك پلە و پایە و پۆست، هەر بۆیە دەبێ هەموو تواناکانتان لە خزمەتکردنی جەماوەر و پتر پێشکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان بخەنە کار.**

لە ڕۆژانی ١١-١٧ کانونی یەکەمی ٢٠١٠ و بە ئامادەبوونی سەرکردە و ڕابەرانی عێراق و ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەر و باڵیۆز و کۆنسوڵخانەکان و حزب و لایەنە دۆستەکانی وڵاتانی جیاجیا و نوێنەرانی حزب و لایەنە کوردستانییەکان، لە ژێر دروشمی (نوێبوونە و دادپەروەری، پێکەوە ژیان) پارتی دیموکراتی کوردستان سێزدەیەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری هەولێر و بە بەشداری ١٥٢٣ ئەندام گرێ دا.

کۆنگرە دوای چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز، بە سروودی نیشتمانی عێراق و سروودی ئەی ڕەقیب دەست پێکرا و سەرەتا سەرۆکی پارتیمان هەڤاڵ مەسعود بارزانی بە وتارێك کۆنگرەکەی کردەوە و ئامادەبووانی بەخێر هێنا و گرنگی و بایەخی بەستنی کۆنگرەکەی ڕوون کردەوە.

سەرۆك بارزانی باسی لە ڕۆڵی پێشەنگانە و مێژوویی پارتی کرد لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا و تەئکیدی لەسەر سەوابیتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کردەوە کە لە بیر و ڕێبازی بارزانی نەمرەوە سەرچاوە دەگرن. داوای لە هەڤاڵانی پارتی کرد کۆنگرە و ئاکامەکانی بکەنە دەستپێکی قۆناغێکی دیکەی درێژەپێدانی خەبات و نوێکردنەوەی توانا و جۆشدانەوەی پرەنسیپە ڕەسەنەکانی تێکۆشان لە پێناو پاراستنی دەسکەوت و ئامانجە بەدیهاتووەکان و هێنانەدی ئەو خواست و ئامانجانەی هێشتا لە ڕێدان. سەرۆك بارزانی جارێکی تر تەئکیدی کردەوە کە هەرێمی کوردستان ئارەزوومەندانە و لەسەر ئەساسی ڕێزگرتنی دەستوور و بنەمای شەراکەتی نیشتمانی بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ، هەر کاتێکیش

دەستوور و پرەنسیپەكانی عێراقی نوێ پێشێل بكرێن، ئەوە مافی گەلی كوردستانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات.

دواتر میوانانی كۆنگرە هەریەك لە سەرۆك كۆماری عێراق بەڕێز مام جەلال و سەرۆك وەزیرانی حكومەتی فیدراڵ بەڕێز نوری مالیكی و سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران بەڕێز ئوسامە نوجەیفی و بەرێزان دكتۆر ئەیاد عەلاوی، سەید عەمار ئەلحەكیم و ئیبراهیم جەعفەری و نوێنەری مەكتەبی سیاسی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانی هاوپەیمان و نوێنەری پارتی داد و گەشەپێدانی توركیا و نوێنەرانی پەرلەمانی ئیتالیا و پارتی سۆسیال دیموكراتی ئەڵمانیا و باڵیۆزی وڵاتانی ئیتالیا باڵیۆز جیلاردۆ كارینتی، فەرەنسا باڵیۆز بۆریس بویلر، چیك باڵیۆز بۆرۆنس لاوا تۆما سۆڤا، ڕوسیا باڵیۆز والێرین، دانیمارك باڵیۆز هێنرێك وستربای، پۆڵەندا نوێنەری باڵیۆز، بەرازیل باڵیۆز بێرناندۆ بریتۆ، چین نوێنەری باڵیۆز چاویی، سوید باڵیۆز كارما گنوس نەسر، كوریا باڵیۆز پارك سوگ بوم، ئیمارات باڵیۆز عەبدوڵا ئیبراهیم ئەلشەهی، ئیسپانیا باڵیۆز ئەنتۆنیۆ گۆنزایس زاڤاڵا، ئەمریكا باڵیۆز جێمس جفری، ئوستralیا نوێنەری باڵیۆز خاتوو ئەریكا خرگسۆن، توركیا باڵیۆز موراد ئۆزچەلیك، میسر باڵیۆز شەریف شاهین، ئوردن باڵیۆز موعد تەیسیر، كوێت باڵیۆز عەلی ئەلمۆمێن، بەحرێن باڵیۆز سەڵاح عەبدولڕەحمان محەمەد، جامیعەی عەرەبی ناجی ئەحمەد شلغم، ئێران باڵیۆز حەسەن دانافەر، بەریتانیا باڵیۆز جوان جان كنید و نوێنەری بەڕێز بێرلسكۆنی وتاریان پێشكەش كرد.

هەروەها نوێنەر و حزب و لایەنە كوردستانییەكان و نوێنەری حزبە توركمانەكان و لایەنە كلدانی ئاشووری سریانییەكان وتاریان خوێندەوە، جگە لە چەندین برووسكەی پیرۆزبایی كە لە حزب و لایەنە دۆستەكانەوە لە نێوخۆ و وڵاتانی جیاجیای جیهانەوە گەیشتبوون.

دوای ئەوەی دەستەیەكی سەرۆكایەتی بۆ سەرپەرشتی كۆنگرە هەڵبژێردرا. لە كەشێكی هەڤاڵانە و ئازاد و دیموكراتدا كۆنگرە دەستی بە كاروبارەكانی كرد.

سەرەتا ڕاپۆرتی سیاسی كۆمیتەی ناوەندی پێشكەش كرا كە خوێندنەوەیەكی هەمەلایەنە بوو بۆ گرنگترین ڕووداوەكان و كار و خەبات و دەستكەوت و سەركەوتنەكانی پارتیمان لە نێوان دوو كۆنگرەدا وێڕای دید و تێڕوانین بۆ خەباتی ئایندە.

تەوەرێكی ڕاپۆرتەكە لەسەر ئاستی عێراق هەڵوەستە بوو لە ئاست ڕووداوی یەكلاكەرەوەی ڕووخانی دیكتاتۆریەت و دەستپێكردنی پرۆسەی سیاسی دامەزراندنەوەی

عێراقی نوێ لەسەر بنەمای دیموکراسی و شەراکەتی نیشتمانی و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و پارتیمان و سەرۆك بارزانی لە قۆناغەکانی ئەو پێشهاتە گرنگەدا هەر لە سەردەمی موعارەزەوە تا ئازادکردنی عێراق و بەشداری لە دووبارە دامەزراندنەوەی پایەکانی عێراقی نوێ و خەباتی بێوچان بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد و پێکهاتەکانی دیکە لە دەستووردا تا دەگاتە دەستپێشخەرییە سەرکەوتووانەکەی ئەو دواییەی سەرۆك بارزانی کە پرۆسەی سیاسی عێراقی لە تەنگژەیەکی ئاڵۆز قورتار کرد.

لەسەر ئاستی هەرێمیش ڕاپۆرتەکە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان و بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان و پێکهێنانەوەی حکومەتی هاوبەش و تەئکید لە ڕێکەوتنی ستراتیژی لەگەل یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە دەسکەوتی گرنگ و سەرکەوتن بۆ تێکڕای گەلی کوردستان ئەژمار کرد. هەروەها ئاماژەی بە پەرەسەندنە دیمرکراتییەکانی ئەزمونی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنە سەرکەوتووەکانی سەر هەموو ئاستەکان کرد و لە سەرووی هەمووشیانەوە هەڵبژاردنی سەرۆکی پارتیمان هەڤاڵ مەسعود بارزانی بە زۆرینەی دەنگی سەدا حەفتای خەڵکی کوردستان بە سەرۆکی هەرێم کە سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ پارتیمان و ڕێبازەکەی لەقەڵەم دا.

راپۆرتی سیاسی، ڕۆڵی بەرچاو و سەرکەوتووانەی پارتیمان و هەڤاڵی تێکۆشەر نێچیرڤان بارزانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشبردنی کوردستانی لە تێکڕای بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و وەبەرهێناندا بە بەرزی نرخاند و بە سەرکەوتنی ڕێباز و بەرنامەی کاری پارتیمانی دانا و ئاماژەی بە دەسکەوتە ستراتیجییەکانی حکومەتی هەرێم کرد، بە تایبەتی دوای ڕووخانی دیکتاتۆری و یەکگرتنەوەی ئیدارات و بە تایبەت لە کابینەی پێنجەمدا.

هەروەها ڕۆڵی پێشمەرگە و ئاژانس و دەزگاکانی پاراستنی ئاسایشی لە بەرقەرارکردنی ئەمن و ئاسایش لە کوردستاندا بە بەرزی نرخاند.

لەسەر ئاستی ئیقلیمیش، ڕاپۆرتەکە دووپاتی کردەوە کە پارتیمان لەگەڵ دیالۆگی دیموکراتیدایە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کورد لە ناوچەکەدا و خۆی بە بەشێك لە چارەسەری کێشەکە دەزانێت نەك بە بەشێك لە کێشەکە، هەروەك چۆن کاریش بۆ پتەوکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی دەکات لەسەر بنەمای دۆستایەتی و بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی و هاندانی وەبەرهێنان و سوودی هاوبەش. لەسەر ئاستی دەولیش ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە فراوانبوون و بەرزبوونەوەی ئاستی پەیوەندییە جیهانییەکانی

پارتیمان و هەرێمی کوردستان کرد و لەمبارەیەوە ئاماژەی دا بە بوونی هەژدە کۆنسوڵخانە و نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان جگە لە نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا. هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵی حکومەتی هەرێم و نوێنەرایەتییەکانی پارتیی لە دەرەوەی وڵات بە ئیجابی نرخاند.

کۆنگرە ڕۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ڕزگارکردنی عێراق لە ڕژێمی فاشی بەعس و ڕووخاندنی دیکتاتۆریەتی سەدام بەرز نرخاند، ڕێزی تایبەتی نواند بەرامبەر خۆبەختکردنی ڕۆڵەکانیان لەگەڵ ڕۆڵەکانی عێراق، لەم بوارەدا و لە بورای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تیرۆریستان.

هەروەها کۆنگرەی ١٣ جەختی کردە سەر گرنگی دۆستایەتی و هاوپەیمانی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆڵی تایبەتی لە سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا و پێویستی پابەندبوونی بە ڕێکەوتننامەی ستراتیجی نێوان ئەمریکا و عێراق خستەڕوو.

دواتر کۆنگرە دەرگای پێکهێنانی لیژنەکانی بۆ ئەندامانی کۆنگرە کردەوە و لە ئاکامدا سێزدە لیژنە بەم شێوەیە پێك هێنران (لیژنەی پەیڕەو و پڕۆگرام و ڕێکخستنی گشتی ڕاپۆرتی سیاسی و ڕاگەیاندن ـ پێشمەرگە و ناوچە دابڕاوەکان و دارایی و پەیوەندییەکان و بڕیار و ڕاسپاردە و جەماوەری و پیشەییەکان و سکاڵا و هەڵبژاردن). شایانی باسە لە تێکڕای لیژنەکاندا لە ماوەی دوو ڕۆژدا گفتوگۆیەکی کراوە و ئاستبەرز بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆنگرە بەڕێوە چوو. دواتر ڕاپۆرتی سەرجەم لیژنەکان خوێندرانەوە و ئەندامانی کۆنگرە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و لە کەشێکی ئازاددا گفتوگۆی جیدی و تێروتەسەلیان لەسەر لایەن و وردەکارییەکانی ڕاپۆرتەکان کرد و دوای ئەو تێبینی و سەرنج و ڕەخنانەی کە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پێشکەش کران ڕاپۆرتەکان پەسەند کران.

یەك لە ڕاپۆرتەکان کە زۆرترین گفتوگۆی لەسەر کرا ڕەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆ بوو، کە دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك بەڕێوە چوو کە لە نێو جۆش و خرۆشێکی زۆر و بە چەپڵەڕێزان و بە وتنەوەی دروشمی (پێشڕەوی کورد پارتییە سەرۆکمان بارزانییە)، هەڤاڵ مەسعود بارزانی بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە. پاشان هەر بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە پەیڕەودا هاتووە سەرۆك مەسعود بارزانی، هەڤاڵ نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پاڵاوت و ئەندامانی کۆنگرەش بە چەپڵەڕێزان و لە نێو

پێشوازییەکی گەرمدا بە تێکڕای دەنگ پەسەندیان کرد.

کۆنگرە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر دەرگای خۆپاڵاوتنی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە واڵا کرد و لە کۆی تێکڕای ئەندامانی کۆنگرە ٤٠ ئەندام کە لە نێویاندا ١٧یان ئافرەت بوون، خۆیان پاڵاوت بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

دوای تەواوبوونی ئامادەسازییەکان و لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ پرۆسەی دەنگدان لە کەشێکی ئازاد و بە سەرپەرشتی ١٢ دادوەر بەڕێوە چوو. جێی ئاماژەیە کە پرۆسەی هەژمارکردنی دەنگەکان لە ڕێگەی کۆمپیۆتەر و بە میکانیزم و سیستەمێکی مۆدێرن ئەنجام درا کە لە ماوەی تەنیا یەك کاتژمێردا ئاکامەکەی ڕاگەیەندرا.

ئەنجومەنی نوێی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٥١ ئەندام و ٩ ئەندامی یەدەك پێك هات کە شەشیان ئافرەتن و لە نێو ئافرەتەکانیشدا دووانیان بە دەنگی پێویست و سیانی دیکەش بەپێی سیستەمی کۆتا کە کۆنگرە بە ڕێژەی ١٠٪ پەسەندی کردبوو گەیشتنە ئەنجومەنی سەرکردایەتی و لە نێو یەدەکەکانیشدا یەکێکیان ئافرەتە، ئەمەش پەرەسەندنێکی گرنگ بوو بە ئاراستەی پتر بەشداریکردنی ئافرەت لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی و گرنگیدان بە ڕۆڵ و دەوریان لەم قۆناغە نوێیەدا.

شایانی باسە، تێکڕای پرۆسەی دەنگدان و دواتریش ژماردنی دەنگەکان و هەمدیس پەخشکردنی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەندامانی کۆنگرە یەکەمین جارە لە کوردستان ئەنجام دەدرێت کە ئەمەشیان بۆ خۆی سەرکەوتنی لایەنی تەکنیکی کۆنگرە دەسەلمێنیت.

لە کەشێکی پڕ لە وەفا و بۆ ڕێزگرتن لە وێستگە گرنگەکانی خەباتی گەلەکەمان، ڕۆژانە و لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە ژمارەیەکی شایستە لە تێکۆشەرانی گەلەکەمان بە بەخشینی مێدالیای بارزانیی نەمر خەڵات کران.

هەر لە کۆنگرەکەدا و بۆ ڕێزنان لە خەباتی دێرین و بێ پسانەوەی هەڤاڵی تێکۆشەر مامۆستا عەلی عەبدوڵا کە لەبەر نالەباری تەندروستی بە نامە بەشداری کۆنگرەی کردبوو، لەسەر پێشنیاری سەرۆك بارزانی و بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە، بەڕێزیان بە مامۆستای پارتایەتی ناوزەد کرا.

لە دوا ڕۆژی کۆنگرەدا (١٧ کانوونی یەکەمی ٢٠١٠) ئاهەنگی کۆتایی سەرکەوتنی کۆنگرە بە وتارێکی سەرۆك مەسعود بارزانی دەستی پێکرد کە تیایدا پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی لە ئەندامانی کۆنگرە کرد و لەگەڵ هەڵسەنگاندنی بەنرخی ڕۆڵی سەرکردایەتی

پێشوو، پیرۆزبایی لە ئەنجومەنی نوێی سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان كرد و ئاماژەی بۆ ئەوە كرد كە سەركردایەتیبوون بریتییە لە خزمەتكردنی خەڵكی، نەك پلەوپایە و پۆست، هەر بۆیە دەبێ هەموو تواناكانتان لە خزمەتكردنی جەماوەر و پتر پێشكەوتنی پارتی دیموكراتی كوردستان بخەنە كار، دواتر ئاهەنگێك كە بە سوپاسەوە بۆ هونەرمەند و سترانبێژانی سەرجەم پارچەكانی كوردستانی لەخۆ گرتبوو، دەستی پێكرد و ئەندامانی كۆنگرەش لە نێو ئاهەنگ و سروود و ستران و هەڵپەركێدا پیرۆزبایی سەركەوتنی كۆنگرەیان دەگۆڕییەوە. دەبێ ئەوەش بگوترێت كە ڕەوتی كاروبارەكانی كۆنگرە لە نێو كەشێكی كەرنەڤالی و ئاهەنگ ئامێزدا بەسەر برا كە گوزارشتی لە خۆشحاڵی و هەستی سەركەوتن دەكرد لە نێو ئەندامەكانیدا.

## ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێزدەم

کۆنگرە ژمارەیەك ڕاسپاردەی خستە بەرچاوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی نوێ کە کار بۆ پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنیان بکات، لەوانەش:

- پشتیوانی لە ڕەوتی پەرەسەندوی دیموکراسی و لیبرالیزم و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و مافی گەلان و ئاشتی جیهانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی ڕەگەزی و هێنانەئارای جیهانێکی لەچەکداماڵراوی ژینگەپارێزراوی ئەوتۆ نەوەکانی داهاتوو تێیدا بە ئاسوودەیی و کەرامەتپارێزراو بژین.
- پشتیوانی لە بەرقەرارکردنی ئاشتییەکی سەقامگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە تیایدا کێشە دێرینەکانی وەك کێشەی گەلی کورد و کێشەی فەلەستین و نەتەوە ئازادیخوازەکانی دیکە بە ئاشتییانە و عادیلانە چارەسەر بن.
- پشتیوانی لە بیری میانڕەوی و پێکەوە ژیان و دیالۆگی نێوان ئایین و ئایینزاکان و کلتورە جیاوازەکانی گەلان و بەشداری ئەکتیڤانە لە نابوودکردنی بیری ڕەشی تیرۆر و توندڕۆیی و سڕینەوەی ئەو مەترسییە لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی.
- پشتگیری لە سازدانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی فراوان کە تیایدا نەتەوەی کورد خیتاب و سەوابیتەکانی ڕێك بخات و خەباتی دیموکراتی و ئاشتییانە بکاتە ستراتیژی تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ماف و داخوازییە ڕەواکانی.
- خەباتی بێوچان بۆ دیموکراتیزەکردنی بوارەکانی ژیان لە عێراق و هەرچی زیاتر چەسپاندنی بنەمای فیدراڵیزم و شەراکەتی نیشتمانی و سەروەری دەستوور و یەکلاکردنەوەی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و گەڕانەوەی تەواوی ناوچە دابڕینراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
- خەباتی بێوچان بۆ هەرچی زیاتر قووڵکردنەوەی گیان و پرنسیپ و مومارەساتی دیموکراتییانە و فرەیی سیاسی لە کوردستاندا، کۆکبوونی هەمووان لەسەر کۆمەڵێك نەگۆڕی نەتەوەیی و نیشتمانی کە گوزراشت لە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان بکات.

**هاوڵاتیانی بەڕێز ...**

**هەڤاڵانی تێکۆشەر ...**

پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتنی کەموێنەی کۆنگرەکەی بە سەرکەوتنی خواست

و بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەزانێ، بەو پێیەی پارتی هەمیشە و لەمەودواش ئامرازێکی خەبات و تێکۆشانی جەماوەری گەلەکەمانە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان، پێشکەوتنی کوردستان و سەرفرازی میللەت. بۆیەش پارتیمان بەر لە هەڤاڵانی خۆی، پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە لە تێکڕای خەڵکی کوردستان دەکات و بەڵێن دووپات دەکاتەوە وەك هەمیشە پارێزەری دەسکەوتەکانی گەل و بەدیهێنەری ماف و دەسکەوت و سەرکەوتنی زیاتر بێت بۆ گەلەکەمان.

لە دووماهیدا جێی خۆیەتی لەگەڵ سوپاسکردنی لیژنەی ئامادەکار و دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە، سوپاسی خەڵکی خۆشەویست و وەفاداری هەولێری پایتەخت بکەین کە ئەم کۆنگرەیەیان لە ئامێز گرت. هەر لێرەدا ڕۆڵی گرنگی دەزگا و دامەزراوەکانی نێوخۆ و هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرقەرارکردنی تەواوی هێمنی و ئاسایش بەرز دەنرخێنین.

سەرکەوتنی کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆز بێت. دروود بۆ گیانی بەرز و هەڵکشاوی ڕابەری نەتەوە مستەفا بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان. بژی کورد.. بژی کوردستان.

٢٠١٠/١٢/١٨

## بەشێک لەو وتارانەی لەلایەن میوانەکان خوێندرانەوە

- وتاری جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ
- وتاری نوری مالیکی
- وتاری حەمەی حاجی مەحمود
- وتەی مەلا بەختیار
- وتاری رۆمیۆ هەکاری
- بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
- ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی و ئاشووری
- حزبی دیموکراتی کلدانی
- ئەنجومەنی نەتەوەیی کلدانی
- حزبی نیشتمانی ئاشووری
- سەکۆی دیموکراتی کلدانی
- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانی
- حزبی دیموکراتی بێت نهرین
- وتاری عیرفان کەرکوکی

## سەرچاوە و پەراوێز

١- کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارەکانی کرد، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٤٥، هەولێر، یەکشەمە، ١٢ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز، ل ١.

٢- لە دووەم ڕۆژی کۆنگرەی ١٣دا ژمارەیەك لیژنە پێکهات، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٤٦، هەولێر، دووشەمە، ١٣ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز، ل ١.

٣- پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆگرام و پەیڕەوەی ناوخۆی کۆنگرەی سێزدەیەم، (بێ شوێن ـ بێ ساڵ)، ل ل ٦٤ ـ ٦٥، ١١٦.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ل ٩٦ـ ٩٧، ٩٩، ١٠٢، ١٠٦، ١٠٩، ١١٤، ١١٦، ١٢٣، ١٢٥، ١٢٦.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ل ١١٣ ـ ١١٤.

٦- پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی یازدەیەم، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٨.

٧- پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆگرام و پەیڕەوەی ناوخۆی کۆنگرەی سێزدەیەم، سەرچاوەی پێشو، ل ١١٠.

٨- سەرۆك بارزانی بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرەی ١٣ بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٤٨، هەولێر، چوارشەمە، ١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز، ل ١؛ نێچیرڤان بارزانی بە تێکڕای دەنگ بە جێگری سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٤٨، هەولێر، چوارشەمە، ١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز، ل ١.

٩- ئەندامانی نوێی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیمکراتی کوردستان، رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٦٥٢، هەولێر، دووشەنە، ٢٠ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز، ل ٢.

١٠- شەعبان عەلی شەعبان، هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، چاپی سێیەم، (هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ ٢٠١٣ز)، ل ١٣٢.

١١- پایتەخت... کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆتایی بەکارەکانی هێنا، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٥١، هەولێر، یەکشەمە، ١٩ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز، ل ١.

١٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٤.

# کۆتایی

# لیستی سەرچاوەکان

## پەرتوك:

- **زمانی کوردی:**

١- ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەلتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی سێیەم، (سلێمانی- چاپخانەی ژیار- ١٩٩٩).
٢- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرهەڵدان و نوێبوونەوە، (لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)- ٢٠٠٥).
٣- ئەسعەد عەدۆ، مێژووی شۆڕشی گوڵان ١٩٧٦\٥\٢٦، (هەولێر- چاپخانەی رۆژهەڵات- ٢٠١٥).
٤- ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، (هەولێر - وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان - چاپخانەی شەهاب - ٢٠١٩ز).
٥- نزار خەیلانی، ئەسعەد خەیلانی دەفتەری بیرەوەریەکانی هەڵدەداتەوە، (هەولێر ـ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ـ چاپخانەی هێڤی ـ ٢٠١٤ز).
٦- موحسین دزەیی، ویستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، و. ئیسماعیل بەرزنجی، چاپی یەکەم، (هەولێر- بڵاوکراوەی ئاراس- ٢٠٠٩).
٧- مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ١٩٥٨-١٩٦١، بەرگی دووەم، (٢٠١٢).
٨- مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١ـ ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز).
٩- مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز).
١٠- محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، (هەولێر _ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس _ ٢٠٠٧).
١١- فاروق محەمەد محەمەدئەمین، سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (١٩٧٥ - ١٩٨٩)، چاپی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی ڕیی نوێ- ٢٠١٤).
١٢- عەریف سلێمان، لە دەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، (هەولێر ـ چاپخانەی هاوسەر ـ ٢٠٠٧ز).
١٣- عەبدوڵڵا مەردوخ، چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد، (سلێمانی ـ بنکەی ژین ـ چاپخانەی کارۆ ـ ٢٠١٠ز).

١٤- عەبدولرەحمان گۆمەشینی، پوختەیەك لە بیرەوەرییەكانم، چاپی یەكەم، (سلێمانی- چاپخانەو ئۆفیسی قانع- ٢٠٠٣).
١٥- علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموكراتی كوردستان - عێراق تا بەستنی كۆنگرەی سێ یەمی، (شوێن نادیار ـ ١٩٦٨ز).
١٦- عبدالستار تاهر شەریف، ململانی لەگەڵ ژیاندا یادداشت ١٩٧١ ـ ١٩٣٥، بەرگی یەكەم، (كەركووك ـ چاپخانەی ئارابخا ـ ٢٠٠٥ز).
١٧- شەوكەت مەلا اسماعیل حسن، رۆژانی لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، (هەولێر - نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٧ز).
١٨- شەعبان عەلی شەعبان، هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، چاپی سێیەم، (هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ ٢٠١٣ز).
١٩- سەید كاكە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی سێیەم، (هەولێر- چاپخانەی شەهاب- ٢٠٠٠).
٢٠- سەلام عەبدولكەریم، ژیانی سیاسیی لە باشوری كوردستان ١٩٧٥ – ١٩٩١ (سەرهەڵدانی رەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حزبی سۆسیالیستی كوردستان وەك نمونە)، چاپی یەكەم، (چوارچرا- ٢٠١١).
٢١- سەڵاح رەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ كۆشكی كۆماری، (سلێمانی – چاپخانەی كاردۆ – ٢٠١٧).
٢٢- سەعید ناكام، بیرەوەرییەكانی سەعید ناكام، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس- چاپخانەی وەزارەتی پێشمەرگە- ٢٠٠٣ ).
٢٣- سەعید مەموزینی، دوا ساڵەكانی ژیانی بارزانی نەمر، چاپی یەكەم، (هەولێر- چاپخانەی منارە- ٢٠١٤).
٢٤- ژێرار شالیان، تراژیدیای كورد (راپۆرتێك بۆ نەتەوەیەكگرتووەكان)، و. وریا رەحمانی، چاپی یەكەم، (دهۆك- چاپخانەی خانی- ٢٠١٠).
٢٥- زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەكانم لە ساڵانی ١٩٤٣ - ١٩٧٧دا، (سلێمانی - چاپخانەی ڕەهەند ـ ٢٠٠٢ز).
٢٦- دكتۆر عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، بارزانی مستەفا و دۆزی كورد لە عێراق، و. ئەركان شارباژێڕی.
٢٧- د. عەلی تەتەر نێروەی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی كورد لە كوردستانی عێراق لە سالەكانی جەنگی عێراق و ئیران دا (١٩٨٠ - ١٩٨٨)، چاپی یەكەم، (هەولێر- چاپخانەی حاجی هاشم- ٢٠٠٨.
٢٨- حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج كاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، (سولەیمانی ـ چاپخانەی

سیما ـ چاپی سێیەم ـ ٢٠٠٢ز).
٢٩- حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین مێژووی زارەکی، (ستۆکهۆڵم- ٢٠١٤).
٣٠- حامید گەوهەری، ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، (هەولێر ـ چاپخانەی شەهاب ـ ٢٠١٤ز).
٣١- چارلز تریپ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق (لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەییە لە مێژووی عێراقی نوێ لە وەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێ تاناوەڕاستەکانی ٢٠٠٢)، و. محەمەد حسێن ئەحمەد- عەبدولقادر کەڵهوڕ، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات).
٣٢- پاوڵ شیسمەن- د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، لەژێر ئاڵای کوردستاندا (ژیان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی)، و. ئەردەلان گۆران، چاپی یەکەم، (هەولێر- خانەی موکریانی- ٢٠١٤).
٣٣- حازم صاغیە، بەعسی عێراق دەسەڵاتی سەدام لە دروستبوونیەوە تا ڕووخانی، و. بورهان عەطار، (چاپخانەی روون- ٢٠١٣).

- **زمانی عەرەبی:**

١- نوري شاويس، من مذكراتي، (بدون مكان ـ منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني ـ ١٩٨٥م).
٢- ميهڤان محمد حسين رشيد البامرني، سياسة الاتحاد السوفيتي تجاه الحركة القومية الكوردية في كوردستان الجنوبية ١٩٤٥ ـ ١٩٦٨، (أربيل ـ مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر ـ ٢٠٠٨م).
٣- مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية- ثورة البارزان ١٩٤٥-١٩٥٨، (كردستان- كانون الاول ١٩٨٧).
٤- محمود الدرة، القضية الكردية والقومية العربية في معركة العراق، (بيروت ـ منشورات دار الطليعة ـ ١٩٦٣م).
٥- كريم حبيب حاجي، مذكراتي في ثورتي أيلول وگولان المجيدتين، الطبعة الثانية، (دهوك ـ مطبعة خاني ـ ٢٠١٦م).
٦- فاروق ابراهيم شريف، الضباط الكورد ف الجيش العراقی، الجزء الاول، ( ORKA MATBAACILIK TURKEY-٢٠١٤).
٧- علي سنجاري، أوراق من أرشيف كوردستان، الجزء الثانی، (دهوك- مطبعة خانی- ٢٠١٣).
٨- علي سنجاري، القضية الكوردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، الجزء الثالث،

(دهوك ـ مطبعة خاني ـ ٢٠١٢م).
٩- عصمت شريف وانلي، كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة ١٩٦١)، ترجمة سعاد محمد خضر، (السليمانية ـ مؤسسة ژين ـ مطبعة شڤان ـ ٢٠١٢م).
١٠- عبدالستار طاهر شريف، تاريخ الحزب الثوري الكردستاني، الطبعة الثانية، (بغداد ـ منشورات الثوري ـ ١٩٧٩م).
١١- صلاح بدرالدين، الحركة الوطنية الكردية السورية، الجزء الثاني، (اربيل ـ رابطة كاوا للثقافة الكردية ـ مطبعة روژهەلات ـ ٢٠١٨م).
١٢- صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات و الأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، (بيروت – مطبعة البلاغ – ٢٠٠١م).
١٣- شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكوردستاني و حركة التحرر القومي الكوردية في العراق ١٩٤٦ ـ ١٩٧٥، (السليمانية - وزارة الثقافة في حكومة اقليم كوردستان ـ مطبعة رون ـ ٢٠٠٤م).
١٤- شيرزاد زكريا محمد، مجلس قيادة الثورة في كوردستان ـ العراق ١٩٦٤ ـ ١٩٧٠ دراسة تاريخية سياسية عامة، (دهوك ـ مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق ـ جامعة دهوك ـ مطبعة جامعة دهوك ـ ٢٠١٠م).
١٥- شكيب عقراوي، سنوات المحنة في كوردستان اهم الحوادث السياسية و العسكرية في كوردستان و العراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، الطبعة الثانية، (اربيل ـ مطبعة منارة ـ ٢٠٠٧م).
١٦- سامي عبدالرحمن، الحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني: البديل الثوري في الحركة التحررية الكوردية، التقرير السياسي للمؤتمر التأسيسي- لحزب الشعب الديمقراطي الكوردستاني، ٢٦ ـ ٣٠ تموز ١٩٨١م، (بدون مكان ـ بدون سنة).
١٧- حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م).

- **زمانی فارسی:**

١- كريس كوچرا، جنبش ملى كرد، ترجمەی ابراهيم يونسی، چاپ دوم، (تهران ـ موسسه انتشارات نگاه ـ ١٣٧٧هـ . ش).

- **چاوپێکەوتن:**

١- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ مولازم یوونس ڕۆژبەیانی، ٢٠١٦\٨\١٤.
٢- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم شنگاری، (هەولێر، ٢٠١٧\١١\٢٩).
٣- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی شنگاری، (دهۆك - ٢٠١٥\٢\١٠).
٤- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، (هەولێر - ٢٠١٧).
٥- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، (خازر - ٢٠١٦\١٢\١١).
٦- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ سیامەند بەنا، (هەولێر - ٢٠١٦\١٠\١٣).
٧- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، (هەولێر - ٢٠١٧).
٨- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر ناسح غەفور، (پیرمام، ٢٠١٨\١٢\١٦).

**ڕۆژنامە و گۆڤار:**

- **زمانی کوردی:**

١- ئەندامانی نوێی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیمکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٦٥٢، هەولێر، دووشەنە، ٢٠ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز.
٢- هەڤاڵی خەباتکەر سەید صالح کۆچی دوایی دەکات، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٦١٨، ئاداری ١٩٩٢ز.
٣- نێچیرڤان بارزانی بە تێکڕای دەنگ بە جێگری سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٤٨، هەولێر، چوارشەمە، ١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز.
٤- مام جەلال، برایم ئەحمەد سەرکردەیەکی بلیمەت و ژیری سەردەمێکی نوێی کوردایەتی، گۆڤاری خاك، ژمارە ٥٨، ساڵی پێنجەم، سلێمانی، چاپخانەی ئۆفسێتی دلێر، ١٠ نیسانی ٢٠٠٢ز.

٥- م. شکری، شۆڕەشا گولانێ درێژە پێدانا شوڕەشا ئەیلوولێ یە، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ١٩، کانوونی دووەمی ٢٠١١.
٦- لیستەی ناوی پاڵێوراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی لە کوردستان، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، ژمارە ٢٦، ئایاری ١٩٩٢ز.
٧- لە کۆنگرەی (١٢)ی (پ.د.ك)دا، ڕۆژنامەی ئێوارە گوڵان ، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان، ژمارە ٤٨٧، هەولێر، شەمە، ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ز.
٨- لە دووەم ڕۆژی کۆنگرەی ١٣دا ژمارەیەك لیژنە پێکهات، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٤٦، هەولێر، دووشەمە، ١٣ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز.
٩- کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە ٣، ساڵی یەکەم، سلەیمانی، چاپخانەی کامەران، حوزەیران ١٩٦٠ز.
١٠- کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆتایی بەکارەکانی هێنا، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٥١، هەولێر، یەکشەمە، ١٩ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز.
١١- کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارەکانی کرد، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٤٥، هەولێر، یەکشەمە، ١٢ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز.
١٢- کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمیتەی ناوەندی نویی هەڵبژارد، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٩٤٨، هەولێر، یەکشەمە، ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ز.
١٣- کۆنگرە، دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیمان ڕادەگەینێت، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، ژمارە ١٧٢٩، هەولێر، هەینی، ٢٧ی ئابی ١٩٩٣ز.
١٤- سەرۆك بارزانی بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرەی ١٣ بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٤٨، هەولێر، چوارشەمە، ١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ز.
١٥- سەرکەوتوو بێت دوازدەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٩٣٩، هەولێر، چوارشەمە، ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ز.
١٦- بەڕێز مەسعود بارزانی بە تێکڕای دەنگ بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەڵبژێردرایەوە، ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٩٤٧، هەولێر، پێنجشەمە، ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ز.
١٧- بەڕێز سەرۆکی پارتیمان لە کۆنفرانسێکی عەسکەریدا، ڕۆژنامەی خەبات (النضال)، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٦٠٣، شوباتی ١٩٩٠ز.

- **زمانی عەرەبی:**

١- المؤتمر ينتخب الهيئة العليا للرقابة والتفتيش، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني، العدد ٦٨٩، الأربعاء، ٢٥ آب ١٩٩٣م.
٢- المؤتمر العام للحزب الديمقراطي الكوردستاني، جريدة اتحاد الشعب، العدد ٨٨، السنة الثانية، بغداد، الأثنين، ٩ مايس ١٩٦٠م.
٣- مؤتمر الحزبين الوطنيين الوطني الديمقراطي والديمقراطي الكوردستاني، جريدة اتحاد الشعب، العدد ٨٦، بغداد، الجمعة، ٦ مايس ١٩٦٠م.
٤- قانون الجمعيات، مجلة الوقايع العراقية، وزارة الارشاد في العراق، العدد ٢٨٣، بغداد، السبت، ٢ كانون الثاني ١٩٦٠م.
٥- علي سنجاري، ها قد عدنا الى الحزب الأم، جريدة الشعلة، لسان حال للاتحاد الديمقراطي الكردستاني ـ العراق، العدد ٢٩، أوائل تموز ١٩٩٣م.
٦- عقد اجتماع موسع، للحزب الديمقراطي الكردستاني، المكتب السياسي، جهاز النشر والاعلام، جريدة أخبار كردستان، العدد ٢٠، كانون الأول، ١٩٧٣م.
٧- الحزب الديمقراطي الكردستاني يعقد مؤتمره الحادي عشر، جريدة المؤتمر، المكتب الاعلامي للمؤتمر الوطني العراقي الموحد، العدد ١٥، ١٩ آب ١٩٩٣م.
٨- توزيع أوسمة البارزاني، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٩٤٦، أربيل، الجمعة، ١٥ تشرين الأول ١٩٩٩م.
٩- تهية اجازة الحزب الديمقراطي لكوردستان العراق، جريدة خەبات (النضال)، العدد ١٤١، بغداد، الأحد، ٩ كانون الثاني ١٩٦٠م.
١٠- تنويه، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٦٧١، أربيل، الأربعاء، ١٤ نيسان ١٩٩٣م.
١١- التقرير السياسي الخاص بالمؤتمر الوطني الثامن للحزب الديمقراطي الكردستاني، جريدة التآخي، العدد ٤٨١، بغداد، مطبعة دار الجاحظ، الثلاثاء، ٧ تموز ١٩٧٠م.
١٢- بيان الوحدة بين الحزب الديمقراطي الكردستاني وحزب الوحدة الكردستاني، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني، العدد ٦٨٥، الأربعاء، ٢٨ تموز ١٩٩٣م.

١٣- البلاغ الختامي للمؤتمر العاشر للحزب الديمقراطي الكوردستاني ١٩٨٩، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٧٩٤، أربيل، الأثنين، ١٢ أب ١٩٩٦م.
١٤- انعقاد المؤتمر العاشر للحزب الديمقراطي الكردستاني، صحيفة زاگروس، العدد الأول، شباط ١٩٩٠م.
١٥- انتخاب لجنة مركزية جديدة مؤلفة من ٣١ عضوا و ٩ اعضاء أحتياط، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٩٤٦، اربيل، الجمعة، ١٥ تشرين الأول ١٩٩٩م.
١٦- امس أختتام الأنتخابات المحلية للمؤتمر (١٢)، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٩٣٢، أربيل، الجمعة، ٩ تموز ١٩٩٩م.
١٧- أعضاء اللجنة المركزية والمكتب السياسي في المؤتمر التاسع ١٩٧٩، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٧٩٤، أربيل، الأثنين، ١٢ أب ١٩٩٦م.
١٨- اعادة انتخاب الأخ مسعود البارزاني رئيسا للحزب والأخ علي عبدالله نائبا للرئيس، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٩٤٦، اربيل، الجمعة، ١٥ تشرين الأول ١٩٩٩م.
١٩- الأتحاد الديمقراطي الكردستاني يعقد كونفرانسا توحيديا هاما ويقرر حل نفسه والعودة الى الحزب الديمقراطي الكردستاني، جريدة الشعلة، لسان حال للاتحاد الديمقراطي الكردستاني ـ العراق، العدد ٢٩، أوائل تموز ١٩٩٣م.

- **زمانی فارسی:**

١- كنفرانس سران اوپك با اخطار بومدين بەغرب تشكيل شد، روزنامه اطلاعات، شماره ١٤٦٥١، چهار شنبه ١٤ اسفند ماه ١٣٥٣.
٢- شورای فرماندهی انقلاب عشاير تشكيل شد كميته دفاع از حقوق عشاير، روزنامه اطلاعات، شماره ١١٥٣٣، تهران، شنبه، ١٦ آبان ١٣٤٣هـ . ش.
٣- روزنامه كيهان، شماره ١٠٧٥١، تهران، ١٦ تيرماه ١٣٥٨ هـ .ش ـ ٧ تموز ١٩٧٩م.
٤- روزنامه بامداد، شماره ٥٣، تهران، ١٧ تيرماه ١٣٥٨هـ . ش ـ ٨ تموز ١٩٧٩م.
٥- به دنبال صدور اعلاميه عشاير عراق درباره خودمختاری، روزنامه اطلاعات، شماره ١١٥٣٤، تهران، يكشنبه، ١٧ آبان ١٣٤٣هـ . ش.
٦- آتش بس در روابط ايران و عراق، روزنامه اطلاعات، تهران، شماره ١٤٦٥٣، شنبه ١٧ اسفند ماه ١٣٥٣.

**نامە، بەڵاوکراوە و ڕاگەیەنراو:**

- **زمانی کوردی:**

١- وتاری سەروك بارزانی لە کونفرانسی ئەفسەرانی پێشمەرگە و کاربەدەستانی پارتی دا، (بێ شوێن ـ چاپخانەی خەبات ـ ١٩٦٧ز).
٢- راپۆرتی سیاسی و عەسکەری و تەنزیمی سەرۆکی پارتی هەڤال مەسعوود بارزانی بۆ کۆنگرەی نۆیەمی پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان بەستراو لە ماوەی (٤-١١ تشرینی دووەم١٩٧٩).
٣- پارتی دیموکراتی کوردستان، پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی هەشتەم، (بەغدا ـ چاپخانەی (بەغدا ـ چاپخانەی (دار الجاحظ) ـ ١٩٧١ز).
٤- پارتی دیموکراتی کوردستان، کومیتەی ناوەندی، بەیانی کوتایی هاتنی کونگرەی حەوتەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٥ تشرینی دووەمی ١٩٦٦ز.
٥- پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیرەوی ناوخۆی کۆنگرەی دەیەم، (بێ شوێن ـ چاپخانەی خەبات ـ بێ ساڵ).
٦- پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دوازدەیەم، (هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆژهەلات ـ بێ ساڵ).
٧- پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆگرام و پەیڕەوەی ناوخۆی کۆنگرەی سێزدەیەم، (بێ شوێن ـ بێ ساڵ).
٨- پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی کاتی، رێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد، هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و بەرنامەی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان، راپۆرتی سیاسی سەرکردایتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن کۆنفڕانسی پارتی یەوە لە (١١-١٥)ی ئاب ١٩٧٦ پەسەندکراوە.
٩- پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی یازدەیەم، (بێ شوێن ـ بێ ساڵ).
١٠- نامەی ئیدریس بارزانی بۆ تارق کامل عەقراوی، ١٩٧٥\٤\٢٨.

- **زمانی عەرەبی:**

١- المنهاج والنظام الداخلي للحزب الديموقراطي الكردستاني وتعديلاته، أقره المؤتمر السابع للحزب سنة ١٩٦٦، (بدون مكان ـ مطبعة خبات ـ ١٩٦٦م).
٢- مسودة النظام الداخلي للحزب الديموقراطي "المؤتمر الثامن" (١٩٧٠)،الفصل الرابع

(المنظمات الحزبية - واجباتها و صلاحياتها)، المادة السابعة العشرة - اللجنة المركزية، فقرة ٢.

٣- الحزب الديمقراطي الكردستاني، المكتب السياسي، التقرير السياسي الى المؤتمر السابع للحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٦٦م.

- **سایتی ئەلکترۆنی:**

١- موسوعة مقاتل، موضوعات سياسية/ الأكراد والمشكلة الكردية، من الموقع: .http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Siasia٢١/Akrad/sec١٦٣htm

## ناسنامەی پرۆژە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی رێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.